# مام وسو دزەیی

**گەشتی زۆزگ، لە دەشتی هەولێر تا نەغەدە**

# مام وسو دزەیی

**گەشتی زۆزگ، لە دەشتی هەولێر تا نەغەدە**

ناوی کتێب: مام وسو دزەیی

نوسەر: ئەردەڵان مام وسو دزەیی

پێداچونەوە: ئەردەڵان مام وسو دزەیی

دیزاین: د. ئەکرەم فەرەیدون

چاپخانە: حاجی هاشم

نۆرەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: 2022

ژمارەی سپاردنی (132) ساڵی (2022)ی وەزارەتی ڕەۆشنبیری (حکومەتی هەرێمی کوردستان)ی پێدراوە.

**پێشەکی یەکی کورت لە لایەن (فاضل میرانی) ...... 1**

**پێشەکی نوسەر ...... 3**

**دەشتی هەولێر و کوردایەتی ...... 7**

**بەشی یەکەم ...... 9**

**باسی یەکەم ...... 10**

مام وسو دزەیی، ژیاننامە و پێگەیشتنی ...... 10

سەبارەت بنەماڵەی (مام وسو) ...... 13

سەرەتایەك بۆ کاری حزبی و پارتایەتی ...... 17

بەرفراوانتر بوونی ڕێکخستنی پارتی ...... 21

سەروبەندی شۆڕشی تەموز و مام وسو لە گوندی سۆربەش ...... 22

هاتنی عەبدولکەریم قاسم و ئاماژە باشەکان ...... 24

خۆدزینەوەی ڕژێم لە دیموکراتی و مافە شارستانیەکان ...... 24

دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول لە هەولێر ...... 26

**باسی دووەم ...... 31**

خۆ حەشاردان و دەستپێکی چالاکی ...... 31

دانانی یەکەم بارەگا لە ئەشکەوتی تك تکە ...... 32

زیاد بوونی ژمارەی پێشمەرگە ...... 33

یەکەمین چالاکی پێشمەرگە لە دەشتی هەولێر ...... 35

چالاکی پێشمەرگە لە دژی (حەرەس قەومی) ...... 38

کودەتای بەعس و فراوان بوونی تاوانکاریەکانی ڕژێم ...... 39

یەکەم پێکدادانی توند ...... 41

سوتاندن و وێرانکاری لە لایەن ڕژێم وەك تۆڵە ...... 45

ڕۆژانی دوای شەڕی دارەخورما ...... 46

قەشقە و مانگی حوزیران 1963 ...... 47

**باسی سێهەم ...... 50**

دەرهێنانی هێڵی شەمەندەفەر و لێدانی شەمەندەفەری (کەرکوك - هەولێر) ............................ 50

شەڕی کانی بزرە و کوژرانی عەلی هەینی ............................................................ 54

شەڕی ئازیانە و بریندار بوونی مام وسو ............................................................... 55

بارودۆخی پێشمەرگە لە بنکەی پیرەر و ڕێکخستنەوەیان................................................ 56

ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەی دەشتی هەولێر ............................................................ 58

چەك کردنی بەشێك لە چەکدارەکانی (خدری پاشا) .................................................. 60

دانانی کەمین بۆ حەمەی سابیری سەرۆك جاش........................................................ 61

چەك کردنی چەکدارەکانی حکومەت لە (چل هەوێزە) .................................................. 61

شەڕی کەردز و کەرزۆڕ................................................................................ 65

قورشاغلو و چەکدارەکانی خدری پاشا .................................................................. 66

هەڵگەڕانەوە لە دژی بەعس و ئارامی کاتی، گەشتێك بە ناو قەراج ..................................... 67

**بەشی دووەم ................................................................................ 69**

**باسی یەکەم ................................................................................ 70**

دووبەرەکی لە ناو شۆڕش ............................................................................. 70

دووبەرەکی لەناو پێشمەرگەی دەشتی هەولێر ......................................................... 72

دوابڕیاری (مام وسو) و ناردنی نامە بۆ (مستەفا بارزانی)............................................... 77

دیداری بارزانی و قۆناغی نوێ........................................................................ 80

قۆناغی تازەی پێشمەرگایەتی (بیتوێن، پشدەر و مەرگە) ................................................ 83

بیتوێن، پشدەر و مەرگە ............................................................................... 84

بارەگا لە چوارقوڕنە .................................................................................... 85

کەمێك دەربارەی ژیانی هاوسەری دووەمی (مام وسو) ................................................... 86

گواستنەوەی بارەگا بۆ سەرسیان و بەری مەرگە ......................................................... 88

**باسی دووەم ................................................................................ 90**

هێرشی ڕژێم بۆ (کێوەڕەش و ئاسۆس) ............................................................... 90

کورتەیەك لە قارەمانیەتی ئاسۆس................................................................... 92

چەك کردنی چەکدارەکانی حکومەت لە سەنگەسەر...................................................... 97

بەشدار کردن لە شەڕ و نەبەردیەکانی زۆزگ 1966 ........................................................ 99

**باسی سێهەم: گەڕانەوە لە زۆزگ بۆ پشدەر ................................................................ 114**

شەڕی سەر جادەی ژاراوە لە 1969/5/14 ........................................................ 119

تەموزی 1969 شەڕەکانی ناوچەی شوان و هێزی ڕزگاری ........................................ 127

گەڕانەوە لە داستانەکانی سنووری هێزی ڕزگاری ................................................ 138

**بەشی سێهەم ................................................................................ 140**

**باسی یەکەم ................................................................................ 141**

دۆخی پشدەر لە مانگەکانی پێش ڕێکەوتننامەی 11ی ئازار ........................................ 141

ڕێکەوتنی 11 ی ئازار و دامەزرانی فەوجی (پاسەوانی سنوور) حەرەس حدود .......................... 146

پیلانی 29ی ئەیلولی 1971 لە دژی بارزانی نەمر.................................................. 149

خەلکی قەڵادزێ و پێگەی (مام وسو) لەناویاندا.................................................. 150

بەتالیۆنی 4ی مەرگە ........................................................................ 152

مەفرەزەی هەندەسەی مین .................................................................... 153

هەندێ لە شەڕەکانی پێش نسکۆ.................................................................. 156

چالاکیەکانی مەفرەزەی مین.................................................................... 165

**باسی دووەم ................................................................................ 167**

**نسکۆی ئەیلول................................................................................ 167**

نسکۆ و بەتالیۆنی (4ی) مەرگە.................................................................. 169

دوای نسکۆ و ئاوارەیی بۆ ئێران.................................................................. 172

یەکەم خۆ ڕێکخستنەوە و ڕاگواستن بۆ جەهرۆم ................................................ 174

مەنزڵی تازە لە (بەهاری هەمەدان) و گوشاری ساواك.............................................. 176

نامەی (مام وسو) بۆ (ئیدریس بارزانی) دەکەوێتە دەست ساواك.................................. 178

ڕێکخستنەوە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ............................................ 179

ئامادەکاری بۆ کۆنفرانس و بەشداری کۆنگرەی (9ی) پارتی ........................................ 182

**باسی سێهەم ................................................................................ 184**

هاتن بۆ نەغەدە و چالاکی پێشمەرگایەتی ........................................................ 184

نەخۆشی و دەست هەڵگرتن لە پێشمەرگایەتی........................................................ 186
کۆچی دوایی مام وسو دزەیی........................................................................ 187
ورە بەرزی، کوردایەتی و شۆڕشگێڕی ............................................................. 189
لە کایەی کۆمەڵایەتیدا.............................................................................. 192
(مام وسو) و نیشتیمان پەروەری.................................................................. 195
خانەوادەی مام وسو دزەیی.......................................................................... 197
**پاشبەندەکان ........................................................................................ 201**
**پاشبەندی ژمارە (1) پرسەنامەی (مسعود بارزانی) بۆ کۆچی (مام وسو) ................................... 202**
**پاشبەندی ژمارە (2) دەقی نامەی (ئیدریس بارزانی) بۆ (مام وسو دزەیی) ............................... 203**
**پاشبەندی ژمارە (3) (بڕیارنامەی دادگای کەرکوک)...................................................... 204**
**پاشبەندی ژمارە (4) بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی مۆڵك ............................................... 208**
**پاشبەندی ژمارە (5) نامەکانی (ئیدریس بارزانی بۆ مسعود بارزانی) ....................................... 210**
**پاشبەندی ژمارە (6) نامەی (مسعود بارزانی) بۆ (مام وسو دزەیی) ........................................ 216**
**پاشبەندی ژمارە (7) بڕیاری دامەزراندنەوەی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ.................................... 217**
**پاشبەندی ژمارە (8) سەبارەت بە عوسمان مستەفا (خاڵە دیوە) ........................................... 218**
**پاشبەندی ژمارە (9) نوسراوی بەخشینی (مەدالیای بارزانی نەمر) بە (عاسمە خان) خێزانی (مام وسو دزەیی) 220**
**پاشبەندی ژمارە (10) نمونەی یادئاوەریەکانی (عاصمە ڕەسول) لەناو ساڵنامەکان ......................... 222**
**پاشبەندی ژمارە (11) نمونەیەك لە کۆپی یادئاوەریەکانی (بوبکر ڕەسول) لە ناو ساڵنامەکان ................ 227**
**پاشبەندی ژمارە (12) کورتە ژیانی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ........................... 228**
**ئەلبوومی وێنەکان .................................................................................. 276**
**سەرچاوەکان ........................................................................................ 335**
**توێژەر لە چەند دێڕێك ............................................................................... 339**

## پێشەکی یەکی کورت لە لایەن (فاضل میرانی)

### مام وسو دزەیی مرۆڤێکی ئارام و ئازا

هەرچەند لە شۆڕشی ئەیلول دا هەردووکمان بەشدار بووین، بەلأم من مرحوم کاك وسو دزەییم نەدەناسی، تا دوای نسکۆی (1975)، لە ئاوارەیی ئێراندا و لە سەروبەری دووبارە ڕێکخستنی حزب و بیرکردن لە چۆنیەتی شۆڕشێکی تەواوکەر بۆ شۆڕشی ئەیلولی مەزن لە سەر بیر و هزر و بڕیاری (بارزانی نەمر). لەوێ شەهید (ئیدریس بارزانی) هەمیشە ناوی (مام وسو)ی دەهێنا بۆ کار پێ سپاردن، تا جارێك پرسیم لە جەنابیان کە حەز دەکەم بیناسم. فەرمووی زۆر باشە چونکە بیناسی ئەوسا دڵنیاتر دەبی کە ئەوەی باسم کردووە دەربارەی کەم بووە نەك زۆر، هەروەها دەشبنە دۆست و برادەر.

ئیتر دوای کۆنگرەی (9)ی پارتیمان لە (1979/11/4) کە بووم بە ئەندامی سەرکردایەتی حزب لە نزیکەوە هەڤاڵ (مام وسوم) ناسی و بووین بە دۆست و هەڤاڵ و برادەریش. (مام وسو دزەیی) لە کورتە ژیاننامەی کە دەینوسم دیار دەکەوی کە هەرچی دەرحەقی بگوتری مجامەلە نیە بەڵکو ڕاستی دەروونی ئەم ئینسانەیە.

بە کورتی و بە کوردی (مام وسو) بە ماندوو بوون ژیا، بەلأم بە سەربەرزی و ئازایەتی ژیا. ئەو مێژووییەکی پڕ سەروەری تۆمار کرد لە بۆ خۆی و منداڵەکانی کە ئەمرۆ هەر هەموویان سەربەرزانە، نەك تەنها لە بەر ئەوەی منداڵی ئەو پیاوە گەورەن و بەڵکو خۆشیان هەر یەکە لە بوارێکدا خاوەن کەسایەتی و پێگەی خۆیانن.

یوسف محەمەد یوسف (مام وسو دزەیی) لە ساڵی (1922) لە (دەشتی هەولێر) لە بنەماڵەیەکی جووتیار لە دایك بووە. پیاوێکی لە سەرەخۆ و بە متمانە بوو. سەرناس و قسەخۆش و زمان پاراو بوو، لە سەرەتای پەنجاکاندا دۆستایەتی لەگەڵ چەندین کادیر و سەرکردە پەیدا دەکات. لە ڕێی ئەوانەوە ئاشنای پارتی دەبێت و لە (1952) دەبێتە ئەندام، لە (1953- 1954) لە دەشتی هەولێر دەبێتە کادیر. لەگەڵ هەڤالأنی کاری ڕێکخستن و هۆشیار کردنەوەی جەماوەریان کردووە، چاپەمەنیی پارتییان لە ناو جووتیاران بلأوکردۆتەوە.

بە هاوکاریی کۆمەڵێك پێشمەرگە و ئەندامی پارتی لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول، ڕێگەی (هەولێر - کەرکووك) دادەخەن. دوای چەند ڕۆژێك فەرمانی دەستگیر کردنی لە لایەن دەسەلأتی ئەوکاتەوە دەدرێت، خۆی بە دەستەوە نادات و ڕوو لە ئەشکەوتەکانی چیای (قەرەچووغ) دەکات. دواتر بنکەیەکی پێشمەرگایەتی لە (ئەسحابە) لە نزیك گوندی (دارەخورما)

بە سەرپەرشتی (مام وسو) دادەمەزرێت. لە (1962)دا بە ئامانجی سنووردانان بۆ پەلاماری (حەرەس قەومی)، پێشمەرگە بە فەرماندەیی (مام وسو) لە نزیك (چایخانەی حەسۆ) لە هێزی سوارەی دوژمنیان دا و لە مانگی (1962/4) شەرێکی سەخت لە گەڵ سەرباز و حەرەس قەومی دەکەن، دواتر چەند جارێکی دیکە بەرەو ڕووی هێزی دوژمن بوونەوە.

هەمیشە هەوڵی بۆ یەکخستنی کۆمەڵگە و نەهێشتنی کێشەی کۆمەڵایەتی داوە و بە نمونە لە کێشەی نێوان خێڵی بلْباس (ئیسماعیل ئاغای بلْباس) و خێڵی ئاکۆ (عەباس ئاغای سەرکەپکان) بە هێزێکی پێشمەرگەوە دەکەوێتە نێوانیان و شەڕەکە ڕادەگرێت، دواتر بە فەرمانی شەهید (ئیدریس بارزانی) هەڵدەستێت بە ناوبژیوانی. لە دەیان داستانی بەرگری ڕۆڵی قارەمانانەی هەبووە و لە کۆتایی ساڵی (1969) دەبێتە فەرماندەی بەتالیۆنی (مەرگە). لە دوای نسکۆی شۆڕش لەگەل هەزاران خەڵك ئاوارەی ئێران بوو، دەربەدەری و نەبوونی پێ ڕەواتر بوو نەوەك دەستەمۆیی بۆ دوژمن.

دوای دەست پێ کردنەوەی شۆڕشی گوڵان، لە لایەن دەزگای ساواکی شای ئێرانەوە دەستگیر کرا و بە هەوڵی زۆری کاك (ئیدرس بارزانی) ئازاد کرا. (مام وسو) لە سەرجەم ساڵانی پێشمەرگایەتیدا (9) جار بریندار بووە، کۆمەڵێکی زۆر لە کەسوکاری نزیکی لە بەرەی بەرگری لە نیشتیمان شەهید بوون. بە داخەوە لە شەوی (20-21ی شوباتی 1989) لە ئاوارەیی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (نەغەدە) بە خاك سپێردرا.

**میللەتێك، حزبێك، عەشیرەتێك، وبنەماڵەیەك سەرفرازن کە مرۆڤی وایان لێ هەڵکەوێ.**

**هەزران سلاوت لێ بێ هەڤاڵ**

**مام وسوی ئارام و ئازا**

**فاضل میرانی**

**2022/03/11**

**پێشەکی نوسەر**

پێگەی جوگرافی کورد و زۆر هۆکاری دیکە، بوون بە هۆی پارچە و دابەش بوونی کوردستان بە سەر چەند وڵاتێك. (فارس و عەرەب) دوو نەتەوەی کۆنە دراوسێی کورد و (تورك) نەتەوەی داگیرکاری تازە لە ناوچەکە، هاتن و بەیەکەوە بوونە خاوەن ماڵی کورد و لە جیاتی (هاوماڵ و دراوسێمان) بن، بوون بە دوژمنمان. سەرەتا تنها بە ژێردەستە کردنی کورد ڕازی بوون، بەڵام دواتر سڕینەوە و نەهێشتنی کورد بوو بە ئەرکی ئەوان.

کورد بە کوردی مایەوە و هەوڵی ئەوانی خستە ناو خاك، ناسنامە و بوونی خۆی پاراست. کورد (کەلتوور، زمان، پۆشاك) و تەنانەت هەستەکانی خۆی پاراست و قوربانی زۆری بەخشی لەم پێناوە و بە شکۆوە مایەوە. ئەم شکۆداریە بە هەمیشەیی دەمێنێت تا ئەو کاتەی (گیان فیدایی) درۆشم و کرداری بمێنێت.

گوشار و ستەمی دوژمن زۆر سەختە و تەڵەکەبازی ئەوان سەختتر بوون. قەدەر و توانای کوردیش وابوو کە دۆستی کەم بێت. داخەکەم ستەم لە ماڵی کورد هەبووە و پارچە بوون لە ڕەوتە شۆڕشگێڕەکان هەڵیداوە، بەڵام خۆڕاگری و مانەوەی نەتەوەکەمان هەمیشە ئۆخەی بەسەر داخەکانمدا کێشاوە.

ئەگەر توخمەکانی (زمان، کەلتور و هێما نەتەوەییەکان) بەیەکەوە مانای مانەوەی (زیندوویی نەتەوەکان) بن، ئەوا بوونی کەسانی خۆنەویست و ئازاش هەمیشە هۆکاری پاراستنی ئەو توخمانەن. بوونی ئەو پارێزەرانە لە ناو کورددا، زیاتر لە پاراستنی توخمەکان بووە و بۆتە هۆکاری بە سەربەرزی مانەوەی لە ناو دوژمنە فرەچەشنەکانی.

ئەرکی نوسینی توێژینەوەی (مام وسو دزەیی/ گەشتی زۆزگ، لە دەشتی هەولێر تا نەغەدە) زۆر سەخت بوو و بەڵام کارێکی گرینگ بوو، چونکە ئامانج نوسینەوەی بەشێك لە مێژوووی پێشمەرگە بوو. پێشمەرگە بە بەخت کردنی گیانی، بوو بە پارێزەری شوناس و ناسنامەی گەلەکەی. هەڵگرتن و تۆمار کردنی یادئاوەری و مێژووی پێشمەرگە کەمترین نرخ دانانە بۆ گەورەیی ئەوان.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانین و پاراستنی بەشێکی شاراوەی مێژووی تێکۆشانی کوردانەی پڕ جوامێری پێشمەرگەیە کە لە دەشتی هەولێر دەستی پێ کردووە و بەردەوام بووە تا ڕۆژە سەختەکانی ئاوارەیی ئێران. لەم توێژینەوەیە تیشك خراوەتە سەر مێژووی پێشمەرگەیەك و لە ڕاستیدا ئەو مێژووە تنها هی پێشمەرگەیەك نیە، هی هەموو شۆڕشگێران و تێکۆشەرانی ڕێبازی سەربەخۆ خوازانەی کوردە. چونکە سەربەرزی و سەختیەکانی ژیان و تێکۆشانی ئەوان بە ڕادەیەکی مەزن وەك یەك و لێك چووە.

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە و هەر بەشێك لە سێ باس پێکهاتووە، هەوڵ دراوە لە ڕووی ناوەرۆك و تەنانەت لە دابەش کردنی قەبارەی توێژینەوەکە هاوسەنگی پێویست ڕابگیرێت.

بەشی یەکەم/ بە کورتە ژیان و ناساندنی (مام وسو دزەیی) و دەوروبەرەکەی دەست پێ دەکات، بە چونیەتی دەستپێکی خەباتی دژی چەوسانەوە لە ڕێکخستنی جەماوەری و حزبی بەردەوام دەبێت تا دەگاتە خەباتی پێشمەرگایەتی، ئەم بەشە تا کودەتای بەعسیەکان لە (1963) دەگرێتەخۆ.

بەشی دووەم/ بە سەرەتای دووبەرەکی لە ناو ڕیزی شۆڕش دەست پێ دکات و باسی دوو لەت بوونی پێشمەرگەی دەشتی هەولێر دەکات، لە پەیوەندی تایبەتی (مستەفا بارزانی و مام وسو) دەدوێت و نەبەردیەکانی پۆلێك پێشمەرگە لە ساڵی (1964) تا کۆتایی ساڵی (1970) واتە تا گفتوگۆی نێوان حکومەت شۆڕش بەردەوام دەکات.

بەشی سێهەم/ لە بارودۆخی پشدەر پێش (11ی ئازار) دەست پێ دەکات، هەندێ لە پێگە گرینگەکانی ژیانی پێشمەرگە و هەندێ نەبەردی دەخاتە بەرچاو. ئەم بەشە بە (نسکۆی ئەیلول و ژیانی ئاوارەیی) لە ئۆردووگا و شارەکانی ئێران تا (شۆڕشی گوڵان) بەردەوام دەبێت و کۆتایی بەشەکە هەندێ هەڵسەنگاندن بۆ کەسایەتی (مام وسو دزەیی) و خانەوادەکەی دێت.

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە هەندێ دیکۆمێنت وەك پاشبەند دانراون، بە داخەوە وەك بنەماڵەی (مام وسو) باسی دەکەن بەهۆی ئاوارەیی و ژیانی سەختی بەردەوام، نەیانتوانیوە زۆر لە دیکۆمێنت و تەنانەت نامە دەست نوسەکانی (مستەفا بارزانی، ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی) بپارێزن کە بۆ (مام وسو) لە قۆناغە جیاکان هاتوون. بۆ ئاشنایی خوێنەر بە ژیانی ئەو بەرێزانەی چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کراوە، چەند دێڕێك لە بارەی ژیانی هەریەکەیان نوسراوە. ئالبۆمی وێنەکان و سەرچاوەکانیش بە ڕێزبەندی لە کۆتایی توێژینەوەکە داندراون.

دۆزینەوەی سەرچاوە بە تایبەت بۆ ساڵانی بەر لە (1965) زۆر سەخت بوو، چونکە ئەوانەی ئەوکاتیان لە یاد بوو زۆربەیان شهید بوون یا لە ژیان نەماون و سەرچاوەی نوسراویش کەمتر بوو، بەڵام چونکە (ئامانجی توێژینەوە، گەورەتر بوو لە کردار) سەختیەکان ئاسان بوون و هەوڵەکان نەوەستان.

بینینی هەندێ ڕستە لە ناو تۆماری پەرتوکەکان یا نامەکان، توانای توێژەری زیاد دەکرد. ئەوانەی یەك وشەیان لە بارەی (مام وسو) دەزانی، بە خۆشحاڵی باسیان دەکرد و دەبوون بە مایەی کار ئاسانی، تەنانەت هاندەر دەبوون بۆ بەردەوامی.

(ئیدریس بارزانی) دەنوسێت: "ئێستاش باشتر و بەحورمەتتر سەیرت دەکەم لەو ڕۆژەی کە بەرەبەیان سەرکەوتی بۆ سەری زۆزگ." یا ئەو کاتەی (مسعود بارزانی) دەڵێت: "بەردەوامی شۆڕشەکەمان و خۆڕاگری پارتیمان بۆ دڵسۆزی و ئازایەتی و ئەمەگداری کەسانێکی وەك شەهید (مام وسو دزەیی) دەگەڕێتەوە کە سەرانسەری ژیانیان بۆ کورد و کوردستان تەرخان ئەکەن."

ئەرشیفی بنەماڵەی (مام وسو) زۆر بە سوود بوو، (عاصمە ڕەسول) خێزانی (مام وسو) ڕۆژانە لە ناو ساڵنامەکان تێبینی تۆمار کردبوو، لە ڕووی بەروار و ووردەکاریەکان سوودی زۆری هەبوو

لە تۆمارەکانی نێوان ساڵانی (1965-1989)، هەروەها ناوبراو بیرەوەریەکانی لە دوو تووی چەند پەرەیەك وەك (دەست نوس) نوسی بوو کە بۆ توێژینەوەکە زۆر بە بایەخ بوو.

دەست نووسەکانی (ئەرسەلان مام وسو) کە زۆرتر لە زمانی (مام وسو دزەیی) و دۆستەکانی وەرگیرابوون، بە سوود بوون و بەرچاو ڕوونی زۆری دەستەبەر کرد. هەروەها (ئەبوبەکر ڕەسول) برای خێزانی (مام وسو دزەیی) کە لە ساڵانی (1974 تا 1986) لەگەڵ ماڵی (مام وسو) ژیاوە و چەند ساڵنامەیەکی هەبوو، هەروەها دەست نوسەکی ئامادە کردبوو کە ئەوانیش باش بوون.

چەندین (پەرتووك و گوڤار) بۆ سەرچاوە بەکارهاتووە، بەڵام (مێژووی نەنوسراو) سوودی زیاتری هەبوو، چاوپێکەوتنی ئەو پێشمەرگانەی لە ڕووداوەکانی شۆڕشدا بەشدار بوون و هێشتا لە ژیاندا مابوون، بە تایبەت لەو پێشمەرگە قارەمانانەی سەردەمی ئەیلول کە بەردەوام لە گەڵ (مام وسو) بوون، بە یەکەوە داستانەکانیان لە ساڵی (1999) گێرا بۆوە و لە سێ کاسێتی دەنگیدا تۆماریان کرد بوو.

(عەلی عەزیز) یەك لەو پێشمەرگانە بووە کە لە (1965-1975) بەردەوام لە گەڵ (مام وسو) بووە و لە سێ کاتی جیاواز (3) چاوپێکەوتنی بە سوودی لە گەڵ کراوە، لە گەڵ چەندێك لە پێشمەرگە قارەمانەکان کە تا ئێستا زیندوون، زۆر لە چاوپێکەوتنەکان (دەنگ و ڕەنگ، یا تنها دەنگ و بەشێکیش دەستنووسن) کە بە گشتی لەلای توێژەر پارێزراون.

دواجار ڤایرۆسی (کۆرۆنا)ش توێژەری ناچاری کرد چەند چاوپێکەوتنێك بە تەلەفۆن ئەنجام بدات. زۆر گێڕانەوە لە لایەن کەسایەتیەکان لە شوێنە جیاکانی کوردستان لە بارەی (مام وسو) بۆ توێژەر باس دەکران، هەروەها ئەو زانیاریانەی توێژەر وەك کوڕی (مام وسو) لە لای هەبوون سوودیان لێ وەرگیرا. سەرەنجام و کۆبەرهەم سوود لە زیاتر لە (26) پەرتووکی (کوردی و عەربی) و (4) گوڤار، ئەرشیڤی بنەماڵەی (مام وسو)، بەرنامەیەکی (تەلەفزیۆنی زاگرۆس) تایبەت بە یادی 25 ساڵەی کۆچی دوایی (مام وسو)، بەرنامەی (یادیان بە خێر) لە (کوردسات تی ڤی)، زیاتر لە (50) چاوپێکەوتن و دەیان گێڕانەوە وەرگیرا و خرایە ناو مێژووی کوردی.

سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەوانەی بە وشەیەك، ڕەستەیەك یا نوسینەك یارمەتیدەر بوون و سوپاس بۆ ئەوانەش هاندەری توێژینەوە بوون، سوپاس بۆ (د. شوان خۆشناو) کە ئەرکی دەوڵەمەند کردنی بەرهەمەکەی بە (پێداچونەوەی زانستی) لە ئەستۆ گرت. هەروەها سوپاس بۆ (د. ئەکرەم فەرەیدوون) کە ئەرکی (دیزاینی بەرگ) و پێداچوونەوە بە دیزاینی ناو پەرتووکەکەی گرتە ئەستۆ.

ڕوحی هەموو ئەوانە شاد کە بەشدار بوون لە شۆڕش و بزوتنەوەی کوردایەتی، ئەوانەی بۆ کورد بوون کەوتنە مەینەتی. سلاو لە شەهیدە زیندووەکان، ئەوانەی شەهیدی چەشتنی ئازارە زۆر و گەورەکانن لە پێناو کورد و سڵاو لە هەموو شەهیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

دواجار به نەرمی و ئاسودەیی داوای لێبوردن لە هەر کەموکوڕیەك لە توێژینەوە دەکەم. چونکە بێ گومان بوونی هەر کەموکوڕیەك لەو پەرتووکە بێ مەبەست بووە و دەستی ئەنقەستی تێدا نیە.

سوپاسی تایبەتیشم بۆ بەڕێز کاك (فازڵ میرانی) هەیە کە ئەرکی تێچووی چاپی ئەو پەرتوکەی لە ئەستۆ گرت.

## دەشتی هەولێر و کوردایەتی

شاری هەولێر دەکەوێتە چەقی (دەشتی هەولێر) و بە گشتی دەورە دراوە بە دەشت و زوورگەکانی دەوروبەری. لە مێژووی دوور و نزیکدا (هەولێر) خاوەن مێژوویەکە کە هەموو کورد شانازی بە بوون و سەربڵندی ئەو شارە دەکات. دەشتی هەولێر زۆر بەرفراوانە و بەم شێوەیە دابەش دەبێت:

- برانەتی: دەکەوێتە نێوان (ڕێگەی شەقڵاوە تا ڕێگەی گوێڕ)
- شەمامك: دەکەوێتە نێوان (دەستپێکی ڕێگەی گوێڕ تا ڕێگەی مەخمور)
- (ملکێ) کە بە (سەنیە، هەروەها بەرەڕێ) ناوی دێت: دەکەوێتە نێوان (ڕێگەی مەخمور تا ڕێگەی کەرکووك)
- (پشتەڕێ): دەکەوێتە نێوان (ڕێگەی کەرکووك تا ڕێگەی شەقڵاوە)[1] تێکەل بە دەشتی کۆیە دەبێتەوە.

دەشتی هەولێر بە زنجیرە شاخەکانی (زورگە زراو) کۆتایی دێت و دەشتی (کەندێناوە) دەست پێدەکات کە دەکەوێتە نێوان هەردوو زنجیرە شاخەکانی (زورگە زراو - قەرەچوغ). لە دوای زنجیرە شاخی (قەرەچوغ) دەشتی (قەراج) دەست پێ دەکات، ئەو دەشتە لە گوندی (تەلەرخێم) دەست پێ دەکات و بە هەردوو ئاراستەی شاخی (قەرەچوغ) واتە لای (ڕاست و چەپی) ئەو شاخەدا درێژ دەبێتەوە تا کۆتایی شاخەکە دەروات و بە تەواوەتی دەورەی شاری (مەخمور) دەدات.

دەشتی هەولێر ناوچەیەکی تەواو کشتوکاڵیە و کاری سەرەکی دانیشتوانەکەی ئاژەڵداری و کشتوکاڵە. ئەو ساڵانەی باران وەك پێویست بباریێت، ئەو ناوچەیە وەك سەبەتەی خۆراك بۆ عێرق و هەرێم دەبینرێت. دانیشتوانی نیشتەجێی ئەو دەشتانە لە ڕووی (مێژوویی و کەلتووری) تەواو هاوکۆکن، لە خۆشی و ناخۆشیەکان بەیەکەوە و پشتیوانی یەکتر بوون. دەیان سەربەرزی و قارەمانیەتیان تۆمار کردووە و هەمیشە بە هۆی نزیکی لە سنووری هۆزە عەرەبەکان، بەشی شێریان لە ماڵوێرانی و کاولکاری لە لایەن ڕژێمەکانی عێراق بەرکەوتووە و لادێکانیان بەر کاولکاری و تاڵان کەوتوونەتەوە. سەرەتاکانی تەعریب لە ئەوێ دەستی پێ کردووە و لادێیەك نیە لەو سنوورە کاول نەکرا بێت و بەشی سەرەکی لە لادێکانی بۆ چەندین جار (سوتان، تالان، وێران کردن) بەشیان بووە، لە شهید بەخشینیش کەم وێنە بوونە.

یەك لەو ناوچانەی کوردستانە کە بەرانبەر ستەمکاری هەمیشە کاردانەوەی توندیان هەبووە و لە هەموو دۆخێك خۆڕاگر و خاوەن بەرخودان بوونە لە مێژووی کۆن و نوێدا. ئەو ناوچەیە بوو

---

1) بەشێك لەو زانیاریە لە میانەی دیدارێکدا لە نوسەر و پێشمەرگە (ئەسعەد عەدو) وەرگیراوە. (نوسەر)

به ناوەندی شۆڕشی جوتیاران و له ساڵی (1953) به ڕووی ستەمی سیستەمی دەرەبەگایەتی تەقیەوە و بوون به هەوێنی چاکسازی ناچاری حکومەت له کەرتی زەوی و زار (اصلاح زراعی). له هەر دوو شۆڕشی (ئەیلول و گوڵان) دەوری کاریگەریان نواندووە و هەمیشە ڕۆڵەکانی ئەو سنوورە له هەموو ناوچەیەکی کوردستان پێشمەرگە و بەرگریکار بوونە، دەیان سەرکردەی ئازایان له ڕۆژانی تەنگانە هەبووە.

له هەموو ئەو نەهامەتیانەی به سەر کورد هاتوون، ئەم ناوچەیە هەم بێ بەش نەبوون و هەم بوونەتە پاڵپشت بۆ کەسانی لێقەوماوی ناوچەکانی دیکەی وەك پاڵپشتیان بۆ ڕاگوێزراوە بارزانیەکان. به کورتی ناوچەیەکە کە وەك هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەش مینەت بووە و زیاتر لەوەش هەمیشە ئازایانە له بەرگری بووە و هیچ کات سڵی نەکردووتەوە له فیداکاری و شهید بخشین.

# بەشی یەکەم

## باسی یەکەم

## مام وسو دزەیی، ژیاننامە و پێگەیشتنی

(یوسف محەمەد یوسف) ناسراو بە (مام وسو دزەیی) لە ساڵی (1922) لە گوندی (قورشاغلو)ی دەشتی هەولێر لە بنەماڵەیەکی جوتیاری دیار و بژێو مامناوەند هاتووتە دونیا، باوکی ناوی (حەمەد چاوشین) و دایکی (شریفە پیرداود) بوونە. لە ساڵی (1936) بە هۆی دژایەتی سیستەمی ئاغاساڵاری گوندەکەیان بەرەو گوندی (شانشین) لە شارەدێی (پردێ) بەجێ دەهێڵن. دوای ئەوەی باوکی کوچی دوایی دەکات، ئەرکی بەڕێوەبردنی بنەماڵە و کەسوکاری دەکەوێتە ئەستۆی (مام وسو دزەیی) و لە گوندی (سۆربەش[1]) نیشتەجێ بووە.

(مام وسو دزەیی) لە تەمەنی (منداڵی تا مردن) باجی (کوردایەتی و جوتیاری) داوە و چەوساوەتەوە. هۆشیاری نیشتیمانی بەرزی هەبووە و زوو تێکەڵ بە نیشتیمان پەروەران بووە، هەمیشە بەشێك بووە لە بەربەرەکانی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و بۆ باشی ژیانی هەژاران کاری کردووە. هەر بۆیە لە ساڵی (1952) بۆتە ئەندامی پارتی و لە نێوان ساڵانی (1953- 1954) بۆتە کادر لە دەشتی هەولێر. پێش دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول لە ڕژێم و سیستەمی ئەوکات یاخی بووە، دواترلە گەڵ کۆمەڵێك تێکۆشەر وەك یەکەم چالاکی بۆ ڕاگەیاندنی دەست پێ کردنی شۆڕشی ئەیلول هەستاون بە داخستنی ڕێگەی (هەولێر- کەرکوك) لە (پردێ[2]) لە ڕۆژی (11ی ئەیلولی 1961).

بەرپرسی یەکەم دەستە لە پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر بووە لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلول و زۆرینەی شەڕەکانی ئەو ناوچەیەی تا ساڵی (1964)ی سەرپەرەشتی کردووە. دوای دووبەرەکی ناو شۆڕشی ئەیلول هەوڵی زۆر دراوە بە لادەر بناسێندرێت، بۆیە لە ساڵی (1964) دیداری چارەنووسی لە گەڵ (مستەفا بارزانی) لە شاری (ڕانیە) بە ئاگاداری (موقەدەم عەزیز عەقراوی) ئەنجام داوە و دوای دیدارەکە قۆناغی تازەی ژیانی لە سنووری ناوچەکانی (بیتوێن و پشدەر) دەستی پێ کرد.

چەندین تاقی کردنەوەی سەختی لە ژیانی پێشمەرگانە خرایە پێش تا توانی ئەو تۆمەتانە پاك بکاتەوە کە بۆی دروست کرابوون، دواجار بە شەهامەت و ئازایەتی توانی وەفاداری خۆی بە (مستەفا بارزانی) بسەلمێنێت و خۆشەویستی زۆری ئەوی بە دەست هێنا. پەیوەندی زۆر باشی

---

1) (قورشاغلوو) و (سۆربەشی خدری) دوو گوندی دراوسێن لە دەشتی هەولێر و سەر بە شارەدێی قوشتەپەن. (نوسەر)

2) شارەدێی پردێ (ئاڵتوون کۆپری) سەر بە شارۆچکەی (دووبز) لە پارێزگای کەرکوکە و دەکەوێتە سەر ڕێگەی سەرەکی نێوان (هەولێر- کەرکوك). (نوسەر)

لەگەڵ (ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی) هەبووە و هەمیشە (ئیدریس بارزانی) بە ناوی (داستانی زۆزگ) خۆشەویستی بۆ ئەو دەربڕیوە.

لە زۆرینەی شەڕەکانی سنوری (بیتوێن، پشدەر، مەرگە و سورداش) ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، لە شەڕی (ئاسۆس)[1] و لە نەبەردی (زۆزگ - هەندرێن)[2] ڕۆڵی زۆر قارەمان و کاریگەر بووە، هەمیشە لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕش وەك هێزی دەست وەشێن و پیاوی تەنگانە سەیری کراوە.

دوای نسکۆی شۆڕش و لە ساڵی (1976)، لە دوای ساڵێك مانەوە لە ئۆردوگاکانی پەنابەران لە (ڕەبەت و جەهروم)[3] دەگوازرێتەوە بۆ شاری (هەمەدان)[4]، گوشاری یەکجار زۆری ساواکی ئێرانی لە سەر بووە و بە هۆی ئەشکەنجەدرانی لە لایەن (ساواك)[5] لە شاری (هەمەدان) بینایی چاوێکی لە دەست دەدات. هیچ کات لە ڕێکخستنی پەنابەران و پەیوەندی بە سەرکردایەتی شۆڕش دوور نەبووە و لە ساڵی (1979) دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری (نەغەدە) نیشتەجێ دەبێت و بەردەوامی بە پێشمەرگایەتی دەدات.

چەند جارێك لە لایەن دەسەڵاتی عێراقی بڕیاری لە سێدارەدانی[6] بۆ دەرچووە و هەروەها بڕیاری دەست بە سەر داگرتنی تەواوی (مۆڵك وماڵی)[7] دراوە، تا ئێستا بڕیارەکە کاری

---

1) شاخێکە لە ناوچەی (بەری مەرگە) و دەکەوێتە بەرانبەر زنجیرە شاخی (کێوەڕەش) لە ڕانیە، دەربەندی ڕانیە دەکەوێتە نێوان ئەو دوو شاخە. (نوسەر)

2) ناوی دوو زنجیرە شاخە کە دەکەونە باکووری شاری سۆران. (نوسەر)

3) ئۆردووگاکانی (ڕەبەت) لە نزیك شاری (سەردەشت) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و (جەهرۆم) لە نزیك شاری (شیراز) لە ناوەڕاستی ئێران بوونە، بۆ پەنابەرانی کوردی باشوور دروست کرابوون کە بە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (1975) ئاوارەی ئێران بوون. (نوسەر)

4) پارێزگایەی کۆنی ئێرانە و هاوسنووری پارێزگای (سنە) یە، دانیشتوانی لە نەتەوەکانی (کورد، فارس و تورك) پێکهاتووە و خاکی کوردستانە، پایتەختە مادەکان بووە. (نوسەر)

5) (ساواك) کورتکراوەی (سازمان امنیت و اطلاعات کشور - ڕێکخراوی ئاسایشی و هەواڵگری وڵات) بووە. لە ساڵی (1979) لە لایەن (محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی) بە پاڵپشتی (سی ئای ئەی ئەمریکی و مۆسادی ئیسرائیلی) دامەزراوە. چاودێری نهێنی هەموو جموجۆڵێکی گومان لێکراوی دەکرد، تا (1979) بەردەوام بووە. (نوسەر).

6) پاشبەندی ژمارە (3)، بڕیارنامەیەك لە دادگای عێراق کە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ (مام وسو) و کۆمەڵێك خەلکی تێکۆشەری دیکە تێدایە. (ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا، جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەم، پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی بارزانیەکان، هەولێر، 2011).

7) پاشبەندی ژمارە (4)، بڕیاری دەست بەسەر داگرتنی مولك و ماڵی چەند تێکۆشەرێك لە شاری قەڵادزێ و لە ناویاندا (مام وسو دزەیی)، کە لە ئەرشیفی بنەماڵەی (مام وسو دزەیی) وەرگیراوە. دیارە هەندێ مولکی دیکەش هی ئەو بنەماڵەیە لە (کشتوکاڵی و هی دیکە) لە لایەن بەعس داگیر کراون و مولکایەتیان گوڕاوە یا فرۆشتراون. (نوسەر)

پێدەکرێت. حەوت (7) جار بە سەختی و بە سوکی لە شەڕەکاندا بریندار بووە و چەند جار ساواکی ئێران دەستگیری کردوە و جارێك ماوەی نزیك (2) مانگ بێ سەر و شوێن کراوە. لە ساڵی (1984) بە هۆی پەك کەوتنی توانا جەستەییەکانی ناچار دەبێت دەست لە پێشمەرگایەتی هەڵگرێت. کۆمەڵێکی زۆر لە کەس و کاری نزیکی لە بەرگری لە نیشتیمان لە داستانە جیاکان و لە قۆناغە جیاکانی شۆڕش شەهید بوون.

(مام وسو دزەیی) دوو جار هاوسەرگیری کردووە و (12 کور و 8 کچی) هەبووە، سێ لە کوڕەکانی لە ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلول مردوون. تنها (67) ساڵ ژیاوە و لە ئەنجامی زۆری برینەکانی سەر جەستەی ڕووبەڕووی کۆمەڵێك نەخۆشی بۆتەوە، چەند جارێك توشی جەڵتە هاتووە و سەرئەنجام لە شەوی (20-1989/02/21) لە غەریبی و ئاوارەیی کۆچی دوایی کرد، دواجار (مام وسو) لە (گورستانی نەغەدە) لە سەر ڕێگای (نەغەدە[1] - پیرانشهر[2]) لە نزیك (مەلۆ خدانی) ئاموزای بە خاك سپێردرا.

1) شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و سەر بە پارێزگای ورمێ یە و نزیکە لە پیرانشەهر. (نوسەر)

2) شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و سەر بە پارێزگای ورمێ یە، نزیکە لە سنووری ئێران و هەرێمی کوردستان و بەرانبەر بە شارەدێی حاجی ئۆمەران. (نوسەر)

**سەبارەت بنەماڵەی (مام وسو)**

(مام وسو دزەیی) کوڕی (حەمەد وسو حەمەد) ناسراو بە (حەمەد چاوشین) لە خێڵی (بامەند) بووە، دایکی (مام وسو) ناوی (شریفە پیرداود) و لە خێڵی (هۆرمزیار) بووە. خاوەن کەسایەتی پتەو و تایبەت بە خۆی بووە، لە سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی و کەسوکاری بە توانا و لێهاتوو بووە. بەردەوام پەرۆشی خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووت بووە، زۆربەی خزمەکانی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە و لە کاتی تەنگەتاوی خودانی دەکردن[1].

لە ئاستی بژێوی ژیاندا مامناوەند بوونە، بەڵام کۆمەڵەیەکی جوانی خزمایەتی بوونە و تا بە ئێستا دوور بوونە لە هەر جۆرە کێشە نانەوەیەك واتە بە دوور بوون لە کێشە و ئاژاوە. هەمیشە ناوەند بوون بۆ کاری نیشتیمان ویستی و نیشتیمان پەروەری، بۆیە دەیان شەهید لەو بنەماڵەیە و دەوروبەری بووە. بەشیان لە ناخۆشیەکانی نیشتیمان لە (ماڵوێرانی و بریندار، دەربەدەری و گۆزەگۆز، ئاوارە بوون و هەڵاتن و .... هتد) بەردەوام بووە.

"لە کوردستان سیستەمی دەرەبەگی باڵا دەست بووە، (حەمەد چاوشین) لە گەل (ئاغا سالاری) ناکۆك بووە و بەم هۆیەوە لە ساڵانی (1936 - 1937) نیگەڕانی دەکەوێتە نێوان (ئاغای پاشا و مام حەمەد). (مام حەمەد) و کەسوکاری لە (قورشاغلوو) بار دەکەن بۆ گوندی (شانشین) کە لە لایەن (تاهیر ئەفەندی پردێ) پێشوازی دەکرێن. دوای ماوەی ساڵێك بە هۆی نەگونجانیان لە گەڵ (فەقێ محەمەد) ناوێك، دەچن بۆ گوندی (نەبی ئاوا[2]) سەر بە شارەدێی (پردێ) و بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو گوندە دەمێننەوە. دواتر دێنە گوندی (شێراوا) نزیك شارەدێی (پردێ)، (حەمەد چاوشین) خاوەنی چوار منداڵ (دوو کور و دوو کچ) بە ناوەکانی (ڕەسول، مام وسو، مامز و همین) بووە".[3]

"دوای نزیکەی نۆ ساڵ لە نیگەڕانیەکانن (خدر پاشا) دەچێتە ماڵی (مام حەمەد) و داوای لێ دەکات تا کۆتایی بە نیگەڕانی بێت و بگەڕێتەوە بۆ گوندی (سۆربەش)، بەڵام ڕازی نابێت و تنها دەگەڕێتەوە بۆ گوندی (شێراوە) بەو مەرجەی کە دوو کەس بە ناوەکانی (برایم پۆرێ و ئەحمەد خاسێ) لە شێراوە دەربکرێن، بۆیە ئەو دوو کەسە دەنێردرێنە ڕۆژهەڵاتی (شێراوە). لە شێراوە (حەمەد چاوشین) دووچاری نەخۆشی (ژانە زگ) دەبێت و بەو نەخۆشیە دەمرێت، لە سەر داوای خۆی لە گۆرستانی شارەدێی (پردێ) بە خاك سپاردراوە."[4]

---

1) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نوسەکان، هەولێر، 2001.

2) (شانشین، نەبی ئاوا و شێراوا) سێ گوندن دەکەونە سنووری شارەدێی پردێ. (نوسەر).

3) ڕەحمان قادر عمر، چاوپێکەوتن، هەولێر، 2000.

عوسمان سەعید ئەحمەد (مەلا عوسمان)، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، 2019/07/06.

4) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(مام وسو) له ساڵی 1941 یەکەمین هاوسەرگیری دەکات و (بەسێ سەعید ئەحمەد) دەبێتە هاوسەری کە هاوکات خزمی خۆشی بووە، وەك نەریتی ئەوکات کچێکی (ڕەسولی) برای (مام وسو) بە ناوی (ڕەشێ ڕەسول) دەدرێت بە (عەبد سەعید). دوای ئەوەی باوکی کۆچی دوایی دەکات، (مام وسو) دەگەڕێتەوە بۆ گوندی (سۆربەش) و لەو گوندە نیشتەجێ دەبێت. کێشەی جوتیاران ناهێڵێت ئاسودە بێت و بەردەوام لەم کێشانە کاریگەری باشی بۆ پاڵپشتی هاوپیشەکانی هەبووە.

لە (1952) تێکەڵ بە کاری سیاسی دەبێت و لە (1953) دەبێتە کادر، دوای ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی لە (1958) کاری حزبایەتی و شۆڕشگێری بە گوڕتر دەکات، نیشتیمان پەروەری بە ڕادەیەك هەستەکانی داگیر دەکات کە ئیتر ژیانی کەسی و تاکی نامێنێت. ماوەیەك پێش دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلول ئیتر تنها بە شاراوەیی توانای دیتنی ماڵ و منداڵی دەبێت، لە ساڵی (1964) و دوای ناکۆکی و دووبەرەکی ناو شۆڕش، ئەرکی پێشمەرگایەتی دەگوازرێتەوە ناوچەی (بیتوێن - پشدەر).

ماوەیەکی کەم لە شاۆچکەی (ڕانیە) دەبێت و هەر لە (1964) بارەگای دێتە شارەدێی (چوارقوڕنە)، لە مانگی (1965/01) هاوسەرگیری لە گەڵ (عاصمە ڕەسول) وەك هاوسەری دووەمی دەکات. سەرەتا ماڵی لەو شاروچکەیە دادەنێت و دواتر بە هۆی سەرهەڵدانەوەی گرژیەکان لە گەڵ ڕژێمی ئەو کاتدا دەگوازرێتەوە بۆ (بەری مەرگە).[1]

بە هۆی پێشمەرگایەتی (مام وسو) کەم ئاگاداری ماڵ و منداڵ بووە، بۆیە ماڵەکەی بەشێك بووە لە پێشمەرگایەتی و بارەگای بۆ هەر جێیەك چووبێت، ماڵی لەو شوێنە بووە و دوای ماوەیەکی کەم ماڵی دەچێتە ناوچەی (بەری مەرگە). دوای نەبەردی بە ناوبانگی (ئاسۆس) و گواستنەوە و جێگیر بوونی بارەگای (مام وسو) لە گوندی (ماخۆبزنان)، ماڵەکەشی دەگواسترێتەوە بۆ ئەو گوندە و تا نزیك نەورۆزی ساڵی (1966) لەو گوندە دەمێنن و دواتر ماڵی بۆ گوندی (شێخ ئاودەلان) لە سنووری قەڵادزێ دەروات.

بروسکەی (مستەفا بارزانی) سەرۆکی شۆڕش لە (27ی نیسانی 1966) بۆ (مام وسو دزەیی) دێت تا بە خێرایی خۆیان بگەیێننە بەرەی جەنگ لە شاخی (زۆزگ) لە ناوچەی سۆران و بۆیە چەند ڕۆژ دواتر بە هێزەکەیەوە دوگاتە ئەو شوێنە. ماڵەکانیشان لە ناو ترسی (جاش، سوپای دوژمن، چەکدارەکانی باڵی م. س و بۆردمانی ئاسمانی) لە گوندی (شێخ ئاودەلان) دەمێنێت،

---

1) عاصمە ڕەسوڵ خێزانی مام وسو، نوسینەوەی بیرەوەریەکان، هەولێر، 1999. نوسیویەتی: "لە ساڵی (1964) (باوکی ئەرسەلان) لە گەڵ پێشمەرگەکانی لە ڕانیە بوون، هاتن بۆ چوارقوڕنە و خودا منی لە (1965) بە قیسمەت (مام وسو) کرد. لە ڕێکەوتی (1965/03/09) لە چوارقوڕنە ڕۆیشتین بۆ (سەرسیان) ئەوکات سەرسیان هیچ شتێکی لێ نەبوو تنها جارجارە تەیارە دەهات شاخەکانی بۆردمان دەکرد، زۆربەی خەڵکەکە و پێشمەرگە لە (کێوەڕەش) و (ئاسۆس) بوون، ئێمە تا مانگی (9) هەر لەوێ بووین و لەو مانگەدا گواستمانەوە بۆ (بنگرد) لەگەڵ ماڵی (خەسرەو)."

ماڵەکانی پێشمەرگە بە شەو لە ناو گوندەکان دەبن و بە ڕۆژ بە ناچاری خۆیان لە (دەشت و دەر و ئەشکەوت) حەشار دەدەن.[1]

"بە هۆی بەردەوامی شەڕ لە قەڵادزێ، لە گوندی (شێخ ئاودەلان) ڕۆیشتین بۆ گوندی (شێنێ) لە نزیك سنوور. لە ئەوێ چەند ماڵێك بووین (ماڵی مەلۆی ئامۆزای مام وسو) و ماڵەکانی (مستەفا، عباس، سمکۆ، عەلۆ و سەلیم). تا کۆتایی زستان لە (شێنێ) ماینەوە و لە (1970/03/12) لە سەر قسەی (خاڵە دێوە) گەڕاینەوە بۆ گوندی (شێخ ئاودەلان)."[2] لە مانگی ئایاری (1970) دووبارە گواستویانەتەوە بۆ گوندی (گربداخ) و ماوەی دوو ساڵ لە خانووی چەکدارەکانی ڕژێمی ئەوکاتی عێراق دەمێنن، دوای ئەوە (بارزانی) لە قەڵادزێ زەوییان بۆ دابین دەکات و دەیکەن بە خانوو.

دوای بۆردمانی قەڵادزێ دیسان ئاوارە دەبن بۆ گوندی (کەستانە) و ماوەیەك لەوێ دەمێننن دواتر دەچنە (ناوچەی مەرگە)، لە گوندی (کانی توو[3]) دەمێنن تا شۆڕش نسکۆی بە سەردا دێت، (مام وسو) زۆر دژی پەنابەر بوون بۆ خاکی ئاوارەیی لە ئێران بووە و بەڵام دوای گوشاری زۆر بە ناچاری لە دوایین ساتەکان، ئاوارەیی هەڵدەبژێرێت.

---

1) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو: "جەیش لە مانگی (9) هێرشی کرد و شەر دەستی پێکرد لە (ئاسۆس)، تەیارە دەهات و بورمانی دەکرد، توتنی جوتیارانی دەسوتاند. ئەوکات مقەڕی (بورهان ئاغای دزەیی) لەوێ بوو، ئەسپێکی سپی هەبوو کە هەرچەند تەیارە دەهات قاچەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و دەی حیلاند. (بورهان ئاغا) هاتە لای ئێمە و گوتی: (دەبێت بێن بۆ لای ئێمە لە مەرگە و دەبێت سبەی منالەکان لێرە لاببەی، من ئاگام لە ماڵ و شتەکانتان دەبێت و پێشمەرگەیەکی لە سەر دادەنێم). ئێمە ڕۆیشتین بۆ مەرگە، لەوێ ئەو کەلوپەلانەی هەمانبوو لێ یان دزیین. خواڵێ خۆشبوو (مام ئەحمەد حەمەدەمین) هەموو کەلوپەلەکانی بۆ وەرگرتبووینەوە. دواتر لە مەرگە گواستراینەوە بۆ (کانی توو)، لەوێش لەگەڵ دوو سێ خێزان ماینەوە تا مانگی (11) ی ئەو ساڵە. لەو ماوەیەدا شەڕێکی زۆر دەکرا لە نێوان پێشمەرگە و جاشەکان، چونکە لەوێ دوور بووین ئێمە کەمتر ئاگامان لێ بوو." دواتر بەردەوام دەبێت و نوسیویەتی: "دوو پێشمەرگە هاتن بە ناوەکانی (نوری و سابیر ئەمین ئەحمەد) و ئێمەیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ گوندی (ماخۆبزنان) لە ئەوێش بۆ ماوەی (3 تا 4) مانگ ماینەوە و لەو ماوەیەدا تەیارە دەهات و قەسفیان دەکرد، دوای نەورۆز گواستراینەوە بۆ گوندی (شێخ ئاودەلان)."

2) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

3) گوندەکانی (مەرگە و کانی توو) دوو گوندن لە ناوچەی (بەری مەرگە) واتە شارەدێی (بنگردی)ی ئێستای سەر بە شارۆچکەی دووکان، گوندی (ماخۆبزنان) گوندێکە سەر بە شارەدێی (سەنگەسەر) لە سنووری قەزای پشدەر، گوندەکانی (شێخ ئاودەلان و کەستانە) دوو گوندن کە دەکەونە سنوری قەزای قەڵادزێ و لە نزیك ناوچەی شاخاوی و نزیك شاری قەڵادزەن. گوندەی (شێنێ) گوندێکی دوورە لە سەر سنووری (قەڵادزێ) لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. (نوسەر)

دوای ڕێکەوتن نامە و پیلانی شوومی جزائیر، (نسکۆی ئەیلول) نەبوو بە هۆی دامانی شەهید و ئاوارەیی بە بەشی خۆی دانا. (ماندوو بوون، بێچارەیی و نەبوونی) پێ ڕەواتر بوو لە دەستەموویی بۆ دوژمن و بۆیە خۆبەدەستەوە دانی پەسەند نەکرد، ئاوارەیی ئێرانی وێڕای خانەوادەکەی لە گەڵ (شۆڕش و پارتی و بارزانی) بە هەموو نەهامەتیەکانی هەڵبژارد. لە ساڵی (1976) و لە دوای ساڵێك مانەوە لە ئۆردوگاکانی پەنابەران لە (ڕەبەت و جەهروم) دەگوازرێنەوە بۆ شاری همدان.[1]

ژیان بۆ پەنابەر سەخت و بۆ کەسانی شۆڕشگێڕی وەك (مام وسو دزەیی) ئەستەم بووە، چونکە هەمیشە لە چاودێری و گوشاردا بوونە. ئەوان لە (ڕەبەت) بۆ ناوەڕاستی ئێران لە ئۆردووگای زۆرە ملێی (جەهرۆم) دەبردرێن و دوای چەند مانگ دەیانگوازنەوە بۆ شارەدێی (بەهار) لە چەند کیلۆمەتری شاری (هەمەدان).[2]

دوای ئەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران سەردەکەوێت و ڕژێمی (شای) ئێران دەرووخێت، لە کۆتایی ساڵی (1979) خوالێ خۆشبوو (ئیدریس بارزانی) شاندێك بە سەرپەرەشتی (ڕەئیس حەمەدەمین) دەنێرێت بۆ ئەوەی (مام وسو) ماڵی بۆ شاری (نەغەدە) بگوازێتەوە، لە ئەوێ خۆی و پێشمەرگەکانی بۆ کوردستان بێنەوە.

لە ماوەی مانەوەی لە ئێران تا کوچی دوایی دەکات، دووچاری ئازار و ئەشکەنجەی زۆری جەستەیی و دەروونی دەبێت بە تایبەت لە لایەن ڕژێمی (شا و ساواکی ئێران). دواجار دوای نۆ ساڵ مانەوە لە شاری (نەغەدە) و (14) ساڵ لە ئاوارەیی، بە هۆی دۆخی سەختی ژیان و باری قورسی نەخۆشیەکانی کە بەشی زۆری بە هۆی برینەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی بووە، لە ساڵی (1989) کۆچی دوایی دەکات و بۆ دواجار گۆڕستانی شاری (نەغەدە) دەبێتە دوا مەنزڵی ئەو مرۆڤە سادە و شۆڕشگێڕە.

---

1) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نووسەکان، 2001.

2) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "پاش ئەوەی خەڵك بە شارەکاندا بڵاوبوونەوە و ئێمەش لە گەڵ نزیکەی (50) ماڵی دیکە لەناو مزگەوتێك بووین بۆ ماوەی (10) ڕۆژ و دواتر لیژنەیەك هات و ئێمەیان گواستەوە بۆ ئۆردووگایەك لە شیراز و خەڵك وەزعی زۆر خەراپ بوو، چونکە بە ڕۆژ گەرم و بەشەو سارد و کەسیش هیچی پێ نەبوو، پاشان خێمەیان بە سەرماندا دابەش کرد و بۆ ماوەی شەش مانگ لە ئەوێ ماینەوە. دواتر ماڵی ئێمە و ماڵی چەند پێشمەرگەیەك لەوانە: (مەلۆ، سەعدی گەورە، فقێ، حەمە عەرەب، ئەحمەد ئالانی و نەسرەدین مستەفا) هەمووان پێکەوە ڕۆیشتن بۆ (هەمەدان) بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەوێ ماینەوە.

## سەرەتایەك بۆ كاری حزبی و پارتایەتی

هەر لە سەرەتای لاویەتی و تێگەیشتنی بۆ ژیان، لێكدانەوەی بۆ بوارەكانی نیشتیمانی و سیاسی و كۆمەڵایەتی هەبووە، هەستی بە ئازاری هاونیشتیمانیەكانی كردووە. ئەو جوتیار و خاوەن زەوی بووە و ئازاری چینەكانی كۆمەڵگای ناسیوە، بۆیە بە دوای ئەو هۆكار و فاكتەرانەدا گەراوە كە بتوانن ببنە هۆی كەم كردنەوەی كێشەكانی كۆمەڵگا و كەم كردنەوەی ئازارەكانی چەوساوەكان.

ئەو تێگەیشتنە بەرزەی پاڵنەر بووە بۆ ئەوەی هەوڵ بدات لە كەسانی نیشتیمان پەروەر و خاوەن هزری كۆمەڵگا نزیك ببێتەوە و دەست بە كاری سیاسی و رێكخراوەیی بكات، لەم چوارچێوەیەشدا سەركەوتوو بووە و هەمیشە لە بواری كاری كۆمەڵایەتی و سیاسی و رێكخراوەیی جێگەی رێزی جەماوەر بووە.

ئەرسەلان مام وسو دەڵێت: "باوەری تەواوی هەبوو كە: (هێز لە كار كردن دایە) بۆیە هەمیشە پیشەی تایبەتی خۆی هەبوو. كاری رۆژانە و راوی ئاژەڵ هۆكاری باش بوون بۆ دۆزینەوە و تێكەڵ بوونی بە نیشتیمان پەروەرانی هاوشێوەی خۆی. لە سەرەتای ساڵانی پەنجاكان دۆستایەتی لە گەڵ خوالێ خوشبوو (م. عەلی عەبدوڵلا)[1] و دەستەیەك لە نیشتیمان پەروەرانی دیاری ئەوكات وەك: (ساڵح شێرە، مەلا عەبدوڵلا ناسراو بە مەلا ماتۆر، عومەر دەبابە[2]، بورهان ئاغای دزەیی و عەلی

---

1) (عەلی عەبدوڵلا ئەمین) تێكۆشەری گەورە و ناوداری نەتەوەكەمان، لە شارۆچكەی (كۆیە) لە ساڵی (1922) هاتووتە دونیا و كۆلێژی ئەندازیاری لە بەغدا تەواو كردووە. لە دامەزرێنەرانی (حزبی هیوا) بووە لە (1939) و بە هۆی بیری كۆمۆنیستی لە (1943) حزبی (شۆرش) لە (هیوا) جیا دەكەنەوە. لە دەستەی دامەزرێنەری (پارتی دیموكراتی كوردستان) بووە، لە سەرتای دامەزراندنی پارتی بۆتە ئەندامی (م. س)، چوارەمین سكرتێری پارتی بووە و دواتر بۆتە (جێگری سەرۆكی پارتی). لە نسكۆی ئەیلول دەچێتە رۆسیا و دواتر بۆ (سەركردایەتی كاتی) پارتی دەگەرێتەوە. لە گەڵ (هەژار موكریانی) لە ساڵی (1989) و لە كۆنگرەی دەیەمی پارتیدا بوون بە یەكەم هەڵگرانی میدالیای رێزلێنانی (بارزانی نەمر). بە هۆی نەخۆشی و بەرزی تەمەنی لە كۆنگرەی (13) ی پارتی بەربژێر نابێتەوە و لە ساڵی (2017) لە شاری هەولێر كۆچی دوایی كردووە. (نوسەر)

2) (عومەر سۆفی مستەفا) ناسراو بە (عومەر دەبابە، كاكی كاكان) لە ساڵی (1924) لە شارۆچكەی (كۆیە) لە دایك بووە، سەرەتایی و ناوەندی لە كۆیە تەواو كردووە. لە كەركوك بۆتە ئەندامی (هیوا) و دواتر لە مهاباد بۆتە ئەندامی (ژ. ك)، ئەندامی (حزبی رزگاری) بووە. لە (1943) لە كۆلێژەی ئەندازیاری لە بەغدا وەرگیراوە، لە (1949 - 1950) لە كۆت زیندانی كراوە و لە (1953) بۆتە ئەندامی سەركردایەتی (پ. د. ك). لە ساڵی (1964) لە گەڵ باڵی (م. س) لە پارتی جیادەبێتەوە، لە تەواوی ساڵانی (1966 - 1970) لەگەڵ سوپای عێراقی لە دژی شۆرش وەستاوە. لە دامەزراندنی (ی. ن. ك) بووە و لە (1992) كۆچی دوایی كردووە. (لە پێگەی بەسە - BASA- وەرگیراوە، 2016/01/16 بڵاوكراوەتەوە.)

شەریف، عە ونی یوسف[1]، ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی[2]) دروست دەكات. لەم ڕێگەیەوە ئاشنای پارتی دەبێت و لە ساڵی (1952) دەبێتە ئەندامی پارتی، بە هۆی پێگەی جەماوەری و كارا بوونی لە ساڵی (1953) بۆتە كادیر لە ناوچەی دەشتی هەولێر." [3]

سەبارەت بە دەستپێكی كاری حزبایەتی و ڕێكخستن، هاورێكانی بەم شێوە باسی دەكەن:

(محەمەد مەلا قادر) دەڵێت: "هەر لە سەرەتای ساڵی (1952) دەبێتە ئەندامی پارتی و دۆستایەتی لە گەڵ (مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل) ناسراو بە (مەلا ماتۆر) پەیدا دەكات، چونكە مەلا عەوڵا لەو سەردەمەدا چالاكترین كادیری سەركردە دەبێت لە دەشتی هەولێر، هەروەها لە گەڵ (ساڵح شێرە) و چەندان كادیر و ئەندامی سەركردایەتی دۆست بووە.[4]

---

1) (عەونی یوسف) لە قەڵاتی هەولێر و لە ساڵی (1908) هاتووتە دونیا، سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر و ئامادەیی لە بەغدا خوێندووە. لە (1935-1939) بڕوانامەی بكالۆریۆسی لە كۆلێژی ماف لە بەغدا وەرگرتووە و ئەندامی (حزبی هیوا) بووە. لە دامەزرندنی پارتی بووە بە ئەندامی سەركردایەتی و لە (1948 - 1949) بەرپرسی ڕێكخستنەكانی پارتی لە هەولێر بووە. لە ڕاپەرینی جوتیارانی دەشتی هەولێر لە (1953) و دواتری تا (1958) بۆتە پارێزەری خۆبەخش بۆ جوتیاران. لە (1961) بۆتە وەزیری كار لە (حكومەتی قاسم) و لە دوای كودەتای بەعس لە (1963) پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول كردووە. پاش نسكۆی (1975) كاری پارێزەری لە (هەولێر و بەغدا) كردووە، لە ساڵی (1988) كۆچی دوایی كردووە. لە ئینترنێت لە پێگەی (كوردۆپیدیا) وەرگیراوە، لە لایەن خاتوو (هەڵاڵە عوسمان كەمال ئاغا) ئامادە كراوە.

2) (ئەحمەد حەمەدەمین بایز) ناسراو بە (ئەحمەدحەمەدەمین ئاغای دزەیی) لە (1925) لە دەشتی هەولێر لەدایك بووە. لە سەرەتای لاویەتی تێكەڵ بە كاری سیاسی و نیشتیمان پەروەری بووە، ئەندامی حزبی رزگاری بووە. بە كۆكردنەوە و ناردنی پیتاك یارمەتیدەری (شۆڕشی دووەمی بارزان و كۆماری مهاباد) بووە. لە كاری ڕێكخستنی حزبی لە ساڵانی پەنجاكاندا زۆر چالاك بووە و پەیوەندی بە زۆرینەی سەركردەكانی پارتی لە هەولێر و كۆیە هەبووە. كەسایەتیەكی خۆشەویست، سادە و بەهێزی هەبووە، چەندین جار دەستگیر كراوە و لە (1963) لە (بنكەی قەرەچوغ) لە دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە، دوای ماوەیەك گواستراوەتەوە بۆ سنووری مەرگە. لەگەڵ باڵی (م. س) لە پارتی جیادەبێتەوە و لەو باڵە دەگاتە پلەی ئەندامی سەركردایەتی (كۆمیتەی ناوەندی)، لە مانگی مایسی (1976) كۆچی دوایی كردووە. وەرگیراوە لە بەرنامەی (یادیان بەخێر) لە كوردسات تی ڤی، دووبارە لە (2018/02/19) بە بەشداری (جلال تاڵەبانی، كەمال موفتی، حەمەی حاجی تایەر و ... هتد).

3) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

4) محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، لا 192.

(خورشید شێرە) دەڵێت: "مام وسو لە سەرەتای پەنجاکان لە دەشتی هەولێر بە ئەندامەتی پارتی دەستی پێکرد، ئەو لە گەڵ (ساڵح شێرە،[1] ئەحمەد مەحمود، مەحمود سەلمان، عەلی سۆر و قادر بەردەسپی و ... هتد) کۆمەڵێك کادیر بوون، هەر لە سەرەتا چالاکیان دەکرد و بانگەشەیان بۆ پارتی دەکرد، یارمەتی و پیتاکیان کۆ دەکردەوە، تا ئەو کاتەی پێشمەرگایەتی دەست پێکرد."[2]

(موحسین دزەیی) دەڵێت: "سەرەتای ناسینم بۆ (مام وسو دزەیی) بۆ سەرەتای ساڵانی پەنجاکان دەگەرێتەوە، چەند ڕوویەك هەبوون بۆ ناسینی (مام وسو): یەکەم: دێیەکانمان نزیك یەك بوون و هاتوچومان دەکرد. دووەم: (مام وسو) یەك بوو لە ئەندامە چالاکەکانی (پ.د.ك) و هاتوچووی دێی ئێمەی دەکرد، لە گەڵ خوالێ خۆشبوو کاکم نێوانیان زۆر باش بوو و چونکە کاکم[3] پێش من ئەندامی پارتی بوو. سێهەم: لە بەر ئەوەی لە گەڵ (مام وسو) جۆرێك لە تێکەڵاویەتی بنەماڵەییمان هەبوو".[4]

(سەید کاکە) دەڵێت: "ئێمە لە ساڵی شەستەکان کۆمەڵێك کادیرمان هەبوو کادیری باش لەوانە یەکیان (مام وسو) بوو کە بە ماتۆری دەگەڕا و کادیری حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو."[5]

بۆ ئەوەی کاتی تەواوی هەبێت بۆ نیشتیمان پەروەری و کاری حزبی، کاری بەخێو کردنی مێگەل و ئاژەڵداری بە (سەلیمی برازای) و کاری کشتوکاڵ بە (حاجی ئەحمەد سەعیدی کوڕە

---

1) (ساڵح شێرە) لە گوندی (بیرەعارەبان) سەربە شارەدێی (قوشتەپە) لە (دەشتی هەولێر) و لە ساڵی (1923) هاتووتە دونیا، لە (1942) چۆتە ریزی (کۆمەڵەی هیوا). لە (1947) چۆتە ریزی (پ. د. ك) و لە (1955) گواستراوەتەوە بۆ سنووری (کەرکوك). یەك لەو (51) کەسە بووە کە لە (1959) لەگەڵ (بارزانی مستەفا) داوانامەی مۆڵەتی فەرمی پارتی لە حکومەتی تازەی کۆماری عێراقی ئیمزا کردووە. زۆر پلەی جۆراوجۆری لە شۆڕش هەبووە و دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بۆ ناوچەی (ئەهواڕ) لە پارێزگای (دیوانیە) دوورخراوەتەوە، دواتر لە (1978) بۆ پارێزگای (حلله) دەگوازرێتەوە و لە (1979) دووبارە پەیوەندی بە پارتی ڕێکخستووتەوە. کورێکی لە (1986) شەهید بووە و دواجار لە (1999) لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. (محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2014، لا (166-169).

هەروەها د. ئەحمەد شەریف لە (چەند پەیڤێك لە بانێژەی ویژدانی کوردایەتیدا، لا (70-71) دەڵێت: "دڵپاك، دەستپاك، ڕاستگۆ، چاونەترس، میوان دۆست و مەجلیس خۆش بوو، لە سەرەتای 1961 من و کاك صالح بە یەکەوە بوینە ئەندامی ناوچەی هەولێر، لە 1962 بەیەکەوە چوینە ناو ریزی شۆڕشی ئەیلولی مەزن، هەر لەو ساڵەدا من بوومە بەرپرسی ناوچە و ئەو بوو بە کارگێری ناوچە".

2) خوڕەشید شێرە، چاوپێکەوتن، هەولێر، (2021/11/25)

3) مەبەستی کاك موحسین لە بەرێز (ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی) برایەتی. (نوسەر)

4) موحسین دزەیی، زاگرۆس تی ڤی، چاوپێکەوتن، بەرنامەی تایبەت بە بیست و پێنجەمین ساڵیادی کۆچی دوایی (مام وسو دزەیی)، 2014/2/21.

5) سەید کاکە سەید ئیسماعیل، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، 2019/03/30.

ئاموزای) دەسپێرێت، خۆی دەست بە کاری مامەلە و تەڕاحی گەنم و جۆ دەکات. لە پاڵ ئەو خۆشیەی لە ڕاوکردن وەری دەگرت، بە دەرفەتێکی لە باری بۆ باشتر ناسینی سنورەکە و سوڕانەوە بە ناو جەماوەر دادەنا.[1]

(سەید مەحمود ئیسماعیل) دەڵێت: "سەرەتای ناسینم بۆ مام وسوی ڕەحمەتی دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی (1960-1961)، من لە 1960/12/8 بوومە ماموەستا لە سۆربەش. ئەوکات من لە قوتابیان بووم و کە بوومە ماموەستا دەوری حزبایەتیم وەرگرت. (مام وسو) ئەو کات لە کاری حزبیدا بوو و شانە سەرەکی هەبوو."[2]

زۆربەی کات بە ناوی ڕاو و کاری مامەڵە لە گەڵ (ساڵح شێرە، مەلا غریب و مەلا عەبدوڵلا ناسراو بە مەلا ماتۆر[3]) بە یەکەوە کاری ڕێکخستن و هۆشیار کردنەوەی جەماوەریان لە دەشتی هەولێر کردووە، هاوکات ئابوونەی مانگانەی حزبیان کۆ کردۆتەوە. (موحسین دزەیی) لەم بارەوە دەڵێت: "(مام وسو) بە ڕاستی کادیرێکی چالاکی پارتی بوو و دەگەڕا لە دێهاتەکان".[4]

(عوسمان سەعید) دەڵێت: "لە منداڵی و بە تایبەت لە کۆتایی پەنجاکانەوە هەر لەگەڵ (مام وسو) بووم، بە تایبەت لە پەنجاکانم لە بیرە کە مام وسو کادیری پارتی بوو و لە گەڵ مەلا ماتۆر دەگەڕان و ئەو نەخوێندەوار بوو، بەڵام (مەلا ماتۆر) خوێندەوار بوو و بۆیە پێکەوە دەگەڕان."[5]

بە داخەوە (مام وسو) خوێندەواری نەبوو، بۆیە نووسینەوە و خوێندنەوەی بڵاوکراوەکانی بە ئامۆزاکانی دەسپارد، بەڵام سەرەتا بۆ ئەویان دەخوێندەوە. دوای ئەوەی بۆی دەخوێندرایەوە زۆربەی لەبەر دەکرد و لەناو جووتیارەکان باسی دەکردەوە، ئەوە جگە لەوەی نوسراوەکان دەناردران بۆ کووبوونەوەکان.[6] (حاجی ڕەسولی لهێبان) دەڵێت: "وێڕای کاری تەڕاحی لە (1959)

---

1) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نوسەکان، هەولێر، 2001.

2) سەید مەحمود سەید ئیسماعیل، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، 2019/05/14.

3) (مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل - مەلا ماتۆر) لە ساڵی (1927) لە دەشتی هەولێر لە دایك بووە و لە کادرە دیارەکانی ئەوکاتی پارتی بووە. دەوری کاریگەری لە هۆشیاری چینایەتی و پەرەپێدان بە ڕێکخستنی پارتی لەناو جوتیار و هەژارانی (دەشتی هەولێر، کۆیە، ڕەواندوز) هەبووە. لە دووبەرەکی (1964) لەگەڵ باڵی (م. س) دەڕوات، لە سەرکردە دیارەکانی (سەربازی، کۆمەڵایەتی و سیاسی) ئەوان بووە تا (1969) و دەوری خەراپی هەبووە بەرانبەر شۆڕشی ئەیلول. دوای گەڕانەوەی باڵی (م. س) نەهاتووتە ناو پارتی و لە بەغدا ماوەتەوە و لە (1974 - 1989) وەزیر بووە لە بەغدا، لە (1989) خانەنشین دەبێت و لە (2000) لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. لە (تاریق جەوهەر سارمەمی، نامەی مەلا عەوڵا بۆ محەمەدی ماملێ) وەرگیراوە کە لە (2021/04/09) لە پێگەی (mamle.net) بڵاوکراوەتەوە.

4) موحسین دزەیی، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

5) عوسمان سەعید، سەرچاوەی پێشوو.

6) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لە گەڵ خوالێ خۆشبوو (ساڵح شێرە) بۆ چەك كرین دەچونە ناو گوندە عەرەب نشینەكان و لە (حەسەن عەردانی ڤەراج) چەكیان دەكری و بۆ هەولێریان دەهێنا."[1]

## بەرفراوانتر بوونی ڕێكخستنی پارتی

نیشتیمان پەروەران لە دەشتی هەولێر زۆر بوون و خەڵكیش بێزار بوون لە ستەم، بۆیە حەزیان بە پەیامەكانی شۆڕشگێری و ڕێكخستن دەهات. لە لایەكی دیكە كادیرانی پارتی ئەوكات لە خەڵكی ڕاستگۆ و دڵسۆز بوون و جێی متمانەی خەڵك بوون، بۆیە جوتیاران گوێیان بۆ دەگرتن. هەوڵدانی (مام وسو، صابیر كاكە شین، ساڵح شێرە، مەلا ماتۆر و حەسەن مستەفا و ... هتد) دەبێتە هۆی پێكهاتنی تۆڕێكی بەرفراوان لە ڕێكخستنی پارتی لە سنووری دەشتی هەولێر.

(محەمەد مەلا قادر) دەڵێت: "ئاشنایەتی من لەگەڵ مام وسو دزەیی (1960) دەگەڕێتەوە لەوكاتەدا من ماموەستا بووم لە گوندی (دوو گردكان) دامەزرا بووم، كە بە گوندی (دوو گردكانی ئەحمەد حەمەد ئەمینی) ناسرا بوو. ئەوكات پارتی بڕیاریدا من ببم بە بەرپرسی ڕێكخستنی دەشتی هەولێر سەر بە لیژنەی ناوچەی جوتیاران كە ئەوكات (ساڵح شێرە) بەرپرسی بوو. تەواوی ڕێكخستنی پارتی لە (قوشتەپە) تا دەچۆوە شاروچكەی (مەخموری) دەگرتەوە، ئەو ڕێكخراوە كۆمەڵێك كادری ئازا و چاونەترسی هەبوون لەوانە: (مام وسو دزەیی، سەید عەزەدین گرد عازەبانی، نوری حەمە، عەلی شەریف، قادر بەردەسێ و قادر فاتەكە و چەندان كەسی دیكە)."[2]

سەرەنجام لە پەنا كاری تەڕاحی و بە ناوی ڕاوكردن بە هاوكاری (مەلا غەریب، صابیر كاكەشین، محەمەد سەڵتە و عزە گورگە) و كۆمەڵێك كادری دیكە كە لەو سنوورە بوونە، دەتوانن هەیكەلی ڕێكخستنی پارتیمان لە سنورەكە و لە زۆربەی گوندەكان دابمەزرێنن.

(موحسین دزەیی) دەڵێت: "دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەموز زیاتر ئەو چالاكیانەی دەركەوت و ئیشەكەی ئاشكرا بوو، مام وسو بە ئاشكرا دەگەڕا و زۆر زۆر بە چالاكیەوە لە دیهاتەكان دەگەڕا و بە ڕاستی كادرێكی چالاكی (پ. د. ك) بوو."[3]

هەڵبەت زۆربەی ئەو بەرێزانە كەسایەتی كاریگەر و كادری چالاك بوون، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ناكرێت كاریگەری خەلكانی وەك (مەلا ماتۆر، ساڵح شێرە، ئەحمەد حەمەدەمین ئاغای

1) حاجی ڕەسوڵی لهێبان، چاوپێكەوتن، هەولێر، 1998.

ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

2) محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، لا (192 - 193).

3) موحسین دزەیی، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

دزەیی، عومەر دەبابە، عەونی یوسف و بورهان ئاغای دزەیی) کە هەمیشە برا و هاوکاری یەکتری بوون لە یاد بکەین.[1]

## سەروبەندی شۆڕشی تەموز و مام وسو لە گوندی سۆربەش

(مام وسو) پەیوەندی و دۆستایەتی فراوانی هەبووە، بە تایبەت لە گەڵ جوتیار و خاوەن ئاژەڵەکان واتە لە گەڵ چینی هەژار، بۆیە لای ئەو چینە خۆشەویست بووە و بە پێچەوانەوە لای دەسەڵات و هەندێ لە ئاغاکان پەسەند نەبووە. بۆیە هەمیشە گوشاری (خدری پاشای) وەك ئاغا و (حەمەی سابیری) وەك سەرۆك جاشی لە سەر بووە.

(عوسمان سەعید) دەڵێت: "تا ساڵی (1958) و پێش شۆڕشی (مام وسو) لە گەڵ (مام ڕەسولی) برای بەیەکەوە بوون، لەو ساڵە ماڵی خۆی جیا کردەوە و هاتەناو خانوویەکی کەلاوە لە دەرەوەی گوند کە هی کەسێك بە ناوی (شەریفی حەسەنە رەشی) بوو. (خدری پاشای) نەیهێشت سەری خانوەکەی بە تەواوی بگرێت و پێی گوت: (ئەتو کابرایەکی شوعیی، دەگەڕێی و دەتەوێت فەللاحەکانم لە دەست بکەیەوە).[2]

---

1) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو. وێڕای داوای لێبوردن لەو بەڕێزانەی ناویان لە بیر کراوە، وەك ڕێز و یادکردنەوە لە خەباتی ئەو بەڕێزانە بە ئەرکی خۆمان دەزانین ناوی ئەوانەی لە سەرەتاوە لەکاری ڕێکخستن و شۆڕشگێری بوونەن بخەینە بەر دیدەی خوێنەر.

- ✓ ڕەسوڵ حاجی عەبدوللا، عومەری حاجی سلێمان لە گوندی لهێبان.
- ✓ غەوسە و قادر سۆفی و مەلا جەبار لە گوندی گردەسۆر.
- ✓ شێخ محەمەد مەحمود، نوری مەحمود حەنیف و هەداو لە گوندی قازیخانە.
- ✓ ئەنوەرحەمەرەش و عوسمان ناسراو بە عۆجان لە گوندی دووکەڵە.
- ✓ کاکە سمەی کوێخا ئەحمەد، قادر فاتەکە و حاجی فقێ عەولا لە گوندی دووگردکان.
- ✓ صابیرحاجی ئەمین، حەسەن مستەفا، عەزیز مەولود، حوسین حاجی تەیراو، عومەر قادر ڕێزبار و ئەحمەدی قادر ڕێزبار لە گوندی سۆربەشی خدری.
- ✓ سمکۆ مەجید ئەوبەری، ئەحمەد عومەر، ئەحمەد سمایل، سەعید پیرداوود، محەمەد ئۆمەر عەولا و شێخ محەمەد حەمەد لە گوندی قورشاغلوو.
- ✓ سەید مەجید و سەید عەزیز و سەید قادر لە گوندی گرد عازەبان.
- ✓ ئەحمەد مەحمود و مەحمود سەلمان لە دیبەگە. محەمەد سەڵتە و سابیر سەڵتە لە مخمور.
- ✓ خەلیفە محەمەدی پونگینە و مەولود خدان ناسراو بە (مەلۆ) لە گوندی قەراج.
- ✓ میرزا ڕەسوڵ ڕۆستەم، عەزە گورگە، عەلی شریف، محەمەد بازە، ئەکرەم کۆڵە، ئەحمەد سەعید عەوڵا، محەمەد خەلیل یەعقوب، ڕەحمان قادر عومەر و ..... هتد.

2) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

زۆری نەخایاند شۆڕشی عبدولکەریم لە (1958) بە سەرداهات، شەوی ئینقلابەکە (خدری پاشای) ژنی بۆ (پاشای) کوڕی دەگواستەوە و خەلکێکی زۆری بانگهێشت کردبوو، یەك لەوان (نەجیب ڕوبەیعی) موتەسەریفی ئەوکاتی هەولێر بوو. لە سۆربەش لە دەرەوەی گوندی ڕەشماڵیان لە نزیك مەکینەی ئاوی هەڵدابوو، حەفلە لەوێ بوو و منیش هەرچەندە تەمەنم کەم بوو و بەڵام لەوێ بووم. دوای بانگی بەیانی دوو سەیارەی پڕ چەکدار هاتن و (نەجیب) لە گەڵیان ڕۆیشت، خدری پاشای زۆر ناراحەت بوو و ئاهەنگەکەی تێکدا، گەڕایەوە سەر گردی لای ماڵی خۆی و خەڵك دەورەی لێدا بوو و خدری پاشای هەر (پەك و پۆکی) بوو.

(مام وسو) من و کوڕێك بە ناوی (ئەحمەد حسین خڕە ناسراو بە مهدی) نارد بۆ سەر گردی، گوتی: "بزانن خدر چ دەکات، چ دەڵێت و چ هەیە". چونکە خدر ڕادیۆی هەبوو و ڕادیۆکەش لە ناو سەیارەکەی بوو. خدری پاشای ئاهەنگی تێکدا و نزیك نیوەڕۆ بە تنها چوو کیژەکەی خۆی برد بۆ (دۆڵە بەکرەی) بۆ کوڕی (حەمەدی پاشای) برازای و کیژی ئەوانی هێنا بۆ پاشای کوڕی. پێش بانگی عەسر خدر لە خۆیدا و هاواری کرد و وتی: (بابەڕۆ، بابەڕۆ، بابی گەورەمان چوو، پاشا چوو). لە مام وسوم پرسی بابی گەورە کێیە و گوتی: (نوری سەعیدە)

ئەوجار (مام وسو) تاقم و تفەنگی لە خۆی بەست و خۆی ئاشکرا کرد کە کادیری پارتیە و لە ناو گوند بە تفەنگەوە هاتووچووی کرد. هەندێ لە خەڵکی گوندەکە کووبونەوە و مام (خدری پاشا) یان لە گوند دەرکرد و ماڵی خدری چوو بۆ (کەرکوك). (مام وسو) پێی باش نەبوو و تەداخولی نەکرد، گوتی: "ڕۆژێك دەبێت ئەو خەڵکە بۆ خۆیان دەچن و خدری پاشای دێننەوە بۆ گوندی"، هەرواش بوو پاش ماوەیەك خەڵك خۆیان چوون و مام خدریان هێنایەوە.[1]

بە گشتی (مام وسو) دژی هیچ کەسێك نەبووە و تنها لایەنگری مافی گەلی کورد و مافی کەسانی چەوساوە بووە، تەنانەت هەمیشە ڕێزی بۆ ئەو کەسانە هەبووە کە دژی خۆی بوونە و بۆیە ڕێزی لێ گیراوە. ڕاستە هەمیشە هەوراز و نشیو لە پەیوەندیەکان نێوان (مام وسو و بابی) لە گەڵ (خدری پاشا) هەبووە و بەڵام دژی بێرێزی بوونە، هیچ کات بێرێزی نەنواندووە و بۆیە دەگوترا (خدری پاشا) خۆشی ویستووە و دەری نەبریوە. تا ئێستاش بنەماڵەی (خدری پاشا) دۆست و ئازیزن لە گەڵ بنەماڵەی (مام وسو).

(سەید کاکە ئیسماعیل) لەم بارەوە دەڵێت: "(مام وسو) خەڵکی (سۆربەشی) بوو و (خدری پاشا) لە حکومەت زۆر لە پێش بوو، ئەوکات نائب و شتی وابوو و حکومەت زۆر ڕێزی دەگرت. لە دڵدا (مام وسوی) زۆر خۆش دەویست و لە ڕووکار دژی (مام وسو) قسەی دەکرد، بەڵام ڕاستی (مام وسوی) خۆش دەویست، دەیویست ئازا بێت و بیپارێزێت، وتەیەکی هەبوو و دەیگووت: (دەرەقەتی هەموو حکومەتان هاتووم، دەرەقەتی حکومەتی وسوی نایەم)".[2]

---

1) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

2) سەید مەحمود سەید ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

**هاتنی عەبدولکەریم قاسم و ئاماژە باشەکان**

هاتنی ڕژێمی تازە و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، بۆ عێراق و بۆ کورد وەك موژدە بوو، خەلك بە گشتی چاوەڕوانی گۆڕانکاری تازە لە بەرژەوەندی گشتی بوون، زۆر بڕیار لە بارەی شێوازی بەڕێوەبردن درا و ئەفسەری کورد لە لوتکەی سەرکردایەتی شۆڕش بوون، لە هەمووی گرینگتر بڕیاری گەڕاندنەوەی (بارزانی نەمر) و یاوەرانی بوو لە لایەن ڕژێمی کۆماری. "دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی دەست کرا بە هەندێ گۆڕانکاری کە بە شێوەی گشتی لە بەرژەوەندی پێکهاتەکان بە گشتی و کوردیش بوو، لە ناو ئەو بابەتانەدا یەکەم هەنگاو کە جێی دڵخۆشی گەلی کورد بوو، بڕیاری لێخۆش بوون لە بارزانی و هاورێیانی و گەڕانەوەیان بوو لە تاراوگە."[1]

هەندێ گۆڕانکاری لە بواری سیاسی و یاسایی بوون و ڕێگەی بۆ کردنەوەی فەرمی حزبەکان و چالاکیەکانیان دەدا. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پارتی دیموکراتی کوردستان توانی چالاکی ئازادانە دەست پێ بکات. "کاتێك یاسای کۆمەڵەکانی ژمارە (1) لە (2)ی کانونی دووەمی ساڵی (1960) ڕاگەیێنرا، لە شوباتی هەمان ساڵدا پارتی دیموکراتی کوردستان مۆڵەتی فەرمی وەرگرت." [2]

هەندێ گوڕانکاری لە یاساکانی کشتوکاڵی کرا و بە شێوەی گشتی بەدەر لە هەبوونی کەموکورتی لە یاساکاندا، بەڵام بە گشتی یاساکان لە سوودی جوتیار و لە زیانی سیستەمی دەرەبەگی بوون، زیاتر لەوەش تەریب بوون بە دروشم و تێکوشانەکانی هەموو لایەنە سیاسیەکانی وەك (پارتی و شیوعی)، بۆیە بە گشتی شێوازێك لە دڵ خۆشی و ئاشتەوایی لە ناو وڵاتدا دەهاتە ئاراوە. بە شێوەیەکی گشتی لایەنە نەتەوەییەکان بە کورد و عەرەب و پێکهاتەکانیشەوە، لە سەرەتادا بە تەواوی گەشبین و دڵ خۆش بوون لە هەمبەر ڕژێمی تازە و بەڵام بە داخەوە زۆری نەخایاند کە ڕوداوخەکان بەرەو پێچەوانەی چاوەڕوانیەکان ڕۆیشتن.

**خۆدزینەوەی ڕژێم لە دیموکراتی و مافە شارستانیەکان**

زۆری نەخایاند ڕژێم دەستی بە پاشەکشە لە دیموکراسی کرد و کەسانی خەراپیش گوشاریان بۆ کورد زیاد دەکرد، بۆیە لە بەرانبەردا پەرچەکردار لە لایەن پارتی و خەڵکی شۆڕشگێر هاتەکایە و زۆر بوون ئەوانەی دووچاری کێشە دەهاتن. ماوەیەك دوای شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم و دوای ساڵی (1960) گوشارەکان بۆ سەر جوتیاران زیاد دەبێت، ئەوکات بەشی زۆری دانیشتوانی کوردستان جوتیار بوون. نیگەڕانی و سکاڵای جوتیاران زیادی دەکرد و ئەم هەڵسوکەوتانە جێگەی بێزاری کەسانی نیشتیمان پەروەر بوون.

---

1) د. شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، هەولێر لە نێوان ساڵانی 1963-1970، لێکۆلینەوەیەکی مێژوییە لە بارودۆخی سیاسی، هەولێر- 2016، لا 17.

2) د. شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لا 24.

د. شوان محەمەد ئەمین لەم بارەوە دەڵێت: "یاسای باجی ژمارە 15ی ساڵی 1961 ی دەرکرد، تیایدا چەوسانەوەی جوتیارانی بە شێوەیەکی نادادوەرانە مسۆگەر کرد، بە گوێرەی یاساکە دەبوایە جوتیار باجی زەوی بدات نەك دەرەبەگ، ئەو باجەش جوتیارانی وروژاند."[1] عەبدولکەریم بەرەبەرە لە سەرەتاکانی دیموکراسی و مافی چەوساوەکان دوور دەکەوتەوە و بەرەو تاکرەوی دەڕۆیشت. هەروەها پارتی و حزبی شیوعی کاریگەری و گوشاری زۆریان لە سەر (قاسم) هەبووە، تا نەهێڵن تاکڕەوی ئەو برەوی هەبێت.

(سەید کاکە ئیسماعیل) دەڵێت: "سەرکردەکانی پارتی هەندێکیان کوڕە ئاغا بوون، وەك مام جلال و عەلی عەسکەری. ئاغاکان بە هۆی ناسیاوی و خزمایەتی سەردانی مام جەلالیان دەکرد و دژی چاکسازی کشتوکاڵی بوون. بە کورتی هەموو لایەك عەبدولکەریم قاسمیان ناچار کرد کە واز لە دیموکراتی بێنێ و بەرەو دیکتاتۆری تاکە کەسی بڕوات. هەروەها عەبدولکەریم قاسم ڕاپەرینی ئاغاکانی لە پارتی دەزانی، ئەوە بوو عەبدولکەریم قاسمیان بە تەنیا لە حوکم بەجێهێشت."[2]

دانانی هەندێك کەسی خراپ بە بەرپرسی دیار لە لایەن عەبدولکەریم هۆکارێکی دیکە بووە بۆ برەودان بە ناکۆکیەکان و داخستنی ویستە باشەکان. (د. شوان محەمەد ئەمین) نوسیویەتی: "بەدرەدین عەلی موتەسەریفی هەولێر بە دژایەتی خەڵکی هەولێر و نەتەوەی کورد ناسرا بوو، دەستی بە چەکدار کردنی سەرۆك هۆزەکانی دراوسێی دەڤەری بارزان و سنووری لیوای هەولێر کرد بوو، وەکو هۆزەکانی (برادۆستی و سورچی و هەرکی) و (زێباری و ڕێکانی) کە ئەو دوو هۆزەی دوایی لە سنووری لیوای موسڵ بوون."[3]

پێش دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول بە هۆکاری بەربەرەکانی دەسەڵات و لایەنگری بۆ چینی جوتیار (مام وسو) دەکەوێتە ژێر گوشار و فەرمانی دەستگیر کردنی لە لایەن ڕژێم بۆ دەردەچێت. بۆیە بە ناچاری ئەو و هەندێ کەسی دیکە پەنا دەبەنە بەر دەشتی هەولێر و زوورگەکانی، بە ڕۆژ خۆیان حەشار دەدەن و بە شەویش دێنەوە ناو گوند. هەڵبەت بە تنها (مام وسو) نەبووە کە فەرمانی گرتنی هەبووبێت و لە هەندێك گوندی دیکەش کەسانی دیکەی وەك (سەید عەزەدین) فەرمانی دەستگیر کردنیان هەبووە.

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: لە ساڵی (1960) فەرمانی دەستگیر کردنی (مام وسو) و چەند کەسی دیکە دەرچوو و بۆیە بە ڕۆژ خۆیان دەشاردەوە بە تایبەتی دەچوونە کەندەکی پێیان دەگووت (کەندی قاوەخانە)، ئەوان شەش حەفت کەس بوون و بە ناوی ئیش پێکەوە دەگەڕان و لە ڕاستی ئیشی حزبیان دەکرد. یەکی وەك (مام وسوی) ڕەحمەتی سبەینان زوو پۆلیس دەهاتە

1) د. شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لا 29.

2) سەید کاکە ئیسماعیل، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، لا 23.

3) د. شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لا 28.

سەرماڵەکەی، پۆلیس دەهات دەگەڕان و دەسوڕان نەیان دەدیتەوە، چونکە ئەو شوێنەی لێ دادەنیشتن هەموویان بزر دەکرد تا نەیدۆزنەوە."[1]

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "زۆربەی کاتەکان (مام وسو، مەلا ماتۆر، حاجی عومەر ریزبار، عەلی شریف) دەگەڕان و لە ماڵ نەدەمان، ئەوانە پێش شۆڕشی ئەیلول لە ڕژێم یاخی بوون و بە (ئەشقیا)[2] ناودەبران."[3]

## دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول لە هەولێر

ڕژێمی تازەی عێراق لە زۆر بابەت بە تەواوەتی پاشەکشەی دەکرد، بەم شێوەیە تا دەهات دۆخی (سیاسی، کۆمەڵایەتی و سەربازی) عێراق و کوردستان ئاڵوزتر دەبوو، ئەمەش ڕاستەوخۆ گوشاری بۆ سەر گەلی کوردی چەوساوە زیاد دەکرد. "لە سەرەتای ساڵی 1960 بە دواوە قاسم و حکومەتەکەی دەستیان کرد بە پاشگەز بوونەوە لە مافەکانی کورد و وەرگرتنی ڕێ و شوێن دژی میللەتی کورد، بەڵام کارڕاییەکان شێوەیەکی کتوپڕی وەرنەگرت، بەڵکو بە پیلانێکی داڕێژراو هەنگاو دوای هەنگاو جێبەجێ دەکران."[4]

تەنانەت دۆخەکە بەم شێوازە و لەو ئاستە ناوەستێت و ڕژێم لە جیاتی مافەکانی گەلی کورد دەستەبەر بکات، دەست دەکات بە دۆزینەوەی جێگرەوە بۆ ئەو کارە. یەك لە هەنگاوەکانی دیکەی ئەرك سپاردن و چەکدار کردنی هۆزە کوردیەکان بوو بۆ بەرژەوەندی خۆی و دەسەڵاتەکەی لە هەمان کاتدا بۆ دوور خستنەوەیان لە بزوتنەوەی نیشتیمانی کورد. واتە لە جیاتی لێ بگەرێت کورد خۆی بڕیار بۆ خۆی بدات هەوڵی بڕیاردانی لە جیاتی کورد دەستی پێ کرد.

(د. شوان محەمەد ئەمین) دەڵێت: "قاسم (کەمال عوسمان ئاغا)ی کردە ڕاوێژکاری تایبەتی خۆی لە وەزارەتی بەرگری و لە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی دانا و لە تەلاری وەزارەت، وەك کارمەند کاری پێ سپێردرا، مەبەست لە دامەزراندنی ئەو ڕاوێژکارە پەیوەندی کردن و هاوسۆزی نواندنی سەرۆك هۆزەکانی لیوای هەولێر بوو، ئەو کەسێکی ناسراوی شارەکە بوو، پەیوەندی لە گەڵ سەرۆك هۆزەکانی دیکەی سنووری لیواکە هەبوو، لە مانگی نیسانی 1961 دا ناوبراو سەردانی ناوچەکانی دەشتی هەولێر و شاروچکەی شەقڵاوە و ڕەواندز و ئاکرێی کرد و

---

1) سلێمان ئەمین ئەحمەد ناسراو بە (سلو گورگە)، چاوپێکەوتن، هەولێر، 1999/01/30.

2) ئەم زاراوەیە بۆ هەموو ئەو کەسانە بەکاردەهات کە لە حکومەتی ئەوکات یاخی دەبوون، بۆیە هەر لە سەردەمی پاشایەتیەوە ئەو دەستەواژەیە بۆ خەلك ئاشنا بوو. (نوسەر)

3) ئەحمەد قادر ڕێزبار، چاوپێکەوتن، هەولێر، 2019/04/03.

4) د. شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لا 26.

پەیوەندی لە گەڵ چەند سەرۆك هۆزێك بەست و ئامادە باشی قاسمی بە بەخشینی پارە و چەك و یارمەتی بۆ خستەڕوو."[1]

دوای ئەو گۆرانکاریانەی لە عێراق ڕوویدا، هەروەها ئەو ناکوکیانەی لە نێوان کورد و (عەبدولکەریم قاسم) لە سەر مافی کورد دەرکەوت، مستەفا بارزانی و ئۆرگانەکانی پارتی بە گشتی بە ڕێگەی جیاوازی شارستانی کەوتنە ئاگادار کردنەوە حکومەتی تازە، لە هەولێر لە (6 ئەیلولی 1961) مانگرتن ڕاگەیێنرا و زۆربەی بازاری شاری هەولێر داخرا.

لە (1961/09/11) شۆرشی مەزنی ئەیلوول بە چەندین گردبوونەوە و چالاکی لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان ڕاگەیاندرا. ڕێکخستنی پارتی لە ناو شاری هەولێر توانای خۆپیشاندانی نەبووە و بۆیە تنها بازار و شوێنەکانی دیکەیان داخستووە، هەروەها بە داخستنی ریگای (هەولێر - کەرکوك) لە نزیك شاروچکەی (پردێ)، جاڕدانی شۆڕش دەستی پێ کردووە، هاوکات ئەو بابەتە وەك گەیاندنی پەیامێك بووە لە هەبوونی ڕێکخستنی پارتی لە سنورە.

سەرپەرشتی کردنی ئەرکی داخستنی ڕێگەی پردێ لە ئەستۆی (مام وسو) دابووە و لەم ئەرکە (سەید عەزەدین) هاوکاری بووە، زۆرینەی ئەندامانی سەر بە ڕێکخستنەکانی پارتی لە دەشتی هەولێر لەو ئەرکە بەشدار بوون، داخستنی ڕێگەکە تا ئێوارە بەردەوام بووە و لە سەر ئەم چالاکیە لە ناو جەماوەر بە (ئەشقیا) ناسران.

(د. ئەحمەد شەڕیف) دەڵێت: "من چوون (مام وسو)م ناسی، من ئەوکات ئەندامی ناوچەی هەولێر بووم و هێشتا نەببووم بە لێپرسراوی ناوچە، پارتی پێی باش بوو خۆپێشاندان بکات. بەڵام لە هەولێر ئەو توانایەی نەبوو کە خۆپێشاندان بکەین و بۆیە دووکان و بازار داخرا. دواتر حزب بڕیاریدا لە (11)ی ئەیلول کە بە چخماخەی شۆڕش دەژمێردرێت و ڕۆژی یەکەمیەتی، ڕێگەی (هەولێر - کەرکوك) دابخات و هەروەها ڕێگەی (سلێمانی - کەرکوك) لە بازیان دابخات.[2]

هەروەها (سەید کاکە) دەلێت: "لیژنەی ناوچەی هەولێر بڕیاریاندا هەندێ لە ئەندامانی پارتی چەكدار بکەن بۆ گرتنی ڕێگاکان کۆبکەنەوە و لە کاتژمێر (8)ی بەیانی تاکو (4)ی ئێوارە هەموو ڕێگا سەرەکیەکانیان گرت."[3]

(محەمەد مەلا قادر) دەڵێت: "لە (1961/9/6) پارتی بڕیاریدا مانگرتنی گشتی لە سەرتاسەری کوردستان ڕابگەیێنێت و هەموو ڕێگا گشتیەکان بگیرێت. ئەو رێکخراوەی ئێمەش لە هەمان ڕۆژدا هێزێکی (150) کەسیمان کۆکردەوە و لیژنەیەکمان دانا بۆ سەرپەرشتی کردنی هێزەکە. ئەم هەڤالانەش بوون بە فەرماندەی هێزەکە: (مام وسو دزەیی، سەید عەزەدین

---

1) د. شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لا 27.

2) د. ئەحمەد شەریف، زاگرۆس تی ڤی، چاوپێکەوتن، بەرنامەی تایبەت بە بیست و پێنجەمین ساڵیادی کۆچی دوایی (مام وسو دزەیی)، 2014/2/21.

3) سەید کاکە ئیسماعیل، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، لا 16.

گردعازەبانی و کاکە سمە واتە سمایلی کوێخا ئەحمەد). ئەو ڕۆژە لە کاتژمێر (8)ی بەیانیەوە لە گوندی شێراوە لە نزیکی پردێ (ئالتون کۆپری) ڕێگا گیرا و هاتوچوو قەدەغە کرا."[1]

سەید کاکە ئیسماعیل دەڵێت: "ڕۆژێك منیان ئاگادار کرد، ئەمن لە گەڵ بزوتنەوەی جوتیاری بووم بە سەرکردایەتی حزبی شیوعی، پێنج شەش ساڵ پێشتر بۆ ماوەی ساڵێك لە گەڵ ئەو بزوتنەوەیە چەکدار بووم. گوتیان دەبێت ئەتوش لە گەڵمان بێی ڕێی (پردێ) بگرین، چونکە (عەبدولکەریم قاسم) لە ماددەی (3) پەشێمان بۆتەوە کە دەڵێت: (کورد و عەرەب شەریکن)، گۆتیان با بچین خۆپێشاندان بکەین تا بێتەوە سەرخۆ و پەشێمان ببێتەوە. جوتیارانی ناوچەی ئێمە عەبدولکەریمیان خۆش دەویست و نەیان دەویست دژی بن، بە ناوی ماددەی (3) ئەمە ڕۆیشتین و دەنا نەدەچووین. چوین بۆ گردی شێراوەی و کادیرەکان لە ئەوێ بوون، (مام وسو) فەرمانی دەستگیر کردنی هەبوو لە لای حکومەت و (سەید عەزەدین)یش فەرمانی دەستگیر کردنی هەبوو، ئەوانە خەڵکیان کۆ کردبۆوە. ئەوان ئەشقیا بوون و ئەمە ئەشقیا نەبووین، خۆمان لە ئەوان دوور دەگرت و لە نزیك ئەوان نەوەستاین تا خەڵك نەمان بینێت."[2]

هەروەها (سەید مەحمود ئیسماعیل) دەڵێت: "کاتی ڕاگەیاندنی شۆڕش (مام وسو) یەك لەوانە بوو کە بە سەرکردایەتی ئەو، هەموو ئەو کادر و کەسانەی چەکیان هەبوو لە ئەندامانی سەر بە پارتی چوون و بە گرتنی ڕێگەی پردێ جاڕی شۆڕشیان کرد. تبعەن بە سەرکردایەتی (مام وسو) ڕێگەی پردێ گیرا و (سەید کاکە) یەك لەوانە بوو."[3]

(د. ئەحەمەد شریف) دەڵێت: "لە دەربەندی بازیان خەڵك کۆبۆوە بە چەکەوە و ئێمە لێرە لە ناوچەی (شێراوە) هێزێکمان کۆکردەوە کە تقریبا (50 بۆ 60) کەس دەبوون، من نەچووم من تێدا نەبووم، چونکە ئەو وەختە لە ناو شار بووم. بەڵام ئەو برادەرانەی چوو بوون ئەو وەختە و زۆر ناویان دێت بە دەرەجەی یەکەم (مام وسو) بوو و (سەید کاکە، مام غەفوور، سەید مەجید، سەید عەزیز، ئەحمەد مەحمود و سمکۆ مەجید ئەوبەری) بوون. یەعنی بە ڕاستی ئەو مجموعەیە ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو کە چوون ئەو ڕێگەیان داخست و ئەو ڕۆژە هاتووچوو تا ئێوارە لە بەینی (هەولێر - کەرکوك) بڕا.[4]

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "(مام وسو) و هەندەك کەس ئەوانەی تفەنگیان هەبوو چوون و ڕێی پردێیان داخست. پۆلیس لە ناوچەکە زۆر بوو و هەموویان چوون، بەڵام پۆلیس هەمووی کورد بوو و خۆیان نەدەدایە شەڕێ، دەیان گووت با بزانیین وەزعەکە چی لێ بە سەر دێت. بەڵام کە

1) محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، لا (193).
2) سەید کاکە سەید ئیسماعیل، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، 2019/03/30.
3) سەید مەحمود سەید ئیسماعیل، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، 2019/05/14.
4) د. ئەحمەد شەریف، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

زانیبوویان بلاوەی ناکەن، هێزی گەڕۆگ (قوە سەیار) هەبوون لە (هەولێر و کەرکووك) بۆیان هاتن، دوو تەیارەش هاتن و بەڵام تەقەیان نەکرد."[1]

(سەید کاکە) بەشدار بووی ئەو ڕۆژە دەڵێت: "پاش نیوەڕۆیە دوو تەیارە هاتن و ئەوان لێیان نەدان، دواتر (هێزی گەڕۆگ) هات. ئەو هێزە عەبدولکەریم دروستی کردبوو و چەکی ڕۆسی یان پێ بوو، ئەمە گوێمان لە تەقەی چەکی ڕۆسی نەببوو وەك ئاگری بە سەرماندا دەباری. شەش لۆری هێزی گەڕۆگ هاتن و گوتم کاکە با هەڵ بێین، گوتیان کاکە ئەمە بۆ خۆپیشاندان هاتووین، گوتم دەبا گاسیان بکەین. لە گەڵ ئەو باسانە پۆلیس گەیشتە لامان و گوتیان چەکتان دابنێن، گوتمان بابە ئەمە بۆ خۆپێشاندان هاتووین و بۆ شەڕ نەهاتوینە، بۆیە کەوتنە تەقە لێمان و خوا ڕەحمی کرد بۆوە ئێوارە."[2]

(محەمەد مەلا قادر) دەڵێت: "حکوومەت هەستی بەمە کرد و هێزی ڕەوانە کرد، بەتالیۆنێك سەرباز لە کەرکوکەوە لە گەڵ زرێپۆش جوڵەی پێ کرد، لە هەولێریش لقێکی هێزی پۆلیسی جولاوەی بەرێخست. کاتژمێر ($10$)ی سەرلەبەیانی شەڕ دەستی پێکرد، تا ڕۆژئاوا بوون، هێزەکەی دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت و هەڤالای ئێمەش چوار شهید و چەند بریندارێکمان هەبوو."[3]

هەروەها (سەید کاکە ئیسماعیل) دەڵێت: (مام وسو) تفەنگی پێ بوو و (سەید عەزەدین) تفەنگی پێ بوو و ئەمن تفەنگم پێ بوو، ($5$ - $6$) کەس تفەنگمان پێ بوو. هەندێك تەقە و بەرگریمان کرد تا مەغریب بە سەردا هات و توانیمان خەڵکی بەشدار لە خۆپێشاندانەکە ڕزگار بکەین، خەلکەکە توانی بڕوات. ئەو پێنج شەش کەسە تەقەمان کرد و لە بن بردان خۆمان شارد بۆوە تا هەموو ڕزگاریان بوو و ڕۆیشتن."[4]

داخستنی ڕێگەی (کەرکوك - هەولێر) لە ناوچەی (پردێ) بۆ ئەوکات چالاکی و لەخۆ بوردەیی زۆر مەزن بووە، کۆمەلێك لە پیاوانی ئازا و جەربەزەی ڕێکخستەکانی پارتی تیایدا بەشدار بوون کە بە گشتی لە کەسانی کورد پەروەری ناوچەی دەشتی هەولێر بوون، هەوڵی زۆرمان بۆ دۆزینەوەی ناوی بەشدار بووان هەبوو و ئەوەی توانیومانە ناوەکانمان دوزیوەتەوە، لە خوارەوە ناویان دێت:

- سەید کاکە سەید ئیسماعیل، مام غەفور ناسراو بە مامە غەفە، سابیر کاکەشین لە گوندی جاستان، (ڕەسول حاجی عەبدوللا و عومەری حاجی سلێمان) لە گوندی لهێبان، (غەوسە، قادر سۆفی و مەلا جەبار) لە گوندی گردە سۆر، (شێخ محەمەد مەحمود، نوری مەحمود حەنیف و هەداو) لە گوندی قازیخانە.

---

1) سلێمان ئەمین (سلو گورگە)، سەرچاوەی پێشوو.

2) سەید کاکە سەید ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

3) محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، لا ($193$).

4) سەید کاکە سەید ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

- (ئەنوەرحەمە رەش و عوسمان ناسراو بە عۆجان) لە گوندی دووکەڵە، (کاکە سمەی کوێخا ئەحمەد، قادر فاتەکە و حاجی فقێ عەولا) لە گوندی دووگردکان.

- (صابیرحاجی ئەمین، حەسەن مستەفا، عەزیز مەولود، حوسین حاجی تەیراو، عومەر قادر ڕێزبار و ئەحمەدی قادر ڕێزبار) لە گوندی سۆربەشی خدری.

- (سمکۆ مەجید ئەوبەری[1]، ئەحمەد عومەر، ئەحمەد سمایل، خدر میکائیل، سەعید پیرداوود، محەمەد ئۆمەر عەولا و شێخ محەمەد حەمەد) لە گوندی قورشاغلوو، (سەید مەجید، سەید عەزیز و سەید قادر) لە گوندی گرد عازەبان.

- (ئەحمەد مەحمود، مەحمود سەلمان) لە دیبەگە، (محەمەد سەڵتە و سابیر سەڵتە) لە مەخمور، (خەلیفە محەمەدی پونگینە و مەولود خدان ناسراو بە مەلۆی خدان) لە گوندی قەراج.

- (میرزا ڕەسول ڕۆستەم، عەزە گورگە، عەلی شەریف، محەمەد بازە، ئەکرەم کۆڵە، ئەحمەد سەعید عەولا ، محەمەد خەلیل یەعقوب و ڕەحمان قادر عومەر و ..... هتد).[2]

---

1) (ئیسماعیل عەبدولەجید محەمەد) ناسراو بە (سمکۆ پیرە) لە تیرەی (لەك) لە ساڵی (1927) لە گوندی (دەرماناوە) لە ناوچەی (قەشقە) لە دەشتی هەولێر لە دایك بووە، بە کاری جوتیاری و ئاژەڵداری سەرقاڵ بووە. لە (1946) هاتووتە گوندی (قورشاغلوو) و لە (1958) پەیوەندی بە پارتی کردووە، لە (1961) بۆتە پێشمەرگە. لە شەڕی (قەرەچوغ) بەشدار بووە و سێ جار لە پێشمەرگایەتی بریندار بووە. هەمیشە ماڵەکەی شوێن حەشارگە بووە بۆ ئەندام و پێشمەرگەکانی پارتی. لە زۆرینەی شەڕەکانی دەشتی هەولێر لە گەڵ (مام وسو) بووە و لە دوای دووبەرەکی شۆڕش، لە گەڵ (مام وسو) لە بارەگای (قەشقە) ماوەتەوە تا ئەوکاتەی بە فەرمانی (بارزانی) گواستراونەتەوە بۆ (ڕانیە) و دواتر بۆ پشدەر. لە دوای گواستنەوەیان بۆ پشدەر لە شەڕەکانی (ئاسۆس، کێوەڕەش، شیشار، ماکۆك، پشدەر و زۆزگ و ... هتد) هەمیشە لە گەڵ (مام وسو) بووە. فەرماندەیەکی ئازا بووە و لە بەتالیۆنی (پاسەوانی سنوور) سەرپەل و لە بەتالیۆنی (4)ی مەرگە سەرلق بووە. لە (1975) بۆ ماوەی دوو ساڵ ئاوارەی ئێران بووە و لە (2004) کۆچی دوایی کردووە. لە دەست نوسێکی (پشدەر سمکۆ پیرە) وەرگیراوە. (نوسەر)

2) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نوسەکان، هەولێر، 2001.

عەزیز مەولود حاجی، دەست نوسێك بە ناوی (ڕاپۆرتێك لەسەر مێژووی ژیانم)، سەنگەسەر. نوسیویەتی: "لە (1961/11/09) بەشداری داخستنی ڕێگەی پردێمان کرد بە سەرپەرەشتی (مام وسو دزەیی)."

## باسی دووەم

### خۆ حەشاردان و دەستپێکی چالاکی

پێشتر (مام وسو) فەرمانی دەستگیرکردنی هەبوو، بە هۆی سەرپەرەشتی داخستنی ڕێگەی پردێ لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی شۆڕش جارێکی دیکە و دوای چەند ڕۆژێك فەرمانی دەستگیر کردنی لە لایەن دەسەلأتی ئەوکاتی عێراق دەدرێت. چەند کەسێکی دیکە فەرمانی دەستگیر کردنیان دەدرێت و چونکە خۆین حەشار نەداوە، دەستگیر دەکرێن.

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "ئەو ڕۆژە هەموویان پرتەیان لێ کرد و بڵاو بوون، دوایە هەندەك هاتنەوە و گیران، وەکو (ڕەسولی حاجی ئۆمەری، سابیر حاجی ئەمین و دەروێشی ئەحمەدی و ... ئەوانی دیکە) ئەوانە هەموو لە موسڵی گیران و بەربوونیان نەبوو تا دوایە لێ خۆش بوون هات و بەریاندان. بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "شۆڕش دەستی پێ کرد و جەماعەت بوون، لە قورشاغلوو و سۆربەشی دادەنیشتن و کەس هەستی پێ نەدەکردن، بە ڕۆژ دەچوینە (زۆرگەزراوی) و دەچوینە دەشتێ، ئێواران دەهاتینەوە."[1]

(مام وسو) لە گەڵ دەستەیەك لە خزم و نزیکەکانی کە هی گوندەکانی (سۆربەش و قورشاغلوو) بوونە خۆیان حەشار دەدەن و بەم شێوەیە خۆیان بە پێشمەرگە دەناسێنن،ئەوان بە ڕۆژ لە (ئەشکەوت، زوورگ و شوێنە نادیارەکان) بوونە و بە شەویش جارجار گەڕاونەتەوە ناو ماڵەکانیان لە ناو گوندەکان، ئەوان لە گەڵ ڕێکخستنەکان و بە تایبەت لە گەڵ خوالێ خۆشبوو (سالح شێرە) بەردەوام لە پەیوەندی بوون.[2]

(سید مەحمود) دەڵێت: "سەرەتا ئەوان بارەگایان نەبوو و تنها شاراوە و لە اختفاء بوون، وانەبوو کە بە گروپ بن. چالاکی پێشمەرگایەتی کەم بوو، چونکە شۆڕشی عەبدولکەریم شۆڕشی چینایەتی و جوتیاری بوو، خەڵك نەیدەویست ببێتە پێشمەرگە و دژی عەبدولکەریمی بێت."[3]

(مستەفا سەعید کەریم) دەڵێت: "(مام وسو) بەینی لە گەڵ خدری پاشای خەراپ بوو و (حەمەی سابیری) سەرۆك جاش بوو و لە (قوشتەپە)ی بوو، (مام وسو) بە تنها ببووە (ئەشقیا) لەو (زۆرگەزراوەی). (حەمەی سابیری) هەموو ڕۆژێ ئێوارە و سەبینان دەهاتە سەر ماڵی (مام

---

1) سلێمان ئەمین (سلو گورگە)، سەرچاوەی پێشوو.

2) زۆر جار لە سەرەتای شۆڕش (مام وسو دزەیی، ئەحمەد مەحمود، عەلی سۆر، مەحمود سەلمان و سالح شێرە) شەوانە لە ماڵی (سمکۆ مەجید ئەوبەری) خۆیان حەشار داوە و بە ڕۆژ ڕۆیشتوونەتە زورگەزراو، تەنانەت (خورشید شێرە) بە بریندارى ماوەیەکی باش لە ماڵی ناوبراو خۆی حەشار داوە. لە دەست نوسێکی (پشدەر سمکۆ پیرە) وەرگیراوە. (نوسەر)

3) سەید مەحمود سەید ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

وسو) له گوندی (سۆربەشی) و به خێزانی (مام وسوی) دەگووت: (کوا مام وسو؟) ئەویش دەیگووت: (ئەوە لەو زورگەیە و بڕو بیگرە.) هەموو جارێ دەیگووت: (دەبێ کەراسەکەم بە خوێنی مام وسوی بشووم)."[1]

## دانانی یەکەم بارەگا لە ئەشکەوتی تلك تکە

ئەوکات هەموو ڕێکخستنەکان زۆر پابەند بوون بە دیسپلینەکانی پارتی و هیچ کات بەبێ دەزگاکانی حزب بڕیاریان نەداوە، بۆیە بەردەوام (ڕێکخراوی دەشتی هەولێر) و لیژنەی ناوچەی جوتیارانی دەشتی هەولێر ئاگادار بوون لە هەموو جموجۆڵ و ئەرکەکانی (مام وسو) و ئەوانەی لە گەڵیدا بوون.

(محەمەد مەلا قادر) دەڵێت: "ئەوکات ڕێکخستنی حزبی شیوعی عێراقی زۆر بەهێز بوو بە تایبەتی بەهۆی ئەو گەشەسەندنەوەی لە دوای تەمموز بە دەستیان هێنابوو. بەڵام پارتی ڕێکخستنی خۆی هەبوو و مانگانە لەماڵی من لە گوندی دووگردکان کۆدەبوینەوە و هەموو بابەتە حزبیەکانان باس دەکردن، ئابوونەی حزبیمان تاوتوێ دەکرد."[2]

(مام وسو و هاورێکانی) نزیکەی دوو مانگ بەردەوام دەبن لە خۆحەشاردان و بەڵام ئەمە کارێکی سەخت بووە، بۆیە ڕوو لە ئەشکەوتی (تلك تکە) لە گەڵ ئەشکەوتان لە زنجیرە شاخی (قەرەچووغ) دەکەن. ئەو تفەنگێکی لە جۆری (برنەوی تەیارە شکین) و دەمانچەیەکی (لامە)ی پێ بووە و هەریەکە لە: (عومەر قادر ڕێزبار، عەلی شەریف و عەزە گورگە) لە یەکەمین ئەو کەسانەن دەبنە هاورێی. کادیرانی دیکەی سنوورەکەش ئاگاداری ئەو دۆخە بوونە و بۆیە ڕۆژانی دواتر (ساڵح شێرە) دەگاتە لایان.

(مەلا عوسمان) لەو بارەوە دەڵێت: "مام وسو و کادیرەکانی پارتی دەستیان پێ کرد لە دەشتی هەولێر و (ساڵح شێرە)ش یەك لەوان بوو و (عەزە گورگە، خەلیفە مەحمودی دووبزی، محەمەد سەڵتە و سابیر سەڵتە) ئەوانە لە گەڵی بوون و بوونە مەفرەزەیەك."[3]

(خورشید شێرە) دەڵێت: "(مام وسو و ئەوان) لە ناو خەڵك وەك کادیر خۆشەویست بوون و خەڵك زۆر ڕێزی دەگرتن، هەمیشە شوێنی حەوانەوەیان هەبوو و لە چارەسەری کێشەکانیش هەمیشە کاریگەر بوون. ئەوان لە بارودۆخێکی زۆر مەترسیداردا کادر و پێشمەرگە بوون و بەردەوام لە خۆشاردنەوەدا بوون، سەردەمی جاشەکان بوو و حەمەی سابیری زۆر خەراپ بوو.

1) مستەفا سەعید کەریم، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، 10/07/ 2019.

2) محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، لا (193).

3) عوسمان سەعید، سەرچاوەی پێشوو.

بەردەوام لە دوایان دەگڕان و ئەوانیش بە شەو دەجوڵان، بەردەوام لە (زورگەزراو و قەرەچوغ) خۆیان دەشاردەوە."[1]

(ئەرسەلان مام وسو) دەڵێت: "پەنا بردن بۆ (تك تكە) ڕێگەی سەردان و گەڕانی لێ نەگرتن و بەڵکو بووە هۆی تەرخان کردنی کاتی زۆرتر بۆ کار و چالاکی پارتایەتی و ڕاکێشانی جووتیاران. هاوکات گەیاندنی بلاوکراوەی حزبی و ڕوشنبیر کردنی خەلکی سنورەکە زیاتر گرنگی پێدرا و ئەمەش بووە هۆکاری باش بۆ زیاد بوونی ئەندامانی کۆمەلەکەیان کە لە ناو خەلك بە کۆمەرە (کۆمەلە) ناوزەد دەکران."[2]

لە شوباتی ساڵی (1962) بارگایان دێنن بۆ (دێدەوان) و دواتر بەرەبەرە هاتنە گوندەکانی بناری قەرەچوغ و بنکەیەکی پێشمەرگایەتی ئاشکرایان لە (ئەصحابە) لە نزیك گوندی دارەخوورما بە سەرپەرشتی (مام وسو دزەیی) دامەزراند، ئەو بەرێزانەی ناویان هات زۆربەیان لە دامەزرێنەرانی ئەو بنکەیە بوون و تا دەهات ژمارەیان زیادی کرد.

لەم بارەیەوە (سەید کاکە ئیسماعیل) دەڵێت: "یەکەم مقەرمان لە دێدەوان بوو و دواتر ڕۆیشتین بۆ قەرەچوغ، ئەو کات (60 تا 70) پێشمەرگە دەبووین."[3]

## زیاد بوونی ژمارەی پێشمەرگە

یەك لە خەسڵەتەکانی شۆڕشی ئەیلول ئەوە بوو کە بارەگای پێشمەرگە هەمیشە هاوئاهەنگی بارەگای ڕێکخستنی حزب بووە و بە تایبەت لە قۆناغە سەرەتاییەکان، بۆیە لە پاڵ بنکەی پێشمەرگایەتی دارەخورما (بنکەی کادیرانی دەشتی هەولێر)یش ئاوا دەکرێت و زۆرینەی کادیرەکانی (ناوچەی جوتیاران( و بە تایبەت خواڵێ خووش بوو (ساڵح شێرە) لەو بارەگایە دەبن و ئەمەش دەبێتە هۆکاری دیکە بۆ زۆر بوونی ژمارەی پێشمەرگە.

(د. شوان محەمەد ئەمین خۆشناو) دەڵێت:"لە شاری هەولێر لە پاڵ شارەکانی دیکەی کوردستانی عێراق زیاتر هەست بە ئالۆز بوونی ڕەوشەکە دەکرا، چونکە ژمارەیەکی زۆری کادیر و بەرپرس و ئەندامانی پارتی دوای دەرچوونی فەرمانی دەستگیر کردنیان، خۆیان بە دەستەوە نەدابوو، بەڵکو هەندێکیان ڕوویان لە دەشت و دەوروبەری هەولێر و ناوچەکانی دیکەی خۆشناوەتی و بناری چیای سەفین کردبوو و ئەوانی دیکەش لە ناو شار بە نهێنی کاری ڕێکخستنی پارتایەتیان دەکرد و لە بارودۆخێکی ناهەموار دابوون."[4]

---

1) خورەشید شێرە، چاوپێکەوتن، هەولێر، (2021/11/25)

2) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نوسەکان، سەرچاوەی پێشوو.

3) سەید کاکە سەید ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

4) د. شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، هەولێر لە نێوان ساڵانی 1963-1970، لا 31.

له دوای گفتوگۆ له نێوان ڕژێم و سەرکردایەتی شۆڕش لیژنەی ناوچەی هەولێر کە چالاکیان نهێنی بوو، خۆیان ئاشکرا دەکەن، (خورشید شێرە) دەڵێت: "لیژنەی ناوچەی هەولێری پارتی هاتنەدەرەوە و بنکەیەکیان لە چیای قەرەچوەغی (مەخمور - کەندیناوە) دامەزراند، بە سەدان کەس پەیوەندیان بەو بنکەیەوە کرد.[1]

دوای ماوەیەك لە بەر زۆرتر بوونی ژمارەی پێشمەرگەکانیان، بڕیار دەدەن بەرەو لاپالی زورگەکانی دارەخورما دابەزن و لە (ئەصحابەی دارە خورما) خۆان قایم دەکەن، ئەوکات ژمارەیان نزیك (35 - 40) کەس بووە."[2]

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "گوتیان با بچین بارەگای دابنین و لە بارەگای دابنیشین. چوون بارەگای لە (دارەخورما) دانا و ماوەیەك لەوێ بوون، دوایە بردیان لە (کانی دیواری) دایان نا."[3]

ئەرسەلان مام وسو دزەیی دەڵێت: "ناوبانگی ئەم پیشمەرگانە لە ناو جەماوەر لە گوندەکانی دەشتی هەولێر زۆر فراوانتر بوو، خەلکی گوندەکان بە خۆشی و شکۆوە لە ناوخۆیاندا دەیان گووت: (کۆمەرە پەیا بوینە و مەلا مستەفا بویتە سەرۆکی کورد، بەرگری لە هەژاران دەکەن و دەرێن دەبی کورد حوکمی زاتی بدریتێ).[4]

ژمارەی پیشمەرگە تا دەهات زیاد دەبوو، کۆمەڵێك خەلکی دیکە دێن و دەبنە پێشمەرگە و لە ناویاندا (سەید کاکە ئیسماعیل) بە تفەنگەوە دێت و وەك خۆی دەڵێت: "پاش ماوەیەك و پێنج ڕۆژ پێش ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول[5] فەرمانی دەستگیر کردنی ئێمەش دەرچوو وبە ناچاری چوینە (دێدەوان)، بوینە پێشمەرگە و بە گەڵ (مام وسو و عەزەدین و ئەوان) کەوتین، لە دێدەوان دەوامما‌ن کرد و هێزەکەمان زۆر بوو و (د. خالید) خوا لێی خۆش بێت هات. (د. خالید) بۆوە سەر لق و (مام وسو) جێگری بوو."[6]

(سەید مەحمود ئیسماعیل) دەڵێت: "ئەوەی لە بیرمە ئەوانەی بەشداری ڕێگرتنی پردێ بوون هەموو چاوەرێی فەرمانی گیران بوون و بۆ نمونە (سەید کاکە)، ڕۆژێك پۆلیس دێن و کاریان بە

---

1) خورشید شێرە، خەبات و خوێن، چاپی سێهەم، هەولێر، 2015، لا 114.

2) حاجی ڕەسوڵی لهێبان، عوسمان سەعید و سیامەند ئیسماعیل، چاوپێکەوتن، هەولێر، 1999.

3) سلێمان ئەمین (سلۆ گورگە)، سەرچاوەی پێشوو.

4) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نوسەکان، سەرچاوەی پێشوو.

سەفەر کەریم هاواری، ئەوانەی لەبیرمان ناچنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی 2015، لا 149.

5) مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەشی دووەم، بەرگی سێهەم، لە لا (88) هاتووە: (کۆمیتەی ناوەندی پارتی لە شوباتی (1962) لە گوندی عەودالان بڕیاری درێژە پێدان بە شۆڕشی داوە). مەبەستی بەرێز سەید کاکە ئەو بەرواریە و لە سەرەتای 1962 بۆتە پێشمەرگە.

6) سەید کاکە سەید ئیسماعیل، چاوپێکەوتنی تایبەتی، هەولێر، 2019/03/30.

ماڵی موختاری هەبوو، سەید کاکە وایزانی بۆ ئەو هاتوون و بۆیە پۆلیسی دەرکرد، بۆ خۆشی بە ناچاری ڕۆیشت بوو بە پێشمەرگە."[1]

بوونی ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەیە دەبێتە هۆکاری هاتنی پۆلێکی دیکەی تێکۆشەران بۆ ناو ڕێزی پێشمەرگایەتی لە (قەرەچوغ)، بەم جۆرە ژمارەی پێشمەرگەکان لە سەرووی (60) پێشمەرگە جێگیر دەبێت و بەلام چەك كەم بوو.

(د. ئەحمەد شەریف) دەڵێت: "لە یازدەی ئەیلول کە شۆڕش دەستی پێ کرد و وردە وردە مەفرەزە پێکهات، ئەو مەفرەزەی لە دەشتی هەولێر پێکهات (مام وسو دزەیی) سەرپەرەشتی دەکرد. (کاك فارس) هێشتا نەهاتبۆوە ناو شۆڕش و لە حەقیقەت شەش بۆ حەوت مانگ دواتر هاتە ناو شۆڕش. (مام وسو) سەرپەرەشتی هێزە چەکدارەکەی دەکرد لە (دەشتی هەولێر) و بە ڕاستی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، ڕۆڵی ئازایانەی هەبوو و هیچ شتێکی بە بێ پرسی حزب نەدەکرد. لەو قۆناغە ئەوە نەبوو کە پێشمەرگە سەربەخۆ و ئازاد بێت و لە فەرماندە سەربازیەکان فەرمان وەربگرێت، بەڵکو فەرمانی لە حزب وەردەگرت."[2]

**یەکەمین چالاکی پێشمەرگە لە دەشتی هەولێر**

گوندنشینان زۆربەیان لەوکاتدا لایەنگری حزبی شیوعی بوون، حزبی شیوعی کە هەست دەکات پارتی شۆڕش دەکات دەکەوێتە هەڵەوە و داوا لە جوتیاران دەکات چەك بکڕن و گوندەکانی خۆیان لە پارتیەکان بپارێزن. هاوکات هەندێك لە کەسی خەراپ لە ناوچەکە بوونەتە سەرۆك جاش و بە بیانۆی ئەوەی پێشمەرگەن، خەراپەی زۆریان کردووە لە گەڵ ئەو جوتیارانە کردووە کە چەکیان بۆ بەرگری لە خۆیان کڕیوە. هەروەها عەرەبەکان بە بیانووی (هەبوونی شۆڕش) ستەمی زۆر لە گوندنشینە کوردەکان دەکەن.

لە لایەکی دیکە چالاکی پێشمەرگە بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی لە ناوچە شاخاویەکان لە (بارزان) تا دەگەیشتە (زاخۆ و سەفین) بە توندی بەردەوام بوو و ئەمەش مایەی دلگەرمی زیاتر بوو بۆ خەڵك لە (دەشتی هەولێر) و بۆیە ژمارەی پێشمەرگەکان زیاد دەبێت و خۆیان بۆ هەندێ چالاکی ئامادە دەکەن.

لە بارەی یەکەم چالاکی و پێك دادان (مەلا عوسمان) دەڵێت: "ڕۆژێك هەواڵیان پێدان کە ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس هەیە لە نێوان (دووبز - کەرکوك - پردێ) ئەوانە هاتووچو دەکات و چاودێری بیرە نەوتەکان دەکات. ئەو جەماعەتە (مام وسو، ساڵح شێرە، عزە گورگە، خەلیفە

1) سەید مەحمود سەید ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

2) د. ئەحمەد شەریف، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو. کورتەیەك لە ژیانی (د. ئەحمەد شەریف) لە کۆتایی لە (ناساندنی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە) بەردەستە. (نوسەر).

مەحمود و سابیر سەڵتە) چوون و کەمینیان بۆ ئەو مەفرەزە دانا و لە گوندی (دەڕکە) لێیان دان، بەم شێوەیە بوونە خاوەنی تفەنگ و مەقەریان لە (قەرچووغ) دانا، ئەوان فەرمانی دەستگیر کردنیان هەبوو و ئەوە لە کۆتایی ساڵی (1961) بوو."[1] هەڵبەت ئەوکات شۆڕش لە سەرەتادا بووە،ئەنجامدانی چالاکی بە ڕەچاو کردنی نەبوونی چەك و فراوانی دشتی هەولێر کاری سەخت بووە، لە گەڵ ئەوەشدا پێشمەرگە بە بێ زیان ئەو چالاکیەیان ئەنجامداوە.

(محەمەد مەلا قادر) دەڵێت: "(مام وسو) پاش ئەوەی لە ساڵی 1961 دا دەبێتە پێشمەرگە، سەرەتا لە دەشتی هەولێر چەند چالاکیەك ئەنجام دەدات و بەشداریان تێدا دەکات، بە تایبەتی چالاکیەکانی چیای قەرەچوغ لە دژی (حەرەس قومی)[2]. هەر لە ساڵی 1961 تاکو ساڵی 1963 چەندین چالاکی دیکەی لە گەڵ پۆلێك پێشمەرگە و قارەمانی هاوشانی خۆیدا ئەنجامدا."[3] چالاکی پێشمەرگە لەو قۆناغەدا بوو بە هۆی زیاد بوونی ژمارەی ئەو کەسانەی دەهاتنە ڕیزی پێشمەرگە، لەم چواچێوەیەشدا و پاش ماوەیەکی کەم ژمارەیەکی دیکە لە خزم و دۆستانی نزیکی (مام وسو دزەیی) دێن و دەبنە پێشمەرگە.

لەم بارەوە (عوسمان سەعید) دەڵێت: "دواتر (مەولود خدر ناسراو بە مەلۆی خدانی)[4] کە ئاموزای (مام وسو) بوو هات و ئەویش بووە پێشمەرگە."[5] حاجی ڕەسولی لهێبان دەڵێت: "خەلکیش دوای ئەو ڕووداوە بە هەر جۆرە چەکێك کە هەیان بووایە لە (ساچمەزەن، رەشکە و یا تەنانەت خەنجەر) دەچوون بۆ لای بنکەی پێشمەرگە."[6]

دوای ئەو چالاکیە ژمارەیەکی دیکە لە کەسانی نیشتیمان پەروەر دێن و دەبن بە پێشمەرگە، لە ناویاندا (فارس باوە) و هەندێك لە کەسوکارەکانی بە چەکی خۆیانەوە دێن و گڕوتین بە شۆڕش

---

1) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

2) (حەرەس قەومی) ڕێکخستنێکی چەکداری بەعسی بوو لە لایەن حزبی بەعس لە (8 ی شوباتی 1963) دامەزراوە. (نوسەر)

3) محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، لا (193 - 194).

4) (مەولود خدر) ناسراو بە (مەلۆی خدانی)، کوڕی مامی (مام وسو) بووە و لە زۆربەی قۆناغەکانی ژیان لە نزیك ئەو بووە، لە (1963-1975) پێشمەرگە بووە و لە زۆربەی شەڕەکان لەگەڵ (مام وسو) بووە، لە (1975) لەگەڵ (مام وسو) ئاوارەی ئێران بووە و لە ئۆردووگاکانی (ڕەبەت و جەهرۆم) و لە شاری (هەمەدان) لەگەڵ (مام وسو دزەیی) ماوەتەوە. لە (1987) بە نەخۆشی لە شارۆچکەی (مەریانج) لە شاری (هەمەدان) کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شاری (نەغەدە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خاك سپێردراوە، کوڕێکی بە ناوی (سەڵاح) لە ڕاپەڕینی ساڵی (1991) شهید بووە. (نوسەر)

5) عوسمان سەعید ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

6) حاجی ڕەسوڵی لهێبان، چاوپێکەوتن، هەولێر، 1998.

ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نوسەکان، سەرچاوەی پێشوو.

دەبەخشن. هەڵبەت ئەوکاتە زۆرینەی هەرە زۆری ئەوانەی دێنە ناو ڕیزی پێشمەرگایەتی، بۆ خۆیان لە کەسانی چالاکی ناو ڕێکخستنەکانی پارتی بوونە و لە لایەکی دیکە لەو کەسانە بوونە کە لە بزاڤە نیشتیمانی و کۆمەڵایەتیەکان دیار بوونە، لە لایەکی دیکە پاڵپشتی دۆزی یەکسانی مروڤەکان و کێشەکانی جوتیار و هەژاران بوونە.[1]

(مستەفا سەعید) پێشمەرگەی ئەوکات دەڵێت: "مەڤەریان لە بیستانەی دانا و ڕۆژەك (فارس باوە و برایەکی و زاوایەکی) هاتن بۆ لای (مام وسو)، تفەنگی باشیان پێ بوو و گوتیان هاتووین ببینە پێشمەرگە. (فارس[2]) پیاوێکی ئازا بوو، خوێندەوار بوو و چەکی باشی پێ بوو. ئەوکات لقی مام وسوی سێ پەل بوو، (سابیر کاکە شین[3]، بورهان عەزیز ئاغا ناسراو بە بورهانە کۆر) سەرپەل بوون و (فارس باوە)شی کردە سەرپەل".[4]

---

1) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

2) (فارس حەمەد باوە) لە ساڵی (1933) لە دەشتی هەولێر لە دایك بووە و لە ساڵی (1958) پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە. لە ساڵی (1963) بۆتە پێشمەرگە و کۆتایی ساڵی (1964) بۆتە سەرلق، لە ساڵی (1965) بۆتە فەرماندەی بەتالیۆن و لە ساڵی (1968) بۆتە فەرماندەی هێزی دەشتی هەولێر. پێشمەرگە و فەرماندەیەکی دیاری شۆڕشی ئەیلول بووە و لە ساڵی (1995) لە شارەدێی پیرمام کۆچی دوایی کردووە. وەرگیراوە لە پەرتووکی "عەبدوڵلا مەلازادە، کورتە باسێك لەسەر پێکهاتەی عەسکەری لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لە ساڵی 1965 تا 1975، هەولێر، 2020، لا 92، پەراوێزی (93)."

3) (سابیر کاکەشین شێخەڵلا) ناسراو بە (سابیر کاکەشین) لە (1920) لە گوندی (جاستان) لە کەندیناوە هاتووتە دونیا، لە بنەماڵەیەکی دیاری دەشتی هەولێر و هۆزی (سیان) بووە. لە دوای گەڕانەوەی (بارزانی نەمر) لە سۆڤیەت، پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دەکات، لە سەرەتای ئەیلول پاڵپشتی پێشمەرگە دەبێت و بۆیە لە (1962) دەستگیر دەکرێت و بۆ باشووری عێراق دووردەخرێتەوە. لە دوای کودەتای شوباتی (1963)ی حزبی بەعس لەگەڵ دەستەیەك لە خزمەکانی لە بارەگای دارەخورما دەبنە پێشمەرگە. بەشداری شەڕەکانی (قەرەچوغ، دێدەوان، سەفین، دۆڵی خەلەکان، ئاسۆس، هەڵشو و ... هتد) بووە. لە (مام وسو دزەیی) زۆر نزیك بووە و لە لقی دەشتی هەولێر دەبێتە (سەرپەل)، ماوەیەك جێگری (مام وسو) دەبێت لە لقی (ئاسۆس) و لە شەڕی (ئاسۆس) بەشدار بووە. دواتر گواستراوەتەوە سنووری هێزی دەشتی هەولێر، لە دوای (1974) وەك سەرلقی بەتالیۆنی یەك بە فەرماندەیی (سەید کاکە) دەست بەکار بووە، تا نسکۆی (1975) بەردەوام بووە. خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز بووە و هەمیشە کوردانە بیری کردووتەوە، لە (1995/12/29) لە شاری هەولێر کوچی دوایی کردووە. زانیاریەکان لە (بەرنامەی چلەی ماتەمینی سابیر کاکەشین لە کوردستان تیڤی، هەروەها لە پەرتوکی عەبدوڵلا مەلازادە، شێوەی پێکهاتەی سەربازی شۆڕشی ئەیلولی مەزن، لا 76) وەرگیراوە. (نوسەر)

4) مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

(سەید کاکە) دەڵێت: "پێشمەرگە زۆر ببوو و ویستمان لق و پەل دابنیین. (فارس باوە) تازە هاتبوو دەرەوە و نزیکەی پازدە کەسی لە گەڵ بوو و زۆربەیان چەکی خۆیان پێ بوو، بەرپرسەکان پێیان گوتم تۆ یان فارس دەبنە سەر پەل، ڕات چیە؟ تۆ پێش فارس هاتویەتیە دەرەوە. منیش گوتم فارس بۆ سەرپەرەشتی لە ئێمە باشترە و لە ناو شاریش دەوری باشی هەبووە، (فارس باوە) بۆوە سەر پەل و منیش بوومە یاریدەدەری، (مام وسو) بەرپرسی سەربازیمان بوو".[1]

## چالاکی پێشمەرگە لە دژی (حەرەس قەومی)

دوای کودەتای ($8$ی شوباتی $1963$) و ڕووخانی حکومەتی قاسم، ڕژێمی تازە عەرەبەکانی ناوچەی دووبزی لە ژێر ناوی (حەرەس قەومی) چەکدار کرد، ئەوان دەست درێژی زۆریان دەکردە سەر گوندنشینە کوردەکان و مایەی ئازاریان بوون، بۆیە دوای ئەوەی لە ڕێگەی (مەلا غەریب) ڕاوێژ بە (ناوچەی هەولێر و ڕێکخستنی ناو شار) دەکرێت بڕیار دەدەن چالاکیەك ئەنجام بدەن.[2]

لە ڕۆژی ($15$ی نیسانی $1963$) دووەمین چالاکی لە لایەن پێشمەرگەکان بە ئەنجام دەگات کە چەند ئامانجی لە دوابوو:

1) جۆرێك لە تەنبێ کردن و سنوور دانان بۆ زیادەرۆیی و دەست درێژی بەردەوامی چەکدارانی (حەرەس قەومی).
2) بۆ زیاتر ناساندن و ڕاگەیاندنی هەبوونی پێشمەرگە بوو.
3) دواجار مەبەست دەستەبەر کردنی چەك و تەقەمەنی بوو بۆ پێشمەرگە.

هەرچەند چەکی دەستی پێشمەرگە زۆر کەم بوو، بەلام بە فەرماندەیی (مام وسو) پۆلێك لە کورە ئازاکان بە ئامادەیی کادیرەکانی حزب خۆیان سازدا و ڕووبەڕووی دوژمن بونەوە، لە نزیك (چایخانەی حەسۆ) لە هێزی سوارەی دوژمنیاندا، توانیان سەرکەوتووبن و لەم داستانەدا: (دوو حەرەس قەومی دەکوژرێن و دەستکەوتی پێشمەرگە دو تفەنگی ئینگلیزی دەبێت، هەروەها دوو بریندار لە حەرەس قەومی بە جێ دەمێنێت.)

هەریەکە لەم پێشمەرگانە: (عەزە گورگە، مەلۆ خدان، خەلیفە محەمەد، سالح شێرە، محەمەد سەلتە، مەحمود سلمان، صابیرئەمین، نوری حاجی ئومەر، ڕەسول حاجی عەبدوللا، عەزیز

---

1) سەید کاکە ئیسماعیل، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، لا (27 - 28). هەروەها دەڵێت: "سێ پەل دروست کران و (فارس باوە) سەرپەل بوو و ئەمنیش جێگری بووم، (ئەحمەدی حاجی عەلی) سەرپەل بوو و هەروەها (عەریف عوسمان) سەرپەل بوو، مسۆولی یەکەم و دووەم (د. خالید و مام وسو) بوون."

2) حاجی ڕەسوڵی لهێبان، سەرچاوەی پێشوو.

سیامەند ئیسماعیل، چاوپێکەوتن، هەولێر، 1999.

عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

مەولود و عەلی خورشید[1]) بەشدارانی ئەم نەبەردیە بوون و چەکەکانیش کە دەستکەوت بوون دراونەتە هەریەکە لە (صالح شیرە و خلیفە محەمەد حاجی عەلی) ئەوکات (ساڵح شێرە) کارگێری (لیژنەی ناوچەی هەولێر) بووە.[2]

## کودەتای بەعس و فراوان بوونی تاوانکاریەکانی ڕژێم

لە (8ی شوباتی 1963) کودەتای بەعس ڕوویدا، لە لایەك قەڵاچووی شیوعیەکان و لە لایەکی دیکە ستەم بەرانبەر کورد زۆر زیادی کرد. حکومەتی کودەتا بەیاننامەی لە دژی حزبی شیوعی دەرکرد کە تیایدا کوشتن و گرتنی ئەوانیان بۆ خۆیان حەلال کرد. لە ماوەی سەرەتای شۆڕشدا هەلوێستی شیوعیەکان بەرانبەر پارتی باش نەبوو و بەلام (مستەفا بارزانی) باوەشی بۆ کردنەوە، لەوکاتەدا مامەڵەی (مەکتەبی سیاسی پارتی) لە گەڵ شیوعیەکان زۆر خەراپ بووە.

"لە (20ی ئایاری 1963) دا فەرمانی حوکمداری گشتی سوپا دەرچوو کە گەمارۆی ئابووری بخرێتە سەر کوردستان. لە پاش ناوەڕاستی مانگیشەوە دەنگوباسی ڕوودانی گەلێ ڕووداوی وا لە کوردستاندا دەگەیشت کە مەترسی خەراپیان لێ بکرێ و ئەوە بگەیێنن کە حکومەت نیازی دەست درێژی سوپایی هەیە."[3]

(سەید کاکە) دەڵێت: "هەر لە ساڵی (1963) گفتوگو لە نێوان ڕژێم و پێشمەرگە دەستی پێ کرد، شۆڕش بە هەلی زانی و بارەگایەکی لە قەرەچوغ کردەوە. دەستەیەك لە سەرکردەکانی شۆڕش چوون بۆ گفتوگۆ، بەڵام ڕژێم دەستی بە لێدان و کوشتنی کوردی بێ تاوان کرد و ئامر فەوجێکی (فەرماندەی بەتالیۆن) سوپای عێراق بە ناوی (عەقید خەلیل) لە گوندەکانی (دەشتی هەولێر) دەگەڕا، دەچۆوە سەر هەر گوندەك خەلکی گوندەکەی دارکاری دەکرد، چەند کەسێك شهید بوون، ڕۆژانە حەرەس قەومی خەلکی بێ تاوانی شهید دەکرد ڕەشەکوژیەکی بێ وێنەی دەکرد.[4]

ئاهەنگی نەورۆزی (1963) لە گوندی (قورشاغلوو) دەکرێت، ماڵە (ئەوبەری و ئۆرمزیارەکان) خوارن ئامادە دەکەن، (حەمەی سابیری) سەرۆك جاش بە بیانوی کردنەوەی (ئاگری نەورۆز) ماڵی

---

1) (عەلی خورشید حەسەن) ناسراو بە (عەلۆ) لە ساڵی (1943) لە گوندی (سۆربەشی خدری) لە شارەدێی (قوشتەپە) لە دەشتی هەولێر هاتووتە دونیا. لە سەرەتای (1962) بۆتە پێشمەرگە و تا (1975) لە گەڵ (مام وسو) پێشمەرگە بووە. لە هەموو شەڕە گرینگەکانی وەك: (ئاسۆس، جادەی ژاراوە، کێوەڕەش، زۆزگ و هێزی ڕزگاری و ... هتد) بەشدار بووە. لە دوای نسکۆ بۆ ماوەی (ساڵ و نیوێك) ئاوارەی ئێران بووە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و دوورخراوەتەوە بۆ باشووری عێراق بۆ ماوەی نزیك (دوو) ساڵ. لە (2021) بە نەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە. (نوسەر).

2) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

3) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 120.

4) سەید کاکە ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا 27.

(سمکۆ پیرە و ئەنوەر) برای دەسوتێنێت و (تۆفیقی ئامۆزای) بە ئۆتۆمبێل ڕادەکێشێت. سەرجەم ئەو کردەوانە خەڵکی کوردستان و ئەو ناوچانە بە تایبەت جوتیارانی دەشتی هەولێری ڕۆژ لەدوا ڕۆژ تورە و بێزارتر دەکرد، بۆیە خەڵك دەستە بە دەستە ڕوویان کردە بارەگاکانی پێشمەرگە و ژمارەی پێشمەرگە زۆر زیادی کرد.

(سەید کاکە) دەڵێت: "خەڵك هەموو ئامادە بوو ببێتە پێشمەرگە، ئێمە بارەگامان لە قەرەچوغ بوو، (50) پێشمەرگە دەبووین و بە دوو مانگ بووینە (600) پێشمەرگە، هەروەها حەرەس قەومی خەلکی (مەخمور)یان زۆر ئازار دەدا و خەلکەکە ڕۆژانە ئاگاداری ئێمەی دەکرد.[1]

دیارە ئەو کردەوانە بەردەوام بوون و بەرەو زۆر خەراپەکاری ڕۆیشتن، ناچار پێشمەرگە لێرە و لەوێ بە بۆسەدانان بۆ خەراپەکاران تۆڵەی کردووتەوە، لەم بارەوە (سەید کاکە ئیسماعیل) دەڵێت: "ئێمە بارەگامان هەر لە قەرەچوغ مایەوە، لە لایەك ڕژێم هەرەشەی لێ دەکردین و لە لایەك خەلکی (مەخمور) نامەیان بۆ دەناردین و دەیانگوت کە هەتا ئێستا حەرەس قەومی دەیکوشتین و دەیگرتین، ئێستا دەست درێژی دەکەنە سەر ناموسیشمان. ئێمە مەفرەزەیەکمان پێکهێنا و لە نێوان (گوێر و مەخمور) کەمینێکمان بۆ حەرەس قەومیەکانی مەخمور دانایەوە، (4) چوار حەرەس قەومی کوژرا و دەست کەوتمان (3) سێ چەك بوو."[2]

(مسعود بارزانی) لەم بارەوە نوسیویەتی: "یەکێ لەو ڕووداوانە ئەوەیە کە حەرەس قەومی دەستی دایە چەپ و گوپ و تالان و چەپاو و زەوتکردنی شتومەکی خەڵك لە زۆربەی دیهاتەکان و گرتنی خەڵك و سزادانیان و فرێدانە زیندانیان. یەکێکی تریان هێرشی حەرەس قەومی بوو بە یارمەتی (شێخ حەنەش و محەمەد شەحادە) و کۆمەلێك (جاشی عەرەب) لەژێر پارێزگەری زرێپۆش و پشتگیریی تۆپخانەدا بۆ سەر گوندی (تەلخێم) لە (دەشتی هەولێر) و کوشتنی (6) پیاو لەو گوندە."[3]

(غەفور مەخموری) دەڵێت: "(مام وسو و فارس باوە) هاتن و بارەگامان لە پەلکانە دانا، کابرایەك هەبوو کە (مەخموری) بوو ناوی (غەفووری) بوو، عەرەبیش بوو لەو ناوچەیە زۆری زوڵم کرد بوو، هاتوچووی دەکرد لە نێوان (مەخمور و گوێر)، برادەران مەفرەزەیان نارد و لە سەر ئەو ڕێگایە لە گەڵ چەند کەسێکی دیکەی بەعسی لەگەڵیدا بوون کوشتیانن و عەرەبەکانیش پاشان هاتن بەسەر (تەلەخێم)یان دادا و هەشت کەسیان کوشت و گوندەکەشیان تالان کرد."[4]

---

1) سەید کاکە ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا 27.

2) سەید کاکە ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا 28.

3) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 120.

4 ) غەفور ئەحمەد (مامە غەفە): دیدار: رزگار سیان، ڕۆژنامەی بەدرخان، ژمارە 85، 22ی ئەیلولی 2007، لا 6.

(سەید کاکە) دەڵێت: "دوای ئەو شەڕە حەرەس قەومیەکان بە فەرماندەیی (شێخ حەنەش) هاتنە (تەلەرخێمی گەورە) و (تەلەرخێمی گچکە) حەوت (7) جوتیاری بێ تاوانیان شهید کرد.[1]

## یەکەم پێکدادانی توند

دوای ئەوەی حەرەس قەومیەکان ئەو کارەساتە بە سەر گوندی (تەلەرخێم) دێنن هێزەکانی پێشمەرگە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هەر هێرشێك کە لە نەکاو لە لایەن ڕژێم بکرێتە سەریان و لەم بارەوە (غەفور مەخموری) دەڵێت: "کوبونەوەیەکمان کرد و ئێمە لە گەڵ (سابیر کاکە شین و فارس باوە) هاتینە (کورتان دروو)، هێزەکی دیکەش (مام وسو) لە پەلکانەی مانەوە. لە کورتان دروو ئێمە خۆمان قایم کرد و حکومەت بۆ سەر هێزەکەی ئێمە نەهات و بۆ (دارەخورما و پەلکانەی) ڕۆیشت.[2]

حکومەت بەو چالاکیانە هەراسان دەبێ بڕیاردەدات هێرشیان بکاتە سەر، هیزێکی (حەرەس قەومی) بە (42) ئۆتۆمبێل ڕوو لە دارەخورما دەکەن، لە کوتایی مانگی ئایار (1963) و لەوانەشە دروست لە (25-26/5/1963) بوو بێت، لە بەرەیانی دەگەنە دارەخوۆما و پێشمەرگە پێشتر زانیاری هەبووە و لە نیازی دوژمن ئاگادارە، بۆیە هیزەکەی خۆیان دەکەنە سێ پەل و بەم شێوەیە لە ناوچەکە جێگیر دەبن[3]:

1)(مەلا غەریب) و پەلیك لە پێشمەرگەکان بۆ سەری (بێژینگ بەسەر).

2)پەلێکی تر (خەلیفە محەمەد، حاجی ڕەسول) وچەند پیشمەرگەی دیکە لە (مهێدی) بە ئوتومبیلی (عەزیز حوسین کەنداری) دەگەیەندرێنە گوندی (دەرمانـاوا) و لـە دەربەنـدی بەرانبەر (چەغە میرە و عاڵلا) دادەمەزرێن.

3)(مام وسو) خۆشی لە گەڵ تاقمێکی دیکە لە هاوسەنگەرەکانیان لە (زورگی ئەصحابە) دادەمەزرێن.

(ئەرسەلان مام وسو) دەڵێت: "پلانی جەنگ لە لایەن (مام وسو) بەو شێوە دەبێت کە تا هێزی دوژمن زۆر نزیك نەبێتەوە دەست نەوەشێنن و دەڵێت: (یەکەم نەبەردی ڕووبەڕوومانە، شەرم لە دوژمن مەکەن چۆکی خۆتان ببەستن و بێ ترس شەڕ بکەن). بەلام (ڕەسولی حاجی عەبدوڵلا) و پێشمەرگەیەك بە ناوی (حەسەن ڕەسول عەدێ) پێش گەیشتنی دوژمن بۆ شوینی دیارکراو، یەك فیشەکیان لە دەست دەردەچی و دوژمن وریا دەبێتەوە و بەرەو پێشەوە ناڕوات.[4]

---

1) سەید کاکە ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا 28.

2) غەفور ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

3) حاجی ڕەسوڵ، عوسمان سەعید و سیامەند ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

4) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

ناچار (مام وسو) فەرمانی هێرش دەدات و دوای شەڕێکی قارەمانانەی پێشمەرگە، دوژمن دەشکێت و بە ناچاری پاشەکشە دەکات، زیاتر لە (15) کوژراویان دەبێت و چەندین لاشە بەجێ دەهێڵێت. دەستکەوتی پێشمەرگە بریتی دەبێت لە: (دوو جیپ و یەك ئیڤای سەربازی، دوو تفەنگی ئینگلیزی و جیهازێکی لاسلکی). لەو نەبەردیە بەرەی پێشمەرگە دوو برینداریان دەبێت کە برینیان سوك بووە، یەك لە بریندارەکان (سمکۆ مەجید ئەوبەری ناسراو بە سمکۆ پیرە) بووە.

(غەفور مەخموری) دەڵێت: "ئەو هێزەی کە لەوێ لە گەڵ (مام وسو) بوون شەڕێکی باشیان لە گەڵ حکومەت کرد و هێزەکەی ڕژێم لەوێ شکا. چەندان کەسیان لێ کوشتن و چەندین لۆری و گوللە تۆپ و هاوەن و چەکی و تفاقێکی باشیان لێ بەجێما و دەستی بە سەردا گیرا."[1]

(خورشید شێرە) لەم بارەوە نوسیویەتی: "هێرشی درندانی بۆ سەر چیای (قەرەچوغ) دەستی پێ کرد، پاش دوو ڕۆژ لە شەڕێکی خوێناویدا هێزی پێشمەرگە ناچار بوو ناوچەکە چوول بکات."[2]

(سلێمان ئەمین) بەشدار لەو شەڕەدا دەڵێت: "سەرباز و حەرەس قەومی و جاش پێوەر بوون، گوندەکە چووڵ بوو و دایانە بەر تۆپان. بۆیە ئەو جەماعەتە لێیان بەخۆکەوتن و هێرشی سەرمان کردن. (مام وسو) بەرپرس بوو و (جوهەر حەمە ڕەشید، ساڵح شێرە، تۆفیق ناسراو بە ئازاد و حەسەن مستەفا[3]) بەشدار بوون، بە دوایان کەوتین و شەڕی باش و توندمان کرد. جێبەکی سەربازی و جیهازێکی لاسلکی (ڕەقەم 8) و زیلەکی سەربازیمان لێ گرتن، چەندین لاشەشیان لە دوا بەجێما. ئەوجا (10) دە ڕۆژیش دوای شەڕەکەی لە ناو دەغلەکاندا چەك و لاشە دەدیترایەوە. گرتنی جیهازەکە زۆر گرینگ بوو، فڕۆکە دەسۆڕایەوە و نەیدەزانی چ بکات، بەس جیهازەکە قسەی کردبایە فڕۆکە هەمووی لە ناو دەبرد."

(موحسین دزەیی) دەڵێت: "شەڕی (قەرەچوغ) وابزانم لە (5 یا 6) ی حوزەیرانی (1963) بوو و پێش ئەوەی شەڕ لە دژی شۆڕش هەڵ بگیرسێت، (مام وسو) یەك بوو لە پێشمەرگە هەرە قارەمانەکان کە دەوری چالاکی لەو شەڕە هەبوو. خودی کاك (ئەحمەدی) برام لەوێ بوو و باسی دەکرد کە (مام وسو) چ دەورێکی هەبوو."[4]

سەید کاکە دەڵێت: "دوای ئەو شەڕە حەرەس قەومیەکان بە فەرماندەیی (شێخ حەنەش) لە گەڵ بەتالیۆنێکی سوپا ڕوویان کردە بارەگاکانی ئێمە و (4) کاتژمێر بوو بە شەڕ لە گوندی

---

1) غەفور ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

2) خورەشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، لا 114.

3) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

مستەفا سەعید، سەرچاوەی پێشوو.

4) موحسین دزەیی، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

(دارەخورما و خۆشاو) لە بناری (قەرەچوغ). هێزی ڕژێم نزیکەی (12) سەرباز و حەرەس قەومیان لێ کوژرا، ئۆتۆمبێلەك و جیهازێکی بێ تەلیان لێ گیرا.[1]

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە شاروچکەی (دووبز) هەواڵیان پێ دەگات کە حکومەت بەم شکستە توڕەیە و خۆ ئامادە دەکات تا بەیانی بە هێزێکی گەورە هێرش بکاتەوە و بۆیە پیویستە ئامادە بن. جگە لە فەرماندەکانی پێشمەرگە، بەرپرسەکانی حزبیش لەوێ بوونە و ئەو بەرێزانە ئەوکاتە لە دارەخورما بوونە: "حەسەن مستەفا، ئەحمەد محەمەدەمین، سەید مەجید[2]، ساڵح شێرە و ئازاد بەنزین[3]"، هەریەکە لە: (مەلا عەولا و عومەر دەبابە) لێپرسراوی گشتی هەموو هێزەکان بوون. هەموو بەرپرسەکان ئەو شەوە کۆدەبنەوە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخەکە، ژمارەی هێزی دوژمن زۆر بووە و توانای لۆجستی بەرزیان هەبۆوە، بۆیە دواجار بڕیاری پاشەکشە دەدەن.[4]

(خورشید شێرە) نووسیویەتی: "ئەو بنکەیەی کە لە چیای (قەرەچوغ) دامەزرا بوو، ئەوانیش کەوتنەبەر هێرشی سوپای عێراقی و جاشی عەرەب واتە (حەرەس قەومی)، لە بیرمە جاشە عەرەبەکان دیانگووت (احنا البدو وين العدو) واتە (ئێمە عەشیرەتی بدووی عەرەبین کوانێ دوژمن)، پاش شەڕێکی دوو ڕۆژی خوێناوی چەند پێشمەرگەیەك شهید بوون و دوازدەشیان بریندار بوون، هێزی پێشمەرگە لە (قەرەچوغ) شکان و بەرەو چیای (دێدەوان) کشانەوە."[5]

د. ئەحمەد شەریف دەڵێت: "لە داستانی (قەرەچوغ) لە ساڵی (1963) کە بارەگای ناوچەمان لە گوندی (دارەخورما) بوو، حکومەت زانیاری هەبوو کە لەو بارەگایە تنها ئەندامانی ناوچە و چەند پاسەوانێکی لێ یە، بۆیە هێرشێکی کوت و پڕی کردە سەرمان. لەو شەڕەدا (ساڵح شێرە،

---

1) سەید کاکە ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا 28.

2) (سەید مەجید سەید حوسین): لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو لە گوندی (گرد عازەبان) لە بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتیمان پەروەر لە دایك بووە، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو چۆتە ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و کادرێکی چالاك و ئازا و چاو نەترس بوو. لە ڕێکخستندا زۆر ژیر و وریا بوو و ماوەیەك لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی هەولێر بوو لە ساڵانی (1960-1962). بەشداری چەندین نەبەردی کردوە، بە تایبەتی لە داستانی (قەرەچوغ) ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە و هەروەها لە شەڕ و داستانی (قەشقە). دواتر بە بڕیاری پارتی گواستراوەتەوە بۆ (چەمی ڕێزان). لە دەست نوسێکی (د. ئەحمەد شەریف) وەرگیراوە کە لە (2022/01/22) نوسراوە. دوای ناکۆکی ساڵی (1964) لە گەڵ باڵی (م. س) ڕۆیشتووە. (نوسەر)

3) (توفیقی بەنزینخانە) ناسراو بە (هەڤاڵ ئازاد)، ئەندامی کۆنی پارتی بووە و ئەندامی ناوچە بوو لە (1961-1964). کادرێکی زۆر چالاك بوو و لەناو کرێکاران ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، زۆر دڵسۆز بوو و خوێندەواری کەم بوو، نهێنی پارێز بوو. لە دەەست نوسێکی (د. ئەحمەد شەریف) کە لە (2022/01/22) نوسراوە، وەرگیراوە.

4) حاجی ڕەسوڵ، عوسمان سەعید و سیامەند ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

5) خورەشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، لا 116.

سەید مەجید، ئەحمەد شەریف، حەسەن مستەفا[1]، توفیقی بەنزینخانە عەزە گورگە و بازە) بەشدار بوون. حکومەت شکستی هێنا، بە دەیان عەسکەر و پۆلیس کوژران و بە چەندین تەرم و بریندار و چەکی کەوتە دەستی پێشمەرگە، ئەو داستانە بوو بە وێردی سەر زاری خەلکی و لە مێژووی شۆڕشی ئەیلولدا بوو بە ئاوێنەی بالانمای قارەمانیەتی حزب و پێشمەرگە).[2]

(غەفور مەخموری) دەلێت: "شەو چووینە (دارەخورما) کوبونەوەیەکمان کرد و بڕیاردرا کە پاشەکشێ بکەین، ئەوە بوو هاتینە ناوچەی (چارە گردەرە و پەلکانە).[3]

(سلێمان ئەمین) دەلێت: "هێزی زیاتر هات بۆ (کەندیناوە)، خەلك دەترسا و چولی دەکرد. ئێمەی پێشمەرگەش پاشەکشەمان کرد، بەشێك بۆ (پەلکانە) و بەشێك ماینەوە لە (لوولەی). مام وسو و سابیر کاکەشین (خودا لێیان خۆش بێت) مانەوە و گوتیان سبەی هێزی دوژمن دێت و (کەندیناوە)ی هیچ ناهێلێت و هەمووی دەسوتێنێ و وێران دەکات. (مام وسو) بە (مام سابیری) گووت سبەی شەڕ دەکەین، (مام سابیر) گوتی: (کورە مام وسو ناکرێت). گوتی: (برام یا هەندەکمان خۆمان لەناو دەبەین، یا شەڕی مان و نەمان دەکەین). ئەوە لە (کەندیناوەی) لە (جاستانە)ی نەیهێشت شەڕەکەی بکەین. بەیانی زوو هەستاین نانمان خوارد، ڕۆیشتین بەرەو (قەرەچووغ). "[4]

هێزی پێشمەرگە بارەگاکانیان جیا بوون و ژمارەکەشیان زۆر بوو، بۆیە بە چەند دەستەیەك دەست بە کشانەوە دەکەن و (مام وسو، سابیر کاکەشین و پێشمەرگەکان) بڕیار دەدەن بەرەو گوندی (جاستانە) بڕۆن تا لە ئەوێ بەرەو گوندی (بیستانە) بکشێنەوە. ئێوارەی درەنگ دەگەنە گوندی (جاستان) و لە ئەوێ نان دەخۆن، ڕاوێژ و بڕیاری پێویست بە خۆیان دەدەن، (مام وسو) و دەستەیەك پێشمەرگە دەچنەوە کۆنە حەشارگەی خۆیان کە ناوی ئەشکەوتی (کانی دیوارە).[5]

هەر ئەو شەوە (صابیر کاکە شین) لە گەلێ (12) پێشمەرگەی دیکە کە هەموویان لە خێلی (سیان) بوون، سوود لەم دەرفەتە وەردەگرن و لە بنکەی پۆلیسی (سەر بەشاخ) دەدەن و ژمارەیەك

---

1) "(حەسەن مستەفا): پیاوێکی تێکۆشەری خۆڕاگر و ئازا و نەبەز بوو، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە رێگای (مەلا عەبدوللا ئیسماعیل)وە هاتووتە ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان). چەندین جار توشی زیندان و ئازار و ئەشکەنجە بۆتەوە و خۆڕاگر بووە، لە داستانی (قەرەچوغ) بەشدار بووە و لەو داستانە خوالێ خۆشبوو (مام وسو) بە هانامانەوە هات و زۆر هاوکاری کردین، بۆوە هۆی سەرکەوتنمان و تاجەگولێنەی لەسەری ناین. ئەندامی ناوچەی پارتی بوو لە (1961-1964) و ماوەیەك ئەندامی لقی 2 بوو." لە دەست نوسێکی (د. ئەحمەد شەریف) کە لە (2022/01/22) نوسراوە، وەرگیراوە.

2) د. ئەحمەد شەریف، چەند پەیڤێك لە بانێژەی ویژدانی کوردایەتیدا، هەولێر، 2013، لا (73).

3) غەفور ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

4) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

5) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

پولیس لەو بنکەیە بریندار دەکەن. دواتر ئەوان بە بێ زیان و بە سەرکەوتوویی لە درەنگانی شەو بەرێ دەکەون بەرەو بێستانە.

## سوتاندن و وێرانکاری لە لایەن ڕژێم وەك تۆڵە

ڕۆژی دواتر دوژمن بە نیازی تولە و بۆ سەرکوتکردن پێشمەرگە، فرقەی چواری سەربازی بە پاڵپشتی (تانك، زریپۆش و تۆپخانە) و کۆمەڵێك چەکداری (عەرەبی شێخ عەواس) و حەرەس قومیەکانی (ئەحمەد فەهمی دووبز)[1] لە ڕێگەی (دووبز) بەرەو (قەرەچوغ) پەلامارەکانی دەست پێ دەکات.

چەکداران و سوپای ڕژێم دەکەونە وێزەی هاوولاتیان و لە تۆڵەی شکستەکەیان زۆر لە گوندەکانی ناوچەکە تالان دەکەن و دواتر دەیان سوتێنن، سەرەتا گوندی (پەلکانە) و دواتر (گابەرەکە، دەرماناو) تا سەرئەنجام (20) گوند دەسوتێندرێت.

(خورشید شێرە) دەڵێت: "ڕژێمی عێراقیش هەر لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی 1963 دەستی بە ناردنی هێزە سەربازیەکانی بۆ سەر کوردستان کرد و بە پشتیوانی لەشکرێکی گەورە لە عەرەبی (بەدو) دەستیان بە گرتن و ڕاوەدوونانی کورد بە هەموو چین و توێژەکانییەوە کرد ئەم هێرشە لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیران بوو کە بە فراوانترین هێرش دادەنرا. هێزی دوژمن لەکاتی هێرش بردنیان هەر گوند و دیهاتێکی بکەوتبایە سەر ڕێگایان بە تەواوی تاڵانیان دەکرد و بە وێرانی بەجێ یان دەهێشت."[2]

(د. شوان خۆشناو) دەڵێت: "دوای شەڕی (قەرەچوغ) هەڵمەتێکی چڕوپری بە عەرەب کردن و ڕاگواستن دستی پێ کرد، لە کۆی (72) گوندی ئەم ناوچەیە پتر لە (32) گوندیان سوتاند و تالان و بڕۆیان کرد و نزیکەی (300) جوتیاری بێگوناهی ناوچەکەیان ڕاپێچی بەندیخانەکان کرد و (25) گوندی ناوچەکە بە خێڵە دواکەوتووەکانی عەرەبی (شەمەر) جێنشێن کرا."[3]

---

1) (ئەحمەد فەهمی) یەك لە کۆنترین سەرکردەکانی (حەرەس قەومی) بووە، زۆر شەڕی پێشمەرگە کردووە و ئازاری زۆری بە خەلکی کورد گەیاندووە. لە ساڵی (1970) لە ڕژێم دەکشێتەوە و لە دوای نسکۆی ئەیلول ئاوارەی ئێران دەبێت، لە شارۆچکەی (نەغەدە) دادەنیشت و لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بوو، منداڵەکانی ڕێگەی کوردایەتیان گرت و کچێکی بە ناوی (عورۆبە) کە دواتر ناوی گۆڕی بە (نیشتیمان) لەگەڵ پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتیمانی (ئەنوەر بۆڵی) هاوسەرگیری کردووە و لە هەڵبژاردنی (2018) لە سەر لیستی (ینك) بەربژێری پەرلەمانی کوردستان بووە. بۆ دیتنی وێنەکەی بروانە ئەلبوومی وێنەکان لە کۆتایی پەرتووك. (نوسەر)

2) خورەشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، لا 114.

3) د. شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لا 133.

ڕژێم زۆر نامرۆڤانە جوولاوەتەوە، تالان زۆری کردووە و ئازاری زۆری خەڵکی گوندەکانی داوە، (مام وسو) و بەشێك لە پێشمەرگەکان دەچنەوە ئەشکەوتی (کانی دیوارە) کە پێشتر حەشارگەی خۆیان بووە. (سلێمان ئەمین) دەڵێت: "پێش ئەو شەڕە مەقەرمان لە ئەشکەوتی (کانی دیوارە) بوو و لەو ئەشکەوتە خواردنمان زۆر شارد بۆوە (چا، برنج، شەکر و ئەرزاق)، ئەو قەوەتە هات و هەرچی گەیشتێ سوتاندی. شەوی دواتر ڕێمان گرتەبەر بەرەو (زۆرگەزراو)، هیچ نەبوو بخوین و جێ نەبوو لێی بنوین. نەفەریکمان ناردە لای (حاجی قادر) لە گوندی (گرد لانك)، ئەو (شلە ساوار بە گوشتەکی) خۆشی لۆ کردین و لۆی ناردینە (زورگەزراوی). هەموومان لێمان خوارد و ئیسراحەتمان کرد. هەر چەندە ڕژێم گوندەکانی دەسوتاند و خەلکی ئەزیەت دەدا، بەڵام پێشمەرگە خۆشەویست بوو."[1]

## ڕۆژانی دوای شەڕی دارەخورما

بارودۆخی گوندەکان زۆر خەراپ و نالەبار بوو و نەدەزاندرا کەسوکاری پێشمەرگە چۆنن، بۆیە ڕۆژی دواتر (مام وسو) بەشێك لە پێشمەرگەکانی بە شاراوەیی دەنێرێت بۆ ناو ماڵەکانیان تا بتوانن هەواڵی کەسوکارەکانیان بزانن و دەربازیان بکەن لە دەست هێرش و کاولکاری ڕژێم. بۆ ئەم مەبەستە هەر یەکە لە: (مەلو خدانی ئامۆزای، وەیسی برازای و سلێمان قادر) دەنێرێتە گوندی خۆیان و بۆ خۆشی دەڵێت: "ئەمن دەچمە ئەوبەری و ئەنگۆش بزانن ماڵ و مندالێ چییان بە سەر هاتووە."[2]

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "لای ئێمە هەمووی ببووە جاش و ئەمەش شەوێ هاتین ماڵەکان گەڕاین تا ماڵ و منداڵمان دیتەوە، عارەبانەمان هێنا و هەندەك ئەشیامان لێ بار کرد و ماڵەکانمان هێنایە (قەشقە و خوڕخوڕ). (برسی، ماندوو و تینوو) هیچ نەبوو بخۆین، گوتیان هێز دێتە ئێرە و بۆیە بەلایەکیدا منداڵمان ڕەوانەی هەولێر کردن و بۆ خۆشمان ڕۆیشتین بۆ (پەلکانە). ئەو دونیایە هەمووی لە (پەلکانە)ی بوو. نە تەنها نانەکی ڕەق، تەنانەت دۆلکە چایەکیشمان دەست نەکەوت. لە ماڵان نانمان دەخوارد و بۆیە دوای دوو سێ ڕۆژ ڕۆیشتین بۆ گوندی (ئازیانە) گوتمان خەڵکی باش و دەوڵەمەندی لێ یە."[3]

(عوسمان سەعید) دەڵێت: "پێشمەرگە لەوێ ڕۆیشت، چوونە گوندی (قەشقە) و لەوێ مەقەریان دانا. شەو لە (زۆرگەزراو) مانەوە و خێزانی (مام وسو) ناوی (بەسێ سەعید) بوو و لە

1) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

2) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

3) سلێمان ئەمین، سەرچاوە پێشوو.

گوندی (سۆربەش) بوو، کولێرەی بە تەنووری بۆ کردن و ئەمن ئاو و کولێرەکانم بۆ بردن، شەو نانیان خوارد و بەرەبەیان ڕۆیشتن."[1]

غەفور مەخموری دەڵێت: "ڕژێم بۆ ئەوێش هات بۆ (ئازیانە و چارەگرد) بە تایبەتی، هێزەکەی ئێمە کە (مام وسو، فارس باوە، سەید مجید و سەید کاکە) و نزیك سەد کەسێك دەبووین لە گەڵ هێزەکەی ڕژێم بوو بە شەڕمان و تەیارەش لەو شەڕەدا بەشداری کرد و ئێمەی بوردمان کرد، ئەوکات هەلیکۆپتەر نەبوو. فڕۆکەی (سیخوو) و (هەلیوشن) هەبوو، بەڵام هێزەکە دەبابەی لە گەڵدا نەبوو، شەڕ لە کاتژمێر (10)ی بەیانی دەستی پێ کرد تا ئێوارە بەردەوام بوو، هێزی ڕژێم شکا و ئێمە سەرکەوتین. حکومەت لەو شەڕەدا زەرەر و زیانێکی ماددی و بەشەڕی ئیجگار زۆری لێ کەوت."[2]

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "لە 1963 بارەگامان لە ئازیانە بوو و (مام وسو) لێپرسراوی هێزی پێشمەرگە بوو، ئەوکات لە (قەرەچوغ) ڕۆیشت بووین و بۆیە لە ئەوێ بووین. ئەوجارە شەڕی ئازایانە روویدا لە ناوچەکە، بریندار و شهید لە هێزی پێشمەرگە هەبوو، چەند جاشێك کوژران و دەتوانم بلێم وردە شەڕ زۆر بوون."[3]

## قەشقە و مانگی حوزیران 1963

ڕوژانی دواتر دوای یەك گرتنەوەی هێزەکان لە بیستانە، هەموویان بەیەکەوە لە ڕێگەی (دێدەوان) دەچنە گوندی (قەشقەی گەورە) و حکومەتیش بێ زانیاری و هەواڵ نەبووە. بۆیە هێرشیان دەکاتە سەر، شەڕ و پێکدادان لە (بانی قەشقە) ڕوودەدات و لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەکی قارەمان بە پلەی (سەرپەل) بە ناوی (قادر سلێمان) شهید دەبێت و پێشمەرگە (ئەحمەد شەریفی قەشقە) بریندار دەبێت، زیانی دوژمن بریتی دەبێت لە کوژرانی عەرەبیك و ئەسیر کردنی یەکێکی دیکە. حکومەت بە تێك شکاوی دەکشێتەوە، دوو ڕۆژ دواتر حکومەت ڕوو دەکاتە گوندی (سابڵاغ) و بەلام شەڕ ڕوونادات.

سەید کاکە دەڵێت: "لە شەڕی یەکەمی (قەشکە و خورخوڕ) حەرەس قەومی و جاش هاتبوو، شەڕ لە بەیانی تا ئێوارە درێژەی کێشا، ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و جاش و حەرەس قەومی کوژران، ئێمەش سەرپەلەکەمان بە ناوی (قادر سلێمان ناسراو بە قادر ئاغای مامەسێنی) کە خەلکی گوندی (کەنداڵ) بوو، لەگەڵ پێشمەرگەیەك بە ناوی (محەمەد) شهید بوون."[4]

---

1) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

2) غەفور ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

3) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

4) سەید کاکە ئیسماعیل، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، لا 30.

هەروەها (عوسمان سەعید) دەڵێت: "دوای ماوەیەك حكومەت لە قەشقە هجومی كرد و شەڕێكی زۆر گەورە و قارەمانانە كرا، (قادری سلێمانی مامی قادری حەمە سادقی) لە قەشقەی شەهید كرا و گوتیان كوڕێكی بە ناوی (مسعود) بەجێ ماوە."[1]

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "ماوەكی باش خۆمان لە (ئازیانە) گرت، خەڵك دڵسۆز بوو و ئەوكات (بورهان ئاغا و مام سابیر) لە ئەوێ بوون و بەرپرس بوون. ڕۆژەك لە نەكاو گۆتیان هێزی دوژمن هات بۆ (گردەسۆری)، گوندی (ئازیانە) لەو گۆرەی بوو و بۆیە بە خێرایی پێشمەرگە ئەوەی چەكی پێبوو ڕۆیشتە خوارێ و سەیارەكانمان گەڕاندنەوە. دوایە جاش هاتن، پێشمەرگە هجومی كردە سەریان و پێشمەرگەكان بە سەرپەرەشتی (مام وسو، بورهان ئاغا و مام سابیری) بوون. جاشەكان شكان، كوژراو و بریندایان هەبوو. هەندەك ئەسیر بوون كە سێ یان ناویان: (چاوشین، عەلی كۆر و ئاغای مەجیدی) بوون."[2]

(عوسمان سەعید) دەڵێت: "شەڕێكی دیكەی باش لە لای (گردەسۆری) لە گەل حكومەت كرا و جاشێكی زۆر هات بوو، هەندێكیان لێ كوژرا و لەوانە (حوسە عەلی) خەڵكی گوندی (دوڵە بەكرە) و (حاجی عوسمانی سمە ڕووتی سۆربەشی) كە برازایەكی بە ناوی (عومەری گەڕە شێخانی) و خوشكەزایەكی بە ناوی (نوری حاجی ئۆمەر[3]) پێشمەرگە بوون. (حەمەی سابیری) گەورەی جاشەكان پیكابێكی پێ بوو هی (عومەر ئاغای سێبیرانی) بوو و بەجێی هێشت، بە پێ هەڵات."[4]

لە سەرەتای حوزەیرانی (1963) كاتی عەسر (حەمەی سابیری) سەرۆك جاش دێت و جاش و حەرەس قەومی لە گەڵدا بوونە، پێشمەرگە هێرشیان دەكاتە سەر و دوای ئەوەی كۆمەڵێك بریندار و كوژراویان پێ بەجێ دەهێڵێت، چەندین ئەسیریان لێ دەگرن و (حەمەی سابیر) ناچار دەكەن هەڵ بێت بۆ ناو گوندی (پۆڕیجە). پێشمەرگە زۆر بەدواید دەگەڕێن و نادۆزرێتەوە، دواتر دەردەكەوێت كە ناوبراو ڕێكەوتنی لە گەڵ گوندەكە كردووە تا ئاشكرای نەكەن و لە بەرانبەردا ئەویش ڕێگە نەدات هێزەكانی ڕژێم بێنە ناو ئەو گوندە و خەڵكی ئەو گوندە بپارێزێت.

---

1) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

2) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

3) (نوری ئۆمەر حەمەد) لە ساڵی (1942) لە گوندی (سێبیران) سەر بە شارەدێی (قوشتەپە) لە دەشتی هەولێر لە دایك بووە و ئامۆزای (مام وسو) بووە، لە كۆتایی (1961) بۆتە پێشمەرگە و تا (1964) لە هەموو شەرەكانی دەشتی هەولێر بەشدار بووە، دواتر لە شەڕەكانی (ئاسۆس، سەنگەسەر، زۆزگ و ... هتد) بەشدار بووە و لە (4ی ئازاری 1968) لە پشدەر لە سەر (پردی ژاراوە) شهید دەبێت. بە شێوەی كاتی لە پشدەر دەنێژرێت و دوای دە ڕۆژ لە (1968/03/14) تەرمەكەی دەبەنەوە بۆ زێدی خۆی لە دەشتی هەولێر و لەوێ دووبارە دەنێژرێت. (نوسەر)

4) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "شەڕی (گردە سۆری) بەو شێوە ڕوویدا کە چەندین سەیارە لە جاشەکان هاتن بۆ ئەوێ و پێشمەرگە لێیان دان، (بایز ئاغا و حاجی عوسمان) و چەند جاشی دیکە کوژران، هەندەکیشیان کە بیرم ماوە وەك (سابیری عەلەی، حاجی مەولود) بریندار بوو."[1]

(عەزیز مەولود) دەڵێت: "لە (1963/07/20) شەڕی (گردە سۆر)مان کرد بە سەرپەرەشتی (مام وسو دزەیی) کە چەند پێشمەرگەیەکی (برایم ئەفەندی) و (بورهان ئاغا)مان لە گەڵ بوون لە دژی جاشەکانی (خدری پاشا) کە (3) کوژراو و (12) بریندارمان جێهێشت، سێ (3) دیلیشمان گرت بە ناوەکانی (چاوشین، عەلی کۆر و ئاغا کۆر)."[2]

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "هێزی دوژمن نەدەهات بۆ (پۆریجە) و حکومەت بەهێز نەبوو، جار جار فڕۆکە بۆردمانی دەکردین. (پۆریجە) دەشتایی بوو و زۆر سارد، خۆمان لێ ڕانەگرت و چوینە ئەشکەوتی (مام خدرۆکی) لە (بانەمووردی). فڕۆکە وازی نەهێنا و ئەوێشی پێ چووڵ کردین، هاتینە ئەشکەوتەك لە سەرووی (ئازیانە) و لەوێماینەوە. بەڕۆژ خۆمان دەشاردەوە و بە شەو دەهاتینە دەرێ، کەل و پەلی نوستنمان پێ نەبوو و هەموو ئەو پیاوە زەریفانەی وەك: (مام وسو، ئەحمەد حەمەدەمین و مام سابیر کاکەشین) لە سەر عەردی جێیان خۆش دەکرد و دەنوستن."[3]

---

1) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

2) عەزیز مەولود حاجی، سەرچاوەی پێشوو.

3) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

## باسی سێهەم

## دەرهێنانی هێڵی شەمەندەفەر و لێدانی شەمەندەفەری (کەرکوك - هەولێر)

دەرهێنانی هێڵی شەمەندەفەر و لێدانی شەمەندەفەری (کەرکوك - هەولێر) یەك بووە لەو داستانانەی زۆر کاریگەری لە سەر جموجوڵی دوژمن بووە و زۆرینەی فەرماندە ئازاکانی ئەوکاتی دەشتی هەولێر تیایدا بەشدار بوونە و لە ڕاستیدا بۆ ئەوکات هەم ئازایانە و هەم نمونەیەکی تازە بووە، ئەو داستانە لە سەرەتای وەرزی هاوینی ساڵی (1963) و بە دروستی لە (6ی تەموزی 1963) بە ئەنجام گەیشتووە و ئەوکات ئەوان بارەگایان لە گوندی ئازیانە بووە. [1]

پێشمەرگە سەرەتا سێ ریز لە ئاسنی سکەی شەمەندەفەرەکەیان دەرهێناوە، دواتر بۆسەیان داناوە و وەستاون تا شەمەندەفەر بگاتە لایان. کاتی گەیشتنی سێ فارغۆنی شەمەندەفەرکە لە ڕێگە لادەدەن واتە وەردەگەرێت و ئەوکات شەڕ دەست پێ دەکات و ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و چەکدارانی ڕژێم لە ناو دەبرێن.

ئەو نەبەردیە بە سەرپەرەشتی (مام وسو) و بەشداری هەریەکە لە فەرماندەکان: (بورهان ئاغای دزەیی، سابیر کاکەشین، فارس باوە، سەید کاکە) و کۆمەڵێك پێشمەرگە قارەمان بووە. زیانی یەك جار زۆر بەر سەربازان و جاشەکانی ڕژێم کەوتووە کە بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان لە دەیان کوژراو بووە،ئەو نەبەردە بە قارەمانیەتی پێشمەرگە و بە خوێنی تنها یەك شهید و سێ بریندار هەبووە، دوای شەڕەکە ڕژێم دیسان دەکەوێتە ڕەش بگیری هاوڵاتیانی سێڤیل.

---

1) شازین هێرش، شۆڕشی ئەیلول لە چەند بەڵگەنامەیەکی مێژوویيدا 1961-1963، چاپخانەی ڕەنج، 2001، لا 89. هاتووە: "لە ڕۆژی 1963/07/06 دا، لە کات (8:15) سەرلەبەیانی دەستەیەك لە پێشمەرگە نەبەرد و قارەمانەکانمان پەلاماری شەمەندەفەری بەینی هەولێر و کەرکوکیاندا لە بەینی محەتەی (هەمزە کۆر- ئالتون کۆپری) و توانیان شەمەندەفەرەکە وەربگێڕن، بە (18) فارغۆنەوە لە سکەکەیان دوورخستەوە. (3) فارغۆنی پڕ بوو لە هێزی دوژمن لە پۆلیس و سەرباز، لە پاش شەڕێکی سەخت دوژمن ناچار بوو بەوەی تەسلیم بن. لەوکاتەدا (9) لۆری سەرباز ئەگاتە سەریان لەو دەشتەساکارەدا، لە ئەنجامدا پاش کوشتنی (15) سەرباز و (32) پۆلیس، دوو ئەفسەر و رەئیس صحەی هەولێر دەکوژرێت کە پیسترین بەعسی بوو." بەڵگەنامەی ژمارە 23، دەنگ و باسی شۆڕشی کوردستان ژمارە (4). لە هەمان سەرچاوە و لە لا (86) هاتووە: "لە 7-8/ حوزەیران هێزێکمان هێرشی بردە سەر شەمەندەفەری بەینی هەولێر و کەرکوك لە ئالتون کۆپری (40) کەسیان لە پاسەوان و پۆلیس و فەرمانبەرانی حکومەت بە دیل گرت و شەمەندەفەرەکەشیان سوتاند." بەڵگەنامەی ژمارە 22، دەنگ و باسی شۆڕشی کوردستان.

(عەزیز مەولود) دەڵێت: "لە مانگی (1963/07) لە ڕێی (شێراوە - پردێ) شەمەندەفەرێکمان وەرگێڕا کە نزیکەی (17) نەفەر دەبووین و نەفەرێکمان لێ شهید بوو ناوی (سوارە) بوو."[1]

"لە ساڵی (1963) لە ڕاستی دۆڵە بەکرەی لە سکەی ڤیتاری دا و ڤیتاری وەرگێڕا، کوڕێکی لە گەڵ شهید بوو کە خەڵکی قەرێتاغی بوو. ڤیتارەکە هی حکومەت بوو و بۆ خزمەتی سوپا بەکار دەهات. عەریف عەلی ڕەقەم یەك پەری بۆوە بەری (چۆمە زەردە) و بۆیە قوتاری نەبوو و گیرا. (سوارە محەمەد مەحمود قەرێتاغی)[2] لە شەڕی سکەی ڤیتار شهید بوو، (حوسین شێرە کولەکی) بە دووی کەوت لە گەڵ حاجی (ڕەسول عەبدوڵلا حوسێن) و هەر دووکیان بریندار بوون. بە گشتی پێشمەرگەکان بە دوو جێب بۆ ئەو شەڕە گواسترانەوە و شۆفێرەکانی ئۆتۆمبێلەکانیش (محەمەد بەربەیار) و (ئەحمەد قادر) ناسراو بە (ئەحمەد سوسکە) دەبێت."[3]

(سەید کاکە) نوسیویەتی: "لە ساڵی (1963) مەفرەزەیەکمان چووینە سەر ڕێگەی شەمەندەفەری نێوان (هەولێر و کەرکوك). لە گەڵ حیمایەی شەمەندەفەرەکە بۆ ماوەی یەك

---

1) عەزیز مەولود حاجی، دەست نوسێك بە ناوی (ڕاپۆرتێك لەسەر مێژووی ژیانم)، سەنگەسەر.

2) بهاءالدین مسعود محەمەد قەریتاغی، چاوپێکەوتن، هەولێر، (2020/07/30). کوڕی برای ئەو شهیدەیە و نوسیویەتی: "شهید (سوارە محەمەد مەحمود خدر) لە ساڵی (1940) لە گوندی (قەریتاغ) لە دەشتی (شەمامك) سەر بە (قەزای خەبات) لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایك بووە، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول لە (1961) پەیوەندی بە ریزەکانی پێشمەرگە دەکات و دەکرێتە جێگری مەفرەزە، لە گەڵ فەرماندە (مام وسو دزەیی) دەبێ و بەشداری لە شەڕی (قەرەچوغ) کردووە. دواتر ڕژێمی ئەوکاتی عێراق لە ڕێگەی شەمەندەفەر کە لە نێوان (موسل - کەرکوك) هاتووچووی دەکرد، دەیەوێت هەندێ کەس بگوازێتەوە لە موسل بۆ بەندیخانەی کەرکوك. لەو کاتە بارزانی نەمر فەرمان دەکات بچن بۆ ڕزگار کردنی کەسەکان لەناو ڤیتارەکە لە ڕێگای (شێراوەی پردێ). هەر لە ئەوێ دەبێتە شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی ڕژێم و پێشمەرگە، چەندان جاش و سەرباز بەژدار دەبن و بۆ پارێزگاری ڤیتارەکە هەتا فڕۆکەی کۆپتەر بەژداری دەکات، لە ئەنجامدا ڤیتارەکە تێك دەشکێنن. بەڵام زۆر مەخابن دوای شەڕێکی قارەمانانە شهید (سوارە) شهید دەبێت و جەنازەی پیرۆزی دەکەوێتە دەست جاش و سەربازی ڕژێم. دواتر تەرمەکەی بە دوای سەیارەوە ڕادەکێشن و سوکایەتی پێ دەکەن، تا ئێستاش نازاندرێت گۆڕەکەی لە کوێیە. ئەو بنەماڵە دوو شهیدی دیکە لە ئەیلول بە کورد و شۆڕشەکەی بەخشیوە:

-(عەزیز محەمەد مەحمود خدر) لە (1974) لە چیای (حەسەن بەگ) شهید بووە و هەرلەوێ نێژراوە تا ئێستاش تەرمەکەی هەر لەوێ یە.

-(مەحمود کاکل محەمەد مەحمود خدر) لە (هێزی حەمرین) لە ساڵی (1974) بە دیلی دەکەوێتە دەست هێزەکانی ڕژێم، ئەوان دەیبەن بۆ یەکێك لە بەندیخانەکانی شاری موصل و لەوێ لە (1974/08/22) لە سێدارەی دەدەن. تەرمەکەی نەدراوەتەوە باپیرم و تا ئێستاش کەس نازانێت گۆڕەکەی لە کوێیە.

3) حاجی ڕەسوڵی لهێبان، عوسمان سەعید و سیامەند ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

سەعات بۆوە شەڕمان. پێشمەرگەیەکی قارەمان لە پەلی (بۆرهان ئاغا) بە ناوی (سوارە) خەڵکی گوندی (قەرێتاغ) شهید بوو و دوو پێشمەرگەش لە هەمان پەل بریندار بوون و بەڵام سەربازێکی زۆریان کوشت."[1]

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "بارەگامان لە ئازیانە بوو کە بڕیاریاندا لە سکەی ڤیتاری شێروانی بدەن، جەماعتەکە بریتی بوون لە پێشمەرگەکانی: (مام وسو، بورهان ئاغا و سابیر کاکە شین). جەماعەت لە ئەوێ دامەزران، بەڵام پێش گەیشتنی ڤیتارەکە هەندێ شوێنی سکەکەیان هەڵوەشاند و خەرایان کرد. کاتێك ڤیتار گەیشتە ئەوێ یەکسەر وەرگەڕا و بەڵام لەوکاتەدا ڕژێم سەربازی دەگواستەوە بۆ ناوچەکە و بۆیە ئەوانیش کەوتنە شەڕ و وەك دونیا خەراپ بوونی لێهات، ئەگەر هێزی پاڵپشتی بۆ دوژمن نەهاتبووایە ئەو سەربازانەی لە ڤیتارەکەدا بوون هەموویان دەکوژران یا ئەسیر دەبوون. تەقە توند بوو و شەڕ سەخت بوو، بە سەختی دەستمان بە پاشەکشە کرد و گوتیان (مەلۆی خدانی) شهید بووە و بەڵام وانەبوو، (سوارە خەلکی قەریتاغی) لە ئەوێ شهید بوو کە زۆر بە (مەلۆی) دەچوو، بە داخەوە تەرمی سوارە لە ئەوێ بەجێما. (مام وسو) و هەموو جەماعەتەکەی هاتنەوە و بەڵام شڕ ببوون چونکە سەربازەکان زۆر بوون و فڕۆکەش لە دوایان بوو، تا سێ ڕۆژ دوای شەڕەکەش تەیارە هەر وازی لێ نەدەهێناین و ناوە ناوە دەهات تەقەی دەکرد."[2]

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "جارێك چووین بۆ سەر ڕێگەی ڤیتاری حکومەت و پێش هاتنی ڤیتارەکە دەستمان بە دەرکێشانی سکەی هاتووچووی ڤیتارەکە کرد و دەرمان هێنان، بۆ ئەوەی ڤیتارەکە لە کاتی هاتن بۆ ئەوێ وەربگەڕێت. ئەو کات (حاجی ڕەسول) هەبوو خەڵکی گوندی (لهێبان) بوو، کوڕەکەی ناوی (نامیق) بوو و بەڕێوەبەری بانك بوو لە بانکی لای چایخانەی بایزی. بە سەختی بریندار بوو و ورگی تەقی بوو، هەر چونێك بێت ناردمانە نەخوشخانە و چاك بۆوە تا سێ ساڵ پێش ژیا. لەو شەڕەدا کۆمەڵێك پۆلیس کوژران، دواتر حکومەت دەستی بە ڕاوەدوونانی خەڵك کرد و چەندین کەس دەستگیر کران، لەوانەی لە بیرمە (سابیر حاجی ئەمین، خدرۆکی رەجەبی) گیران."[3]

(عوسمان سەعید) دەڵێت: "جارێکی دیکە مەفرەزە هاتن لە ڤیتاری حکومەتی عێراقیاندا و وەریان گێڕا. پێشمەرگەیەك شهید بوو خەڵکی (سوربەشی همزەی) بوو، چەند پێشمەرگەیەکی بارزانی هات بوون بۆ لامان و لەو شەڕە بەشدار بوون، (مام وسو) گوتی: (یەکمان بەجێ ماوە دەچم بۆ هێنانەوەی)، بارزانیەك بە ناوی (مام عومەر) وتی: (مام وسو) مەچوو بە دوایدا، ئەو

1) سەید کاکە ئیسماعیل، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، لا 31.

2) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

3) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

پێشمەرگەیە هەستا و ڕزگاری بوو، با نەکوژرێی حکومەت بە توندی هجوم دەکات و دواتر دەرکەوت لەوێ شهید بووە."[1]

خەسڵەتی (مام وسو) بە شێوازی زۆر جیا بوونە، بۆ نمونە لە دوای شەڕەکە هەوڵی دەدات لە ڕێگەی خزم و دۆست و ناسیاوەکان،زانیاری لە بارەی بریندار و کوژراوەکانی جاشەکان کۆبکاتەوە کە لەو شەڕە بەشدار بوونە و خەڵکی ناوچەکە بوون. لەم بارەوە (عوسمان سەعید) دەڵێت: "(مام وسو) وەڵامی نارد بچوو بۆ خستەخانە بزانە بریندارەکانی جاش چوونن، چومە خستەخانەی هەولێر، کەسێك بە ناوی (حاجی عوسمان) خەڵکی (گەڕە شێخان) برینداری جاشەکان بوو، کە منی دیت گوتی: (کوڕم بڕو لە لای من ڕامەوەستە، دەشمان کوژن و سەریشمان لێ دەدەن بزانن کەی دەمرین). دواتر گەڕامەوە بۆ لای (مام وسو) و گوتم: (فلان و فلان مردوون و حاجی عوسمان باشە)."[2]

ڕژێم دوای ئەو نەبەردیە بە خێرایی هێز دەنێرێت و بەڵام پێشمەرگەکان ڕزگاریان دەبێت، بۆیە هێرش دەکاتە سەر ئەو ناوچەیە کە بارەگاکانی پێشمەرگەی لێ بووە. (سەید کاکە) دەڵێت: "کاتێ هاتینەوە بۆ دێدەوان، لە گوندی (ئازیانە) کە چل کیلۆمەتر لە (ئالتوون کۆپری) دوورە، هێرشەکی گەورەی میریمان بۆ هات و بۆ ماوەی سێ کاتژمێر بۆوە شەڕمان. لە ئاکامدا دوژمن شکا، نزیك (4 )حەرەس قەومی و (3) جاش و چەند سەربازەك کوژران. ئۆتۆمبێلەکیشمان لێ گرتن، ئێمەش هەمووومان ساغ و سەلامەت بووین. شایەنی باسە لەم شەڕەدا (مام وسو، سابیر کاکە شین، بورهان ئاغا، ئەحمەد حەمەدەمین، عەلی حوسین، مام عەلی کۆسە، فارس باوە) ڕۆڵێکی زۆر ئازایانە و باشیان دیت."[3]

ئەم نەبەردیە دەنگدانەوەی زۆر هەبووە و تەنانەت ئەوکات لە بڵاوکراوەی دەنگ و باسی شۆڕشی کوردستان بە گرینگیەوە بەم شێوەیە باسی دەکرێت. "دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی هەولێر لە ڕۆژی (6ی تەمووزی 1963) کاتژمێر (8:15) خولەکی بەیانی پەلاماری شەمەندەفەری نێوان (هەولێر - کەرکوك) یان دان توانیان زیانێکی زۆر بە هێزەکانی حکومەت بگەیێنن، (3) فارگۆنی شەمەندەفەرەکە هێزی پۆلیس و سەرباز بوون، دوای هاتنی هێزێکی زۆری حکومەت شەڕێکی سەخت روویدا، لە ئەنجامدا (15) سەرباز و (32) پۆلیس لەگەڵ (دوو) ئەفسەر بە پلەی جێدار (ملازم) و (بەرێوەبەری تەندروستی هەولێر) کوژران".[4]

ناوی بەشێك لەو پێشمەرگانە زاندراوە کە بەشداری ئەو نەبەردیە بوون و ئەوانیش: (مام وسو دزەیی، سابیر کاکە شین، برهان ئاغا، ئەحمەد حەمەدەمین، عەلی حوسین، مام عەلی کۆسە، فارس

1) عوسمان سەعید، سەرچاوەی پێشوو.

2) عوسمان سەعید، سەرچاوەی پێشوو.

3) سەید کاکە ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا (31).

4) د. شوان محەمەدئەمین خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، لا 126.

باوه، سەید کاکە، عەلی تەکتریۆف، نوری حاجی ئۆمەر، خەلیفەی حاجی عەلی پونگینەی، ئەحمەد قادر ڕێزبار، عەبدوڵلا عەزیز، عومەر حاجی سلێمان، عەزە گورگە، مەلۆی خدانێ، حوسێن شێرە، ڕەسوڵ حاجی عەبدوڵلا، سوارە محەمەد مەحمود، حوسین شێرە کولەکی، ڕەسوڵ عەبدوڵلا حوسین، عەریف عەلی رەقەم یەك، چەند پێشمەرگەیەکی بارزانی و .... هتد).

## شەڕی کانی بزرە و کوژرانی عەلی هەینی

لەو ماوەیەدا بەردەوام وردە پێك دادان و شەڕ لە گەڵ جاش و سوپای ڕژێمی ئەوکات هەبووە، هەندێك جار شەڕەکان گەورەتر بوونە و زیانی زۆر بەر دوژمن کەوتووە، هەروەها هەندێك جار زیان بەر پێشمەرگە کەوتووە، بە شێوەی گشتی پێشمەرگە خاوەن ورەی بەرز بووە، هەرچەندە چەکی کەم و سادەی پێ بووە، بەڵام هیچ کات سڵی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن نەکردووە.

سەید کاکە دەڵێت: "هەر لەو ساڵەدا دوژمن بە جاش و سەرباز و زرێپۆش و تۆپ هێرشێکی بەرەو گوندی (پالانیان و سەردەشت) هێنا، ئێمەش لە (کانی بزرە)ەوە پێشمان لێ گرت و بۆ ماوەی سەعاتێك بۆوە شەڕ و ئێمە شکاین، لە پاش نیوەڕۆ هێرشێکی پێچەوانەمان کردە سەر دوژمن و زیانەکی زۆرمان لێ دا و لە ئەنجامدا شکا، بە سەر شۆڕی هەڵات و (3) لاشەی لێ بەجێ ما لە ناویاندا جاشەك بە ناوی (عەلی هەینی) هەبوو.[1]

کۆمەڵێك لە پێشمەرگە کۆنەکان دەڵێن: "دوای شەڕی (قەشقە) شەڕ کەوتە سەر (کانی بزرە) حکومەت و جاش سوتاندیان (عەلی هەینی دێگەڵە و پێنج جاشی زێباری) کوژران، (ئیبراهیم ئەفەندی)[2] سەرپەرەشتی شەڕەکەی کردووە.[3]

---

1) سەید کاکە ئیسماعیل، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، لا 35.

2) (ئیبراهیم ئیسماعیل عومەر) ناسراو بە (ئیبراهیم ئەفەندی) لە ساڵی (1924) لە گوندی گردەپانی دەشتی قەراج) هاتووتە دونیا. تا ناوەندی خوێندووە، بۆتە پۆلیس و (مأمور مرکز) بووە لە بنکەی پۆلیسی خانەقای هەولێر. لە کۆتایی پەنجاکان پەیوەندی بە (حزبی شیوعی) کردووە و لە سەرەتای شەستەکان پەیوەندی بە پارتی کردووە، لە سەرەتای (1963) بۆتە (پ.م). کەسایەتیەکی تێکۆشەر و بەناوبانگی دەشتی هەولێرە. لە پێشمەرگە و فەرماندە دیارەکانی سەرەتای ئەیلولە، لە سەرەتای (1964 ) دەگواسترێتەوە بۆ سنوری سەفین و دواتر بۆ پشدەر، لە (مستەفا بارزانی) نزیك بووە. لە لایەن چەکدارانی باڵی (م. س) سەر بە حکومەت لە (1966/06/13) شەهید کراوە، وێنەیەکی شەهید لە ئالبومی وێنەکان داندراوە. مسعود بارزانی لە پەرتووکی (بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لاپەرە 224) لە بارەی ابراهیم ئەفەندی دەڵێت: (لە ئازایەتیدا نمونەیەك بوو کە چاوی لێ بکرێت). (لە بنەماڵەی شەهید و لە پەرتووکی سەربوردەی نەمران وەرگیراوە، نوسەر)

3) حاجی ڕەسوڵ، عوسمان سەعید و سیامەند ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "لە (1963) لە وەرزی هاوین لە (بێستانە) شەڕێکی گەورە بوو و تیایدا چەند جاشەك لە جاشە (مزوریەکان) کوژراون و کەسێك خەراپەکار بە ناوی (عەلی هەینی) کە سەر بە ڕژێم بوو کوژرا."[1]

**شەڕی ئازیانە و بریندار‌بوونی مام وسو**

هێرشی ڕژێم بەرەو شارۆچکەی (کۆیە) دەست پێ دەکات و شەڕ سەخت دەبێت، ڕژێم شاری (کۆیە) دەگرێت و کۆمەڵ کوژی دەکات. پێشمەرگە هێڵی بەرگری لە چیای (هەیبەت سولتان) دادەنێت و بە فەرمانی سەرکردایەتی شۆڕش، هێزێك لە پێشمەرگەگانی دەشتی هەولێر بۆ چیای (هەیبەت سوڵتان) دەچن.

لەم بارەوە (غەفور مەخموری) دەڵێت: "بڕیاردرا هێزەکەی ئێمە لە گەڵ (مەلا غەریب) بچینە (هەیبەت سولتان) و چوینە ئەوێ، (عومەر دەبابە و مەلا ماتۆر)یش لەوێ بوون. ئەوان بوون بە لێپرسراوی هێزەکەی ئێمە، ئەوان لە گەڵ (مەلا غەریب) (40) کەسێك دەبوون و ئێمەش لە گەڵ (فارس باوە) (30) کەسێك."[2]

هاوکات لە زۆربەی سەرچاوەکاندا باسی چوونی دوو هێز بە فەرمانەدەیی (مام وسو دزەیی و فارس باوە) بۆ بەشداری کردن لەم شەڕە دەکەن. لەم بارەوە (د. شوان محەمەد ئەمین) نوسیویەتی: "دوابەدوای داگیرکردنی (کۆیە) هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کرد و هێڵی بەرگری لە چیای (هەیبەت سولتان) دامەزراند، هێزێکی تری پێشمەرگە لە بنکەی (پیرەر)ەوە هات و بوونە دوو کۆمەڵە یەکێکیان بە فەرمانەدەیی (فارس باوە) بوو ئەوەی تریش بە فەرمانەدەی (مام وسو دزەیی) بوو، دوای شەڕێکی (3) ڕۆژەی خوێناوی بە دەیان و سەدان کەس لە هێزی حکومەت کوژران، بەڵام بە هۆی جیاوازی توانا سەربازیەکان و نەمانی فیشەك و ئازەقە، هێزی پێشمەرگە شکا و چیاکەش داگیر کرا و هێزەکەی دەشتی هەولێر پەڕاگەندە بوون."[3]

---

1) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

2) غەفور ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، لا 6.

3) د. شوان محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، لا (120).

-خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، لا (119). ناچار هێزی پێشمەرگە کشایەوە و هێلی بەرگری لە چیای هەیبەت سولتان دامەزراند، بە گوێرەی ئەو داوایەی کە لێیان کرابوو هێزێکی تری پێشمەرگە لە بنکەی پیرەر بۆ ئەم هێڵە بەرگرییە هات کە دوو کۆمەڵە بوون، یەکێکیان بە سەرکردایەتی فارس باوە و ئەوەی دیکە بە سەرپەرەشتی مام وسو دزەیی بوو.

-محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو، لا (194). (مام وسو دزەیی) لە شەڕەکانی چیای باواجی و هەیبەت سولتان بەشداری دەکات و ڕۆڵی ئازایانە و چالاکانەی دەبێت.

دوژمن ئەو دوخە بە سوودی خۆی دەبینێت، بۆیە هێزەکی باش دەنێرێت بۆ سەر هێزی پێشمەرگە لە گوندی (ئازیانە) و دەوروبەری، بەڵام بە ئازایەتی پێشمەرگە و فەرماندکانی تێك دەشکێت. (خورشید شێرە) دەڵێت: "دوژمن ئەوەی بە هەل زانی هێزێکی گەورەی کردە سەر هەر دوو گوندی (قەشقە و پەلکانە) کە لە (2) فەوجی سەرباز و ژمارەیەك جاش پێك هات بوو."[1]

دیارە چەند شەڕ و ووردە شەڕ لە ئازیانە روودەدەن و بەڵام لەم شەڕەدا کە شەڕێکی سەختیش بووە (مام وسو) بریندار دەبێت و (عوسمان ناسراو بە عوجان خەڵکی دوکەڵە) لە شەڕی (ئازیانە) بریندار بوو "لە شەڕی ئازیانەی (مام وسو) بریندار بوو و ئێمە بۆ خۆمان چەند رۆژێك تەداویمان دەکرد، چونکە دکتوری لێ نەبوو. بەڵام باری تەندروستی (مام وسو) باش نەبوو و بۆیە بە ناچاری بردیانە (ماوەت) بۆ چارەسەر، ماوەیەك لەوێ مایەوە تا بە تەواوەتی چارەسەر بوو."[2]

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "دواتر شەڕی (ئازیانە) لە کوتایی هاوین و سەرەتای پاییز ڕوویدا و لەو شەڕەدا (مام وسو) بریندار بوو، بۆیە ناردیان بۆ ناوچەی (ماوەت) و پاش چاك بوونەوەی هاتەوە."[3]

(عەزیز مەولود) دەڵێت: "لە (1963/09/12) حکومەت بە جاش و جەیشەوە (3) رۆژ لە سەر یەك هێرشی کرد بۆ (ئازیانە)، ئێمەش نەمان هێشت یەك بست بێتە پێشەوە و (مام وسو دزەیی) لەو شەڕە بریندار بوو."[4]

### بارودۆخی پێشمەرگە لە بنکەی پیرمر و ڕێکخستنەوەیان

بە هۆی ئەوەی شاری (کۆیە) و چیای (هەیبەت سولتان) دەکەوێتە دەست ڕژێم، بە فەرمانی شۆڕش بارەگاکانی پێشمەرگە دێنە ناوچەی (پیرمر) و دەوروبەری (دێگەڵە)، بە گشتی تەواوی بارەگاکای پێشمەرگە لە ئەوێ لە دۆخی سەخت دابوون و پێشمەرگەکان دەڵێن: "ئەو ماوەیە مەفەرمان بردە (دێگەڵە) و چەند مانگ لەوێ خۆمان گرت، کە (مام وسو) لە چارەسەر هاتەوە لە دیگەڵە بووین و ئەویش هاتە ئەوێ، لەوێش هەر هیچمان نەبوو و هەمووان لە سەر زەوی دەنوستن. ئەو ماوەیەی (مام وسو) لەوێ نەبوو، (عەلی حوسێن) لە جێی بوو و هەر چەندە (مام سابیر) پیاوەکی گەورە بوو و بەڵام (عەلی) لە جێگەی ئەو بوو."[5]

ساڵی (1963) ساڵێکی سەخت و پڕ هەوراز و نشێو بووە، بۆ پێشمەرگەش سەختی و ناخوشی زیاتر بووە بە تایبەت کە نە پێخەف و نە خۆراکیان نەبووە، (خورشید شێرە) دەڵێت: "ئەوکات

1) خورەشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، لا 119.

2) عوسمان سەعید ئەحمەد، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

3) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

4) عەزیز مەولود حاجی، سەرچاوەی پێشوو.

5) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

بەرپرسی لقی (2) (حەمەی حاجی تاهیر) بوو خەڵکی (سلێمانی) بوو و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو، داوایان لە من کرد لە ڕووی دابین کردنی خواردەمەنی و پێخەف سەرپەرەشتی پێشمەرگە بکەم، چونکە پێشمەرگە نە نانێکی هەبوو و نە پێخەف."[1]

(حاجی محیەدین غەفووری) دەڵێت: "دوای هێرشی دوژمن بۆ (قەرەچووغ، ناوچەی قەشقە و خۆڕخۆڕ) پێشمەرگەکان ناچار بوون ڕوویان کردە ناوچەی (کۆیە) و لە گەڵ کاک (محەمەد حاجی تاهیر) هەموومان دامەزراندن. لە پێشەوە ئەم بەڕێزانە هاتن: (ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی، مام وسو دزەیی، فارس باوە، حەسەن مستەفا، کاک توفیق ناسراو بە ئازاد، مەلا غەریب، مەلا محەمەد دیبەگەیی، قادر شۆڕش)، دوایی پێشمەرگەکان هاتن و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنمان کردن".[2]

(عوسمان سەعید) دەڵێت: "ئەوکاتی کە بارەگامان لە دێدەوان دانا (عەلی تەکتریۆف و فارس باوە) سەر دەستە بوون، دوایی دۆخەکە گەورەتر بوو و ئەوانە بوونە سەر پەل، (خەلیفە مەحمود) سەر پەلی بارەگای بوو. لە (بانە قەڵاتێ) بووین و (خورشید شێرە) لە (سەفینی) هات بۆوە، کاتی خۆی بریندار ببوو و بۆوە بەرپرسی ئیداری ئەو هێزە. (ئەحمەد ڕەشوانی) بەرپرسی ئازوقە بوو و (ئەمجەد شێخ مستەفا) بەرپرسی تەقەمەنی و ئەمنیش ڕابەر سیاسی بووم."[3]

دۆخی پێشمەرگە ناخۆش بوو، گەرمای هاوین بەرەو سەرمای پاییز هەنگاوی دەنا و هیچ جۆرە پێخەف، خانوو و خواردن بۆ پێشمەرگە نەبوو، تەنانەت چەکیش زۆر کەم بوو و لە گەڵ ئەوەشدا خەڵکی تازەش دەبوونە پێشمەرگە و ژمارەیان لە زۆربووندا بووە. سەرەرای هەموو ئەو سەختی و ناخۆشیانەی باس کران، ناوە ناوە فڕۆکەکانی ڕژێمیش بۆردمانی ئەو پێشمەرگانەی کردووە و ژمارەیەك برینداریش لە پێشمەرگە هەبووە.

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "(مام وسو) هاتەوە ماوەیەکی دیکە لە دیگەڵە بووین، هیچمان نەبوو لە خواردن و پێخەو، چاوەڕوان بووین خەڵك شتمان بۆ بێنێت و هەندەك یاتاغمان لە خەڵك وەرگرت بوو، وەرز سارد ببوو و باران زۆر دەباری. ڕۆژەك (مەلا ماتۆر، ئەحمەد حەمەدەمین، کاك موحسین و کاکە حەمە حاجی تاهێر و ئەوانە) هاتن و ئێمە وامان زانی هێزە هاتووە. بەڵام ئەوان بە میوانی هات بوون و ئێمەش هیچمان نەبوو بۆیان ڕابخەین، ئەوکات ئاژەڵی قەسابان زۆر بوون و بە لای ئێمەدا دەهاتن، هەرچی دەهات یەك دوو سەر ئاژەڵی بۆ بەجێ دەهێشتین. دەرەیەکمان بۆ کوشتنەوە و بۆمان لێنان، تا ئێوارە مانەوە و دوایی گوتیان: (مام وسو ئەمە دەچینە پیرەری، لەوێ ڕێکخستنەوەی هێزەکەتان دەکەین). ئەوان ڕۆیشتن، بۆ ڕۆژی دواتر هەموو ڕۆیشتین بۆ ئەوێ، خەڵکی زۆریان کۆ کردبۆوە و لەو دۆڵەی دەت گووت ڕۆژی عەشرێیە، ئەو

1) خورەشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، لا 117.

2) حاجی محیەدین ئەسعەد غەفووری، دەست نووس، چوارشەمە، (2020/12/02).

3) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

هەموو خەڵکەی لێ بوو. هێزەکەیان ڕێکخستەوە و (مام وسو) بۆوە لێپرسراوی سەربازی دەشتی هەولێر، (مام سابیر، عەلی حوسین، ئەحمەد تەکتریۆف و بورهان ئاغا) بوونە سەرپەل. "[1]

خورشید شێرە دەڵێت: "لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1963) (مەلا ماتۆر) بە نوێنەرایەتی سەرکردایەتی هاتە بنکەی (پیرەر) و مەبەست لە هاتنەکەشی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بوو، هەندێ پارەشی وەك یارمەتی هێنابوو کە هەر پێشمەرگەیەك (2) دیناری پێ درا، پاش هاتنی (مەلا ماتۆر) من گەڕامەوە گوندی (گۆمەشین) و دەستم بە ئیشوکاری خۆم کردەوە."[2]

(حاجی محیەدین غەفووری) دەڵێت: "تێکۆشەر کاك (عومەر دەبابە) سەردانی کردن و بەخێر هاتنی گەرمی لێ کردن، ئەوەی شایانی گوتنە بەرێزان (مام وسو دزەیی و فارس باوە) گوتیان ئێمە لە بارەگا دانانیشین و دەمانەوێت گورزی توند لە دوژمن بوەشێنین، تنها ئێوە یارمەتی ئازووقە و فیشەکمان لێ مەبڕن."[3]

## ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەی دەشتی هەولێر

ماوەیەك (د. خالید سەعید) دەبێتە فەرماندەی (لقی ئاسۆس) لە (بەتالیۆنی یەکی هێزی کاوە) و لە ناوچەی دەشتی هەولێر دوور دەبێت، لە مانگی ئەیلول لە گەڵ پێشمەرگەکانی بە ئەرك دێتەوە بۆ دەشتی کۆیە. ئەوکات ئەرکی تازەی لە دەشتی هەولێر پێ دەدرێت و دوای ماوەیەك لە شوێنی ناوبراو (خورشید شێرە) ئەرکی بەرپرسیاریەتی (لقی ئاسۆس) وەردەگرێت و دەگوازرێتەوە بۆ (ناوچەی مەرگە)[4].

پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر کە زیاتر لە دوو مانگ بوو لەو بارودۆخە سەختەدا بوون، بە ڕێکخستنەوەی هێزەکەیان زۆر خۆشحاڵ بوون. ڕێکخستنەوەکە وەك هەمووان باسیان لێوە کردووە بەم شێوەیە بووە:

- (د. خالید) فەرماندەی لقی (2) ی پارتیزانی هەولێر.
- (مام وسو دزەیی) جێگری فەرماندە و بەرپرسی سەربازی لق.
- هەریەکە لە: (بورهان ئاغای دزەیی، سابیر کاکە شین، عەلی حوسین، ئەحمەد تەکتریۆف و فارس باوە) دەبنە سەرپەل.

---

1) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

2) خوڕشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، لا (120).

3) حاجی محیەدین ئەسعەد غەفووری، سەرچاوەی پێشوو.

4) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

ڕەحمان قادر عومەر، عوسمان سەعید، سەرچاوەی پێشوو.

قۆناغی دوای ڕێکخستنەوە دەست پێ دەکات و فەرمان دەدرێت تا پێشمەرگە بارەگاکانی بەرەو ناو دەشتی هەولێر بگوازێتەوە. دوای ئەوەی ووردبینی دەکرێت، بڕیاری پێویست دەدرێت و بارەگاکان دەگوازرێنەوە بۆ ناوچەی (دۆڵە دەماچە) کە تا ڕادەیەك ستراتیژی بووە و ناوچەی نیشتەجێی (خێڵی مەنتکە) لە هەولێر.

(غەفور مەخموری) دەڵێت: "پاش ئەوەی لە (بێتواتە) گەڕاینەوە بۆ (دێگەڵە) و بارەگامان هێنایە (سەرمەزرا و دۆڵە دەماچە). ماوەیەکی کەمی پێ چوو هێزەکان تشکیل کران، (دکتۆر خالید) بۆوە سەر لق و (مام وسو)ش بۆوە جێگری، ئەوکاتەش پەل هەبوون و چەند کەسێکیش کرانە سەرپەل لەوانە: (فارس باوە، عەلی تەکتریۆف، جەوهەر کە خەڵکی دۆڵەزەرد بوو) ئەمانەش هەرسێکیان بوونە سەرپەل. ئەوەی من دەیگێرمەوە کوتایی ساڵی (1963) و سەرەتای (1964) بوو."[1]

(سەید کاکە ئیسماعیل) دەڵێت: "لە دوای ئەو شەڕانە (مولازم ئیسماعیل) بۆوە بەرپرسی لقی (2)ی پارتی و بارەگای هێنایە (بانە قەڵات). (دکتور خالید) بۆوە سەر لق و (مام وسو) بۆوە بەرپرسی سەربازی، لەم ماوەیەدا زۆربەی خەلکی گوندەکان لە ترسی ئیرهاب و توقاندنی ڕژێم، چەکیان بۆ حکومەت هەڵ گرت بوو."[2]

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "گوتیان دەبێت بچنەوە ناو (دەشتی هەولێر)، بۆیە (مام وسو) جەولەیەکی کرد و ڕۆیشتین بۆ (دۆڵە دەماچەی) کە ناوچەی مەنتکان بوو و لە ڕووی سەربازی زۆر باش بوو و زۆر عاسێ بوو. ئەو کەسانەی ڕۆیشتین هەموو خۆیی بووین لەوێ و پانزدە کەسێك لە گەڵ (مام وسو) بووین لە (سەر مەزرایە)، (سابیر کاکەشین) لە گەڵ قەوەتەکەی لە (بانە موورد) بوو و (ئەحمەد تەکتریۆف) لە قەشقەی دامەزرا."[3]

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "دواتر بارەگامان چووە (دۆڵە دەمانچە)ی نزیك (بیستانە) و بارەگای (فارس باوە) کە سەر پەل بوو لە لای (مام وسو) لە نزیکمان بوو."[4]

دوای ئەوە هەر (پەلێکی پێشمەرگە) لە یەك لەو گوند یا شوێنە گرینگەکانە لە ناوچەی دۆڵە دەماچە جێگیر دەبن و ئیتر قۆناغی تازە لە چالاکی پێشمەرگە دەست پێ دەکات، دوای کەمتر لە سێ مانگ لەو گۆڕانکاریە (د. خالید) دەکرێت سەرپەرەشتیاری پێشمەرگەی هەولێر و (مام وسو) دەکرێتە سەرلقی پێشمەرگەی هەولێر.

لە سنوری (دەشتی کۆیە، چیای باواجی و هەیبەت سوڵتان) چەندین شەڕ روویان داوە و لە یەکێك لەو شەڕانە (ئەحمەد چەلەبی کۆیە) دەکوژرێ. لە ئەنجامی ئەو شەڕانە و لە سنوری

---

1) غەفور ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، لا 6.

2) سەید کاکە ئیسماعیل، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، لا 32.

3) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

4) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

دیگەڵە (عەلی برنۆی دێگەلە)[1] و تاقمێك هاووڵاتی دیکە پەیوەندی دەکەن بە شۆڕش و لە لقی (مام وسو) دەبن بە پێشمەرگە. لە سەرەتای ساڵی (1964) و لە مانگی یەکی ئەو ساڵە بۆ جاریکی دیکە لقی هەولێر ریك دەخرێتەوە.[2]

## چەك كردنی بەشێك لە چەكدارەكانی (خدری پاشا)

چەند ڕۆژێك دوای ئەوەی پێشمەرگە لە (دۆڵە دەماچە) جێگیر دەبن، زانیاری پێویست لە بارەی بارەگاکانی چەكدارانی سەر بە حكومەت و چەكەكانیان وەردەگرن. ئیتر پێشمەرگە دەست دەكات بە چالاكی بۆ چەك كردنی ئەوان كە دوو سوودی هەبووە، لە لایەك دەبوو بە هۆی ترساندنی ئەو چەكدارانە و لە لای دیكە دەبوو بە سەرچاوە بۆ دابین كردنی چەك بۆ پێشمەرگە. وەك دەگوترێت: "لە مانگی (1963/10) بە سەر چەكدارەكانی (خدری پاشای) لە دۆڵەبەكرەیان دادا، بە فێڵ و بەبێ تەقە هەموو ڕەبیەكانیان گیران، زۆربەی چەكدارەكان كەسوكار و ناسیاوی پێشمەرگەكان بوون."[3]

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "شەوێك گوتیان دەڕۆین بۆ خواریێ مەفرەزەیەك ئامادە كرا، چوینە سەر چەكدارەكانی (خدری پاشا) و دەورەمان گرتن. (مەلۆی خدانی)مان نارد بۆ ناویان و دەنگیاندا وتیان كێیە؟ ووتی منم مەلۆ، مەڕی خدریم هێناوەتەوە، ئەوانیش دەورەیاندا و كەوتنە یەكتر ماچ كردن، لە نەكاو دەورەماندان و هەندەكیان هەڵاتن و هەندەك گیران، بەڵام هیچ تەقە نەبوو. كاك ئەحمەد تەكتریۆف گوتی: (بۆ نەیان كوژین)، گوتمان: (هەر كوشت و بڕ نیە و ئەوانیش كوردن)، چەكەكانمان لێ كردنەوە، هەندەكمان لە گەڵ خۆمان بردن (عەزیزە كۆر) یەك لە چەكدارەكان بوو. دواتر ئەسیرەكانمان هێنان لە گەڵ تفەنگەكان و بەیانی گەیشتینەوە نانمان خوارد، ڕاپۆرت نوسرا بۆ سەرێ و ئەسیرەكانمان ناردن بۆ قەڵادزێ. لە ڕاپۆرتەكە نوسرا "ئەوانە شەڕیان نەكردووە" و (12-13) تفەنگمان دەست كەوتووە، پاش ماوەیەك لە قەلادزێ ئەسیرەكانیان ئازاد كردن و هاتن بۆ سەردانی ئێمە."[4]

---

1) (عەلی حەمەد عەبدوڵرەحمان) ناسراو بە (عەلی برنۆ) لە ساڵی (1925) لە (دێگەڵەی هەولێر) لە دایك بووە و لە ساڵی (1962) لە ڕێگەی (مام وسو دزەیی) پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول كردووە، لە ساڵی (1965) پلەی سەرپەلی وەرگرتووە لە بەتالیۆنی دەشتی هەولێر كە هێشتا سەر بە هێزی سەفین بووە. لە ساڵی (1967) بۆتە سەر لق و لە (2005) كۆچی دوایی كردووە. وەرگیراوە لە پەرتوكی: (عەبدوڵلا مەلازادە، كورتە باسێك لەسەر پێكهاتەی عەسكەری لەشكری شۆڕشگێڕی كوردستان لە ساڵی 1965 تا 1975، هەولێر، 2020، لا 95)

2) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

3) حاجی ڕەسوڵی لهێبان، عوسمان سەعید و سیامەند ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

4) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

## دانانی کەمین بۆ حەمەی سابیری سەرۆك جاش

(حەمەی سابیر) یەك لەو سەرۆك جاشانە بوو کە هەمیشە ناوی بە خەراپ هاتووە و هەموو کات هانی چەکدارەکانی داوە مامەڵەی خەراپ لە گەڵ خەڵکی سادەی گوندنشین بکەن. بۆیە هەمیشە شۆڕش و پێشمەرگە و تەنانەت دانیشتوانی سادەی گوندەکان ئاواتی لەناو چونیان بۆ خواستووە و چەند جارێك لە لایەن پێشمەرگە هەوڵ دراوە لە ناو ببرێت.

(غەفور مەخموری) دەڵێت: "ڕۆژێك خەبەرمان بۆ هات کە حەمەی سابیری ئێواران لە هەولێر بەرەو قوشتەپە دەچێت، بۆیە ئەگەر بکرێت ڕۆژێك بچینە سەر ڕێگای و زەبرێکی لێ بوەشێنیین، گوتیان تنها یەك سەیارەی پێیە و ئەگەر پێش ئێوارە بچینە سەر ڕێگای دەتوانین زەبری لێ بدەین، ئەوە بوو (30) کەسێك لە گەڵ (مام وسو) هاتین، (سەید کاکە و فارس باوە)شمان لەگەڵدا بوون، گەیشتینە نزیك (باغەمرە)، گوتیان: (ڕۆژ زۆری نەماوە و ئەگەر ئاوا بڕۆین لەوانەیە پێ ڕانەگەین، سێ چوار پێشمەرگە خێرا بڕۆن و بگەنە سەر جادەی، پێشتریش زانیاریمان هەبوو کە سیارەکەی چ رەنگێکە و دوو کەسی لە گەڵدا بوو ئەو شتەمان دەزانی."[1]

بۆیە کۆمەڵێك پێشمەرگە بە ناوەکانی (مامە غەفە، عومەرە ڕەش، بایز، جەمیل پیرداود، قاسمی برا و کاکلی زاوای فارس باوە) پێش پێشمەرگەکانی دیکە و بە غاردان خۆیان دەگەیێننە جادە و لە هەر دوو لای جادەکە خۆیان قایم کرد. ئەوان چاوەڕوانی حەمەی سابیر دەبن و بەڵام دوو ئیڤا پڕ لە سەرباز دەردەکەون. شۆفێری یەك لە ئیڤاکان (نائب عەریف) بووە و بە دیتنی پێشمەرگە دەست بڵند دەکات. دوای ئەوە سێ چەکدار خۆیان فرێ دەدەنە خوارەوە و ئەوان دەکوژرێن، ئیڤاکەی دیکە کاتێك دەبینێت تەقە گەرم دەبێت، بە پەلە پێچ دەکاتەوە و خۆی دەرباز دەکات.

لەو شەڕە سێ چەکدار دەکوژرێن و (نائب عەریف)ێکی سوپای ڕژێم بریندار دەبێت، هەموو چەکدارەکان کە نزیك بیست کەس دەبن دەگیرێن. پێشمەرگە بە ئیڤاکە دەگەڕێنەوە بۆ بارەگاکانیان، دواتر چەك و دەستکەوتەکانی ئەو شەڕە ڕادەستی کادیرانی ناوچە (حەسەن مستەفا و ئەحمەد شەریف) دەکەن.

## چەك کردنی چەکدارەکانی حکومەت لە (چل هەوێزە)

بەعسیەکان دوای ئەوەی لە شوباتی ساڵی (1963) کودەتایان کرد و تنها لە دوای یەك مانگ لە هاتنیان بۆ دەسەڵات، کەوتنە وێزەی کورد و هیچ شتێك نەما نەیکەن لە ئازاردانی گەلی کورد بە تایبەت بەرانبەر بە دانیشتوانی لادێکان. بە هۆی بێ متمانەیی بە سوپای عێراق، هۆزە عەرەبەکانیان بە شێوەی بەرفراوان چەکدار کرد و زۆر لە خەڵکی هەژاری گوندەکان بە ناچاری و

---

1) غەفور ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، لا 6.

بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن، چەکیان بە ناوی جاشەتی یا پارێزگاری لە کۆمپانیای نەوت بۆ بەعس هەڵ گرتبوو.

لە گوندی (چل هەوێزە) بە ناوی پارێزگاری لە نەوت (51) هاووڵاتی چەکیان بۆ ڕژێمی تازە هەڵ گرت بوو و سێ ڕەبیەیان بۆ خۆیان لە گوندەکانیان دانا بوو، پێشمەرگە بە فەرماندەیی (مام وسو) لە ڕێکارێك دەکۆڵنەوە کە بە ئاسانی و بە بێ خوێن ڕشتن بتوانن بچنە گوندەکە و چەکدارەکان چەك بکەن. بۆ ئەو بابەتانە پشت بە ڕێکخستنەکانی پارتی و (ناسیاو و دۆست) بەستراوە، بۆیە دەست بە دۆزینەوەی ئەو کەسە دەکەن. سەرەنجام کەسێك دەدۆزنەوە بە ناوی (عومەر ناسراو بە عومەرە درێژ) کە لە ناو چەکدارەکانە.

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) بەشداری ئەو ئەرەکە دەڵێت: "شەوێك هەموو پێشمەرگە کوبوینەوە و گۆتیان هێرش دەکەین بۆ سەر شەڕیکەی نەوت، کەسێك بە ناوی (عومەرە درێژ) هەبوو خۆی چەکداری ڕژێم بوو لە شەڕیکەی نەوتی (چل هەوێز)، ئەو باوەر پێکراوی (مام وسو) بوو. هەموو چەکدارەکان لە ژووری بوون و دەرگەی لە سەر داخست بوون و کلیلەکەی لە ناو بەرکی خۆی دانا بوو."[1] خورشید شێرە دەڵێت: (لە گوندی چل هەوێزە عومەرە درێژ هەبوو خزمی مەلا عومەر بوو، ئەویش ئەندامی پارتی بوو).[2]

ماوەیەکی بوو پێشمەرگە لە گوندەکان دوور بوو و چەك کردنی ئەو چەکدارانە دەنگدانەوەی زۆر بەهێزی دەبوو. (51) تفەنگیش لەو ڕەبیانە هەبوون و بۆ پێشمەرگە یەك جار زۆر بوو. پێشمەرگە هەمیشە پشتی بە خۆی بەستووە و بە مەبەستی ڕۆیشتن بۆ گوندی (چل هەوێزە) هێزەکی باش ئامادە دەکەن، پێش ئەوەی بکەونەڕێ لە ڕێگەی دوو پێشمەرگەی چاو نەترس بە ناوەکانی (مەحمود سێ تیر و مامە غەفە) پلانی پێویست لە گەڵ (عومەرە درێژ) دادەنێن.

(غەفور مەخموری) دەڵێت: "ڕۆژێکیان جەماعەتێك لە (چل هەوێزە و خورمەڵە) چل و پێنج (45) تفەنگیان لە حکومەت وەرگرت بوو بە ناوی بیری نەفتی، بە من و (مەحمود سێ تیر)یان گووت ئێوە شارەزای ناوچەکەن و بڕۆن سەرێکیان لێ بدەن بزانن دەتوانن تفەنگەکانیان لێ بستێنن، ئەوە بوو ئێمە بەرێ کەوتین و ڕۆیشتین کورێکمان بینی بە ناوی (عومەرە درێژ) کە خەلکی چل هەوێزەی بوو لە عەشیرەتی لەك بوو کەسێکی زۆر کوردپەروەر بوو، لە گەڵ ئەودا ڕێك کەوتین کە کاتێك دابنێین و شەو بچینە ناو گوندی. ئەوە بوو گەڕاینەوە و بە جەماعەتمان گووت: ئێمە دەتوانیین ئەو جەماعەتە بگرین و تفەنگەکانیان لێ وەربگریین و بیانهێنین، ئەوان گوتیان باشە."[3]

---

1) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

2) خورەشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، لا 104.

3) غەفور ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

(سەید کاکە) نوسیویەتی: "جارێکی دیکە چوینە گوندی چل هەوێزە کە سێ ڕەبایەی چەکدارانی حکومەت لە دەوروبەری گوندەکە هەبوون، چەند کەسێك لەوانە پەیوەندیان بە ئێمەوە هەبوو خەبەرمان بۆ ناردن کە ڕەبیە و جاشەکانمان تەسلیم بکەن."[1]

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "لە کاتی ئێوارەدا (پەستەك و پیکابێك) یان هێنا و کاتی ڕۆژئاوا سوار بووین. سەردەمی حەرەس قەومی بوو و ڕۆیشتین تا (گردە ڕەشە)، لە ئەوێ خوالێ خوشبوو (محەمەد عەدۆ) و نزیکەی (10) پێشمەرگەیان دابەزاند، گوتیان لێرە بن تا دەگەڕێینەوە. نەمان دەزانی بۆ کوێ دەچین تا بردیانین بۆ زورگەزراوی، گوتیان دەچینە (چل هەوێزە) کە ناوچەی چەکدارەکان بوو. گوتیان: (مام وسو) لەو ئیشە سەرکەوتوو نابێت و (مام وسو) گوتی: (هاتووین و با دەست پێ بکەین بە تەما خوای). یەکمان لە گەڵ بوو ناوی (محەمەد سێ تیر) بوو و بانگی چەکدارەکی کرد و گۆتی وەرە لە کوێی. ئەویش وەڵامی دایەوە دیار بوو (عومەرە درێژ) بوو و یەکتریان ماچ کرد. بە بێ دەنگی چووینە پێش تا دەورەی ڕەبیەکەمان گرت، عومەر دەرگای کردەوە و وتمان چەك دانێن، بەم شێوەیە هەمووومان گرتن بە بێ ئەوەی تەقە بکەین."[2]

فەرماندەکانی پێشمەرگە لەو سنورە خۆیان هەمیشە لە پێشەوەی هەر جۆرە چالاکی و بەرگریەك بوونە، دوای ئامادە کاری تەواو هەریەکە لە: (مام وسو، فارس باوە و سەید کاکە) و پێشمەرگەکان کە نزیکەی پەنجا کەس بوونە دەکەونە ڕێگە و ماوەیەك پێش گەیشتن بە گوندەکە مەفرەزەیەك جێ دەهێڵن و بەرەو (چل هەوێزە) دەچن.

(غەفور مەخموری) دەڵێت: "(مام وسو و فارس باوە) و سی پێشمەرگەشمان لەگەڵدا بوون، هاتین بەرەو گوندی (چارداغ)، پیکاب و پەستێکمان پێ بوو، سەیارەکانمان بەجێهێشت و بە پێیان بەرێکەوتین و تا گەیشتینەجێ. بانگمان کرد کاك عومەر، وەلامی دایەوە: (سێتیر، غەفە، ئەوە ئێون وەرن)، نەیزانی ئەو هەمووو کەسەین، ئەوە بوو بە سەرمان دادان و هەر لە خەو دابوون، تفەنگەکانمان هەمووی دەست بە سەردا گرت."[3]

پێشمەرگەکان بۆ ئەوەی چەکدارەکان بترسێن و کەسی خەراپ لە ناویاندا هەوڵی تەقە و خەراپەکاری نەدات، هەندێ بابەتیان لە ناویاندا بڵاو کردووتەوە و (سەید کاکە) دەڵێت: "ئێمە تێگەیشتین کە ئەوانیش فێری پارە و پول بوونە و بە زەبری هێز و ترساندن نەبێ ئەو ڕەبایە ناگیرێن، بۆ ئەمەش هەواڵمان بۆ ڕەوانە کردن کە گوندی (چل هەوێزە) پڕیەتی لە پێشمەرگە و هەر ماڵە جاشێك دوو پێشمەرگەی تێدایە، ئەگەر تەقەیەك بکەن ئەوا ماڵ و منداڵتان دەسوتێنین.[4]

---

1) سەید کاکە ئیسماعیل، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، لا 33.

2) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

3) غەفور ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

4) سەید کاکە ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا 33.

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "چەکدارەکانمان پێش خۆماندا بە بێ دەنگی بۆ ڕەبیەی دووەم، لەوێ (عومەرە درێژ) بانگی یەکەکی کرد و گۆتی: (مەڕی فلان کەسی بزر بووە و هێناومانەتەوە). دوو پاسەوانەکە هاتن، چەکدارەکان دوو پاسەوانەکەیان گرتن، بەم شێوەیە و بە بێ تەقە ڕەبایەی دووەمیشمان چەك کرد. بۆ ڕەبایەی سێهەم چووین و ویستمان هەر بەو ڕێگەیە بیگرین. دیارە چەکدارێك لەوێ پاسەوان بوو، تفەنگی خستە بەرانبەر (مام وسو) و گۆتی: (ئەمن سویندم خواردووە بە بێ تەقە تفەنگی نادەم). دوایە تفەنگی تەقاند و پێشمەرگە ویستیان لێی بدەن، (مام وسو) نەی هێشت و گوتی: (لێی گەڕێن ئەوە سوێندی خواردووە و لێی دەبوورم)."[1]

(غەفور مەخموری) دەڵێت: "پیرەمێردەك دەیگووت تەلاقم خواردیە چەك نابم، پێشمەرگەیەك قونداغە تفەنگی لێ دا و ئەویشی چەك کرد."[2]

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "چەکدارەکانمان پێش خۆماندا هاتینە (چارداغی)، ئەو خەڵکەی لە ئەوێ کۆببوونەوە سەیری چەکدارەکانیان دەکرد کە (51) کەس بوون. چەکدارەکان گوتیان دەگەڕێینەوە و پێیان گوتن مەگەڕێنەوە چونکە هەمووتان دەکوژن. بەڵام بەیانی (23 - 24) کەسیان گەڕانەوە و ئەوەی دیکەش هەموو هاتن و چەکەکانیان هێنان. دوایی هاتین سواری سیارەکانمان بووینەوە و ڕۆیشتین تا گەیشتینەوە ئەو جێیەی (محەمەد عەدۆ) مان بەجێ هێشت بوو، ئەویش سوار بوو و ڕۆیشتین."[3]

هەمیشە بەشی گرینگی سەرکەوتنی پێشمەرگە پەیوەست بووە بە فیداکاری و خۆنەویستی و میوانداری خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی خەڵکی سادە و بێگەردی گوند و لادێکان کە هەمیشە ماڵیان بارەگا و میوانخانەی پێشمەرگە بووە و هەمیشە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری پێشمەرگە بوونە. (سلێمان ئەمین) دەڵێت: "زۆر ماندوو و برسی بووین بویە لە گوندی (سابراغ) لاماندا، چاوساغەکەمان بە سەر ماڵەکاندا دابەشی کردین، ماڵەکان زۆر باش بوون و بەو شەوە هەبوو مریشکی کوشتەوە، هەبوو ساوار بە گوشتی بۆ کردین. نانمان خوارد و ڕۆیشتینەوە بۆ (بیستانەی)، کاتی نوێژی بەیانی گەیشتینە گوندی و خەڵك بەرماڵی پێ بوو. دواتر چوینە گوندی (ڕەسول بسکۆری) و چەکدارەکانمان بردنە (بانە قەڵاتی)، بارەگا لەوێ بوو و بارەگای ئێمە لە (دۆڵە دەماچە) بوو."[4]

(سەید کاکە) دەڵێت: "لەو شەڕەدا دەسکەوت (49) تفەنگ بوو، (49) چەکدارمان بە بێ تەقە بە ئەسیر گرت و بە پێش خۆماندان، هێنامانە لای ئۆتۆمبێلەکانمان کە لە (چارداغ) رامان گرت بوون، بەلام کە تەماشامان کرد ئەو ژمارە زۆرە بە ئۆتۆمبیلەکانمان هەڵ ناگیرین، بۆیە بە ناچاری

---

1) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

2) غەفور ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

3) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

4) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

بەرەڵامان کردن، تەنیا ئەوانە نەبێت کە کوڕی باش بوون، ئەمانەمان جیا کردنەوە و بە ئەنقەست لە بەردەمی ئەوانی دیکەدا تێمان هەڵدان. پێشمان گووتن ئێوە جاسوس و پیاو خەراپن دەتان بەین و ئەوانی دیکەشمان ناردنەوە."[1]

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "(فارس باوەش) لەو شەڕەدا لە گەڵمان بوو و واتە هێشتا دوو بەرەکی لە ناومان نەبوو، (سەید کاکە، سمکۆ مەجید، مام غەفور و .. ) بەشدار بوون. چووین و تفەنگەکانی هەموویانمان هێنا، چەند کەسێکیشیان لە گەڵمان هاتن و گوتیان تازە حکومەت دەمان گرێت، بۆیە بوونە پێشمەرگە و لەوانە: (مەلا عومەر، عومەرە گەورە و عومەرێکی دیکە)، (مەلا عومەر) خەڵکی گوندی (سەید عوبێدی) بوو."[2]

(عەزیز مەولود) دەڵێت: "(لقی 2) لە (بانە قەڵات) بوو و بەرنامەیەکی سەربازی داندرا بە سەرپەرەشتی (مام وسو و فارس باوە) لە (1963/12/06). هێزەکەمان لە (70) پێشمەرگە پێك هاتبوو و لە ڕێگای گشتی (هەولێر - قەرەچناغە) بۆسەیەکمان دانا. لە خوارەوەی (گوندی پیرداود) چەند پێشمەرگەیەك داندرا، هەروەها لە (چارداغ)یش مەفرەزەیەکمان دانا. هێزەکەی دیکە کە ئێمە بوین (40) پێشمەرگە مابوینەوە و چوینە سەر ڕەبیەکانی (سلێمان ڕەسول ئاغای دیبەگە) کە ڕەبیەکانی بیرە نەوتەکان بوون. (13) سێزدە ڕەبیە کۆنترۆڵ کران بە بێ زیان، ڕەبیەکان لە (چل هەوێزە و خورمەڵە) بوون و دەستکەوتەکانمان (49) تفەنگ بوو لە گەڵ بە دیل گیرانی (25) جاش."[3]

دوای ئەو چالاکیە پێشمەرگە وەك نەریتی هەمیشەیی ئەوکاتی خۆیان، ئەسیرەکان بە نامە و ڕاپۆرتی پێویست دەنێرن بۆ سەرکردایەتی خۆیان لە قەڵادزێ، هاوکات قەڵادزێ ناوچەی پێشمەرگە بووە. لەم بارەوە (سلێمان ئەمین) دەڵێت: "بەیانی ئەو ڕۆژە ئەسیرەکانمان ناردنە قەڵادزێ و چەکەکان بۆ بەیانی بە سەر پێشمەرگەدا دابەش کران، زۆر بوو و هەموو پێشمەرگەکانمان چەکیان وەرگرت."[4]

## شەڕی کەردز و کەرزۆڕ

پێشمەرگە لە وەشاندنی گورز بۆ سەر ڕژێم بەردەوام دەبن و ئەو جارە مەبەستی سەرەکی ئەوان، چەك کردنی چەکدارەکان بووە کە ناوچەکەیان پڕ کردبوو. هەر لەم چوارچێوەیەدا

1) سەید کاکە ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا 34.

2) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

3) عەزیز مەولود حاجی، سەرچاوەی پێشوو.

4) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

کۆمەڵێك چالاکی دیکە بە ئەنجام دەگەیێنن و یەك لەو چالاکیانە شەڕ لە گەڵ چەکدارەکانی (کەردز و کەرزۆڕ) دەبێت. [1]

(سەید کاکە) دەڵێت: "هەر لە پاییزی (1963) چوینە گوندی (کەردز) سەر بە ناحیەی قوشتەپە کە (25) جاشی لێ بوو، قسەمان لە گەڵ کردن و داوامان لێ کردن چەکەکانیان دابنێن، کەچی ئەوان ئەوەیان ڕەت کردەوە و ئێمەش چاری ناچار گەمارۆمان دان، (16) جاشمان چەك کردن و (9) دیکەش هەلاتن." [2] "ڕۆژی دواتر (مام وسو و برایم ئەفەندی) بە سەر جاشەکانی کەرزۆریان دادا و جاشەك کوژرا. پێشمەرگە (نادر حەمە بۆر) شهید بوو. ڕۆژی دواتر حکومەت هێرش دەکاتە سەر بیستانە و تێك دەشکێندرێت، بەڵام لە ناو گوند قوتابیەك بە ناوی (خالید حەمەد ڕەسول) شهید دەبێت." [3]

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "پاش ماوەیەك لە (کەرزۆر و کەردز) مەفرەزەیەکمان توشی شەڕ بوو و قەوەتێکی زۆر هات، پێشمەرگەیەك شهید بوو خەلکی (گردەڕەشە) بوو و کوری (حەمە بۆر)یان پێ دەگووت. ڕۆژی دواتر دیسان شەڕ بوو و دوو جاش کوژران، شەڕ بەردەوام بوو و لە ڕۆژی سێهەم حوکمەت توانی بگاتە (بیستانە) و لەوێش یەکی دیکەیان لێ کوژرا." [4]

"هەر لەو مانگەدا هێرش کرایە سەر (دێدەوان) لە لایەن (جەیش و حەرەس قەومی) گوندی (دووشیوان) بە تەواوی تالان دەکرێت. (3) سێ هاووڵاتی شهید دەبن بە ناوەکانی (مەلا عاصێن، سەعید حاجی مستەفا میرەکانی و عەوڵا ئاغا) و حکومەت بە زیانەکی زۆر دەشکێ." [5]

### قورشاغلو و چەکدارەکانی خدری پاشا

دوای ماوەیەك لە مانگی ڕەمەزاندا (کۆتایی مانگی شوباتی 1964) مەفرەزەیەکی دیکە بە سەرپەرەشتی خودی (مام وسو) بەرەو گوندی قورشاغلوو دەچن بە ئامانجی چەك کردنی چەکدارەکانی (خدری پاشا) لەو گوندە و دووچاری شەڕ دەبن، خۆشبەختانە هیچ زیانەك بە پێشمەرگە ناگات. سلێمان ئەمین دەڵێت: "ماوەیەك دواتر بە بێ دەنگی ڕۆیشتین بۆ گوندی

---

1) شازین هێرش، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 127، هاتووە: "لە ڕۆژی (10/17 هەتا 1963/11/24) "هێزێکی پێشمەرگەمان هێرشی کردە سەر دێی (قۆچان) و (کەرزۆڕ) کە سەر بە ناحیەی (قوشتەپە)ن نزیك هەولێر، (18) جاش بە دیل گیرا و (12) تفەنگی ئینگلیزی و (4) تفەنگی ئاڵمانی و دوو دەمانچە و (1268) فیشەك و (650) سەر مەڕ و (21) بەتانی و (12) هێسترمان دەستکەوت." (بەلاغێك لە سەرکردایەتی گشتی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانەوە دەربارە شەڕ و سەرکەوتنەکانمان).

2) سەید کاکە ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا 32.

3)(حاجی ڕەسوڵ و سیامەند ئیسماعیل)، سەرچاوەی پێشوو.

4) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

5) (حاجی ڕەسوڵ، عوسمان سەعید و سیامەند ئیسماعیل)، سەرچاوەی پێشوو.

(قورشاغلو) ئەو كات چەكدارەكانی خدری پاشای لە ئەویٚ بوون، ڕەمەزان بوو و خەڵك بە ڕۆژوو بوو، خۆمان ئاشكرا نەكرد بۆ ئەوەی بە بیٚ تەقە جاشەكان بگرین بیان هیٚنین. لە كاتی بانگدا خۆمان ئاشكرا كرد و بەڵام نەمان توانی بە بیٚ تەقە بە كارەكەمان هەستین، بۆیە بوو بە تەقەیەكی سەخت و لە هەموو لایەكی تەقە بوو. بۆ ئەوەی بە بیٚ زیان دەرباز ببین جیٚبی ماڵەكمان بە ڕەزامەند برد و (عەلی مەحمود سوڵتانی) شۆفیٚری بوو، پیٚی دەرباز بووین تا هاتینە گوندەكی و لەویٚ یەك لە پیٚشمەرگەكان خوالیٚی خوش بیٚت ناوی (سەید عەباس) بوو، بۆ دوو سیٚ نان چۆوە ماڵەكی و پیریٚژنی خاوەن ماڵ نەی دابۆیە، ئەویش دیتبووی (نان ساجی) دەكەن هەمووی هیٚنا، خواردمان و گەراینەوە. بۆ بەیانی خاوەن جیٚبەكە هات و جیٚبەكەی بردەوە."[1]

## هەڵگەڕانەوە لە دژی بەعس و ئارامی كاتی، گەشتیٚك بە ناو قەراج

ساڵانی شەستەكان ساڵانی كودەتا لە دوای كودەتا و گۆڕانی ڕژیٚم لە دوای ڕژیٚم بوو لە بەغدا، لە (18) مانگی تشرینی دووەمی (1963) عەبدولسەلام عارف توانی بەعسیەكان دوور بخاتەوە و ئەو ڕژیٚمەش بۆوە قوربانی كیٚبەركیٚ و پاشاگەردانی كە خۆیان دروستیان كرد بوو. هەر دوو باڵی ڕاست و چەپی بەعس لە دوای كونگرەكەیان لە شەڕی یەكتری بوون و بەمەش هەل بۆ كودەتا و كۆتایی هاتنیان رەخسا.

ڕای گشتی عیٚراق لە حوكمی بەعسیەكان بیٚزار بوو، بیٚزی لە تاوان و كردەوەكانیان دەهاتەوە، هەل ڕەخسا بۆ ئەوەی سوپا دەستی خۆی تیٚوەردا و عەبدولسەلام بە یارمەتی سوپا و ئەفسەرە گەورەكانی و سەركردەی فەیلەقەكان و بەریٚوەبەری بزاوت (حركات) سوبحی عەبدولحەمید و سەركردەی هیٚزی ئاسمانی حەردان عەبدولغەفار تكریتی، ئەو هەلەی قۆستەوە. شەڕ لە شەقامەكانی بەغدا لە نیٚوان هیٚزەكانی سوپا و حەرەس قەومیدا هەڵگیرسا و عەبدوسەلام كەوتە ڕاو كردنی یەك بەیەكیان.[2]

ئەوكات (حەرەس قەومی) زۆر ستەمی لە گوندنشینە كوردەكان كردووە و بۆیە خەلكی گوندەكە لە ترسی ئەوەی دواتر دووچاری كیٚشە نەبن بە دەست حەرەس قەومیەكان، تكا لە (مام وسو) دەكەن دەست لە عەرەبەكان نەوەشیٚنن.

دوای چەند ڕۆژیٚك ڕژیٚمی تازە داوای گفتوگۆ لە شۆڕش دەكات، (مستەفا بارزانی نەمر و پارتی) دوای تاوتویٚ ئەو بابەتە پەسەند دەكەن. بەم شیٚوەیە تا ڕادەیەك ئارامی دیٚتەوە و ژیانی ئاسایی بۆ گوند نشین و هاووڵاتیانی كوردستان دیٚتەوە. دانوستان لە گەڵ ڕژیٚمی تازە دەست پیٚ

1) سلیٚمان ئەمین، سەرچاوەی پیٚشوو.

2) مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەرگی سیٚهەم بەشی یەكەم، لا 153.

دەكات و دوای تشرینی دووەمی (1963) ڕاستەوخۆ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی (حەرەس قەومی) دەدرێت.

لە سەرەتای ساڵی (1964) (مام وسو، ساڵح شێرە و چەند کەسێك) دەچنە دەشتی قەراج و لە ئەوێ بازگەی پۆلیس هەبووە. ئەوان ڕێگەیان بە هاتووچوو نەدەدا و بۆیە (مام وسو) پرسیار دەكات كە كێ بەرپرسیانە؟ تا بەرپرسەكە دێت خوالێ خوشبوو (ساڵح شێرە) بە عەرەبێك دەڵێت: (ئێرە تا جەبەل حەمرین هی ئێمەیە و دەڕۆینە ناو خزمان). عەرەبە وەڵام دەدات و دەڵێت: (ئەگەر بە خەون بیبینن).

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "ڕاستی لە خۆمان دەترساین و بۆیە بڵاو بووین، بەرپرسەكەیان هات، چاك و چونی كرد و ڕێگەیان داین. گەیشتینە گوندی (دیبەگە) و بەڵام بەناو دیبەگەدا نەڕۆیشتین، چونكە دیبەگە عەرەبی زۆری لێ بوو و پێشمەرگەش وەك ئەو زەمانەی نەبوو كە هێزی زۆر بێت. ڕۆیشتین بۆ گوندی (عاڵڵا) و لە ئەوێ برادەری (مام وسوی) لێ بوو، زۆریان خۆش دەویست وبۆیە دەعوەتی باشیان كردین. خەڵكی گوندی گوتیان لێرە جێمان نابێتەوە ئەگەر لێیان بدەن و عەرەبەكان زۆرن)، (مام وسو) گوتی: با بێن و لە گەڵمان نان بخوون، ئێمە هاتووین و موفاوەزاتە). چەند عەرەبێك هاتن و باوەشیان بە (مام وسو) دا كرد و نانی نیوەڕۆیان لە گەڵمان خوارد، دواتر ڕۆیشتن."[1]

دوای میوانداریەكە عەرەبەكان دەڕوون، ئەوان لە گوندی (دێمەكار) مەفرەزەیەكی چەكداری عەرەب دەبینن كە خۆیان ئامادە كردووە تا هێرش بكەنە سەر (مام وسو و جەماعەت). دیارە ئەوان مەفرەزەكە دەدوێنن و پێیان دەڵێن دانوستان هەیەن هەروەها مەفرەزەكە هی (مام وسو دزەیی)یە و بەم شێوە دەیان گەڕێننەوە، دیارە چەكدارەكانیش (مام وسو)یان ناسیوە و بۆیە دەست لەو كارەیان هەڵ دەگرن و دەڕوون.

دواتر (مام وسو) و هاوڕێكانی دەچن بۆ گوندی (لهێبان) لەوێ مەفرەزەیەكی پۆلیس پێك هاتوو لە جێگری فەرماندەی بنكە و (8-9) پولیس بە دوو ئۆتۆمبێلی (جێب و پیكاب) دەبینن، كە ناسیاو دەبن و بۆیە دوای سەلام و هەواڵ پرسین لە یەك جیا دەبنەوە. (سلێمان ئەمین) دەڵێت: "ئەو عەرەبانەی لە دێمەكار لە نان خواردن لە گەڵمان بوون زۆر تكایان كرد تا بۆ نان خواردن بچینە دێمەكار، بەڵام چونكە دوو دڵ بووین و مام وسوش گوتی عەرەب وەك ئێمە دڵساف نین، با نەچین و بۆیە گەراینەوە.[2]

هەڵبەت ئەو ماوەیە شەڕ و ناخۆشی تا ڕادەیەك نەما و بەڵام بە داخەوە كوردی خێر نەدیو نابێت ئاسودە بێت، ئەوەی هەمیشە هەموو گەلی كورد لێی دەترسا واتە ناكوكی لە نێوان (م . س) بە سەرۆكایەتی (برایم ئەحمەد) و سەرۆكی شۆڕشی كورد (بارزانی مستەفا) دەركەوت.

---

1) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

2) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

# بەشی دووەم

## باسی یەکەم

## دووبەرەکی لە ناو شۆڕش

لە سەرەتای شۆڕشەوە (ئیبراهیم ئەحمەد)[1] هیچ جۆرە پاڵپشتی بۆ شۆڕش بە کردەوە نەبوو، بۆیە ناکۆکی لە نێوان ئەو و بارزانی تەشەنەی دەکرد. ڕوداوەکان لە کوردستان بە خێرایی بەرەو دوو بەرەکی دەڕۆیشتن و بۆیە (ئیبراهیم ئەحمەد و هاوکارەکانی) بەرەیەکیان لە دژی (مستەفا بارزانی) پێك هێنا بوو، هەڵبەت ئەو بەرەیە پاڵپشتی هەبوو و ئێران لە ڕێگەی ئەفسەری ساواك (عیسا پژمان)[2] پاڵپشتی دەکردن، لە لایەکی دیکەش ئەوانەی لە چاکسازی کشتوکاڵی (اصلاح زراعی) زیانیان پێ دەگەیشت هاندەری ئەوان بوون.

پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر هەر لە سەرەتای ساڵی (1962) کە بە ساڵی سەرکەوتنەکانی شۆڕش هەژمار دەکرێت، هەڵوێستیان لە سەر ناکۆکی حزب زیاتر لە ڕووی سەربازی و کاری جوتیاری دەبینرا، واتە ئەوان هەمیشە لایەنگری ئەو کەسە بوونە کە پاڵپشتی جوتیاران بێت و هاندەری پێشمەرگە بێت.

(سەید کاکە) دەڵێت: "پاش ماوەیەك هەواڵ هات عەشیرەتەکانی سنووری (پشدەر) چەکیان لە حکومەتی ئێران وەرگرت و لە دژی (اصلاح زراعی) (6 - 7) گوندیان سوتاند. ئێمە هەموومان کورە جوتیار بووین و پێمان ناخۆش بوو، (مام وسو) پێی ناخۆش بوو و ئەمن پێم ناخۆش بوو. ئاغاکان تا نزیك (هەیبەت سوڵتان) هاتن و گەڕانەوە، باڵی مەکتەبی سیاسی هات بوون و ئەوان هەڵاتن، هەر ئەمە مابووینەوە و (ئەشقیا) بووین. شا بە هەر شێوەیەك بێت دەیویست عەبدولکەریم و عێراق لە سنووری خۆی دوور بکات و بۆیە بە باڵی مەکتەبی سیاسی گووت وەرن ئێوە شۆڕش بکەن و شۆڕشەکەی بکەنە هی حزب. ئەوان هاتن و هیچیان بە ئاغاکان نەدەگووت و ئێمەش لە دڵمان ناخۆش بوو، د. خالید زۆر پێی ناخۆش نەبوو و بەڵام لە بەر ئەو هۆیە خەڵك بە گەڵمان نەدەکەوت."[3]

---

1) (ئیبراهیم ئەحمەد) لە ساڵی (1914) لە سلێمانی هاتووتە دونیا و هەر لە ئەوێ خویندنی تەواو کردووە، لە ساڵی (1937) کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە. لە (1939) گۆڤاری گەلاوێژی بە کوردی دەرکردووە، ساڵی (1947) چۆتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی پارتی و بۆتە یەك لە سەرکردە دیارەکانی پارتی. لە 1964 سەرکردایەتی باڵی (م. س) کردووە و لە پارتی جیابۆتەوە. لە (2000/04/08) لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. (شێرزاد زەکەریا محەمەد، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لە کوردستان - عێراق، دهۆك، لا 21.)

2) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوون لا 165.

3) سەید کاکە سەید ئیسماعیل، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، 2019/03/30.

دوای ئەوەی لە دانوستانەکانی (1964) ناکۆکیەکان فراوانتر بوون، بەرەی (برایم ئەحمەد) بۆ گۆشەگیر کردنی (شۆڕش و بارزانی) هەوڵیاندا دوو بەرەکی بۆ ناو ڕێکخستنەکانی پارتی بە تەواوەتی شۆڕ بکەنەوە و تەنانەت هەمان هەوڵیان بۆ ناو ڕیزی هێزی پێشمەرگەدا، بۆیە پێشمەرگە بەو دۆخە نارەحەت و نائارام بوون و بەڵام دووبەرەکی هات بوو. بەم جۆرە ناکۆکیەکان زیاتر قوول بوونەوە، تا ئەو ڕادەیەی بەرەی (ئیبراهیم ئەحمەد) کونفرانسیان لە ماوەت ڕێکخست و یەکێك لە بڕیارەکانی کونفرانسەکە (لە کار خستن و ڕاگرتنی سەرۆکایەتی بارزانی بوو لە پارتیدا).[1]

ناکۆکیەکان بەردەوام بوون و تا دەهات زیاتر دەبوون، زۆرینەی کوادیری پارتی لە گەڵ مەکتەبی سیاسی بوون و هۆکارەکەشی تنها ئەوە بوو کە (م. س) بەرپرس بوو لە کاری ڕێکخستنی پارتی، واتە مەبەستی کوادیر لایەنگری نەبوو، بەڵکو بەرپرسیاریەتی بوو بەرانبەر بە ڕێکخستنی پارتی. سەبارەت بە دەشتی هەولێر کە دوورتر بوون لە بارەگا سەرەکیەکانی شۆڕش و زیاتریش کوادیری وەك (مەلا عەبدوڵڵا ماتور) لە سەرەتای ڕێکخستن و پارتایەتی لە گەڵیان بوون، بابەتەکان تەم و مژاویتر بوون.

(سەید کاکە) دەڵێت: "ماوەیەك دەسوڕاینەوە لەو ناوە و (مام وسو) فێر بوو بە ماتووڕی لە گوندەکان دەسوڕایەوە، ئەمە نەمان دەوێرا لە دێدەوانی دەرچین و فێری ئەو گەڕانەی نەبووین، هەندێك پێشمەرگە بووین و لەوێ نەدەجوڵاین، هەموو لە ژێر ئەمری مەکتەب سیاسی بووین. پاش ماوەیەك (مەلا مستەفا) هات و وتاریدا، گوتی: (ئەوەی دژی ئیسلاح زەراعی بێت دژی میللەتی کوردە) بەم وتارە ئێمە گەڕاینەوە بۆ لای مەلا مستەفا."[2]

دۆخەکە لەم ئاستە نەوەستا و بەرەو ئاڵۆزی زۆر و زیاتر ڕۆیشت، جیا بوونەوەی کوادیر و پێشمەرگە لە ناوچە جیاکان دەستی پێ کرد بوو و (بارزانی نەمر) بە تەواوەتی ئاگاداری ئەم بابەتە بوو، بۆیە لە ئاستی باڵادا گفتوگۆ و ناوبژیوانی هەبوو. تەنانەت هەنگاوی بەرز نراوە و وەك (مستەفا بارزانی) لە خاڵی دووەمی نامەکەیدا کە وەڵامی نامەی ناوبژیوانی وەفدی کونفرانسی ماوەت بووە، نوسیویەتی: (هەر پێشمەرگەیەك ئازادە بۆ خۆی چ لایەك هەڵدەبژێرێ کاری تێدا بکات و کەس بۆی نیە ڕێی لێ بگرێت.)[3]

دیارە پێشتر کاریگەری ئەو دابەش بوونە لە ناو کادیرانی ڕێکخستنەکانی حزبی بە تەواوەتی ڕوون دەبێت، هەموو لق و ناوچەکان دەگرێتەوە. لقی (2) بە هەمان شێوەی لقەکانی دیکە بووە و بە تەواوەتی دابەش دەبێت، دابەش بوونی لقی(2)ی پارێزگای هەولێر بە ڕوونی لە ناو شار بە سەر سێ بەرەدا دەرکەوت، بەشێکی کەم بە یەك جاری پارتی بەجێ دەهێڵن و بەشێك لە

1) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 171

2) سەید کاکە سەید ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

3) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 171

ڕێکخستنی پێشوویان واته برایم ئەحمەد دەمێنن، بەشێکیش لە گەڵ ڕێکخستنی تازەی پارتی بە سەرۆکایەتی بارزانی دمێنن. ئەو دۆخە بۆ شارەکانی (مەخمور، شەقڵاوە و ڕەواندوز) بە هەمان شێوە دەبێت، تنها لە شاری کۆیە هەموو لیژنەی ناوچە و زۆرینەی ئەندامەکان لە گەڵ برایم ئەحمەد دەمێنن، بەڵام لە لادێکانی ئەو شارە ئەندامان بە یەکسانی لە هەر دوولا دەبن.[1]

## دووبەرەکی لەناو پێشمەرگەی دەشتی هەولێر

ناکۆکیەکانی نێوان سەرکردەکان و جیابوونەوەی (م. س) لە پارتی بە خێرایی قوول بوونەوە دەڕوات، کاریگەری ڕاستەوخۆش لە ناو هەموو هێزی پێشمەرگە دەکات و جیابوونەوە لە سەرکردەکانی پێشمەرگەش دروست دەبێت. فەرماندەکانی پێشمەرگە لە هەولێر زۆرینەیان کەسانی ناو ڕێکخستن بوون و کاریگەری (م. س) لە سەریان زۆر بووە، جگە لەمە پێشمەرگە هۆکاری ناکۆکیەکانی بۆ دەرنەکەوتووە و ئاگاداری هەوڵەکانی نێون (مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسی) نەبوونە.

بۆیە سەرەتا تنها هەڵوێست و باس بووە و دواتر یەکلابوونەوە دێتە پێش، (لە هەولێر زۆر لە کادرە کۆنەکان وەك (مەلا ماتۆر، عومەر دەبابە، د. خالید، عەلی عەسکەری و .. هتد) خۆیان دەچنە ناو باڵی (م. س). هەروەها ئەوان لە ماوەی ساڵانی پەنجاکان تا ئەوکات هەمیشە لە ناو ڕێکخستنەکان و دواتریش لە ناو پێشمەرگە بوونە، بۆیە کاریگەریان دەبێت.

لە سەرەتادا دۆخەکە بۆ پێشمەرگە جیاواز بووە و پێشمەرگە لە گەڵ دووبەرەکی نەبووە، بەڵام ئەوکات پێشمەرگەکان بە گشتی چاویان لە فەرمانی حزب و کادرەکانی بووە و بۆیە زۆر ناخایەنێت دووبەرەکی یەخەی ئەوانیش دەگرێتەوە. سەرەتا پێشمەرگەکان دەست دەکەن بە جیابوونەوە و دواتر بارەگای پێشمەرگەکان بە ئاشکرا لە یەك جیا دەبنەوە، ئەوکات (د. خالید) سەرپەرەشتیاری سەربازی دەشتی هەولێر بووە و ئەو بە هۆی دۆستایەتی زۆری لە گەڵ کادیرانی (م. س) بە ئاشکرا و لە سەرەتای شۆڕش لە گەڵ باڵی (م. س) بوو، بۆیە لەو قۆناغەدا جیا بوونەوەی خۆی ئاشکرا دەکات.

---

1) شكيب عقراوى، سنوات المحنة في كردستان، تموز 2007، ص 159. (الفرع الثانى للحزب في محافظة اربيل ظهر الانشقاق بصورة واضحة داخل مدينة اربيل و انقسم التنظيم جذريا الي ثلاثة اقسام، القسم القليل ترك صفوف الحزب بسبب الانشقاق. الفسم الاخر بقي مع التنظيم القديم و القسم الاكثر (تقريبا) ايد التنظيم الجديد الذى يراسه البارزانى، وكانت الحالة هي نفسها تقريبا في اقضية مخمور و شقلاوة و رواندوز. اما في كويسنجق فأن اللجنة المحلية القيادية بقيت مع التنظيم القديم مع ما يقارب جميع اعضاء الحزب. و في قري قضاء كويسنجق انقسمت جماهير الحزب بين التنظيمين القديم و الجديد بصورة متساوية تقريبا.)

بە گشتی ئەوەی لە هەموو ئەو پێشمەرگانەی ماون گوێ بیست دەبین، هەندێك سەركردەی وەك (مام وسو) بە پاكی لە گۆڕەپانی خەبات بوونە و سەخت تێكۆشاون، هیچ كات بیریان نەكردووتەوە كە ڕۆژێك دێت لە لایەن هاوسەنگەری خۆیان تۆمەتیان پێ ببەخشرێت. ئەم بابەتە سەرەتایەكی خەراپ بوو، كاریگەری زۆر خەراپی لە سەر باری دەروونی پێشمەرگە دادەنێت كاتێك دەبینن هاوسەنگەرانی خۆیان تۆمەتیان دەدەنە پاڵ و بۆیە زۆر دڵشكاو و ناراحەت دەبن.

دەسكەوتی كەسی و چاوبڕین بۆ بەرپرسیاریەتی زۆر جار یەك لە هۆكارەكانی ناكۆكی بوون، بە پێی زانیاریەكان لەم قۆناغە سەختەدا بە بەرنامە و مەبەست (ڕاپۆرت و نامە نوسین) بۆ بارەگای بارزانی بۆ دەست خستنی دەسكەوتی كەسی دروست دەبێت، تۆمەت بەشینەوەی بێ بنەما لە لایەن هەندێ كەس دەست پێ دەكات. (عوسمان سەعید) دەڵێت: "زۆری نەخایاند ڕاپۆرتەكیان لە سەر (مام وسو) نووسی و تومەتیان دایە پاڵ كە بە گەڵ (برایم و جەلال) دەكەوێت."[1]

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "زۆر جار تكامان لە (مام وسو دزەیی) دەكرد بچێتە سەردانی بارەگای بارزانی و ئەو نەدەچوو، دەیگووت ئێمە پێشمەرگەین و پێویست نیە. بەلام دیار بوو (فارس باوە) چەند جارێك چوو بوو بۆ لای بارزانی و وەك زانیمان هەندێ ڕاپۆرتی خەراپی و ناڕاستی داوە بە (بارزانی) لە سەر (مام وسو)."[2]

(سەید مەحمود) دەڵێت: "مام وسو لێرە ئینسانێكی ناسراو بوو، هەموو دەیان ناسی و ڕێزیان دەگرت، دەگوترا گوایە كاریگەری ئەو لای لە سەر بوو و بەڵام (مەلوو و خزمەكان) پێیان خۆش نەبوو. (د. خالید) لێرە بوو وەختی دوو بەرەكی ڕوویدا و ڕۆیشت بۆ لای تاقمی (برایم ئەحمەد)، بەلام (مام وسو) لەناوچەكە مایەوە تا كاتێك ڕۆیشتە (پشدەر)."[3]

(سەید كاكە) دەڵێت: "بە (مام وسو و د. خالید) مان گووت: (ئەوە مەكتەبی سیاسی لە گەڵ فەللاحی نین و ئاغایان دەرنەكرد، بۆیە دەمانەوێت لە گەڵ (مەلا مستەفا) بمێنین). (د. خالید و مام وسو) كادیر بوون و مام وسو دڵی لە گەڵ ئێمە بوو، خۆی جوتیار بوو و نەی دەویست بڕوات، بەڵام كادیر بوو و حزب ڕۆیشت بوو."[4]

(عوسمان سەعید) ئەوكات كادری حزب و هاوكات پێشمەرگە بووە، سەردانی (ڕانیە) دەكات بۆ كۆبوونەوەی حزبی و زانینی دۆخی دووبەرەكی، دەڵێت: "لە (ڕانیە) گەڕامەوە بۆ (دەشتی

---

1) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

مستەفا سەعید كەریم، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "دوای ماوەیەك (فارس باوە) دەستی كرد بە نامە و نامەكاری لەگەڵ ماڵی (مەلا مستەفا) و تۆمەتی دایە پال (مام وسو) كە گوایە بەگەڵ باڵی (برایم ئەحمەد) كەوتووە و ئەو بابەتەی بەردەوام كرد."

2) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

3) سەید مەحمود سەید ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

4) سەید كاكە سەید ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

هەولێر) و چووم بۆ لای (مام وسو)، گوتی: (چ باسە؟) و منیش بارودۆخەکەم بۆ باس کرد کە ئبنشقاق هەیە. زۆر دلگران بوو بە بیستنی ئەم بابەتە."[1]

(سەید کاکە) دەڵێت: "پێش ئەوەی (عەزیز عەقراوی) لە لایەن مەلا مستەفا بێتە لامان، ئێمە لە گەڵ (مام وسو و د. خالید) کۆبووینەوە و پێمان وتن ئەوە مەکتەب سیاسی لای ئاغاکانن و پشتیان لە ئێمە کرد، ئێوە ئەگەر لە گەڵ ئەوانن دژی ئێمە دەبن و تەقەمان لێ دەکەن؟ ئێوە ئێمەتان هێنایەدەر تا تەقەمان لێ بکەن؟ ئەوان دژی دوو بەرەکی بوون و بە تایبەت (مام وسو). بۆیە گوتیان: "ئێمە دەچین و لێیان دەپرسین بزانین مەکتەب سیاسی چ دەڵێن و ئەگەر وابێت، ئەوکات لە گەڵیان نابین و دێینەوە، (مام وسو) وایگوت و (د. خالید)یش ڕاڕا بوو و بۆیە ڕۆیشت بۆ لای باڵی (م. س)."[2]

نوسینی ڕاپۆرت و کاری نهێنی دەبێتە هۆکاری دروست بوونی تێگەیشتنی هەڵە تا (مستەفا بارزانی) بڕیاری خۆی سەبارەت بە لقی پێشمەرگەی هەولێر بدات و بۆ ئەم مەبەستە فەرمان دەکات تا خوالێ خۆشبوو (موقەدەم عەزیز عەقراوی)[3] بێتە دەشتی هەولێر و هەندێ بڕیاری تازە بگەیێنێت. (مام وسو) لە سەرەتاوە کادیر بووە و لەبەر ئەوەی زۆرینەی کوادیر بە تایبەت لە دەشتی (هەولێر و کۆیە) لە گەڵ باڵی تازە ڕۆیشت بوون، بۆیە دوای ئەو دۆخە گومان دەخرێتە سەر ئەو.

(عوسمان سەعید) دەڵێت: "(موقەدەم عەزیز و کوێخا عەزیزی سماقولی) هاتن بۆ لامان لە گوندی (میرزاغا) کۆ بوینەوە، (عەزیز عەقراوی) بە (مام وسوی) گووت: (بە ئەمری بارزانی ئەتو هیچی دیکە سەر لقی هەولێر نی و لە سەر لقی لادەچی). زانیمان موئامەرە لە دژی (مام وسو)

---

1) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

2) سەید کاکە سەید ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

3) (عەزیز ڕەشید ئاکرەیی) ناسراو بە (موقەددەم عەزیز) لە (1924) لە ئاکرێ لە دایك بووە، لە (1943) لە کولیژی سەربازی بەغدا دەرچووە و بۆتە مولازمی دووەم. ساڵی (1956) ماستەری لە زانستی سەربازی لە کولێژی ئەرکان وەرگرتووە، لە (1957) لە بەریتانیا و (1959) لە ڕۆسیا بەشداری خولی سەربازی بووە. کۆمەڵێك پلەی لە سوپای عێراق وەرگرتووە و لە حوزیرانی (1962) کاتێك پلەی (موقەدەم روکن) بووە پەیوەندی بە شۆڕش کردووە و دواتر بۆتە سەرلەشکری دوو، لە (1964) بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە (1966) ئەندای مەکتەبی سیاسی پارتی. سەرکردایەتی شەڕەکانی ئازاد کردنی شاخی سەفین لە ئابی (1962)، سپیلك لە تەمووزی (1963)، بازیان و قرەداغ لە حوزیرانی (1965)، دووکان لە (1969)، جەباری لە ئاب و ئەیلولی (1969). لە (1973) وازی لە شۆڕش هێناوە و لە ساڵی (1974) پۆستی وەزیری دەوڵەتی وەرگرتووە لە حکومەتی بەعس. (1980) وەك پەنابەر ڕوودەکاتە سوریا و لە (1998) لە ئاڵمانیا کۆچی دوایی کردووە. (حیدر نجم عبد مراد (المقدم الركن)، معجم ضباط ثورة أيلول 1961-1975، دهوك 2021، ص 67-68)

هەیە، (فارس باوە) چوو بوو بۆ لای (مستەفا بارزانی) و گوت بووی: (مام وسو) قسەی کردووە و دژی تووە. (کوێخا عەزیز) لای (فارس باوە)ی بوو و ئەو (فارسی) برد بوو بۆ لای (مەلا مستەفا). ئاخیری (موقەدەم عەزیز) گووتی: (کاکە بە ئەمری مەلا مستەفای دەبێت فارس سەر لق بێت و مام وسو ئەتو بڕۆ دانیشە). بۆیە چووین لە قەشقە بارەگای تازەمان دانا و وازمان لە پارتی هێنا و دانیشتین."[1]

ئەم بابەتە کاریگەری خەراپی لە سەر دڵ و دەروونی (مام وسو) و پێشمەرگەکانی دەبێت، چونکە ئەو خۆی بە پێشمەرگە دەزانی و قبولی نەبوو تۆمەتی بێ بنەمای بخرێتە پاڵ. بە تایبەت لە لایەن کەسێك کە برا و هاوسەنگەری بووە، بۆیە بە دڵشکاوی و بۆ ماوەی نزیکە (دوو مانگ) لە گەڵ پێشمەرگەکانی لەو شوێنە دەمێنێتەوە و ناچێتە سەر هیچ یەك لە ڕێکخستنەکان (هیچ یەك لە باڵەکان). (مستەفا سەعید) دەڵێت: "(مام وسو) ڕۆیشت و ماوەی نزیکەی دوو مانگ لە قەشقە مایەوە، نزیکەی (60 - 70) پێشمەرگەی لە گەڵ بوو و لەو سنورە بۆ خۆی هاتوچووی دەکرد. هەندێ جاشی (ئیزیدی) لە ناوچەکە مەقەریان هەبوو، لێی دابوون و زیلێکی عەسکەری لێ گرت بوون. بۆیە لە قەشقە ئەو ماوەیە مایەوە، بە زیل و پیکابەکی کە هەی بوو دەگەڕا و دەسووڕا."[2]

(ئەرسەلان مام وسو) ووردتر بابەتەکە دەست نیشان دەکات و دەڵێت: "هەر چەندە (مام وسو) دۆستایەتی دێرینی لەگەڵ (مەلا ماتۆر، د. خالید و عەلی عەسکەری و ... هتد) هەبوو، بەڵام نەیدەتوانی بیروباوەری کۆنە دۆستانی و کادیرانی کۆن لە ناو حزب پەسند بکات، بۆیە بە (د. خالید) دەلێت: (ئێمە هەر براین و بەڵام ناتوانم هاوبیری ئێوە بم). بۆیە هەوڵ دەدات بە بێ شەڕ و کێشە لەو کۆمەڵە نوێیە دابڕێت."[3]

پێشمەرگە کۆنەکان گوتەیەکی (مام وسو) دەگێرنەوە کە گوتوویەتی: (ئەوەی لێی دەترسام ئەوە بوو ڕۆژەك پێشمەرگەکانی کورد بە دەستی یەکتری و لۆ خۆیان خوێنی یەکتری بڕێژن، بەلام هەر ئەو ترسەش هاتەدی). ئەو پێشمەرگانەی لە هەموو دۆخە ناخۆش و سەختەکان لە دژی ڕژێمی داگیرکار و کوردکوژ برا و یەك ڕیز بوون، خۆیان لە یەك بە دوور دەگرت و ترسیان هەبوو لەوەی ڕۆژێك ببن بە دوژمنی یەکتری و بە داخەوە ئەمە ڕوویدا. پێشمەرگە لەو کێشانەی بەرەو ڕوویان ببۆوە بێ بەری بوون و تنها هۆکاری کێشەکان خەراپی هەندێ سەرکردەی وەك (برایم ئەحمەد) بوو.

باڵی مەکتەبی سیاسی پەیوەندیان بە هەموو پێشمەرگە و کوادیر دەکرد تا بتوانن خۆیان بەهێز بکەن، بۆیە ویستیان ئەو هەلە بقۆزنەوە کە (مام وسو) لە بەرپرسیاریەتی لقی هەولێر لادراوە و بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر لە چەند جارێك پەیوەندی بە (مام وسو) دەکەن کە بارەگای

---

1) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

2) مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

3) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

له قەشقە دانابوو. (ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "ئێمە ڕۆیشتین و مقەڕمان لە قەشقە بوو لە (نیسانی 1964)، لە (قەشقە) زۆر ماینەوە تا ڕۆژێك (د. خالید و عەلی عەسكەری) هاتن بۆ لامان، داوایان لێ كردین بە گەڵ ئەوان واتە باڵی (م. س) بكەوین و بچین بۆ ناوچەی (عەسكەر و گۆپتەپە). ئێمە گوتمان هێشتا لەو لایە خەباتمان تەواو نەكردووە تا نۆرەی ئێوە بێت، بە هەر حاڵ قبوڵمان نەكرد و گوتمان بڕۆن."[1]

(مام وسو) ماوەیەك بە ووردی بیردەكاتەوە و چەند جارێك لە گەڵ خزمەكانی كۆ دەبێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخەكە، دواجار بڕیار دەدات بۆ ماوەیەكی دیكە لە سنووری (قەشقە) بمێنێت تا بزانێت بڕیاری (مستەفا بارزانی) چ دەبێت. لەم بارەوە (ئەرسەلان مام وسو) دەڵێت: "لەم ماوەیەدا خوالێ خوشبوو (عەزیز عەقراوی) بە نوێنەری بارزانی سەردانی (مام وسو) دەكات و دۆخەكە بۆ (مام وسو) ڕوون دەكاتەوە، هەروەها باس لە خۆشەویستی بارزانی بەرانبەر بە (مام وسو) دەكات و هەموو ئەو ئاخاوتنانەی خۆی و بارزانی لەم بارەوە بۆ (مام وسو) دەگێڕێتەوە."[2]

(د. ئەحمەد شەریف) دەڵێت: "بۆ مێژوو دەبێت پیاو بڵێت (مام وسو) ڕۆڵی گەورەی تاریخی هەبوو لە شۆڕشی كورد، ئەوەی كە من شارەزام و لە گەڵی بوومە ئاگاداری بوومە تا ساڵی 1964. دوای ساڵی 1964 ئێمە دابڕاین و ئینشقاق كرا، دوای ئینشیقاق من چووم بۆ بەغدا. بەڵام دوای ساڵی (1964) (مام وسو) بەردەوام بوو لە شۆڕش و ڕۆڵی قارەمانانەی هەبوو."[3]

ئەو ماوەیەی (مام وسو) و پێشمەرگەكانی بە بێ لایەنی لە (قەشقە) دەبن، پارتی بڕوای بە بێ لایەن بوونیان نابێت و بۆیە چەند جارێك هەوڵ دەدرێت بۆ دەست بە سەر كردن یا چەك كردنی جەماعەتی (مام وسو) كە تا ئەوكات بە (سەربەخۆ) لە (قەشقە) ما بوونەوە. ئەو هەوڵانە سەركەوتوو نابن و بەڵام كاریگەری خەراپی بۆ پێشمەرگە دەبێت.

(عوسمان سەعید) دەڵێت: "سێ جار هەوڵیاندا چەكمان بكەن و بمان گرن، جارێك بە (عەلی برنۆی دێگەڵە)یان گوتبوو و ئەویش گوتبووی: من (مام وسو) دەناسم و لە ناوچەی ئێمە بووە، پیاوەكی زۆر ئازایە و ئەوانەی لە گەڵ ئەودان هەموویان (برازا، خوارزا، ئامۆزا و خزمی) خوینی و تا دەكوژرێن شەڕ دەكەن و بە كەس چەك ناكرێن. دواتر (بورهان ئاغای دزەیی) هات و سێ چوار سەیارەی پێ بوو، پێشتر خەبەرمان بۆ هات و بۆیە خۆمان ئامادە كرد. (بورهان ئاغا) هاتەناو گوند، دەورەمان گرت و هاوارمان كرد (چەك بە، چەك بە)، (بورهان ئاغا) دابەزی و گوتی: (مام وسو) ئەمن بورهان ئاغام و برای تومە، چوون دەم كوژی و چەكم دەكەی. هاتینە بارەگای و (مام وسو) گوتی: "(بورهان ئاغا) ئەمە برا نەبووین و ئەتو پێشمەرگەی من نەبووی؟

---

1) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

2) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

3) د. ئەحمەد شەریف، سەرچاوەی پێشوو.

ئێستا چوون دێی چەکم دەکەی؟ بورهان نانی لە لای ئێمە خوارد و لێی خۆش بووین و ئەویش گەڕایەوە."[1]

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) و ئەوانی دیکە دەڵێن: "دوایە جەماعەت هەمووومان کۆ بووینەوە و هەموو لایەك وتیان مادام (مەلا مستەفا) وای کرد و دەری کردین، دەڕووین و دەبینە باڵی حزب. نزیکەی زیاتر لە دوو مانگ بوو کە لە قەشقە بووین و ئەو شەوە هەمووومان ڕۆیشتین بۆ گوندی (سۆربەش) لە ئەوێ کۆبوونەوەمان کرد، (مام وسو) زۆر ناراحەت بوو و (من و مەلۆی خدانی ئامۆزای مام وسوی) گوتمان: (مامە با نامەیەك بۆ مەلا مستەفای بنێرین و نەچین بۆ حزب، ئێمە ناتوانین لە گەڵ ئەوان ئیدارە بکەین و ئەتو لە گەڵ ملا مستەفای، مەلا مستەفا بشمان کوژێت هەر مەلا مستەفایە)."[2]

(سەید کاکە ئیسماعیل) دەڵێت: "د. خالید وتی (من و مام وسو) دەڕۆین و لە گەڵتان نابین، زیلەکی عەسکەریمان گرت بوو و دامان بە ئەوان تا پێی بڕۆن. بەڵام ئەوان لە سەرخۆ بوون و بە تێگەیشتوویی جووڵانەوە، گوتیان ئەمە شەڕی یەکتری ناکەین، زیلەکەیان بۆ ناردینەوە. (مەلۆی خدانی) کە ئامۆزای (مام وسوی) بوو و خزمەکانی (مام وسو) لە گەڵی قسەیان کرد بوو، هەموو پێیان باش بوو لە گەڵ (مەلا مستەفا) بمێنن، (مام وسو) ڕێی خۆی لە (د. خالید) جیا کرد بۆوە و ئەوی بەرێ کرد بوو."[3]

**دوابڕیاری (مام وسو) و ناردنی نامە بۆ (مستەفا بارزانی)**

(ئەرسەلان مام وسو) دەڵێت: "خوالێخوش بوو (د. خالید) کە فەرماندەی سەربازی بوو لە دەشتی هەولێر و بەشێکی زۆری هێزی پێشمەرگە پەڕینەوە بۆ گوندەکانی (کەسنەزان، عەسکەر، بنە و بنگرد) و لە گەڵ باڵی (م. س) کەوتن، واتە جیابوونەوە دەستی پێ کرد و بارەگاکانی پێشمەرگە لە یەك دابڕان."[4]

بە داخەوە بەشێکی زۆر لە پێشمەرگە ئازاکان ڕۆیشتن، بەشێك لە گەڵ (مام وسو) بە هۆی تۆمەتی ناڕەوا بە دڵ شکاوی مانەوە. "بروسکەی (بارەگای بارزانی) هات بوو کە (مام وسو) نەڕوات و خوالێ خۆشبوو (فارس باوە) بروسکەکە بۆ (مام وسو) دەنێرێت، لە گەڵ ئەوەشدا (مام وسو) بۆ ئەوەی خوێن نەکەوێتە نێوان پێشمەرگە و ئەوانەی جیا بوونەتەوە، هاوکاری (د. خالید

---

1) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

2) عوسمان سەعید، سەرچاوەی پێشوو.

ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

3) سەید کاکە سەید ئیسماعیل، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

4) ئەرسەلان مام وسو، سەرچاوەی پێشوو.

و جەماعەت) دەکات تا بتوانن لە ناوچەکە بڕۆن بە بێ خوێن ڕشتن و بەم شێوەیە کێشەکان قووڵتر نەبنەوە. مام وسو و تاقمێك لە پێشمەرگەکانی لە گەڵیان دەچن تا نزیك (گۆپتەپە و عەسکەر)، لەوێ بۆ هەمیشە لە یەك دوور دەکەونەوە و (د. خالید و ئەوان) دەڕوون، بەڵام خۆیان ناچنە ئەو گوندانە و دەگەڕێنەوە."[1]

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) و ئەوانی دیکە دەڵێن: "پێشتر هەموو خزمەکان لە گەل (مام وسو) کۆبوینەوە و پلانمان دانا، بە فەرمانی (مام وسو) رێك کەوتین هەموومان لە گەڵ (د. خالید و جەماعەتەکەی) بڕۆین تا دەگەن بە ئەو شوێنەی مەترسیان لە سەر نەمێنێت، بۆیە تا نزیك (گۆپتەپە و عەسکەر) بردمانن. لەو شوێنە بە پێی پلان و بۆ ئەوەی دۆستایەتی ئەوان و (مام وسو) تێك نەچێت، هەموو خزمان ناڕەزایەتیمان دەربڕی و بەم شێوەیە هەم ئەوانمان پاراست، هەم توانیمان بە بێ کێشە بەرەو بارەگامان لە (قەشقە) بگەڕێینەوە."[2]

دوای ئەو گۆڕانکاریانە (مام وسو) لە گەڵ ئەو دەستە پێشمەرگانەی لە گەڵی بوون چەند جاری دیکە کۆدەبێتەوە و دوای لێکدانەوەی زۆر دەگەنە بڕیاری هاوبەش. ئەوان بە تێکرایی بۆ شۆڕش و کوردایەتی هات بوون و دەیانویست ئەو ڕێگایەی کوردایەتی چووڵ نەکەن، لە ڕێگەی کوردایەتیش شیاوتر لە بارزانی بۆ سەرکردەی خۆیان ناناسن و بۆیە دەگەنە بڕیاری هاوبەش کە نوسینی نامەیە بۆ (مستەفا بارزانی).

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "ئێمە (مام وسو، مەلو، سابیر ئەمین و من و .. هتد) هاتین بۆ گوندی خۆمان (سۆربەش) و لە ئەوێ کۆبونەوەیەکمان کرد، بڕیارماندا نامەیەك بۆ بارزانی نەمر بنوسین. مەلا عوسمان بە پێی راسپاردە و قسەی (مام وسو) دەستی بە نوسینی نامەکە کرد، نامەکە نوسراو و بەیانی ئەو ڕۆژەی مەلا عوسمان بەرەو ڕانیە و سەنگەسەر ڕۆیشت تا نامەکە ببات."[3]

"دواجار (مام وسو) بەم شێوەیەی باس کرا و بە ڕاویژی تەواو بە پێشمەرگە و خزمەکانی بڕیاری خۆی دەدات، بە هاوسەنگەڕانی دەڵێت:"هەمووتان دەزانن بۆ من خزمەتکاری میللەتەکەم

---

1) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

2) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

3) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "ڕۆژێك خزمەکان هەستان لەگەڵ (مام وسوی) نامەیەکیان بۆ (مەلا مستەفا) نووسی و زۆر شتیان بۆ ڕوون کرد بۆوە لەمەڕ ئەو درۆیانەی لەسەریان کرابوون. نامەکە بە ڕێگەی (مەلا عوسمان) کە برای خێزانی (مام وسوی) بوو بۆ (بارزانی) ناردرا."

و بەرەنگار بوونەوەی دوژمن زۆر گەورەترە لە دەسەڵات و پۆست، بۆیە بڕیارم داوە خۆم سەردانی بارزانی بکەم و لە گەڵی بدوێم".[1]

(عوسمان سەعید) دەڵێت: "(مام وسو) خوێندەواری نەبوو، من نامەکەم بە گوتنی ئەو نوسی و (مام وسو) ئیمزای کرد[2]. (مام وسو) گوتی: (بڕۆ ڕانیە، بارەگای موقەدەم عەزیز لە ڕانیەیە و نامەکەی بدەیە تا بتباتە لای مەلا مستەفا. بەیانی ڕۆیشتم بۆ گەراجی کۆیە لە هەولێر و ڕۆیشتم بۆ کۆیە، لە ئەوێش بۆ ڕانیە بۆ بارەگای موقەدەم عەزیز و بەڵام لە ئەوێ نەبوو، بارزانیەك لەوێ بوو کە خزمی مەلا مستەفای بوو و وتم: (نامەی مام وسوم پێیە و بۆ مەلا مستەفای دەبەم)، زۆری ڕێز گرتم و گوتی وەرە سوار بە با بڕۆین بۆ (سەنگەسەر) لە ڕێگە لە دەربەندی گەیشتینە (عەزیز عەقراوی) جێبەکی سەوزی گچکەی ئینگلیزی پێ بوو و ئیشارەیان دایە، ڕاوەستا و پێیان گوت (نوێنەری مام وسویە و نامەی مام وسوی بۆ مەلا مستەفا هێناوە)."[3]

لە گەڵ (موقەدەم عەزیز) سوار بووم و ڕۆیشتین بۆ سەنگەسەر، شەو چوین بۆ خزمەت (مەلا مستەفا) و (عەزیز عەقراوی) نامەکەی دایە، (بارزانی) نامەکەی خوێندەوە و نامەیەکی دیکەی بۆ (مام وسو) نوسی، دایخست و دای بە من، فەرمانی کرد: "ئەو نامەیە بدە (مام وسو) و مەیخوێنەوە". گوتم: "گەورەم ئەمن دوو ڕۆژ بە پێ دەڕووم و هەر خۆم بۆ (مام وسو)ی دەخوێنمەوە، ئەگەر ترسم هەبێت لە ڕێگە دەبێ نامەکە لە ناو ببەم، بۆیە با درو نەکەم نامەکە دەکەمەوە و دەیخوێنمەوە، فەرمانی کرد بیخوێنەوە. بۆ سبەی گەڕامەوە بۆ قەشقە و نامەکەم بە (مام وسو) گەیاند."[4]

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "دو سێ ڕۆژی پێ چوو و ئێمەش زیلێکی سەربازیمان گرتبوو و بەو زیلە لە گوندەکانی ئەو ناوە دەسوڕاینەوە. دوای ئەو ماوەیە مەلا عوسمان هاتەوە و وتمان موژدە و هەواڵی خۆشمان بۆ بلێ، وتی سەرۆك بارزانی گوتویەتی: (دێن بۆ ڕانیە، با بێن و بەخێر بێن بە سەرچاوان و حەقتان بە سەر هیچ نەبێت، حیساب لە سەر هیچ نەکەن.) بۆیە ئێمەش

---

1) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

2) (مەلا عوسمان سەعید) کە کادر و خوێندەوار و باوەر پێکراوی (مام وسو) بووە، باسی دەکات و دەڵێت: "نامەکە لە گوتنی (مام وسو) دەنوسێت، ئەو دەڵێت لە نامەکەدا مام وسو ڕوونی کردووتەوە کە ئەو ناکۆکی ناو شۆڕشی بە لاوە زۆر خەراپە و دژی دەوەستێت. هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو پێشمەرگەیە و بۆ مافی کورد تێدەکۆشێت، ئەو بەردەوام دەبێت لە شۆڕش و مستەفا بارزانی بە سەرۆکی شۆڕش دەزانێت".

3) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

4) عوسمان سەعید، سەرچاوەی پێشوو.

هەستاین ڕۆیشتین بۆ ڕانیە و ماوەیەك لە قوتابخانەی کچانی ڕانیە ماینەوە، نزیکەی (50-60) پێشمەرگە زیاتر دەبووین."[1]

(مستەفا سەعید) دەڵێت: "نامەکەیان نارد بۆ بارزانی و بارزانی بە گەیشتنی نامەکە داوای کرد بوو بە ماوەی دوو ڕۆژ (مام وسو) بگاتە لای و (مام وسو) قبولی کرد."."[2]

لە بارەی ناوەرۆکی نامەکەی (مستەفا بارزانی) یەوە (مەلا عوسمان) باس دەکات و دەڵێت: "لە نامەکەدا (مستەفا بارزانی) زۆر سوپاسی (مام وسوی) کرد بوو و دووپاتی کرد بۆوە کە (مام وسو)ی هەمیشە وەك پێشمەرگەیەکی خۆی ناسیوە و دەناسێت. هەروەها داوای لێ کرد بوو تا بە ناوی ئەو داوا لە هەریەکە لە (د. خالید و عەلی عەسکەری) بکات تا لە گەڵ شۆڕش بمێنن و هەوڵی تەواو بۆ ڕازی کردنیان بدات. دواجار ئامادەیی بۆ پێشوازی لە (مام وسو) و هێزەکەی دەربڕی بوو."[3]

بۆیە دواجار (مام وسو) پێش ڕۆیشتنی لە دەشتی هەولێر بۆ لای (مستەفا بارزانی) بۆ ڕانیە، سەردانی هەر یەکە لە (د. خالید و عەلی عەسکەری) دەکات، ئەوان زۆر خۆشەویست بوونە لە لای و بۆیە هەوڵی تەواوەتی لە گەڵ ئەوان دەدات تا لە بڕیاری خۆیان پاشگەز ببنەوە. هەوڵ دەدات تا ئەوان بگەڕێنەوە بۆ ناو ڕیزەکانی شۆڕش و تەنانەت هەموو جۆرە دڵنیایی بە ناوی (بارزانی نەمر) بە ئەوان دەدات بە داخەوە داواکەی ڕەت دەکەنەوە و ڕێبازی خۆیان دەگرنەبەر.[4]

(سەید کاکە) دەڵێت: "(مام وسو) هەوڵیدا (عەلی عەسکەری و د. خالید) بباتەوە بۆ لای مەلا مستەفا و بەڵام ئەوان نەیانویست و نەچوون. مام وسو ڕۆیشت بۆ لای (مەلا مستەفا) و لەوێ مایەوە."[5] دواجار (مام وسو) و پێشمەرگەکانی کە نزیکە (60 - 70) کەس دەبوون، بەرەو (ڕانیە) دەکەونەرێ تا قۆناغێکی تازە لە ژیانیان دەست پێ بکەن. دوای گەیشتنیان بۆ ئەو ناوچەیە، (مام وسو) بە خزمەت (بارزانی نەمر) دەگات.

## دیداری بارزانی و قۆناغی نوێ

لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ساڵی 1964 و کاتی وەرزی دروێنەی دەغڵودان، (مام وسو) و پێشمەرگەکانی بەرەو ڕانیە دێن و پەیوەندی بە (عەزیز عەقراوی) دەکەن. دیداری (مەلا مستەفا بارزانی) پێویست بووە وەك یەکەم کار بۆ ئەوەی تەواوی تۆمەتە بێ بنەماکان ڕەت بکاتەوە کە بۆی دروست کرابوون. دیدارێکی درێژخایەن و بەڵام پڕ بەرهەم بووە، دەگوترێت هیچ بابەتێکی

---

1) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

2) مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

3) عوسمان سەعید، سەرچاوەی پێشوو.

4) عوسمان سەعید، مستەفا سەعید، ئەحمەد قادر ڕێزبار و ئەوانی دیکە.

5) سەید کاکە سەید ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

شاراوە لە نێوان (مستەفا بارزانی و مام وسو) لەو دیدارە نامێنێت و (مستەفا بارزانی) پرسیار لە بارەی هەموو ئەو تۆمەتانە دەکات کە لە بارەی پەیوەندیئەو بە باڵی (برایمئەحمەد) ئاراستەی کراوە، ئەویش بە ڕاشکاوی و بێ دوو دڵی وەڵامی داوەتەوە، بەم شێوەیە متمانە لە نێوانیان دروست کراوەتەوە.

(مستەفا سەعید) دەڵێت: "(مام وسو) چوو بۆ لای (مەلا مستەفا) و لەوێ لەگەڵ (مەلا مستەفا) زۆریان قسە کرد بوو، (مەلا مستەفا) گوتبووی بۆ یارمەتی (برایم ئەحمەد) و جەماعەتەکەی ئەوت داوە، (مام وسو) ڕەتی نەکرد بۆوە کە لە ڕووی ئینسانی یارمەتی داون و گوتبووی ئەوەشم لە بەر کوردایەتی بووە، بە حسابی من ئەوانیش کورد بوونە و نەم زانیوە خیانەت دەکەن. بارزانی دەڵێت: (بە ئازایەتی تۆ سەرسامم و بۆیە هەرچی هەبێت بە لای منەوە بەر لێ خۆش بوون دەکەوێت)." [1]

(عوسمان سەعید) دەڵێت: "لە ڕانیە (مەلا مستەفا) لە بارەگای هێز بوو و موقەدەم (عەزیز عەقراوی) فەرماندە بوو، (مام وسو) چووە ژورێ بۆ خزمەت (مەلا مستەفا). نزیکەی دوو کاتژمێر لە ژوورەکە لە گەڵ (مەلا مستەفا) بوون، زۆریان قسە کردبوو و دوای دوو کاتژمێر هاتەدەر. ئەوکات (خورشید شێرە) لە ڕانیە بوو و سەر لقی ئاسۆس بوو."[2] هەروەها (ئەرسەلان مام وسو دزەیی) دەڵێت: "بۆ بینینی (بارزانی نەمر) دەچێتە شاروچکەی (ڕانیە)، (بارزانی) بەم دیدارەی لە گەڵ (مام وسو) زۆر خوشحال دەبێ و دەیان تفەنگ و بڕێکی باشی یارمەتی دەداتێ، بەڵام ڕازی نابێ بە گەڕانەوەی بۆ (دەشتی هەولیر) و داوای لێ دەکات بە شێوەی کاتی لە ناو (قوتابخانەیئاکۆ) لە ڕانیە هێزەکەی خۆی دامەزرێنێ.[3]

دیداری (مستەفا بارزانی) کۆتایی دێت و تۆمەتەکان پووچ دەکرێنەوە، (مستەفا بارزانی) سەرسامی بە ئازایەتی (مام وسو) دەردەبڕێت، پێی دەڵێت: "لە ئەمڕۆ بەدوا تۆ یەك لە کوڕەکانی منی" و فەرمانی پێدەکات بە شێوەی کاتی بارەگای لە ڕانیە دابنێت. (مام وسو) خوێندەواری نەبووە، گرنگی بە پلە و بەرپرسیاریەتی نەداوە، بۆیە سەرەتا بۆ بابەتی تۆمەتبار کردنەکەی سەردانی (مستەفا بارزانی) نەکردووە. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی باجی بە تەمەن و ئازایەتی خۆی

---

1) مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

2) عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

3) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "لەمەو دوا بارزانی بڕیاری دا (مام وسو) لە بیتوێن بمێنێت و نەگەڕێتەوە هەولێر، ئیتر ژیانی تازە بۆ (مام وسو) دەستی پێکرد."

عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو. ئەو لەم بارەوە دەڵێت: "قوتابخانەیەك لە بەرانبەر ماڵی بایز ئاغای برای عەباس ئاغای سەرکەپکان هەبوو، لە ئەوێ بارەگامان دانا و ماوەیەك لەوێ بووین. لق بووین و (مام وسو) سەرلق بوو."

بداتەوە، لە دەیان شەڕی مەترسیدار تاقی کرایەوە، بە ئازایەتی و وەفاداری خۆی تۆمەتەکانی پۆچەل کردەوە و سەرباری ئازایەتی لە ڕادەبەدەری تا (1973) هەر لە پلەی (سەر لق) مایەوە.

(ئەبوبەکر ڕەسول) دەڵێت: "(مام وسو) خۆی بۆی گێرامەوە کە کاتی (ئینشقاق) زۆر ڕاپۆرتیان لە سەر نوسیم بۆ لای (بارزانی)، دواجار بڕیارمدا بچمە لای (بارزانی) و بۆی بسەلمێنم هەمووی درۆیە، (مەلا مستەفا) زۆرجار تاقی کردمەوە و ڕێگەی چوونەوە بۆ (دەشتی هەولێری) پێ نەدام، لە بیتوێن و پشدەری دانام و هەر جارەی بۆ لایەك و بۆ شەڕەك ناردمی، بڕیارمدا بۆ (بارزانی) بسەلمێنم من ڕاستم و کوڕی کورد و شۆڕشگێرم، خودا بەهرەی پێدام و توانیم بە (بارزانی) بسەلمێنم کە ڕاستگۆ بوومە.[1]

(سەید کاکە) دەڵێت: "مام وسو ڕۆیشت بۆ لای مەلا مستەفا و لەوێ مایەوە. مەلا مستەفاش زۆر پێویستی پێ بوو لە ناو ئاغاکانی ئەوێی دانا."[2]

لە دیدارەکەدا (مستەفا بارزانی) بڕیار دەدات کە ڕۆژێك سەردانی (مام وسو) و پێشمەرگەکانی لە بارەگا تازەکەیان بکات. (ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "چەند ڕۆژێك لە قوتابخانەکە ماینەوە و (خۆراك، ئازووقە و بارەگامان) نەبوو، چاوەڕوانی هاتنی سەرۆك بارزانی بووین و دەیان گووت: (ئەمڕۆ نا ڕۆژی دیکە) دێت بۆ لامان. دوای چەند ڕۆژێك بارزانی نەمر هات و تەوقەی لە گەڵ هەموو پێشمەرگەکان کرد، زۆر بە گەرمی هەموومانی بەخێر هێنا. دوای هەندێ قسە و بەخێر هێنان، ئەمری کرد بارەگامان دەبێت بچێتە چوارقوڕنە. ئێمەش چووین بۆ چوارقوڕنە و لە کۆنە خستەخانەکەدا جێگیر بووین. خوالێی خۆشبێت (عزە گورگە) بەرپرسی ئازوقەمان بوو و هاتووچووی بازاری دەکرد، ئازوقەی بۆ دەکڕین و ماوەیەك ماینەوە لە چوارقوڕنە ."[3]

(ئەرسەلان مام وسو) دەڵێت: "مام وسو بڕیار دەدات لە بڕیاری (بارزانی نەمر) دەرنەچێت، چونکە هەڵگری باوەڕێکی بەرز و ڕەوشتی لە خۆ بوردن بوو، زۆر جار دەیوت: "کادیری کورد پەروەر ئەو کەسەیە هەوڵ بدات لە گەڵ خۆپێگەیاندن لە پێگەیاندنی کادیری دیکە درێغی نەکات، کوردستان هی هەموانە و هەمومانی پێدەویت."[4]

---

1) ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، چاوپێکەوتن، 2020/07/30، چوارقوڕنە.

2) سەید کاکە سەید ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

3) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

4) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نووسەکان. دەڵێت: "(مام وسو دزەیی) لە زۆرینەی شەڕەکانی سنوری (بیتوێن، پشدەر، مەرگە و سورداش) بەشدار بوو، زۆر جاریش ڕۆڵە سەرەکیەکان بە دەستی پێشمەرگە سەربەرزەکانی دەشتی هەولێر تۆماردەکرا."

سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "لە 1964 چووین بۆ ڕانیە و ماوەیەکی چاك مەقەرمان لە مەکتەبی ڕانیە بوو، دوایە ڕۆژێك دوو زیلیان بۆ ناردین. بە (مام وسو دزەیی)یان گوت بارەگاتان ببەنە چوارقوڕنە، ئەوکات دانوستان هەبوو. هەر لە چوارقوڕنە ماینەوە تا دانوستان تەواو بوو."

لەم ماوەیەدا بە هۆی دووبەرەکی ناو شۆڕش و پێویستی ناوچەکە، هەندێ لە سەرکردەکانی پێشمەرگەی هەولێر وەك (ئەحمەد حەمەدەمین و ئیبراهیم ئەفەندی) گواستراونەتەوە بۆ سنوورەکانی (مەرگە و پشدەر) و بونەتە فەرماندەی بەتالیۆن.

## قۆناغی تازەی پێشمەرگایەتی (بیتوێن، پشدەر و مەرگە)

لەمەودوا سەرەتایەکی تازە بۆ پێشمەرگایەتی دەست پێ دەکات و پێشمەرگەیەك لە جەرگەی (دەشتی هەولێر) دەبێتە کوڕی ڕۆژانی سەخت لە (بیتوێن و پشدەر)، ئەو دەبێتە خۆشەویستی ئەو ناوچەیە و لە خۆشی و ناخۆشی ئەواندا هاوبەش دەبێت. لەم بارەوە (ئەرسەلان مام وسو دزەیی) دەڵێت: "لەم کاتە بە دواوە (مام وسو) کەوتە قوناغێکی نوێ و ئیتر ئەو تەنیا پێشمەرگە و شۆڕشگێڕێکی ناوچەیی نەبوو، بەڵکو بۆ هەموو کورد و کوردستان لەخەباتدا بوو. بۆیە گۆڕانێکی قووڵی فکری لە شەهیددا دروست بوو."[1]

لەم قۆناغەدا ئیتر زۆر بابەت بۆ (مام وسو) وەك جاران نەما و (بیتوێن و پشدەر) لە جیاتی (دەشتی هەولێر) بوون بە پێگەی پێشمەرگایەتی، پێکهاتەی پێشمەرگەکانی لە ڕووی ناوچەیی گۆڕا و جگە لە خەڵکی هەولێر، پێشمەرگەی ناوچەکانی تری کوردستان لە لای کۆبوونەوە، زۆربەی ئەو پێشمەرگانە لە داهاتوو لە مەیدانی خەبات بوونە قارەمان و خۆیان بۆ کاروانی گەلەکەیان فیدا کرد، لەوانەش: (عوسمان مستەفا[2] ناسراو بە خاڵە دێوە، مستەفا سەعید، واحد کۆیی، زاهیر کۆیی، فوادە و سەڵاحی عەبدە خڕە، دلاوەر تاهیر کۆیی، مەولود ئاغای قەلادزە، عەلی هێرویی، عەباس عەبدوڵلا، عەلی عەزیز، عوبێد سورچی، ئەسعەد مەلا حسن سورچی، حاجی جحێل سورچی، پیرۆت سورچی، قادر مولود مامە سێنی، حەسەن ئەحمەد ناسراو بە زەردە[3]، قادر

1) ئەرسەلان مام وسو، سەرچاوەی پێشوو.

2) (عوسمان مستەفا) ناسراو بە (خاڵە دیوە) لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول بۆتە پێشمەرگە، بە ئازایەتی و قارەمانیەتی و وەفا ناوی بووە، لە تەواوی ئەو (11) ساڵەی شۆڕشی ئەیلول هەمیشە وەك پێشمەرگە و وەك برا لە (مام وسو دزەیی) دوور نەکەوتووتەوە و بۆیە لە هەموو داستانەکان ناوی هاتووە. ماندوو بوون و نەهامەتی، بریندار و شەهیدی بەخشیوە و ماڵێکی شۆڕشگێڕی پێگەیاندووە. بۆ ناسینی زیاتر بروانە پاشبەندی ژمارە (8) لە بەشی پاشبەندەکان. (نوسەر)

3) (حەسەن ئەحمەد) ناسراو بە (زەردە) لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە گوندی (قورشاغلوو) سەر بە شارەدێی (قوشتەپە) لە دەشتی هەولێر هاتووتە دونیا. لە سەرەتای (1962) بۆتە پێشمەرگە لە لای (مام وسو دزەیی) و تا (1975) لە لای ماوەتەوە. لە زۆرینەی شەڕەکان بەشدار بووە و لەوانە: (ئاسۆس، جادەی ژاراوە، کێوەڕەش، زۆزگ و هێزی ڕزگاری و ... هتد). لە سەرەتای هەشتاکان لە باشوور کوژراوە. (نوسەر).

قوتیٚ، عومەر مەلا رەفعەت، مەغدید، محەمەد رەشاش، کەریم عەزیزە کۆر، عەلی خورشید، عەلی عەزیز، بەهرام قادر ناسراو بە  بارۆ و ... هتد و دەیان پێشمەرگەی قارەمانی دیکە).[1]

ناوچەکانی (بیتوێن و پشدەر) دوو ناوچەی هەرە شۆڕشگێڕ بوون، خاوەن خەڵکی میوان دۆست و پڕ میهرەبانی بوون و بەڵام هێشتا کێشە خێلایەتیەکان زۆر بوون، کێشەی (زوی و زار، ئاغا و جوتیار) هەمیشە هەبوو. هەمیشە (مام وسو) بەشێك بووە لە چارەسەری کێشەکان لەو ناوچەیە، بۆیە دانیشتوانی ناوچەکە ڕێزیان لیٚ گرتووە و پێشوازیان لیٚ کردوە. دۆخی تازە سختی زیاتری تێدا بوو، (مام وسو) و بەشی زۆر لە پێشمەرگەکانی خاوەن خێزان و منداڵ بوون. شۆڕش کەم دەست بووە و ئەوان پێشمەرگە بوون. بە ڕاستی سەخت بووە لە یەك کاتدا پێشمەرگە بن، (ماڵ و منداڵەکانیان) لە دەشتی هەولێر بن و ژیانی منالەکانیان دابین بکەن. دواتر لە قۆناغەکانی پێشمەرگایەتی زۆرینەی پێشمەرگەکان لەو ناوچەیە هاوسەرگیریان کرد، بوون بە کوڕی ناوچەکە.

لە سەرەتاوە (مام وسو) دەکەوێتە ناو هەندیٚ لە ئەرکە کۆمەڵایەتی و کێشە کشتوکاڵیەکان لە ناوچەکە و متمانەیەکی باش لە ناو خەڵکدا بۆ خۆی دروست دەکات، سەرچاوەکانی ئاو بۆ کشتوکاڵ هەمیشە گرینگ و سەرەکی بوون، یەك لە کارەکانی (مام وسو) گرتنەبەری ئەو ڕێکارانە بووە کە ئاو لەو ناوچەیە بە داپەروەری بە سەر کێڵگە کشتوکاڵیەکان دابەش بکرێت، لەم بابەتەش سەرکەوتوو بووە.

### بیتوێن، پشدەر و مەرگە

شاروچکەی (ڕانیە) ناوەندی ناوچەی بە پیتی (دەشتی بیتوینە) کە بە زنجیرە شاخەکان دەورە دراوە، مێژووی شارستانی تێایدا زۆر کۆنە. ناوچەی بیتوێن پێکهاتووە لە (سەروچاوە، حاجیاوا، چوارقوڕنە و سەرکەپکان). (دەشتی بیتوێن) بە (زێی بچووك) کە ئێستا کراوەتە (دەریاچە) بۆتە دوو بەش (بیتوێن و مەرگە)، لەو سنوورە شوێنەواری کۆن زۆرە و لە مێژوو ناوی کۆمەڵێك (گرد) دێت و گرنگترینیان بریتین لە: (دووگردکان، کەمەریان، کەپکە قەل، گردە دێم، قورە شینە، بازموسیان، کامەم و شمشارە).

سروشتی بیتوێن یارمەتیدەری باش بووە بۆ بوونی شارستانیەت و دەسەڵات لەو ناوچەیە، بوونی ناوچەی کشتوکاڵی بە پیت و ئاوی سروشتی (زیٚ و کانیاو)، تەنگە ڕێگاکان وەك (دەربەندی ڕانیە یا ڕەمکان) و شاخە سەرکەشەکانی (کێوەرەش و ئاسۆس)، گوندی جوان لە هەموو ناوچەکە بەردەوام واتای ژیان و بەرخودانی پیٚ بەخشیوە. زنجیرە شاخەکانی (کێوەرەش و ئاسۆس)

---

1) سەفەر کەریم هاواری، سەرچاوەی پێشوو، لا 150.

ئەرسەلان مام وسو، سەرچاوەی پێشوو.

نلوچەکانی (بیتوێن و پشدەر) لە یەك جیا دەکەنەوە، تنها (دەربەند) دەکەوێتە نێوانیان بۆ هاتووچوو و لەوانەیە ناوی (پشدەر) بە سرۆشتی لە (پشت دەربەند) کورت کرابێتەوە.

شاروچکەی (قەڵادزێ) شاری شەهیدان ناوەندی ناوچەی پشدەرە، (پشدەر) ناوچەیەکی سەرەنج ڕاکێشی و شاخاویە، کەشێکی دڵڕفێن و دەشتێکی جوانی هەیە کە کێوەکانی بۆی بوونەتە دیوار و هەمیشە پارێزگاریان لێ کردووە، (زێی بچووك) دوای هاتنی لە (سەردەشتی) ڕۆژهەڵات بەو ناوچەیەدا دێت و چەند ئاوێکی ناوچەیی تێکەڵی دەبن. شارەدێکانی (سەنگەسەر، ژاراوە، هێرۆ، هەڵشوو و ئیسێوە) لەخۆ دەگرێت و دەیان گوندی جوان لەخۆ دەگرێت.

"سنووری ڕۆژهەڵاتی پشدەر بریتیە لە چیای (مامەندە، بولفەت، ملەبا و دووپەز) لە ڕۆژئاواشی (چیای کێوەرەش و شاری ڕانیەیە). لە باکوور زنجیرە چیای قەندیل و لە باشوریش زنجیرە چیای ئاسۆس و شاخی کوریس دێت. هەروەها دوو ڕووباری گەورە لە کوردستانی ڕۆژ هەڵات بە دەشتی پشدەردا تێدەپەڕن و دەرژێنە ناو بەنداوی دووکان کە بریتین لە : (زێی بچووك و چۆمی ژاراوە)."[1]

ناوچەی (بناری مەرگەی) جوان و دڵ نشین، لە (بناری شاخ) تا (کەناری دەریاچە) درێژ دەبێتەوە و ناوچەی (بیتوێن و پشدەر) بە ڕێگە سەختەکاندا بە (سلێمانی) دەبەستێت، هەمیشە ستراتیژی بووە. ناوەندی ئەو ناوچەیە بریتیە لە شارەدێی (بنگرد) کە ئێستا سەر بە شارۆچکەی (دووکان) و پێشتر سەر بە (ڕانیە) بووە، ماوەیەك ئەو ناوچەیە سەر بە (پشدەر) بووە و ماوەیەکیش خۆی ناوەندی ناوچەی (پشدەر) بووە.

ئەو ناوچەیەی باس کرا ئێستا بە (ئیدارەی ڕاپەرین) ناسراوە، ڕاپەرینی بەهاری (1991) دەستپێکی لە ئەو ناوچەیە بوو. تێکەڵەیەك لە هۆز و تیرەکانی تێدایە وەك (جاف، بلباس، ئاکۆ، میر ئاودەلی، میرزا ڕۆستەمی، شاوری، نورەدینی، خۆشناو و... هتد) و هەروەها دەیان تیرەی بچووکی سەر بەو هۆزانەی گرتووتەخۆ. ناوچەیەکی میوان دۆست و پر لە ئادابی جوانی کۆمەڵایەتی، خەلکی میهربان و نیشتیمان پەروەر و میوان دۆستە. کێشەی کشتوکاڵی لەو ناوچەیە زۆر بووە و بەڵام هەمیشە شۆڕش خۆی لەو ناوچەیە دۆزیوەتەوە. بەردەوام پێگەی شۆڕشە جیاکانی کورد بووە و خەلکەکەیماندوو و خاوەن شەهیدە، هەمیشە جێگەی گیرسانەوەی پێشمەرگە بووە.

## بارەگا لە چوارقوڕنە

لە ساڵی (1954 - 1959) بەنداوی دووکان دروست کراوە و بەو هۆیەوە بەشی زۆری گوندەکانی (دەشتی بیتوێن و بناری کۆسرەت) دەکەونە ژێر ئاوی دەریاچەی ڕانیە. چوارقوڕنە

1) ستار حەمە تاهیر، خۆڕاگریی دەڤەری پشدەر، هەولێر، 2010، لا (9).

شارێکی تازە بووە و لە گواستنەوەی دانیشتوانی ئەو گوندانە پێکهێندراوە. خەڵکێکی سادە و بە شهامەت و پاکی لادێکانی ئەوکات لەو شوێنە جێگیر بوونە و لە هۆزە هەمە چەشنەکان (بلباس، میرزا رۆستەمی، جاف، ئاکۆ، مەرگەیی، بنزێری و ..... هتد) پێکهاتووە.

بە فرمانی بارزانی نەمر و دوای ماوەیەکی کەم لە مانەوەیان لە شارۆچکەی ڕانیە، بارەگای لقی (مام وسو دزەیی) دەچێتە شارەدێی چوارقوڕنە. بە ماوەیەکی زۆر کەم دەبێتە جێگەی ڕێز و خۆشەویستی خەڵکی ئەوێ، هەمیشە لە خۆشی و ناخۆشیەکانیان بەشدار دەبێت. تەنانەت زۆر لە دانیشتووان بۆ چارەی کێشەکانیان ڕوو لە (مام وسو) دەکەن.

ئەرسەلان مام وسو دەڵێت: "هەوڵەکانی بۆ یەکخستنی کۆمەڵگا و نەهێشتنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان بەرچاو بووە، بۆ نمونە لە کێشە و شەڕی نێوان خێڵی بڵباس (ئیسماعیل سوار ئاغای بڵباس) و خێڵی ئاکۆ (عەباس ئاغای سەرکەپکان) بەپەلە تێکەڵ بە ڕووداوەکە دەبێت و بە هێزێکی پێشمەرگە دەکەوێتە نێوانیان و شەڕەکە ڕادەگرێت، دواتر بە فەرمانی شەهید (ئیدریس بارزانی) هەڵدەستێت بە ناو بژیوانی، زیرەکی و قسەزانی (مام وسو) متمانەی هەر دوولا بە دەست دێنێت."[1]

ماوە نزیکە (10) دە مانگ لە شارەدێی (چوارقوڕنە) دەمێنن، بارەگاکەیان لەناو سەنتەری شاروچکە لە بینایەی (خستەخانەی کۆنی) ئەو شارە دەبێت. هەر لەو شوێنە و لە یەکەم مانگی ساڵی (1965) (مام وسو دزەیی) بۆ دووەم جار هاوسەرگیری دەکات و (عاصمە خان) کچی (حاجی ڕەسول خانزاد) کەسایەتی دیاری ئەو شاروچکەیە دەبێت بە هاوسەری دووەمی.

**کەمێك دەربارەی ژیانی هاوسەری دووەمی (مام وسو)**

(عاصمە ڕەسوڵ حەمەد) ناسراو بە (عاصمە ڕەسوڵ خانزاد) لە ساڵی (1945) لە شارەدێی (میرزا ڕۆستەم) سەر بە شارۆچکەی (دووکان) لە دایك بووە و ساڵی (1957) ماڵیان هاتووتە شارەدێی (چوارقورنە) سەربە شاری (ڕانیە) تا (4ی ناوەندی) لەو شارە خوێندووە. لە ساڵی (1961) پەیوەندی بە ڕێکخراوی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) کردووە. کوبونەوەکانیان زۆرتر بە سەرپەرەشتی خوالێخۆشبوو (نوری شاوەیس) بووە و چەند قوتابی دیکە هاوڕێی بوون کە تنها ئەوانەی بیر ماون: (فەخریە فقێ سمایل خەیات، مەلاحەت و سەباحەت کە کچی عومەر ئاغا بوونە، نەوبەهار خاڵە سەعدەدین و حەمید کاك حەسەن گولەکی). لە کوبوونەوەکان زۆرتر باسی بابەتەکانی ئەوکاتی تایبەت بە (مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراق، بێ بەڵێنی حکومەتی تازەی کۆماری لە عێڕاق و هۆشیاری قوتابیان) و هەروەها بابەتی چالاکیەکانی (شۆرش

1) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

**و پێشمەرگە) بوونە. لە ساڵی (1965) هاوسەرگیری لە گەڵ (مام وسو دزەیی) کردووە، لە هەموو ئازارەکانی پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی هاوسەرەکەی شەریك بووە.**

**حامید گەوهەری، نوسیویەتی: "(عاسمە ڕەسوڵ حەمەد) ساڵی 1945 لە ناحیەی میرزا ڕۆستەم لە بناری کۆسرەت لە ناوچەی دووکان لە دایك بووە. ساڵی (1961) لە خوێندنی ناوەندیدا لە ڕانیە چۆتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ڕۆژی (1965/01/01) لەگەڵ (وسو حەمەد وسو دزەیی) هاوسەرگیری کردووە و وەك پێشمەرگەیەك لە مەیدانەکانی شەڕدا هاوکاری پێشمەرگەکانی کردووە. وسو دزەیی هاوسەری یەکێك بووە لە سەرکردە سەربازیەکانی (پ. د. ك) و بەیەك لە پاڵەوانەکانی شەڕەکانی (کێوەڕەش، دۆڵی شەهیدان، بناری مامەندە، هەڵشۆ، هێرۆ، زۆزگ، گەرووی عومەر ئاغا، ناوچەی پشدەر و مەرگە) دادەنرێت. کاتێك دەبینێت (ئەرسەلان، خانزاد، پشتیوان و ئەردەلان) واتە منداڵەکانی لە خوێندنگاکانی نەغەدە فێری فارسی دەبن، خۆی لە ماڵەوە بۆ منداڵەکانی دەبێتە ماموەستا و هاوکات لە گەڵ خوێندنی زمانی فارسی، لە ماڵەوە منداڵەکانی فێری خوێندنی زمانی کوردی دەکات."[1]**

**هەمیشە وەك پێشمەرگە هەڵسوکەوتی کردووە و ئەرکی زۆری دیتووە لە: (ئامادە کردنی نان و خواردن بۆ پێشمەرگە، شارەزا کردنی خەڵکی لادێکان و ناوچەکانی نزیك لە پێشمەرگە و شەڕ بە شێوازەکانی خۆپارێزی لە بەرانبەر ئەو توپباران و بۆردمانانەی ڕژێم کردوویەتی، پێ ڕاگەیشتن بە برینداەکان کە دەگەیشتنەوە لای بنەماڵەکانی پێشمەرگە، سەرپەرەشتی کردنی خێزان و منداڵی ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵیادا بوونە، دەستەبەر کردنی ئەو کەرەستە و خواردن و دەرمانانە کە توانیەیانە و ناردنی بە ڕێگەی پێشمەرگە پاڵپشتی کارەکانەوە بۆ بەرەکانی جەنگ).**

**مێژوونووس نیە، بەڵام زۆر لە ڕووداوەکانی ناو ژیانی بە نوسین تۆمار کردووە، هەروەها لە ساڵی (1965) تا بە ئێستا لە ساڵنامەدا ڕووداوەکانی ژیانی تۆمار کردووە و خزمەتی بە ڕووداوەکانی مێژوی ناو شۆرش کردووە. لە کۆنگرەی سێزدەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) خەڵاتی (مەدالیای بارزانی نەمر) لە لایەن (مسعود بارزانی) وەك نیشانی خەبات پێ بەخشراوە.**

---

1) **حامید گەوهەری، میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان، بەرگی یەکەم، 2015، لا (327-328)، هەروەها نوسیویوتی: (ناوبراو بە هۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر، ڕۆژی (2010/12/15) لە کۆنگرەی سێزدەهەمینی پارتیدا میدالیای بارزانی نەمری وەرگرتووە و لەم بارەوە دەڵێت: "زۆر خۆشحاڵ بووم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی و دانی میدالیا بە من وەك پێشمەرگەیەك، ڕێزدانانی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دەگەیێنێت بە خزمەتکارانی کورد و هیوادارم هەموو پێشمەرگە کۆنەکان میدالیا وەربگرن." بڕوانە پاش بەندی ژمارە (9) نوسراوی بەخشینی مەدالیای بارزانی بە ناوبراو (نوسەر).**

## گواستنەوەی بارەگا بۆ سەرسیان و بەری مەرگە

(ئەرسەلان مام وسو) دەڵێت: "پاش ماوەیەك (موقەدەم عەزیز عقراوی) سەردانی دەكات بۆ گەیاندنی بڕیاری بارزانی کە بریتی بووە لە فەرمانی گواستنەوەی (مام وسو) و لقەکەی بۆ گوندی (سەرسیان) لە ناحیەی بنگرد (مەرگە)، زور لە ئاغاکانی میراودەلی لەو شوێنە بارەگایان هەبوو، هەروەها بارەگای شەهید (عەزەدین قەرە محەمەد[1]) و (نجمەدین قەرە) و (مولازم تاریق ئەحمەد کەرکوکی) لەو شوێنە بوون، (بارزانی) دەیزانی نیازی حکومەت چیە و بۆیە ئەم هێزانەی لە (سەرسیان) کۆ دەکردەوە لە مانگی ئازاری ساڵی (1965) (مام وسو) و هیزەکەی دەچنە گوندی (سەرسیان)." [2]

(عاصمە خان) دەڵێت: "لە (65/03/09) لە چوارقوڕنە ڕۆیشتین بۆ (سەرسیان). ئەوکات سەرسیان هیچ شتێکی لێ نەبوو تنها جارجارە تەیارە دەهات شاخەکانی بۆردمان دەکرد، زۆربەی خەلکەکە و پێشمەرگە لە (کێوەڕەش) و (ئاسۆس) بوون."[3]

(عەلی عەزیز) دەڵێت: "لە مانگی (1965/3) بارەگای لق هاتە گوندی سەرسیان، ئەوکات (موقەدەم عەزیز عقراوی) فەرماندە بوو و لە ڕانیە دادەنیشت، سنووری هێزی کاوە بۆ (قەزای قەڵادزێ) بوو. لقی (مام وسو) نزیکەی (60 - 70) پێشمەرگە دەبوو و (سمکۆ مەجید ئەوبەری) جێگر بوو، (نوری حاجی ئۆمەر، عەزیز مەولود و خاڵە دێوە) سەرپەل بوون. تا کاتی شەڕی ئاسۆس لە مانگی ئەیلول لە ئەوێ بووین، بارەگای لق لە سەرسیان و پەلەکان لە ئاسۆس بوون."[4]

(موقەدەم عەزیز عقراوی) ئەوکات لە ڕانیە بووە و فەرماندەی لەشکری سێی شۆڕش بووە کە سنوری (سلێمانی و کەرکوك) بووە و (حەسۆ میرخان ژاژۆکی) فەرماندەی (هێزی کاوە) بووە و

---

1) (عزەدین قەرە محەمەد) لە ساڵی (1944) لە شاری (کەرکەك) لە دایك بووە و لە دوای شۆڕشی (14)ی تەمووز پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە و لە (1962) هاتووتە ڕیزی پێشمەرگایەتی. پێشمەرگەیەکی ئازا و فەرماندەیەکی چاونەترس بووە، سەرلق و فەرماندەی بەتالیۆن بووە، لە زۆر داستانی قارەمانانە بەشدار بووە. ماوەیەك فەرماندەی هێزی ڕزگاری بووە و لە (3)ی ئەیلول (1974) لە هێرش بۆ سەر بارەگای لیوا لە (تووسوران) لە ناوچەی پشدەر بە قارەمانانە شهید بووە. (نوسەر).

2) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

عوسمان سەعید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "دوای ماوەیەك دۆخەکە ئاڵوز و خەراپ بوو، شەر دەستێ پێ کردەوە و داوا لە (مام وسو) کرا تا بارەگای بچێتە گوندی (سەرسیان)، بارەگای رۆیشت بۆ سەرسیان، بەڵام من لەگەڵی نەچووم و گەرامەوە بۆ هەولێر چونکە حزبی بووم لە ئیش و کاری حزبیدا بووم."

3) عاصمە ڕەسوڵ (خێزانی مام وسو)، چاوپێکەوتن، هەولێر، ساڵی 2000.

4) عەلی عەزیز، چاوپێکەوتنی دەنگی، هەولێر 30/1/ 1999.

(عەلی شەعبان) فەرماندەی هێزی بیتواتە بووە، (تاریق ئەحمەد) ناسراو بە (مولازم تاریق) لە (بەری کێوەرەش) بوو و فەرماندەی هێزی ڕزگاری بوو[1].

(ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی) لە مەرگە دادەنیشت و فەرماندەی بتالیۆن بوو، (مولازم نوزاد و بورهان ئاغای دزەیی) لە بنگرد بوون. جەماعەتی میرئاودەلی بە فەرماندەیی (همزەی باپیر ئاغای پشدەری) لە (بەردە کۆز و بلۆقین) بوون.

---

1) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 171.

**باسی دووەم**

## هێرشی ڕژێم بۆ (کێوەڕەش و ئاسۆس)

دانوستانەکانی نێوان ڕژێم و سەرکردایەتی شۆڕش بەرەو خەراپ دەچوو و تا دەهات بارودۆخ سەخت دەبوو، (مستەفا بارزانی) لە مانگی ئاداری (1965) دا دوایین نامەی بۆ ڕژێمی ئەوکات دەنێرێت. لەم بارەوە (مسعود بارزانی) نوسیویەتی: "بارزانیش لە 12ی ئاداری 1965دا بە نامەیەك وەڵامی دایەوە و بە (شەفیق ئاغا و سەردار حەمە ئاغا)دا ناردی. ئەوە دوا هەوڵی دوورخستنەوەی ڕووبەڕوو بونەوە بوو لە گەڵ ڕژێمی عێراق."[1]

بەرەبەرە دۆخی ئاشتی نەما و ناسەقامگیری گەڕایەوە و تا دەهات خەراپتر دەبوو، لە سەرەتا تنها ترس و توقاندن بوو و دواتر هێرشی سەربازی لە لایەن ڕژێم لە مانگی نیسان دەست پێدەکات، لە زۆر شوێن وەك (پیرە مەگروون، قەرەداغ و سەفین و ... هتد) شەڕ ڕوودەدات تا دواجار شەڕ بەرەو ڕانیە و پشدەر دێت. لە ڕۆژی (6ی ئەیلولی 1965) حکومەت هێرشێکی بەربڵاو دەست پێدەکات بۆ (شاخی کێوەڕەش و بەری مەرگە)، هێرشەکە بە پاڵپشتی توپ خانە و فڕۆکە جەنگیەکان بووە. لەو شەڕە هەر دوو لیوای (14 و 20) بەشدار بوونە و دوژمن بە ئاسانی دەتوانێت هەموو (شاخی کێوەڕەش) داگیر بکات، دواتر پێشرەوی ڕژێم بەردەوام دەبێت لە دەربەند تا (بەردە کۆز) دەگیرێت.

لە ڕۆژی (6ی ئەیلولی 1965) بە سەرکردایەتی عەمید روکن (فیصل انصاری) فەرماندەی فرقەی 2ی سوپای عێراقی، هێزێکی هاوبەش لە لیواکانی پیادەی (14 و 20) بۆ داگیر کردنی شاخی (ئاسۆس) کەوتنەڕێ، بەم شێوەیە شاری (قەڵادزێ) داگیر کرا و سوپای عێراقی شوێن پێی خۆی بەهێز کرد.[2]

(ئەرسەلان مام وسو) دەڵێت: "لە ئاسۆس هێزی (مام وسو) دەکەونە ناو گەمارۆی توندی هێزەکانی ڕژێم و (سێ ڕۆژ) شەڕ درێژە دەکێشێت و پیشمەرگە زۆر ئازایانە بەرگری دەکەن،

---

1) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 190.

2) شکیب عقراوی، سنوات المحنة في كردستان، تموز 2007، ص 193. "وفي يوم 6/ايلول/سبتمبر 1965 قاد العميد الركن فيصل الانصاري قائد فرقة الثانية قوات مشتركة من لواء المشاة 14 و لواء المشاة 20 و تقدمت لاحتلال جبل (ئاسؤس) و بذلك سقطت بلدة (قلعة دزة) عسكريا و تم احتلالها و وضع الجيش العراقي استحكاماته في المنطقة."

بەلام بە هۆی ئەوەی ناتواندرێت (پیتاك و تەقەمەنی) پێیان بگەیەندریت، بارزانی بە بروسکە فەرمان دەکات پاشەکشە بکەن."[1]

(مسعود بارزانی) لە بارەی شەڕی (ئاسۆس) دەڵێت: "پێشمەرگە لە (بەری مەرگە) بە سەرکردایەتی (مام وسو دزەیی) بەربەرەکانیەکی قارەمانانەیان کرد، هەر چەندە (مام وسوش) سەرەنجام بە هۆی لەبەر چاویی شوینەکەیەوە لە ئەنجامی گرتنی کێوەڕەشدا لە (10)ی ئەیلولدا ناچاری پاشەکشە بوو، ئەوانی تریش هەر ناچاری پاشەکشە بوون تا (ماخۆبزنان و دۆڵی شهیدان و بناری مامەندە و هەڵشۆ).[2]

شەڕی ئاسۆس زۆر گرینگ بووە، خۆڕاگری قارەمانانەی پێشمەرگە لە (6 - 10ی ئەیلول)، بۆتە وێردی سەر زمانی خەڵکی (بیتوێن و پشدەر) و هەمووان بە شانازی باسیان دەکرد. لەم بارەوە (حاجی حاجی برایم) دەڵێت:"من بۆ یەکەم جار ناوی (مام وسوم) بیست کە وەك قارەمانێك لەو داستانە دەرکەوت، سێ چوار ڕۆژ لە گەڵ ئەو پۆلە پێشمەرگەیە لەوێ بە تنها مانەوە و بەرگریان کرد. لوتکەکە ناوی (بەڵا ڵوویە) و لە سەر گوندی سەرسیانەوە بە سەر (بیتوێن - پشدەر)دا دەڕوانێت و ئەو قارەمانیەتیە بوو بە وێردی سەر زمانی هەمووان. دواجار ئەو لوتکەیە ناوی نرا (لوتکەی مام وسو)."[3]

مسعود بارزانی لەم بارەوە دەڵێت: "هۆی شکانی پێشمەرگە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی (مولازم تاریق) بەردەوام بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی دووپات کردۆتەوە کە پێشمەرگەکان توانای خۆڕاگریان هەیە و بەڵام ئەمە ڕاست نەبووە."[4]

---

1) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

2) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو ، لا (203، 204).

3) حاجی حاجی برایم، زاگرۆس تی ڤی، چاوپێکەوتن، بەرنامەی تایبەت بە بیست و پێنجەمین ساڵیادی کۆچی دوایی (مام وسو دزەیی)، 2014/2/21. بەرەدەوام دەبێت و دەڵێت: "نە تنها هەر من و بەڵکو هەموو ناوچەی (بیتوێن و پشدەر) هەموو ئەوانەی نەشیان دەناسی، بەو شەڕە ئاشنای بوون کە قارەمانی ئەو شەڕە بوو."

4) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 203.

## کورتەیەك لە قارەمانیەتی ئاسۆس

لە ساڵی 1965 (مام وسو) فەرماندەی لقی (1)ی بەتالیۆنی (1)ی (هیزی کاوە) بووە و (ئەحمەد حەمەدەمین ئاغای دزەیی) فەرمانەدەی بەتالیۆنی (1) بووە. ئەرکی (مام وسو) بە فەرمی لە گوندی (سەرسیان) بووە و بەشێك لە پێشمەرگەکان بەرانبەر (دەربەند) و بەشێك لە دیوی (ئاسۆس) بەرانبەر (سەنگەسەر) بوونە. (بورهان ئاغای دزەیی) و بەتالیۆنەکەشی لە (بنگرد و بەری مەرگە) بوون.[1] (ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "هەستمان کرد ڕژێمی ئەوکات سەرقاڵی پیلان گێڕیە، بۆیە بارەگامان گواستەوە بۆ بەری ئاسۆس و لە گوندی سەرسیان جێگیر بووین. بارەگایەکمان لە سەر (ئاسۆس) دانا و ماوەیەکی باش ماینەوە، لە نەکاو هێزەکانی ڕژێم دەستیان بە هێرش کرد".[2]

سەرەتای مانگی ئەیلول هێزەکانی ڕژێم لە ناوچەکانی کۆیە دەستیان بە پێشڕەوی کرد بەرەو شاروچکەی چوارقوڕنە و ناوچەی بیتوێن هاتن، هێزەکە پێکهات بوو لە لیواکانی (14 و 20) و هەندێ لە چەکدارەکانی ئەو سەردەمی ڕژێم وەك: (شێخ ڕەشیدی لۆلان، سورچی و هەرکیەکان)، ئەوکات لیوای (20) ناوبانگی ئازایەتیان هەبوو. ئەو هێزە دەگاتە چوارقوڕنە و بەشێکی لە ڕێگەی دەریاچەی دووکان دەپەڕنەوە بۆ بەرانبەر (مەمەند ئاوا)، دواتر بەرەو مەرگە جوڵە دەکات. دواجار لە خوارووی گوندی (مەمەند ئاوا) بەرەو گوندی (خەڕەك ڕێسە) دەچن.

شەڕ لە شاخی کێوەڕەش تا (بەری مەرگە) دەست پێدەکات، لە ڕۆژی یەکەم هێزی پێشمەرگە لە (کێوەڕەش) دەشکێن و بە فەرمانی (تاریق ئەحمەد) بەرەو (دۆڵی شهیدان) دەکشێنەوە. (مام وسو دزەیی) لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەك بەرەو دەشتی (سەرسیان) دەڕوات، شەڕ دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە دەست پێدەکات و تا ئێوارە دەخایەنێت. دوای ئەو کورتە شەڕە دەگەڕێنەوە بۆ (سەرسیان) و پێشمەرگەیەك بە ناوی (حەسەن لالۆ) بۆ لای (نوری حاجی ئۆمەر) کە سەرپەل بووە دەنێرێت، فەرمان دەکات هەموو پێشمەرگەکان بچنە (سەرسیان).

عەلی عەزیز دەڵێت: "کاتی گەیشتنمان (مام وسو) لە بەردەم قوتابخانەی سەرسیان لە گەڵ جەماعەت وەستابوو و دوای گەیشتنمان فەرمانی کرد تا کەلوپەلی بارەگا لە ڕێگەی (سلێمان حاجی ئەمین) بۆ دۆڵی شهیدان بگوازرێتەوە، هەروەها فەرمانی کرد تا هەموو پێشمەرگەکان لە

---

1) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

2) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

شاخی (ئاسۆس) سەرکەون."[1] دابەش کردنی ئەرك و گرتنی شوێنە گرینگەکان لە شاخی ئاسۆس دەستی پێکرد، هێزەکەی (مام وسو) نزیکەی (60 بۆ 70) پێشمەرگە بوو و زۆربەی چەکەکان تفەنگی ئینگلیزی بوون. دوو چەکی جۆری ڕەشاشیان هەبوو و (نوری حاجی ئۆمەر - سەرپەل) و (عەزیز مولود ناسراو بە عەزە خاص - سەرپەل) ئەو چەکانەیان بە دەست بوون. مام وسو برنەوێکی درێژی پێ بوو و بە دیاری لە (ئەحمەد حەمەدەمین ئاغای) وەرگرت بوو و (سمکو مجید ئەوبەری) ناسراو بە (سمکو پیرە) جێگری (مام وسو) بوو.

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "عەریف سەمەد لە لای چەپ و سابیر کاکەشین لە لای ڕاستمان بوو، رووبەرووماں دوژمن و تەنیشتمان دەریاچەی ڕانیە بوو، پشتمان بە چیای ئاسۆس قایم کردبوو. هێرشی حکومەت دەستی پێکرد، ناچار سەر لوتکەی شاخ کەوتین و (دوو شەو و سێ ڕۆژ) شەڕمان کرد و شەڕێکی زۆر سەخت بوو."[2]

عەلی عەزیز دەڵێت: "پەلێك پێشمەرگەی خەلکی گوندی (کانی توو) بە فەرماندەیی (کاکە ڕەش) لە بەرانبەر سەنگەسەری کۆن لە دیوی ئاسۆس بوون. (نوری حاجی ئۆمەر و دوو پێشمەرگە) بە فەرمان (مام وسو) چوون تا لە ئەرکەکانیان ئاگاداریان بکەن، بەڵام دەرکەوت ئەوان پێشتر شوێنەکەیان چووڵ کردووە. بۆیە مام وسو فەرمانی کرد تا نوری و پێشمەرگەکانی شوێنیان بگرنەوە و خۆیان لە ئەو شوێنە بە تەواوەتی جێگیر بکەن."[3]

دوای ئەوە پێشمەرگەیەك هات و نامەی (هەمزەی باپیر ئاغای پشدەری) هێنابوو، لە سەر فەرمانی (مولازم تاریق ئەحمەد) داوای پاشەکشەی لە (مام وسو) کرد بوو و هەروەها ئاگاداری کردین جەماعەتی (همزە باپیر ئاغا) لە پشتی (بەردە کۆز و بلۆقین) کشاونەوە و پشتمان چووڵ بووە. بەڵام (مام وسو) پاشەکشەی ڕەت کردەوە و گوتی: (سەری ئاسۆس دەبێت گۆری من بێت). سەرەنجام بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە واتە لە کاتژمێر (4)ی بەیانی جەنگ لە ڕووکاری (بەردەکۆز) دەستی پێکرد.[4]

---

1) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

2) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

3) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

4) عەلی عەزیز و سلێمان ئەمین، سەرچاوەکانی پێشوو.

به چوول کردنی (کێوەڕەش) هێزەکان ڕژێم لە (دەربەندی ڕانیە) بەرەو قەڵادزێ ڕۆیشتن، شەڕ بە توندی لە ئاسۆس بەردەوام بوو و لە هەموو لایەکەوە ئاگر بە سەر ئاسۆسدا دەباری، ئاسۆس گەمارۆ درابوو و هێرشەکان بێ پسانەوە بەردەوام بوون. دوژمن لە چەند شوێنێکەوە توپبارانی ئاسۆسی دەکرد لەوانە لە: (دەشتی سەرسیان و خەڕەك ڕێسێ) و (لە بانوە سوران لە لای قوڕەگۆی ڕانیە). لە لایەکی دیکە لە ئاسمانەوە بە فڕۆکەی (هەلیۆشن) ئاگر و بارووت و تێزاب فرێدەدرا، هەر شوێنێك کە فڕۆکە لێی دەدا بە تەواوی دەسوتا. سەختی شاخی ئاسۆس ڕێگر بوو لەوەی توپەکان ئامانج بپێکن، هەروەها ببوو بە پەنا بۆ پێشمەرگە لە بەرانبەر توپبارنی سەخت.

لە شەوی دووەمی شەڕەکەدا پێشمەرگەیەکی قارەمان لە پێشمەرگەکانی مولازم (تاریق ئەحمەد) خۆی دەگەیێنێتە لای (مام وسو) و دەڵێت: (من لە بەر خاتری مام وسو خۆم کردووە بە فیدایی).

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "تا دەهات شەڕ توندتر دەبوو، ئێمەش فیشك و خواردنمان هیچ نەمابوو، گوتمان مام وسو چ بکەین. ئەویش گووتی لە شەڕ زیاتر هیچ چارەمان نیە تا ڕزگارمان دەبێت. گوتمان ئاخە فیشەك نەما و گوتی دەسەڵات نیە. (بارزانی) لە سەنگەسەر هاتبووەدەر، تەماشا و چاودێری شەڕەکەی کردبوو، سەعات یەکی شەو هیچ فیشەکمان پێ نەما و دوو بریندارمان هەبوون بە ناوەکانی (عوسمان مۆرتکە خەڵکە مورتکەی کچکە) بوو و (جەمیل جەلال خەڵکە گوندی گۆسکە) کە هی (دەشتی هەولێر) بوون."[1]

عەلی عەزیز دەڵێت: "شەوی سێهەم شەڕ بەردەوام بوو و لە کاتژمێر (9)دا (سمکۆ مەجید ئەوبەری) هات و گوتی ئامادە بن تۆزێکی دیکە (مام وسو) دێت، لە بوونی تەقەمەنی و فیشەك دەپرسێت. دوای چەند ساتێك (مام وسو) هات و لە فەرماندەکەمان (نوری) پرسی کە چەند فیشەك لای پێشمەرگە ماوە؟ دەرکەوت لە نزیکەی (60 بۆ 70) پێشمەرگە تنها دەوروبەری (200) فیشەکمان پێ مابوو، تا دەهات دۆخەکە توندتر دەبوو. بۆیە نوری گوتی شەڕ بە بێ فیشەك ئەستەمە و ئەویش وەڵامی دایەوە کە پێشمەرگە قارەمانە و دەتوانێت پێنج فیشەك لە جیاتی هەزار فیشەك بەکار ببات."[2]

---

1) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

2) عەلی عەزیز و سلێمان ئەمین، سەرچاوەکانی پێشوو.

به درێژایی سێ شەو و ڕۆژ بەرگری قارەمانانە (مام وسو) و پێشمەرگەکانی ڕێگەیان نەدا تاکە سەربازێك بپەڕێتەوە ناو گوندی (سەرسیان). کاتژمێر (3)ی بەرەبەیانی شەوی سێهەم (صابیر ئاغا) هات، ئەو کاتبی (مام وسو) بوو و بە (نوری) گووت هێزەکەی بکاتە دوو بەش، بەشێك لە شوێنی خۆی بمێنێت و بەشێکیش بچێتە لای (مام وسو). کاتژمێر (4) گەیشتینە لای (مام وسو) و فەرمانی کرد تا (یەك یەك و دوو دوو) واتە لە گروپی بچووك (ئاسۆس) بەجێ بهێڵین بەرەو گوندی (کەنجارە) کە بەرانبەر قەڵادزێ و دۆڵە بەفرە بوو.[1]

دیارە فەرمانی پاشەکشە لە لایەن (بارزانی مستەفا) کرا بوو، پاش گەمارۆدانی هێزی مام وسو و درێژەکێشانی جەنگ، دیمەنی دەگمەنی پارتیزانی و چووك بەستنی پێشمەرگەکان بۆ مانەوە، خۆڕاگری و بەرگری بە بێ گەیشتنی پیتاك و تەقەمەنی، ئەم هەواڵە دەگاتە لای بارزانی و بە بروسکەیەك داوای لێ دەکات پاشەکشێ بکەن.[2]

ئەحمەد قادر ڕێزبار دەڵێت: "مەولود خدر ناسراو بە (مەلو) ئامۆزای (مام وسو) بوو، گوتی: "بەلەمێکەم لە پەنا زێی ڕانیە شاردووتەوە بۆ ڕۆژی تەنگانە"، ڕۆیشتین و بە بەلەمەکە لە ئاوی پەڕینەوە. بە ڕەحمەت بێت (عەریف سەمەد) بە بریندارى لە پەنا زێیەکە کەوت بوو و سێ گوللەی پێ کەوت بوو. (مام وسو) فەرمانی کرد ئەویش هەڵگرین و دەربازی بکەین، گوتمان هەڵ ناگیرێت و گوتی ناکرێت بەجێی بهێلین، ئەویشمان هەڵگرت. نەمان دەزانی هەموو هێزی پێشمەرگە لە (مەرگە و کێوەڕەش) کشاوەتەوە و تنها ئێمە شەڕمان کردووە و ماوینەوە."[3]

بە هۆی درەنگی وەرزی ساڵ ئاوی زێی ڕانیە کەم بوو و زۆربەی پێشمەرگەکان لەو تەنکە ئاوە پەرینەوە، پێشمەرگە (قادر مەولود) بریندار بوو. لە کاتی پەرینەوە چاومان کەوت بە (خەسرەو کاوانی) کە سێ پێشمەرگەی لە گەڵدا بوو، ئەو گوتی هەموو شوێنێك گیراوە و (مام وسو) وەڵامی دایەوە کە شەڕی من لە پێناو کوردە. ئەو ڕۆژە بە ناچاری لە گوندی (کەنجارە) ماینەوە، چونکە بە ڕۆژ نەمان دەتوانی ڕێگە ببڕین.[4]

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "کاتی پاشەکشە دیمەنی سەیرمان هەبوو، هەر (2 - 3) پێشمەرگە لە لایەك دەهات و هەبوو شەڵواری دڕابوو یا پێڵاوی لە پێ نەما بوو. زۆربەی

---

1) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

2) سەفەر کەریم هاواری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 150.

3) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

4) عەلی عەزیز و سلێمان ئەمین (سلۆ گورگە)، سەرچاوەی پێشوو.

پێشمەرگە بە دەنگی توندی توپباران گێژ ببوون یا خوێن لە دەم و لووتیان دەهات. خەسارەی دوژمن زۆر بوو، دەگوترا نزیکەی (500) کوژراو و بریندار هەبووە، بەڵام سەختی شەڕەکە ڕێگەی بە هێنانی دەستکەوت نەدا و مایەی خۆشبەختی بوو کە پێشمەرگە تنها یەك بریندارى هەبوو. ئەو شەوە ماینەوە، (مام سابیر کاکە شین) پێشتر پاشەکشەی کرد بوو و لەو بەری زێ بوو، زۆر ئیشی باشی کرد. پێشمەرگەکانی ئەو حەساوە بوون و بۆیە هەر کە لە دوورەوە پێشمەرگەیەکی دەدیت، دەیگووت: (ئەوە پێشمەرگەیە لەو لاوە دێت، بڕۆن بە خێرایی بیهێنن). نانمان لە لای مام سابیر خوارد و پرسیارمان کرد (مام وسو) چی لێ هات، گوتیان ئەوەتا ئەویش گەیشتەجێ.[1]

عەلی عەزیز دەڵێت: "ئەو ڕۆژە لای مام سابیر ماینەوە لە نزیك سەنگەسەر و دواتر چووین بۆ گوندی (هەڵشوو). لە هەڵشو پێدەچوو دیسان حوکمەت ڕانەوەستێت و بۆیە ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەرەو دۆڵی شهیدان بەڕێ کەوتین، هەمان شەو گەیشتینە لای (تاریق ئەحمەد) کە لە دۆڵی شهیدان بوو و دیار بوو (حەسۆ میرخان)یش لە ئەوێ بوو."[2]

شکیب عقراوی دەڵێت: "بە گەیشتنی سوپای عێراقی بۆ شاری قەڵادزێ، مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی پارتی کە لە گوندی (هەڵشوو) بوون، بە ناچاری بەرەو خێوەتگایەکی کاتی لە نزیك گوندی (بۆڵێ) سەر بە شارەدێی (سەنگەسەر) گواستیانەوە و دواتر لە (گەلی بەدران) جێگیر بوون."[3]

ئەو نەبەردیە زۆر کاریگەر بوو، پێشمەرگەکان زۆر ئازایانە دەرکەوتن، (حاجی حاجی برایم) دەڵێت: "چەند ڕۆژێك دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە شکان، (مام وسو) لەگەڵ ئەو پۆلە پێشمەرگەی لەگەڵی بوون گەمارۆ دران و سێ چوار ڕۆژ لەو لوتکە مانەوە. لە زۆر قۆڵەوە هێزەکانی ڕژێم هاتبوونە ناو پشدەر، (مام وسو) و ئەو پۆلە پێشمەرگەی لەگەڵی بوون بە زۆر پاشەکشەیان پێکرا. ئەوان دەیانەویست بمێننەوە و شەڕ بکەن تا هێزی دوژمن تێك دەشکێنن."[4]

---

1) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

2) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

3) شكيب عقراوى، سنوات المحنة في كردستان، تموز 2007، ص 193. (وخلال وصول الجيش العراقي الي بلدة (قلعةدزة) اضطر المكتب السياسي و التنفيذى في شهر ايلول 1965 الى الانسحاب من قرية (هلشؤ) الى مخيم وقتى فرب قرية (بولي) بناحية (سنكسر) ثم استقر مقر مكتب السياسي في مذيق (بدران) في منطقة ناودةشت.)

4) حاجی حاجی برایم، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

ئەوکات (م . س) هاتبوو بۆ گوندی (سلێ) و دوای دوو ڕۆژ لە مانەوەمان لە (دۆڵی شهیدان)، (مستەفا بارزانی) داوای دیتنی (مام وسو و تاریق ئەحمەد) دەکات. بارزانی ستایشی مام وسوی کرد بوو و گوت بووی: "بە ڕاستی ئازایەتی خۆت نیشاندا و لە ناو دڵی هەموو کورد جێگای خۆت کردەوە". دواتر بارزانی دەڵێت: "نەدەبوو کێوەڕەش بە ئاسانی بە دەستەوە بدەن". (مام وسو) دەڵێت: "من تنها یەك تفنگی برنەو و (60-70) پێشمەرگەم هەیە، بەڵام (مولازم تاریق) نزیکە (1000) پێشمەرگەی هەبوو، دەبوایە لە (بەردەکۆز تا ڕانیەی) پاڕاست بووایە". بارزانی فەرمووی ڕاستە و فەرمانی کرد تا (20) تفەنگی جۆری (11 تیری انگلیزی) بە دیاری بدرێت بە (مام وسو)، دوای ئەوە گەڕاینەوە بۆ دۆڵی شهیدان.[1]

دوای ئەو شەڕە پێداچوونەوە دەکرێت و (حەسۆ میرخان ژاژۆکی)[2] دەکرێت بە سەرکردەی پێشمەرگە لە جیاتی (تاریق ئەحمەد).[3] بە فەرمانی (مستەفا بارزانی) دوای سێ ڕۆژ لە دیدارەکەی، لقی (مام وسو) دەگواسترێتەوە بۆ گوندەکانی (دووگۆمان و ماخۆبزنان) و پارێزگاری لەوێ تا دەگاتە (زەنگڵان، پیرانەڕەشان و مەمکان) بەو لقە سپێردراوە. دوای شەڕی (ئاسۆس) نزیکەی (15) ڕۆژ (مام وسو) و پێشمەرگەکانی لە دۆڵی شهیدان دەمێننەوە.

### چەك کردنی چەکدارەکانی حکومەت لە سەنگەسەر

کاتێك پێشمەرگە لە (دۆڵی شهیدان) دەبێت، هەندێك کەس چەکیان لە ڕژێم وەرگرت و بوونە چەکدار، ئەوکات لقی (مام وسو) جیهازی لاسلکی یان نەبوو و ئاگاداری (تاریق ئەحمەد)

---

1) عەلی عەزیز و سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

2) (حسین میرخان غەزالی) ناسراو بە (حەسۆ میرخان ژاژۆکی) لە ساڵی (1932) لە گوندی (ژاژۆك) لە (مێرگەسۆر) لەدایك بووە، لە کۆماری مهاباد بەشدار بووە و یاوەری (مستەفا بارزانی) بووە لە (یەکێتی سۆڤیەت)، هەر لە ئەوێ (کۆلێژی ڕووپێوی) تەواو کردووە. لە سەرەتای شۆڕشی (ئەیلول) بۆتە پێشمەرگە و لە دوای ئەوەی (حەمەد ئەمین فەرەج) (فەرماندەی هێزی کاوە) دەچێتە ناو باڵی (جەلالی) دەبێتە فەرماندەی (هێزی کاوە) لە پشدەر. فەرماندەی بەتالیۆنی پاسەوانی سنوور (فوجی حەرەس حدود) بووە لە (پشدەر) لە دوای ڕێکەوتنی (11ی ئازاری 1970) و پێنج جار بریندار بووە. لە (1975) ئاوارەی ئێران بووە و لە (1983/09/01) لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی ئازا شەهید دەبێت. لە (د. ئاراز حەسۆ میرخان) کوڕی شەهید وەرگیراوە.

3) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 204.

دەکرێت تا بە هەر شێوەیەك بێت زەبرێك لەو چەکدارانە بدرێت تا چەکداری نەبێتە پێشە و پەرە نەستێنێت. بۆیە بە گەیشتنی ئەو فەرمانە هێزێك بۆ لێدانی ئەو چەکدارانە لە پێشمەرگەکانی (تاریق ئەحمەد، حەسۆ میرخان و مام وسو) ئامادە دەکرێت.

چەکدارەکان لە سەنگەسەر هەندێ ڕەبیەیان هەبووە بەم شێوەیە: "سێ ڕەبیە لە دەورەی خانوی (مدیر ناحیە)، دوو ڕەبیە لە (قشلە)، دوو ڕەبیە لە حەمامی سەنگەسەر. ئەرکی گرتنی ڕەبیەکان بەم شێوە دیار دەکرێت: "گرتنی خانووی مدیر ناحیە بۆ (مام وسو)، گرتنی قشلە بۆ (حەسۆ میرخان) و گرتنی ڕەبیەکانی (حەمامەکە) بۆ (تاریق ئەحمەد). هەروەها پێش هێرشەکە بۆ ئاگادار بوون لە یەکتری (نهێنی) پێویست دادەنرێت و وشەی نهێنی (ڕانیە) بۆ هێرش و هەروەها (پشدەر) وەك وشەی نهێنی بۆ کشانەوە دەبێت.

جەماعەتی ئێمە زۆر بووین، (سمکۆ مەجید، عەزیز مەولود) و پێشمەرگەیەکی زۆر بووین. لە ماوەی نزیکە (دوو) کاتژمێر توانیمان (ڕەبیەکان و خانووی مدیر) بگرین، هەموو چەکدارەکانی ئەوێ چەك کران و وابزانم (3 - 4) چەکدار کوژران. هەروەها جەماعەتی (تاریق ئەحمەد) توانیان شوێنی خۆیان بگرن، لەو کاتەدا گوێ بیستی شەهید (حەسۆ میرخان) بووین کە هاواری دەکرد (ڕانیە، ڕانیە) واتە هێرش بکەن. (مام وسو) بە پێکەنینەوە هاواری کرد و گوتی: (وەللا ئێمە لە پشدەریش گەڕاینەوە).[1]

ڕەبیەکانی قشلە تا ئەوکات نەگیرا بوون، بۆیە فەرماندەکان نەخشەی تازە دادەنێن و هێرشی دووبارە دەکەن. لە سەرەتای هێرش (سمکۆ مەجید ئەوبەری) کە جێگری لقی (مام وسو) بووە، گوللەیەکی بەر گوپی دەکەوێت و لە بەتاڵایی ناو دەمی دەدات. بۆیە بە ناچاری (مام وسو) خۆی هێرش دەکات و نزیك بندیواری قشلەکە دەکەوێت، ئەویش بریندار دەبێت.

(عەلی عەزیز) دەڵێت: "گوللەیەك بەر باسکی (مام وسو) و قونداغی تفەنگەکەی کەوت بوو. ئەو هاواری کرد قازیفەی بێنن، گوتیان گوللەی قازیفەی نەماوە و ئیتر قشلە نەگیرا، بۆیە گەڕاینەوە.[2] لەو شەڕە حەوت چەکداری حکومەت کوژراوە و زیاتر لە (13) تفەنگ دەست

---

1) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین ئەحمەد، ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەکانی پێشوو.

2) عەلی عەزیز و سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

کەوتی پێشمەرگە بووە[1]. هیچ پێشمەرگەیەك شهید نابێت، (مام وسو و جێگرەکەی) بریندار دەبن، دواتر دێنەوە بۆ بارەگاکانیان لە (ماخۆبزنان و دووگۆمان). لە سەرەتای مانگی نیسان فەرمان دەکرێت تا (مام وسو) بچێتە گوندی (دیلمان) بۆ دیداری (مستەفا بارزانی). لەو دیدارە پێشوازی باش لە (مام وسو) کراوە و دواتر (مستەفا بارزانی) فەرمانی بە (مام وسو) کردووە تا بارەگای ببات بۆ سنووری (قەڵادزێ).

(عەلی عەزیز) دەڵێت: "کاتێك گواستمانەوە بە دروستی نازانم مانگی (نیسان) بوو یان نا و بەڵام سەردەمی (عبدولسەلام عارف) بوو و ئەو لە دەسەڵات بوو، کاتێك چوینە پشدەر (مولازم نوشیروان) لە (هێزی کاوە) بوو و لە (هەڵشۆ) دادەنیشت، (10 بۆ 15) پێشمەرگەی لەگەڵ بوو و پێشمەرگە کەم بوو. ڕاستی جەماعەتی (مام وسو) هەبوو لەگەڵ جەماعەتی (خەسرەو کاوانی) کە لە (باوزێ) بوون. واتە لەو جەماعەتانە زیاتر نەبوو و ئێمەش تازە دەهاتین بۆ ئەوێ."[2]

## بەشدار کردن لە شەڕ و نەبەردیەکانی زۆزگ 1966

بە داخەوە ئەو دووبەرەکیەی لە (1963) دروست ببوو و لە (1964) گەیشتە جیابوونەوەی باڵی (برایم ئەحمەد)، دواجار بە ڕۆیشتنی ئەو تاقمە بۆ (هەمەدان) و هاتنەوەیان بۆ ناو شۆڕش و تەنانەت بە لێخۆش بوونی (مستەفا بارزانی) لە بەرانبەریان کۆتایی نەهات. بە داخەوە ئەو تاقمە لە سەرەتای ساڵی (1966) چوونە بەرەی ڕژێمی ئەوکاتی بەغدا و چەکیان بۆ دوژمن هەڵ گرت، ماوەی چوار ساڵ شەڕی پێشمەرگە و گەلی کوردیان بۆ ڕژێمە دوایەکانی ئەوسای عێراق کرد.

دووکەرت بوونی شۆڕش لە دوای (1966) بوو بە هۆی ئەوەی باڵی (م. س) ببن بە چەکداری ڕژێم و هاندەری باڵە سەربازیەکانی ڕژێمی عێراق بوون تا بە ڕێگەی شەڕ و توند و تیژی بگەڕێنەوە بەرانبەر بە شۆڕش و پێشمەرگە. ئەوان پێیان وابوو دەتوانن بە هۆی چەکدار کردنی

---

1) عەزیز مەولود حاجی، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "قەوەتێکی جاشەکان لە سەنگەسەر نیشتەجێ بوو، ئەوانیش جاشەکانی (شێخ سمایلی سەیداوا، بایز باڵۆ ئاغا و حەمەی کانەبی ئاغای دوو گۆمان) بوون، بەرنامەیەك دانرا بە سەرپەرەشتی (حەسۆ میرخان و مام وسو)، هێرش کرا بۆ سەر جاشەکان و چەند جاشێکمان لێ کۆشتن. (15) کلاشینکۆفمان گرت، لەگەڵ چەند کەلوپەلێکی تری جۆراوجۆر و ئەوانی دیکە بەرەو ڕانیە ملیان نایەوە."

2) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

خەڵك، شۆڕشی کوردی بشکێنن و بۆیە پەنایان برد بۆ گەورەترین کردەی سەربازی لە ناوچەکانی نزیك سەرکردایەتی شۆڕش لە (زۆزگ، هەندرێن، سەرتیز و حەسەن بەگ)، بەڵام خۆشبەختانە بە قارەمانیەتی پێشمەرگە بە تێشکاوی هەستانەوە.

بە هاتنی سەرۆك کۆماری تازە (عەبدولرەحمان عارف) داستانی (زۆزگ و هەندرین) ناسراو بە پلانی (توکلت علی الله) لە لایەن ڕژێمی سەرۆك وەزیران (عەبدولرەحمان بەزاز) لە (2 ئایاری 1966) دستی پێ کرد، تا (13)ی هەمان مانگی خایاند و بە سەرکەوتنی پێشمەرگە کۆتایی هات.[1]

پێش ئەوەی (عەبدولسەلام عارف) بە تەیارە بکەوێتەخوار واتە پێش دەستپێك شەڕی (زۆزگ - هەندرێن) سەرکردایەتی شۆڕش ئاگادار بوو لە نیازی دوژمن، بۆیە هەوڵی بەهێز کردنی بەرەی بەرگری دەدا و هەندێ هێزی زیادە بۆ ئەو ناوچەیە داوا کرابوون. عاصمە ڕەسول دەڵێت: "ماڵمان لە (شێخ ئاودەلان) لە (پشدەر) بوو، لە (27 ی نیسانی 1966) (بارزانی نەمر) بروسکەی کرد تا لقەکەی (مام وسو) و پێشمەرگەکانی بچن بۆ بەرەی جەنگی (زۆزگ) و ڕۆژی دواتر ئەوان دەستیان بە جوڵە کرد".[2]

عەلی عەزیز دەڵێت: "پاش ماوەیەك برقیە هات و گوتیان با (مام وسو) بێتە زۆزگ و لە هێزی کاوە لەبەر کەمی پێشمەرگە تنها لقی (مام وسو دزەیی) هاتبوو. ئەوکات دەشتی هەولێر تنها یەك بەتالیۆن بوو و لقی (عەریف عوسمان یوسف) لەو بەتالیۆنە هاتبوون. لە (هێزی سەفین) دوو لقی (مستۆی حاجی ئەمینی) لە گەڵ (70-80) پێشمەرگە و لقی (عەزووی فاتە قەلەو) هاتبوون کە لە (دۆڵی ئاکۆیان) ئەرکی پێدرا بۆ یارمەتی (مەلا ئەمین بارزانی)، گومان دەکرا ڕژێم لە ڕێگەی دۆڵی ئاکۆیان بەرەو (سەڵان و گەرەوان) هێرش بکات تا پشتی هەندرێن بگرێت و بەرەو شارەدێی (قەسرێ) بێت کە دەکەوتە ناوچەی سەرکردایەتی شۆڕش."[3]

لە سەرەتای مانگی ئایار جەماعەتی (مام وسو) بە فەرمانی بارزانی و بۆ پالپشتی دەچن بۆ بەرەی شەڕی زۆزگ و ئەوان لە (2)ی ئایار دەگەنە شارەدێی قەسرێ. لەم بارەوە پێشمەرگەکان دەڵێن: "کاك ئیدریس هاتە لامان و بە دیتنی هێزی (مام وسو) زۆر خۆشحاڵ بوو، بەڵام گوتی: (ئەوەی ئێمە دەمانەویست بە داخە لە دەستمان چوو، زۆزگ بە لامانەوە زۆر گرینگ بوو و

---

1) مسعود بارانی، سەرچاوەی پێشوو، لا (213).

2) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

3) عەلی عەزیز، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، سەرچاوەی پێشوو.

ئەویش زۆربەی گیرا.) (مام وسو) بە کاك ئیدریسی ڕەحمەتی گوت: (کاك ئیدریس هەمیشە دەبێت ئۆمێدمان هەبێت، ئێمە پێشمەرگەین، کە دەرچوین بۆ کوشتن دەرچوین و بەرانبەر دوژمن دەوەستین.) کاك ئیدریس هەواڵی گەیشتنی قەوەتی (مام وسو دزەیی) بە جەنابی بارزانی ڕاگەیاند و دواتر بە فەرمانی (مام وسو) زۆر بە خێرایی بەرەو زۆزگ کەوتینەڕێ."[1]

پێشمەرگەکانی (مام وسو) شارەزای ناوچەکە نەبوونە، ئۆتۆمبیلیشیان نەبووە تا پێی بڕۆن و دەبوایە فیشەك و تەقەمەنی لە گەڵ خۆیان ببەن. بۆیە کەسی شارەزایان لەگەڵ دەنێرن و سەیارەیەکی (دۆجی گەورە)یان پێدەدەن، (مام وسو) و پێشمەرگەکانی بە خێرایی فیشەکی پێویست بار دەکەن و دەڕۆن بۆ (کۆسپی سپی). لەوێ لە سەر لۆفەیەك (فڕنی) نان کردن بۆ پێشمەرگە هەبووە کە تنها بە شەو ئیشی کردووە.

بەشێك لە پێشمەرگەکان دەڵێن: "کاتێك گەیشتین هەندێ هێز لە (زۆزگ) مابوون و بریتی بوون لە جەماعەتی: (فارس کۆرە مارکی[2] و حەسەن خاڵ هەمزە[3]). بە داخەوە شهید و بریندارمان زۆر بوون و (فارس کۆرە مارکی) گوتی: (لەو ماوەیەدا 52 شهیدمان داوە). شەڕ بە خەستی بەڕێوە دەچوو و لە (گەروە بێش، گەڕووی عومەر ئاغا و مل عوشتر) شەڕ بەردەوام بوو و توپبارانی توندیش لە سەر (هەندرێن) هەبوو، بەڵام شەڕی سەرەکی لە سەر (زۆزگ و گەڕووی عومەر ئاغا) بوو."[4]

لەم بارەوە (مسعود بارزانی) نوسیویەتی: "سبەینێی (2)ی ئایار برووسکەیەك لە هێزی باڵەکەوە هات، وای دەگەیاند کەوا پێکەوتنی بەربلاوە گەورەکەی دوژمن لە بەرەی شەڕدا دەستی پێکردووە و سوپا چیای هەندرێنی گرتووە و پشێوی کەوتووەتەوە و کاری داکوکی کەلێنی زۆری

---

1) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار و مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەکانی پێشوو.

2) فارس کورە مارکی، لە ناوچەی بارزان لە دایك بووە و لە سەرەتای ئەیلول پەیوەندی بە شۆڕش کردووە، چەندین بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە و لە (1964) بۆتە ئەندامی (دەستەی پشکنین و چاودێری) پارتی. (عەبدوڵلا مەلازادە، سەرچاوەی پێشوو، لا 19)

3) (حەسەن خال هەمزە مەلا) لە ساڵی (1930) لە (مێرگەسۆر) لەدایك بووە، بەشداری (کۆماری کوردستان) بووە و یاوەری (مستەفا بارزانی) بووە لە (یەکێتی سوڤیەت). لە پێشمەرگە و فەرماندە دیارەکانی ئەیلول بووە و لە کاتی شەڕی زۆزگ سەرلق بووە، لە (1975) ئاوارەی ئێران بووە و لە (1994) گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان. لە (1996) مەدالیای (بارزانی) وەرگرتووە و لە (1998) کۆچی دوایی کردووە. (عەبدوڵلا مەلازادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 35)

4) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار و مستەفا سەعید، سەرچاوەکانی پێشوو.

تێ کەوتووە. (بارزانی) هەر کە لەم بروسکە ئاگادار بوو فەرمانی بۆ (ئیدریسی برام) دەرکرد گورج بەرەو بەرەی شەڕ بکەوێتەرێ و دۆخەکە بە سەر بکاتەوە و لە ڕاستەقینەی دۆخەکەی ئاگەداری بکات، فەرمانی یەکجارەکیشی بۆ سەرکردەکانی بەرەی شەڕ دایێ کە دەبێ بە هەر نرخێ بووە نەهێڵن دوژمن هیچ پێشکەوتنێکی تر وەدەست بهێنێت."[1]

تۆپخانەکانی دوژمن لە (ڕەواندوز، باڵەکیان، هاودیان و دەشتی دیانا) بوونە و زۆر بە توندی توپبارانی پێشمەرگە دەکەن، هەروەها تیارەکانی دوژمن لە جۆرەکانی (هلیۆشن بە ناپاڵم) و (مێگ بە شەست تیر) شەو و ڕۆژ لە ئاسمانەوە بۆردمانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکەن. ئامانجی سەرەکی توپەکان لێدانی زۆزگ و (گەڕووی عومەر ئاغا) بووە و هەندێ جار پشت شەڕگەشیان کردووتە ئامانج.

(عەلی عەزیز) دەڵێت: "شەو گەیشتینە سەرەوە و دیار بوو هەندێك لە جەماعەتی (فارس کۆرە مارکی) کشابوونەوە، یەکێك پرسیاری کرد گوتی فەرماندەی ئێوە کێ یە و ئێمەش وتمان (مام وسو دزەیی). ئەویش گوتی من (فارس کۆرە مارکیم) لە هێزی هەلگورد و خۆشحالی خۆی بە هاتن و دیتنی (مام وسو) دەربڕی. هەروەها گوتی: "من تۆم نەدیتووە و بەڵام زۆر لە بارەی ئازایەتی تۆم بیستووە، بە تایبەتی (مەحمود شوان ئاغا) زۆر باسی ئازایەتی و ڕەشادەتی جەنابتی کردووە، بەڵام ئێرە زۆزگە و زۆزگیش زۆر سەختە. ئەمن (52) شەهیدم داوە و بارمان زۆر سەختە، ئێوەش دەبێت زۆر بە زانایی بێنە ناو شەڕەکە، چونکە هەندێ شوێن لە سەری زۆزگ گیراوە و زۆر وریای خۆتان بن."[2]

هەموو هەوڵی حکومەت بۆ دەورەدانی بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش بووە تا بتوانێت لە (هەندرین و زۆزگ و سەری حەسەن بەگ) بەرەو گەلالە بڕوات و بەم شێوەیە ببێتە مەترسی لە سەر سەرکردایەتی شۆڕش. شەڕەکە یەك جار سەخت بووە و سەرەڕای بەرگری سەخت و قارەمانانەی پێشمەرگە، لە سەرتادا هێزەکانی حکومەت توانی بوویان زۆر شوێن داگیر بکەن تا ئەو ڕادەیەی بوون بە مەترسی لە سەر ناوچەکە.

(عومەر عوسمان) دەڵێت: "دوای چەندین شەڕی قورس، ئێمە بە تەواوی تەنگاو ببووین، کاك ئیدریس بە جیهاز پێی وتین ئەوا (مام وسو دزەیی و مستۆ حاجی ئەمین) دەنێرم بۆ لاتان تا یارمەتی و پاڵپشتیتان بکەن، دەرفەتی پشووتان بۆ بڕەخسێت. ئێستاش لە بیرمە (مستۆ حاجی

1) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 217.

2) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

ئەمین) تفەنگێکی دیموکراتی ئەوکات نوێ بوو، داریان چنار بوو و ئاسنەکەیان جوان بوو، سوبغەکی کەسکی هەبوو و دەست هەموو کەس نەدەکەوت. (مام وسو) پیاوێکی ژیکەڵە و خڕوپڕ و ڕێکوپێك و بەکەسایەتی بوو، کە هاتن (حەسەن خاڵ هەمزە) هەبوو کە سەر لقی ئێمە بوو و بەخێرهاتنی کردن."[1] کاتێك سەرکەوتین بەرەو زۆزگ نزیکەی (70 بۆ 80) کەس بوین، لە کاتی گەیشتنمان (حەسەنی خاڵ هەمزە) خۆی ئامادە کرد بوو بۆ جێگۆڕکێ، چونکە هەم شهیدی زۆر بوو و هەم ئاگادار کرابوو کە (مام وسو) دێت بۆ ئەو ئەرکە. بە گەیشتنمان ئەرکەکە ڕادەستی (مام وسو) کرا و ڕاستەوخۆ شەڕ لە (سەری زۆزگ) لە گەڵمان دەستی پێکردەوە و هێزی دوژمن گەیشت بۆوە سەر (زۆزگ).[2]

(عومەر عوسمان) دەڵێت: "جەماعەتی (مام وسو) زۆر ماندوو ببوون و تۆزێك دانیشتن و گوتیان با بڕۆین جبهە ببینین. جبهە چ دەبینن، دونیا خەراپ بوونە لە بەر تۆپ باران، وەللا چوینە پێش هەر چوین و هەر چوین، مجموعەیەکی زۆر بووین لە گەڵ (مام وسو، مستۆ، مەحمود شوان، حەسەن خاڵ هەمزە و میرخان حەمەدەمین[3]) و ئێمەش پێشمەرگە گەنجەکانی ئەو سەردەم لە گەڵیان بووین."[4]

بەشێك لە پێشمەرگەکان دەڵێن: "نیوەی زۆزگ لە دەست دوژمن بوو و سەری زۆزگ تەختایی زۆر بوو، بەڵام ڕەوەزە شاخ و دارستانەکانەکانی پشت و پەنای پێشمەرگە بوون. کاتژمێر (11) یا درەنگتر جەنگ لە گەڵ ئێمە دەستی پێ کرد و هەر لە کاتژمێری یەکەمدا دوژمن کەوتە شکان، خوا ڕوحمی کرد لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا توانیمان چەند شوێنێك لە ڕژێم بستێنینەوە. دوژمن لە ناوچەی (گەڕووی عومەر ئاغا، گەروە بێش و مل عوشتر) شکا. (مستەفا نێروەیی و

---

1) عومەر عوسمان، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، پیرمام، 2019/07/08.

2) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

3) (میرخان محەمەد ئەمین میرخان) لە (1937) لە (مێرگەسۆر) لە دایك بووە، لە (1945) بنەماڵەکەی ئاوارەی (کۆماری کوردستان) بوونە. لە (1961) لە لایەن ڕژێمی ئەوکات زیندانی دەکرێت و (1964) دەبێتە پێشمەرگە. لە (1965) بۆتە جێگری (حەسەن خاڵ هەمزە) لە (لقی یەکی زۆزگ) و لە (1974) بۆتە فەرماندەی (هێزی سەرچیا)ن لە (1975-1991) ئاوارەی ئێران بووە. هەڵگری (مەدالیای بارزانی) لە (2010) بووە و لە (2018) کۆچی دوایی کردووە. عەبدوڵلا مەلازادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 41-42)

4) عومەر عوسمان، سەرچاوەی پێشوو.

حاجی بێرۆخی) لەوێ بوون، حاجی پیاوێکی زۆر ئازا بوو و وابزانم تۆپپیشیان پێ بوو لە بن (سەری حەسەن بەگ)یان دانابوو."[1]

"کاتێك کە (مام وسو دزەیی) بە دۆخی بەرەی (حاجی بێرۆخی) زانی بوو بە خۆی و هێزێکەوە بۆ بەهێز کردنی (هێزی باڵەك) گەیشتبۆوە بەرەکانی شەڕ، هاتنی (مام وسو) دۆخەکەی گۆڕی، چونکە زیانێکی زۆر بە پێشمەرگە گەیشتبوو، هێزەکەی (مام وسو) کاتێك گەیشتنەجێ چوونە پاڵ هێزەکەی (حاجی بیرۆخی) و ئەو هێزانەی کە لە گەڵی بوون بەرگریان لە چیایەکە کرد."[2]

عومەر عوسمان دەڵێت: "شاخی زۆزگ هەم سەختە و هەم لە ڕووی سەربازیەوە شوێنی نادیاری هەیە و وەك دەگوترێت لە سەرەوە ناتواندرێت خوارەوە بدیترێت و شاخێکی بە قەوسە تا دێتە سەر کوسپەکانی سەروکانی دیانان، واتە قەوسێکی فراوانە و لەو شوێنانەی قەوسە نە تۆ دوژمن دەبینی و نە ئەوان."[3]

لە دەستپێکی گەیشتنیان هێزەکەی (مام وسو) دەکەونە شەڕێکی قورسی دەستەویەخە و بە سەختی لە گەڵ هێزی دوژمن تێکەڵاو دەبن، (عومەر عوسمان) پێشمەرگەی بەشداری ئەم شەڕە دەڵێت: "ڕۆیشتین تا بزانین چوون مەوقیعی دوژمن دەدۆزینەوە، زۆزگ شاخێکی ناخۆشە و ناتواندرێت تیایدا خوار خۆت ببینی، ڕۆیشتین تا گەیشتینە ڕێچکەی تێپەر بوونی سەربازەکانی دوژمن کە لە سەر گیای بهاری دیار بوو و لە ئەوێ برادەرەك گوتی (ئەمە ڕیچکەی دوژمنە). دیتمان لە سەربازەکان تێپەڕ بووین و بوو بە شەڕ، شەڕێکی قورس و تنها لە سەد مەتری. زۆری نەخایاند ڕەشاش لە (حەسەن خال هەمزە)یدا لە گەل کوڕێکی دیکە کە ناوی (قادر حەسۆ) بوو، لە قۆڵی حەسەنیدا و زمانی نەما، بریینداری دیکەش هەبوون کە ئێمە کەوتینە کشاندنەوەی ئەوان. بەڵام (مام وسو) مایەوە لە گەڵ (مەحمود شوان، مستۆ و هەندێکی دیکە) شەڕی قارەمانانەی کرد، ئەوان مانەوە و شهیدیان دا."[4]

---

1) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار و مستەفا سەعید، سەرچاوەکانی پێشوو.

2) غازی عادل گەردی، پێشمەرگەیەك لە خزمەت ڕێبازی بارزانی نەمردا ... حاجی بێرۆخی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، 2021، لا (371).

3) عومەر عوسمان، سەرچاوەی پێشوو.

4) عومەر عوسمان، سەرچاوەی پێشوو.

ئەوکات (مەلا ئەمین بارزانی) و پێشمەرگەکانی لە دۆڵی ئاکۆیان بوونە، هەروەها (سەید عەبدوڵڵای بۆڵی) لە (بەرزێوە لە بەری هەندرێن) داندرا بوو. لە سەر (هەندرێن) جەماعەتێکی (حزبی شیوعی) کە هەندێکیان عەرەب بوون لە (بەرسیرین) جێگیر ببوون و لە ناویاندا (رەئیس کەماڵ و سەعید مەتەر) هەبوون.

"ڕۆژی دواتر (عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری)[1] فەرماندەی هێزی باڵەك و (فەرەنسۆ هەریری) هاتن، ئەوان (جیهازێکی لاسلکی)یان بۆ (مام وسو) هێنا بوو کە لە جۆری (هۆکی تۆکی) بوو، سلاو و ڕێز و هەواڵ پرسینی کاك (ئیدریسی) بە (مام وسو) گەیاند و وتی کاك (ئیدریس) ئەو جیهازەی ناردووە و نهێنیەکانیش بەم شێوەیەن: "بارزانی مستەفا (شاخی گەورە)، کاك ئیدریس (شاخی بچووك)، مام وسو (ڕووبار) و حاجی بێرۆخی[2] (باران)" و دواتر شێوازی پەیوەندی بۆ ڕوون کردەوە. ئێمە کەسێکی بە تەمەنمان لە گەڵ بوو هەر دوو زمانی (تورکی و عەربی) دەزانی، پیاوێکی ووریا و زیرەك بوو، بۆیە ئامێری لاسلکیەکە درایە دەست ئەو و ئەو پەیوەندیەکانی دەکرد."[3]

(ئیدریس بارزانی) دەڵێت: "پەیوەندیکردن بە زۆزگەوە بە هۆی (هۆکی تۆکی) بە تەواوی سەرکەوتووە و نازانیین لە گەڵ (گەڕووی عومەر ئاغا و هەندرێن) چۆن دەبێت."[4]

---

1) (عەبدوڵلا ئەحمەد ڕەسوڵ) ناسراو بە (عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری)، لە کەسایەتیە دیارەکانی هۆزی (میرئاودەلی) یە و لە (1917) لە دایك بووە. لە (1945) پەیوەندی بە (حزبی هیوا) کردووە و لە کۆمار بەشدار بووە. لە (1961) بۆتە پێشمەرگە و لە (1965) بۆتە فەرماندەی هێزی باڵەك. لە (1975) ئاوارەی ئێران بووە و لە (1980) گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، سێ پەرتوکی بڵاوکراوەی هەیە بە ناوەکانی (بیرەوەریەکانم، کۆماری کوردستان، شۆڕشی ئەیلول)، لە ساڵی 2017 کۆچی دوایی کردووە. وەرگیراوە لە (مستەفا مینە ئاغای میرئاودەلی)

2) (حاجی شێخ ئۆمەر) ناسراو بە (حاجی بێرۆخی) لە (1922) لە گوندی (بێرۆخ) لە دایك بووە، لە (1943) لە شۆڕشی دووەمی بارزان بۆتە پێشمەرگە و لە شەڕی (چیای قەلەندەر) بە سەختی بریندار دەبێت، چوار ساڵ لە ڕەواندز زیندانی دەکرێت. وەك فەرماندەی پێشمەرگە لە هەر دوو شۆڕشی (ئەیلول و گولان) دەوری کاریگەری دیتووە و لە (1989) لە ئێران کۆچی دوایی کردووە. (عەبدوڵڵا مەلا زادە، سەرچاوەی پێشوو، لا 34).

3) عەلی عەزیز، چاوپێکەوتنی دەنگی، سەرچاوەی پێشوو.

4) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو. نامەی (ئیدریس بارزانی بۆ مسعود بارزانی)، (66/5/8)، لا (382). بڕوانە پاشبەندی ژمارە (5)

ماوەی دوو شەو و ڕۆژ بارودۆخ بەم شێوەیە دەمێنێتەوە و بەشێکی (زۆزگ) لە دەست پێشمەرگە و بەشێك لە دەست ڕژێم دەبێت، بەڵام بەشی زۆری بە دەست پێشمەرگە دەبێت. (فەرەنسۆ هەریری[1] و عەبدوڵلا ئاغای پشدەری) دوای دوو شەو سەردانی پێشمەرگە دەکەن، ئاشکرای دەکەن کە بە فەرمانی (ئیدریس بارزانی) و بە پێی نەخشەیەکی باش دەبێت هێرش بکەن بۆ ئازاد کردنی ئەو دوو ناوچەیەی (زۆزگ) کە لە دەست ڕژێم بووە.

بەشێك لە پێشمەرگەکان لەم بارەوە دەڵێن: "ئەوان گوتیان: (کاك ئیدریس لە کۆسپی سپیە و ئێستا پەیوەندی دەکات). پەیوەندی (کاك ئیدریس) وەرگیرا و (مام وسو) وەڵامی دایەوە، سڵاو و ڕێزی بۆ (مام وسو) و پێشمەرگە هەبوو، فەرمانی پێویستی بە (مام وسو) کرد و ئەویش ئامادەیی تەواوی دەربڕی بۆ هەر فەرمانێکی (بارزانی نەمر و کاك ئیدریس و سەرکردایەتی شۆڕش). نەخشەی هێرش لە لایەن (فەرەنسۆ هەریری، عەبدوڵلا ئاغا، مام وسو و مستۆی حاجی ئەمین) داڕێژرا و (کاك ئیدریس) فەرمانی کرد بوو تا (مام وسو) سەرپەرەشتی مەیدانی هێرشەکە بکات، بۆیە دەستەی هێرش بۆ زۆزگ لە هەر دوو لقی (مام وسو و مستۆ حاجی ئەمین) پێك هات. لە سەرەتای هێرشەکەدا لە دوو شوێنی زۆر گرینگ سەرکەوتن بە دەست هات و چەندین ڕەبیە گیران، ئەوەی ئامانجی هێرشەکە بوو بە دەست هات و کەوتە بەر دەستی پێشمەرگە."[2]

---

1) (فەرەنسۆ تۆما) ناسراو بە (فەرەنسۆ هەریری) لە گوندی (باتاس) لە شارەدێی (هەریر) لە (1934) هاتووتە دونیا، دەرچووی خانەی ماموەستایان بووە و خولیای بەهێزی بۆ تۆپی پێ هەبووە. لە سەرەتای شەستەکان ئەندامی (حزبی شیوعی عێراق) بووە و بەرپرسی (ناوچەی ڕەواندزی) ئەو پارتە بووە، دواتر دەست لە حزبی شیوعی هەڵدەگرێت. لە گوندی (ڕێزانۆك) ماموەستا بووە و لەگەڵ (لوقمان مستەفا بارزانی) دۆستایەتی هەبووە، لە (1963) دەست لە ماموەستایەتی هەڵدەگرێت و لە (هێزی باڵەك) لە لای (عقید کافی نەبەوی) دەبێتە پێشمەرگەی پارتی. لە (1965) دەبێتە یاریدەدەری هێزی باڵەك، لە ئەیلول زۆر بەرپرسیاریەتی بینیوە. کەسایەتیەکی ژێری ناو شۆڕش بووە و لە (مستەفا بارزانی) و هەریەك لە (ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی) زۆر نزیك بووە. لە شۆڕشی گوڵان و دوای ڕاپەرین دەوری کاریگەر و بەرزی هەبووە، دەیان پۆستی (حزبی و پێشمەرگایەتی و حکومی) هەبووە. لە (18ی شوباتی 2001) تیرۆر کرا. (محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، سەرچاوەی پێشوو، لا (59-65).

2) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار و مستەفا سەعید، سەرچاوەکانی پێشوو.

له بەر توندی توپباران، شەڕ زۆر بەسەختی بەڕێوە دەچوو و دوو پێشمەرگەی (مام وسو) بە ناوەکانی (عوسمان مستەفا ناسراو بە خاڵە دێوە، مەلا عومەر خەلکی دەشتی هەولێر) بە سەختی بریندار دەبن. (عەریف ئەسعەد سورچی برای عەزیز کەریم) بە دەنگی توپ و بۆنی بارووت شێت دەبێت، لە جەماعەتی (مستۆی حاجی ئەمین) پێشمەرگەیەك بە ناوی (فەیسەڵ خۆشناو) بە سەختی بریندار دەبێت و بریندارەکان بۆ چارەسەر دەگوازرێنەوە بۆ پشت بەرەی شەڕ. (فەیسەڵ خۆشناو[1]) گەنجێکی لێهاتوو بووە و بە داخەوە تەنانەت دوای وەرگرتنی چارەسەریش، هەر دوو چاوی کوێر بوون، هەروەها چەند پێشمەرگەیەکی (عەریف عوسمان) بە هۆی دەنگی بەردەوامی تۆپ کەڕ ببوون.

(ئیدریس بارزانی) دەڵێت: "ئەمرۆ حەسەنی خاڵ هەمزە بە سووکی بریندار بو، هەروەها حەسۆ مێرگەسوری و دوانی تریش. دوو شەهیدمان لە جەماعەتی (مام وسو و مستەفا حاجی ئەمین) داوە."[2]

"لە بەر توپبارانی توند و سەختی شەڕەکە لە ڕۆژی دواتر پێشڕەویمان وەستاند، کاك (ئیدریس) لە (کۆسپی سپی) بە لاسلکی پەیوەندی بە (مام وسو) کرد و داوای لێ کرد بە هیچ شێوەیەك پاشەکشە نەکات و پێویستە پەیوەندی بە (حاجی بێرۆخی) بکات کە سەرپەرەشتیاری توپخانەی شۆڕش بوو تا توپخانەی شۆڕش بتوانێت بە ڕێکی توپ باران دەست پێ بکات بۆ کەم کردنەوەی گوشاری شەڕ لە سەر بەرەی پێشمەرگە."[3]

ئەوەی لەم جەنگەدا روویداوە تا بە ئێستاش تنها لە جەنگە سەختەکانی نێوان وڵاتان بووە، توپبارانی زۆر و بوردمانی ئاسمانی یەکجار سەخت بووە، لەم بارەوە (عومەر عوسمان) دەڵێت: "جارێك پێشمەرگەیەك ژمارد بووی و گوتی ئەمرۆ لە بەیانیەوە (72) جار تەیارە هاتووە،[4] حەقیقەت دەیانزانی کاك ئیدریس لە کۆسپی سپیە و بۆیە زۆرتر بە سەر ئەوێدا دەسوڕایەوە.

---

1) عومەر عوسمان، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "دوای ڕاپەڕین کاك مسعود داوای لە من کرد تا فەیسەل خۆشناوی بۆ بدۆزمەوە و دواتر وەك وەفایەك ناوبراوی دیت."

2) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو. (نامەی ئیدریس بارزانی بۆ مسعود بارزانی، 11-1966/5/12) پاشبەندی ژمارە (5)

3) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار و مستەفا سەعید، سەرچاوەکانی پێشوو.

4) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا (218). دەڵێت: "شەڕی گەورە سەبەبینێ ڕۆژی (3)ی ئایار لە (زۆزگ و گەرووی عومەر ئاغا) ڕوویدا، لەو ڕۆژەدا ژمارەی هەڵفڕینی ئاسمانی بەسەر بەرەی شەڕدا گەیشتە (79) هەڵفڕینن ئەمەش بەش بە حاڵی ئەم ڕۆژە پێوانەیی بوو."

عشوائی تۆپ بارانیان دەکرد و قەراریاندا بوو لە زۆزگ بۆ هەر مەتریکی دووجا تۆپیکی لیبدەن و واشیان کرد. لە (1974) برادەریك كە ئەفسەر بوو (ئەنوەر ئەمین مصری) خوا لیی خۆش بیت نەماوە، ئەو رەسەدی كەتیبەی (75 ملم) جەبەلی بوو، دەیگووت تنها كەتیبەی ئەوان (13000 سیزدە هەزار) گوللە تۆپیان لیدا بووین. جا تنها ئەو كەتیبەیە و چەندین كەتیبەی دیكەی لی بوو و تۆپی گەورەی لی بوو پیی دەوترا خەمسە خەمسە."[1]

(ئیدریس بارزانی) نوسیویەتی: "بارودۆخ لە زۆزگ ئەوە زانیتان كە جەماعەتی (فارس) كشانەوە، دوینی شەو (حەسەن خالی هەمزە) مایەوە و (مستەفا حاجی ئەمین) سەركەوت. ئەمرۆ دەوروبەری سەعات دە شەڕ لە نیوان هیزەكانی ئیمە و هیزەكانی دوژمن بە رادەیەك سەخت دەستی پی كرد كە هەر وەسف ناكریت .... شەڕی ئالمان لە كوی؟ شەڕی كۆریا لە كوی؟ هەر ناوە نا تاویك پیشبینی كشانەوەی جەماعەتەكەی خۆمانمان دەكرد، بەلام بە سەدان كوژراو لە لوتكەی زۆزگ كەوتن و دوژمن بە سەر كەلەكە لاشەدا شكا و بەزی. جەماعەتەكەمان پییان ڕاگەیاندین كە دەكشینەوە، بەلام مانەوە و من نازانم چوون هەتا ئیوارە مانەوە و شەڕی تیدا هەر بەردەوام بوو.[2]

هەوالی سەركەوتن لە ڕیگەی لاسلكی بە (كاك ئیدریس) دەگات و ئەویش (مستەفا بارزانی) ئاگادار دەكاتەوە، بەم سەركەوتنە خۆشحال و سەرسام دەبیت. سەركەوتنی پیشمەرگە بە گشتی و (مام وسو) بە تایبەتی بوو، شەوی دواتر (كاك ئیدریس) داوای بینینی (مام وسوی) دەكات لە بارەگای خۆی لە كۆسپی سپی. "كاتی گەیشتن مانگە شەو بوو (مام وسو) بە (كاك ئیدریسی) گوت: (بۆچی خۆت هاتووی؟ ئایا پیشمەرگە نەماوە تا تۆ بیی؟) ئەویش لە وەلامدا وتی: (منیش وەك ئیوە پیشمەرگەم). مام وسوی ماچ كرد و دەستی خستە سەرشانی، دوای دەستخۆشی لە

1) عومەر عوسمان، سەرچاوەی پیشوو.

2) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پیشوو.، لا 384. (نامەی ادریس بارزانی بۆ كاك مسعود، 11-66/5/12). كاك ئیدریسی خوالی خۆشبوو بەردەوام دەبیت و دەلیت:" ڕۆژئاوا هاتم بۆ لای باوكم و دوای دوو سەعات هەوالمان بۆ هات كە جەماعەتەكەمان بە تەواوەتی لە زۆزگ كشاونەتەوە، دوای ئەوە هەوالیكی تر هات كە تەنیا جەماعەتی حەسەن كشاونەتەوە و (مام وسو و مستەفا حاجی ئەمین) لە جیی خۆیانن و بڕیاری مانەوەیان داوە و داوای هیزیان لی كردین، ئیمەش داوای هیزی بە فریا كەوتنمان بۆ كردن كە بچنە لایان. بەلام لە ڕاستیدا ئیستا چارەنوسی زۆزگ نادیارە و نازانم خوای سەروەر چ بڕیاریك لەم بارەیەوە دەدات، ئایا دەیدات بە دەستەوە، یان سەری دەخات و دوا حوكمیش هەر بۆ بەرزیەتی خۆیەتی." پاشبەندی ژمارە (5).

خۆی و پێشمەرگەکانی، گووتی: (بە ڕاستی سەلماندت تۆ یەکی لە کوڕەکانی بارزانی و دڵسۆزی خۆت بە بارزانی و هەموو کورد نیشاندا، لە گەڵ ئەوەشدا سەختی زۆرمان لە پێش ماوە و بۆیە پێویستە پشوو درێژ و خۆڕاگر بی تا شەڕەکە تەواو دەبێت.) (مام وسو) لە وەڵامدا گوتی: (من کوڕی کوردستانم و کوێ بارزانی ئەمری لێ بکات، ئامادەم خۆمی تێدا بەخت بکەم)."[1]

(مام وسو) دوای دیداری (ئیدریس بارزانی) دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی و چەند ڕۆژێکی دیکە سێ لیوای مغاویری (2،3،4) بەردەوام دەبن لە هێرش. چەکدارانی (هەرکی، سورچی، زێباری و سۆفیەکانی شێخ ڕەشیدی لۆلان) بەشدار بوونە لەم شەڕانە. سێ هێرشی سەختی ڕژێم بۆ زۆزگ بە تەواوەتی شکستی پێ دێت، بۆیە هێرشەکان بۆ زۆزگ تا ڕادەیەك کپ دەبن و ڕژێم لە بەرانبەردا هێرشی توند بۆ سەر هەندرین دەکات.

(عومەر عوسمان) لە بارەی ئازایەتی (مام وسو) دەڵێت: "ئێمە خەڵکە مێرگەسۆری بەوە ناسراوین کە مەدحی کەس ناکەین و خۆمان پێ لە هەموو کەس ئازاترە، بەڵام ئەو ڕۆژە هەمووومان ئیعترافێکی زۆر بە حەقمان بە (مام وسو دزەیی) کرد کە بە ڕاستی هەم قهرەمان و هەم قائیدە."[2]

(مسعود بارزانی) سەبارەت بە قارەمانیەتی (مام وسو) دەڵێت: "لێرەدا ئەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کەوا (مام وسو دزەیی) لەو کاتانە لە گەڵ هێزێکدا هات بوو بۆ بەهێز کردنی هێزەکانی باڵەك. ئیدریس زۆر جار باسی ئەوەی بۆ گێڕاومەتەوە کە ئەوکاتە رووی دا. دەیوت بە هۆی ئەو زیانە گەورەوە کەوا لە پێشمەرگە کەوتبوو، ناچار بوون زۆزك چووڵ بکەن ئا لەم کاتەدا کە ئەوان زۆزکیان چووڵ دەکردن هێزەکانی (مام وسو) دەستیان کرد بە گەیشتنەجێ و چوونە پاڵ ئەوانەی داکۆکیان لە چیاکە دەکرد و هێرشێکی بەرانبەریان برد و توانییان بەو هێرشە چیایەکە لە دوژمن بسێننەوە. (ئیدریس) دەیوت: ئەگەر (مام وسو) پاش ئەو کارە مەزنە مەردانەیەی بەجێی هێنان گرانبەهاترین شتمی لێ داوا بکردمایە کە گیانمە، دەستم بە روویەوە نەدەنا و دەمدایە."[3]

---

1) عەلی عەزیز و سلێمان ئەمین، چاوپێکەوتنی دەنگی، 1999/01/30.

2) عومەر عوسمان، سەرچاوەی پێشوو.

3) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 218.

کاروان جەوهەر محەمەد، ئیدریس بارزانی (1944-1987)، توێژینەوەی مێژوویی، هەولێر، لا (124-125).

ئەم ووتە و لێدوانانە هەم دەرخەری ڕادەی ئازایەتی و هەم بەرچاوی ڕۆڵی (مام وسو دزەیی) لەم شەڕەدا دەردەخات، لە لایەکی دیکە ئیرادەی ئەو تاقمە پێشمەرگە خۆڕاگرەی (مام وسو) کە نزیکەی (70 - 80) کەس بوون دەردەخات کە بە چ باوەڕ و ئیرادەیەك لەم نەبەردەدا ماونەتەوە. دواجار سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە تنها ئیرادە و ویستی مرۆڤە کە سەرکەوتنە گەورەکان مسۆگەر دەکات.

لیوای (4) هێرشی بۆ سەر هەندرێن کرد، چەند هێزێکی سەر بە حزبی شیوعی لە ئەوێ بوون و بە داخەوە لە چەند کاتژمێرێکدا دوژمن هەندرێن داگیر دەکات. کاك (ئیدریس) بە لاسلکی لە داگیرکرانی هەندرێن ئاگاداری کردینەوە و گوتی دەبێت زیاتر ئاگاداری خۆتان بن، چونکە هەندرین بە سەر زۆزگدا دەڕوانێت و مەترسی هەبوو بۆ سەر چیای زۆزگ.[1]

"هێزی دوژمن توانی بووی لە بەرەی (هەندرێن) خۆی بگەیێنێتە (کەپکەموو) ئەوەش مەترسیەکی گەورەی دروست کرد بوو لە سەر بارەگای سەرکردایەتی لە باڵەك."[2]

ڕۆژی دواتر (مستەفا بارزانی) فەرمان دەکات کە نابێت کەس لە دوژمن لە (هەندرێن) ڕزگاری ببێت. "بە سەرپەرەشتی نەمر ئیدریس بارزانی کۆبوونەوەیەکی بە پەلە کرا و نەخشەیەکی سەربازی کێشرا کە لەو نەخشە سەربازیەدا هێزی حزبی شیوعی دەورێکی باڵایان هەبوو، هێزێکی فیدایی نزیك سەد کەسی لە ژێر دروشمی (کوردستان یان نەمان) پێکهێندرا و بە هاوکاری هێزی تۆپخانە کە (مولازم خدر) سەرپەرەشتی دەکرد لە ئێوارەی ڕۆژی (1966/05/11) دەستیان بە هێرش کرد."[3]

---

1) عومەر عوسمان، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "کاك ئیدریس هەزار ڕەحمەتی لێ بێت لە پشت زۆزگ لە کۆسپی سپی بوو و بەردەوام ئاگای لێبووین لە (زۆزگ و هەندرین و لە گەرووی عومەر ئاغاش). دوژمن کە هەندرێنی گرت، گرتنی هەندرێن زەربەیەکی گەورە بوو بۆ جەبهەی زۆزگ، چونکە هەندرێن بەرزتر بوو لە زۆزگ و لە زۆزگیش دەسۆرایەوە و هەموو زۆزگ دەکەوتە بەرچاوی ئەو هێزانەی لە هەندرێن بوون. وایان لێکرد بووین بە تۆپ ژیانمان نەك لە ترسی مردن، بەلکو بێزاری کرد بووین لە نان خواردن و چا خواردن و تنها ئەوکاتەی تەیارە دەهات تۆپ ڕادەوەستا."

2) غازی عادل گەردی، سەرچاوەی پێشوو، لا (371-372).

3) غازی عادل گەردی، سەرچاوەی پێشوو، لا (373).

بە سەرپەرەشتی (ئیدریس بارزانی) نەخشەی هێرش بۆ (هەندرێن) دادەندرێت و لە ژێر سەرپەرەشتی ئەودا (عزەت سلێمان بەگ[1]، سەعید ئەحمەد ئاغا مێرگەسۆری، عیسمەت دینۆ، فاخیر مێرگەسۆری، کەماڵ نوعمان و مولازم خدر) دەبن بە سەرکردەی ڕاستەوخۆی ناو گۆرەپانی شەڕەکە.

"دەستەی فیدایی دەبێت لە (60) پێشمەرگە پێکهات بێت، بە یەکسانی بە سەر هێزی شیوعی و پارتی دابەش دەکرێت. (25) فیدایی لە لقی (عزت سلێمان بەگ) کە (زرار سلێمان بەگ) دەبێتە سەردەستەیان، (25) فیدایی لە حزبی شیوعی (عەریف یۆنس) دەبێتە سەر دەستەیان. هەروەها (10) فیدایی لە هێزی پشتیوانی (سەعید حەمەد ئاغا) بە سەردەستەیی (ساڵح ئاکۆیی)."[2]

پێش ڕۆژئاوا بوون پێشمەرگە هێرشی دەکات و دوای چەند کاتژمێرێك سەرەتا (کەپکەموو) و دواتر پێش خۆرهەڵات تا (حامیەی ڕەواندوز) دەگیرێتەوە، لیوای (4) چواری ڕژێم بە تەواوی لە ناو دەچێت، جبەخانە و چەکەکانیان تەنانەت هەندێ تۆپ دەکەوێتە دەست پێشمەرگە. لەم شەڕە بە ناو بانگترین لیوای سوپای عراق (لیوای سەعید عەمۆ) تەسلیمی ئیرادەی پۆلاینی پێشمەرگە دەبێت و کرنوشی تۆبە دەبات. ئەمە لە کاتێکدا بووە کە دوژمن تا (سەرتیزی زۆزك)

---

1) (عزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی) لە (1932) لە گوندی (وارەکۆن) هاتووتە دونیا و (سلێمان بەگی باوکی زۆر لە (سمایل بەگ) نزیك بووە. (سمایل بەگ) میراتگری (میرانی سۆران) و نوێنەری مەجلیسی عێراق بووە لە لای ئینگلیزەکان، (سلێمان بەگ) لە بواری کوردایەتی کاریگەری زۆری (سمایل بەگی) لەسەر بووە. (سلێمان بەگ) لە (1946/04/10) دوای ماوەیەك لە بانگهێشت کردنی لە لایەن (وەهاب ئاغای جوندیانی) لەگەل (3 کور، 2 برازا و شەش چەکداری دیکە) دەڕۆن بۆ (کۆماری کوردستان). ماوەیەك لە زانکۆی سیاسی (کۆماری ئازەربایجان) تەورێزی خویندووە و لە (1948-1963) ئەندامی حزبی شیوعی عێراق بووە. لە (1962) لەبەر ڕووداوێك بۆ ماوەی نزیك (15) مانگ چەك بۆ حکومەت هەڵدەگرن و لە (1963) پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە، بەڵام وەك خۆی دەڵێت نەبۆتە پارتی. لە داستانی مەزنی (هەندرێن) دەوری کارای دیتووە و سەرلق بووە، دوای ئەو داستانە لقەکەیان ڕێك دەخرێتەوە و دەکرێتە بەتالیۆن. لە (1975) ئاوارەی ئێران بووە و لە کۆتایی (1976) گەڕاوەتەوە، لە (1978) و (1982) نێوەندگیر بووە بۆ گفتوگۆی پارتی و ڕژێم. لە ساڵی (2021) کۆچی دوایی کردووە. وەرگیراوە لە پەرتووکی (ژینواری عزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، شانێك لەبن باری نیشتیمان، هەولێر، 2021)

2) ژینواری عزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، سەرچاوەی پێشوو، لا (159).

هاتبووە پێش، بەڵام پێشمەرگە بە وەرەیەکی پۆلایین و چەکی سادە بەرنگاریان بوونەوە. ژمارەیەکی زۆر لاشەی کوژراوەکان لە هەموو لایەك بەجێ مان و ڕۆژانی دواتر بە هۆی گەرمای هاوین لاشەکان بۆگەنیان کرد، بۆیە تەنانەت تفەنگەکانی سەربازەکان بەجێ مان و کەس نەیهێنا، ئەوکات پێشمەرگە پارەی نەدەویست و تنها چەکی لابووایە هیچی نەدەویست.

"چەند ڕۆژێك دوای شەڕی هەندرێن (بارزانی نەمر) داوای کرد تا (مام وسو) بۆ دیتنی بچێتە حاجی ئۆمەران، زۆر بە گەرمی پێشوازی لە (مام وسو) کرد و دەستی خستە سەرشانی، پێی گووت: (بە ڕاستی سەلماندت کوردێکی زۆر ئازای و یەکێکی لە کوڕەکانی من). بە فەرمانی (بارزانی نەمر) لە دیدارەکەدا کاك ئیدریس سی تفەنگی (برنەوی وەسەت) بە (مام وسو) بەخشی. بارزانی فەرمووی ئەو تفەنگانە دەکەینە دیاری بۆت تا بزانی ئێمە هەمیشە تۆمان لە بیرە. بارزانی هیچ کات نەیدەگوت (مام وسو) و بەلکو بە (وسو) بانگی دەکرد، دوای دیدارەکە (مام وسو) تفەنگەکانی بە سەر پێشمەرگەکان دابەشی کرد.[1]

(موحسین دزەیی) لەم بارەوە دەڵێت: "(کاك ئیدریس) هەمیشە دەیگووت من قەت لە چاکەی (مام وسو) دەرناچم، ئەو شتەی ئەو کردوویەتی و ئەو قارەمانیەتیەی ئەو لە شۆڕشی ئەیلول نواندوویەتی، قەت لە تاریخی شۆڕشی ئەیلول نەبووە، بۆیە هەمیشە دەیگووت: من چوون چاکەی (مام وسو) بدەمەوە. من لە بیرمە (کاك ئیدریس) لە لای (بارزانی) باسی دەکرد، قسەی دەکرد کە چ دەورێکی قارەمانانەی هەبووە و چوون توانیویەتی دوژمن بشکێنێت، چوون توانیویەتی (چیای زۆزگ) بپارێزێت، هەر لە بەر ئەوەش جێگەی ڕێزی هەمووان بوون."[2]

لەیەك لە دانیشتنەکانی (مستەفا بارزانی) بۆ نرخاندنی ئازایەتی (مام وسو)، لە بارەگای بارزانی کەسێکی لێ بووە کە زۆر بە تەمەن بووە، ناوی (مەلا باقی) و خەلکی (مهاباد) بوو. (عەلی عەزیز) دەگێڕێتەوە: "لە ژێر خێوەتێکی بچووك لە گەڵ (بارزانی) دانیشت بوون و پرسیاری لە (مام وسو) کرد: (خوێندەواریت هەیە؟)، ئەویش وتی: (بۆ دەپرسی؟). مەلا باقی گوتی: (دەمەوێت بزانم) و ئەویش گوتی: (نا نەخوێندەوارم). مەلا باقی پێکەنی و وتی: (وەڵلا

1) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار و مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەکانی پێشوو. عەلی عەزیز دەڵێت: "ئەوکات (برنەوی وەسەت) دەگمەن بوون و لە کوردستان دوو دەستە لەو جۆرە تفەنگە دابەش کرابوون. کاتێك بارزانی لە پێنجوین بوو و سەربازگەی ئەوێ گیرا، ژمارەیەك لەم تفەنگە بەخشران و دووەم دەستە لەم تفەنگانە درایە (مام وسو) و پێشمەرگەکانی."

2) موحسین دزەیی، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

پێم خۆش بوو، ئەگەر خوێندەوار بووایەی، بەو هەموو ئازایەتی و نەبەزیەت، هەموو شەرق و غەربت دەشڵۆقاند). دواتر بارزانی نەمر وتی: (شەڕی ئاسۆس و زۆزگ لە بیر ناکەین، سەلماندت یەکێکی لە ئێمە و ئەو قسانەی لە دیداری ڕانیە پێم گوتی، سەلماندت کە ڕاستگۆی)."[1]

لە بەردەوامی نەبەردی زۆزگ (مام وسو) بە سووکی بۆ جاری سێهەم بریندار دەبێت و چەند پێشمەرگەیەکی تریش بە ناوەکانی (صابیر ئەمین ئەحمەد، قادر قوتێ و عومەر عەلیاوە) بە سووکی بریندار دەبن، قارەمانێك بە ناوی (عەلی عەلیاوەیی) شەهید دەبێت. ئەوکات لقی (مام وسو دزەیی) لە سێ پەل پێکهاتبوو بە فەرماندەیی: (عوسمان مستەفا ناسراو بە خاڵە دیوە، نوری حاجی ئۆمەر و عەزیز کەریم) کە هەموویان قارەمانانە تا کۆتایی جەنگەکە مانەوە.

"تێکڕای زیانەکانی دوژمن لە هەردوو (بەرەی چیای هەندرێن و زۆزگ)، (400) چوار سەد کوژراو و (600) شەش سەد بریندار، لە دەسکەوتەکانیشدا (4) چوار تۆپی ئەندازەی (75) ملمی چیایی و چوار تۆپی هاوەنی (4,20)، دە تۆپی هاوەنی (2,3) گرێ و (600) پارچە چەکی سووك و (15) پازدە ئامێری بێتەل و فیشەکی زۆر."[2]

(مستەفا بارزانی) خۆی بە ووردی چاودێری دۆخی شەڕ و پێشمەرگەکانی دەکرد، بۆیە لە ماوەی شەڕەکانی (زۆزگ و هەندرێن) بارزانی نەمر چوار جار بۆ هاندان و پاداشت کردن چاوی بە (مام وسو دزەیی) دەکەوێت. دوای کۆتایی شەڕی هەندرین و دەستپێکی ئاگربەست، دیارە کێشەی چەکدارە جەلالیەکان لە سنووری (پشدەر) زۆر پەرە دەستێنێت و تا ئاستی مەترسیدار دەڕوات، بۆیە (بارزانی) فەرمان دەکات تا هێزەکەی (مام وسو) بە خێرایی بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی پشدەر. شوێنی هێزەکەی (مام وسو) لە (زۆزگ) بە (بورهان ئاغای دزەیی ناسراو بە بورهانە کۆر) دەسپێردرێت.

1) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

2) غازی عادل گەردی، سەرچاوەی پێشوو، لا (374).

**باسی سێهەم: گەڕانەوە لە زۆزگ بۆ پشدەر**

تێکشکانی سەربازی لەم جەنگە حکومەت ناچار بە ڕاگرتنی شەڕ و دواتر دەست پێکردنی دانوستان دەکات، بەڵام حکومەت دەستی چەکدارە کرێ گرتە ناوچەییەکان و بە ناو (پارتی دیموکراتی کوردستان/ شۆڕشگێر) واتە باڵی (م. س) کۆن، واڵا دەکات لە دروست کردنی کێشە بۆ شۆڕش. بەشێك لە فەرماندەکانی پێشمەرگە کە لە گەڵ باڵی (م. س) ڕۆیشت بوون و دوای ئەوەی لە (هەمەدان) دەگەڕێنەوە، سەرکردایەتی شۆڕش بۆ گەڕاندنەوەی متمانە لە ناو یەکەکانی پێشمەرگە بەرپرسیاریەتی تازەی پێدان. یەك لە ئەوان (حەمەدەمین فەرەج)[1] وەك فەرماندەی (هێزی کاوە) لە پشدەر دادەنرێت و لە کاتی شەڕی (زۆزگ) دەرفەت دێنێت و پاڵ دەداتەوە لای باڵی (م. س)، بەم شێوەیە ناوچەی (پشدەر) دەکەوێتە دەست چەکدارەکانی باڵی (م. س) و تەنانەت سەرکردە (ئیبراهیم ئەفەندی) شەهید دەکرێت کە لە سەرکردە ئازاکانی دەشتی هەولێر بووە و ئەوکات فەرماندەی بەتالیۆن بووە لە پشدەر.

عەلی عەزیز دەڵێت: "دوای شەڕەکانی (هەندرین - زۆزگ) بە فەرمانی بارزانی هێزەکەی (مام وسو) گەڕاینەوە پشدەر، دیارە (مولازم نۆشیروان)[2] جێگری فەرماندەی هێزی کاوە بوو، خۆی و هێزەکەی ڕۆیشتبوونە ناو ڕیزی ڕژێم، بۆیە پێشمەرگە لە سنورەکە زۆر کەم بوو."[3]

---

1) (محەمەد ئەمین فەرەج) لە ساڵی (1924) لە سلێمانی لەدایك بووە و لە (1974) کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە. لە (1955) بۆتە ڕاوێژکاری سەربازی باڵیۆزخانەی عێراق لە بیرۆت، کۆتایی (1962) پلەی عەقید بووە و لە (چەمی ڕێزان) پەیوەندی بە شۆڕش کردووە. لە (1964) لەگەڵ باڵی (م. س) ڕۆیشتووە، لە (1965) گەڕاوەتەوە و کراوەتە فەرماندەی (هێزی کاوە). لە (1966) دوبارە چۆتە ڕیزی باڵی (م. س) و پەیوەندی بە ڕژێم کردووە. لە (1969) بەشداری هێرشی ڕژێم بۆ (سەنگەسەر) بووە و هەر هەمان ساڵ بۆتە پارێزگاری هەولێر. لە (1970) بە هاوڕێیەتی (جەلال تالەبانی) هاتووتە لای بارزانی و گەڕاوەتەوە ناو شۆڕش. (حیدر نجم عبد مراد، مصدر سابق، ص 75)

2) (نۆشیروان فۆاد مەستی مەعروف) لە (1941) لە سلێمانی لە دایك بووە، باوکی ئەفسەری سوپای عوسمانی بووە. لە (1959) چۆتە کۆلیژی سەربازی و بەرپرسی یەکێتی قوتابیان بووە لەو کۆلێژە. لە (1962/12) پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە. لە (1963) بۆتە سەرلق، لە (1964) فەرماندەی بەتالیۆنی (5ی گەرمیان) بووە. جێگری هێزەکانی (ڕزگاری و کاوە) بووە. لە (1966) پاڵ دەدات ڕیزی (باڵی م. س) و دەگەڕێتەوە سوپای عێراق تا (1974) و کولیژی ئەرکان تەواو دەکات. لە (1974) دێتەوە ناو شۆڕش و دوای نسکۆی (1975) بۆ چوار ساڵ دەگوازرێتەوە بۆ باشووری عێراق. لە (1992) بۆتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و دامەزرێنەری کولیژی سەربازی قەڵاچوالان (2003) یە. لە (2001) وەزیری ناوخۆ و لە (2004) وەزیری پێشمەرگە بووە لە کابینەی سلێمانی. لە (2010) بە پلەی (فریق ڕوکنی یەکەم) خانەنشین کراوە. (حیدر نجم عبد مراد، مصدر سابق، ص 73)

3) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

ئەوكات بە هۆی ئەو ڕووداوانە هێزی پێشمەرگە کەم دەبێت و (مسعود بارزانی) دەڵێت: "هێزەکەی (مام وسو) هێزی سەرەکی و پشت پێ بەستراو بوو لە ناوچەی پشدەردا، پێشتر وتمان کە ئەو هێزە هات بۆ یارمەتیدانی هێزی باڵەك. دوور کەوتنەوەی (مام وسو) بە هێزەکەیەوە لە ناوچەی پشدەر دەرفەتی ئەوەی بۆ (محەمەدەمین فەرەج) ڕەخساند کە بتوانێ نێزەیەك بکات بە پشتی شۆڕشدا."[1]

بە گەیشتنەوەی (مام وسو) و پێشمەرگەکانی بۆ سنووری پشدەر، شەڕ لە گەڵ چەکدارانی باڵی (م. س) دەست پێ دەکات و هەندێ هێزی یارمەتیدەر لە ناوچەکانی دیکەش دێن بۆ پشدەر، لە ماوەیەکی کەمدا باڵی (م. س) لە (پشدەر و مەرگە) تێکدەشکێن، ناوچەکە دووبارە دەکەوێتە دەست پێشمەرگە. ئەوکات سەردەمی (عەبدولڕەحمان عارف) بووە، لە پشدەر شەڕی پێشمەرگە و (باڵی جەلال) هەبوو، ڕژێم پاڵپشتی باڵی جەلالی لە ڕووی سەربازی سنوردار کرد بوو و تنها چەکی پێ دەدان. دوای گەیشتنمان دەستمان بە ڕاونانی چەکدارەکانی باڵی جەلالی کرد و بە ئاسانی توانیمان لە ناوچەکە دەریان بکەین.[2]

دوای ئەو کردەوانەی (حەمەد ئەمین فەرەج)، هێزی کاوە هەڵدەوەشێت و دووبارە ئەو هێزە لە نوێ دادەمەزرێتەوە. (حەسۆ میرخان ژاژۆکی، حاجی ئەحمەد بارزانی، خەسرەو کاوانی[3]، مام وسو دزەیی، حاتەم سەعدوللا نێروەیی، شێخ یەزدین محەمەد[4]) دووبارە هێزەکە ڕێکدەخەنەوە و (حەسۆ میرخان ژاژۆکی) دەبێتە فەرماندەی هێز و (حاجی ئەحمەد بارزانی) دەبێتە جێگری فەرماندەی هێزەکە. هەریەکە لە (خەسرەو کاوانی، مام وسو دزەیی، حاتەم سەعدوللا نێروەیی،

---

1) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 223.

2) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار و مستەفا سەعید، سەرچاوەکانی پێشوو.

3) (خەسرەو مەحمود حەمد عەلی) ناسراو بە (خەسرەو کاوانی)، کوری شەهیدی قارەمان (مەحمود کاوانی) یە و لە (1946) لە گوندی (کاونیان) لە شارۆچکەی (شەقڵاوە) لە دایك بووە. لە (1962/08/21) (مەحمود کاوانی) بریندار بووە و لە دوای چەند ڕۆژێك بە هۆی سەختی برینەکەی شەهید بووە. بۆیە لە سەر داوای (مستەفا بارزانی) و لە (1962/08/31) بۆتە پێشمەرگە لە (1965) لە (هێزی کاوە) بۆتە (سەرلق)، لە فەرماندە ئازا و چاونەترسەکان بووە. چەندین جار لە شۆڕشی ئەیلول بریندار بووە و دواجار لە شەڕی (کێوەرەش) لە مانگی (1974/07) بە سەختی بریندار بووە. لە (1975-1991) ئاوارەی ئێران بووە، لە ڕاپەرین و لە شەڕی بەرگری لە پردێ لە شەوی (29-1991/03/30) شەهید بووە. لە (کاوە خەسرەو کاوانی) کوری شەهید وەرگیراوە.

4) (یەزدین محەمەد نەبی) ناسراو بە (شێخ یەزدین مەحەمەد) لە (1925) لە گوندی (داویتکا) لە (مێرگەسۆر) لە دایك بووە، یاوەری (مستەفا بارزانی) بووە لە سۆڤیەت. کۆمەڵێك پلەی پێشمەرگایەتی وەرگرتووە لە (سەرلق) تا جێگری فەرماندەی (هێزی کاوە) لە پشدەر، لە (1975-1991) ئاوارەی ئێران بووە. هەڵگری (مەدالیای بارزانی) بووە و لە ساڵی (1999) کۆچی دوایی کردووە. (عەبدوڵڵا مەلازادە، سەرچاوەی پێشوو، لا 68)

شێخ یەزدین محەمەد) دەبن بە سەرلق لەو هێزە.[1] ئەو ڕووداوانە دەبن بە هۆی دووبارە دامەزراندنەوەی هێزی کاوە کە لە سەرەتا تنها چوار لقی دەبێت و هیچ بەتالیۆنێکی بۆ دروست ناکەن، دواتر لە قۆناغەکانی دیکەی شۆڕش پەرە بە ڕێکخستنەوەی ئەو هێزە دەدرێتەوە.

## دوای ڕێکەوتنی (شۆڕش و ڕژێم) لە حوزیرانی 1966

ساڵانی دواتر و دوای (1966) زور نەبەردی دیکە وەك (بۆلقامیش، پردی ژاراوە، ماکوك، کێوەڕەش، قەرەسرد، چیای سارا، سورداش و .. هتد) ڕوویاندا، لە هەموو شەڕەکان (مام وسو) و لقە قارەمانەکەی (کە بە قەوارە نزیك بتالیونیك دەبوون) دەوری سەرەکی و کارایان هەبوو، هەمیشە (قارەمانیەتی و ئەوینی بەرگری لە کوردستان) دوو هاوڕێی ئەو پێشمەرگانە بوون.[2]

ڕێکەوتنی ڕژێم و شۆڕش لە (29ی حوزیرانی 1966) بوو بە هۆی وەستانی شەڕ بۆ ماوەی نزیك یەك ساڵ بە تەواوی، بەڵام بەداخەوە شەڕی چەکدارەکانی باڵی (م. س) بەردەوام کرا، ئەوان بە چەکی ڕژێم کەوتنە شەڕی بە نوێنەرایەتی و گێچەڵ کردن بە گەلی کورد و شۆڕشەکەی. ئەوان هاتن و دەیان نەریتی خەراپیان لە برا کوژی و بە زۆر چەکدار کردنی خەڵك داهێنا، ئەو خەڵکەی بە زۆر چەکداریان دەکرد لە ناو خەڵکی ئەوکاتدا بە (جاشی لاخەبەر) ناو دەبران و خودی سەرکردەکانی باڵی (م. س)یش کە بێ شەڕمانە ببوون بە کەوا سووری بەر لەشکری داگیرکار، بە (کۆڵۆانە سوور) ناویان دەرکرد.

دەیان شەڕ لە نێوان ئەو چەکدارانە و پێشمەرگەکانی (مام وسو) لەم ماوەیە لە ناوچەی (پشدەر) ڕووی داوە[3]، شەڕ و کردەوەی سەربازی زۆریش دژی سەربازانی ڕژێم هەبووە، ماوەیەکی کەم دوای هاتنەوەی لقی (مام وسو) لە زۆزگ بروسکە لە بارەگای بارزانی دێت کە هێزی ڕژێم لە سلێمانی بە دۆڵی (خەلەکان) بڕیارە بێت بۆ ڕانیە. دوو پەل لە پێشمەرگەکانی لقی (مام وسو) بە سەرپەرەشتی (مەلۆی خدان و عەزە گورگە) دەنێردرێن تا لە گوندەکانی (باداوان، کانی وەتمان و

---

1) عەبدوڵلا مەلازادە، سەرچاوەی پێشوو، لا 66-67.

2) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نووسەکان، سەرچاوەی پێشوو.

3) سەردار پشدەری، دیمانەی تایبەت لە ڕێگەی مەسینجەر، بەریتانیا، 2020/06/06. لەم بارەوە دەڵێت: "دێتە بیرم ساڵی 1966 کە جەلالیەکان هاتن بۆ قەڵادزێ، بنکەی (مام وسو) لە گوندی دێرێ بوو و هەردووکمان ناوی یەکترمان بیست بوو. لە سەردانێکمدا بۆ گوندی دێرێ، سەردانی باوکتم کرد کە دەبینم پیاوێکی خوێن شیرین بوو، باسی جەلالیەکانمان کرد و ئەو وتی: (ئەوانە هیچ نین، من وا بە بیست پێشمەرگە لێرەم و ئەگەر پیاون با بێن، لێرە ئازایەتی باوکتم بۆ دەرکەوت و زیاتر لەلای من خۆشەویست بوو.)"

**کانی مازوو) جێگیر ببن. ئەوان کۆمەڵێك ڕەبیە دادەنێن و هێزی ڕژێم بە هۆی ئەو مەترسیە، ڕێگەیان دەگۆڕن و بە کۆیەدا هێز بۆ ڕانیە دەنێرن.[1]**

**هەروەها (شەڕی پردی ژاراوە) لە (4ی ئازاری 1968)[2] ڕوودەدات و سەرپەلێکی هێزی پێشمەرگە لە لقی (مام وسو دزەیی) لە گەڵ دوو پێشمەرگە دەیانەوێت بچنە شارەدێی سەنگەسەر، سەربازانی ڕژێم ڕێگەیان نادەن و هێرشیان دەکەنەسەر. پێشمەرگەکان لە سەر پردی (ژاراوە) دەکەونە شەڕ و پێشمەرگە (نوری حاجی ئۆمەر بە پلەی سەرپەل) کە هاوکات ئامۆزای (مام وسو) بووە شەهید دەبێت. کاتێك ئەم هەواڵە بە (مام وسو) دەگات، بۆ تۆڵە سەندنەوە هێرش دەکاتە سەر سەربازگەی (بەستەستێن) و تا نزیك ئێوارە شەڕ بەردەوام دەبێت. زیانی دوژمن زۆر بووە و چەندین سەربازی دوژمن دەکوژرێن، لەو نەبەردیەدا جارێکی دیکە (مام وسو) بریندار دەبێت.[3]**

**تەرمی شەهید نوری بە ئەمانەت لە شوێنی شەهید بوونی دەنێژرێت، دواتر لە دوای دە ڕۆژ واتە لە (1968/03/14) تەرمەکە دەردەهێندرێتەوە و بەرەو (دەشتی هەولێر) واتە زێدی خۆی دەگواسترێتەوە و لە ئەوێ دووبارە دەنێژرێت.**

**لە پاییزی (1968) دوای ماوەیەکی زۆر لە وردە شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و چەکدارانی باڵی لادەری (م. س)، هێرشی دوژمن بۆ سەر سنووری ناوچەکانی (مەرگە و پشدەر) دەست پێ دەکات، شەڕ گەرم و توند بووە، توپ و فڕۆکە وەك هەمیشە پاڵپشتی سەرباز و چەکدارەکان بوونە. پاش ماوەیەك بەرگری پێشمەرگە ناچار بە پاشەکشە دەبێت و پەلێکی پێشمەرگەی سەر بە لقی (مام وسو) بە فەرماندەیی (خاڵە دیوە و مەلۆ) بە هۆی نەبوونی بێتەل، ئاگاداری پاشەکشە نابن و ماوەی دوو شەو و سێ ڕۆژ لە گەمارۆ دەمێننەوە، دواتر بە ناچاری بە شوێنە سەختەکاندا پاشەکشە دەکەن.**

**(حەسەن چاوشین) لەم بارەوە دەڵێت: "لە پاییزی 1968 لە قۆپکی (کلاوگورگی) بووین کە دەکەوێتە پشت گوندی (بەردە کۆز) لە شاخی (ئاسۆس)، هێرشی ڕژێم بۆ سەر ناوچەکە دەستی پێ کرد و هەر لە سەرەتا پێشمەرگەکانی لقی (خەسرەو کاوانی) و پێشمەرگە (میرئاودەلیەکان) کشانەوە، (خاڵە دێوە) سەرپەلی ئێمە بوو لە لقی (مام وسو). جاش و سەربازانی ڕژێم لە ئێمە تێپەر ببوون و بەرەو قەڵادزێ ڕۆیشتبوون، ئێمە زانیمان گەمارۆ دراوین و بۆیە بە ناچاری**

---

**1) حاجی جعیل سورچی (محەمەد محەمەد ئیبراهیم)، دەست نووس، هەولێر، 2000.**

**2) عاصمە ڕەسوڵ خێزانی مام وسو دزەیی، ساڵنامەی ساڵی 1968.**

**3) حاجی جعیل سورچی، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "سەرپەلێکمان بەناوی (نوری) ئامۆزای (مام وسو) بوو، لە مۆڵەت دەگەڕایەوە و کەوتە بۆسەی دوژمن و شەهید بوو، قەوەتی (مام وسو) لەگەڵ هەندێ لە هێزی کاوە و (حسۆ میرخان) لە هەمان شوێن هێرشیان بۆ دوژمن کرد بۆ تۆڵە سەندنەوە. زیانی زۆر بەر دوژمن کەوت و شەش جێب قیادە کەوتە دەست پێشمەرگە."**

کەوتینە شەڕ بۆ خۆ دەرباز کردن، ماوەی دوو شەو و دوو ڕۆژ لەو لوتکەیەماینەوە و تا نزیك ڕۆژئاوا بوونی ڕۆژی سێهەم ماینەوە.[1]

(بهرام حەمەد قادر) ناسراو بە (بارۆ) دەڵێت: "هەینیٚ قەڵادزیٚ لە بەر دەستی شۆڕشی دابوو، شەوێکیان ڕژێم هێرشی هێنا، سەر لەبەیانی بە هەموو چەکێکی ئاسمانی و زەوی ناوچەکەی کوتا، هێرش لە دوو تەوەر بوو: (لە خەتی سەرسیان و لە دەربەند). دوو کەپۆکمان لە دەست بوو، ئەشکەوتی (خڕی پەندانان و قۆپکی سەرساو)، ژمارەمان بیست و چوار پێشمەرگە بوو."[2]

(حەسەن چاوشین) دەڵێت: "هێزی ڕژێم نەیتوانی بۆ لای ئێمە سەربکەوێت، بەڵام بە هۆی دۆخی سەختی شەڕ و کشانەوەی پێشمەرگە، ناچار بووین پێش ڕۆژئاوا بوون بە ڕێگەیەکدا بەرەو (کەڵەکان) کشاینەوە و کاتێك نزیك (کەڵەکان) بووین لە جووڵەی ڕژێم زانیمان شوێنی ئێمە گیراوە. دواتر ڕۆیشتین و نزیك نوێژی (عیشا) گەیشتینە گوندی ناودەشتی (ڕەسوی حەسەن ئاغای)، لە ئاوی زێی پەرینەوە بەرەو (پێماڵك) و لە ئەوێش ڕۆیشتین بەرەو (گرد میتەر)، دواجار خۆمان گەیاندەوە (شێخ ئاودەلان) کە بارەگای خۆمانی لیٚ بوو. (مام وسو) زۆر دڵخۆش بوو بە گەیشتنەوەمان و دیار بوو چەند جارێك (حەسۆ میرخان) بە بێتەل پەیوەندی کرد بوو بۆ زانینی چارەنوسی ئێمە.[3]

---

1) حەسەن ئیسماعیل ڕەسوڵ، چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی، هەولێر، 2020/07/31

2) بهرام حەمەد قادر (بارۆ)، پەیامی ئەیلول، ژمارە 25 ئەیلول و تشرینی یەکەمی، لا (57)، 2020.

خدر عەباس پیرۆت، چاوپێکەوتنی تایبەت، حاجیاوا، (2) ی ئاب 2020. هەروەها ئەو دەڵێت: "لە (1968) لە لوتکەی (بەردەکۆز) شەوێك لە نێوان (11-12) ئێشکگر بووم، دیتم لە لای سەربازگەی (بانوەسوران) هێمایەکی سووری لێدەدا، خاڵە مەلۆم هەستاند و پێمگووت، ئەویش بە پێکەنین و بە گاڵتەوە پێیگوتم: (کوڕم سەگباب بنوو). بەیانی کە هەستاین خاڵە مەلۆ گوتی کورم ڕاستت کرد، دیارە حکومەت بە (بەرمائی) دەپەڕێتەوە و ئەوکات نزیك (25) نەفەر دەبووین."

3) حەسەن ئیسماعیل ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

خدر عەباس، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "ماوەیەك ماینەوە و ئیتر توانای بەرگریمان نەما، بە ناچاری دابەزین بۆ خواریٚ و بە ناو گوندەکانی (بناویلە و کەڵەکان)دا هاتینەوە، دوو پێشمەرگە لە لایەن (مام وسو) ناردرابوون تا بگەنە لامان بۆ دەرباز کردنمان بە ناوەکانی (حەسەن زەردە، عوسمان کۆیی)، ئەوان لە دوورەوە جاشە جەلالیەکانیان دیت بوو و بانگیان کرد بوون. جەلالیەکان خۆیان بە پێشمەرگە ناساند بوو تا گەیشتبوونە ناویان، ئەوان بە ئەسیر گیران و دوای نزیك سیٚ مانگ بەبیٚ چەك ئازاد کران."

## شەڕی سەر جادەی ژاراوە لە 1969/5/14

لە ساڵی (1969) کاتێك گفتوگۆ تێك چوو، دوو بەتالیۆنی پێشمەرگە لە (هێزی هەڵگورد) بە فەرمانده‌یی: (سلێمان سندی[1] و عەبدولرەحیم جەسیم[2]) هاتن و دەستمان کرد بە ڕاونانی چەکدارانی جەلالی کرد، هەروەها سەربازگەی قەلادزێی ڕژێم گەمارۆ درا و لە هەر چوار لاوە بە تۆپ لێی دەدرا.[3]

لە سەرەتای ئایاری (1969) دوژمن دەست بە هێرش بۆ سەر (کۆیە و کەرکووك) دەکات، زیاتر لە چوار لیوا لە سەربازی ڕژێم بەشداری هێرشەکە بوون و تا نزیك چوارقوڕنە دێن. ئەوکات سەربازگەی شاری قەڵادزێ لە (گردی حوسنی) بووە و شاری قەڵادزێ هێزی ڕژێمی تێدا بوو، هەروەها بە هەمان شێوە (کێوەڕەش تا گڵەزەردە) و (ئاسۆس تا بلۆقین) لە (بەری مەرگە) لەدەست ئەوان بووە. بەڵام (دۆڵی شهیدان و سەنگەسەر) تا نزیك (گردی حوسنی) و زۆربەی گوندەکانی ناوچەکە لە دەست پێشمەرگە بووە و واتە (قەڵادزێ و سەربازگەکەی) تا ڕادەیەك لە گەمارۆی پێشمەرگەدا بوون.

سەرپەرەشتیاری گشتی ناوچەکە (فاخیر حەمەد ئاغای میرگەسۆری) بوو، هێزێکی پێشمەرگە بەم شێوە ئامادە کرا: "بەتالیۆنەکانی (1 - 2)ی هێزی هەڵگورد بە فەرماندەیی (سلێمان سندی و

---

1) (سلێمان حاجی بەدری عەبدوڵلا سندی) لە (1923) لە گوندی (سپیندارۆك) لە زاخۆ لە دایك بووە و سەرەتایی لە (زاخۆ) و ناوەندی و ئامادەیی لە (موصل) تەواو کردووە. لە هێزەکانی (لیڤی) بەریتانی پلەی (نەقیب) بووە و لە (1942-1946) لە قوبرس بەشداری شەڕی دژی نازیەکان بووە. لە ساڵی 1961 هاتووتە ناو شۆڕش و پلەکانی (فەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی هەڵگورد، فەرماندەی بەتالیۆن لە بارەگای بارزانی، فەرماندەی بەتالیۆن لە کێوەڕەش لە 1974) بووە. لە 1975 ئاوارەی ئێران بووە و لە 2006 بە پلەی (عەمید) خانەنشین بووە، لە 2012 کۆچی دوایی کردووە. (حیدر نجم عبد مراد، مصدر سابق، ص 65).

2) (عەبدولرەحیم جەسیم ئەحمەد) لە ساڵی (1930) لە گوندی (پێندرۆ)ی شارۆچکەی (مێرگەسۆر) لە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە، بەشدار بووەی لە ڕێرەوی مێژووی بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی (1947). پێشمەرگەیەکی چاونەترس بووە و کۆمەڵێك پلەی سەربازی وەك: (فەرماندەی بەتالیۆن، ج. فەرماندەی هێزی کاوە و فەرماندەی هێزی حەمرین)ی لە شۆڕشی ئەیلول وەرگرتووە، دواتر لە شۆڕشی گوڵان بەردەوام بووە و لە (1983) لە (قەندیل) شهید دەبێت. (عەبدوڵلا مەلازادە، سەرچاوەی پێشوو، لا 24 - 25).

3) عاصمە ڕەسوڵ خێزانی مام وسو، نوسینی ناو ساڵنامەکان، دەڵێت: "(19ی نیسانی 1969) ئەمرۆ وادەنگ بوو کە جەلالی هاتوون بۆ قەڵادزێ" و دواتر لە (30ی نیسانی 1969) نوسراوە: "ئەمرۆ ئێوارە بە تۆپ لە معەسکەری قەڵادزێ درا."

عبالرحیم جەسیم)، هەروەها بەتالیۆنی (1ی هێزی کاوە) کە پێکهات بوو لە: لقی (1ی مام وسو دزەیی)، لقی (2ی خەسرەو کاوانی)، لقی (3ی نورەدینان، ئەحمەد مستەفا باوزی[1]).[2]

(مستەفا سەعید) دەڵێت: "فەوجەکی ڕژێم لە قەڵادزێ بوو و دەسەڵاتی ئێمەیان نەما بوو، فەوجەکە بە حکومەتیان گوت بوو یا تسلیم دەبین یا هێزمان پێ بگەیێنن. بۆیە دوو لیوای تازەیان بۆ ناردن و لیواکان دەستیان بە پێشڕەوی کرد، تا سەنگەسەر هاتن و لە گەڵ حەسۆ میرخان کەوتنە شەڕ، شەو لە سەنگەسەر مانەوە و بەیانی بەرەو ئێمە هاتن.[3]

ئەو شەوە بە سەرپەرەشتی (فاخیر حەمەد ئاغا) و بە بەشداری فەرماندەکانی پێشمەرگە لەو سنوورە کوبونەوەیەکی بە پەلە دەکرێت بۆ شێوازی ڕێگرتن لە جموجۆڵی زیاتری ڕژێم و بۆیە جوڵەی پێشمەرگە دەستی پی ٚکرد. (مام وسو) پێشمەرگەکانی دەکات بە دوو بەش و ئەو پێشمەرگانەی لە (شێخ ئاودەلان) بوون، بەرەو گوندی (کۆشکەڵە) جۆڵەی پێدەکات، تا کاتژمێر (2) ی شەو لەوێ دەمێننەوە. دواتر بەرەو جادەی سەرەکی (قەڵادزێ - سەنگەسەر) دەکەونەڕێ و

---

1) (ئەحمەد مستەفا باوزی) لە ساڵی (1925) لە گوندی (باوزێ) لە ناوچەی (پشدەر) هاتووتە دونیا و سەر بە خێڵی (نورەدینی) بووە. لە گوندی (بۆسکێن) سەر بە شارۆچکەی (ڕانیە) لە خوێندنی (فەقێ) یەتی لە حوجرەی ئایینی خوێندوویەتی و هەر لەوێ هاوسەرگیری کردووە. دواتر لە ڕانیە قوتابخانەی شەوانە کراوەتەوە، بۆیە لەو قوتابخانەیە خوێندوویەتی و ڕۆژانە کاری کشتوکاڵ و وەرزێری کردووە. خولیای شعر و ئەدەبی کوردی بووە و بە هۆی چەوسانەوەی بەردەوامی گەلی کورد و هەستی کوردایەتی کە هەیبووە، لە ساڵی (1957) دەچێتە ڕیزی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، دواتر دەبێتە بەرپرسی ڕێکخستنە نهێنیەکانی پارتی لە (بۆسکێن، چوارقورنە و گوندەکانی). لە ساڵی (1961) بۆتە پێشمەرگە و لە شەڕی سەفین بریندار بووە. لە (1963) بۆتە لێپرسراوی (ل. ر. سەنگەسەر) و دواتر بۆتە سەر لقی (نورەدینی) لە بەتالیۆنی (1) هێزی کاوە. لە دوای ڕێکەوتنی (11) ئازار دەگوازرێتەوە بۆ بەتالیۆنی (پاسەوانی سنوور) و لە دوای نسکۆ لە کوردستان دەمێنێتەوە. لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانی بەعس دەستگیر دەکرێت و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێت، مەرجی خۆناساندنی هەفتانەی بە سەردا دەسەپێندرێت. دوای ماوەیەك بۆ چارەسەر دەچێتە بەغدا و لەوێ لە هوتێل دەستگیر دەکرێت، لە ماوەی دەستگیر کردنی بە دەرزی (ژەهر) دەکەنە جەستەی و بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ پشدەر. بە هۆی ژەهرەکەوە دوای (3) ڕۆژ واتە لە (1977/07/13) شەهید دەبێت. بە سوپاس لە نوسەر (سەید کەمال ئیبراهیمی) وەرگیراوە و هەروەها سوود لە پەرتووکی (عەبدوڵلا ڕەحمان مەلازادە، کورتە باسێك لە سەر پێکهاتەی .... ، لا 61) وەرگیراوە. (نوسەر).

2) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار و مستەفا سەعید، سەرچاوەکانی پێشوو.

3) مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

کاتژمێر (4) دەگەنە سەر جادە، لە نێوان (پردی سەنگەسەر و دۆڵی شێخ زەرد) هێزی (مام وسو) جێگیر دەبێت.[1]

لە شوێنی جێگیر بوونمان (مام وسو) وتارێکی کورتی بۆ پێشمەرگەکان پێشکەش کرد و گوتی: "پێویستە زۆر وریا و چاوکراوە بن، چونکە بۆ شەڕ و توماری داستانی قارەمانانە هاتوین بۆ ئێرە و ئەوە ئەو شوێنەیە کە ئێمە دەبێت داستانێك بۆ کورد تۆمار بکەین، دەبێت هەموو کورد بە شانازی باس لەو داستانە بکات و ئێوەش دەبێت وەك هەمیشە قارەمان بن، ئەوە شەڕی مەردانە و لەوانەیە ڕێگەی گەڕانەوەمان نەبێت، بۆیە ئەوەی توانای نیە یا لە خۆی ڕانابینێت با بگەڕێتەوە بۆ بارەگای لق".[2]

ئەو شەوە (40 بۆ 50) پێشمەرگە بوونە و هەموو سوێندیان خواردووە تا دوا تنۆکی خوێن دەجەنگن، پێشمەرگەکان لە نێوان (پردی ژاراوە) تا (نزیك قەڵادزێ) دابەش بوونە. بەشێك لە ناوی پێشمەرگەکان کە بەشدار بوونە: (عوسمان مستەفا ناسراو بە دێوە، حەسەن ئەحمەد ناسراو بە زەردە، عەلی خورشید ناسراو بە عەلۆ، دلاوەر حاجی تاهیر کۆیی، مستەفا سەعید، عەباس عەبدوڵلا ناسراو بە عەباسۆك[3]، عەلی عەزیز، صالح، خەسرەو، قالە ئێستر و کەریم ئەبوبەکر ناسراو بە کەریمۆك و ... هتد).

دلاوەر تاهیر دەڵێت: "ڕۆیشتین چوینە سەر کەندەکەی ژاراوە و مام وسو نزیکەی (7 - 8) کەس لە ئێمەی بردە ئەوێ، یەك گوللەی قازیفەمان پێ بوو. قالە ئێستر (خودا لێی خۆش بێت) چەکی (تێکتاریۆف)ی پێ بوو و (مام وسو) کلاشینکۆفێی قۆنداغ داری پێ بوو، ئەوانی دیکە

---

1) (پیرۆت محەممەد سلێمان) ناسراو بە (پیرۆت ئاڵمانی)، چاوپێکەوتن، قەڵادزێ، 4ی ئاب 2020. بەشدار بووی شەڕەکە لەم بارەوە دەڵێت: "لە شەڕی ژاراوە دوو دەستە بووین، ئێمە خەتی پشتەوە بووین و لە لای کۆشکەڵە دامەزراین، مەلو سەرپەرەشتی دەکردین. شەڕێکی زۆر قورس بوو، (مام وسو) و پێشمەرگەکانی زۆر ئازایانە جەنگان، لەو شەڕە (مام وسو) بە سەختی بریندار بوو و هەروەها (حەسەنە زەردە)ش بریندار بوو."

2) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار و مستەفا سەعید، سەرچاوەکانی پێشوو.

3) (عەباس عەبدوڵلا خدر) ناسراو بە (عەباسۆك) لەساڵی (1952) لە گوندی (قورشاغلوو) لە شارەدێی (قوشتەپە) لە دەشتی هەولێر هاتووتە دونیا، وەك خۆی دەڵێت: ساڵی لە دایك بوونی دروست نیە و گەورەترە. لە (1963/10/10) بۆتە پێشمەرگە لە لای (مام وسو دزەیی) و تا ساڵی (1975) بەردەوام بووە. لە تەواوی شەڕە گرینگ و سەختەکانی (سەرەتای ئەیلول لە دەشتی هەولێر) و دواتر (ئاسۆس، کێوەڕەش، زۆزگ، شەڕەکانی ڕزگاری، جادەی ژاراوە و ... هتد) بەشدار بووە و لە کەسە نزیکەکانی (مام وسو دزەیی) بووە، لە ساڵی (1975) بریندار بووە. لە دوای نسکۆی (1975) بە زۆر دوور خراوەتەوە بۆ باشووری عێراق بۆ پارێزگای (ناسریە) بۆ ماوەی (2) ساڵ. لە دوای ڕاپەرین بۆتەوە پێشمەرگە و دواتر وەك (ئەفسەر) گواستراوەتەوە بۆ ئاسایش و زیاتر لە بیست ساڵ بەردەوام بووە، ئێستا لە شاری هەولێر دادەنیشێت و بە پلەی (عەقید) خانەنشین کراوە. (نوسەر)

(یازده تیر، ئینگلیزی، پەڕەشووت، برنەو و ...) شتی وامان پێبوو، لەو شوێنە دامەزراین و پەنجا کەسێك دەبووین."[1]

"(مام وسو) هێزەکانی دابەش کرد و (خاڵە دێوە، صالح و خەسرەو) لە بن بردەکی گەورە لە (خڕی شێخ زەرد) بە قازیفەوە داندران تا ئاگادار بن لە ئەگەری هاتنی دەبابەی دوژمن بە سەریدا زاڵ بن و ئێمەش لە ئەوان بپارێزن. لە کاتژمێر (5) ی بەیانی (1969/5/15) هێزەکانی ڕژێم لە قەڵادزێ هێرشیان کرد و لە نەکاو زانیمان هێزی ڕژێم بە بێ بەرگری و تەقە لە لای سەنگەسەر هات بوو، ئەوان هەوڵیان دەدا بەیەك بگەن و گەمارۆی پێشمەرگە بشکێنن. هێزەکەی ڕژێم زۆر بوو، لە سەڕووی ژاراوە (کەوی بابە سەن)یان گرت بوو و هەروەها دەبابە پەری بووە بۆ (قڕژاڵە برە و دەشتی سرێجە)، لە خوارەوە هێزەکانی ڕژێم بە ئاڕاستەی ژاراوە لە ژاراوەی کۆن پەڕی بوونەوە".[2]

شەڕی توند دەستی پێ دەکات، لە هەندێ شوێن پێشمەرگە و سەربازانی دوژمن تێکەڵ دەبن. دەبابەکان دەست بە توپباران دەکەن و لە هەندێ شوێن زۆر دێنە پێش، بەڵام بە هۆی لەیەك تێپەر بوونی (سەرباز و پێشمەرگە) ناتوانن پێشمەرگە بە ئامانج بگرن. بە هۆی دۆخی سەختی شەڕ و شوێنی تەختایی ناوچەکە، (مام وسو) پێشمەرگەکانی ئاگادار دەکات بە هیچ شێوەیەك چاویان لە گەیشتنی هێزی یارمەتیدەر نەبێت، پێویستە تەواوی توانا و ئازایەتی خۆیان بخەنەکار. تا کاتژمێر (10) شەڕ زۆر بە سەختی بەردەوام دەبێت و توپ بارانی ڕژێم زۆر توند بووە، بەڵام زۆرتر بۆ پشتی جەبهە و بۆ ناوچەکانی (داودیە، سەید ئەحمەدان و دێرێ) بووە.

هێزەکانی ڕژێم کە لە سەنگەسەر دەهاتن ژمارەیان زۆر بوو و بە پاڵپشتی توندی توپ و فڕۆکە توانیان پێشرەوی بکەن، تنها ڕێگەی دەرچونمان بۆ گوندی کۆشکەڵە مابوو و لە (مام وسو) نزیك بووم، قالە ئێستر هاواری کرد و گوتی مامە (لە لای سەرەوە خەتی کۆشکەلێمان لێ گیراوە) و مام وسو گوتی (قالە دانیشە و زۆر جوڵە مەکە، ئێمە هەموو لایەکمان لێ گیراوە، شەڕتە شەڕی پیاوانە بکەین جا کوژراین یا گیراین).[3]

"وەختێك لە گەرمەی تەقەیدا بوو بە هاوار (کورە مام وسو بمان گەیە) و ئەمەش بە پەلە پەڕینەوە بۆ ئەوبەری، لە تەنیشت (مام وسو) ڕاوەستابووم و (دێوە، قالە، مستەفا و عەباسۆك) لە لامان بوون. لە نەکاو (مام وسو) زۆر بە توندی سوڕا و کەوتە سەر زەوی. سەعات (10) و شتی وا دەبوو".[4]

1) دلاوەر حاجی تاهیر، چاوپێکەوتن ڤیدیۆیی، قەڵادزێ، 2021/09/07.

2) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار و مستەفا سەعید، سەرچاوەکانی پێشوو.

3) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار و مستەفا سەعید، سەرچاوەکانی پێشوو.

4) دلاوەر حاجی تاهیر، سەرچاوەی پێشوو.

جێگەی ئێمە خەراپ نەبوو، خۆمان لە دۆشکەی دەبابە و تەقەی دیکە پاراست بوو و بە باشی بەرگریمان دەکرد، بەڵام کەوتبووینە ناو هەردوو هێزەکە دوژمن. قالە ئێستر بۆ جاری دووەم هاواری کرد و مام وسو هەستایە سەرپێ تا بە دووربین تەماشا بکات، لە گەڵ هەستانی بە سەختی و بە سێ فیشەك بریندار بوو. ئاگام لێ بوو بە هێواشی سوورا و دانیشت، نەیتوانی هەستێتەوە و ڕەنگی گۆڕا. لێی نزیك کەوتمەوە و "پرسیم مامە بریندار بووی و گوتی دەنگێ مەکە".[1]

"بەرەو جادەی سەنگەسەر هاتین و ترسمان لە فەوجەکە نەبوو، (مام وسو) گوتی مستەفا سەر گردی کەوە و بزانە نەوەك عەسکەر لەولای بۆمان بێن. سەر گردەکەی کەوتین و دیتم ئەفسەرێك لە پێشیان دەڕوات هەر هاوار دەکات (یاڵلا تەقەدەم)، لێماندان و زۆرمان لێ کوشتن. نزیك (مام وسو) وەستا بووم لە پڕ قاچی خۆی گرت و گوتم چ بوو، گوتی مستەفا بریندار بووم کە چاوم لە برینەکەی کرد دیتم ئەوەندە گەورە بوو پاکەتی جگەرەی پێوەدەچوو، سێ فیشەکی بەرکەوت بوو. ئەو هەوڵی شاردنەوەی برینەکانی دەدا، ئەو ڕۆژە ئەو (ڕانکو چۆغەری سۆری) لە بەر و کڵاشی سپی لە پێ بوو، خوێن لە جەستەی دەرچوو و شاردنەوە سوودی نەما، گۆتم: مامە ئەتو برینداری، وتی بێ دەنگ بە پێشمەرگە بزانیت پاشەکشە دەکات و یا وورە بەر دەدات."[2]

(عەباس) و ئەوان هاتن، چاومان لە برینەکەی کرد، سێ فیشەك بەر ڕانی کەوت بوو و نەرمایی ڕانی هەڵ تەکاند بوو، خوێن بەربوونی زۆر بوو. (مام وسو) بە خۆوە بوو، عەباس پێی گوت: (واز ناهێنی تا خۆت بە کوشت نەدەی) و ئەویش وتی: (لە هەر شوێنێك بژیم دەمەوێت بە سەربەرزی بژیم و هەر کارێك بکەم بە جددی دەیکەم.)[3]

ماوەیەکی پێچوو و وردە وردە پێشمەرگەکان دەیانزانی (مام وسو) بریندارە، بۆیە هەندێکمان لە دەورەی وەستاین و (مام وسو) بەوە تورە بوو و گوتی: "خۆزگە لە گەڵ ئێوە نەهاتبام بۆ ئەو شەڕە و پێشمەرگەی وەك ئێوەم قەت نەبووایە، ئەوە نیشانەی بێ غیرەتیە و ئەگەر دڵی منتان دەوێت، لە دەوری من مەبن و شەڕ بکەن، منیش لە ئێوە زیاتر نیم و بەرگری خۆم دەکەم. ئێوە شەڕ بکەن و ئەگەر زانیتان برینەکەم سەختە، ئەوکات دەربازم بکەن."

---

1) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

عاصمە ڕەسوڵ خێزانی مام وسو، نوسینەوەی یادئاوەریەکان، لەم بارەوە نوسیویەتی: "باوکی ارسلان و پێشمەرگەیەکی بە ناوی (حەسەن ناسراو بە زەردە) لە شەڕی ژاراوە لە ڕێکەوتی (1969/05/15) بریندار بوون و (مام وسو) گوللە بەر ڕانی کەوت بوو و برینەکەی زۆر قووڵ بوو. بۆیە چووین بۆ سەرەشت بۆ تەداوی و چارەسەر دەکران. هەروەها دوو پێشمەرگەی دیکەشیان هێنا بۆ سەردەشت بە ناوەکانی (خالید مەنتك و ڕەحمان شینە) کە بریندار ببوون بە مەبەستی چارەسەر کردن."

2) مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

3) مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو. عەلی عەزیز، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

عەلی وەیسی عەبدوڵلا، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، 2020/07/23.

(مام وسو) لە دۆخی خەراپدا بوو، چیتر گوێمان بۆ (مام وسو) نەگرت و گوتمان دۆخەکە سەختە، هەندێك لە جەماعەت سوێندیان خوارد کە ئەگەر نەڕوات شەڕ ناکەن و بۆیە بە ناچاری قبوڵی کرد. پێشمەرگە کۆییەکانی لە گەڵمان بوون بەهێز بوون و لە ناویاندا (دلاوەر تاهیر کۆیی) بەڵێنی دا بە هەر نرخێك بێت (مام وسو) دەرباز بکات بۆ پشت جبهە و بۆیە ویستی مام وسو لە کۆڵ بکات، مام وسو بەو کارە تورە بوو و گوتی خۆم دەتوانم بڕۆم، (مام وسو) فەرمانی بە ئێمە کرد لەوێ بمێنین و شەڕ بکەین.[1]

"دوو تەیارەی مێك بۆردمانیان دەکرد و گەنم تا سینگمان دەهات، (مام وسو) بە خۆوە بوو و هەر چونێك بێت بردم بۆ (خڕی کۆشکەڵێ)، دارێکی لێ بوو لە ئەوێ دامنا. لە خڕی کۆشکەڵێ فڕۆکە بۆردمانی کردین و خوا ڕوحمی کرد ئێمەی نەگرتەوە. لە ئەوێ دێخونی (مام وسوم) کردەوە و چاوم لە برینەکەی کرد، گوللەی دۆشکەی بە خەراپی سەرووی ڕانی پێکا بوو و وەك ماسی شەقی کرد بوو، مام گوتی لە چاکەی تو دەرناچم تا دەمرم". [2]

ئەوکات (عوسمان مستەفا ناسراو بە خاڵە دیوە) سەرپەل بووە و پیاوێکی مەرد، بە جەرگ و ئازا بووە. بۆیە (مام وسو) پێش ڕۆیشتن بانگی دەکات و فەرمانی پێ دەکات کە دوای ماوەیەکی کەم، هەوڵ بدات بە شێوەیەکی ڕێك و بە گرۆپی بچووك پاشەکشە بە پێشمەرگە بکات.

دوای کەمێك پێشمەرگەیەکی دیکە بە ناوی (حسن ئەحمەد زەردە) کە ڕەشاشی لە لابوو بریندار بوو، لەم بارەوە مستەفا سەعید بەشدار لە شەڕەکە دەڵێت: "(ئەمن، سلۆ، قادر ڕێزبار و زەردە) لەوێ لە سەر جادەیماینەوە تا دەبابە هات و گوشاری تەیارە زیاد بوو، بە ناچاری جادەمان بەجێ هێشت و سەر گردی کەوتین، لە سەر گردی (حەسەنە زەردە)ش گوللەی پێکەوت و کشاینەوە.[3]

(دلاوەر) لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە بە (خڕی شێخ زەرد) دا (مام وسو) یان برد. هەر چوونێك بێت تا کاتژمێر (1) بەردەوام بووین، دواتر لە گروپی پێنج کەسی بە شەڕ و پاشەکشە یەکترمان دەرباز کرد، بەرەو ڕێگەی کۆشکەڵە کشاینەوە، دیار بوو سەر هەموو گردەکانی لای سرێجە سەربازی ڕژێم گرتبوویان، کاتێك گەیشتینە (خڕی کۆشکەڵە) دیتمان هێشتا (مام وسو) بە برینداری لە بن دار توویەکە لەو شوێنە. پێشمەرگەکان (عەلی عەزیز، دێوە، عەلو، عباس و مستەفا سەعید و ... هتد) هەموو بە ناڕاحەتیەوە پێیانووت بۆ تا ئێستا لە ئەوێ لە ماوە،

---

1) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار و مستەفا سەعید، سەرچاوەکانی پێشوو.

2) دلاوەر حاجی تاهیر، سەرچاوەی پێشوو.

3) مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

خدر عەباس، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "لە نێوان (چۆم خرکە و قەڵادزێ) مام وسو بریندار بوو، (عەبدولرەحمان کاکەشین) بە پرپشکی گوللەی تۆپ بریندار بوو".

ئەویش وتی: (منیش وەك ئێوە پیشمەرگەم و لە ئێوە زیاتر نیم، ناتوانم بڕۆم تا نەزانم پێشمەرگەکانم هەموو دەرباز بوون.)[1]

خەلکی ناوچەکە بەگشتی وایان زانی بوو کە هەموو پێشمەرگەکانی (مام وسو) کوژراون یا ئەسیر کراون، بۆیە زۆر کەس هەوڵیان دابوو لە گوندەکانی (سەید ئەحمەدان، داودیە و ئاڵان) بە بێ چەك بێن بۆ یارمەتی (مام وسو) و ئەوەش هەموو لە خۆشەویستی ئەوان بۆ (مام وسو و پێشمەرگە) بووە. هاوڵاتیەك بە ناوی (صۆفی عەبدوڵلا) خەڵکی گوندی (ئاڵان) لەو شەڕە سەختەدا هێستریێکی هێنابوو و بە هانای پێشمەرگە هات بوو، ئەو دیار بوو زۆر (مام وسو)ی خۆش دەویست، ئەرکی گواستنەوەی (مام وسو) تا گوندی (شێخ ئاودەلان) کەوتە ئەستۆی ئەو.[2]

کەس باوەری نەکردووە ئەو (40 - 50) پێشمەرگەیە زیندوو مابن، چونکە ئەوانەی لە دوورەوە چادوێری شەڕیان کردووە گووتویانە تنها ئاگر و ئاسن بەسەریاندا دەباری[3]. خودی (فاخیری حەمەد ئاغا) یەك لەوانە بوو کە سەرسام بوو بەو قارەمانیەتیە. هەروەها دیارە لقی (مام وسو) لاسلکی نەبووە، بۆیە فەرماندەکانی ناوچەکە بێ ئاگا بوون لە هەواڵی بریندار بوونی (مام وسو) و دۆخی پێشمەرگەکان. (فاخیر حەمەد ئاغا) لە گوندی (دێرێ) بەرەو گوندی (سید ئەحمەدان) دێت و هەندێ لە پێشمەرگەکان دەبینێت، پرسیاری (مام وسو) دەکات و دەڵێت: "ئێمە وامان زانیوە هەمووتان نەماون و گیراون، ناردوومە (سلێمان سندی و عەبدولرەحیم جەسیم) بێن بۆ یارمەتیتان". ئەوانیش بابەتەکەی بۆ باس دەکەن و بۆیە بە بیستنی هەواڵەکە زۆر بە پەلە بەرەو (شێخ ئاودەلان) دەڕوات[4].

---

1) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، ئەحمەد قادر ڕێزبار و مستەفا سەعید، سەرچاوەکانی پێشوو.

2) عەلی عەزیز، چاوپێکەوتنی دەنگی، هەولێر 30/1/ 1999.

سوفی عەبدوڵلا ئاڵان، دیمانەی لە لایەن (حمید قەڵادزەیی)، قەڵادزێ، 5ی نیسان 2020. لەم بارەوە دەڵێت: "کاتی شەڕەکە من لەگەڵ (عەزیز ئێزدینی) کە خزمی خۆمە و خەلکی گوندی ئاڵانە، بە (کەوی بابەسەنی)دا خۆمان گەیاندە نزیك شەڕ، کاتێك چوین (مام وسو و زەردە) بریندار بوون. (مام وسو) بۆ خۆی وەڵاخی هەبوو و ئەمیش وەڵاخم پێ بوو، وەلحاصل (مام وسو و زەردە)مان هێنانەوە بۆ گوندی دێرێ. لە گوندی (دێرێ) دامان نان و دواتر (مام وسو)مان بردەوە بۆ (شێخ ئاودەلان)."

3) ئەحمەد ڕەشید، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، 2019/04/27. لەم بارەوە دەڵێت: "لە کاتی شەڕی جادەی ژاراوە ئێمە لە قەڵادزە بووین، لەو شەڕەدا مام وسو بە جەماعەتێك لە پێشمەرگە بە ئەنجامی گەیاند پێشگیری کرد لە هێزی دوژمن کە مەبەستی بوو بێتە قەڵادزێ، تا ئێستاش ئەو شەڕە لەناو قەڵادزەییان بەناو بانگە کە پێشمەرگە تنها بە چەکی سووك و سادە ئەو شەڕەی کرد."

4) (عاصمە ڕەسوڵ) خێزانی (مام وسو) دەڵێت: "کاتژمێر (2) بوو (مام وسو) بە برینداری گەیێندرایەوە ماڵمان لە (شێخ ئاودەلان) و بەرپرسان هاتنە لای تا بە خێرایی بینێرن بۆ ئێران بۆ چارەسەر."

"کاك فاخیر ڕۆیشت بۆ لای (مام وسو) و دەست بەجێ فرمانی کرد ئاگاداری بارەگای بارزانی بکرێتەوە. شەو (خەسرەو کاوانی) هات و زۆر دڵتەنگ بوو، دەیگووت: (ئەمرۆ بۆ من وەك ئەو ڕۆژەیە کە مەحمود کاوانی برام بریندار و دواتر شهید بوو). هەر ئەو شەوە مام وسو گەیێندرایە نەخۆشخانەی شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەر فەرمانی بارزانی نەمر پزیشکی تایبەتی بۆ هێندرا بوو".[1]

لە تۆڵەی ئەم شەڕە سەختە (فاخیری حەمەد ئاغا) بڕیار دەدات نەهێڵێت سەربازگەی قەڵادزێ ئاسوودە بێت، بۆیە هەر ئەو شەوە توپ بارانی دەکەن. "ئەوکات (عەبدولرەحیم جەسیم) لە (بەری پێماڵك) بوو، توپچیەکی مەسیحی هەبوو بە ناوی (حەننا). دوو تۆپ لە (دێرێ) و تۆپێك لە (سەید ئەحمەدان) هەبوو. هەروەها تۆپێك لە (دێلۆ و مێرتکان) بوو و وابزانم (جەلالی ڕەحیم کەوگیر و شەوکەت شێخ یەزدین) لە سەر ئەو تۆپە بوون. (عەریف دەروێش) لە بەری مەرگە بۆ لای (دەڤناوە و گوێزیلە) پەریەوە و تۆپی دامەزراند، لە هەموو لایەك کەوتنە تۆپ باران. دوای نزیکە پێنج ڕۆژ بەیانیەك سەربازەکان جۆڵەیان هەبوو، دەرکەوت سەربازگەکە چۆڵ دەکەن و ڕۆیشتن بۆ (ژاراوە)".[2]

شەڕەکە نزیك (8) کاتژمێر بە سەختی بەردەوام بووە و پێشمەرگە شهیدی نەبووە، تنها (مام وسو دزەیی) و دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی (حەسەن ئەحمەد ناسراو بە زەردە و ڕەحمان شینە) بریندار دەبن. زیانی دوژمن نزیك سەد بریندار و کوژراو بووە، دوو تانك و ناقیلەیەك تێك دەشکێت. دوای چەند ڕۆژێك حکومەت بە ناچاری فەوجی قەڵادزێی دەکشێنێتەوە و قەڵادزێ بە تەواوەتی دەکەوێتە دەست پێشمەرگە.

"نزیك مانگێك (مام وسو) لە چارەسەر مایەوە و دوای گەڕانەوە، هاتەوە گوندی (شێخ ئاودەلان). لە ئەوێ ساباتێکی گەورەی هەبوو و بە بیستنی هەواڵی هاتنەوەی، هەموو بە خۆشحالی و بەپەلە چوین بۆ لای. دواتر هەڤاڵ (موحسین دزەیی) بە نوێنەرایەتی (بارزانی نەمر) هات و سڵاوی بارزانی پێ گەیاند، دوو شەو لە لای (مام وسو) مایەوە. لە کاتی مانەوەی کاك موحسین، دوو تەیارەی عێراقی لە لای (کەستانێ و ئاڵاوێ) لە کاروانێکیاندا کە لە ئێران دەهات".[3]

---

1) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین و مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەکانی پێشوو.

2) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین و مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەکانی پێشوو.

3) عاصمە ڕەسوڵ خێزانی مام وسو، نوسینەوەی بیرەوەریەکانی خۆی، هەولێر، 1999.

عاصمە ڕەسوڵ، یادئاوەری ناو ساڵنامەکان. لە ڕۆژی (7)ی حوزەیران نوسیویەتی: "ئەمرۆ بابی ئەرسەلانی هاتەوە لە سەردەشت لە خستەخانە."

ئەوکات (عەزیز قازی[1]) فەرماندەی بەتالیۆنی یەکی (شهید ئیبراهیم ئەفەندی) دەبێت و بارەگای لە (قشڵەی قەڵادزێ) بووە، دوای گەڕانەوەی (مام وسو) لە چارەسەر چەند جار سەردانی دەکات. (مام وسو) دوای زیاتر لە یەك مانگ لە گەڕانەوە سەردانی (عەزیز قازی) لە (قەڵادزێ) کرد، کە هاتەدەرەوە وتی: (بروسکەی بارزانی نەمر هاتووە تا بچینە سنووری هێزی ڕزگاری بۆ یارمەتی ئەوان لە شەڕی دژی جەلالیەکان).[2]

## تەموزی 1969 شەڕەکانی ناوچەی شوان و هێزی ڕزگاری

ماوەیەك دوای ئەوەی (مام وسو دزەیی) لە چارەسەر دەگەڕێتەوە، لە بروسکەی (بارزانی نەمر) ئاگادار دەکرێتەوە[3] بۆ جوڵەی خێرا بۆ سنووری (ناوچەی شوان و هێزی ڕزگاری) و بۆیە بە گەیشتنی بروسکە فەرمان دەکات تا پێشمەرگە ئامادەی ڕۆیشتن ببن، نزیك (180) پێشمەرگە ئامادە دەبێت تا بە فەرماندەیی (مام وسو) بڕوات.

(نەجات حەسەن) دەڵێت: "(مام وسو) و قەوەتەکەی دوایی شەڕەکانی جەلالی لە هاوینی (1969) ناوی دەرکرد، هەر بۆ هاوکاری (هێزی ڕزگاری) هاتە ئەو ناوچەیە. خۆم لە گەڵ ڕەحمەتی شەهید عەقید (عەبدولرەحمان قازی[4]) بووم و بەڕێ کەوتین بۆ مەنتیقەی (شوان) کە

1) (عەزیز قازی محەمەد) لە (1928) لە گوندی (ئافریانی هەریر) لە دایك بووە، لە (1943) لە گەڵ (عەلی قازی) برای بەشدارە بووە لە شۆڕشی بارزان (1943 - 1945) کردووە. لە گەڵ بارزانی ئاوارەی ئێران بووە و بەشداری (کۆماری مهاباد و ڕێرەوی سۆڤیەت) بووە. لە هێزەکانی (کاوە و قەرەداغ) پلەی هەبووە و لە (1974) بۆتە فەرماندەی هێزی کەرکوك. لە نسکۆی (1975) ئاوارەی ئێران بووە و لە (1976) بە خێزانەوە ڕۆیشتووتە ویلایەتی (کالیفۆرنیا) لە ئەمریکا. هەڵگری مەدالیای بارزانی نەمر بووە و لە (2006) کۆچی دوایی کردووە. (عەبدوڵلا مەلازادە، سەرچاوەی پێشوو، لا 69-70 )

2) عەلی عەزیز و سلێمان ئەمین، سەرچاوەکانی پێشوو.

3) عاصمە ڕەسوڵ، یادئاوەری ناو ساڵنامەکان، 17ی تەموزی 1969. دەڵێت: "برقیەی بارزانی هات بۆ ڕۆیشتنی مام وسو بۆ لای بۆلقامیش بۆ شەڕی جاش و حکومەت".

4) (عەبدولرەحمان محەمەد قازی) لە ساڵی (1914) لە دهۆك هاتووتە دونیا و لە (1932) کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە. ئەندامی (حزبی هیوا) بووە و بەشدار بووە لە شۆڕشی بارزان (1943 - 1945). فەرماندەی کەتیبەی تۆپخانەی کەرکوك بووە بە پلەی (عەقید)، دواتر بۆتە ئەندامی (دادگای سەربازی). لە (1963/02/08) بە تاوانی ئەندامەتی لە هەریەکە لە (پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی) دەگیرێت و لە دانوستانی (شۆڕش و حکومەت) لە (1964) لە سەر داوای (بارزانی) ئازاد کراوە. هاوکاری ئیدریس بارزانی بووە لە شەڕەکانی (زۆزگ و هەندرێن) و دواتر فەرماندەی هێزی ڕزگاری بووەن لە (1970 - 1973) باڵیۆزی عێراق بووە لە (ئەندۆنیزیا) و لە 1974 بۆتە سەرۆکی (دادگای شۆڕشی ئەیلول). بەشدار بووە لە پێکهێنانی (سەرکردایەتی کاتی) پارتی و لە (1979) لە لایەن دەستی نادیار لە شاری (کەرەج) لە ئێران تیرۆر کراوە. (حیدر نجم عبد مراد، مصدر سابق، ص 116).

شەڕێکی گەرمی تیا ئەکرا، هێزی عێراقی و چەکدارەکانی جەلالی لە لایەك و پێشمەرگەی کوردستان لە لایەکی دیکە بوون. (مام وسو) بە قەوەتەکەیەوە تا (قەمچوغە) لە گەڵ عەقید (عەبدولرەحمان قازی) بوو".[1]

"ئێمە نزیك (100) پێشمەرگە لە لقی (مام وسو) بووین، نزیك (50) پێشمەرگە لە لقی (خسرەو کاوانی) بە فەرماندەیی (حاجی خالید کاوانی[2]) و (30-40) پێشمەرگەی (حاجی خدر پشدەری) بووین و سەرجەم ئەو هێزە بە فەرماندیی (مام وسو) بوو. پێش ڕویشتن بە (مام وسو) مان گووت تازە لە چارەسەر گەڕاویەوە، پێمان باش نیە ئەو ئەرکە قبول بکەی، ئەو گوتی ناتوانم بروسکەی بارزانی ڕەت بکەمەوە. شەوی (17- 18)ی تەموز گەیشتینە مەرگە، شەوی دواتر گەیشتینە (کەڵکە سماقە) و لە ئەوێ (حمەی کاکە رەزا) ڕێگەی نەدا (مام وسو) بڕوات و ناچار ئەو شەوە میوانی ئەو بووین".[3]

(مسعود بارزانی) نوسیویەتی: "ڕژێم قورسایی هێرشی خۆی بە یارمەتیی جاشە شەست و شەشەکان خستە سەر ناوچەکانی (گەرمیان، قەرەداغ، شوان، شێخ بزێنی و ئاغجەلەر). فیرقەی پێنج و دووی تەرخان کرد بۆ ئەم ئەرکە و سەرکردایەتی هێرشەکەی بە عەمید ڕوکن (ئیسماعیل تایە نعێمی) سەرکردەی فیرقەی دوو سپارد کە (جەلال تالەبانی، عەلی عەسکەری و عومەر مستەفا دەبابە)ش یارمەتی بدەن وەك وتیشمان ناوی (موالی) واتە (دۆست) لەوانە نرا".[4]

(عەلی عەزیز) لەم بارەوە دەڵێت: "ڕۆژی (20ی تەموز) گەیشتینە گوندی (کلێسە) لە سەر (زێی دووکان)، لەوێ تنها یەك بەلەمی چوپ هەبوو بۆ پەڕینەوە و (مام وسو) بڕیاریدا لە پێشدا خۆی و پانزدە پێشمەرگە بپەڕنەوە، بۆیە ئەوانەی نزیك لەخۆی لە گەڵی پەڕینەوە. ئاوەکە

1) نەجات حەسەن کەریم، دەست نووس، هەولێر، 2020/09/02.

2) (خالید مستەفا هەینی) ناسراو بە (حاجی خالید کاوانی)، لە ساڵی (1937) لە گوندی (کاوانیان) لە ناوچەی خۆشناوەتی شەقڵاوە هاتووتە دونیا و لە ساڵی (1958) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی کردووە. لە سەرەتای ئەیلول لە (1961) بۆتە پێشمەرگە و بێ پسانەوە تا نسکۆی (1975) بەشدار بووە، پلەی سەرلق بووە لە سنووری (هێزی کاوە). پێشمەرگە و فەرمادەیەکی چاونەترس و دڵسۆز بووە و لە داستانە بەناوبانگەکانی (زۆزگ، هەندرێن، کێوەڕەش، ناوچەی هێزی ڕزگاری و ... هتد) بەشدار بووە. دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە و لە شۆڕشی گوڵان بەردەوام بووە. دوای ڕاپەرین گەڕاوەتەوە کوردستان و فەرماندەی عەسکەری (لەشکری کاوانی) بووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتی حەوت جار بریندار بووە کە دوایین جار لە بالیسان لە ساڵی (1988) بووە. جێ متمانەی پارتی و ماڵی بارزانی بووە، لە (2014) کۆچی دواییی کردووە. لە دەست نوسێکی (دلێر حاجی خالید کاوانی) وەرگیراوە. (نوسەر)

3) عەلی عەزیز، مستەفا سەعید و سلێمان ئەمین، سەرچاوەکانی پێشوو.

4) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 12.

گیرابووە و دوای پەڕینەوەمان ئاو زیادی کرد و دیارە ئاوەکەیان بەردا[1]. نزیکەی نیوەڕۆ گەیشتینە ناو گوندی (بۆڵقامیش) و دیار بوو هەنجیری باشی لێ بوو، هەر کەسەی بۆ لایەك خەریکی هەنجیر خوارن بوو و (مام وسو) هاواری کرد: (بۆ هەنجیر خواردن هاتوون یا بۆ شەڕ).[2]

"لە گوندی (بۆڵقامیش) کۆڕێك بە ناوی (حەوێز) لە سەر جیهازی لاسلکی بوو و دەمانناسی، (مام وسو) پرسیاری لێ کرد: (شەڕ لە کوێیە؟) گووتی: (دوورە، لە لای عەسکەرە). چایەمان لێنا و دیتمان دوو بریندار و دۆشکەیەکیان هێنا، دوای کەمێك دەنگی تەقە نزیك بۆوە. (مام وسو) گوتی: (حەوێز ئەو تەقە دیارە نزیکە). بۆیە گووتی: (هەستن با بڕۆین). چووینە ناو گوندی (بۆڵقامیشی) و لەگەڵ (خاڵە دێوەی) کوندەیەك ئاومان هەڵگرت، بەرێکەوتین بەرەو ڕۆژهەڵات.[3]

(عەزەدین قەرە محەمەد) جێگری (د. خالید) بوو و بە مێوانی هاتبوو بۆ ئەوێ، ڕۆیشتین بۆ گوندی (عەسکەر) و بەردەوام بووین بەرەو دەشتی (حەیدەربەگ و گۆپتەپە). پاش نیوەڕۆیەکی هاوین و زۆر گەرم بوو، ڕاستەوخۆ کەوتینە ناو شەڕێکی خەست، جەیش و جاشی زۆر لەو هێرشە بەشدار بوون. ژمارەیەکی زۆر لە تانك هەبوو و (تۆپ و فڕۆکەش) دەرفەتیان نەدەداین. ئەوکات (عبدالرحمن قازی) فەرماندەی هێزی ڕزگاری بوو و ئامر بەتالیۆنەکان بەم شێوە بوون:

- بەتالیۆنی (1ی شوان)، بە فەرماندەیی (حەمەسور حوسێن).
- بەتالیۆنی (2ی قەڵاسێوکە)، بە فەرماندەیی (حاجی شێخ قادر).
- بەتالیۆنی (3) بە فەرماندەیی (ڕەئیس عەبدوڵلا).
- بەتالیۆنی (4) بە فەرماندەیی (عەریف دەروێش).

هاتینە ناو ماڵی عەسکەر، کاتژمێر 3ی دوانیوەڕۆ (عەریف دەروێش ف. بەتالیۆنی 4) هات کە تنها یەك پێشمەرگە بە ناوی (عەبدولخالق) لە گەڵی مابوو، بۆیە لە گەڵ (مام وسو) مایەوە. هێرشەکان سەخت و لە دوای یەك بوون، پێشمەرگە فریا نەدەکەوت جێ قایم بکات دەستەیەکی دیکە لە دوژمن هێرشی دەکرد و فڕۆکەش دەرفەتی بڕی بوو[4].

---

1) نەجات حەسەن کەریم، سەرچاوەی پێشوو. نوسیویەتی: "حکومەتی عێراقی بۆ ڕێگری لە پێشمەرگە و هاوکاری نەگەیشتن پێیان، هەموو ئاوی بەنداوی دووکانی کرد بۆوە. بۆیە ئەو هاوکاریەی لە (هێزی دەشتی هەولێر) دەبوایە بگات زۆر دواکەوت و خۆشیان شەرێکی گەورە ڕووبەڕوویان ببووە. هەر لە ئەنجامی کردنەوەی ئاوی بەنداوی دووکان چەند پێشمەرگەیەك شەهید بوون، یەك لەوان (حاکم عەبدولرەحمان) ناوێك بوو."

2) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

3) مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

4) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

حەسەن ئیسماعیل ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

(زرار حاجی شێخ قادر) دەڵێت: "لە ساڵی (1969) جەلالیەکان هێرشی فراوانیان هێنا لە (قەرەداغ، ناوشوان، گەرمیان و شێخ بزێنی) بەرەو ناوچەی (قەڵا سێوکە)، بەتالیۆنی (1 و 2) لە ناوچەی (قلاسێوکە) بوون و بەرگری باشیان کرد، بەڵام بە هۆی چڕی بۆردمانی فڕۆکەکان بەرگەیان نەگرت و بۆیە شەڕەکە گەیشتە (بۆڵقامیش)".[1]

(مستەفا سەعید) دەڵێت: "دوژمن توانی بگاتە گوندی (عەسکەر) و ئێمە نەشارەزا بووین، بۆیە بە ڕێکی کشاینەوە بۆ پشت گوندی (عەسکەر). (مام وسو) فەرمانی کرد پێشمەرگەکان لە یەك دوور نەکەون، هەندێ گرد و بەرزایی هەبوون لە سەریان دابەش بووین، (عەریف دەروێش، حەمە سوور و عەزەدین قەرە) دەرکەوتن و گوتیان: (مام وسو هیممەت نەکەی ئەو شتانەمان هەمووی دەگیرێن). ئەوان داوایان کرد بیست نەفەر لە گەڵ (مام وسو) بگەڕێنەوە و لە گەڵ دوشکە[2].

(عەلی عەزیز) دەڵێت: "بۆ ئێوارە (عەزیز ڕەشاش ناسراو بە مامە عەزە) و (کوێخا جەوهەر تلیانی) هاتنە لای (مام وسو)، گوتیان: (هێزی دوژمن و جەلالیەکان لە ناوچەکانی ئاغجەلەر و چەمی ڕێزان) هاتوون. (مام وسو) پرسی: (نازانن ئەو قەوەتانە هی کێن؟) گوتیان: هی جەلالیەکان بە فەرماندەیی (عومەر دەبابە، عەلی عەسکری، حەمەی شێخ عەبدولکەریمی گریچنە و تاریق ئەحمەد) هاتوون. جگە لە هێزەکانی سەربازی کە لە سێ لیوای سوپای عێراق کە بە پاڵپشتی توپ و فڕۆکە لە ئەوێ بوون. تا نزیك کاتژمێر (8) لە (عەسکەر) بەرگریمان کرد، گوشاری دوژمن لە توانا بەدەر بوو".[3]

دوژمن تەواوی توانای دەخاتەگەڕ تا بگاتە پشت دەشتی (گۆپتەپە) بە ڕووکاری (بۆڵقامیش) و پشت هێزی پێشمەرگە بگرێت. (مام وسو) فەرمان دەکات دۆشکە ببەن بۆ بەرزاییەکانی پشت (بۆڵقامیش) تا بە باشی پاڵپشتی پێشمەرگە بکات. (مستەفا سەعید) دەڵێت: "قەوەتەك لە سەر گردەکان لە لای (چەمی ڕێزان) بە ئاڵای سپی هاتن، دۆشکە لێی دان و بڕی کردن، لە خۆشی ئەو

---

1) زرار حاجی شێخ قادر، تۆماری دەنگی لە ڕێگەی مەسینجەر، هەولێر، 2020/09/22.

حەمەلاو شوانی، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، پیرمام، 2020/09/13. (حەمەلاو عابید ڕەشید) ناسراو بە (حەمەلاو شوانی) دەڵێت: "لە سەرەتا (3 - 4) ڕۆژ لە لای (بۆڵقامیش) و ئەوانە شەر بوو، دواتر ناچار کشاینەوە بۆ (بەری قەمچوغە) و بەرانبەر (سورداش). دوای دوو ڕۆژ دیسان هاتینەوە بۆ ناوچەی (قەمچوغە و جاسەنە) و ئە ناوچانە، ئەوکات (عەبدولرەحمان قازی) فەرماندەی هێز بوو و شەر بەردەوام بوو، ماینەوە تا وەرزی سەرما."

2) مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

3) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

حەمەلاو شوانی، سەرچاوەی پێشوو. لەم بارەوە دەڵێت: " قەوەتی حکومەت و جەلالی زۆر بوون، قائید فرقە و ئەحمەد سمێل و جەعفەر خەلکی چەرمەگا بوو، هێزی جەلالیەکان عەلی عەسکەری سەرپەرەشتی دەکردن و لە (حەیدەر بەگەوە) پاڵپشتی فرۆکەی هەبوو تا کۆتایی."

کوڕە و دۆشکەکەی سوێندم خوارد خۆم فێری دۆشکەی بکەم، دواتر (مام وسو) دۆشکەی هێنا و ئەمنیش خۆم لێ فێر کرد".[1]

(عەلی عەزیز) دەڵێت: "لەو گردانە ئاوی خواردنەوە نەبوو و نانیشمان پێ نەبوو، تینو و برسی بووین. کەندەك شۆڕ دەبۆوە ئاوێکی گەرمی پێدا دەهاتە خوارێ کە ڕەنگی زەرد زەرد بوو. گۆلێك هەبوو ئاوی تێدابوو و (مام وسو) چوو ئاوی لێ بخوات، لە ڕەبیەی جاشەکان دیار بوو، پێشمەرگەکان خۆیان بە (مام وسو) دادا و ڕایان کێشا، (3- 4) فیشەك لەو شوێنەیدا کە (مام وسوی) لێ بوو و خوا ڕوحمی پێ کرد. کەوتینە گردی (بۆڵقامیش) و هێرشی دوژمن زۆر توند بوو، ئەو پێشمەرگانەی لەو سنورە بوون تا ڕادەیەك ورەیان بەردا بوو و بە بەرگری کەم دەکشانەوە، بوونی (مام وسو) لەوێ زۆر باش بوو".[2]

(حەمەلاو شوانی) دەڵێت: "لە (بەری بۆڵقامیش) بووین و شەڕ سەخت بوو، تا شەو داینەوە و ئەوکات خەلکەکە هاتبووە پەنا ئاوەکە تا بپەڕێتەوە. (عەریف دەرویش) هات بوو تا جێگۆڕکێ لە گەڵ (حاجی شێخ قادر) بکات، شەڕ سەخت بوو و فڕۆکە بە توندی پاڵپشتی جەلالیەکانی دەکرد و لە سەر ئاوەکە لێی دەداین. توانیمان دوای کاتژمێر (10) دەست بە پەڕینەوە بکەین بۆ (بەری بۆگد و کلێسە)." [3]

عەلی عەزیز دەڵێت: "لەوێ کشاینەوە کاتژمێر (10) گەیشتینە ناو ماڵی (بۆڵقامیش) و بۆمان دەرکەوت دوژمن سەری (بۆڵقامیشی) گرتووە. دوژمن ئاوی زێی دووکان بەردەدا و بۆیە ئاو زۆر بە خێرایی دێت، نزیکەی (500- 600) پێشمەرگە لە نزیك زێیەکە دەبن و بە ناچاری بەرەو

---

1) مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "پێشمەرگەیەك بە ناوی (عوسمان یابە) مان بینی کە لە سەر دۆشکە بوو و سەر بە بەتالیۆنی (1ی) شوان بوو، ئەو وتی کەس لە بەتالیۆنەکەیان لەوێ نەماوە. (مام وسو) ئەمری کرد بە هیچ شێوەیەك نابێت دوشکەکە لە دەست بدەن، تا بکرێت دەبێت شەڕی پێ بکەین، دوشکەکە باش بوو و شەرمان پێ کرد."

2) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

3) حەمەلاو شوانی، سەرچاوەی پێشوو.

پیرۆت محەمەد سلێمان، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "شەڕەکە زۆر قورس بوو، هەر دوو لقی ئێمە و (خەسرەو کاوانی کە حاجی خالید کاوانی بەرپرسی بوو) بە سەرپەرەشتی (مام وسو) بۆ ئەو شەڕە ڕۆیشتین، زیاتر لە (150) پێشمەرگە بووین. سەرەتا ڕۆیشتینە (بۆڵقامیش) و فەرماندەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکە زۆر پێیان خۆش بوو، بە گەرمی پێشوازیان لێکردین. بە گەیشتنمان دوچاری شەرێکی زۆر قورس هاتین، فرۆکە لە ئاسمان و تۆپیش بۆ پاڵپشتی (جەیش، جاش و جەلالی) لە سەرمان بوو. شەڕی (بۆلقامیش) لە توانادا نەبوو و بە شەر کردن بەرەو (بۆگد) کشاینەوە، لە نزیك ئاوەکە (عوبید) شهید بوو، (مغدیدیش) لەناو کەڵەکدا بە بوردمانی تەیارە لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکەی بەتالیۆنەکانی دیکە شهید بوون.

ئاوەکە دەڕۆن. جاشەکانی جەلالی لە بەرزاییەکان بوونە و بە ئاسانی تەقە لە پێشمەرگە دەکەن[1]، بە هۆی سەختی شەڕ و نەبوونی ڕێگەی دەرچوون، هەندێ لە پێشمەرگە بە ناچاری تفەنگیان فرێدەدا و خۆیان بە ئاوی زێیەکەدا دەدا".[2]

(عەلی عەزیز) دەڵێت: "لەو کاتەدا (حاجی شێخ قادری سوتکە) هات کە پیاوێکی ڕیش سپی و پیاوانە و فەرماندەی بەتالیۆن بوو، (مام وسوی) نەدەناسی و (عەریف دەروێش) بە یەکتری ناساندن. ئەوان بە ناو یەکتریان دەناسی و (شێخ قادر) گوتی: (ڕاستە بە دیمەن مام وسوم نەدیت بوو و بەڵام ناو بانگم بیستووە)."

(عەزەدین قەرە محەمەد) بە گەیشتنەوەی (مام وسو) و پێشمەرگەکانی بە گوندی (بۆڵقامیش) زۆر خۆشحاڵ دەبێت، بە یەکەوە لە گەڵ (حاجی شێخ قادر) هەندێ ئاڵوگۆڕی خێرا لە بارەی شەڕەکە دەکەن و لە سەر پێشنیاری (خاڵە دێوە) بیر لە کشانەوە بۆ گوندی (بۆگد) دەکەن، بەڵام کشانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ پێشمەرگەکان مەترسیدار دەبوو. بۆیە ڕێك دەکەون تا بەرەو لای دوژمن هێرش بکەن، بەم شێوەیە هەم گوشاری دوژمن لە سەر پێشمەرگە کەم بکەنەوە و هەم کات بۆ پێشمەرگە دەستەبەر بکەن تا بتوانن لە زێیەکە بە کەمترین زیان بپەڕنەوە و پاشەکشە لەم شوێنە بکەن، بۆیە لە دوو قۆڵەوە هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی دوژمن.

(مستەفا سەعید) دەڵێت: "دوای کەمێك (مام وسو) بە (خاڵە دێوە)ی گووت: (دوژمن کەڵەکەکانی گرتوون، بۆیە دەبێت لەگەڵ حاجی خالید کاوانی لەلای گۆپ تەپە هێرش بکەن)، بۆ خۆشی لەگەڵ (عەزەدین قەرە محەمەد) بەرەو (بۆڵقامیش) هێرشی کرد. لە نێوان کاتژمێر (10-12) چەند جار فرۆکە بۆردمانی دەکرد، بۆنی بارووت و سووتان و ئاگر تێکەڵ ببوون. بە پشتیوانی خودا ئێمە سەرکەوتین و کەڵەکەکانمان هێنانەوە، جەیش و جاش شکان، بەرەو گوندی عەسکەر هەڵاتن، بەم شێوەیە پێشمەرگە دەستی بە پەڕینەوە لە زێ بەرەو (بۆگدی) کرد."[3]

"دوایین دەستەی پێشمەرگە لە نێوان کاتژمێر (1- 2) پەرینەوە، قەبرستانی (بۆگدی) لە پێشەوە بوو و زیاتر لە (12- 13) شەهید لەو قەبرستانە داندرا بوون. خانویەکی دووقات لە گوند بوو و بەرەو ئەو خانوە چووین، لە سەر بانی خانوەکە یەك هۆدەی بە تنها دروست کرابوو،

---

1) زرار حاجی شێخ قادر، سەرچاوەی پێشوو. لەم بارەوە دەڵێت: "لە (بۆڵقامیش) حکومەت ئاوی زێی دووکانی بەردابۆوە و ڕێگەی پەرینەوە ئەستەم بوو، لەو شەڕەدا خەڵکێکی زۆر ناچار بوو خۆ بەئاودا بدات، حاکمی بەتالیۆنی 2 (عەبدولرەحمانی) ناو بوو و بە ماینەوە خۆی بە ئاوەدادا و ئاوی بردی، زۆر برادەری دیکەش ئاو بردنی یا گیریان خواردبوو و لەسەر دار و شت لە ناو ئاوەکەدا خۆیان گرتبوو. جەیش و تەیارە قەسفی چڕی دەکرد، خەریك بوو خەلکەکە لە تاو ئاگرەکە مل لەئاو بنێت، باوکم گوتی: "کوڕە عەیبە ئەو ڕاکردن و پشت لە دوژمن کردنە، ئەوەی پیاوە با بە دوای من بکەوێت."

2) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

3) مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

خاوەنی خانوەکە دیار بوو پێشتر لە دەشتی هەولێر (مام وسوی) ناسی بوو. بە دیتنی زۆر خۆشحاڵ بوو، بە شانازی و بەرێزەوە هاتە پێشوازی (مام وسو). فەرش و ڕایەخیان بۆ ڕاخستین، بەو شەوە خزمەتێکی زۆریان کردین کە تا ئێستا خزمەتی وام نەدیت بوو، ئەو پیاوە زۆر (مام وسوی) خۆش دەویست".[1]

(حەسەن چاوشێن) دەڵێت: "لە (بۆڵقامیش و عەسکەر) تا شەو شەڕمان کرد و لەو شەڕە (عەلی عەسکەری) لە بەرانبەرمان بوو، ئەو (ماینەکی ڕەشی) پێ بوو. هەروەها لەو شەڕە (عوبێدی عەوڵا گردەی ناسراو بە عوبێدە گچکە خەڵکی گوندی مەلات ئاغا) لە نزیك زێی لە سنووری گوندی (بۆگدی دەشتی کۆیە) شهید بوو، (مەغدید) لە سەر زێ و لە نێوان (بۆگد و کلێسە) لە شەڕێکی ئازایانە شهید بوو و تەرمەکەی ئاو برد بووی. (مام وسو) فەرمانی کرد دەستەیەك پێشمەرگە بچن، بە هەر شێوەیەك بێت تەرمی (عوبێد عەبدوڵلا) بهێننەوە. لەو شەڕە شهیدی دیکە لە هێزی ڕزگاری هەبوون و لە ناویاندا (حاکم عەبدولرەحمن) حاکمی بەتالیۆنی (1)ی شوان شهید بوو.[2]

"مام وسو گوتی: (ئەگەر کەس نەچێت بۆ خۆم دەچم). بۆیە ئەو پێشمەرگانە: (عەلی عەزیز، دیوە، عەباس، مستەفا، زردە و عەلی خورشید) چووین و تەرمەکەمان هێنایەوە. کاتێك گەراینەوە مام وسو وتی: "عەزیز عەقراوی بروسکەی کردووە و بە فەرمانی (مستەفا بارزانی) دەبێت بەرەو (گەورە دێ) بڕۆین". (مام وسو) داوای لە خاوەن ماڵەکە کرد تا تەرمی (شهید مەغدید) لە شوێنێکی شیاو بنێژێت و نیشانی بکات بۆ داهاتوو تا کەسوکاری بتوانن گۆڕەکەی بناسنەوە، بۆ مەبەستی خەرجی کفن و شاردنەوەی تەرمەکەش (10) دیناری بە خاوەن ماڵ دا، خاوەن ماڵ زۆر هەوڵیدا تا پارەکە ڕەت بکاتەوە و گوتی پێشمەرگەی تو برای منە و بەڵام (مام وسو) قبوڵی نەکرد".[3]

بە هۆی سەختی شەڕەکە شەهید و بریندار زۆر بووە، چەند پێشمەرگەیەکیش لە ئاوی زێی بچووك خەنکاون، بەداخەوە تنها ئەو ناوانە زاندراون:

---

1) عەلی عەزیز، مستەفا سەعید و سلێمان ئەمین، سەرچاوەکانی پێشوو.

2) حەسەن ئیسماعیل ڕەسوڵ (حەسەن چاوشین)، سەرچاوەی پێشوو.

مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

خدر عەباس پیرۆت، سەرچاوەی پێشوو. لەم بارەوە دەڵێت: "ئەو شەوە شهیدی زۆرمان هەبوو، بەڵام لە پێشمەرگەکانی ئێمە (عوبێد و مەغدید) شهید ببوون و هەروەها لە لقی (خسرەو کاوانی) پێشمەرگەیەك بە ناوی (خورەشید) شهید بوو."

3) عەلی عەزیز و سلێمان ئەمین، سەرچاوەکانی پێشوو.

- (عوبێدی عەوڵا گردە) ناسراو بە (عوبێدە گچکە) خەڵکی گوندی (مەڵات ئاغا) و (مەغدید) کە لە لقی (مام وسو) بوون. پێشمەرگەیەك بە ناوی (خورشید) لە لقی (خسرەو کاوانی) کە لە گەڵ (مام وسو) هات بوون.
- سێ شەهید لە بەتالیۆنی (عەریف دەروێش)، بە ناوی (حەمەی کوێخا صدیق) و (صدیق)، سێهەمیان خەڵکی گوندی (تلیان) و خزمی (عەریف دەروێش) بووە و ناوی نەزانراوە.
- هەروەها (قوربانی) خەلکی (باوەپەتی)، (کاکە برا) بوو کە جەنازەکەی لە ئەوێ ناشتراوە و (حاکم عەبدولرەحمان) حاکمی بەتالیۆنی (1ی شوان). ئەو شەهیدانە هەر لە (بۆڵقامیش و بۆگد) بە خاك سپاردراون. لە بریندارەکان تنها دوو ناو زاندراون: "عبدالرحمن مەلا گیان و حەمە شەریف حەمە ئەمین" [1].

دوای هاتنی بروسکەی بارزانی، هێزەکەی (مام وسو) دەکەونەڕێ و (عەلی عەزیز) دەڵێت: "بەرەو شوێنی مەبەست کەوتینەرێ و بەربەیانی گەیشتینە سەرەوەی کلێسە، لە (سور قاوشان) دوو (کەڵەکی چوپ) بۆ پەڕینەوەمان ئامادە کرا بوون، ئەو کات دوو چووپی گەورەیان بە دار لە یەك دەبەست و ئیتر دەپەرینەوە. بەیانی ڕۆژی (22ی تەموز) گەیشتینە ناوچەی (چەمی ڕێزان) و گوندەکانی (دەرەناڵ، سرد و سێ کانیان) هەبوون، ئێمە چوینە ناو گوندی (دەرەناڵ) کە لە دۆلێکدا بوو و تنها ئاسمان لێی دیار بوو، تەماتەی زۆر و گەورەی لێ بوو. لە گوندی (دەرەناڵ) سەر لقێکی بەتالیۆنی (3ی سورداش) بە ناوی (ولی ئەبو شوارب) مان بینی، ئەو کاتی خۆی لەگەڵ (ڕەشید سندی) بوو و دوو پێشمەرگەی لە گەڵ بوو. ئەو بە باشی (مام وسوی) دەناسی و بۆیە بە خۆشحاڵی پێشوازی کردین، دەستی مام وسوی ماچ کرد و وتی: (مادام ئێوە هاتن بە سەر دوژمندا سەر دەکەوین)". [2]

(حەمەلاو شوانی) دەڵێت: "لە (بۆگد و کلێسە) کشاینەوە بۆ (بەری تەلان) و لە ئەوێ لقی (کوێخا سمایلی تەلانی) لێ بوو، لە (سەری سرد) دوو ڕۆژ شەڕ بوو و ئێمە بەرەو ناوچەی هێز ڕۆیشتین. (مام وسو) و جەماعەتەکەی بەرەو (قەمچوغە و تەلان) گەڕانەوە، لەوێ (5) پێنج ڕەبیەی جاش و جەیش هەبوو، هەموویان گرتن. دەوری (مام وسو) و جەماعەتەکەی زۆر کاریگەر بوو، (دێوە و مەلو و بارام و .. هتد) لە گەڵیدا بوون کە هەموویانم بیر نەماوە." [3]

دوای ئەوە (مام وسو) و پێشمەرگەکانی دەچنە گوندی (سرد)، (مام وسو) دەبێتە میوانی (حاجی مەحمودی سردی) کە کەسایەتیەکی دیار و پیاوێکی زۆر بەرێز بووە، بە ڕیشی سپی

---

1) حەمەلاو شوانی، زرار حاجی شێخ قادر، عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، حەسەن چاوشین، خدر عەباس، پیرۆت ئاڵمانی و نەجات حەسەن، سەرچاوەکانی پێشوو.

2) عەلی عەزیز، مستەفا سەعید و سلێمان ئەمین، سەرچاوەکانی پێشوو.

3) حەمەلاو شوانی، سەرچاوەی پێشوو.

خزمەتی زۆر (مام وسو) دەکات و دوو ڕۆژ جەماعەت لەو گوندە دەمێنن. لە ڕۆژی (24ی ئاب) هێرش و پەلاماری دوژمن بۆ سەر پێشمەرگەکانی (مام وسو) دەست پێ دەکات، شەڕ زۆر بە سەختی دەست پێ دەکات و لە شانی (سور قاوشان) دوژمن دەتوانێت تەنیشتی پێشمەرگە بگرێت.

"لقێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی (فەقێ مەلا سەڤ) هات بوون بۆ یارمەتیمان و لە گوندی (سێ کانیان) بوون، بە داخەوە تەقەیەکی وایان نەکرد و زوو شکان. لقێکی دیکەی پێشمەرگە بە فەرماندەیی (عەریف عەلی چاو ڕەش) هاتنە یارمەتی ئێمە، بە ڕاستی ئەوان شەڕی پیاوانەیان کرد و زۆر پاڵپشت بوون بۆمان. شەڕەکە درێژەی کێشا و بۆ ڕۆژی دواتر هێزەکانی دوژمن ویستیان لە بەری (کۆتەڵ) لە لای دووکان پشتمان لێ بگرن، بەرانبەر و تەنیشتەکانمان هەمووی جاش بوو، (عەریف عەلی) بە (مام وسوی) گوت: (من شارەزای ناوچەکەم و تۆ لەو ناوچەیە شارەزا نی، ئەگەر دوژمن کۆتەڵ و کانی خان بگرێت، ئەستەمە بتوانین بە هیچ جێگەیەکدا دەرباز ببین)".[1]

بە شکانی لقی (فەقێ مەلا سەڤ) پشتمان گیرا بوو و ناچار بووین بەرەو گوندی (قەمچوغە) پاشەکشە بکەین. پێشمەرگەیەکمان بە ناوی (خالیدە کوێر) لە پشت (تەلان) و لە لای (سرد و سێکانیان) بریندار بوو، هەر چونێك بێت بە شەڕ لە جادە پەڕینەوە بۆ بەری گوندی (قەمچوغە) و لە خوارووی گوندەکە شەڕ بەردەوام بوون ئێمە و جەیش و جاش لە شەڕ بووین.[2]

دوای ئەوە (کوێخا ئیسماعیلی تەلان)[3] هاتە پێشوازیمان، ئەو پیاوێکی پیاوانە و کەمێك قەڵەو بوو، جامەدانی لە پشت کرد بوو و تفەنگێکی برنۆی وەسەتی پێ بوو. بە ڕێگەوە بانگی کرد، گوتی: (مام وسو کامەتانن؟)، (عەریف عەلی) گوتی: (مام وسو ئەوە کوێخا سمایلی تەلانە). کوێخا باوەشی لە (مام وسو)دا و ماچی کرد، گوتی: (لە دوورەوە ناوبانگی توم بیستووە و نەم دیتووی، نان ئامادەیە و با بچین نان بخوین، با پێشمەرگەکان بەرگری بکەن). مام وسو گوتی: (ناتوانم پێشمەرگە لە شەڕ بێت و بێم نان بخۆم؟ داوای لێبوردنی لێ کرد و گوتی: (با شەڕەکە بکەین و لە دوای شەڕەکە نان دەخوین).[4]

---

1) عەلی عەزیز، چاوپێکەوتنی دەنگی، هەولێر 30/1/ 1999.

2) مستەفا سەعید کەریم، سەرچاوەی پێشوو.

عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

3) خدر عەباس پیرۆت، سەرچاوەی پێشوو. لەم بارەوە دەڵێت: "دواتر رۆیشتین بۆ گوندی (سەرمورد - سەرمەیدان) لە پشتی (دووکان) بۆ یارمەتی لقی (کوێخا ئیسماعیلی تەلانی)، خۆی و پێشمەرگەکانی زۆر خۆشحاڵ بوون. لە ئەوێ لە کاتی تۆپباران و بە ساچمەی تۆپ (حاجی خالید کاوانی) بریندار بوو، بارەگامان ماوەیەك لە تەنیشت بارەگای کوێخا بوو."

حەسەن ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو "لە قەمچوغە و لە سەرمورد سێ پێشمەرگە بریندار بوون. "

4) عەلی عەزیز، چاوپێکەوتنی دەنگی، هەولێر 30/1/ 1999.

شەڕ تا عەسر بەردەوام دەبێت و پێشمەرگە هێزی دوژمن دەشکێنێت، بۆیە دوژمن بە ناچار پاشەکشە دەکات. دوای شکانی دوژمن (مام وسو) و دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی دەڕۆن بۆ ناو گوندی (قەمچوغە) و میوانی (کوێخا ئیسماعیلی تەلان) دەبن، ئەو کات ناوبراو سەر لق بووە و بارەگای لە قەمچوغە بووە. لە سەر داوای (مام وسو) سەرەتا نان بۆ ئەو پێشمەرگانە دەنێردرێت کە لە کەمین و ئەرك ماون، دواتر خۆیان نان دەخۆن.

(خاڵە دێوە) و چەند پێشمەرگەیەك نانیان بۆ ئەوانی دیکە برد، دواتر ئێمە نانمان خوارد و شەو ماینەوە لە گوند. کاتی بانگی بەیانی (کوێخا سمایل) گوتی: (مام وسو وابزانم هێرش بۆ سەر جەماعەت دەستی پێ کردووە، بە دوربین دیتم دەورەی ڕەبایەی جەماعەتی تو دراوە). بۆیە (مام وسو) خۆی بە پەلە ڕۆیشت و نەگەڕایەوە تا گەیشتە ئەو بەرزاییەی بە سەر جەماعەت دەیڕوانی، نەیزانی ئەوێ ڕەبیەی دوژمنی لێ یە و باش بوو بە خێرایی گەڕایەوە، دەبابەیەك لە ڕەبیەکە تۆپی هاویشت و سەری کرد. تۆپی دووەمی نزمتر هاویشت و لە لوتکەی بەرانبەری ئەوێیدا.[1]

شەڕێکی سەخت دەبێت و هەندێ پێشمەرگە (دێوە، زەردە، صالح و عەبدە خڕە) دەکەونە ناو گەمارۆی دوژمن، (مام وسو) و چەند پێشمەرگەیەك لە ڕاستی گوندی (کانی خان) بە هانایانەوە دەچن، (کوێخا سمایلی تەلان) بە هەمان شێوە خۆی دەگەیێنێتە (مام وسو) و بەیەکەوە شەڕەکە سەرکەوتوو دەکەن. شەڕ بە سەرکەوتنی پێشمەرگە کۆتایی دێت و دوژمن دەشکێت. کوێخا ئیسماعیل و پێشمەرگەکانی دەگەڕێنەوە بۆ گوندی (قەمچوغە) و زۆر پێداگری دەکەن تا (مام وسو) ئەو شەوە لە ناو گوند بێت و ئەو قبول ناکات، لە ناو پێشمەرگەکانی دەمێنێتەوە. شەوێکی زۆر گەرم دەبێ و میشولەی یەك جار زۆر بووە، بۆیە خەو ئەستەم دەبێت. "ناوە ناوە زەردە جەمەدانی مام وسوی دەبرد لە خڕەکەی نزیك ئەوێ تەڕی دەکرد و مام وسو لەچەکی دکرد."[2]

نزیك بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە دیسان سەربازانی ڕژێم و جاشەکان هێرش دەکەن، بەڵام پێشمەرگە لێیان دێتە دەست و لە لای (دوکان) تا نزیك (زێی دووکان) پاشەکشە بە دوژمن دەکەن و لە لای دیکەش تا گوندی (جاسەنە) دوژمن هەڵ دێت. بەڵام دیارە لە شوێنی دیکە لە لایەن دوژمنەوە سەرکەوتن هەبووە و بۆتە هۆی مەترسی بۆ سەر پێشمەرگە، بۆیە (کوێخا ئیسماعیلی تەلان) لە نامەیەکدا بۆ (مام وسو) دەنوسێت،: "دوژمن لە ناوچەی سورداش بۆ (سەرمۆرد و شێخ باغ) سەرکەوتووە، بە پێی شارەزایی ئەگەر بەردەوام بین، دەکەوینە گەمارۆ."

فەرماندەی هێزی ڕزگاری بروسکە دەکات تا هێزەکەی (مام وسو) بەرەو ناوچەی بارەگای هێز واتە (سەرگەڵو و سورداش) بچێت تا ناوچەی سەرکردایەتی هێز نەکەوێتە مەترسی. "بەرو (قەمچوغە) هاتینەوە و لە دۆڵێك سەرکەوتین کە سەردەکەوت بۆ (سەر مۆرد)، ڕۆیشتین بەرەو

---

1) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

2) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

ناوچەی (سورداش) تا گەیشتینە (سەری دابانی) و بەتالیۆنی (3ی سورداش) لە (هێزی ڕزگاری) لەو ناوچەیە بوون."[1]

چەندین هێرشی سەختی دوژمن بۆ ئەو شاخە و سەرجەم ناوچەکە تێك دەشکێت، لە هێرشەکاندا فەرماندەیەکی چەکدارەکان بە ناوی (حەمەد ئەمین کەریم) ناسراو بە (مینەی مام کەریم) دەکوژرێت و زۆر ورەی دوژمن دەشکێت. بۆیە دوژمن بە ناچاری دەکشێتەوە، پێشمەرگەکان لەم بارەوە دەڵێن (کوێخا ئیسماعیلی تەلان) دەیگووت:"مادام حەمەدەمین کوژرا، ئەو جار جاش دەترسن".

لە بارەی ئەو شەڕانە (مسعود بارزانی) دەڵێت: "بە درێژایی سێ مانگی گەرمی هاوین شەڕ بەردەوام بوو. لە ژێر پاڵەپەستۆی هێزەکانی حکومەت بەشی زۆری پێشمەرگە ناچار بوون لەو ناوچانە بکشێنەوە و لە چیای سورداش و دەوروبەریدا خڕ ببنەوە."[2]

(نەجات حەسەن) دەڵێت: "پێش شەڕی دووکان جارێکی تر (مام وسو) و هێزەکەیم بینی کە خۆیان ئاماد کرد بوو، دوای گرتنی (سەرگەڵو) و بارەگای (هێزی ڕزگاری) لە پاییزی (1969) لە لایەن چەکدارانی جەلالی و هێزەکانی حکومەت، پاشەکشەی پێشمەرگە بۆ (ماوەت، باڵخ، گەورە دێ و گەڵاڵەی شینکایەتی) کە چەند ڕۆژێکی خایاند، ئەو پەندەی بەسەر چەکدارەکانی جەلال و هێزەکانی حکومەت هات لە هیچ شەڕگەیەك نەم دیوە و نەم بیستووە. بە کەمتر لە یەك هەفتە تارومار کرانەوە، ئەوەی کوژرا و ئەوەی گیرا، ئەوەی لینگەوقوچ چونەوە ناو شارە گەورەکان."[3]

لە ماوەی بەشدار بوون لە شەڕەکانی سنووری هێزی ڕزگاری دووچاری سەختی و ماندوو بوونی دەبنەوە، (بارەگای بارزانی) چەند جارێك دەست خۆشی و سوپاسی (مام وسو) و هێزەکەی دەکەن کە مایەی دڵگەرمی هەموو پێشمەرگە دەبێت. (حەمەلاو شوانی) لەم بارەوە دەڵێت: "لە گەڵ (مەلا مستەفا بارزانی) زۆر نزیك بوو و زۆر خۆشیان دەویست، لە شەڕەکانی هێزی ڕزگاری هەر بروسکەیەك لە (مەلا مستەفا) بۆ هێز دەهات بۆ ئەویش تایبەت دەهات و دەدرایە دەست خۆی، متمانەیان زۆر پێ هەبوو."[4]

---

1) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

2) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 12.

3) نەجات حەسەن، سەرچاوەی پێشوو. هەروەها دەڵێت: "بۆ کەمکردنەوەی پاڵەپەستووی هێرشی حکومەت بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە پاییزی (1969) پلانی گرتنی بەنداوی دووکان داندرا و بە کردەوەش جێبەجێ کرا، بەڵام لەبەر دەست بەکاربوونی هێزەکانی تانکی ڕژێم لەناو سەربازگەی دووکان ئەم پلانە سەرکەوتوو نەبوو."

4) حەمەلاو شوانی، سەرچاوەی پێشوو.

دواجار نزیك دوو مانگ لەو سنوورە دەبن و لە (6ی ئەیلول) بروسکە دێت بۆ گەڕانەوەیان، بۆیە بە فەرمانی (بارزانی نەمر) دەگەڕێنەوە و لە (8ی ئەیلول) دەگەنەوە ناوچەی پشدەر. عەلی عەزیز دەڵێت: "کاتی گەڕانەوەمان (عەریف ڕەسول) فەرماندەی بەتالیۆنی (3ی سورداش) و (کوێخا سمایلی تەلان و کاکە حمەی کاك ڕەزای کەڵکە سماقە) شوێنی ئێمەیان گرتەوە.[1]

## گەڕانەوە لە داستانەکانی سنووری هێزی ڕزگاری

دوای نزیکەی دوو مانگ لە شەڕ و سەختی بەردەوام، دەگەڕێنەوە بۆ پشدەر و ماوەیەکی کەم پشوو دەدەن. لە بارەگای بارزانی و لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕۆژانی (18 و 29)ی ئەیلول)[2] ژمارەیەك تفەنگ بۆ (مام وسو) و پێشمەرگەکانی دێت و دابەش دەکرێت بەسەریاندا.[3]

هێشتا (مام وسو) بە هۆی دوا برینی بریندار بوونیەوە کێشەی تەندروستی هەبووە، بۆیە لە ڕۆژی (1969/10/20) بە مەبەستی چارەسەر دەڕواتە شاری سەردەشت. لە ڕۆژی (10/25) سوپای ڕژێمی عێراق دەگەنە ناو شاری لە قەڵادزێ. بەم هۆیەوە ڕۆژی دواتر (مام وسو) چارەسەر بەجێ دەهێڵێت و لە سەردەشت دەگەڕێتەوە بۆ پشدەر، ماڵەکانیان ئەوکات هێندراون بۆ گوندی (شێنێ) و خۆی دەچێتەوە بۆ (شێخ ئاودەلان) کە بارەگای لە ئەو گوندە بووە.[4]

سوپای عێراقی و جەلالیەکان هێرشیان بۆ سەر پشدەر دەستی پێ کرد و بەرەو هەڵشۆ هاتن، بە بڕیاری (مام وسو) خێزانی پێشمەرگەکان بۆ گوندی (شێنێ) گواسترانەوە. ناوچەکانی (خەلەکان، بناری کۆسرەت، مەرگە، پشدەر) کەوتنە دەست ڕژێم و خێزانەکان لە شێنێ جیگیر کران. هێزی دەشتی هەولێر شکا بوون و لە سەفین جێگیر ببوون.[5]

(مسعود بارزانی) لەم بارەوە نوسیویەتی: "لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی 1969 دا دوژمن هێرشێکی گشتی لە چوار تەوەرەوە هێنا و توانی ناوچەی مەرگە و زارکەکانی دۆڵی شهیدان داگیر بکات."[6]

سەرجەم ئەو شەڕانە بە بەشداری چەکدارەکانی حکومەت لە باڵی (جەلال) دەبن، لە زۆر شوێن پێشمەرگە دەکشێتەوە و تا لە سەرەتای مانگی (1969/11) پێشمەرگە دەست دەکات بە

---

1) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

2) عاصمە ڕەسوڵ خێزانی مام وسو، ساڵنامەکان، ساڵنامەی 1969، دەست نووس و یادئاوەریەکان.

3) پیرۆت محەمەد سلێمان، سەرچاوەی پێشوو. لەم بارەوە دەڵێت:"گەڕاینەوە بۆ پشدەر بە (گوێزیلە و دەڤناوە)دا هاتینەوە و دواتر ڕۆیشتین بۆ (قەلاوە) تفەنگ مان بۆ هاتبوو، هەمووی بڕنەوی باش. تفەنگەکانمان وەرگرت و دواتر (مام وسو) بە سەر پێشمەرگەکاندا دابەشی کرد."

4) عاصمە ڕەسوڵ خێزانی مام وسو، سەرچاوەی پێشوو.

5) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

6) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 14.

لێدانی توند لە چەکدارەکان و سوپای ڕژێم. سەرەتای شکانی دوژمن بە داستانی پڕ قارەمانیەتی (گرتك) بە سەرکردایەتی (عومەر ئاغای دۆڵەمەڕی) دەست پێ دەکات.

ناوچەی (بەری مەرگە) بۆ شۆڕشی کورد هەمیشە قورسایی و مانای گەورەی بووە و هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول تا ئەوکات هەمیشە ناوچەی ئازاد کراو بووە. بۆیە داگیر کرانی لە لایەن ڕژێم قەبول کراو نابێت و (فاخیر حەمەد ئاغا) لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕش ڕادەسپێردرێت تا سەرکردایەتی هێرش بۆ گرتنەوەی ئەو ناوچەیە بکات. پێشمەرگە لە (1969/11/06) هێرشی بەری مەرگە دەست پێ دەکەن و هەر لە سەرەتاوە زۆر سەرکەوتووانە ئەو داستانە تۆمار دەکەن، لە ماوەی تنها یەك ڕۆژدا ناوچەکە ئازاد دەکەنەوە.

مسعود بارزانی لەم بارەوە نوسیویەتی: "سەرکردایەتی شۆڕش بەشێك لە هێزی ڕزگاری و بەشێك لە هێزی کاوەی تەرخان کرد بۆ شەڕ، چەند یەکەیەکی هێزی هەڵگوردیش بەشدارییان تێدا کرد. سەرکردایەتی ئەم شەڕە بە دەستی فاخیر مێرگەسۆری و حەسۆ میرخان و عەبدوڵلا صدیق سپێردرا، ئەو فەرماندانەش کە دەستیان بە هێرش بردنەکە کرد (عەزەدین قەرە محەمەد و مام وسوو دزەیی و عەریف دەروێش و فقێ حەمەد ئەمین) بوون."[1]

هێرشی پێشمەرگە زۆر ئازایانە و پڕ لە وورە بووە، بۆیە هەر هەمان ڕۆژ تەواوی شوێنە گرینگەکانی ناوچەی مەرگە ئازاد دەکەن و دوژمن بە تەواوی شپرزە دەبێت. چەکدارەکان هەڵدێن و یەکەکانی سوپای عێراق لەبەر یەك هەڵدەوەشێن، ژمارەیەکی زۆر کوژراو و برینداریان دەبێت. ڕۆژانی دواتر هەڵمەتی کێومالی چەکداران و سوپا بەردوام دەبێت. بەم شێوەیە تەواوی ناوچەی مەرگە و دۆڵی خەلەکان و بناری کۆسرەت لە دوژمن پاك دەبێتەوە.

مسعود بارزانی نوسیویەتی:"لە یەکەمین سەعاتی هێرش کە لە 6ی تشرینی دووەمی 1969 دا برا پێشمەرگە سەرکەوتنی رازاوەی خۆیانیان هێنایەدی." هەروەها بەردەوام دەبێت: "پاش ماوەی پەرش و بڵاوبوووەوەی سوپا و جاش بەرەو سەرسیان هەڵدێن."[2]

سەرکەوتنی گەورەی پێشمەرگە و پاك کردنەوەی ناوچەکە تنها بە سێ ڕۆژ بە ئەنجام گەیشتووە و زیانی زۆر گەورە بە دوژمن دەگات. لەم بارەوە (مسعود بارزانی) نوسیویەتی: "لە ماوەی سێ ڕۆژ شەڕدا تەواوی ناوچەکە ئازاد کرا و زیانی گەورە بەر دوژمن کەوت، لەوانەك زیاتر لە (230) کوژراو و نوقم کردنی دوو نەفەربەری وشکاوی لە نێوان سەرسیان و سەنگەسەردا." [3]

1) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 15.

2) مسعود بارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 16.

3) مسعود بارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 15.

# بەشی سێهەم

## باسی یەکەم

## دۆخی پشدەر لە مانگەکانی پێش ڕێکەوتننامەی 11ی ئازار

دوای ئەو سەرکەوتنە تا ڕادەیەك ئارامی بەدی دەکرێت و بە تایبەت کە ڕژێم مەیلی لە دانوستان بووە، بۆیە لە کۆتایی مانگی 1969/11 بە دوواوە تا ڕادەیەك چەکدارەکان بە تنها ماونەتەوە و شەڕ لەگەڵ ڕژێم نەبووە. عەلی عەزیز دەڵێت: "ئێمە لە بارەگا لە (شێخ ئاودەلان) جێگیر بووین، چەند کەسێك لە میرئاودەلیەکان هەڵگەڕا بوونەوە و لە چۆمی هەڵشۆ بەو لاوە لە دەست ئەوان بوو، پێشمەرگە بووی نەبوو بچێتە ئەو ناوچانە. بارەگای (سەید عبدوڵلا حاجی ئۆمەرانی)[1] برای (عەلی کۆ بۆڵی) لە دارەشمانە بوو و (خەسرەو کاوانی) لە (بادین باڵ) بوو. لەوکاتەدا (مولازم رەشید سندی[2]) ناردرا بۆ ئەوێ و جێگرەکەی (نەریمان سامی بەکر[3]) بوو.

---

1) عەبدوڵلا پشدەری، پاشکۆی بیرەوەریەکانم، چاپی یەکەم، 2007، لا (36،37) نوسیویەتی" سەید عەبدوڵلا بۆڵی لە ساڵی 1965 کرا بە سەرلق و ئەویش بگرە پاڵەوانێك بوو زۆر ناودار و هەرگیز و هەرگیز نەیدەزانی مردن چیە و لە هەموو شەڕەکانی بەرەی باڵەکدا بەشدار بوو. لە پاش نسکۆی ئەیلول ئەو پاڵەوانە چەکی دانەنا و لە ناوچەی باڵەکدا بە خۆی و چەند چەکدارێکی خزمی و دەوروبەری دووبارە دەستیان کردووە بە شەڕن پارتیزانی لە دژی ڕژێمی بەعس و لە شەڕێکی خوێناویدا زۆر بە داخەوە لە نزیك گوندەکەی خۆیان حاجی ئۆمەران شهید کرا."

2) (ڕەشید حاجی بەدری عەبدوڵلا سندی) لە (1931) لە زاخۆ لە دایك بووە، سەرەتایی لە (زاخۆ) و ناوەندی لە (موصل) تەواو کردووە. کولێژی سەربازی لە (1957) و خولی نۆ مانگی (ئەندازەی گۆڕەپان) لە (سەربازگەی ڕەشید) تەواو کردووە. لە شۆڕشی (شەواف) لە لایەن ڕژێمی ئەوکات دەستگیر کراوە و لە (1963/03/03) هاتووتە ناو شۆڕشی ئەیلول. لە (1963) ل ناوچەی شوان دەکرێتە سەر لقی (شەهید صدیق) و لە نەبەردیەکانی (چەمی ڕێزان) بەشدار بووە. دیارترین پلەکانی لە ئەیلول بریتی بوون لە فەرماندەی هێزەکانی (ڕزگاری 1968، قەرەداغ 1969، کاوە 1969) و لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری شۆڕش (1970-1974)، فەرماندەی میحوەری (ڕانیە – دووکان) لە (1975). لە (1975 - 1979) لە ئێران بووە و بە پلەی ئەندمی سەرکردایەتی پارتی خانەنشین کراوە و لە زاخۆ دادەنیشێت. (حیدر نجم عبد مراد، مصدر سابق، ص 83).

3) (نەریمان بەکر سامی خۆشناو) لە 1943 لە شەقڵاوە لە دایك بووە، لە (1963) کولیژی سەربازی تەواو کردووە و لە (1968) هاتووتە ناو شۆڕش و لە هێزەکانی (سەفین، ڕزگاری و کاوە) خزمەتی کردووە. لە (1973) کولێژی ئەرکانی تەواو کردووە و لە سوپای عێراق ماوەتەوە. لە (1982- 2003) بۆتە ئەسیری ئێران و ئەوکاتە پلەی (عەقید روکن) بووە. لە (2003) هاتووتە کوردستان و پلەی (لیوا روکن)ی پێدراوە و دواتر لە (2009) بۆتە ڕاوێژکاری سەربازی وەزیری پێشمەرگە. لە (2015/05/30) کۆچی دوایی کردووە. (حیدر نجم عبد مراد، مصدر سابق، ص 121)

بارەگای لقی (مام وسو) دۆشکەیەکیان هەبووە و لە بەتالیۆن چەکێکی (30 ملم) هەبووە، ئەوکات (غەزالی میرخان) فەرماندی بەتالیۆن بووە و فەرمانی دەکات تا ئەو چەکە بدرێت بە لقی (مام وسو) کە هەم پێشمەرگەی زۆر بووە و هەم لەناو شەڕەکاندا بوونە. چەند کەسێك لە میرئاودەلیەکان ئەوکات چەکیان بۆ ڕژێم هەڵ گرت بوو و ڕێگریان لە پێشمەرگە کردووە، هەروەها هانی بەشێك لە ئاغا شۆڕشگێرەکانیشیان داوە تا هاوکاریان بکەن بۆ لێدانی پێشمەرگە و ئەمەش تا ڕادەیەك دۆخی پشدەر تێك دەدات.[1]

هەموو ڕۆژ هەواڵ دەهات کە چەکدارە هەڵ گەڕاوەکان بە نیازن بۆ پاڵپشتی ڕژێم پشتمان بگرن، لە بەیانیەکی ساردی کۆتایی پاییز هێزەکانی ڕژێم بۆ پاڵپشتی چەکدارەکان هاتن، تەمومژی زۆر بوو و مەودای دیتن زۆر کەم بوو. چەکدارەکان تەقەیان لە ڕەبیەکی ئێمە کرد، بۆیە عەدەدی دۆشکەکەمان (مستەفا سەعید ناسراو بە مچە کۆر) بە توندی لێی دان. (مام وسو) کە بینی شەڕ دەستی پێ کرد بە ناچاری فەرمانی هێرشی دەرکرد، بۆیە لە بەری (هۆرێوە بەرەو دێگە) هێرشمان کرد. جەماعەتی (سەید عەبدوڵا) بەرەو (کانیلان) هێرشیان کرد، هەر ئەو ڕۆژە توانیمان (دێگە) بگرین. پاش ئەوەی دێگەمان گرت (مام وسو) گوتی: "نابێت لە هێرش بوەستن، چونکە دوژمن خۆی ڕێك دەخاتەوە". بۆیە بەو سەرمایە بەردەوام بووین لە شەڕ و گوندی (گردە سپیان)مان گرت، بە داخەوە هێزی هەڵگورد کە لە نزیکمان بوون هێرشیان نەکرد بۆ (گرد میتەر) و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی تاقمە چەکدارەکان بە ئاسانی لەو گوندە دەرباز ببن.[2]

کەرەستەی پەیوەندی تنها لاسلکی بووە، ئەویش تنها لە بارەگای بەتالیۆنەکان هەبووە، بۆیە پەیوەندی کردن بە هێزی هێرشبەر ئاسان نەبووە و زۆری خایاندووە، تەنانەت زۆرجار ناهەماهەنگی لە نێوان هێزە هێرش بەرەکانی پێشمەرگە دروست کردووە. ڕۆژی دواتر دیسان

1) فەقێ بابکر بۆسکێنی، گەشتێك بەناو میژوودا، چاپی یەکەم، سلێمان ی، 2014، لا 148. نوسیویوتی: "هەر لە مانگی (1969/11) لە نورەدین (ئاغا)کان ناردیانم بۆ لای (مەحمودی هەباس ئاغای چۆمخرکە) کە ئەوکاتە ماڵی لە (کاشوون) بوو، بۆ ئەوەی کە لە دژی پارتی شەڕ بکات. ئەڵام (مەحمود ئاغا) داوای (ئاغا)کانی رەت کردەوە و ئامادە نەبوو شەڕ لە گەڵ پارتی بکات. لەبەر ئەوە بە خۆیی و مەڕ و ماڵاتەکەیەوە ڕۆیشت بۆ گوندی (بێخرە)."

2) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

فەقێ بابکر بۆسکێنی، سەرچاوەی پێشوو. نوسیویەتی: "ئینجا شەڕ لە نێوان (ئاغاکان و پارتی) پەیدا بوو، دوای ئەوە پارتی دەستی کرد بە گرتنی ئاغاکان. بۆ ئەم مەبەستەش بوو لە سەرەتای مانگی (1969/12) ئاغاکان هەڵهاتن بۆ قەڵادزێ. شەڕ لە نێوانیان هەر بەردەوام بوو و لەم شەڕەدا بوو کە کاك (سەلیمی جوامێر ئاغا) کە برادەرێکی زۆر خۆشەویستی من بوو بە سەختی بریندار بوو. هەر بەو هۆیەشەوە توشی شەلەل بوو و هەر لەو شەڕەشدابوو کە (2) کوڕی (مەمەند ئاغای نورەدینی) کوژران."

پێشمەرگە هێرش دەكات و گوندی (پێ ماڵك) دەگرێت، چەكدارەكان بە ناچاری دەكشێنەوە ناو شاری قەڵادزێ، بەم شێوەیە ئەو سنورە تا ڕادەیەك ئاسودەتر دەبێت و زۆربەی ناوچەی پشدەر دەكەوێتە دەست پێشمەرگە.

ئەوكات (ڕەسول مامەند) بەرپرسی ناوچەی قەڵادزێ بووە و پەیوەندی یەكجار نزیكی برایەتی لە گەڵ (مام وسو) هەبووە و ڕێزی زۆریان بۆ یەك هەبووە[1]. ڕۆژێك داوا لە (مام وسو) دەكات هاوكاری بكات بۆ چوونی بۆ كووبونەوەیەك لە گوندی (گربداغ). گربداغ لە قەڵادزێ نزیكە و بوونی چەكدارەكانی حكومەت لە ناو شار كێشە بووە، بەڵام ئەوان دەچن بۆ گربداغ و كوبونەوەكە ساز دەكەن. خەڵكی گوندەكە بە دیتنی ئەوان دووچاری سەرسورمان دەبن و دوایی بۆ شەو دەگەڕێنەوە بۆ گوندی (كەستانە).

لە كەستانە (مام وسو) لە ماڵی (سالەی حەسەنی) مایەوە، پاسەوانمان دانا و پێشمەرگە لە مزگەوتی بوون. بەیانی كاتژمێر (5) مەلای گوندی پێشمەرگەی ئاگادار كرد كە حكومەت دەورەی گوندی گرتووە، بە خێرایی هەستاین و لە گوند هاتینەدەر، دەبابە لە بەرانبەر كەستانەی زۆر سەركەوت بوو. (مام وسو) گوتی: "بەرەو ئەو گردەی بەرانبەر (شێخ ئاودەلان) بە خێرایی سەركەون". سەركەوتن سەخت بوو و دۆشكە تەقەی لێ دەكردین، لە كاتی سەركەوتندا پێشمەرگەیەكمان بریندار بوو كە خەلكی (شێنێ) بوو و بە پاژنەی پێی كەوت بوو.[2]

---

1) ئەحمەد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو. لەم بارەوە دەڵێت: "پەیوەندی لەگەڵ خوالێخۆش بوو ڕەسوڵ مامەند زۆر خۆش بوو، یەكتریان خۆش دەویست و ڕێزی یەكتریان زۆر دەگرت."

ڕەسوڵ حاجی عەزیزی قەرەتەپە، چاوپێكەوتنی تایبەت، حاجیاوا، 2020/08/05. دەڵێت: "پەیوەندی (ڕەسوڵ مامەند و مام وسو) پەیوەندی برایەتی بوو و هەمیشە لە ماوەی كۆتایی شەستەكان جەبهەیان تێكەڵ بوو، تا ڕێكەوتنی ئازار لە پشدەر هەمیشە بەیەكەوە بوون."

2) عەلی عەزیز، سلێمان ئەمین، سەرچاوەكانی پێشوو.

عەلی وەیسی عەبدوڵلا، چاوپێكەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، 2020/07/23. دەڵێت: "لە كۆتایی 1969 جەلالی و هەندێك میرئاودەلی هاتن و هێرشیان بۆ كردین، زۆر جار هێرش و شەڕیان دەكرد، جارێك لە یەك ڕۆژدا سێ هێرشیان بۆ كردین و تا پشت كەستانێ هاتن، ئێمە شهیدمان زۆر بوو، ڕۆژێك نزیك ماڵی (صوفی ئاغا) بوون و دواتر شكاندمانن و تا ناو قەڵادزێ كەوتینە دوایان، لەو شەڕە (خەسرەو كاوانی) لەبەری (گردەسپیان) هات و لە هەر چوارلا لێیاندان، جەلالی و ئاغا شكان. لە (دێرێ، شێخ ئاودەلان، ئاڵان و تەنگژە) ئەو ناوچانە هەمووی بەدەست (مام وسو) بوون و (خاڵە دێوە) مەقەری لە ئاڵان بوو و (مەلۆی ڕەحمەتی) لەگەڵ (مام وسو) بوو، كە (مام وسو) دەردەچوو لەگەڵ ئەو دەبوو.

پێشمەرگە بە هەر شێوەیەك بێت خۆیان دەگەیێننە پشت ماڵی (سۆفی ئاغای) و تا کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ شەڕ بەردەوام دەکەن. لەو ماوەیە دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی (جەلال کە خوشکەزای ساڵحی عەبدە خڕە) و (عارف پێشمەرگەی ناوچە) شەهید دەبن.[1]

ئەو کات (مام وسو) دەستەیەك پێشمەرگەی هەڵبژارد و بەرەو (دێرێ) کەوتەڕێ، بە کاك ڕەسول مامەندی گووت: "دەچمە پشت دوژمن و لە پشتەوە لێیان دەدەم، ئەو کات ئێوەش لێرەوە لێ یان بدەن." لە گەڵ (مام وسو) ڕۆیشتین، لە ڕاستی ماڵی (دێرێ) سەرکەوتین و لە دوژمنمان دا، کوشتاری باشمان لێ کردن. ئەوان سەر بەرەو خوار هەڵاتن و ئێمە سەرکەوتین. ئەو ڕۆژە (هەمزەی مەمند ئاغای نورەدینی و مەلا مەحمود) لە ناو کوژراوان بوون. بەرەو سەید ئەحمەدان ڕۆیشتین و لە ئەوێ (مام وسو) وتی: "هەموو لێرە جێگەمان نابێت و بۆیە دەستەیەك لە پێشمەرگەکان با بچن لە دێرێ بن."[2]

دوازدە پێشمەرگە دەچنە گوندی (دێرێ) و بەرەبەیانی ئەو شەوە چەکدارەکان گەمارۆیان دەدەن، چەکدارەکان بەرەو (گردە سپیان و پێ ماڵك) دێن و جەماعەتی (سەید عبدوڵلا) لە ئەوێ بوونە، پێشمەرگەکان دەنوانن بگەنە سەر (گردی عەسا) لە نێوان (قەڵادزێ - دێرێ) و دوو کەسیان شهید دەبن.

"لە دورەوە دیتمان (مام وسو) بە سواری وڵاخ زۆر بە خێرایی لە (سەید ئەحمەدان) بەرەو (دێرێ) هات، ولاخەکەی لە (دێرێ) لەناو ماڵان بەرەڵلا کرد و هەر چۆنێك بێت خۆی گەیاندە لامان. (گرد مەیتەر) لە تەنیشتمان گیرا بوو، چوار پێشمەرگە بریندار بوون: (عوسمانی کوێخا مستەفا، حەمەی فقێ ڕۆستەمی شێنێ، مام مەولود و سەلامی عەبە خڕەی). (مام وسو) گەیشتە لامان و شەڕ بەردەوام بوو تا نزیك عەسر، دۆشکەکەمان لە (گردی تەنگژەی) بوو و بە باشی پاڵپشتی کردین. دوای شەڕێکی سەخت دوژمن شکا و ئێمەش تەرمی شهیدەکانمان هێنایەوە بۆ مزگەوتی دێرێ، (مام وسو) بەرێی کردن بۆ گوندی (شێخ ئاودەلان) کە بارەگای لێ بوو، بە داخەوە دوو لە بریندارەکان بە ناوەکانی (عوسمان مستەفا و حەمە ڕۆستەم) شهید بوون."[3]

---

1) ڕەسوڵ حاجی عەزیزی قەرەتەپە، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "لە شەڕی کەستانەی ساڵی 1969 لەگەڵ جاشەکان (عارف و عوسمان ڕەشید) پێشمەرگەی (ڕەسوڵ مامەند) و بارەگای ناوچە شهید بوون، شەڕەکە بە دروست کردنی ئاڵۆزی لە لایەن جاشەکان لە گوندی (ئاڵاوە) دەستی پێکرد و بوو بە شەڕ، لقی (مام وسو) شەڕی سەرەکی کەوتەسەر و لە بەری گەرمکانەوە لقی (خەسرەو کاوانی)ش لێیاندان، لقی ناوچەش تێکەڵ بە شەڕەکە بووین کە سەرلقمان (ئەحمەدی حەمەی عەوڵا) بوو."

2) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

3) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

له هەموو لایەك لە چەكدارەكان دەدرێت و بە باشی دووچاری شكست دبن[1]، بەڵام بە داخەوە ئەو ڕۆژە لە هێزی پێشمەرگە حەوت شهید هەبووە و برینداریش زۆر بووە، پێشمەرگەیەكی (سەید عەبدوڵلا) بە ناوی (مەلا ئیبراهیم) بە ئەسیر دەگیرێت. ناوی ئەو شهیدانە زاندراوە: (جلال خوارزای سالْحی عەبدە خرە، عوسمان مستەفا كۆیی و حەمە رۆستەمی شێنێ لە لقی مام وسو، مەلا صدیق پێشمەرگەی خەسرەو كاوانی، عارف و عوسمان ڕشید خەڵكی دارەشمانە كە پێشمەرگەی لقی بارەگای ناوچەی قەڵادزێ بوون).[2]

ئەوكات گفتوگۆ لە نێوان شۆڕش و ڕژێم هەبووە، ڕژێم نەدەبوو پاڵپشتی چەكدارەكان بكات. دوای كۆتایی شەڕ (مام وسو) بۆ كوبوونەوە لەگەڵ (ڕەشید سندی، حەسۆ میرخان و مولازم نەریمان) دەچێتە گوندی (داودیە) و (ئامر فەوجی) قەڵادزێی ڕژێم لە كوبونەوە دەبن و داوای لێ دەكەن لە سەر بەشداری سەربازەكانی لەو شەڕە ڕوون كردنەوە بدات. ئەو داوا دەكات بە یەكەوە ئامر لیوا ببینن، چونكە فەوجی قەڵادزێ سەر بە لیوای چوارقورنە بووە. هەموو لایەك ئەو پێشنیارە ڕەت دەكەنەوە و هەڕەشەی لێدانی سەربازگەی قەڵادزێ دەكەن. بۆیە ئامر فەوج دەڕوات و (مەلا برایم) كە ئەسیر بوو دەهێنێتەوە و (ئامری لیوا) دێت، لە گەڵ فەرماندەكانی پێشمەرگە ڕێك دەكەون لە كاتی لێدانی چەكدارەكاندا (سوپا) بێ لایەن بێت. بەم شێوەیە چەكدارەكان بێ پشتیوان دەمێنن و پێشمەرگە بڕیار دەدات بۆ چەك كردنی ئەوان بچێتە ناو شاری قەڵادزێ.

"هێزەكەی (مام وسو) لە (گردی حوسنی) بە سێ ڕەتڵ و بە سەرپەرەشتی خۆی بەرەو ناو قەڵادزێ ڕۆیشتین، چەكدارەكان بە بێ تەقە چەكیان ڕادەست دەكرد، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە بەردەوام بووین لە چەك كردن و چەك ئەوەندە زۆر بوو مزگەوتی (دێرێ) پڕ چەك ببوو. ئێوارە مفەوەزێكی پۆلیس بە ناوی (مەحمود ئاغای بێناسە) بە سەیارەیەكی پۆلیس هات و گوتی: (بە فەرمانی قایمقام دەبێت هەموو چەكدارەكان لە شاری قەڵادزێ دەربچن). ئەو كات (بابكر ئاغا) قایمقام بوو و (خالە دێوە) بە بیستنی ئەو قسەیە فەرمانی كرد پۆلیسەكان چەك بكەن، هەموومان چەك كردن. دواتر بە ئۆتۆمبێلی پۆلیس كەوتینە گەڕان بە دوای چەكدارەكان، بە گشتی شەو و ڕۆژێكمان پێ چوو تا چەكدارەكان بە تەواوەتی چەك كران. دوای گەڕانەوە بۆ

---

1) ڕەسوڵ حاجی عەزیزی قەرەتەپە، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "دوای دوو ڕۆژ جاشەكان شكان و هێرشی پێشمەرگە بەرەو گوندی (هۆڕێوە) چوو، لە ئەوێ جاشێك بە ناوی (برایمە سور) كوژرا و وورەی جاشەكان شكا و كەوتنە هەڵاتن بۆ ناو شاری قەڵادزێ."

2) خدر عەباس پیرۆت، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "قەڵادزێ ئەوكات لە دەست ڕژێم بوو و هەموو ڕۆژ حكومەت و جاش هێرشیان بۆ لای (كەستانە) دەكرد، لە یەك لە شەڕەكان شهیدمان زۆر بوو و (جلال خوارزای سەلاحی عەبدە خرەی، حەمە ڕۆستەمی شێنەیی و عوسمان كۆیی) شهید بوون، عوسمان كۆیی گوللەی بەر چاوی كەوت بوو و تا نزیك یازدەی ئەو شەوە ژیا، بە داخەوە دوایی بە برینداری تەواو بوو. دواتر تەرمی شهیدەكان بە فەرمانی (مام وسو) بە تەنگژەدا هیندرایەوە بۆ (شێخ ئاودەلان)."

بارەگای خۆمان لە گوندی (دێرێ) بروسکەی دەست خۆشی لە (بارەگای بارزانی) بۆ (مام وسو) هات بۆ چەك كردنی چەكدارەكان."[1]

### ڕێكەوتنی 11ی ئازار و دامەزرانی فەوجی (پاسەوانی سنوور) حەرەس حدود

دوای چەك كردنی چەكدارەكان، دۆخی پشدەر تا ڕادەیەكی باش بەرەو هێمنی و ئاسودەیی دەڕوات، خەڵك و پێشمەرگە تا ڕادەیەك دەكەونە پشوو و بەم شێوەیە زستانێكی كەم كێشە بەڕێ دەكەن. لە (12ی ئازاری 1970) بەیاننامەی ڕێكەوتنی (11ی ئازار) لە ڕادیۆ دەخوێندرێتەوە[2]، هەموو لایەك بەم ڕێكەوتنەی شۆڕشی كورد و دەسەڵاتی ناوەند شادمان دەبن، بە سەرەتای مەزن بۆ كورد هەژماری دەكەن.

"لە كۆتایی ساڵی (1969) پلەی شەهید لە (سەرلق) بەرز دەبێتەوە بۆ (فەرماندەی بەتالیۆن) و بۆیە لە دوای بەیانی ڕێكەوتنی (11ی ئازاری 1970) پلەی (ئامر سریە) لە فەوجی (حەرەس حدودی قەلادزێ و ڕانیە) پێی دەبەخشرێت."[3]

دوای ئەوە و لە (16ی ئازار)[4] زۆربەی ماڵی پێشمەرگەكانی لقی (مام وسو) دەگەڕێنەوە بۆ گوندی (شێخ ئاودەلان) و پێشمەرگەكانی (مام وسو) ئەو كات لە گوندەكانی (دێرێ، شێخ ئاودەلان و كەستانە) بارەگایان هەبووە. ڕێكەوتنی ئازار چەند ڕۆژێك پێش هاتنی چەژنی نەورۆز بووە، بۆیە نەورۆزی ئەو ساڵەی (پێشمەرگە و قەڵادزێ) زۆر جیا و پڕ خرۆشتر بووە لە ئاهەنگی ساڵانی پێشتر. ئاهەنگەكە لە گوندی (داودیە) دەكرێت و ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەكات.[5]

---

1) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.
عاصمە خان خێزانی مام وسو، ساڵنامەی 1969، نوسیویەتی: "شەڕەكە لە 12/28 دەست پێكرد و سێ ڕۆژی خایاندووە، لە 12/30/ جاشەكان شكاون." لە ڕۆژانی سەرەتای ساڵی (1970) پێشمەرگە دەچنە ناو قەڵادزێ و جاشەكان بە تەواوی چەك دەكرێن.

2) عاصمە ڕەسوڵ، ساڵنامەكان، ساڵنامەی 1970.

3) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

4) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

5) عاصمە ڕەسوڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "دوای چەند ڕۆژێك ئاهەنگێكی گەورە كرا لە (داودییە و شێخ فەرخ) و سێ ڕۆژی خایاند، هەموو پێشمەرگە و سەركردایەتی پارتی لەوێ بوون."
پیرۆت محەمەد سلێمان، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "لە دوای (11)ی ئازار بە بۆنەی نەورۆز و ڕێكەوتنی ئازار، ئاهەنگی نەورۆز لە گوندی شێخ فەرخ كرا و شایی و گۆرانی جۆراوجۆر هەبوو، نومایشی دوازدە سوارەی مەریوان بە ئەسپ كرا و دواتر ئێمەی پێشمەرگە خۆنیشاندانی سەربازیمان كرد، هەموو جەماوەری سنووری گوندەكان و ناو شاری قەڵادزێ دەهاتن و لە دوای نانی نیوەڕۆ كەس لەماڵ نەدەما."

ئیتر تا دەهات ژیان زیاتر ئاسایی دەبۆوە و مەترسی شەڕ و ئالۆزی دوورتر دەبوو، بۆیە لە (21 نیسانی 1970) بارەگای پێشمەرگەکانی لقی (مام وسو) دێتەوە بۆ گوندی (گردبداغ)[1] لە پەنا شاری قەڵادزێ، لە ڕۆژی دواتر واتە لە (22ی نیسان) ماڵی (مام وسو) و بەشێك لە پێشمەرگەکانی دێتەوە بۆ ئەو گوندە.

پارتی دەست دەکات بە کارەکانی ڕێکخستنەوەی لەشکر و دانانی ئەو دامەزراوانە دەکات کە بە پێی ڕێکەوتنی ئازار دەبووایە بکرێت. یەك لەو دامەزراوانە بەتالیۆنەکانی پاسەوانی سنوور (حەرەس حدود) دەبێت، بۆیە دەست دەکەن بە ناونوسینی پێشمەرگە بە پێی ئەو مەرجانەی داندراون و هەر لە یەکەم مانگەکانی دوای ڕێکەوتنی یازدەی ئازار واتە لە مانگەکانی (5 - 1970/6) ئەو کارە دەست پێ دەکات.

فەوجی (12ی) پاسەوانی سنوور پێکهاتەکەی لە پێشمەرگە و فەرماندەکانی سنوری (هێزی کاوە) دەبێت. یەك لە مەرجەکانی بوونی پێشمەرگە بە پاسەوانی سنوور ساڵانی پێشمەرگایەتی بووە و تنها ئەوانەی لە سەرەتاکانی ئەیلول بوونەتە پێشمەرگە، ناویان دەنوسرا و پێشمەرگەکانی دیکە لە خزمەت دەبەخشران (تصریح)، ئەوان موچەی دە دیناری مانگانەیان پێ دەدرا.[2]

ئەو پێشمەرگانەی نەدەبوونە پاسەوانی سنوور دەبوایە کەسێك بکەن بە بریکار (کەفیل) لە بری ئەو چەکەی شۆڕش کە لە لایان بووە.[3] پێشمەرگەیەکی زۆر دەمایەوە و بۆیە ئەو پێشمەرگانە هەر لە لایەن فەرماندەی پێشوویان سەرپەرەشتی دەکران و بەم شێوەیە شۆڕش دەستبەرداری پێشمەرگەکانی نەدەبوو.[4]

لە یەکەم ساڵ یادی ڕێکەوتنی ئازار لە قەڵادزێ ئاهەنگ دەکرێت، هەروەها ئاهەنگ لە ڕۆژی نەورۆز دەکرێت. ماوەیەك دەخایەنێت تا پێکهێنانی بەتالیۆنی (12ی) پاسەوانی سنوور تەواو دەبێت و لە ساڵی (1971) بڕیاری ئەو فەوجە دەگات کە بەم شێوەیە بووە:

---

1) ئێستا گوندی (گردبداغ) بەشێکە لە شاری قەڵادزێ. (نوسەر)

عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "لە کۆتایی مانگی (4) دووبارە گواستمانەوە بۆ (گربداخ)، لە ئەوێ بۆ ماوەی دوو ساڵ لە خانووی جاشەکاندا بووین."

2) ڕەسوڵ حاجی عەزیزی قەرەتەپە، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "دوای ڕێکەوتنی ئازار ئەو پێشمەرگانەی لە کۆتایی شەستەکان ببوونە پێشمەرگە، بۆ (حەرەس حدود) وەرنەدەگیران و بە موچەی مانگانە دە دینار لە ماڵ داندران."

پیرۆت محەمەد سلێمان، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "لە (1970) ناونوس بۆ فەوجی حەرەس حدود دەستی پێکرد، (حەسۆ میرخان) ئامر فەوجی 12 و (مام وسو) ئامر سریەی (1) بوو."

3) خدر عەباس پیرۆت، سەرچاوەی پێشوو.

4) پیرۆت محەمەد سلێمان، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "تاقمێك پێشمەرگە نەخرانە ناو فەوجی حەرەس حدود و هەر بە پێشمەرگە مانەوە و (مام وسو) خۆی سەرپەرەشتی دەکردن."

- ✓ حەسۆ میرخان ژاژۆکی - فەرماندەی (بەتالیۆن)فەوج.
- ✓ عەریف دەروێش - ج. فەرماندەی فەوج.
- ✓ عەزەدین قەرە محەمەد - یاریدەدەری فەوج.
- ✓ مام وسو دزەیی - فەرماندەی (لق) سریەی (1).
- ✓ خەسرەو کاوانی -فەرماندەی سریەی (2).
- ✓ تاهیر تۆفیق - فەرماندەی سریەی (3).
- ✓ شێخ محەمەد سەلمان-فەرماندەی سریەی (4).
- ✓ سیدۆ یوسف چەلکی - فەرماندەی سریەی (5)ی بارەگای فەوج.[1]

هەر لقێك (سریە) بە سەر چەند پەلێك (فەصیل) دابەش دەبوو، (مام وسو دزەیی) دەبێتە فەرماندەی سریەی (1) کە پێکهاتەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بووە[2]:

- ✓ سمکۆ مجید ئەوبەری ناسراو بە (سمکۆ پیرە).
- ✓ مەولود خدر ناسراو بە (مەلۆ).
- ✓ ئەحمەد مستەفا باوزی.
- ✓ مەلا عومەر بارزانی.

هەروەها هەندێ لە پێشمەرگەکان پلە وەردەگرن و ئەوانی دیکە وەك پێشمەرگە دەچنە ناو یەکەی تازە، لەوانە دەکرێت ناوی ئەو بەرێزانە بێت کە لە لقی (مام وسو) بوونە:[3]

- ✓ عوسمان مستەفا کۆیی (خالە دێوە) رەئیس عورەفا سریە.
- ✓ عەباس عەبدوڵلا ناسراو بە (عەباسۆك) عەریف.
- ✓ مستەفا سەعید ناسراو بە (مستەفا کۆر) نائیب عەریف.

مەشقی سەربازی بە پێشمەرگەکانی ناو ئەو بەتالیۆنە دەکرێت و لە ڕووی سەربازی هەوڵ دەدرێت توانایان بەرز بکرێتەوە. ڕێکەوتنی (11ی ئازار) تا ڕادەیەك بوو بە هۆکاری پشوودانی پێشمەرگە و ماوەی بە شۆڕشدا تا بتوانێت ڕیزەکانی پێشمەرگە ڕێك بخاتەوە. هەروەها بۆ

---

1) حەسەن ئیسماعیل ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "لە 1971/05/11 بڕیاری (فەوجی حەرەس حدود) دەرچوو."

خدر عەباس پیرۆت، سەرچاوەی پێشوو.

عەبدوڵلا مەلازادە، سەرچاوەی پێشوو، لا 70-71. دەڵێت: "فەوجی (12)ی حەرەس حدود لە قەڵادزێ لە (500) پێشمەرگەی هەڵبژاردەی هێزەکانی (کاوە، سەفین و رزگاری) پێکهێنرا."

2) حەسەن ئیسماعیل ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

3) خدر عەباس پیرۆت، سەرچاوەی پێشوو.

دانیشتوانی کوردستان بە گشتی، لە دوای نۆ ساڵ لە شەڕ و سەختی و ناخۆشی و ماڵ وێرانی، بوو بە ماوەیەك بۆ پشوودان و باش کردنی خۆشگوزەرانی، بەم شێوەیە تا ڕادەیەك ئارامی و ئاسودەیی دەکەوێتە وڵات.

### پیلانی 29ی ئەیلولی 1971 لە دژی بارزانی نەمر

بە داخەوە دوای ماوەیەك و بە تێپەڕینی کات دەرکەوت حکومەتی بەعس کە تازە هات بۆوە سەر دەسەڵات، هیچ کات مەبەستی دان پێدانان بە مافەکانی گەلی کورد نەبوو و لە ڕاستیدا مەبەستی دەستەبەری کات بووە بۆ خۆبەهێز کردن. هەروەها ئەو ڕێکەوتنەی لە گەڵ کورد مەبەست بووە کە خۆی دەیویست، بۆیە دەست بە پلان لەدژی بارزانی و شۆڕش دەکات.

خۆتەقاندنەوەی جاسوس و پیلان گێران لە بەردەم مستەفا بارزانی یەك لە پیلانە گلاوەکانی بەعس بووە و خۆشبەختانە سەرۆکی کورد بێ زیان دەبێت، بەڵام جەماوەری کوردستان بە گشتی خەمبار دەکات. بۆیە هەمووان هەوڵی زانینی زانیاری لە بارەی هەواڵەکە و دیتنی بارزانی دەدەن، مام وسو یەك لەوانە بووە کە لە پشدەرەوە سەردانی بارزانی دەکات.[1]

"کاتی تەقینەوەی خۆکوژی بۆ سەر بارزانی ئەنجامدرا، شەو بە بروسکە ئاگاداری هێز کرا بوو و بەیانی زوو (مام وسو، حەسۆ میرخان و سەعید ئەحمەد یاقوبی کە قایمقام بوو) بە پەلە ڕۆیشتن بۆ حاجی ئۆمەران، کاتی گەیشتن کاك ئیدریس بارزانی پێشوازی کردن و ووتی: (تەندروستی بارزانی زۆر باشە، بەڵام ئێستا ڕۆژنامەنووسی بیانی لە لای ئەون). خەلکەکە پێیان خۆش بوو بارزانی ببینن، بۆیە دوای ماوەیەك (حەسۆ میرخان) چوو لای بارزانی و دوای چەند دەقەیەك هاتەدەر و (مام وسو) ڕۆیشت بۆ لای. پاش ماوەیەك پاسەوان بڵاو بوون و (عیسا سوار) هات، کەمێك دواتر (بارزانی) هات و (مام وسو) لە پشتی وەستا بوو، (بارزانی) بە خێر هاتنی خەلکەکەی کرد و تەوقەی لە گەڵدا کردن."[2]

دوای ئەوە (مام وسو) بە ناوی هەموو ئامادە بووان سوپاسی بارزانی دەکات و وێڕای دەربڕینی خۆشحالی بە تەندروست بوونی، داوا دەکات (بارزانی) بۆیان باس لە چۆنیەتی کردەوە خۆکوژیەکە بکات، بارزانی دەفەرموێت: "من میوانم هەیە و بێگانەن، بۆیە (د. مەحمود) بۆتان باس دەکات." دواتر ئیشارەی بۆ (مام وسو) دەکات و دەڵێت: "دوای تەواو بونتان مەڕۆ من ئیشم

---

1) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو. لەم بارەوە دەڵێت: "لەو ساڵەی کە (سەدام حوسین) مەلایەکان نارد بۆ لای (بارزانی) بە مەبەستی تیرۆر کردنی و خۆیان تەقاندەوە، لەوکاتەدا مام وسو چوو بوو بۆ بارەگای بارزانی و ماوەیەکی زۆری پێچوو تا گەڕایەوە."

2) عەلی عەزیز، چاوپێکەوتنی تایبەت دەنگی، هەولێر 30/1/ 1999.

پێته." بۆیه دوای ئەوە (حەسۆ میرخان) و هاورێکانی دیکه دەڕۆنەوە و (مام وسو) دەمێنێتەوە، بۆ شەو بە دیداری جەنابی بارزانی دەگاتەوە و ڕۆژی دواتر ئەوانیش دەگەڕێنەوە.[1]

**خەلکی قەڵادزێ و پێگەی (مام وسو) لەناویاندا**

دوای 11ی ئازار دەستکرا بە هەوڵی باش بۆ نەهێشتنی کێشەکانی کشتوکاڵی جوتیاران و تا ڕادەیەکی زۆر کێشەکان چارەسەر کران، لە شاری هەولێر خانوو بۆ شەهیدانی شۆڕش دروست کرا. بەشێك لە پێشمەرگە پارچە (زەوی نیشتەجێ)یان بۆ تەرخان دەکرێت و ئەوانیش خانوو لە سەر زەویەکانیان دروست دەکەن. ماڵی (مام وسو) و چەندین خانەوادەی پێشمەرگە لە (گردبداغ) بۆ ماوەی نزیك دوو ساڵ دەمێننەوە و دواتر دێنە ناو خانووی خۆیان لە شاری قەڵادزێ.[2]

دانیشتوانی پشدەر لە هەڵسوکەوتی (مام وسو) زۆر ڕازی بوونە و هەمیشە ڕێزی تایبەتیان بۆ هەبووە. ئەم بابەتەش بە هۆی هەوڵەکانی ناوبراو بووە بۆ چارەسەری کێشەکان و خزمەت بە خەڵك. ڕاستگۆیی و پاڵپشتی ئەو لە هەژاران و ئازایەتی وەك پێشمەرگەیەك، بێ لایەنی و نەرمی هەڵوێستی وەك هاوڵاتیەك بۆ چارەسەری کێشەکان لایەنی دیکەی جوانی ئەو بوون. (د. ئەحمەد شەریف) دەڵێت: "لە قەڵادزێ مام وسو مشهورە بە (مام وسو دزەیی) و من لە زۆر کەسی قەڵادزێم بیستووە کە دەڵێن: ( پیاوێکی دەست پاك، پیاوێکی قارەمان، پیاوێکی ئازا و ڕاستگۆ بووە) یەعنی ئەوە هەموو دەوری مام وسو بووە لە ناوچەی قەڵادزێ کە دەوری تاریخی دەگێڕنەوە."[3]

(پیرۆت سلێمان) دەڵێت: "مام وسو لەگەڵ جوتیاران و خەلك بە گشتی زۆر باش بوو، هیچکات نەیدەهێشت کەس ستەم لە جوتیاران بکات و هەمیشە لیژنەی هەبوو بۆ چارەسەری کێشەکان. خەلکیش یەك جار زۆر خۆشیان دەویست و بۆ هەموو جۆرە کێشەیەك دەهاتنە لای (مام وسو)."[4]

---

1) عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.

2) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "بارزانی لە قەڵادزێ زەوی پێداین و کردمان بە خانوو."

3) د. ئەحمەد شەریف، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

4) پیرۆت محەمەد سلێمان، سەرچاوەی پێشوو.

ڕەسوڵ حاجی عەزیزی، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "خەلك مام وسویان خۆش دەویست و ڕێزی زۆری لێ دەگیرا، کێشەی جوتیارانی بە هەند وەردەگرت و من خۆم لەوێ بووم کە کێشەکانی زەویوزاری گوندەکانی (خەرەك ریسە و مەلا شەلی) بە عەدالەت و زۆر بە باشی چارەسەر کرد."

نادر حەمە قادر، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "حەزی لە ئاژاوە و ئەزیەت دانی خەلك نەبوو، بۆیە خەڵکی پشدەر بە گشتی خۆشیان دەویست و زۆر زۆر ڕێزیان دەگرت. مام وسوش زۆر ڕێزی خەڵکی دەگرت و بارەگاکەشی دایمەن کراوە بوو بە رووی خەڵکدا، ئەوە نەبوو کە خەڵك نەبینێت و لە هەموو ڕوویەکەوە خەڵکی دەدیت، لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵ و .. هتد. کێشەکانی چارەسەر دەکردن و تەنانەت وەك دادگای لێهاتبوو و چارەسەری کێشەکانی خەڵکی دەکرد."

(ئەحمەد ڕەشید) دەڵێت: "مام وسو ئامر بەتالیۆن بوو و بەڵام ئامر بەتالیۆنێکی زۆر دیار بوو، بە ڕاستی جێگەی فەخر و شانازی بوو، ئەو پلەی پێی دەوترا فەرماندەی بەتالیۆن بە ڕاستی پاڕاست بووی و هەیبەتی پێ دابوو. ئەوانەی لە گەڵ ئەویش بوون زۆر پابەندی (مام وسو) بوون و ئێمەش کە لە ئەوێ بووین، ئەوانەی هێز زۆر مەرحەبایان نەدەکردین و ئەو هەمیشە دەبوو بە خاڵی بەیەك گەیاندنمان لە گەڵ هێز و کێشەکانی چارەسەر دەکردین، دەردی دڵمان لە گەڵ دەکرد و وەك ناوچە زۆر پشتیوانمان بوو."[1]

ماموەستا (فواد حەمەلاو ئەحمەد) دەڵێت: "خەڵکی قەڵادزێ زۆر زۆر خۆشیان دەویست، ڕێزی زۆریان لە (مام وسو) دەگرت. چونکە ئەو خۆی بە لێپرسراو نەدەزانی و خۆی بە هاووڵاتیەکی پشدەر هەژمار دەکرد وخەڵکەکەش ڕێزی تایبەتیان لێ دەگرت و بە برا گەورەیان دەزانی."[2]

(عەلی وەیسی) دەڵێت: "خەلك بە ڕاستی مام وسویان خۆش دەویست، ئەو پاڵپشت و پشتیوانی جوتیاران بوو، لە گەڵ ئاغا جوان دەجوڵایەوە و ڕووخۆش بوو، بەڵام بە ڕاستی لە پشت جوتیار بوو و بۆیە خەلك خۆشی دەویست. بەرپرسەکانیش لە (سەر پەل و سەر لق) و ئەوانە بە گشتی لە قسەی دابوون و بە قسەیان دەکرد."[3]

لە (1972/03/29)ماڵی (مام وسو) دێتە ناو قەڵادزێ و لە خانووی خۆیان نیشتەجێ دەبن، ئەوە بۆ ئەوان گرینگ بووە چونکە لە (1960) تا ئەوکات هەر لە شەڕ و ئاوارەیی بووە. دوای ماوەیەکی کەم و لە (10ی نیسان) هەندێ تەقەمەنی لە دەستی (ئەرسەلان) کوڕی مام وسودا دەتەقێتەوە و سێ لە پەنجەکانی دەستی ڕاستی لە دەست دەدات.[4]

لە (7ی ئەیلولی 1972) (مام وسو) بە سەردان و بۆ گفتوگۆ لە سەر هەندێ بابەت دەچێتە سەردانی (مستەفا بارزانی) و پاش چەند ڕۆژێك دێتەوە بۆ پشدەر. جارێکی دیکە لە (1974/01/24) بە هاورێیەتی خواڵێ خوشبوو (غەزالی میرخان) دەچێتە گەڵاڵە بۆ لای (مستەفا بارزانی) و دوای هەفتەیەك دێتەوە.

---

1) ئەحمەد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "هەمێشە یەك لەو کەسانەی لە ناو ریزی پێشمەرگە دڵمان پێی خۆش بوو خوالێی خۆشبێ (مام وسو) بوو، (حەسۆ میرخان) فەرماندەی هێز بوو، لەو دانیشتنانەی ئێمە لێیان ئامادە نەبووباین (مام وسو) بەرگری لە ئێمە دەکرد. (مام وسو) خۆی هەمووکات دەهاتە لامان و ئێمە لە ئەو بچوکتر بووین و بە مامی گەورەی خۆمان دانابوو، ئەو دەیووت من ئەندامی حزبم و لە ژێر فەرمانی حزبدام و هەر کارێك حزب هەی بێت ئامادەم ئەنجامی بدەم، یەك لەوانەی دەردی دڵمان دەبردە لای و دڵمان پێی خۆش بوو (مام وسو) بوو.

2) فواد حەمەلاو ئەحمەد (ماموەستا فواد)، چاوپێکەوتن، هاوینەهەواری سەلاحەدین، (2022/01/11).

3) عەلی وەیسی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو.

4) عاصمە ڕەسوڵ، یادئاوەریەکان ناو ساڵنامەکان، ساڵنامەی (1972).

## بەتالیۆنی 4ی مەرگە

دەسەڵاتی بەعس هەر لە سەرەتای (1971) دەست بە پێشێل کاری دەکات بەرانبەر بە ڕێکەوتنی 11ی ئازار و بە تایبەت وەك پێشتر باس کرا زۆر هەوڵی خەراپ بۆ کوشتنی سەرۆکی کورد (مستەفا بارزانی) ئەنجام دەدات، بەڵام هەوڵەکان سەرکەوتوو نابن.[1]

بۆیە سەرکردایەتی شۆڕش دووبارە بەتالیۆن و هێزەکان ڕێك دەخاتەوە، بەتالیۆنی (4)ی مەرگە تا ئەوکات سەر بە (هێزی ڕزگاری) بو و لە کۆتایی ساڵی (1973) دەخرێتە سەر هێزی کاوە و (مام وسو دزەیی) دەبێتە فەرماندە، هاوکات فەرماندەی سریە (لقی 1 پاسەوانی سنوور) لە فەوجی (12) دەمێنێت.[2]

بەتالیۆنی (4)ی مەرگە لە ناوچەی (بەری مەرگە) بووە و ئەو ناوچەیە هەمیشە بۆ کورد و شۆڕشەکانی گرینگ بووە، دانیشتوانی بە ئەمەگ و کوردپەروەری هەیە. بە هۆی پێشینەی لقی (1ی ئاسۆس)، (مام وسو) پێشینەی باشی لە گەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیە هەبووە و ئەو ناوچەیەی زۆر خۆش دەویست.

بەتالیۆنی (4ی مەرگە) سەر بە (هێزی کاوە) لە سنوری شارەدێی (بنگرد) تا (بناری قەرەسرد) ئەرکی هەبووە و (مام وسو دزەیی) فەرماندەی بەتالیۆن و (فقێ محەمەد ئەمین مەلا سەفی) جێگری فەرماندەی بەتالیۆن بووە و سەرلقەکان بریتی بوونە لە:

- ✓ حاجی فقێ سمایلی یاخیان - سەر لق.
- ✓ عوسمان مستەفا (خاڵە دێوە) - سەر لق.
- ✓ عبدولرەحمان حاجی رەزا - سەر لق.
- ✓ مولود خدر (مەلۆ) - سەر لق.
- ✓ شەوکەت نێروەیی - سەر لق.

---

1) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا (67 - 86).

2) عەلی وەیسی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "لە ساڵی 1972 بڕیاری فەرماندەیی بەتالیۆن بۆ (مام وسو) هات و بەڵام تەشکیلات تا 1973 خایاندی، (فقێ مەلا سەفی) جێگر بوو."

پیرۆت محەمەد سلێمان، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕ لە (1974) بەتالیۆنی (4)ی مەرگە دامەزرا و مام وسو بوو بە فەرماندەی، (فقێ مەلا سەفی) جێگری بوو."

ڕەسوڵ حاجی عەزیزی قەرەتەپە، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "لە 1973 بەتالیۆنی چواری مەرگە خرایە سەر هێزی کاوە و مام وسو کرایە فەرماندە."

ئیراهیم عەلی قادر ناسراوە بە برایمی عەلی گاور، چاوپێکەوتن، 2020/08/06، ڕانیە. دەڵێت: "لە ساڵی (1973) (مام وسو) ئامر سریە بوو لە فەوجی حەرەس حدودی قەڵادزێ و هاوکات ئامر بەتالیۆنی (4)ی مەرگە بوو، بەڵام من تنها برایەتی و دۆستایەتیم هەبوو لەگەڵی و کاتێك ئەو لە بەتالیۆنی (4) بوو، من کرام بە سەرلق لە بەتالیۆنی (1)ی شهید برایم ئەفەندی."

✓ **بایز عبدوللا (بایزی ئاڵلا) - سەر لق.** [1]

**بارەگای بەتالیۆن لە (مەرگە) بووە، زۆرینەی دانیشتوانی ئەو سنورە پێشمەرگە بوونە و هیچ گوندێك لە ئەوێ نەبووە (دەستە یا پەلێك) لە پێشمەرگەی لەو بەتالیۆنە نەبووبێت. لە گەڵ ئەوەش پێکهاتەی شۆڕشی ئەیلول، جوگرافی و سنووری نەناسیوە و لە هەولێر تا گەرمیان، لە کەرکوك تا بارزان و بادینان لەو سنورە پێشمەرگە و فەرماندە بوونە.**

**مەفرەزەی هەندەسەی مین**

**لە ساڵی (1973) لە چوارچێوەی مەشق بە پێشمەرگە، شۆڕش بیری لە ناردنی پێشمەرگە بۆ دەورە جیاوازەکانی سەربازی کردووتەوە و لەو ساڵەدا کۆمەڵێك پێشمەرگە بۆ دەورەی (هەندەسەی مین) داوا دەکرێن، هەڵبەت لە هەر بەتالیۆنێك چەند پێشمەرگە وەردەگیرێت و دەورەیان پێ دەکرێت، هەندێ لە دەورەکان لە ناوخۆی کوردستان و هەندێکیان لە دەرەوەی کوردستان بەرێوە چوونە.**

**(عەلی وەیسی) دەڵێت: " لە 1973 داوا لە مام وسوی کرا تا پێشمەرگە بنێرێت بۆ دەورەی هەندسەی مین و بۆیە ئێمە دەستەیەك پێشمەرگەی نارد. من و شهید فارۆق دیبەگەیی کە بەرپرسمان بوو، خدری جوامێر ئاغا و بارۆ بووین."[2]**

---

**1) پیرۆت محەمەد سلێمان، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "(مام وسو) بوو بە فەرماندە و (فقێ مەلا سەفی) جێگری بوو، سەرلقەکان: (حاجی فقێ سمایلی یاخیان، خاڵە دێوە، خاڵە مەلۆ، شەوکەت نێروەیی و بایزی ئاڵلا) بوون."**

**عەلی وەیسی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "فەرماندەی بەتالیۆن (مام وسو) و (فقێ مەلا سەفی) جێگر بوو، سەرلقەکان (حاجی فقێ سمایلی یاخیان، خاڵە دیوە، بایزی ئاڵای و شەوکەت نێروەیی) بوون، شەوکەت لە بەری گەرمکانی بوو."**

**ڕەسوڵ حاجی عەزیزی قەرەتەپە، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "مام وسو فەرماندەی بەتالیۆن و فقێ مەلا سەفی جێگری بوو. سەرلقەکانیش (بایز ئاڵلا بنگردی، حاجی فقێ سمایل، مستەفا ئاغای سێناجیان، کوێخا مستەفای کانی بی، خاڵە دیوە و مەلۆ) بوون."**

**خدر عەباس پیرۆت، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "سەرلقەکان (عەبدوڵلا حەمە عەلی، حاجی فقێ سمایلی یاخیان، بایز ئاللا، شەوکەت نێروەیی، دێوە و مەلۆ) بوون."**

**عەلی عەزیز، چاوپێکەوتن، قەڵادزێ، 2020/07/31. دەڵێت: "مام وسو دزەیی فەرماندە و فەقێ مەلا سەفی جێگر بوو، سەرلقەکان (عەبدوڵلای حەمە عەلی، حاجی فقێ ئیسماعیلی یاخیانی، عەریف عەلی دیبەگەیی، شەوکەت نێروەیی، مەولود خدر، عوسمان مستەفا ناسراو بە دێوە، بایز عەبدوڵلا ناسراو بە بایز ئاڵلا. هەروەها (مەلا سەلیم/ ئەفسەری ئیدارە) و (عوسمان خۆشناو) کادری پاراستن بوو."**

**2) عەلی وەیسی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو.**

بهرام حەمەد قادر (بارۆ) دەڵێت: "چەند پێشمەرگەیەکیان لێ هەڵبژاردین بۆ دەورەی تۆپی (106 ملم) و هەندەسە، ئێمە نزیکەی (45) پێشمەرگە دەبووین بە قیادەی (مولازم رەشید سندی و مولازم تاهیر عەلی قامچی رەش) ناردراین بۆ ئێران بۆ خولەکە. مەفرەزەکەمان سەر بە بەتالیۆنی (4)ی مەرگە (مام وسو دزەیی) بوو و بارەگای مەفرەزەکەمان لە (سپێرۆێ) بوو. ئەوانەی لە مەفرەزەی هەندەسەی بوون: (عەلی وەیسی هێرۆیی، پیرۆت حەمەد سلێمان گەرمکانی، ڕەسول عەزیز قەرەتەپە، ئەنوەر مامەند ئاغا فانی شاعیر مەرگەیی، عوسمان ئەنوەر کالیار کەرکوکی، ئەبو زێد هەولێری، ڕەسول ساڵح پشدەر، شهید فاروق تەیب عەبدوڵلا، شهید خدر جوامێر ئاغا مەرگەیی).[1]

**پاشگەز بوونەوەی ڕژێم و بۆردمانی قەڵادزێ**

دوای ڕێکەوتنی ئازار ئیتر ناوچەکانی شۆڕش چالاکی تیایاندا بەرفراوانتر ببوو و ژمارەی ڕەوشنبیر و خوێندەوارەکانیش لە هەموو توێژەکان تا دەهات زیاتر دەبوو. بە تایبەت شارێکی وەك قەڵادزێ کە هەمیشە مەکۆی شۆڕش بووە، ببوو بە شوێنی حەوانەوەی خەلکی زۆر لەو توێژانە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ژمارەیان زۆرتر دەبوو.[2]

لە سەرەتای ساڵی (1974) بە هۆی برینە زۆرەکانی سەر جەستەی (مام وسو) دووبارە بە سەختی نەخۆش دەکەوێت، بە ناچاری لە (14ی ئازار) بۆ نەخۆشخانەی شاری ڕەزائیە (ورمێ) لە ئێران دەنێردرێت. ماوەی نزیك یەك مانگ لە چارەسەر دەبێت و بە هۆی دەست پێکردنەوەی شەڕ لە باشووری کوردستان، پزیشکەکان ڕازی دەکات تا پێش تەواو بوونی قۆناغەکانی چارەسەری ڕێگەی بدەن بگەڕێتەوە بۆ باشوور. لە (9)ی نیسان دەگاتەوە شارۆچکەی قەڵادزێ و بۆ ڕۆژی

---

1) بهرام حەمەد قادر (بارۆ) سەرچاوەی پێشوو، لا (56-62). دەڵێت: "دوای تەواو کردنی خولەکەمان و گەڕانەوەمان، من گوازرامەوە بۆ هێزی شهید (حسۆ میرخان) بە تالیۆنی (مام وسو دزەیی)، پێش ئەوکات (مام وسو) سەر لق بوو لە (شێخ ئاودەلان)ی پشدەر بارەگاکەی لە (دێرێ) بوو."

ڕەسوڵ حاجی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت:"ئێمەش گواستراینەوە بۆ ئەو بەتالیۆنە و دوای ماوەکی کەم ناردیانین بۆ دەورەی هەندەسەی مین".

2) عومەر هەمزە ساڵح، کارەسات و بۆردمانی قەڵادزێ لە 1974/04/24، چاپی دوەم، 2017، هەولێر، لا (41). نوسیویەتی: "زۆربەی جەماوەری کوردستان بە تایبەتی خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ و ئەندازیاران و پزیشکان، بە کورتی هەموو خوێندەوارانی کوردی شارە گەورەکان وەك بەغدا و کەرکوك و سلێمان ی و موسڵ و هەولێر پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کرد، وەك نمونە زانستگەی سلێمان ی لە بەهاری (1974) دا بە (435) خوێندکارەوە لە کۆی (600) خوێندکار لەگەڵ هەموو مامۆستاکانی و کادیرە هونەری و ئیداریەکانی زانستگەی نێوبراودا یەکپارچە پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە دەکەن و سەرجەمیان دێنە قەڵادزێ."

دواتر دەگەڕێتەوە بۆ بارەگای بەتالیۆن لە (بەری مەرگە). لە ڕاستیدا ئەوکات پێشمەرگەکانی کەوتبووە ناو وردە پێکدادان و شەڕ.[1]

وردە شەڕ و پێکدادان لە هەموو سنورەکان دەستی پێ کرد بۆو و بەڵام قورسایی شەڕەکان لە بەرەی سەرکردایەتی شۆڕش واتە (سۆران - ڕەواندز) بووە. لە (24ی نیسانی 1974) ڕژێمی بەعس دەست بۆ کردەوەیەکی بێزراو دەبات کە ڕووی ڕاستینەی تەواو دەردەخات، ئەویش بۆردمانی (قەڵادزێ و زانکۆی سلێمانی) لەو شارە کورد پەروەرە بووە و ڕۆژی دواتریش واتە لە (1974/05/25) بۆردمانی شاری هەڵەبجە دەکات.

بوردمانی قەڵادزێ ژمارەیەکی زۆر شهیدی لێ کەوتەوە و بەڵام شهیدەکان تنها دانیشتوانی ئەو شارە نەبوون، چونکە ئەو شارە ببوو بە ناوچەی کۆبوونەوەی زۆرینەی ئەو خەلکانەی لە شارەکانی دیکەی کوردستان پشتیوانی شۆڕش بوون و نەیان دەتوانی لە زێدی خۆیان بمێنن. "هەموو ماڵێکی قەڵادزێ، ئێوارە و بەیانی و نیوەڕۆ چەند کەسێکی ئاوارەی میوان دەبوو، بە تایبەتیش لە بەر زۆری خەلك هەر ماڵێك شەوانە (5 - 6) کەسی بەردەکەوت و مزگەوتەکانیش پڕ دەبوون. لە گەڵ ئەوەشدا خواردنیان لە ماڵەکانیان بۆ مزگەوت دابین کردووە و هەستی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی وای لە خەلکی ئەو ناوچەیە کرد بوو."[2]

(عاصمە ڕەسول) دەڵێت: "لە ڕێکەوتی (1974/04/24) حکومەتی عێراق بە فڕۆکەی جۆری (مێگ) و بە ناپاڵم قەڵادزێی بوردمان کرد کاتژمێر دەی کۆن بوو. تەیارەکان زۆر بە نزمی بە سەر گربداغدا هاتن، لێ باندا و ئینجا هاتن لە ناو قەڵادزێ (ناو بازار، قەسابخانە، لای مزگەوتی ئەبوبەکری صدیق، قایمقامیەت و زانکۆ)یان بۆردمان کرد، چەندین خەڵکی شارەکە و قوتابی زانکۆ شهید و بریندار بوون. ڕۆژی پێش بۆردمان (ئەحمەد مریەم، خودا لێی خۆش بێت) هات لە ناو ماڵەکەمان کونە تەیارەی لێدا و بە داخەوە لە بۆردمانەکە مندالەکی تێدا چوو، بۆ خۆشی سەری لێ بۆوە و شهید بوو."[3]

عەلی وەیسی دەڵێت: "لە (23ی نیسان) من مۆڵەت بووم و بەرەو قەڵادزێ ڕۆیشتم. (مام وسو) پەڕیەوە بۆ (بەری مەرگە) و بەیانی ڕۆژی (4/24) ڕۆیشتم بۆ لای (ئامۆژنە عاصمە) و دوایە ڕۆیشتم بۆ (بەری مەرگە) لای (مام وسو). لە (ئاسۆس) سەرکەوتم و دیتم تەیارەی قەلادزێی قەسف کرد، کە گەیشتم (مام وسو) بە لاسلکی لە بوردمانەکە ئاگادار کرا بوو، بە منی گووت بگەڕێوە و بزانە ماڵەکان چییان بە سەر هاتووە."[4]

---

1) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ساڵنامەی 1974.

2) عومەر هەمزە ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، لا 41.

3) عاصمە ڕەسوڵ خێزانی مام وسو، نوسینەوەی بیرەوەریەکانی خۆی، هەولێر، 1999.

4) عەلی وەیسی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو.

دوژمن دەستی بە خوێنی قەڵادزێ سوور بوو، ژمارەی شەهید و بریندار زۆر بووە و "سەرجەم (134) هاووڵاتی شەهید کران و (152) هاووڵاتی دیکە بریندار بوون".[1] هەڵبەت زیانەکانی دیکە یەك جار زۆر بوون و بەڵام ئەمە سەرەتا بوو و زۆر شوێنی دیکەی وەك (هەڵەبجە و بنگردی)[2] لە ڕۆژانی دواتر بوردمان کرد.

(عەلی وەیسی) دەڵێت: "گەڕامەوە و لە پێشەوە لە ناو گەنمی سێ تەرمم دیت کە هی قوتابیەکان بوو، ڕۆیشتم بۆ لای ماڵی (مام وسو) و دیار بوو ئەوان پەرتەوازە ببوون و هەموو بەرەو گوندی (دێرێ) چوو بوون. دوای چەند ڕۆژێك هەموو ماڵەکان هی (مام وسو، مەلۆ، خەسرەو و خوٚم و ... هتد) هێنامانن بۆ بەری مەرگە. ئێمە چوینە (هەڵۆنە) و ماڵی (مام وسو) چوونە (کانی توو) لەوێ ئەشکەوتی (کانی کەروێشکە) هەبوو، لە ئەشکەوتەکە مانەوە و هەندەك ماڵیش دەستیان کرد بە ڕۆیشتن بۆ ئێران."[3]

(عاصمە ڕەسوڵ) دەڵێت: "ڕۆیشتین بۆ گوندی کەستانە و هەندێك ماڵمان برد، ئەوەی دیکە بەجێما و هەموویان برد. لەوێ ماڵێك بە ناوی (ساڵح حەسەن) هەبوو و کونە تەیارەی بۆ کردین. (6 - 7) ڕۆژ لە ناوی بووین. دواتر ڕۆیشتین بۆ (بنگرد) و لەوێش بۆ (مەرگە)، لە ڕێگا سەیارەکەمان شکا و بە پێ ڕۆیشتین. ئەوکات ئەو تەیارانەی بۆ بۆردمانی (حاجی ئۆمەران و قەسرێ) دەچوون، بەو شوێنەدا دەڕۆیشتن و بۆیە ژیان زۆر زەحمەت بوو، بە ڕۆژ دەچووینە ئەشکەوتی (کانی کەروێشك) و تەیارە بە بەردەوامی بۆردمانی دەکرد."[4]

## هەندێ لە شەڕەکانی پێش نسکۆ

لە پشدەر دوای ئەو بۆردمانە ئاوارە بوون دەست پێ دەکات و ماڵی پێشمەرگەکان و خەلکی دیکە، زۆربەی بەرەو گوندە سنوریەکان یا بۆ ئێران دەڕۆن. شاری ڕانیە بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافیەکەیەوە، هەر زوو دەکەوێتە دەست ڕژێم و لە ئەوێوە شەڕ لە چیاکانی (ماکۆك، کێوەڕەش و ئاسۆس) هەبوو. "ڕژێم گەیشتبۆوە شاری ڕانیە و لەوێوە هێرشی دەبرد تا بگاتە قەڵادزێ، شەڕی قورس لە شاخی (ئاسۆس و کێوەڕەش) بەرپا ببوو، (قەڵادزێ) کە بەرەی شەڕ بوو چووڵ کرا بوو، تاك و تەرا ماڵی تێدا بەدی دەکرا. مزگەوتەکانی شار کراوە بوون بۆ پێشمەرگە و خەلکی ئاوارە، بازار نەبوون و دووکانەکان داخراو بوون."[5]

---

1) عومەر هەمزە ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، لا 52.

2) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ساڵنامەی (1974). نوسیویەتی: "لە (1974/06/05) ڕژێم بە تەیارەی جۆری (سیخۆ) بۆردمانی مەرگەی کرد، لە ڕۆژی (06/06) بۆردمانی (بنگردی) کرد.

3) عەلی وەیسی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو.

4) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

5) ستار حەمە تاهیر، خۆڕاگریی دەڤەری پشدەر، هەولێر، 2010، لا (15).

ژیانی ساڵی (1974) بەراوورد بە ساڵانی پێشتر هەم بۆ پێشمەرگە و هەم بۆ خەڵکی ناوچەکانی نزیك پێشمەرگە زۆر قورستر بووە، بۆردمان و کاول کاری زیاتر بووە. بە هۆی قورستر بوونی شەڕ لە سەر شاخەکانی (ئاسۆس و کێوەڕەش) لە ناوەڕاستی (مانگی ئاب) ئیتر زۆربەی خەڵکی گوندی (مەرگە) و ئەو ماڵە پێشمەرگانەی لە ئەوێ بوونە، بەرەو گوندەکانی (ئاوەژێ، چنارنە و کانی توو) بار دەکەن.

لە دیوی دووکان ڕژێم توانی بووی تا ڕادەیەك بێتە پێش، بۆیە ترس لە سنووری (قەرە سرد) بۆ سەر (بەری مەرگە) دروست دەبێت، بڕیار دەدرێت بەشی زۆر لە بەتالیۆنی (4ی مەرگە) بەرەو سنووری (قەرەسرد) جووڵە بکات، بۆیە پێشمەرگەکانی ئەو بەتالیۆنە لە ناوەڕاستی مانگی حەوتی ساڵی (1974) دەچن بۆ شاخی (قەرەسرد و دەوروبەری) و دۆشکەیەکیش لە سەر شاخی (قەرەسرد) جێگیر دەکەن.

(عەلی وەیسی) دەڵێت: "حکومەت هات بوو بۆ گوندی (توپزاوا) و ئەو ناوە، لە ئەوێ لێ یان درا و شکان، ترسمان هەبوو لە لای (دووکان) هێرشمان بۆ بکەن. (مام وسو) هێزی نارد بۆ (قەرە سرد) و دوشکەشی لە (سەری قەرە سرد) دانا، عەدەدەکەی (مستەفا سەعید) بوو. تەیارە زۆر دەهات و (مستەفا) بە دۆشکە لە یەك لەو تەیارانەی دابوو، دواتر هەواڵمان بۆ هات کە تەیارەکە لە لای ناوچەی (سوور قاوشان) کەوتووتە خوار."[1]

دوای ئەوەی خەڵك (مەرگە) چووڵ دەکەن، لە (15ی ئاب) ماڵی (مام وسو) دەچێتە ئەشکەوتی (قوچ) لە کانی کەروێشکەی گوندی (کانی توو)، ڕۆژی (16ی ئاب) دوو تەیارەی سیخۆی ڕژێم دێن و سەری (کانی کەروێشکە) بە دوو ناپاڵم دەکەنە ئاماج و خۆشبەختانە هیچ زیانی نابێت.[2]

ئاڵۆزی و شەڕەکان تا دەهات زیاتر دەبوون، لە چیای (سەفین) و لە چیای (ماکوك) هەندێ شەڕی گەورە دەکرێن، توپ و بۆردمانی ئاسمانی لە سەر پێشمەرگە لە ناوچەکە بە تایبەتی لە لوتکەکانی (ئاسۆس و قەرە سرد) زۆر هەبووە. لە ڕانیە لە شاخی (کێوەڕەش) بەرگری سەخت و قارەمانانە دەکرێت، پێشمەرگە شهید و بریندار دەبەخشێت و سەرەتا هێزی دوژمن چەند جارێك

1) عەلی وەیسی، سەرچاوەی پێشوو.

2) ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، دەست نوسەکانی ڕۆژانەی، 1974، بەری مەرگە. نوسیویەتی: "ئەورۆ کاتژمێر (6)ی بەیانی دوو تەیارەی سیخۆ هاتن بۆ مەرگە و یەکی دوو ناپاڵمیان بەردایەوە بۆ سەری (کانی کەروێشکە)، لە خەو هەستام و چووم بۆ ناو ئەشکەوتەکە. گوتیان جەیش پەڕیوەتەوە بۆ بەری مەمەند ئاوا."

عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "ئێمە رۆیشتین بۆ کانی توو لە ئەشکەوتی (قووچ)ماینەوە و هەر چوار منداڵەکەی (عەلی توفیق) لە لای من بوون. دواتر (بابکر ئاغا) کەسێکی نارد بووە دوامان تا وەکو بچینە ناو باخچەکەی ئەو و لەوێ لەبن دار گوێزەکان بمێنین."

دەشکێت. لە داستانەکانی بەرگری لە (کێوەڕەش) مام وسو دەوری سەرەکی دەبینێت و چەندین شهید دەبەخشێت.[1]

حکومەت لە هێرشەکانی بەردەوام بووە و شەڕ لە زۆر شوێن هەبووە، قورسایی شەڕەکان دەکەوێتە مانگەکانی (5 - 8) و لەو شەڕانەدا پێشمەرگە لە زۆر ناوچەی وەك (گەلی زاخۆ و پێش خاپوور لە 5ی ئایار)، (دەشتی هەولێر و چیای سەفین لە مانگی حوزیران)، (19-20ی ئاب ڕەواندز و بێخاڵ تا دیانا)، (20ی ئاب لە کێوەرەش و ئاسۆس تا ناو شاری قەڵادزێ و ... هتد) پاشەکشە دەکات.[2]

سەرکردیەتی شۆڕش هەوڵ دەدات بە شێوەی باشتر هێزەکانی دابەش بکات و بۆیە هەندێ هێز بۆ ئەو شوێنانە دەگوازرێتەوە کە پاڵەپەستۆی زیاتری ڕژێم لە سەریان هەبووە. لەم چوارچێوەیەشدا (مام وسو) بە فەرمانی سەرکردایەتی، بەشێك لە هێزەکانی بەتالیۆنەکەی دەباتە (بەرەی شەڕی زۆزگ واتە سەرکردایەتی). دوای ئەوەی بە تەواوەتی جێگیر دەبن و لە بەر سەختی دۆخی شەڕ لە ناوچەی مەرگە، لقێك لە پێشمەرگەکانی بە فەرماندەیی (عەبدولرەحمان حاجی رەزا) لە سنووری (زۆزگ - هەندرێن) بەجێ دەهێڵێت[3] و (مام وسو) دەگەڕێتەوە بۆ مەرگە. هەروەها لقێك لە بەتالیۆنی (4) بە فەرماندەیی (خاڵە دیوە) دەگوازرێتەوە بۆ جەبهەی شاخی (ماکۆك).

شەڕی ئاسۆس بۆ چەند مانگێك درێژەی دەبێت، هێرشی دوژمن بەردەوام لە ڕێگەی تۆپ باران و بۆردمانی فڕۆکە بۆ سەر لوتکەکانی ئاسۆس دەبێت، هێرشی سەربازی کەمتر بووە و بەڵام دوا جار ئاسۆس لە ناوەڕاستی مانگی ئابی (1974) دەکەوێتە دەست ڕژێم، پێشمەرگە لە ژێر باری قورسی بۆردمان و توپ باران فەرمانی پاشەکشەی پێ دەدرێت.

(ڕەسول حاجی عەبدوڵلا نورەدینی) دەڵێت: "شەڕی ئاسۆس لە ساڵی (1974) ماوەی سێ مانگی خایاند، حکومەت بە هەموو جۆرە چەکێ پەلاماری پێشمەرگەی دەدا و بەردەوام بوردومانمان لە سەر بوو. لەم شەڕەدا پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی (4)ی مەرگەی (مام وسو دزەیی)

---

1) محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، لا (192). دەڵێت: "لە ساڵی (1974) لە شەڕە ناودارەکەی کێوەڕەش کاتێك ڕژێمی عێراق هەوڵی گرتنەوەی قەڵادزێی دا، داستانێکی گەورە لە کێوەرەش ئەنجام درا، ئەو کات (مام وسو) فەرماندەی شەڕەکە بوو."

2) سنوات المحنة في كردستان، شكيب عقراوى، تموز2007، طبعة الثانية اربيل. بڕوانە لاثەرەكانى (377-381).

3) غازی عادل گەردی، پێشمەرگەیەك لە خزمەت ڕێبازی بارزانی نەمردا ... حاجی بێرۆخی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، 2021، لا (371). نوسیویەتی: "ڕۆژی پاشتر چەند هێزێك وەك پاڵپشتی بۆ ناوچەکە هاتن، قەوەتێکی (دەشتی هەولێر) و (ئەحمەد زەخۆك و مام وسو دزەیی) بە چەند لقێککەوە لەو ناوچەیە مانەوە."

و لقی (ئەحمەدی حەمەی عەوڵا)[1] بەشدار بوون و جگە لە ئەوان، هێزی بەرگری میللی پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە بوو. پێویستە ئەوەش بڵێم کە لە هەموو ئەو سێ مانگەی شەڕەکەدا (مام وسو) هێمای ئیرادە و ورەبەخشین بە سەرجەم جەبهەکە بوو."[2]

عەلی وەیسی دەڵێت: "لەو ماوەیەدا حکەمەت زۆر هێرشی کرد و توپ بارن هەبوو، توانی دوای هەندێ شەڕ سەری (بلۆقین) بگرێت."[3]

شکیب عەقراوی دەڵێت: "لە مانگی (ئابی 1974) لیوای زرێپۆش سەر بە (فرقەی 6ی زرێپۆش) هاتە ڕانیە بە مەبەستی ڕۆیشتن بۆ (سەنگەسەر، قەڵادزێ و دۆڵی شهیدان). لە (1974/08/20) لیوای پیادە سەر بە فرقەی دووی سوپای عێراقی توانی شاخەکانی (کێوەڕەش و ئاسۆس) بە پاڵپشتی (توپ و تانك) و (جاشە کوردەکان) داگیر بکات و بەم شێوەیە سوپای عێراقی چوو بۆ ناو ناوەندی شاری قەڵادزێ سەر بە پارێزگای سلێمانی."[4]

بەم شێوەیە پشدەر دەکەوێتە دەست حکومەت، لە بەری مەرگە بارەگای بەتالیۆنی (4) لە ناو مەرگە دەمێنێت و کەمێك پێشمەرگە لە گوندەکان دادەندرێت و بەرزاییەکان پێشمەرگەی لێ دەبێت. ماوەیەك دواتر پێشمەرگە هێرش دەکاتە سەر شاخی (ئاسۆس)، لە سەرەتادا بە باشی پێشڕەوی دەکەن و یەك لە ڕەبیەکان دەگیرێتەوە، بەڵام دواتر بە داخەوە بە هۆی تەقینەوەی چمارەیەکی زۆر لە مینە چاندراوەکانی سوپای ڕژێم کە تازە لەو شاخە دانرا بوون، بە دەیان پێشمەرگە شهید و بریندار دەبن، ڕژێم بە سەختی دەست بە تۆپ بارانی پێچەوانە دەکات، بۆیە پێشمەرگە بە ناچاری پاشەکشە دەکەن.

---

1) شهید (ئەحمەد حەمەد عەوڵا) لە ساڵی (1967) بۆتە سەر لقی بارەگای ناوچەی قەڵادزێ و لە (1970) بۆتە (ڕەئیس عورەفا سریە) لە بەتالیۆنی (12) پاسەوانی سنوور (حەرەس حدود). لە (1974) دەبێتەوە سەر لق لە (هێزی کاوە) و چەند ساڵ دوای نسکۆی ئەیلول لە ناو شاری قەڵادزێ لە سەر ڕێکخستنی پارتی لە (1977/12/02) لە لایەن ڕژێم دەستگیر دەکرێت، دواجار لە دوای چەند مانگ لە ئازار و ئەشکەنجە لە (1978/04/04) لەگەڵ پۆلێك لە قارەمانان لە سێدارە دەدرێت و تەرمەکەکانیان نەدراوەتەوە بە کەسوکاریان. (نوسەر) بڕوانە ئالبوومی وێنەکان بۆ وێنەی شهید.

2) ڕەسوڵ حاجی عەبدوڵلا نورەدینی، چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس غەفور هیرانی، ڕانیە، 2020/07/11.

3) عەلی وەیسی، سەرچاوەی پێشوو.

4) شکیب عقراوی، سنوات المحنة في كردستان، ص 379. "خلال الشهر الثامن/ اغسطس 1974 تحرك لواء مدرع من الفرقة السادسة المدرعة الى بلدة رانية لغرض التقدم نحو (سنطسر) و بلدة (قلعةدزة) و منطقة (دولی شهيدان). وفی يوم 20 اغسطس 1974 استطاع لواء مشاة من الفرقة الثانية للجيش العراقی و باسناد من المدفعية و الدبابات و الفرسان الاكراد احتلال جبال (كيوةرةش) و (ئاسوس) و بذلك دخل الجيش العراقي بلدة (قلعةدزة) مركز قضاء (بشدر) بمحافظة السليمان ية."

(خدر عەباس) کە لەو نەبەردیەدا بەشدار بووە دەڵێت: "بە فەرماندەیی (مام وسو) دوایین هێرشمان بۆ سەر (ئاسۆس) ئەنجام دا، ماوەیەك بوو (ئاسۆس) کەوت بووە دەست دوژمن و ویستمان بیگرینەوە. لەو شاخە سێ ڕەبیەی گەورەی دوژمن هەبوو و سێ سەد پێشمەرگە بە سێ ڕەتڵ هێرشمان کرد، بە باشی دەچوینە پێش و ئەو ڕەبیەی بۆ ئێمە داندرا بوو (فقێ مەلا سەڤ) سەرپەرەشتی گرتنەوەی دەکرد. من عەدەد ڕەشاش بووم و بە ڕەشاش هەندێ تەقەم کرد، نەمان زانی شاخەکە بە چڕی لوغم ڕێژ کراوە و لەپڕ ژمارەیەك لوغم بە پێشمەرگەدا تەقیەوە. بە داخەوە تنها لە ڕەتڵی ئێمە (9) شهید و (25) بریندار هەبوون، ویستمان بەردەوام بین لە شەڕ و تەقە، بەڵام (فقێ مەلا سەڤ) هاواری کرد و بانگی کردین، گوتی: (کۆتایی بە هێرش هات و شکستمان هێنا)."[1]

هەروەها (عەلی وەیسی) دەڵێت: "توپ خانەی شۆڕش لە سەری ماویلیان بوو، ڕەسەدەکەی ئەفسەرێکی ئێرانی بە ناوی (ئاغای ڕەزایی) بوو، کەوتنە تۆپ بارانی بلۆڤین و پێشمەرگەش هێرشی بۆ کردن ڕەبیەی سەرەکی سەر لوتکەکە گیرایەوە و بەڵام بە هۆی تۆپ بارانی توند و تەقینەوەی کۆمەڵێك مینی چیندراو، نەمان توانی ڕەبیەکانی دیکە بگرین، بە هۆی سەختی شەڕەکە ناچار بەجێ مان هێشت و دیسان حکومەت توانی بیگرێتەوە. بریندار و شهیدمان زۆر بوو، نزیك چل شهید هەبوو و خۆشم بریندار بووم."[2]

بە درێژایی ساڵی (1974) جگە لە جەنگی پێشمەرگە و ڕژێم، بوردمانی ئاسمانی و توپبارانی هەرەمەکی بۆ سەر گوند نشینان وخەلکی سێڤیل زۆر بووە و ڕژێم بەزەیی بە گوند نشینان نەهاتوتوە، لە خوارەوە چەند نمونەیەك لەم بارەوە لە ساڵی (1974) باس دەکەین لەو نمونانەی ڕۆژ و شوێنیان دیارن:

- ✓ لە ڕۆژی (1974/06/04) فرۆکە بۆردمانی (مەرگە، قەرەتەپە و مەمەند ئاوا) دەکات.
- ✓ لە ڕۆژی دواتر (1974/06/05) فرۆکە بۆردمانی (بنگرد) دەکات.
- ✓ لە شەوی (07/17/ 1974) فرۆکە بوردمانی گوندەکانی (کانی ماران و قەرەنی ئاغا) و دەوروبەری واتە سەر ڕێگەی (چوارقوڕنە - سلێمانی) دەکات.
- ✓ لە (1974/08/04) بۆردمانی (مەرگە) دەکات، کەس بە بوردمان و شەست تیر نامرێت و بەلام کچێکی خەڵکی گوندی (بیوکە) لە ترسان دەمرێت.

---

1) خدر عەباس پیرۆت، سەرچاوەی پێشوو.

محەمەد باپیر محەمەد ئاوەژێ، چاوپێکەوتن، ئاوەژێ (بنگرد)، 2020/08/09. ناوبراویش بە هەمان شێواز باسی لە دوایین هێرش بۆ شاخی ئاسۆس کرد.

2) عەلی وەیسی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو.

- ✓ له (1974/08/16) دووباره (قەڵادزێ) بە ناپاڵم بۆردمان دەکرێت.[1]
- ✓ له (1974/08/21) بە ناپاڵم لە چیای (کانی توو) دەدرێت، هاووڵاتیەك شهید دەبێت.
- ✓ له (1974/09/01) کاتژمێر (11) تەیارە بە ناپاڵم لە گوندی (ئاوەژێ) دەدرێت و (7) هاوڵاتی شهید دەبن.
- ✓ له (1974/09/12) ڕژێم لە ڕانیەوە چەند گوللە تۆپ ئاڕاستەی مەرگە دەکات و لە دەرەوەی گوند دەدات.[2]

هۆکاری شکان و کەم بوونەوەی بەرگری پێشمەرگە زۆرتر گەڕاوەتەوە بۆ بەهێز بوونی پاڵپشتی ڕوسیا لە ڕووی جبەخانەی سەربازی بە تایبەتی (تۆپخانەی قورس، تانك و فڕۆکە) کە لە ماوەی (1970- 1974) بە عێراق فرۆشراون.

ڕاوێژکاری دیاری ئەمریکا (هێنری کسینجەر) کە ئەو کات وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بووە، لەم بارەوە دەڵێت: "تا ساڵی (1973) سوپای عێراقی لە دەستپێکی هاوین دەستی بە هێرش بۆ ناوچە شاخاویەکان دەکرد و لە سەرەتای زستان دەکشایەوە بەرەو دەشتاییەکان، بەڵام لە زستانی (1973- 1974) بۆ یەکەم جار سوپای عێراقی لەو شوێنانە خۆی جێگیر کرد کە لە هاویندا بۆیان هات بوو. ئەمە بەو واتایە دەهات کە لە هاویندا لە قووڵایی زیاتر لە خاکی کوردان دەست بە هێرش دەکات، ڕوونە عێراقیەکان هەوڵ دەدەن بە خوێن ڕشتنی زیاتر پێگەکانی کورد لە ناو ببەن. ستراتیژی تازە دڵەڕاوکەی زیاتری دەنایەوە، چونکە تۆپخانەی قورسی ڕوسیا توانای بە سوپای عێراقی بەخشی بوو تا بتوانێت پێگە بەهێزەکانی کورد گەمارۆ بدات کە تا ئەوکات توانای دەست بە سەردا گرتنیانی نەبوو."[3]

---

1) ستار حەمە تاهیر، سەرچاوەی پێشوو، لا (15-16) لەم بارەوە نوسیویەتی:"لە (1974/8/16) لە ناکاو دوو فرۆکەی سۆخۆی هاتن بە ناپالم دووبارە بۆردمانی قەڵادزێیان کردەوە، ماڵێکی خەلکی بۆسکێن بە ناوی ماڵی (خاڵە مینە) لە ترسی ڕژێم رایان کردبوو، بەداخەوە هەموویان شەهید بوون و پێنج سەر خێزان بوون."

2) ئەبوبەکر ڕەسوڵ حەمەد، دەست نوسەکانی ڕۆژانەی لە ساڵی 1974.

3) هنری کسینجەر، سنوات التجدید، ترجمة د. هشام الدجانی، العبیکان، مملکة عربیة سعودیة، 2001، ص (517، 518). "فحتی عام 1973 کان جیش العراقی یشن حملة في مناطق الجبلیة مع قدوم الصیف، ثم ینسحب الی السهول مع بدایة الشتاء. لکن في شتاء 1973-1974 و لأول مرة بقي الجیش العراقي في المواقع التی استولی عەلىها خلال هجوم الصیف وقام بتحصینها. و هذا یعنی أن حملة الصیف التالي سوف تبدأ من مناطق أکثر عمقا داخل الاراضی الکردیة و من الواضح أن العراقیین کانوا یسعون لانهاك المعاقل الکردیة الحصینة من خلال حرب الاستنزاف. و سببت هذة الاستراتیجیة مزیدا من القلق لان المدفعیة السؤفییتیة الثقیلة مکنت الجیش العراقي من محاصرة المواقع الکردیة الحصینة التی تعذر حتی الان اخترتقها."

هێلی بەرگری پێشمەرگە لە سنووری هەریر بەرەو بێتواتە دەتوانن هێرشی دوژمن ڕابگرن، لە پشدەریش لە (3ی ئەیلول) هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر سەربازگەی (توە سوران) کە بارەگای لیوا بووە و بەڵام بە هۆی شهید بوونی فەرماندە (عەزەدین قەرە محەمەد) سەرکەوتوو نابن.[1]

لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلول زانیاری دەگات کە ڕژێم بە نیازە لە ڕێگەی ئاوی دەریاچەی ڕانیە لە بەرانبەر گوندەکانی(مەمەند ئاوا و قەرەتەپە)[2] بپەڕێتەوە بۆ لێدانی پێشمەرگە[3]. (مام وسو) فەرمان بە مەفرەزەی هەندەسەی مین دەکات تا لە شوێنی پێویست مین دابنێن.

"(مام وسو) گوتی: (هەواڵمان هەیە دوژمن بەیانی دێت، لە ئاوی دەپەڕێتەوە و هێرش دەکات)، بۆیە (ئەمن، بارۆ و ڕەسوڵی حاجی عەزیزی) نارد بۆ بەردەشان و دواتر ڕۆیشتین بۆ ئەو شوێنەی پێمان وابوو هێزی ڕژێمی لێ دێت چەند مینەکمان دانایەوە، بەیانی هێرشی حکومەت هات و (8 - 9) بەرمائی[4] لە گەڵ ژومارەیەکی زۆر سەرباز هاتن و بەڵام بە ناو مینەکاندا نەهاتن. لە سەعات نۆ گەیشتنە بن ماڵان و (مام وسو) لێی دان، تا کاتژمێر 11 شەڕ بوو و دوو لەو ناقیلە بەرمائیانە شکان، خەسارەی دوژمن زۆر بوو و کوژراو و بریندارایان زۆر بوو. دوای ئەوەی شکان و گەڕانەوە،

---

1) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا (161). نوسیویەتی: "بەر لەوەش ویستی بەرەو چیای ماکۆك و شیشار لە بەرەی ماکۆکەوە پێش بکەوێت، بەڵام بە هێرشێکی بەرامبەر لە لایەن پێشمەرگەوە پاشەکشەی پێکرا، لە ناوچەی قەڵادزەش پێشمەرگە لە (3ی ئەیلولی 1974) هێرشیان بردە سەر بارەگای لیوا لە تووسوران و ئەوەندەی نەمابوو هەموو مۆڵگەکە داگیر بکەن، بەڵام بە هۆی شهید بوونی سەرکردەی قارەمانیان (عیزەدین قرە محەمەد)ەوە هێرشەکەیان تەواو نەکرد و کشانەوە."

2) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "جەیش پەریبۆوە بۆ ناوچەی (قەرەتەپە، مەمەنداوە و دێلیژە)، باوکی ارسلان و پێشمەرگەکانی بە پەلە رۆیشتن بۆ پێش گرتن لە جەیش و بەڵام خەڵکی گوندەکان هاتبوونە پێش (مام وسو) و داوایان کردبوو تا شەر لەگەڵ جەیش نەکات، بەڵام ئەو گوێی پێ نەدابوون و لە عەسکەریاندا و شکاندنیانن پەرینەوە بۆ (ڕانیە)."

3) (مام وسو) لەگەڵ هەموو شۆڕشگێڕان پەیوەندی نزیکی هەبووە لە هەر نەتەوە و ئاینێك بووبن. بۆیە زۆرجار خەڵکی شۆرشگێڕی ئەوانیش هاوکاریان کردووە لە رووی (ئازووقە و یارمەتی) یا بە گەیاندنی (هەواڵ و زانیاری). (جومعە سەکران ئیبراهیم) کە کرین و فرۆشتنی ماسی کردووە، خەڵکی شارەدێی (پردێ) و لە نەتەوەی (تورکمان) بووە، هەمیشە هەوڵی پاڵپشتی مام وسوی داوە. چەند جارێك ئابوونە و پیتاکی بۆ هێناوە، جارێکیش پێشمەرگەکانی مام وسوی بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆی بۆ چالاکی پێشمەرگایەتی گواستووتەوە، هەروەها لە بارەی پەرینەوەی هێزی ڕژێم بە بەرمائی زانیاری بۆ مام وسو ناردووە. (ئەو زانیاریە لە موقەدەمی پۆلیس ئیبراهیم جومعە کە کوری ناوبراو بووە، وەرگیراوە.)

4) جۆرێك لە ئۆتۆمبێلی شەرکەری سەربازی بووە کە لە سەر ئاو و لە وشکانی توانای ڕۆیشتنی هەبووە. (نوسەر)

لە شوێنی شەڕ و تێشکانی ئەواندا هەندێ کەرەستەی برین پێچان و خوێن و ئەو شتانە زۆر بەجێ مابوون."[1]

چەند جارێك مەفرەزەی پێشمەرگە بۆ چالاکی و گوشار بۆ سەر ڕژێم بۆ شوێنی دیکەی وەك دەشتی کۆیە دەنێردرێت، لەم بارەوە (خدر عەباس) دەڵێت: "دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ هەندێ مەفرەزەمان دەکرد بۆ لێدانی سەربازانی دوژمن و بۆسە دانان بۆیان، جارێك پانزدە پێشمەرگە بووین و چووین بۆ گوندی (خەرابەی) دەشتی کۆیە، (صەلاحی عەبدە خرە) سەرپەرەشتی مەفرەزەکە و عەدەدی تۆپی (82 ملم) بوو، لە سەربازگەی کۆیە لە سەر ڕێگەی (کۆیە - هەولێر) ماندا."[2]

لە کاتی مانەوەی ماڵی (مام وسو) لە ئەشکەوتی (قوچ) دوو لە کوڕەکانی نەخۆش دەبن، یەکیان بە ناوی (ئاری) بە هۆی بۆردمانی (قەڵادزێ) و پڕژانی (پەرجو و شوشەی) خانوەکان بە سەریدا، دووچاری نەخۆشی (گەشکە) دەبێت و لە (1974/09/12) دەمرێت. نەگەیشتنی بە نەخۆشخانە و نەبوونی پزیشك لە ناوچەی پێشمەرگەدا دوو هۆکاری سەرەکی مردنی ئەو بوونە.

گوشار بۆ سەر ناوچەکە زۆر دەبێت و خەلکێکی زۆر ماڵەکانیان دەبەن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هۆی سەرمای زۆر و نزیك بوونی وەرزی زستان، هەندێ لە خزمان و دۆستان لە ڕۆژهەڵاتەوە بە تایبەت لە شاری سەردەشت دێن و (مام وسو) ناچار دەکەن تا چیتر ماڵەکەی لە ئەشکەوت دانەنێت و ڕێگەیان بدات بچنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆیە (مام وسو) بە ناچاری ماڵەکەی دەنێرێت بۆ گوندی (بێوران) سەر بە شارۆچکەی (سەردەشت) لە سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ماڵی (مام وسو) لە ماوەی نێوان ڕۆژانی (15ی ئەیلول) تا 19ی ئۆکتۆبەری 1974)[3] واتە زیاتر لە دوو مانگ بە هەموو سەختی و نەبوونیەکانی لە (ئەشکەوتی

---

1) عەلی وەیسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

سلێمان ئەمین و عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو. : "(مام وسو) لە گوندی مەمەنداوا دەعوەت بوو، ڕژێم بە بەرمائی لە دەریاچە لە چوارقوڕنەوە بۆ بەرانبەر (مەمەنداوا) دەپەرێتەوە، پێشمەرگەکانی بەرگری میللی کە لەوێ بوون دەڕوون. کەسێك بە ناوی (کاکە سوار) خەلکی (مەمەندئاوا) بە مام وسوی گووت: (لێرە شەر ناکرێت و ئەستەمە، شەڕیش بکەن بۆ گوندەکە خەراپە). (مام وسو) گوتی: (ئێمە لێرە شەر نەکەین و لە گوندی دیکەش هەر ئاوامان پێ دەڵێن، دەبێت هەر برۆین و شەر نەکەین، بۆیە شەر دەکەم تا نەکوژرێم ناهێڵم حوکمەت بێتە ناو گوندی). بە پێنج پێشمەرگەوە کەوتە وێزەی دوژمن لە شەرێکی ئازایانە توانیمان دوو بەرمائی دوژمن بشکێنین و خەسارەی زۆریشمان پێ گەیاندن."

2) خدر عەباس پیرۆت، سەرچاوەی پێشوو.

3) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

ئەبوبەکر ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

قووچی کانی کەروێشکە) لە گوندی (کانی توو) سەر بە شارەدێی (بنگرد) لە ناوچەی (بەری مەرگە)دا ژیاون.[1]

دواجار لە (1974/10/19) ماڵەکە بەرەو گوندی (بێوران) دەڕوات، لە (10/26) دەگەنە ئەو گوندە و هەر لە سەرەتاوە هاوڵاتی (حەسەنە شەل) خەڵکی ئەو گوندە هاوکاری زۆری کردوون و وڵاخی بۆ گواستنەوەی ماڵ بۆ دابین کردوون، هەروەها خانوویەکی لە ناو ئەو گوندە بۆ دابین کردوون.[2] دوای ماوەی نزیکەی دوو مانگ (مام وسو) بە سەردان دەچێت بۆ دیتنی ماڵەکەی، ئەو کات لە ناو شاری سەردەشت خانوویەکیان لە کەسێکی ناسیاو بە ناوی (عەلی ئاغا) بۆ بە کرێ دەگرێت و خۆی دەگەڕێتەوە بۆ مەرگە.[3]

---

1) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "لەبەر ئەوەی بارودۆخ زۆر خەراپ بوو خەلکی زۆر هەوڵیان لەگەڵ (مام وسو)دەدا تا بچینە ئێران، پیاوێك بە ناوی (حەسەنە شەل) لە گوندی (بێورانی) سەردەشت هات، دۆستی (مام وسو) بوو و گوتی: (مام وسو با مالەکەتان ببەین بۆ ئێران)، بەڵام ئەو هەر دەیگووت: (با لە کوردستان بمرین باشترە لەوەی بچینە ئێران، دواتر بە هەر شێوەیەك بێت رازیان کرد ئێمە بنێرێت بۆ ئێران. پێیان گوت بوو کەس نەماوە و هەموو چونەتە ئێران). ئەو ساڵە بەفر و باران زۆر دەباری و وەرزەکەی زۆر سارد بوو.

عەلی وەیسی سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "دوای ماویەکی زۆر سەرما و پاییز هات، هەندێ لە ناسیاوەکانی (مام وسو) لە (بێوران)ەوە هاتن بۆ لای (مام وسو) و ماڵی (مام وسو، من و مەلۆیان) برد بۆ (بێوران) و دواتر ماڵەکانمان چوو بوون بۆ (سەردەشت) بۆ خانووی (عەلی ئاغا).

2) ئەبوبەکر ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

3) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

عەلی وەیسی، سەرچاوەی پێشوو.

## چالاكیەكانی مەفرەزەی مین

لە ماوەی نێوان ئاداری (1974) تا نسكۆی شۆڕشی ئەیلول چالاكی و داستانی زۆر لە لایەن پێشمەرگەكانی بەتالیۆنی (4)ی مەرگە تۆمار كراون، لە كۆتایی (ئازاری 1974) دەستەی مینی بەتالیۆن بۆ یارمەتی هێزی سەفین دەچن بۆ چیای سەفین و لە هەڵمەتی مین ڕێژ كردنی ئەو چیایە بەشدار دەبن، لە ماوەی مانەوەیان دوو پێشمەرگەی قارەمانی ئەو دەستەیە بە ناوەكانی (فاروق دیبەگەیی و خدر جوامێر ئاغا) لە شەوی (18/17ی نیسانی 1974) شهید دەبن،(فاروق دیبەگەیی) خەلكی دەشتی هەولێر و بەرپرسی مەفرەزەی هەندەسەی مینی بەتالیۆنی (4ی مەرگە) بووە،(خدر جوامێر ئاغا) خەلكی گوندی(سەرسیان) لە (بەری مەرگە) بووە.[1]

ئەفسەرێكی ڕژێم ئەوكات ناوی لە تاوان كاری هەبووە، فەرمان بە دەستەی مین دەكرێت تا جادەی بۆ مین ڕێژ بكەن تا لە ناو بچێت، لەم بارەوە (بارۆ) دەڵێت: "لە هێزەوە فەرمان هات گوتیان بەیانی تاوانكار (مولازم تاریق) دێت بۆ قەڵادزێ، من یەكسەر ناردم لە بێلولەی مینم بۆ هات، (3- 6) مینم دا بە (ڕەسول حاجی عەزیز، ئەنوەری مەمەند ئاغا و ڕەسول ساڵح)، دوو مینم دا بە (پیرۆت حەمەد سلێمان) كە لە گەڵ خۆماندا بوو، كات یازدەی شەو كەوتینە چاندنیان. بەیانی تاوانكار (مولازم تاریق) نەوەستا بوو تا جادەكە دەپشكنن، خۆی و پاسەوانەكانی بەسەر هەشت لوغمدا تێپەڕ بوون و هیچ لەغمێك لە ژێریدا نەتەقیەوە. ناقیلەكان لە دوای ئەوان دەهاتن، یەك لە دوای یەك دەتەقینەوە و بە 15 خولەك هەشت مینەكە تەقین تنها ئەو مینەی تەنیشت پردی بەستەستێن نەتەقیەوە، من و پیرۆت بە دووربین تەماشامان دەكردن ناقیلەیەك هات و هەموو مینەكان و لاشەی كوژراوەكانی لێ بار كرد و گەرایەوە."[2]

---

1) ڕەسوڵ حاجی عەزیز قەرەتەپەیی، سەرچاوەی پێشوو.

عەلی وەیسی، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: " لە 1974/03/15 ناردیانین بۆ سكتان و ئێمی هەندەسەكان رۆیشتین بۆ مامەجەلكە، لە فریز بەولا عایدی هێزی كاوە بوو. لە 10ی نیسان چوین بۆ (سەفین) و لەوێ (مام حسۆ) ئێمە واتە (من، بارۆ، خدر و فاروقی) هەڵبژارد و لە چوار بەتالیۆن (16) نەفەر بووین. نزیك كاتژمێر (6)ی ئێوارەی (17-04/18) دەستەی هجوم كە كۆمەڵێك پێشمەرگەی قارەمان بوو و ئەوەی بیرم ماوە (مەجید هەیبە، عەریف خدر، ئەحمەدی حاجی ڕەحمانی بنجوو، حەسەن قادر و ... هتد) ڕەبیەیەكیان گرت. پێنج جەنازەی تێدا بوو لەگەڵ بریندارەك، (فاروق دیبەگەیی و خدر جوامێر) بە لای دیكەدا هاتن و بریندارەكە لێی دان و ئەو دووانەی شهید كرد."

2) بهرام حەمەد قادر (بارۆ)، هەمان سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "پیرۆت تورە بوو، دەستی كرد بە جنێودان و قسەی ناشیرینی پێ گوتم، لەپڕ ناقیلەكە بە جۆرێك تەقیەوە ئێستاش لاشەی ناقیلەكەیان نەدوزیەوە، ئینجا پاشان بە منیان دەگووت تۆ ڕوحم بە مردووەكانیشیان ناكەی، واتە جەنازەكانیان جارێكیتر وەبەر تەقینەوەكە كەوتن. من لەو بوارەدا واتە لە بواری (هەندەسە و TNT) هێندە شارەزا بووم، گەیشتمە ئەو ڕادەیەی بە شەكری چاخواردنەوە دەتوانم (TNT) دروست بكەم."

جارێکی دیکە فەرمان بە مەفرەزەی مین دەکرێت تا مین لە دەربەندی ڕانیە بنێنەوە، مەبەست لەم ئەرکە تنها زیان گەیاندن بە سوپای ڕژێم نەبووە و زیاتر مەبەستی پێشمەرگە نانەوەی ترس و دڵەڕاوکێ بووە لە دڵی سوپای داگیرکاری ڕژێم. ویستوویانە نیشان بدەن کە پێشمەرگە دەستی بە هەموو شوێنەك دەگات و لە سەختی ناترسێت. ئەو ئەرکە زۆر سەخت بووە و لە لایەن (بارۆ) بە ئەنجام دەگات.[1]

دەیان چالاکی لەو شێوەیە لە لایەن دەستەی مین لەو سنوورە بەڕێوە چووە و زۆرینەی چالاکیەکان سەرکەوتوو بوونە، توانیویانە زیانی باش لە ڕووی ماددی و مەعنەوی بە ڕژێم و سوپاکەی بگەیێنن.

---

1) بهرام حەمەد قادر (بارۆ)، هەمان سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "بەیانی لوغمێك و کلاشینکۆف و دوو جەمەدانیم بەست و عەسر لە سپێرۆ دەرچووم، لەگەڵ ڕۆژئاوا بوون کە سەربازەکان جادەیان بەردا لە نێوان ژاراوە و پردی بەستەستێن پەڕیمەوە و گەیشتمە سەر ئاوەکە، مەلەوانی نازانم، ناچار بووم زۆر دوورتر بڕۆم تا لای پردی تۆوە سوران. دیتم هەندێ جاش دانیشتوون، جگەرە دەکێشن و بێ جووڵەن، بە ئەسپایی لێیان تێپەڕیم و خۆم گەیاندە ناو دەربەند و دەستم کرد بە هەڵکەندنی عەرد، عاردەکە چەگل بوو، بە تەپش و بە ئەسپایی دەکوتا تا تەپەی نەیات، لوغمەکەم دانایەوە و لەگەڕانەوە چوومە ناو ئاوەکە تا سینگم هات و زۆر بە زەحمەت تا گەیشتمە جادەی بەستەستێن. دەنگی تانك و زرێپۆش هاتە گوێم و هێشتا لە جادەی نەپەڕیبوومەوە لوغمەکە لرمەی هات، ناقیلە بە ئاسمان کەوت. ئەنجامدانی کارێکی ئاوا و لەو شوێنەی دەستی ناگاتێ، دەبێت کلاوی سەخرە جنت لەسەر بێت، بەلام خودا هێنای و ئەنجاممدا."

## باسی دووەم

### نسکۆی ئەیلول

وەك پێشتر باسكرا ماوەیەك بە تایبەت لە مانگەكانی بهار و هاوینی (1974) سوپای عێراقی لە ناوچە دەشتایی و هەندێ لە ناوچە شاخاویەكان سەركەوت. بەڵام دوای بەرگری توندی پێشمەرگە و خۆڕاگری شۆڕش لە بەرانبەر ڕژێم و لە دوای شەڕەكانی داگیر كردنی ڕەواندز، پێشمەرگە لە بەرەی سەركردایەتی (كە شەڕی سەرەكی لە ئەوێ بووە) و هەروەها لە بەرەی هەریر بەرەو بێتواتە توانیویەتی هێزی ڕژێم بشكێنێت.

دامەزراوەكانی شۆڕش توانیویانە بە باشی كار بكەن و بەم شێوەیە دامەزراوەی سەربازی بەعس تا ڕادەی زۆر پەكی كەوتووە، لە ڕاپۆرتێكی نهێنی (ریچارد هێڵمز) بەرێوەبەری ئەو كاتی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریكا ناسراو بە (CIA) ئەو بابەتە بۆ سەرۆكی ئەمریكا ڕوون كراوەتەوە و دەڵێت: "كوردەكان توانیویانە دوو بەش لە تەواوی سوپای بەعس لە ئەركەكانی دیكەیان دوور بخەنەوە.."[1]

لە كۆتایی ساڵی (1975) و سەرەتای (1976) پێشمەرگە بەرگری چڕ دەكاتەوە و سوپای ڕژێم زیانی زۆری بەردەكەوێت، چەندین فەوجی بە تەواوی لە ناو دەچن. هەروەها پێشمەرگە هەندێ موشەكی (دژی تانك) و پاڵپشتی توپخانەی ئێران بەدەست دەهێنێت، ئەمەش جوڵەی تانكەكانی بەعس قورس دەكات.[2]

1) هنری كسینجەر، سنوات التجدید، ترجمة د. هشام الدجانی، العبیكان، مملكة عربیة سعودیة، 2001، ص (516)."ففي الخامس من تشرین الاول/ اكتوبر 1972ن نقلت الي نیكسؤن تقریرا من ریتشارد هیلمز مدیر وكالة المخابرات المركزیة (الذی سیصبح فیما بعد سفیرا في ایران) یعلمنا فیة: (ان الاكراد یشغلون ثلثي الجیش البعثي عن اداء مهماتة الاخری)".

2) شكیب عقراوی، سنوات المحنة في كردستان، تموز 2007، ص 384. "بعد وصول كمیة قلیلة من الصواریخ المضادة للدبابات للثورة الكردیة في نهایة عام 1974 و بعد تركیز مدافع كتیبة المدفعیة الایرانیة الموجودة في كردستان العراق- لقصفها المواقع الجیش العراقي في (رواندوز و دیانا) فان وضع الجیش العراقي ارتبك وان حركة دبابات الجیش العراقي اصبحت محدودة بسبب توافر صواریخ مقاومة الدبابات لدی الثوار الاكراد."

شەكیب عەقراوی نوسیویەتی: "لە ساڵی (1980) بۆ یەكەم جار (سەدام حوسین) سەرۆكی ئەوسای عێراق دانی پێدا دەنێت كە سوپای عێراقی هیچ توانای بەردەوام كردنی شەڕ لە باكووری عێراقی (كوردستان) نەماوە."[1]

بە هۆی بەردەوامی شۆڕشی ئەیلول، تا دەهات گوشارەكان چ لە ڕووی سەربازی و چ لە ڕووی ئابووری بۆ سەر ڕژێمی بەعس زیادی دەكرد و بۆیە ئەو ڕژێمە پەنا دەباتە بەر پیلان و ڕێكەوتنی نێودەوڵەتی لە دژی شۆڕشی كورد، لەم چوارچێوەیەدا ڕێكەوتنی ئەلجەزائیر لە نێوان (شای ئێران و سەدام حوسین) لە پەراوێزی كوبونەوەكانی ڕێكخراوی (ئۆپێك) لە (1972/03/06) بە ئەنجام دەگات.

ئەو پیلانە ئەوەندە شووم بوو كە نە تنها شۆڕشی مەزنی ئەیلولی بۆ ماوەیەك دووچاری نسكۆ كرد و خەونی كوردانی چوار پارچەی لەو كاتدا ناشت، بەڵكو ساڵانی دواتر پاشگەز بوونەوە لە ڕێكەوتنەكەش دووبارە بوو بە هۆی جەنگی (ئێران - عێراق) كە زیاتر لە یەك ملیۆن مرۆڤی كردە قوربانی نیازە گڵاوەكانی ڕژێمی لەخۆ بایی بەعس.

خەلكی كوردستان بە گشتی كەوتە نا ئارامی و شڵەژانی گەورەی دەروونی، تەنانەت دوژمنانی كورد دواتر تێگەیشتن تاچەند ڕێكەوتنێكی خەراپ لە دژی كورد كراوە، (هێنری كسینجەر) دەڵێت: "لە ڕووی مرۆڤایەتی كاری شای ئێران هەڵسوكەوتێكی تەواو وەحشیانە بوو و ناكرێت هیچ بەرگری لێ بكرێت، بەڵام سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینەی ئاسایشی ئێران، دەتوانین لەو بڕیارە تێ بگەین تەنانەت هەر چەندە ئازار بەخش بێت."[2] ئیدارەی ئەو كاتی ئەمریكا خەتابارتر بووە لە شای ئێران لە بابەتی نسكۆی ئەیلول، ئەوان بۆ بەرژەوەندیەكانی خۆیان ڕێگەیان بەو بابەتە داوە.

لە (1975/03/06) ڕێكەوتنی ئەلجەزایر لە زمانی شای ئێران بڵاو دەكرێتەوە و سەرەتا پێشمەرگە بڕیاری بەردەوام بوونی شۆڕش دەدات، دوایین شەڕ لە (13ی ئازار) واتە حەوت ڕۆژ دوای ڕێكەوتنەكە ئەنجام دراوە، لەو شەڕەدا لیوایەكی سوپای عێراقی بەرەو دۆڵی ئاكۆیان دێت و دووچاری شكست و زیانی گەورە دەبێت.[3]

---

1) شكیب عقراوی، سنوات المحنة فی كردستان، ص 385. "وفي شهر ئەیلول/ سبتمبر 1980 اعترف صدام ولاول مرة علنا بانة اضطر الی عقد معاهدة الجزائر و التنازل عن شط العرب الی ایران في عام 1975 لأنة لم یكن بأمكان الجیش العراقي الاستمرار في القتال في شمال العراق في ذلك الوقت."

2) هنری كسینجەر، ص (523). "علی الصعید الانسانی كان تصرف الشاة وحشیا و لایمكن الدفاع عنة، لكن فیما یتعلق بالتقویم الواقعی لأمن ایران، یمكن تفهم قراره مهما كان مؤلما."

3) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، لا 173. "لەم شەڕەدا سالح ئاكۆیی شهید كرا كە یەكێك بوو لە سەركردەكانی ئەو بەرەیە."

له ڕۆژی (16ی ئازاری 1975) له حاجی ئۆمەران کۆبوونەوەیەك بە ئامادە بوونی (ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی، فەرماندەی هێزەکان، کارگێرانی لقەکان و مەکتەبی تەنفیزی شۆڕش) ئەنجام دەدرێت و تیایدا کۆمەڵێك بڕیاری گرینگ دەدرێت، وەك (خورشید شێرە) بەشدار بووی کۆبوونەوەکە دەڵێت: بڕیار دەدرێت بە هەموو تواناوە بەرگری بکرێت و نابێت بە هیچ شێوەیەك ڕادەستی پیلانی جزائێر ببن. هەروەها بڕیار دەدرێت سێ ناوچە بۆ سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگە و بەرگری دروست بکرێت کە بەم شێوەیە سەرکردایەتی بکرێن:[1]

1) بادینان: (مسعود بارزانی)، چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی، سەر لەشکری بادینان.

2) سلێمانی: (ئیدریس بارزانی)، چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی و فەرماندەکانی هێزەکانی ئەو سنوورە.

3) باڵەکایەتی و دەشتی هەولێر: (ڕەشید سندی، فارس باوە و عەوڵا ئاغای پشدەری).

(خورشید شێرە) دەڵێت: "وەکو بیستم بارزانی بە گەرمی پشتیوانی لەو بڕیارانە کرد بوو، جۆش و خرۆشێکی زۆر و حەماسێکی بێ وێنە دروست بوو. چ لە بەرەی (گەڕووی عومەرئاغا و سەرتیز) و چ لە بەرەی (شیشار و ماکۆك) شەڕێکی بێ وێنە و خوێناوی و سەرکەوتوو بوو، بە سەدان سەربازی دوژمن کوژران و بە دەیان تانك و زرێپۆش شکێندران." هەروەها دەڵێت: "هەر سێ بنکەی سەرکردایەتی بەرەو ناوچەکانی خۆیان چوو بوون وئیزگەی دەنگی کوردستانی عێراقیش بە سەرپەرەشتی (عەلی هەژار) بەرەو (ماوەت) لە (سلێمانی) ناردرا."[2]

## نسکۆ و بەتالیۆنی (4ی) مەرگە

مانگی ئازاری (1974) دەسەڵاتی بەعس بە تاك لایەنانە (ئۆتۆنۆمی) ڕاگەیاند و سەرکردایەتی کورد ڕەتی کردەوە، ئازاری (1975) یەك ساڵ بە سەر بەرگری تێپەڕی. تا هاتنەوەی (مستەفا بارزانی)[3] لە تاران، ڕادەی مەترسی ڕێکەوتنی ئەلجەزایر بۆ سەرکردایەتی شۆڕش دەرناکەوێت. بۆیە لە سەرەتادا چەند کۆبوونەوەیەك دەکرێت و بڕیار دەدرێت پێشمەرگە خۆی بۆ بەرگری پارتیزانی ئامادە بکات.

(عەلی وەیسی) دەڵێت: "لە مانگی (3) ورتەورت پەیدا بوو و دەیان گووت: شۆڕش نسکۆی بە سەر هاتووە، ئەو کات تەلەفزیۆن و شت نەبوو، هەر رادیۆ بوو و هیچی دیکە. نەمان دەزانی نسکۆ واتە چی، (عوسمان خۆشناو) لە لای ئێمە بوو و کادیری پاڕاستن بوو، لە سەر کانی پیاوان لاسلکی پێ بوو، لێی نزیك بووم و لە پشت سەری وەستام، دەی گووت ئامادەین. وەمزانی مەبەستی هجوم

---

1) خورەشید شێرە، خەبات و خوێن، سەرچاوەی پێشوو، لا (290).

2) خورەشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، لا (291).

3) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، بڕوانە لاپەرە (180-181).

و شتی وایە، بۆیە لە لای چەند پێشمەرگەیەك گوتم وابزانم انشاللا هجوم دەست پێ دەکاتەوە و ئەو شاخەی دەگرینەوە."[1]

لەم بارەوە (محەمەد عەلی ئیسماعیل) دەڵێت: "سەرکردیەتی شۆڕش بڕیاریداوە بە شێوازی شەڕی پارتیزانی بەرگری لە خاکی کوردستان دەکات، بە شێوەی دامەزراندنی (3) لەشکر لە هەموو کوردستان."[2]

لە (1975/03/23)[3] ئاگاداری بەتالیۆنی چواری مەرگە دەکرێت تا لە ئامادە باشی دابن و لە ئەگەری ئەوەی شۆڕش رێکاری پارتیزانی بگرێتەبەر، ڕۆژی دواتر برۆسکە دێت کە شۆڕش گەلەکۆمەکی لێ کراوە و چاوەڕێی بڕیاری دوایی بن.

شۆڕشی ئەیلول پشتی بە پیتاك و زەکاتی دانەوێڵەی ساڵانەی جوتیاران دەبەست و زەکاتی ساڵانە لە جوتیاران وەرگیراوە. بەتالیۆنی چواری مەرگە ئەرکی وەرگرتن و کۆگا کردنی زەکاتی ساڵانەی بەروبوومی کشتوکاڵی جوتیارانی ناوچەکەی لە ئەستۆ بووە. بۆ ئەم مەبەستە چەندین کۆگایان بۆ دانەوێڵەکان لە گوندەکانی (نۆڵچکە، هەڵۆنە، سێوکان و قەرەتەپە) هەبووە.

ڕۆژانی دواتر بۆ پێشمەرگە پڕ ناخۆشی دەبن و بڕیاری کۆتایی هاتنی شۆڕش دێت، هێزەکانی بەتالیۆنی چوار لە دەشتی (مەمەند ئاوا) تا (سەری قەرەسرد) بڵاوبوون و بۆیە (مام وسو) فەرمان بۆ یەکەکانی بەتالیۆنەکەی دەنێرێت تا لە (مەرگە) کۆببنەوە و تا بتوانن پاشەکشە بکەن. دیارە کۆگاکان شۆرش لە سنووری بەتالیۆنی چواری مەرگە پڕ لە دانەوێڵە بوون و بۆیە بڕیار دەدات تا دەست بکرێت بە دابەش کردنی دانەوێڵەکانی ناو کۆگاکان بە سەر جوتیار و دانیشتوانی گوندەکان.

لەم بارەوە (عەلی وەیسی) دەڵێت: "کۆتایی مانگی سێ بوو یا مانگی چوار، لە گوندەکانی (نۆڵچکە، هەڵۆنێ، سێوکان) عەنبارمان هەبوو کە گەنم و دانەوێڵەی تێدا بوو، عەنباری (قەرەتەپە و مەمەند ئاوا)مان بە تەواوی گواستەوە بۆ هێرۆیە. (مام وسو) گوتی: (تا دانەوێڵەکان بە سەر خەلکی دابەش نەکەم ناڕۆین). بۆیە لە ڕێگەی بەرپرسی گوندەکان دانەوێڵەکەی بە سەر خەڵکدا دابەش کرد."[4]

1) عەلی وەیسی، سەرچاوەی پێشوو.

2) محەمەد عەلی ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا 106.

3) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

4) عەلی وەیسی، سەرچاوەی پێشوو.

(محەمەد عەلی ئیسماعیل) لە کۆتایی مانگی ئازار و لە سەروبەندی نسکۆدا، لە ئەرکی حزبی دەگەڕێتەوە تا سەردانی ماڵی بکات و دەڵێت نامەیەکم لە (هێزی کاوە) لە بارەی نسکۆ بۆ بەتالیۆنی (4ی) مەرگە گەیاند.[1]

خدر عەباس ئەو کات پێشمەرگە بووە و دەڵێت: "پاش ماوەیەك وەڵامیان نارد بوو، وەرن بۆ مەرگە و ئێمەش ڕۆیشتین بۆ ئەوێ، کە چووین دیار بوو جبەخانە و بارەگایان تێك دابوو، فەرمانیان کرد کە شۆڕش کۆتایی هاتووە."[2]

دواجار (مام وسو دزەیی) لە مەرگەی سەرکەش جیا دەبێتەوە و لە ناو ئاپۆرای ڕیش سپی و پیاو ماقولانی سنوورەکە بەرەو ڕێگەی نادیار بەڕێ دەکرێت، هەمووان دڵ بە خەم و چاو بە گریان دەبن. لە دوایین کاتی ماڵ ئاواییدا (مام وسو) لە کورتە وتارێکدا سوپاسی دانیشتوانی ناوچەکە دەکات، هەستەکانی ناشارێتەوە و بە دەم تکاوە داوا لە خەلك دەکات تا ئەو ئەمانەتە نەتەوەییەی ئەوان نەیان توانیوە سەرکەوتووی بکەن، ئەوان بە یەکگرتوویی بیپارێزن و هەرگیز بیر لە دووبەرەکی نەکەن.

(محەمەد عەلی ئیسماعیل[3]) لەم بارەوە نوسیویەتی: "خەلکێکی زۆر لە پێشمەرگە و لە دانیشتوانی گوندی مەرگە دەگریان، یەکێ لەوانە (ماموەستا مەلا حەسەنی مەرگە) بوو کە زۆر بە گوڕ دەگریا و دەیگوت: (بریا من مردبام بەڵام شۆڕشی کوردم بەم شێوەیە بە چاوی خۆم نەدی بایە). (سەلیمی حاجی ئاغای مەرگە) لە هۆزی میر ئاودەلی بوو، لە گەڵ ئاپۆڕای خەلکەکەدا بوو بۆ بەرێکردنی (مام وسو دزەیی و برا پێشمەرگەکان). مام وسو وتی: سەلیم ئاغا ئێمە وا بەو حاڵە کوردستانمان جێ هێشت، لێرە بە دواوە دەبێت ئینشاڵلا ئێوە و هەموو کەسایەتی و پیاوماقوڵان و ئەم میللەتە بە برایەتی بمێنێتەوە و توشی کارەسات نەبن."[4]

---

1) محەمەد عەلی ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا (113). دەڵێت: "چووین بۆ گوندی مەرگە، برادەرانی پێشمەرگە لێم جیابوونەوە و بەرەو گوندی (هەنجیرە)، منیش ڕۆیشتم بۆ ماڵی (حاجی عەبدوڵلا کەریم) کە خزمم بوو، بە کوڕەکەی ئەواندا نامەکەی هێزم بۆ بەتالیۆن نارد، نامەکە ئەو پەیامە بوو کە سەرکردایەتی شۆڕش دابووی بۆ بەتالیۆن."

2) خدر عەباس، سەرچاوەی پێشوو.

3) (محەمەد عەلی ئیسماعیل) لە ساڵی (1949) لە گوندی (مەلاسەفی) سەربە شاردێی (بنگرد) لە خێزانێکی جوتیار هاتووتە دونیا و تا (5)ی سەرەتایی لە (مەرگە) و شەشی سەرەتایی لە ڕانیە تەواو کردووە. لە (1965) بۆتە پێشمەرگە لە بارەگای (ل. ر. مەرگە) و لە (1967) بۆتە ئەندامی پارتی. هەمان ساڵ بۆتە ئەندامی لیژنەی ڕێکخراو و پلەی (کادر، ئەندام و کارگێری ناوچەی) لە شۆڕشی ئەیلول هەبووە. لە نسکۆی (1975) گەڕاوەتەوە ناو شار. ئێستا کارگێری لقی (11)ی پارتیە لە ڕانیە. لە پەرتوکی (بیرەوەریەکانم/ هەفتا ساڵ تەمەن و زیاتر لە نیوسەدە خەبات، هەولێر،)ی نوسەر وەرگیراوە.

4) محەمەد عەلی ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا (114).

لقی (خاڵە دێوە) لە بەرەی بەرگری لە چیای (ماکۆك) دەبن، ئەوان بەرەو سنووری (حاجی ئۆمەران) دەڕۆن، لقی (عبدولرەحمان حاجی رەزا) لە بەرەی سەرکردایەتی بوون و ئەوانیش بەرەو ئێران. لە هەموو بەرەکانی شەڕیش بە هۆی بارۆدۆخی تازە هەندێ پێشمەرگە چەك فرێ دەدەن و بەرەو شارەکان دەڕۆن تا خۆیان ڕادەست بکەن.[1]

لقەکانی دیکەی بەتالیۆنی چوار کە نزیك بوون لە بارەگا و ناوەندی بەتالیۆن، لە ئێوارە وەختێکدا لە کۆتایی مانگی ئازار یا سەرەتای مانگی ئایار لە گوندی (مەرگە) بە تەواوی دەجوڵێن. پێشمەرگە و گەلی کورد ئەو ئاواتانەی ماوەی ساڵانی زۆر سەختیان بۆ چەشت بوو و خوێنیان بۆ ڕشت بوو، بە دڵی پڕ حەسرەت بەجێیان دەهێڵن و بەرەو ئاسۆیەکی نادیار هەنگاو دەنێن.[2]

## دوای نسکۆ و ئاوارەیی بۆ ئێران

نسکۆی ئەیلول هات و پیلانی شوومی ئەلەجزایر (نسکۆی ئەیلول) نەبووە هۆی دامانی شەهید و ئاوارەیی بە بەشی خۆی دانا، ماندوو بوون و بێچارەیی و نەبوونی پێ ڕەواتر بوو نە وەك دەستەمۆیی بۆ دوژمن. بۆیە خۆ بە دەستەوەدانی پەسەند نەکرد و سەختیەکانی ئاوارەیی ئێرانی وێڕای خانەوادەکەی لە گەڵ (شۆڕش و پارتی و بارزانی) بە هەموو نەهامەتیەکانی هەڵ بژارد.[3]

پێشتر ماڵی (مام وسو) بۆ ماوەی نزیك دوو مانگ لە گوندە (بێوران) لە نزیك سنوور بوونە و دواتر دێنە شارۆچکەی (سەردەشت)، لە دۆخی تازە لە لایەن دەزگای ساواکی ئێران ناچار دەکرێن

---

1) عەلی عەزیز، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

محەمەد عەلی ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا (108).

2) عەلی وەیسی، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "چەند ڕۆژێکی پێچوو و هاتین بەرەو سنوور، چەکەکانمان لە شوێنەك شاردنەوە و نازانم دواتر شۆڕش سوودی لێ وەرگرتن یان نا، بەلام وابزانم مانگی چوار بوو کە هاتین."

خدر عەباس، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "هەر ئەو شەوە کەوتینەرێ بۆ سەرچیا و گوندی (خانەڵێ)، ڕۆژی دواتر ڕۆیشتین بەرەو کێلێ. دوای ڕۆژێك چەکەکانمان لە ژێر زەوی شاردەوە و ئاودیوی سنوور بووین. ئەوکات ماڵ و منداڵەکانی (مام وسو) لە بێوران بوون، ئێمە سێ ڕۆژ لە (قۆڵتێ) ماینەوە و دواتر ڕۆیشتین بۆ ئۆردووگا، لەوێ مام وسو (هەزار ڕەحمەتی لێ بێت) هاتە لامان و سەری لێداین، ئەو منی وەك کوڕی خۆی دادەنا و هەمیشە خۆشی دەویستم، بە ڕاستی پیاوێکی بە وەفا و شهامەت بوو."

محەمەد عەلی ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، لا 113. دەڵێت: "کاتێ بینیم (مام وسو دزەیی) و ئەو برا پێشمەرگانەی ماڵیان لە ئێران بوو، بە کۆمەڵ بارەگای بەتالیۆنیان بەجێ هێشت و خەلکی گوندی (مەرگە)ش بە نیگەرانی و پەرۆشەوە لەگەڵیان ڕۆیشتن، تاوەکو لە گوندی مەرگە دەرچوون بەرەو گوندی (لۆتەر) و چیای (ئاسۆس). (مام وسو دزەیی) زۆر سوپاسی کردن و خواحافیزی لێ کردن."

3) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

بێن بۆ ناو ئۆردووگای (ڕەبەت) هەر لە شاری (سەردەشت)[1]. بارودۆخی خەلك لە ڕووی دارایی و دەروونی زۆر نالەبار دەبێت، خەڵك لای ڕوون نەبووە چی لێ دێت. ناڕاستەوخۆ گوشاری زۆر لە لایەن ساواك و ڕژێمی بەعس هەبووە[2] و ڕژێمی بەعس لە ڕۆژی (1975/03/31) بڕیاری لێ خۆش بوونی گشتی بۆ بەشدار بووانی شۆڕش ڕادەگەیێنێت.

بە داخەوە هەر زوو شەپۆلی گەڕانەوەی پەنابەران بە نائۆمێدی بەرەو باشوور دەست پێ دەكات و زۆر كەس دەگەڕێنەوە[3]. ئەمانە هەمووی خەڵكی خستبۆوە دۆخی خەراپتر، بۆیە (مام وسو) و چەند كەسایەتیەكی دیكەی شۆڕشگێر دەچنە بۆ سەردانی (مستەفا بارزانی) بۆ داوای هاوكاری بۆ پەنابەرانی لێقەوماو.

لەم بارەوە (ئەرسەلان مام وسو) دەڵێت: "یەكەم قۆناغی ئاوارەییمان لە ئۆردووگای ڕەبەت لە شاری سەردەشت بوو، لەوێ ماوەیەك بابم ماوەتەوە و نەیتوانیوە ئەو كارەسات و دەست تەنگیەی بەسەر خەڵكدا هات بوو قبوڵی بكات و بۆیە هەستا بە هاوكاری (حەسۆ میرخان، عەلی شەعبان و چەند كەسێكی دیكە) لە فەرماندەكانی ئەو كاتی پێشمەرگە چوون بۆ سەردانی بارزانی نەمر و داوایان لێ كرد ئەگەر شۆڕش بتوانێت هاوكاری خەڵكی ناو ئۆردووگاكان بكات، لەو كارە سەركەوتوو بوون و بارزانی بە دەنگیانەوە هات و هاوكاری باشی خەڵكی كرد.[4]

مستەفا بارزانی لە سەر داوای ئەو دەستە لە فەرماندانەی پێشمەرگە، فەرمان دەكات هاوكاری خەلكی ئاوارە بكرێت و لە (16ی نیسان) و ڕۆژانی دواتر بە دوو لیژنە دەست بە دابەش كردنی یارمەتی لە ئۆردووگای (ڕەبەت) دەكرێت و (مام وسو) خۆی لە گەڵ لیژنەكان دەبێت[5]. لە (20ی) نیسان هەندێ خەلكی دیكە دەگەڕێنەوە و بەڵام بەر لە گەڕانەوە یارمەتیەكانی وەریان گرتبوو، بۆ شۆڕش دەگێڕنەوە.

---

1) ئەبوبەكر ڕەسوڵ، دەست نوسی ساڵی 1975.
لەم بارەوە لە ڕۆژی (4ی نیسانی 1975) نوسیویەتی: "ئەمڕۆ لە سەردەشت ماڵەكەمان بار كرد بۆ ئۆردووگای ڕەبەت بە نیسانی پیكاب."

2) ئەبوبەكر ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو. لە (1ی نیسان)دا نوسیویەتی: "ئەمرۆ خوێریەكانی ئێراق بە سیارەی لە چەشنی ئیڤا هاتنە ناو سەردەشت." مەبەستی لە پیاوانی ڕژێمی بەعس بووە.

3) عاصمە ڕەسوڵ، ساڵنامەكان، ساڵنامەی (1975). "ئیشارەی داوە كە لە ڕۆژانی (5ی نیسان) بە دواوە خەلك دەستی بە گەڕانەوە بۆ عێراق كرد."

4) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

5) ئەبوبەكر ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو. لە (16ی نیسان) نوسیویەتی: " ئەمرۆ بە دوو لیژنە لە ڕەبەت یارمەتی دابەش دەكرا. "لە (17 - 19ی) نیسان نوسبویەتی: "مووچە بەردەوام بوو و مام وسو لە لیژنەكان دادەنیشت."

## یەکەم خۆ ڕێکخستنەوە و ڕاگواستن بۆ جەهرۆم

لە (26ی) نیسان (مام وسو) بە مەبەستی سەردانی زۆرێك لە پەنابەران لە گەڵ (سەیدۆ چەلکی، مەلۆ خدان، حەمە عارەب، صابیر دەلاك و ئەبوبەکر ڕەسول) دەڕۆن بۆ کرماشان، شەوێك لە (سنە) دەبن و دواتر دەڕۆن بۆ ئۆردووگای (سەراب گەرم). لە ئەوێ دەگیرێن و دواتر ئازاد دەکرێن، شەو لە ماڵی برای (سەیدۆ چەلکی) دەمێنن. لە (2ی) ئایار لە گەڕانەوە لە شاری (میاندواب) ساواك دەستگیریان دەکات و رەوانەی (مهاباد) دەکرێن و دوای شەوێك زیندانی کردن، داوایان لێ دەکەن تا بریکار (کەفیل) بێنن و بە بریکاری (فارس باوە) ئازاد دەکرێن.[1]

دوای گەڕانەوەیان بۆ ئۆردووگای ڕەبەت لە (3ی) ئایار سازمانی ساواك ئاگاداریان دەکات ئەگەر سەردانی لەم چەشنە دووبار بکەنەوە، ڕادەستی ڕژێمی بەعسیان دەکەنەوە. بەم شێوەیە لە یەکەم مانگی مانەوەی دەکەوێتە ژێر چاودێری و گوشاری ساواك، دواتر ئەو گوشارانە لە ڕادە دەرچوون.

سەرەڕای ئەم ئاگادار کردنەوەیە، بەردوام دەبێت لە کاری ڕێکخستنی نهێنی و لە (15ی) ئایار سەردانی ڕەزائیە (ورمێ) دەکات، دواتر سەردانی خوالێ خۆشبوو (ئیدریس بارزانی) دەکات. ڕژێمی ئێران دەست بە ڕاگواستنی پەنابەرن بۆ ئۆردووگاکانی ناوەڕاست و باشوور دەکات، لە (1975/11/08) ماڵی (مام وسو) لە ئۆردووگای (ڕەبەت) بۆ شاری (ئەراك) لە ناوەڕاستی ئێران دەڕوات و دوای (5) ڕۆژ لە (13ی) مانگ ناچار دەکرێن بۆ ئۆردووگای (جەهرۆم) بڕۆن، لە (16ی) مانگ دەگەنە (جەهرۆم) لە شاری (شیراز)[2].

زۆر گرژی و ناخۆشی لە (جەهرۆم) دێتە پێش پەنابەران و هەر لە سەرەتا چەند کەسێك دەگرن بە ناوی ئەوەی (مۆڵەتی شۆفێری) ئێران یان نیە، دواتر دەوری ئۆردووگا (تەل بەند) دەکرێت و ئەم بابەتە گرژی لێ دەکەوێتەوە.

لەم بارەوە (ئەرسلان مام وسو) دەڵێت: "لە ڕەبەت گواسترااینەوە بۆ ئۆردووگای جەهرۆم، لە ئەوێ یەك لەو کارانەی لە یادمە بریتی بوو لە پێکهێنانی دەستەیەکی بەرهەڵستکاری بەرانبەر بەوەی (ئێمە نابێت لە ناو سیم و گەمارۆ دراو بژین، بەرانبەر بە ڕێگەنەدانمان بە هاتوچووی

---

1) ئەبوبەکر ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

2) ئەبوبەکر ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

ئەرسەلان مام وسو، سەرچاوەی پێشوو.

عاصمە ڕەسوڵ، دەست نوسەکان. لەم بارەوە دەڵێت: "پاش ئەوەی خەڵك بە شارەکاندا بڵاوبوونەوە و ئێمەش لەگەڵ نزیکەی (50) ماڵی دیکە لەناو مزگەوتێك بووین بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك، دواتر لیژنەیەك هات و ئێمەیان گواستەوە بۆ ئۆردووگایەك لە شیراز و خەڵك وەزعی زۆر خەراپ بوو، چونکە بە ڕۆژ گەرم و بەشەو سارد و کەسیش هیچی پێ نەبوو، پاشان خێمەیان بەسەرماندا دابەش کرد و بۆ ماوەی شەش مانگ لە ئەوێ ماینەوە."

ئازاد و خەراپی مامەڵە لە گەڵ پەنابەران). یەك لە هەڵسوڕێنەرانی ئەو کارە بابم بوو، ڕۆژێك یەك لە پەنابەران بە ناوی (مەلا عومەر بیبانی) کە ئێستا (لیوا عومەر بیبانی یە) دەستگیر کرا و زۆرینەی خەڵك نەیتوانی بە جواب بێت، بەڵام بابم بە شێوازێکی بوێرانە توانی ڕزگاری بکات."[1]

مەلا عەبدوڵلا ڕەسول دەڵێت: "گواستراینەوە بۆ ئۆردووگای جەهرۆم لە باشووری ئێران، من لە گرووپی (5) و (مام وسو) لە گرووپی (19) بوو، من کرامە وەرگێڕی زمانی فارسی و بەر گرووپی (19) کەوتم. دوایی دابەشیان کردین بە سەر شارەکان و (مام وسو) بەر (هەمەدان) کەوت. من بەر (کاشان) کەوتم و کاشان باش نەبوو، بۆیە (مام وسو) هات و بەیەکەوە هەوڵماندا بۆ شوێنی دیکە بیگۆڕین، دواجار ناردیانم بۆ (تاران) و چەند ساڵێك بە نامە ئاگاداری یەك بووین."[2]

لە ئۆردووگای (جەهرۆم) هەندێ خولی جۆراوجۆری پیشەیی دەکرێتەوە بۆ پەنابەران و ئەو خولانە پاڵپشتی باش دەبن بۆ دۆزینەوەی کار بۆیان. لەم بارەوە (ئەبوبەکر ڕەسول) دەڵێت: "دەورەی ئۆردووگای (جەهرۆم) تەل بەند کرا بوو و نزیك (12000) دوازدە هەزار ماڵی پەنابەری تێدا بوو، هەندێ وەرشەی باشیان تێدا کرد بۆوە بۆ فێر کردنی پێشە بە پەنابەران وەك: (لەحیم چی، فیتەری، بۆیاخ چی، ڕادیۆ سازی، دار تاشی، دروست کردنی دەرگا و پەنجەرە و ... هتد)، هەروەها (مەلەوانگە و گۆڕەپانی تۆپی پێی گەورەی) تێدا بوو. دوای ماوەیەك خەلکەکە بێزار بوون و بە تەواوەتی تۆڕەییان دەربڕی، بۆیە (غوڵام ڕەزا پەهلەوی) برای (شای ئێران) هات و خەلك داوایان لێ کرد بە سەر شارەکاندا دابەش بکرێن، ئەویش داواکەی بەجێ گەیاند."[3]

نزیك بە (5- 6) مانگ لە ئۆردووگای (جەهرۆم)ی شاری (شیراز) دەمێننەوە، (عاصمە ڕەسوڵ) دەڵێت: "دواتر ماڵی ئێمە و ماڵی چەند پێشمەرگەیەکی دیکە لەوانە: (مەلو، سەعدی، فقێ، حەمە عەرەب، ئەحمەد ئالانی و نەسرەدین مستەفا) هەمووان پێکەوە ڕۆیشتین بۆ (هەمەدان) بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەوێ ماینەوە تا ئەوکاتەی ئینقلابی ئێران کرا و (شای) ئێران ڕووخا."[4]

---

1) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

2) عەبدوڵلا ڕەسوڵ مەحمود (مەلا عەبدوللا) چاوپێکەوتن، سۆران، 2020/08/13.

3) ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، سەرچاوەی پێشوو.

4) عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، سەرچاوەی پێشوو. لەم بارەوە دەڵێت: "گەیشتینە ناحیەی (بەهار) لە شاری (هەمەدان)، لە قەتابخانەیەك دایانناین و هەر ماڵێك یەك ژوریان پێدا، ماڵەکان (مەلۆ، سعدی گەورە، حەمە عارەبی هەڵشۆیە، خولە کوردە، ئەحمەد ئالانی، محەمەدی ئەحمەدە سوور و .... هتد) بوون. ناوچەکی جوان و بەداروبار بوو و پاش ماوەیەك پارێزگار هاتە لامان، پیاوی باش بوو و گوتی خانوو بگرن، ماوەیەك کرێ خانوویان بۆ داین و بۆ کەسانی سەڵتیش مانگانە (900) تمەن دیاری کرا."

### مەنزڵی تازە لە (بەهاری هەمەدان) و گوشاری ساواک

دوای ئەوەی بە تەواوەتی لە شارۆچکەی (بەهار) لە نزیك شاری (هەمەدان) نیشتەجێ دەبن، (مام وسو) هەوڵ دەدات پەیوەندیەکانی خۆی بە (بنەماڵەی بارزانی و پارتی) بەردەوام بکات. هەروەها زیاتر ئاگاداری دۆخی دۆست و ناسیاوەکانی لە ناو ئۆردووگا و شارەکانی دیکە بێت، بۆیە دەست دەکات بە هەندێ سەردانی نهێنی بۆ عەزیمیەی کەرەج و بۆ شارەکانی دیکە، لە عەزیمیە بە دیداری بارزانی دەگات.

"پێش ئەوەی (بارزانی نەمر) بڕوات بۆ دەرەوە بۆ چارەسەر، (مام وسو) بە ناوی نەخۆشی ڕۆیشت بۆ (عەزیمیەی کەرەج) و بە دیداری (بارزانی) گەیشت، لە گەڵ (بارزانی) زۆر لە تەندروستی یەکتریان پرسی. دواتر بارزانی ڕووی لە (کاك ئیدریس و کاك مسعود) کرد و گوتی: (ئەوە مام وسوە، زۆرم هەڵکێش و داکێش و بەرزی و نزمیم پێ کرد، خۆڕاگر بوو. داواتان لێ دەکەم وەك برای خۆتان هەڵسوکەوتی لە گەڵدا بکەن، چونکە هیچ فەرقی لە گەڵ ئێوە نیە، ئەو بەردەوام لە گەڵ ئێمە بوو و جێگای ئۆمێد و کوڕی من بوو.) ئەوان سەیری یەکتریان کرد و لە وڵامدا گووتیان: "بەلێ گەورەم".[1]

ئەرسەلان مام وسو دەڵێت: "پێش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی ئێران بە چەندین مانگ یا زیاتر بوو واتە کاتێك پارتی (قیادەی موەقەتی) پێکهێنا بوو و یەك لەو کەسانەی خۆبەخشانە ئامادە بوو لە گەڵ ئەو قیادەیە دەور ببینێت بابم بوو."[2]

پێش دیداری لە گەڵ (مستەفا بارزانی) و لە سەر ڕاسپاردەی (ئیدریس بارزانی)، لە ناو پەنابەراندا (مام وسو) دەست بەکاری ڕێکخستنەوە دەکات و ئەو دیدارە گوڕوتینی زیاد دەبێت، لەم بارەوە بهرام قادر (بارۆ) دەڵێت:"(مام وسو دزەیی) لە هەمەدان گیرسایەوە، بەڵام ئاگامان لە یەکتر هەبوو، ڕۆژەك ڕاسپاردەیەکی بۆ ناردم و گوتی: (کاك ئیدریس لە عەزیمیەی کەرەج لە دوای ناردووین). (من، پیرۆت، مەلا ئەحەمەد و حەمەد ڕەواندزی) بەڕێ کەوتین بەرەو (هەمەدان) و لە ئەوێش بۆ (کەرەج)، (مام وسو) لە گەڵ (فەرەنسۆ هەریری) لێمان دابڕا و دوای ماوەیەکی کەم هاتەوە لامان، گوتی: (بارۆ قیادە دەڵێت هێشتا زووە)، ئەو مەبەستی لە دەست پێکردنی شۆڕش و هاتنەوەمان بۆ کوردستان بوو."[3]

"رەئیس عەبدوڵلا و کاك فەیزو کە خزمی ماڵی بارزانی بوو پەیوەندیان بە باوکم کرد، دواتر سەردانیان کرد و بە داخەوە چەند کاتژمێرێك دوای سەردانەکە، یەك لە ناسیاوەکانی خۆمان هەواڵی بە ساواکی شا دابوو و بە پەلە (مام وسو) دەستگیر کرا. دوای ئەوە شوێن بزر کرا بە

---

1) ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، سەرچاوەی پێشوو.

2) ئەرسەلان مام وسو، سەرچاوەی پێشوو.

3) بهرام حەمەد قادر (بارۆ)، سەرچاوەی پێشوو.

شێوەیەك نەمان دەزانی لە کوێیە، دواتر پەیوەندیمان بە (کاك ئیدریس) کرد و لە ڕێگەی ئەو و چەند برادەرێکی پێشمەرگایەتی تواندرا بدۆزرێتەوە و دوای دوو مانگ ئازاد بکرێت. بە داخەوە کاتێك ئازاد کرا چاوێکی لە دەست دابوو."[1]

دوای گەڕانەوەیان لە کەرەج، دەکەونە بەر لێکۆلینەوە و بەدوادا چوونی ساواك، (بارۆ) دەلێت: "لە بازاری (هەمەدان) پیاسەمان دەکرد، لە پڕ ساواك ئێمەی گرت، کوردێك زمانی لێدا بووین. بەرپرسی ساواك ناوی (ئاغای بۆزۆرگی) بوو گوتی: (ئێوە دەتانەوێت بچنەوە عێراق بۆ هەلگیرساندنەوەی شەڕ) و گوتم: (نەخێر ئێمە هاتوین تا بچینە تاران بۆ لای موهەندیس حەمەدەمین کە لە هوتێل دیاموند دابەزیوە، تا ناومان بنوسێت بچین بۆ ئەوروپا) بەو قسەیە وازی لێمان هێنا."[2]

محەمەد مەلا قادر دەلێت: "بە هۆی ڕاپۆرتی سیخوری پەنابەرێکی باشوور کە ببوو بە سیخوری ساواکی ئیران دەستگیر کرا و ماوەی (2) مانگ بێ سەر وشوێن بوو. دواجار بە هەولێکی زۆری کاك (ئیدریس بارزانی) و بنەماڵەکەی لە دەست ساواك ڕزگاری بوو، بەلام بە داخەوە لە ژێر ئەشکەنجەی زۆر چاوێکی لە دەستدا، هەروەها بە فەرمانی ساواك لە ژێر چاودێری و مانەوەی زۆرە مەلێ دانرا."[3]

پیرۆت محەمەد دەلێت: "(مام وسو) بەردەوام لە ژێر گوشار و چاودێری ساواکی ئێراندا بوو، جارێك چوومە تاران تا ناوم تۆمار بکەم بۆ وەرگرتنی پەنابەری لە ئەوروپا و لە دوای ناو نوسین، بۆ سەردانی (مام وسو) ڕۆیشتم بۆ شارەدێی (بهاری هەمەدان)، لە ئەوێ ساواك (ئێمە و مام وسو) یان گرت، گوتیان دیارە (مام وسو) دەیەوێت ئێوە بنێرێتەوە بۆ کوردستانی عێراق بۆ پێشمەرگایەتی و چالاکی."[4]

دوای ئەو ڕووداوە ساواك بۆ ئەوەی جوڵەی (مام وسو) سنوردار بکەن و بتوانن بە ووردی چاودێری بکەن، (مام وسو) ناچار بە کارکردن دەکەن و (ئیدارەی کاریابی)[5] ئەرکی گواستنەوەی خواردەمەنی بە ئۆتۆمبیلی خۆی بۆ چەند قوتابخانەیەك پێ دەدەن. ئەمە بۆ ساواك پەسەند بووە تا بتوانێت بە ووردی چاودێری (مام وسو) بکات و ڕێگەی سەفەری بە ئاسانی لێ بگرێت.

---

1) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

2) بهرام حەمەد قادر (بارۆ)، سەرچاوەی پێشوو.

3) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

4) پیرۆت محەمەد سلێمان ، سەرچاوەی پێشوو.

5) ئیدارەی کاریابی دامەزراوەیەکی ئێران بووە بۆ دوزینەوەی کار، لە زۆرینەی وڵاتان بە (ناوەندی کار) ناوی دێت. (نوسەر)

ئەبوبەکر ڕەسول دەڵێت: "ئیدارەی کاریابی لە هەمەدان هەبوو و (مام وسو) یان بە جێبەوە دامەزرند[1]، کۆمپانیایەك (شیر، کێك، بسکویت و مۆزی) بە سەر (52) قوتابخانە دابەش دەکرد. دەبوایە (7)ی بەیانی لەوێ ئامادە بێت و دەست بە دابەش کردن بکات لە قوتابخانەکان. ساواك وەك نەفی کراو و دەست بە سەر، بە ووردی چاودێریان دەکردین و دەبوایە هەموو ڕۆژێك ئیمزا بکەین کە سەفەری نەکردووە، لە کۆمپانیاش سەعات (8) ئیمزای دەکرد. خاوەن کۆمپانیا پیاوێك بوو بە ناوی ئاغای (سەماواتی) پیاوێکی باش بوو و ئێمەی زۆر خۆش دەویست."[2]

**نامەی (مام وسو) بۆ (ئیدریس بارزانی) دەکەوێتە دەست ساواك**

پەنابەرێکی بە ناوی (مستەفا شەریف) خەلکی قەڵادزێ بووە و لە شۆڕشی ئەیلول (تەتەر) بووە لە (هێزی کاوە). ئەو کات لە هەمەدان دەبێت و ڕۆژێك دێتە لای (مام وسو) تا نوسراوێکی بۆ (ئیدریس بارزانی) بۆ بنوسێت بۆ داوای هاوکاری. نوسراوەکە دەنوسرێت و بەڵام لە جیاتی بگاتە شوێنی خۆی، دەگاتە دەست ساواکی ئێران و (مستەفا تەتەر) گوتویەتی گوایە بە هەڵە لە خاڵی پشکنینی پۆلیسی هاتوچوو لێی وەرگیراوە، ئەو نوسراوە دەبێتە بیانۆی تازە بە دەست ساواك بۆ ئازاردانی (مام وسو).

ئەبوبەکر ڕەسول دەڵێت: "نامەکە گەیشت بۆوە دەست ساواك و مستەفا دەی گووت لە بازگەی پۆلیسی هاتووچوو لە پشکنین لێ یان ستاندووم، ڕۆژی دواتر ساواك ناردیان لە دوا (مام وسو) و بەیانیەکەی نەچوو، منیش ڕۆیشتم بۆ کۆمپانیا بە (ئاغای سەماواتیم) گوت (مام وسو) نەخۆشە و گوتی لە کام نەخۆشخانەیە بچمە لای؟ پیاوێکی باش بوو و ناچار گوتم چۆتە سەفەر بۆ تاران و نامەوێت ساواك بزانێت، ئەو یارمەتی دام و گوتی لە جیاتی ئەویش واژووی بکە. دوو کارمەندی ساواك هاتن و پرسیاریان کرد، ئاغای سەماواتی پێیگوتن (مام وسو) لە گەڵ خێزانی چۆتە بازاڕی کردن. ئەوان تەماشای دەفتەری ئیمزاکانیان کرد و گوتیان با بەیانی بێت بۆ ساواك"[3].

ڕۆژی دواتر (مام وسو) بە هاورێیەتی (ئەبوبەکر ڕەسول) دەچێتە ئیدارەی ساواکی شاری هەمەدان، ئەو کات کەسێك بە ناوی (کشاوەرز) بەرێوەبەری ئەوێ بووە و کەسێکی باش نەبووە، (ئەبوبەکر ڕەسول خانزاد) بەم شێوەیە ڕووداوی ئەو ڕۆژە باس دەکات:

---

1) عاصمە ڕەسوڵ، زاگرۆس تی ڤی، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو. لەم بارەوە دەڵێت: "هەموو ڕۆژێك بابی ئەرسەلان یان دەگرت و ئەزیەتیان دەدا، دەیان گووت ئاغای سەرکار نابێت میوانت بێت و نابێت میوانداری پێشمەرگە بکەیت. زۆر ئەشکەنجە و ئازاریان دەدا و دەیان گرت، جێبەکی لاندرۆڤەرمان هەبوو لە ژێر گوشاردا ناچاریان کرد بەیانیان چەند قوتابخانەیەك (شیر و بسکویت) یان بۆ ببات و ئێوارانیش بۆ خۆناساندن دەبوایە بچێت ساواك و ئیمزا بکات کە لە شارە."

2) ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، سەرچاوەی پێشوو.

3) ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، سەرچاوەی پێشوو.

"ناچار ڕۆژی دواتر چووین بۆ ساواك، (كشاوەرز) بە هەڕەشە دەستی بە قسە كرد و بە (مام وسوی) گوت: (لێرە هیچ نیگەرانییت هەیە؟ نامەت بۆ ئیدریس بارزانی ناردووە و لە ساواكی عەزیمیەی كەرەج شكایەتت لە ئێمە كردووە؟) و مام وسو ڕەتی كردەوە كە شكایەتی كرد بێت. بەڵام (كشاوەرز) لە چەكمەجەی مێزەكەی نامەی (مام وسو) دەرهێنا و گوتی: (ئێمە خەراپەی تۆمان ناوێت، من زەویەكم لە خیابانی (كرماشان) لە ناو (هەمەدان) كڕیوە كە (500) مەترە، دەیدەم بە تو و مووچە بۆ هەمووتان دابین دەكەم، ئیقامە بۆ خۆت و هەموو ئەوانەی لەگەڵتانن دابین دەكەم.)

(مام وسو) لێی پرسی: (بۆچی ئەوەم بۆ دەكەی؟)

(كشاوەرز) گوتی: (پشت لە مەلا مستەفا بكە و باسی كورد مەكە، شۆڕشی ئەو تەواو بوو و جارێكی دیكە ناگەڕێتەوە بۆ كوردستان، ئەو و بنەماڵەكەی لە گۆڕەپانی سیاسی لادراون، تو ئازا بە و قسەكانی من وەربگرە.)

(مام وسو) گوتی: (بە شا بلێ ئەگەر ناتوانێت ئێمە بەخێو بكات، با ڕێگە بدات بڕۆین بۆ وڵاتە كافرەكانی وەك (ئەمریكا، ئینگلیز و ئیسرائیل)، ئێوە ئێمەتان بە كوشتدا و خیانەتتان لێ كردین، شا خیانتی لە ئێمە كرد.)

بە گوتنی ئەو قسانە بەڕێوەبەری ساواك زۆر تورە بوو و بە دەمانچەكەی دەستی بە توندی لە پشتە چاوی (مام وسوی) ڕاكێشا و گوتی: (عاقل بە)، زۆر قسەی سووكی بە (مام وسو و مەلا مستەفا) گووت، بە تورەیی و جوێندان دەری كردین.

(مام وسو) زۆر عاجز بوو و تەواو تێك چوو، ویستم دەستی بگرم و ڕەتی كردەوە، ڕۆیشتین بۆ ئەو گەراجەی سیارەكەمانی لێ بوو و ئاوم بۆ هێنا تا سەر و چاوی شۆشت، ماوەیەكی زۆر بە بێ دەنگی مایەوە و گەڕاینەوە بۆ ماڵ. دوای ئەو ڕووداوە مام (مستەفای تەتەر) هاتە لامان، گوتی: (ناوێرم بە تنها بژیم و دەترسم)، (مام وسو) ژوری بەتاڵی لە خانوەكەی هەبوو و گوتی: (وەرە لێرە بمێنەوە) ئەویش ماوەیەكی زۆر لەوێ مایەوە."[1]

## ڕێكخستنەوە دوای سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران

دوای ماوەیەك شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی شای ئێران دەست پێ دەكات و لە ماوەیەكی كەمدا شای ئێران و دەسەڵاتەكەی لە ناو دەچن. هەموو پەنابەرانی باشوور زۆر دڵ خۆش بوون و ئامادە باشی بۆ كاری گەورە دەكرا، بەڵام بە داخەوە (مستەفا بارزانی) لە ئەمریكا كۆچی دوایی دەكات. خەڵك چاوەڕێی گەڕانەوەی (مستەفا بارزانی) بوون و بۆیە بیستنی ئەم هەواڵە بۆ هەموو لایەك شۆك بوو.

---

1) ئەبوبەكر ڕەسوڵ خانزاد، سەرچاوەی پێشوو.

له ڕۆژی (3ی ئازاری 1979)[1] (مام وسو، مەلا قادر خانەقینی و مەلا محەمەد عارف) دەچن بۆ (کەرەج) بۆ بەشداری لە پرسەی (مستەفا بارزانی). پارتی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران دەست بە ڕێکخستنەوەی تازەی خۆی دەکات، بۆیە پەیوەندی بە (مام وسو) دەکەن تا سەردانی کەرەج بکات.

مەلا قادر خانەقینی دەڵێت: "(مام وسو، من و ڕەحمەتی ماموەستا مەلا محەمەد) داوا کراین بۆ کەرەج و چوین، ئەو کات (م. عەلی عەبدوڵلا، ئازاد قەرەداغی و نەجمەدین یۆسفی) بەرپرسی کاری ڕێکخستنەوە بوون، گوتیان: (ئێستا ئێمە لقی 8 هەشتین و دەمانەوێت ئێوە بچن سەرپەرەشتی ڕێك خستنەوەی خەلکی خۆمان لە سنووری هەمەدان بکەن)، ئیتر ئێمە بەو کارانە هەستاین و سنووری هەمەدان (ئەسەد ئاباد، بەهار، مەریانج، نەهاوەند، تویسرکان، مەلایر و ناو شاری هەمەدان) ئەمانە هەموومان ڕێکخستەوە و کووبوونەوەی مانگانەمان بە خەلکی خۆمان لە ئەو شارانە دەکرد."[2]

(ئەرسەلان مام وسو) نوسیویەتی: "دوای دەست پێ کردنەوەی شۆڕشی گوڵان، وەك پێشینەی خۆی بۆوە کادرێکی چالاك بۆ ڕێکخستنەوەی پەنابەران و بەشداری پێ کردنیان لە شۆڕش و چالاکی پێشمەرگانە. چەند سەردانیکی کاك (ئیدریس بارزانی) دەکات و لە گەڵ (عەبدولرەحمان حاجی عەلی، محەمەد مەلا تاهیر، مەلۆ خدان، سەعدی گەورە و مەلا قادر خانەقینی و زۆر کەسی دیکە) بڕیاریاندا بگەڕێنەوە ناو هێزی پیشمەرگە."[3]

ئەبوبەکر ڕەسول دەڵێت: "(مام وسو) دەستی بە ڕێك خستنەوەی خەلك کرد لە شاروچکەکانی دەوروبەری (هەمەدان) لە (ئیسلام ئاباد، نەهاوەند، مەلایەر، مەریانج، بەهار و تویسرکان) لە گەڵ کەسێکی دیکە بە ناوی (مەلا قادر خانەقینی) کە ئێستا ئەندامی (دەزگای باڵای ئەیلولە) لە شەقلاوە."[4]

دوای قۆناغی ڕێك خستنەوە، دەست بە کووبوونەوەی مانگانە دەکرێت و ڕۆژنامەی خەبات و بڵاوکراوەکانی پارتی بە سەر ئەندامان لە سنووری هەمەدان دابەش دەکەن. بەردەوامی کاری

---

1) عاصمە ڕەسوڵ، ساڵنامەکان، ساڵنامەی ساڵی 1979.

2) مەلا قادر خانەقینی، چاوپێکەوتن، بنەسڵاوە، هەولێر، 2020/08/22.

3) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نوسەکان.

محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو، لا (193). نوسیویەتی: "پاش ساڵێك لە ساڵی (1976) کە شۆڕشی گوڵان دەستی پێ کرد و ژمارەیەکیان لە ئێران لە لایەن کاك (ئیدریس بارزانی) رەوانە کرانەوە، (مام وسو دزەیی)ش یەکێك بوو لەوانە کە (کاك ئیدریس) قسەی لەگەڵ کرد بوو، بەڵام وادیار بوو ئێران پێی زانی بوو، (مام وسو)یان گرت و دوو مانگ خستیانە بەندیخانە و ئازاری زۆریان دا."

4) ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، سەرچاوەی پێشوو.

ڕێکخستن و ئەرکەکانی لە ناو پەنابەران، بە زوویی لە لایەن ڕژێمی تازەی ئێران لە هەمەدان ڕەت دەکرێتەوە و بۆیە دووبارە دووچاری لێ پرسینەوە دەبن.

مەلا قادر خانەقینی دەڵێت: "ڕۆژێك (مام وسو) هات و گووتی: (هەندێ نوسراو و بەیاننامە هاتووە، دەبێت بەسەر خەڵکدا دابەشی بکەین). لە (هەمەدان) بڵاومان کردنەوە و هاتینە (تویسرکان)، لە ئەوێ کاری بڵاوکردنەوەمان بە دوو قوتابی خۆمان سپارد و کومیتەی ئیمام خومەینی دوو قوتابیەکەیان گرت بوو. دواتر هاتن منیشیان برد، بەرپرسی کۆمیتەی ئیمام تەلەفۆنی بۆ بەرپرسی پۆلیس کرد و دواتر ئێمەیان برد بۆ پۆلیس. شەو لە پۆلیس ماینەوە و بەیانی بردیانین بۆ (دادگای شۆڕش)، لە دادگا ئێمە بێ تاوان دەرچووین. گەڕاینەوە لای (مام وسو) کە لە گەڵ (مەلا محەمەد) لە ماڵی کاك (حوسین سوارە) بوون، بڕیارماندا نەگەڕێن و یەکسەر بچینەوە بۆ ماڵ. هەندێك لە ڕۆژنامەی خەبات و بڵاوکراوەی دیکەمان لابوو، دامان بە (م. مەلا محەمەد) و گوتمان بۆ کوێ دابەشی بکات."[1]

دوای ئەو ڕووداوە (مام وسو و مەلا قادر) لە کاتی چاوەڕوانی ئۆتۆمبێل، لە لایەن چەند پاسدارێك دەستگیر دەکرێن و دەیان بەن بۆ کۆمیتەی (ئیمام خومەینی)، بەرپرسی کومیتە بۆ شەوێك لە پۆلیس دەست بە سەریان دەکات و ڕۆژی دواتر دووبارە دەبردرێن بۆ بەردەم دادوەر لە (دادگای شۆڕش). دادگای شۆڕش بڕیار دەدات کە کاری ئەوان نایاسایی نیە و تەنانەت بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ناویان دەبات، بەڵام وێڕای ئەوە (کۆمیتەی ئیمام) دەیانخاتە ژێر چاودێری بۆ ماوەی سێ مانگ.[2]

---

1) مەلا قادر خانەقینی، سەرچاوەی پێشوو.

2) مەلا قادر خانەقینی، سەرچاوەی پێشوو. دەڵێت: "منیان برد بۆ پۆلیس، دواتر دوو قوتابیەکەیان هێنا و زۆری نەخایاند (مام وسو و م. مەلا محەمەد) یان هێنا، ئەو شەوە بە دەست بە سەر لە پۆلیس ماینەوە و بەیانی بردیانینەوە بۆ دادگای شۆڕش. دادگا (من و دوو قوتابیەکە)یان ئازاد کرد، گوتیان دوێنێ ئێوە تەواو بوون. لێکۆلینەوە لەگەڵ (مام وسو و م. مەلا محەمەد) کرا، دوای لێکۆلینەوە دادوەر تەلەفۆنی بۆ (پۆلیس و کۆمیتەی ئیمام) کرد و گوتی: (ئەوانە هیچ موخالەفەیان نیە و کاری خەراپیان نەکردووە، هاوکاری جمهوری ئیسلامین و دەبێ ڕیزیان بگرن). بەڵام فایدەی نەکرد و بردیانین بۆ کۆمیتە، لەوێ لیژنەیان لەسەر دروست کردین و ماوەیەکیان هیشتینەوە، کەفیلیان لێ داوا کردین، دواجار بە سەیارەی خۆیان (مام وسویان بۆ بەهار) و (مەلا محەمەد بۆ ئەسەد ئاباد) بردەوە. تەلەفۆنمان بۆ کاك ئیدریس کرد و ئەویش گوتی: (ئەو ڕێکخستنە بە دزی نیە و ئێمە مۆلەتمان لە جمهوری ئیسلامی وەرگرتووە). دواتر پێیان گوتین تا سێ مانگ بۆتان نیە سەفەر بکەن و ڕۆژانە دبوایە ئیمزا بکەین."

**ئامادەكاری بۆ كۆنفرانس و بەشداری كۆنگرەی (9ی) پارتی**

دوای ئەو ڕووداوە (مام وسو) و ئەوانی دیكە بە مۆڵەتی حكومەتی ئەو كات، چەند جارێك سەردانی (كەرەج) دەكەن[1] و لە گەڵ بەرپرسان بە تایبەت (ئیدریس بارزانی و رەئیس عەبدوڵلا) كۆدەبنەوە، لەو ماوەیەدا بڕیار بۆ سازدانی كۆنگرە یەكلا بۆتەوە و بۆیە ئەوانیش خۆیان بۆ كۆنفرانس لە سنووری پارێزگای هەمەدان ئامادە دەكەن.

مەلا قادر خانەقینی دەڵێت: "دواتر چووینە كەرەج و ماوەیەكی پێ چوو (ڕەئیس عەبدوڵلا[2]) هات و لیژنەی ئامادەكاری كۆنگرە بوو، كونفرانس و هەڵبژاردنمان لە شارەكانی ئەوێ كرد، (مام وسو و من) بووینە نوێنەری كۆنگرە."[3]

كۆنفرانسی ناوخۆیی بۆ ڕێكخستنەكانی پارتی لە پارێزگای (هەمەدان) دەكرێت و (مام وسو و مەلا قادر خانەقینی) بە نوێنەری ئەوان وەك ئەندامی كۆنگرە بەشداری (كۆنگرەی نۆیەمی) پارتی دەكەن كە لە سنووری ناوچەی (زێوەی) پارێزگای (ورمێ) و لە ڕۆژانی (4 بۆ 1979/12/13) سازدراوە.

مەلا قادر خانەقینی دەڵێت: "بەشداریمان لە كۆنگرە كرد و نزیكەی (10-15) ڕۆژ لە بەر خیلافەكانی قیادەی موەقەتە و ئەوانە ماینەوە، ناكۆكیەكان تەواو بوون و كۆنگرە لە (زێوە) بوو،

---

1) عاصمە ڕەسوڵ، ساڵنامەكان، ساڵنامەی 1979. لە بەرواری (1979/03/29) نوسراوە (مام وسو، مەلا قادر، مەلا محەمەد ڕۆیشتن بۆ كەرەج). هەروەها لە ڕۆژانی (29ی ئایار، 13ی حوزەیران و 20ی تەمووز) نوسراوە (چوو بۆ كەرەج و بە دیداری ئیدریس گەیشت). هەروەها لە (18ی ئەیلول) نوسراوە (تەلیگرامان لە كەرەج بۆ هات).

2) (عەبدوڵلا صدیق بەرواری) ناسراو بە (رەئیس عەبدوڵلا) لە ساڵی (1929) لە ناوچەی بەرواری لە پارێزگای دهۆك لە دایك بووە و لە (1950) بۆتە ئەندامی پارتی دیموكراتی كوردستان. لە ساڵی (1955) بەشداری خولی ئەفسەران دەبێ و پلەی (مولازمی دووەم) وەردەگرێت. لە ساڵانی (1962 - 1963) دووجار بە تۆمەتی یارمەتی دانی شۆڕشی ئەیلول دەستگیر دەكرێت و جاری سێهەم لە ساڵی (1964) بە تۆمەتی یارمەتیدانی شۆڕشی (سەلیم فەخری) بۆ ماوەی (2) دوو ساڵ لە (نوگرە سەلمان) زیندانی دەكرێت و دواتر نەفی دەكرێت بۆ باشووری عێراق. لە ساڵی (1966) لە شارەدێی (گەڵاڵە)ی باڵەكایەتی پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول دەكات و لە ساڵی (1968) دەبێتە فەرماندەی بەتالیۆنی (3)ی هێزی ڕزگاری، لە (1970) دەبێتە فەرماندەی هێزی ڕزگاری و ساڵی (1971) دەبێتە فەرماندەی بەتالیۆنی پاسەوانی سنوور (حرس الحدود). لە ساڵی (1979) لە كۆنگرەی (9)ی پارتی دەبێتە ئەندامی سەركردایەتی پارتی و لە ساڵی (1981) لە نەمسا كۆچی دوایی دەكات. (حیدر نجم عبد مراد، مصدر سابق، ص 283).

3) مەلا قادر خانەقینی، سەرچاوەی پێشوو.

(كاك مسعود) به سەرۆك هەڵبژێردرا و (كاك ئیدریس) به ئەندامی مەكتەبی سیاسی، هەندێكیش بوون به سەركردایەتی."[1]

له دوای سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی دەسەڵات و سیستەمی پاشایەتی، له ئێران دۆخێكی سیاسی تازه هاتبۆوه پێش و بەربەركانی و ڕێگریەكانی بەردەم پەنابەران و پارتی تا ڕادەی باش كەم ببوونەوه، بۆیه (شۆڕشی كورد و پارتی) دەرفەتیان بۆ فراوان كردنی كاری ئازادی سیاسی و پێشمەرگایەتی بۆ ڕەخسا. ئەمەش دەرفەتی ڕەخساند تا (سەركردایەتی كاتی و پارتی) كۆنگره ببەستن و بۆیه له دوای كۆنگرەی نۆیەم بڕیار دەدرێت تا چالاكی پێشمەرگه فراوانتر بكرێت و پارتی زیاتر خۆی ڕێك دەخاتەوه.

دوای سەركەوتنی كۆنگرەی نۆیەمی (مام وسو دزەیی) له بەرواری (1979/12/29) له ڕاژان سەردانی (مسعود بارزانی) سەرۆكی تازەی پارتی دیموكراتی كوردستان دەكات و له دیدارەكه بڕیار دەدرێت (مام وسو) بارەگای پێشمەرگایەتی خۆی له سنووری ناوچەی (زێوه)[2] سەر به پارێزگای (ورمێ) بكاتەوه. هاوكات بۆ ئەم ئەركه بڕیار دەدرێت تا ماڵەكەی كه له شاری (هەمەدان) بووه بگوازێتەوه بۆ شاری (نەغەده) هەر لەو پارێزگایه.[3]

---

1) مەلا قادر خانەقینی، سەرچاوەی پێشوو.

2) ئەرسەلان مام وسو، دەست نوسەكان. نوسیویەتی: "له ساڵی (1979) دوای سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دەگەڕیتەوه ڕۆژهەڵاتی كوردستان و له شاری نەغەده نیشتەجێ دەبێت، چەكی شەڕەفی له شان كردەوه و بارەگای له ئۆردووگای زێوه دانا و دواتر گواسترایەوه بۆ سنوری (ئاڵواتان) له پیرانشهر" محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو. نوسیویەتی: "له دواییدا مام وسوی هەمیشه له یاد له ساڵی 1980 به دواوه وەك خەڵكێكی زۆری دیكەی ئێمه له كوردەكان، دوای سەركەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران ئازادییان وەرگرت. پارتی چالاكی دەست پێكردەوه و خەڵكێكی زۆر بووەوه به پێشمەرگه، ئەویش وەك پێشمەرگەیەكی دێرین گەڕایەوه كوردستانی ئێران و له نەغەده نیشتەجێ بوو، چەكی پێشمەرگایەتی كرده شان و له زێوه و ئاڵواتان قەوەتێكی دروست كرد و بەردەوامی دایه خەبات."

3) مەلا قادر خانەقینی، سەرچاوەی پێشوو.

## باسی سێهەم

## هاتن بۆ نەغەدە و چالاکی پێشمەرگایەتی

دوای دیداری لە گەڵ (مسعود بارزانی)، (مام وسو) خۆی دێتە ئۆردووگای (زێوە) و بارەگای پێشمەرگایەتی دادەنێت، دوای ماوەیەك لە ناوەڕاستی زستانی هەمان ساڵ لە (1980/01/30) ماڵەکەی لە (هەمەدان) بەرەو (نەغەدە) دەجوڵێن، سەرمایەکی سەخت بووە و ڕێگەکان بە هۆی زۆری بەفر و هەروەها شەڕی (حزبی دیموکرات و سوپای پاسداران) داخرا بوونە، بۆیە دوای دوو ڕۆژ لە (1ی شوبات)[1] دەگەنە شوێنی خۆیان.

(عاصمەر ەسوڵ) دەڵێت: "دوای ئینقلاب کاك ئیدریسی ڕەحمەتی (ڕەئیس حەمەدەمین و سێ کەسی) نارد تا لە گەڵیان بڕۆین بۆ (نەغەدە) و ئێمەش ماڵمان هێنایە (نەغەدە). ئەوەندە سارد بوو هەموو سەیارەکان بەست بوویان و پەرێمزیان لە بن پێ کردن تا سەیارەکان بتوانن پێ بکرێن."[2]

ئەبوبەکر ڕەسول خانزاد دەڵێت: "دوای ماوەیەکی کەم (سلێمان سندی) برای (ڕەشید سندی) هاتە لامان لە شاروچکەی (بەهار) و شەوێك میوان بوو، بە ناوی (سەرۆك و کاك ئیدریس) هات بوو بۆ لای (مام وسو)، باسی گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراقیان دەکرد بۆ پێشمەرگایەتی، ئەوەی گەنجە و توانای هەیە. بۆیە لە ڕۆژێکی بەفری توندی زستان و لە چلەی زستاندا (12) دوازدە ماڵ بوین کە ڕۆیشتین بۆ (نەغەدە) و لەوێ نیشتەجێ بووین، بە هۆی بارینی زۆری بەفر بە (دێ گوڵانی سنە)دا ڕۆیشتین."[3]

نەغەدە شارێکی کوردستانی و زۆر قەشەنگە، دانیشتوانی پێکهاتەیەك بوو لە (کورد و تورکە ئازەریەکان) لە ناوەڕاستی شارەوە گەرەکەکانی زۆرینە کورد و زۆرینە تورك لە یەك جیا دەبوونەوە، لادێکانی (دەشتی سولدوز) زۆرتر تورك نشین بوون و زۆرینەی لادێکانی ئەو شارە بە لای (پیرانشەهر، شنۆ، دەوروبەری نەغەدە) کورد بوون.

بارودۆخی ئەو کاتی شاری (نەغەدە) زۆر نەگونجاو بوو، بە هۆی ستەمی هەندێ لە تورکە شۆڤینیەکان و پاڵپشتی سوپای پاسداران و ڕژێمی نوێ بۆیان، بەشی زۆر لە کوردانی ئەو شارە ڕۆیشت بوون بۆ شوێنی دیکە. لە هەندێ شوێن وەك گوندی (قاڕنا)[4] نزیك ئەو شارە (تورك و

---

1) عاصمە ڕەسوڵ، ساڵنامەکان، ساڵنامەی 1980.

2) عاصمە ڕەسوڵ، نوسینەوەی یاداوەریەکان.

3) ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، چاوپێکەوتن، چوارقوڕنە، 2020/07/30.

4) گوندی (قاڕنا) گوندێکی کوردنشینە، دەکەوێتە نزیك شاری نەغەدە و سەر ڕێگای سەرەکی (نەغەدە - پیرانشەهر)، گردێکی بەناو بانك لەو گوندە هەیە بەناوی (قەڵات ماران). (نوسەر)

پیاوانی ڕژێم) کۆمەڵ کوژی خەلکی سیڤیلیان کرد بوو. هاتنی پەنابەرانی کوردی باشوور (باشتر بلێین خانەوادەی پێشمەرگەکانی باشوور) لە ناوەڕاست و خوارووی ئێران بۆ ئەو شارە لەو کاتەدا زۆر باش بوو و تا ڕادەیەکی زۆر ترسی شەڕی ناوخۆی ئەو شارەی ڕەواندەوە.

پێش ئەوەی ماڵەکانیان لە شاری (هەمەدان) و دەوروبەری بگاتە شاری (نەغەدە)، (مام وسو) بارەگایەکی پێشمەرگایەتی لە ئۆردووگای (زێوە) دادەنێت. دوای کونگرەی (10) کارەکانی ڕێکخستنەوەی (حزب و لەشکر) دەکرێت، (لق و ناوچەکان) دروست دەکرێنەوە و ناوچەکان سەرپەرەشتی کاری پێشمەرگایەتیش دەکەن. لە (1980/02/08) ناوچەی قەڵادزێ دروست دەکرێتەوە و (مام وسو دزەیی) دەکرێت بە (بەرپرسی سەربازی و کارگێر) ئەو ناوچەیە.[1]

بارەگاکان دەگوازنەوە بۆ گوندی (شیناوە) لە شاری (پیرانشەهر)، ناوچەی قەڵادزێ سەر بە لقی (2ی) پارێزگای هەولێر بووە و ئەوکات زۆرینەی بارەگاکانی لقی (2) دەکەوتنە سنووری ناوچەی (پیرانشەهر - ئالْواتان) کە لە سنووری ئێران و عێراق نزیکە.

دوای چەند ڕۆژێك لە دانانی بارەگای تازە لە (شیناوە) و لە ڕۆژی (17ی ئایاری 1980)[2]، هێزێگی گەورە کە زیاتر لە (120) پێشمەرگە بوون دەچنە سنووری ناوچەی (باڵەکایەتی) و هەندێ چالاکی ئەنجام دەدەن، ئەوان سەربازگەی ڕژێم لە سنووری (حاجی ئۆمران) تۆپ باران دەکەن و لە ڕێگای گەڕانەوەشدا لە گەڵ جاشەکان ڕووبەڕووی زۆر کورتە شەڕ بوون.[3]

مامۆستا (فواد حەمەلاو) لەم بارەوە دەڵێت: "جارێك لە خزمەتیدا بووم چووین بۆ ناوچەی قەندیل و ئەوانە، ئەوکات مانگی چوار بوو. هێشتا بەفر مابوو و شوێنێك نەبوو وەك نوایەك تا تێیدا بحەوێینەوە، شەوانە لە سەر بەفرەکەی دەخەوتین و بەیانی هەر بۆ پێکەنین کە هەڵدەستاین دەمان گووت ئەوە جێی فلان کەسە و ئەوە هی فلان. من بووم و ڕەحمەتی مام وسو دزەیی بوو، فەقێ وسو و عەبدوڵلا شێروانی (بە ڕحمەت بێت) و چەند کەسێکی دیکە بوون."[4]

(ئەبوبەکر ڕەسوڵ) دەڵێت: "لە نەغەدە پەناهەندە زۆر بوو، لە (ڕەزائیە، زێوەی مەرگە، پیرانشەهر و نەغەدە و .. هتد) دەستیان بە کاری بە ڕێکخستن کرد، سەرەتا بارەگای لە (زێوە)

---

1) بڕوانە پاشبەندی ژمارە (7) بڕیاری دامەزراندنی (ل. ن. قەڵادزێ). بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی پارتی هەریەك لە (مەلا حەسەن شاخی، م. فواد حەمەلاو و مام وسو دزەیی) دەبن بە بەرپرسی ناوچە و کارگێرانی ڕێکخستن و سەربازی ئەو ناوچەیە.

2) عاصمە ڕەسوڵ، ساڵنامەکان، ساڵنامەی 1980.

3) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نووسەکان.

حەمەلاو شوانی، سەرچاوەی پێشوو. لەم بارەوە دەڵێت: "لە (نەغەدە) هەر پێکەوە بووین، لە (1980) کۆمەڵێکی زۆر پێشمەرگە بووین کە لە (ترکەش، خدراوە و ئەوانە) لە گەڵ (مام وسو و مامۆستا فواد حەمەلاو) بووین. جەولەیەکی سەختمان بۆ بناری (قەندیل) کرد و لەگەڵی بووم لەو جەولەیە."

4) فواد حەمەلاو ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

دانا و دواتر نەقل کرا بۆ (شیناوەی) پیرانشەهر، دوایی هەر بەو زستانە جەولەیەکیان بۆ ناوچەی (قەندیل) کرد و ئەمانەی لە گەڵ بوون: (فواد حەمەلاو، عبدوڵلا شێروانی، حەمەلاو شوانی، عوسمان قەساب، حوسین کوێتی، فەیزوڵلا عەجەم، محەمەد ئەحمەد سورە، ئەحمەد ئالانی و زۆر خەلکی دیکە)."[1]

(خورشید شێرە) دەڵێت: لە دوای کۆنگرەی (9)ی پارتی و لە ساڵی (1980) کە من بووم بە بەرپرسی لقی (2)ی هەولێر، (مام وسو)م کردە بەرپرسی ناوچەی هەولێر و داوام لێ کرد ئەو بەرپرسیاریەتیە پەسەند بکات. ئەو کات بەرپرسی ناوچە بەرپرسی سەربازی و سیاسی بوو، من بەرپرسی لقی (2) بووم و بەرپرسی (حزبی و سەربازی) هەولێر بووم و لێپرسراوی ناوچەش بە هەمان شێوە بەرپرسی (حزبی و سیاسی) ناوچەکە دەبوو. بەڵام (مام وسو) ڕەتی کردەوە کە بەرپرسیاریەتی ناوچە وەربگرێت و بە منی گوت: (چاوەکانی تەواو نین و کز بووە، توانای ئەوەی نەماوە لە ڕووی سەربازیەوە کار و ئەرك بەرێوە ببات بە تایبەت لەو دۆخە تازەیە، گوتی گاڵتە بە خۆم ناکەم و ئەگەر پێتان ناخۆش نەبێت دەڕۆمەوە و نایکەم، ئێمەش سەرپشکمان کرد."[2]

## نەخۆشی و دەست هەڵگرتن لە پێشمەرگایەتی

"دوای ساڵانێکی دوور و درێژ، سەرئەنجام لە ساڵی (1984) بە کۆمەڵێك هۆکاری وەك: (پەك کەوتنی توانا جەستەییەکانی، زۆری برینەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی، کێشەی پالە پەستۆی خوێن، کز بوونی بینایی چاوەکانی و .. هتد) توانای بەردەوامی دان بە پێشمەرگایەتی نەما، بە ناچاری بە ئۆمیدی داهاتوو و بەدەم گریان چەکی جێهێشت."[3]

دوای ئەوەی دەست لە پێشمەرگایەتی هەڵ دەگرێت، بەردەوام پشتیوانی شۆڕش دەبێت و هەمیشە هەوڵ دەدات بەشێك بێت لە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە ناو پەنابەران و دانیشتوانی دیکەی ڕۆژهەڵات. ئەو پەیوەندی توندی ڕوحی لە گەڵ (ئیدریس بارزانی) هەبوو، هەروەها لە گەڵ (مسعود بارزانی) خۆشەویستیەکی تایبەت لە نێوانیاندا هەبووە، بۆیە هەمیشە پارێزگاری لەو پەیوەندیانە کردووە و جگە لە هەموو ئەمانەش نەیویستووە لە ئەرکە کوردانەکانی دوور بکەوێتەوە.

---

1) ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، سەرچاوەی پێشوو.

عاصمە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو. نوسیویەتی: "پاشان لە نەغەدە (مام وسو) لە گەڵ هەریەکە لە (عەبدوڵلا شێروانی و براکانی، حسین کوێتی، ئەحمەد ئالانی، محەمەد ئەحمەد سورە و عوسمان قەساب) هاتنەوە بۆ کوردستان. بۆ چیاکانی سەکران، سەری سەکران، دواتر بۆ وەرتێ و قەندیل، کاتێك کە گەرانەوە لە بەر سەرمای زۆر و بەفری ئەستوور، هەموویان ڕەش ببوون."

2) خورەشید شێرە، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

3) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نووسەکان.

چەند ساڵی دوایی تەمەنی (مام وسو) بە حەسرەت و نەخۆشی دەڕوات، وێڕای (نەخۆشی، ئاوارەیی و بێ کەسی) توانای کار کردنی نەبوو و ژمارەی خێزانیشی زۆر بوون. بۆیە زۆر کات توانای دابین کردنی خەرجیەکانی نەخۆشیەکانی بۆ زەحمەت دەبوو و ئەو بابەتانە هەمیشە ئەو پیاوە شۆڕشگێڕەی ئازار دەدا.

ئەبوبەکر ڕەسول دەڵێت: "زۆری نەخایاند تەندروستی (مام وسو) خەراپ بوو و بۆیە هێزەکەی دابەش کرد بە سەر شوێنەکانی دیکە، ڕێگەیدا هەر کەسێك بۆ خۆی کوێ و کام یەکەی پێشمەرگایەتی هەڵ دەبژێرێت بۆی بگواسترێتەوە، (مام وسو) بە هەناسە ساردی مرد و لە ئازادی کوردستانی نەخوارد."[1]

موحسین دزەیی دەڵێت: "پاش ڕێکەوتنی 11 ئازار من (مام وسو)م لە ئاوارەیی و لە ئێران دیت، ماوەیەك بەشدار بوو لە شۆڕشی گوڵان و بەڵام بە هۆی تەندروستی و پیری نەیتوانی بەردوام بێت، من چومەماڵەوە و وەزعی تەندروستی باش نەبوو."[2]

محەمەد مەلا قادر نوسیویەتی: "بە داخەوە نەخۆشی بەرۆکی گرت و چاوەکانی بە هۆی ئەشکەنجەدانەوە تێکچوو بوون."[3]

## کۆچی دوایی مام وسو دزەیی

(مام وسو) شۆڕشگێڕێکی ستەم لێ کراو بووە لە ناو مێژووی شۆڕشی کورد، دڵی بە بوونی ئازادی بۆ نیشتیمانی کورد و خەونی سەربەخۆیی ژیاوە. هەمیشە جەنگاوە لە پێناو نەمانی زۆرداری و هیچ کات ستەمی قبوڵ نەکردووە، ئەو خۆی بە جوتیار زانیوە و پاڵپشتی هەژاران بووە، دژی هەر سیستەم و کەسێك وەستاوە کە ویستی ستەم و چەوساندنەوەی هەبوو بێت، بۆیە هەمیشە باجی سەختی داوە لەم پێناوە.

ئاکار و ڕەفتاری جوان و شیرین، هەڵسوکەت بەرز و مەجلیس خۆش بووە و هەموو هەوڵی بۆ باشی و پێشکەوتنی گەلی کورد بووە، تنها یەك دۆزی ناسیوە ئەویش (ڕەوا بوونی دۆزی ئازادی خوازی و نەهێشتنی چەوسانەوە لە دژی گەلی کورد) بووە. لە ڕووی هەبوونی سامان و سەروەتی دونیایی دەستی بە تاڵ بوو و ساڵانی کۆتایی تەمەنی بە کەم دەستی و سەختی بڕی، بەڵام بە ناودەنگی بەرز و شیاو بۆ هەمیشە مایەوە.

دوای ئەوەی مام وسو بەهۆی گوشارەکانی نەخۆشی دەست لە پێشمەرگایەتی هەڵدەگرێت، بە داخەوە جۆرێك لە فرامۆش کردنی لە لایەن سەرکردایەتی پارتی دێتە پێشی و بۆیە گلەیی

1) ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، سەرچاوەی پێشوو.

2) موحسین دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

3) محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، سەرچاوەی پێشوو، لا 194.

**نامەیەك بۆ (ئیدریس بارزانی) لە ساڵی (1984) دەنێرێت و وەڵامێکی پڕاوپڕ لە (مەردایەتی، خاکەڕایی و ڕاشکاوی) لە (ئیدریس بارزانی) وەردەگرێت.[1]**

**(مام وسو) جێگەی ڕێزی سەرکردایەتی کورد و ماڵی بارزانی بووە، هەمیشە لە کۆڕ و کووبوونەوەکان بە بەرزی ناویان هێناوە و (قادر قاچاغ) دەڵێت: "سەرۆك (مسعود بارزانی) بە شانازیەوە باسی چالاکیە قارەمانیەکانی (مام وسوی) دەکرد لە شەڕە بەناو بانگەکانی ئەیلول. هەروەها ماموەستا (عەلی عەبدوڵلا) سکرتێری پارتی ڕێزێکی تایبەتی لە (مام وسو) دەگرت و بە ئێمەی دەگووت: "ئاگاتان لێ بێت و پرسی پێ بکەن".[2]**

**(فواد حەمەلاو) دەڵێت: "پەیوەندی (مام وسو) و سەرکردایەتی بێ کەموکورتی بوو، ئەو هەرکاتێك چووبایە، بەبێ پەروا و بێ پەردە سەردانی دەکردن. بە تایبەتی لە دەورانی شۆڕشی ئەیلول کە جەنابی مام وسوی دەڕۆیشت بۆ سەرێ، ڕاستەوخۆ دیداری هەبوو بۆ لای سەرۆك بارزانی. دوای ئەویش بۆ لای (کاك مەسعود و کاك ئیدریس) لە هەر کاتێك گوتبایان (مام وسو) هاتووە، دەیانگووت فەرموو با بێت و کاتی پێویست نەبوو، چونکە ئەوان وەك برا و هەڤاڵی خۆیان هەژماریان دەکرد. (مام وسو) نمونەی خەبات و تێکۆشان و کورایەتی و دڵسۆزی و وەفا بوو، هەزار رەحمەت لە گۆڕی بێت انشاڵلا."[3]**

**لە دوای ساڵی (1985) سەختی دابین کردنی بژێوی ژیان لە گەڵ نەخۆشی بەیەکەوە پاڵەپەستوی گەورەیان بۆ سەر (مام وسو) دەهێنا، بە داخەوە هاوکار و پاڵپشتی پارتی لە ئاستی پێویست نابێت و بۆیە چەند جارێك گلەیی و سکاڵا لە سەرکردایەتی دەکات، دواجار نامەیەك ئاڕاستەی (مسعود بارزانی) دەکات و تیایدا سکالای دۆخی سەختی ژیانی دەکات. (مسعود بارزانی) بە نامەیەکی پڕ لە گەورەیی و خاکەڕایی بوون، دڵی دەداتەوە و داوای لێبوردنی لێ دەکات.[4]**

**لە سەرجەم ساڵانی پێشمەرگایەتیدا حەوت جار برینداربووە، کۆمەڵێکی زۆر لە کەس و کاری نزیکی لە بەرەی بەرگری لە نیشتیمان شەهید بوون. ئەو هەمیشە دژی شەڕی ناوخۆ و برا کوژی بووە و بۆیە هەمیشە دژی ئەو بابەتە هەنگاوی ناوە. چەند جارێك توشی جەڵتە هاتووە و سەرئەنجام لە شەوی (20-1989/02/21) لە غەریبی و ئاوارەیی کۆچی دوایی کرد.**

---

1) **پاشبەندی ژمارە (2) دەقی نامەی (ئیدریس بارزانی) بۆ (مام وسو دزەیی).**

2) **قادر قاچاغ، دەست نوس، هەولێر، 2020/09/20. نوسیویەتی: "دەسکەوتی ئەمڕۆ بەرهەمی تێکۆشەرانی نمونەی (مام وسو)ن، دەبێ هەمیشە شانازی پێوە بکەین و وەفامان بۆ ئەو کەڵە پیاوانە بەردەوام بوونە لەسەر ڕێبازەی چارەنوس ساز کە ڕێبازی پارتی و بارزانی نەمرە. جێگای (مام وسو) بەهەشتی بەرین بێت و هەمیشە بە نەمری دەمێنێت، چونکە هەوڵی داوە نەتەوەکەی و ڕێبازی ڕزگاری بەردەوام و نەمر بمێنێت."**

3) **فواد حەمەلاو ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.**

4) **پاشبەندی ژمارە (6) نامەی (مسعود بارزانی) لە وەلامی نامەی (مام وسو دزەیی).**

گوڵکۆی (مام وسو دزەیی) لە نزیك گوڵکۆی (مەلۆ خدانی) ئاموزای لە (گورستانی نەغەدە) لە سەر ڕێگای (نەغەدە - پیرانشهر) بە خاك سپێردراوە و بە بەشداری زۆر گەرمی خەلکی میوان دۆستی (نەغەدە و دەوروبەری) پرسەیەکی شایستە و گەورەی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە مزگەوتی (سمایل ئاباد) بۆ بەڕێوەچووە. دۆست و هاورێیانی لە پەنابەرانی کوردی باشوور لە زۆربەی شارەکانی ئێران بۆ پرسەکەی دێن، نوێنەرانی سەرۆکی پارتی و مەکتەبی سیاسی لە هەر سێ ڕۆژی پرسەکە بوون.

ئەوکات (مسعود بارزانی) لە وڵاتی سوریا و لە سەفەر دەبێت، بۆیە پرسەنامەیەك بە ڕێگەی تلیگرام دەنێرێت بۆ پرسەکەی، تیایدا دەڵێت: "خوالێ خۆشبوو لە شۆڕشی ئەیلولدا ڕۆڵێکی باڵای هەبوو، بە جەرگ و کۆڵنەدەر و دڵسۆز بوو، کام جێگە و سات سەخت و دژوارە کە داوای لێ کرابایە بێ دوو دڵی ڕووی لە دوژمن ئەکرد، ئەمە جگە لە دەست پاکی و جوامێری و ڕەفتاری چاك لە گەڵ خەڵکی و وەفاداری تا دوا هەناسە." هەروەها بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"بەردەوامی شۆڕشەکەمان و خۆڕاگری پارتیمان بۆ دڵسۆزی و ئازایەتی و ئەمەکداری کەسانێکی وەك شەهید (مام وسو دزەیی) دەگەڕێتەوە کە سەرانسەری ژیانیان بۆ کورد و کوردستان تەرخان ئەکەن."[1]

(ئەرسەلان مام وسو دزەیی) دەڵێت: "جێگەی خۆیەتی بڵێین ئاسوودە بنو و بێخەم بە، گەر تەمەن دەرفەتی نەدای ئاسوودەیی و سەربەرزی گەلەکەت و باڵای بەرزی ئاڵای کوردستان لە سەر خاکە پیرۆزەکەت ببینی، ئەوا ئێمەی وشیار و گوش کراوی ڕێبازی کوردانەت، بەڵێنی کوردایەتی و بەرخودانت پێ دەدەین کە بەردەوئەمین لە بە دیهێنانی خەونەکانت."[2]

(ئەبوبەکر ڕەسول) دەڵێت: "گەنجی و تەمەنی خۆی بە کورد و کوردستان بەخشی، ئەو تنها ئاواتی ئەوە بوو لە ژێر ئاڵای گەشاوەی کوردستان لە خاکی کوردستان بە ئازادی بێت و بە داخەوە ئاواتی بردە ژێر گڵ."[3]

## ورە بەرزی، کوردایەتی و شۆڕشگێڕی

سەڕەرای هەموو ئازار و نەهامەتیەکان، هەمیشە وورەی کۆردایەتی و شۆڕشگێری بەرزی هەبوو و هەمیشە بە ئۆمێدەوە دەیڕوانی بۆ داهاتوو. ئەو بەردەوام هاندەر بوو بۆ کورد بوون و نەفرەتی لە دوو بەرەکی دەکرد، خۆشەویستی بۆ ئەو کەسانە فرامۆش دەکرد کە لە کوردایەتی دوور دەکەوتنەوە. (عەلی عەسکەری) هاوڕێی ڕۆژ و ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلول و کۆردایەتی

---

1) پاشبەندی ژمارە (1)، دەقی پرسەنامەی (مسعود بارزانی) بۆ پرسەی (مام وسو دزەیی) لە وڵاتی سوریا بە تلیگرام ناردراوە.

2) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نووسەکان.

3) ئەبوبەکر ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

ئەو بووە، (مام وسو) تەنانەت خۆشەویستی ئەویشی لە ناو دڵیدا نەهێشت، کاتێك دیتی و بیستی کە ڕێگەی کورد بوونی بەرداوە.

جارێك لە دوای نسکۆ (ئەبوبەکر ڕەسول) لە شاری (مهاباد) لە گەڵ (مام وسو) بووە و لە بەرانبەر هۆتێل (شەڵماش) و بە ڕێکەوت (عەلی عەسکەری) دەبینن، دەڵێت: "زۆر بە دیداری یەکتری خۆشحاڵ بوون و هەواڵ پرسین تەواو بوو، (مام وسو) گوتی: (عەلی دەنگ و باس چیە؟) ئەویش گوتی: (دەنگوباس چیە، دەهۆڵ دڕا و دەنگی بڕا، شۆڕشمان تەواو). دواتر عەلی عەسکەری گوتی: لای (کاك ئیدریس) بووم و هەر چەندە زۆر عاجز بوو، بەڵام پێم گوت پشتتان بە شای ئێران بەست و ئەوها بە ئاسانی هەموو سەنگەرەکانتان بە پێشمەرگە چووڵ کرد. ئیدریس پێی گوتبوو هەرچی یەکمان کرد بێت سەری رەقی هەندێ کەسمان نەرم کرد و پێم گوت نەخێر ئیدریس، ئێوە زۆر ستەمتان لە ئێمە کرد و ئێمەش تۆڵەمان کردەوە، لە هەر سەنگەرێك یەك لە ئێمەی جەلالی لێ بووایە بە بێ شەڕ چوڵمان دەکرد تا ئێوە شکست بخۆن. ئێستاش هاتومە تا زۆر لە خەلکی ئێوە ڕازی بکەم بۆ ئەوەی بێن و ڕادەستی ڕژێم ببنەوە. ئەگەر ببینەوە جاشیش لە جاشی شای باشترە و وڵاتی خۆمانە، ئەگەر بشمان کوژن هەر ناحەقیان ناگرین."

"دواتر گوتی هەمان ئەو قسانەم بە کاك مسعود گوت و ئەویش پێی گوتم: "پێم خۆشە لەو جۆرە قسە و کردەوانەت پەشێمان ببیەوە و من ڕەتم کرەوە، کاك مسعود هەزار دیناری دامێ گوتی بۆ منداڵەکانت خەرجی بکە و جێبەکی وەسەتیشی دامێ". دواتر بە (مام وسوی) گوت چەند ڕۆژی دیکە دەرۆمەوە و وەرە با بەیەکەوە بڕۆینەوە، بەڵام بەو قسانە (مام وسو) زۆر تورە بوو و هەندەك قسەی توندی بە (عەلی عەسکەری) گووت و بە تورەیی و بەبێ خوا حافیزی بەجێی هێشت."[1]

(نوری غەزالی) لە بارەی وورە بەرزی و شۆڕشگێری (مام وسو) دەڵێت: "دوای تێك چوونی شۆڕش لە شاری (سەردەشت)، لە گەڵ (د. جماڵ) لە فولکە وەستابووین کە (مام وسو) هات، (د. جماڵ) دەستی کردە ملی (مام وسو) و دەستی بە گریان کرد، بە هەر حاڵ ئێمە هەمووومان لەو نسکۆیە نیگەران بووین. (مام وسو) زۆر دڵی (د. جماڵی) دایەوە و گوتی: (شۆڕش سەرکەوتنی تێدایە و تەنگانەی تێدایە، ئینشاڵلا ماوەیەکی دیکە شۆڕش دەست پێ دەکەینەوە و خەم مەخۆ هەڵ دەستینەوە)، (مام وسو) مرۆڤێکی زۆر بە ورە بوو. (د. جماڵ) گوتی: (مام وسو من بۆ خۆم ناگریم، من دکتۆرم و دەرسم خوێندووە، لە هەر شوێنێك بچم کار بۆ من هەیە. من بۆ تۆ دەگریم کە زەمانێك لە وڵاتی خۆت ناوت هەبوو و ناو نیشانێکت هەبوو. ئێستا کە دەربەدەر بووی، معلوم نیە چیت لێ بە سەر دێت و دەچیە کوێ)."[2]

---

1) ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، سەرچاوەی پێشوو.

2) نوری غەزالی، زاگرۆس تی ڤی، چاوپێکەوتن، بەرنامەی تایبەت بە بیست و پێنجەمین ساڵیادی کۆچی دوایی (مام وسو دزەیی)، 2014/2/21.

جودا لە ئازایەتی و چاونەترسی مام وسو هەمیشە حەزی بە هۆشیاری نەتەوەیی بووە و بۆیە هەمیشە پێش بە ئەنجام گەیاندنی هەر شەڕ و چالاکیەك بۆ پێشمەرگەکانی دواوە و بە کورتی قسەی بۆ کردوون تا هەم تێگەیشتنیان باشتر بێت و هەم خاوەن ورەی بەرزتر بن. (سلێمان ئەمین ئەحمەد) دەڵێت: "زۆر جار مام وسو پێش ئەوەی بچین بۆ شەڕ و چالاکی یا لە کاتی گەڕانەوەمان قسەی بۆ دەکردین و دەیگووت: (ئێمە شەڕێك دەکەین، شەڕی مان و نەمانە لە گەڵ دوژمن و سەرکەوتنی کوردە بە سەرۆکایەتی بارزانی، ئەو دەیگوت ئەوەی تاقەتی نیە و توانای شەڕی نیە با لە مەقەر لە پشتی جبهەی بێت). ئەو مەبەستی بوو زیانی پێشمەرگە کەم بێت و پێشمەرگەش ئەوەندە دڵسۆز بوون، هەبوو بە بێ چەك دەهات بۆ چالاکی. دەیانگووت شکستی دوژمن مسۆگەرە و هیچ نەبێت بۆ خۆمان چەکێك دێنین بۆ پارێزگاری لە خۆمان. جاشەکان زۆر جار هەڕەشەیان بۆ دەناردین و بەڵام گوێمان پێ نەدەدا، هەموو جارێك وەك هەمیشە (مام وسو) وەڵامی دەدانەوە و بێ منەتی دەکردن."[1]

(سەردار پشدەری) دەڵێت: "دەتوانم بڵێم هیچ بەرپرسێکی کورد بە قەدەر (مام وسو دزەیی) خۆشەویست نەبووە لە ناو جەماوەر و هێزی پێشمەرگەدا. ئەو شۆڕشگێڕەکی نەتەوەیی بوو، خوێندەواری نەبوو و بەڵام بە قەدەر دەیان خاوەن (دکتۆرا) زانستی شۆڕشگێڕی و کۆمەڵایەتی هەبوو. لە بەر ئەوەی (مام وسو) بۆ خۆی پیاوێکی ئازا بوو، پێشمەرگەکانیشی ئازا بوون و هەر جبهەیەك مام وسوی لێبایە پێشمەرگە سەرکەوتنی بە دەست دەهێنا."[2]

(ڕەسول حاجی عەبدوڵلا نورەدینی) دەڵێت: "(مام وسو) بەوە ناسرابوو زۆر مولتەزیم نەبوو بە ڕێنمایی سەربازی، چونکە بزێو و شەڕکەر بوو و زوو خۆی دەگەیاندە هەموو بەرەکانی شەڕ، لە هەر شەڕێکیش وجودی ئەو هەبایە هەموومان دڵنیا بووین لە سەرکەوتنی. ئەو لە هەر جێگەیەك هەواڵی شەڕی ببیستبایە، بێ ئەوەی ڕای بسپێرن، بارەگاکەی خۆی بەجێ دەهێشت و دەچۆوە ئەو شەڕە."[3]

(ئەحمەد قادر ڕێزبار) دەڵێت: "(مام وسو) پیاوێکی قارەمان و ڕەشید بوو، ئێمە لە گەڵ ئەو بووین، هەموومان خزمی بووین و هۆکاری سەرکەوتنی بووین. ئەگەر بە سەر (مام وسو)دا هەڵ بڵێی قەت تەواو نابێت، زۆر قارەمان و مجلیس خۆش بوو".[4] (زرار حاجی شێخ قادر) دەڵێت: "مام وسو یەکێك بوو لەو کەڵە پیاو و قارەمانانەی شۆڕشی ئەیلول کە جێ دەستی لە هەموو شەڕ و داستانەکاندا دیار بوو."[5]

---

1) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

2) سەردار پشدەری، سەرچاوەی پێشوو.

3) ڕەسوڵ حاجی عەبدوڵلا نورەدینی، سەرچاوەی پێشوو.

4) ئەحمەد قادر ڕێزبار، سەرچاوەی پێشوو.

5) زرار حاجی شێخ قادر، سەرچاوەی پێشوو.

(فواد حەمەلاو) دەڵێت: "(مام وسو دزەیی) زۆر ڕێزی بۆ پێشمەرگەکان هەبوو و هەمیشە بە هەموو شێوەیەك یارمەتی دەدان واتە لە ڕووی ماددی و مەعنەوی. ئەو پیاوە لە هەموو ڕوویەکەوە هیچ کەموکوڕی نەبوو واتە خۆی بە لێپرسراو دانەدەنا، بەڵکو دۆست و برادەر بوو لە گەڵ هەموو پێشمەرگەکان. بە تایبەتی لە گەڵ من وەك دوو برا بووین،ئەو برا گەورە بوو و من برا بچووك بووم."[1]

(سلێمان ئەمین) دەڵێت: "یەك لە سیفەتەکانی (مام وسو) ئەوە بوو کە ڕووی لە پێشمەرگەی ئازا وەرنەدەگێڕا و پشتی تێ نەدەکرد، جا پێشمەرگەکە پلەی هەبا یان نا. (مام وسو) دەیگووت: (لە گەڵ خەڵك باش بن و زیانیان پێ مەگەیێنن و ئەگەر نا هەرچی دەی کەن بیکەن)."[2]

**لە کایەی کۆمەڵایەتیدا**

ئەو خاوەن کەسایەتیەکی تایبەت و بەهێز بووە، پیاوێکی لە سەرەخۆ و بە متمانە بووە. نەخوێندەوار و بەلاّم خاوەنی زەکاوەتی تایبەتی بووە، سەرناس و قسە خۆش بوو. خاوەن هێزی گونجان و ڕێکخستنی کاریگەر بووە، زمانێکی پاراو و هێمنی بۆ ئاخاوتن بەکار دەبرد و بۆیە زوو سەرنجی بەرانبەرەکەی ڕادەکێشا.[3]

شێخ مەنسووری شێخ کاکەی دارەخورما دەڵێت: "پێگەی تایبەتی هەبوو لە ناو کۆمەڵگا و هەر بۆیە بەردەوام دیوەخانی کراوە بووە بە ڕووی خەڵکدا، دستێکی باڵای هەبووە لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایتیەکان و ڕێزی زۆری لێ دەگیرا."[4]

هەردەم لە کایە کۆمەڵایەتیەکان بەشدار بووە و هەوڵی چارەسەر بووە، باوەڕی بە زۆر بابەت هەبووە کە بۆ سەردەمی ژیانی ئەو زۆر تازە و زۆر مەزن بوون. (مام وسو) دژی کێشە کۆمەڵایەتیەکان بووە و هەمیشە لایەنگری خەلکی کەم دەست و بێ دەسەڵات بووە، وەك جوتیار هەڵسوکەوتی کردووە و خۆشەویستی هەژاران بووە. بۆیە هەمیشە جێی باوەڕ و متمانەی خەڵك و کۆمەلگا بووە.

کەسایەتیە ناودارەکانی هەمیشە بە شانازی ناویان بردووە و (موحسین دزەیی) دەڵێت: "خۆی ئینسانێکی بە شەخسیەت بوو، ئینسانێکی باوەر پێ کراو بوو. ئینسانێك بوو کە جێی ئیحترامی خەڵك بوو."[5]

---

1) فواد حەمەلاو ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

2) سلێمان ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

3) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، سەرچاوەی پێشوو.

4) مەنسور شێخ کاکە بەرزنجی، دەست نووس، هەولێر، 2020.

5) موحسین دزەیی، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

عومەر عوسمان دەڵێت: "مام وسو کەسێکی ڕێك و پێك و بە شەخسیەت و مجلیس خۆش بوو، بە ڕاستی من شانازی پێوە دەکەم کە باسی بکەم و سەری ڕێز بۆ خەبات و ماندوو بوونی دادەنوێنم. مام وسو دزەیی جێگەی خۆشەویستی زۆر خەڵك بووە و چ ئەوانەی ئیشیان لەگەڵ کرد بێت و چ لە دوورەوە ناویان بیست بێت، دەتوانم بڵێم ئەوانە بوون کە ڕێچکەی کوردایەتی ڕاستەقینەیان داناوە."[1]

(حاجی حاجی برایم) دەڵێت: "لە ڕووی کۆمەڵایەتی (مام وسو) نەتنها سەرکردەی پێشمەرگە و قارمانێکی ناو پێشمەرگایەتی و شۆڕش بوو، بەڵکو سەرکردەی ماڵی خۆی بوو و بە هاوکاری (عاصمە خان) کە هاوسەر و هاوکار و پشتیوانی بوو، پەروەردەیەکی زۆر جوانی نیشتیمانی نەتەوەیی و ڕەوشت بەرزی منداڵەکانیان کردووە. هەشت نۆ کۆڕ و کچیان پەروەردە کردووە بە گیانی نیشتیمان پەروەری بەرز کە ئێستا هەموویان لە سەر ڕێبازی باوکی خۆیان و لە ڕیزی (پارتی دیموکراتی کوردستان) خزمەت دەکەن".[2]

(ئەحمەد ڕەشید) دەڵێت: "(مام وسو) زۆر هێمن و لە سەرخۆ بوو، خۆی بە گەورە و بەرپرس نەدەزانی و وەك جوتیارێك لە ناو خەڵك هەڵسوکەوتی دەکرد. ئەو بە ڕاستی گەورەیی خۆی سەلماند بوو و بەردوام ئامۆژگاری دەکردین. هەمیشە ڕێزی بۆ خەلکی دادەنا و هەندێ کاری وای ئەنجام نەدەدا کە ببێتە هۆی ئازاردانی خەڵکی، بۆیە ئێستاش لە قەڵادزێ بڵێی (مام وسو دزەیی) خەڵك هەموو ڕێزی لێ دەگرن و کۆنە پشدەریەکان ڕێزیان بۆی هەیە، باوەر ناکەم کەس بە خەراپی باسی بکات. ئێستاش ئەگەر کەس لێیان پرسیار بکات خۆشەویستیان بۆی هەیە".[3]

(زرار حاجی شێخ قادر) دەڵێت: "لە ڕووی کەسایەتی (مام وسو) هەم ئەو کاتەی لە مەرگە بوو و هەم ئەو کات ناوبانگەکی بۆ خۆی دەرکرد بوو، ڕێزی تایبەتی هەبوو. باوەری زۆری هەبوو، لە ئاوارەیی خەلك هەبوو ڕووخابوو، بەڵام ئەو زۆر بە وورە بوو و دەی گووت (کوڕە خەمتان نەبێت ڕۆژە ڕەشەکان کۆتاییان دێت)"[4].

(حەمەلاو شوانی) دەڵێت: "لە بەر ئەوەی قارەمان و شۆڕشگێر و ئازا بوو، زۆر دۆستایەتیمان هەبوو، ئینسانەکی (پاك و ڕاست و دروست) بوو، قسەیەك ڕاست نەبووایە بۆ کەسی نەدەسەلماند و زۆر دڵسۆز بوو. بە ڕاستی ئینسانێکی بە کۆمەڵایەتی بوو و خزمەتی بە خاك و نیشتیمان دەکرد، ڕێزی لەو خەلکە دەگرت و دڵسۆز بوو لە گەڵ خەلك، ئینسانێکی شەعبی بوو و لە گەڵ خەلك و پێشمەرگە باش بوو."[5]

---

1) عومەر عوسمان، سەرچاوەی پێشوو.

2) حاجی حاجی برایم، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

3) ئەحمەد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو.

4) زرار حاجی شێخ قادر، سەرچاوەی پێشوو.

5) حەمەلاو شوانی، سەرچاوەی پێشوو.

(سەید مەحمود سید ئیسماعیل) کە لە (1959) بۆتە ماموەستا و هاوڕێی مام وسو بووە، دەڵێت: "مام وسو پیاوێکی ئازا بوو، چاو نەترس و شۆڕشگێر بوو و وەك هەر یەکە لە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بوو. ئەو چەکی خۆی هەبوو و خۆشەویست بوو و خەڵك خۆشیان دەویست."[1] هەروەها (مەلا قادر خانەقینی) دەڵێت: "ئەوەی من مام وسوم ناسیوە کەس نەی گوتووە پیاوێکی خەراپ بووە و هەمیشە باسی جوانمێردی و ئازایەتی کراوە، خەڵکی هەولێر بووە و لە پشدەر هەموو خۆشیان دەویست."[2]

(شێخ مەنسوور شێخ کاکە) دەڵێت: "هەر لە سەرەتای منداڵیەوە خەسڵەتەکانی سەرکردە بوونی لە کەسایەتی مام وسو ڕەنگی داوەتەوە، پیاوێکی ئازا و چاونەترس و خاوەن دەست و تفەنگی خۆی بووە. کەسێکی ڕاستگۆ بەرانبەر کورد و دوزەکەی بوو، زۆر وەفادار بوو بەرانبەر مستەفا بارزانی، خاوەن باوەری بەرزی ئایینی ئیسلام بووە، لەگەڵ خوالێ خوشبوو شێخ کاکە زۆر دۆست و نزیك بووە."[3]

(ئەبوبەکر ڕەسول خانزاد) دەڵێت: "(مام وسو) پیاوێکی بە هەڵمەت و چاونەترس و لە سەرخۆ بوو، لە شەڕدا خۆی لە پێش هەمووان دەڕۆیشت. ماندوو بوونی نەدەزانی و ترس لە عەقڵ و ویژدانی ئەودا نەبوو. زۆر کەیفی بە پیاوی خاوەن هەڵوێست و چاك دەهات، هەموو کات لای بارکەوتووان بوو و دژی زاڵم و ستەمکار بوو و هەموو کات لای هەژار و فەقیر بوو و پشتیوانی لێ دەکردن. لە گەڵ خەلکی سادە و خاکی بوو."[4]

بە ڕای (سەردار پشدەری): "(مام وسو) وەك دادوەرێکی باش ناوی دەرکرد بوو بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان، زۆرینەی خەڵك نەدەچوو بۆ دادگا و دەچوونە لای (مام وسو) بۆ چارەسەری کێشەکانیان."[5] (پیرۆت محەمەد) دەڵێت: "پیاوێکی زۆر مەجلیس خۆش بوو، کە لە گەڵی دادەنیشتی هەستت بە کات نەدەکرد و لێی تێر نەدەبووی، ماڵ و بارەگای لە بەرانبەر یەك بوو، زۆر شەو بەبێ دەنگی دەهات و چاودێری پاسەوانەکانی دەکرد، وا بە ئەسپایی دەهات کە کەسمان هەستمان نەدەکرد تا دەگەیشتە لامان."[6]

(قادر قاچاغ) بەم شێوەیە دەدوێت: "لە دوو ساڵی (1984 - 1985) کە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی خەبات بووم لە شاروچکەی (نەغەدە) کەسایەتی دڵسۆز و سەرکردەیەکی دێرینی شۆڕشی ئەیلولم ناسی ئەویش (مام وسو دزەیی) بوو، چەند جار سەردانی بارەگای ناوچەی دەکرد و

1) سەید مەحمود سەید ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو.

2) مەلا قادر خانەقینی، سەرچاوەی پێشوو.

3) مەنسور شێخ کاکە بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو.

4) ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، سەرچاوەی پێشوو.

5) سەردار پشدەری، سەرچاوەی پێشوو.

6) پیرۆت محەمەد گەرمکانی، سەرچاوەی پێشوو.

ئێمەش سەردانی ماڵی ئەو قارەمانەمان دەکرد. زۆر جار پرسمان پێ دەکرد بۆ هەندێ کاروباری پێویست و زۆر هاوکاری ئێمەی دەکرد بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵایەتی و سەردانی ماڵی شهیدان و برینداران و سودێکی زۆرمان لێ بینی وەك مامێکی خاوەن ئەزموون و پێزانیین".[1]

(محەمەد مام باپیری ئاوەژێ): "پیاوی وەك (مام وسو) نەبوو، زۆر بە وەفا و ئازا بوو، تنها بەرژەوەندی ڕەش و ڕووتی دەویست و (مەلا مستەفا) قەرزداری ئەو بوو، هەروەها دژی ئیقتاعی و دەرەبەگ بوو. ئەو پیاوێکی شۆڕشگێر و هی هەموو لایەك بوو."[2]

### (مام وسو) و نیشتیمان پەروەری

خۆشەویستی بۆ گەل و نیشتیمان بە هەموو کرداری دیار بوو، ئەم ئاکارانە و پێگەی بنەماڵە و باوکی وایکرد لە ناو خزمان لە سەرەتای لاوێتی بە (مام) ناو ببرێت و ئەم ئاوەڵ ناوە بە یەك جاری دەبێتە بەشێك لە ناوەکەی. خەونی نیشتیمان و تێڕامان لە باری کۆمەلایەتی گەلەکەی پتر لە هەر شتێك و تەنانەت پتر لە ژیان و سامانی دونیا، بیر و کرداری (مام وسو) داگیر دەکات، زۆرجار ئەو دەیگوت مرۆڤەکان دوو جۆرن "کەسانێك بۆ خۆیان دەژین و هەندێکیش بۆ بوونی گەل دەژین."[3]

(موحسین دزەیی) دەڵێت: "(مام وسو) بە ڕاستی کادیرێکی چالاکی پارتی بوو و دەگەڕا لە دێهاتەکان، خۆی ئینسانێکی بە شەخسیەت بوو، ئینسانێکی باوەر پێ کراو بوو. ئینسانێك بوو کە جێی ئیحترامی خەڵك بوو و بۆیە دەیتوانی کاریگەری لە سەر خەڵك بکات و هانیان بدات بۆ ڕێگەی کوردایەتی."[4]

(محەمەد مەلا قادر) دەڵێت: "مام وسو هەر لە سەرەتای ژیانییەوە مرۆڤێکی بە جموجۆڵ بووە، لە ساڵی (1953) کە بزوتنەوە و ڕاپەرینی جوتیارانی دەشتی هەولێر لە دژی زولم و زۆرداریی دەرەبەگەکان دەست پێدەکات، (مام وسو) وەك هەر کورە جوتیارێك بەشداری دەکات و لە گەڵ ئاغاکانی ناوچەکە نێوانیان خەراپ دەبێت. باب و باپیرانیشی لە ناودارەکانی ئەو ناوچەیە بوونە."[5]

(نوری غەزالی) دەڵێت: "ئاشنایەتی من بۆ ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (1968 - 1969) کە بە یەکەوە لە (هێزی کاوە) بووین، سەرکردەیەکی ئازا و بە هیممەت و ئینسانێکی بە لێ بوردە بوو،

---

1) قادر قاچاغ، دەست نوس، سەرچاوەی پێشوو.

2) محەمەد باپیر محەمەد ئاوەژێ، سەرچاوەی پێشوو.

3) ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نوسەکان.

4) موحسین دزەیی، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

5) محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، لا (192).

(مام وسو) ژیانی پێشمەرگایەتی لە پێشمەرگەی سادە دەست پێ کرد بوو، بە ئازایەتی و بە هیممەتی خۆی بە پلەی ئامر بەتالیۆنی گەیشت بوو."[1]

ماموەستا (فواد حەمەلاو) دەڵێت: "ئێمە وەکو برا بووین بە یەکەوە و بەبێ پەروا هەموو شتێکمان لای یەکتری دەگووت، بە شتی نهێنی و ئاشکرا. چونکە پیاوێکی زۆر زۆر نهێنی پارێز بوو و بە دەگمەن پیاوی وا هەڵدەکەوێت، ئەگەر شتێکت بۆ باس کردبایە بۆ کەسی نەدەگێڕایەوە. لەناو دڵی خۆیدا ڕایدەگرت و باسی کەسی نەدەکرد."[2]

(د. ئەحمەد شەریف) دەڵێت: "پیاوێکی تێکۆشەر بوو، پیاوێکی ئازا بوو بە دەستی خۆی، یەك لە قارەمانەکانی دەشتی هەولێر حیساب دەکرێت کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و ئەوانەی ڕۆڵی قارەمانیەتیان بینیوە لە شۆڕشی ئەیلول و دواتریش. پیاوێکی ڕاستگۆ بوو، پیاوێکی بە ڕاستی دڵسۆز بوو و هەمیشە دەیگووت: (ئێمە دەبێت بۆ میللەتەکەمان بژین) ئەوە فیکر و فەلسەفەی (مام وسو) بوو. هەر چەندە (مام وسو) خوێندەواری نەبوو، بەڵام بە ڕاستی پیاوێکی عاقل بوو و یەك لەو کەسانە بوو کە ئێمە و هەڤالانی پێویستە شانازی پێ بکەین". [3]

(عومەر عوسمان) دەڵێت: "(مام وسو) کەڵە پیاو بووە و لە گەڵ (فارس باوە) قارەمانی بە ناو بانگ بوون و ئینشاڵلا جێگەی بهشتە و هەر ئەو کەسانەن کە بوونە هۆی درێژە پێدانی خەباتی پارتایەتی و دەتوانم بلێم ئەوانە بوون کە ڕێچکەی کوردایەتی ڕاستەقینەیان داناوە".[4]

(نادر حەمە قادر) دەڵێت: "پیاوێکی بە ویقار و ڕەنگ پیاوانە، کاتێك تەماشات دەکرد بە ڕاستی سیمای شۆڕشگێری تێدا بەدی دەکرا. ئەو پیاوە خەڵکی ناوچەی دەشتی دزەییایەتی بوو و هاتبوو لە قەڵادزێ خزمەتی دەکرد".[5]

(سەردار پشدەری) دەڵێت: "مام وسو دزەیی خوێندەواری نەبوو و بەڵام بەقەدەر دەیان خاوەن دکتۆرا، زانستی شۆڕشگێڕی و کۆمەڵایەتی هەبوو".[6]

وێڕای ڕێزی زۆری بۆ شۆڕشگێران، (مام وسو) لە هەڵسوکەوت و ڕاستی بێژیدا هەمیشە بە هەڵوێست بووە، هیچ کات لە دەربڕینی هەستی خۆی دوو دڵ نەبووە و لەم بارەوە لە ڕووداوێکی ناو شۆڕشی ئەیلول (مەلا حەسەن ڕەستگار) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "کە گەیشتینە بنکەی سونێ، کاك حەمەدەمین و سمایل و ساڵاریش لەوێ دانیشت بوون، مام وسو دزەیی سەر لکی هێز بوو، مام

---

1) نوری غەزالی، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

2) فواد حەمەلاو ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

3) د. ئەحمەد شەریف، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

4) عومەر عوسمان، سەرچاوەی پێشوو.

5) نادر حەمە قادر، زاگرۆس تی ڤی، سەرچاوەی پێشوو.

6) سەردار پشدەری، سەرچاوەی پێشوو.

وسو زۆر بەرێزەوە لەگەڵمان دەدوا، تەنانەت گوتی: من شەرمەزارم لەو کارەی دەیکەم، بەڵام چارەم نیە و فەرمانەکە لە سەرەوە هاتووە،ئێوە بڕۆن بۆ لای حەسۆ میرخان."[1]

(ئەحمەد ڕەشید) دەڵێت: "باوەڕ ناکەم لە ژیانی پێشمەرگایەتی ئازاری کەسی دابێت، ئەگەر خزمەتی نەکرد بێت و بەرگری لێ نەکرد بێت. بۆیە جگە لە ڕێز و خۆشەویستی شتی دیکەیان بۆی نیە. کابرایەکی زۆر لە سەرخۆ و هێمن و بێ تەماح بوو، ئەوەی ئەو دەیکرد تنها بۆ سەرکەوتنی حزب و شۆڕش بوو و هیچ مەبەستی کەسی لە ناویدا نەبوو."[2]

**خانەوادەی مام وسو دزەیی**

(مام وسو دزەیی) دوو هاوسەری هەبووە بە ناوەکانی (بەسێ سەعید ئەحمەد، عاصمە ڕەسول حەمەد) و بەرهەمی هەر دوو خێزان (12 کور و 8 کچ) بووە، کە دوو لە کوڕەکانی بە ناوەکانی (محەمەد، کامران) لە شۆڕشی ئەیلول بە هۆی دوورەدەستی و نەگەیشتنیان بە نەخۆشخانە لە گوندی (شیخ ئاودەلان) دەمرن، (ئاریان) بە هۆی بۆردمانی شاروچکەی (قەلادزێ) دووچاری تێك چوونی مێشك دەبێت و دوای ماوەیەك لە ئەشکەوتی (قوچ) لە سەرڕووی گوندی (کانی تووی) ناوچەی (بەری مەرگە) گیان لە دەست دەدات.

خێزانی یەکەمی (مام وسو) ناوی (بەسێ سەعید) بووە کە خزمی خۆی بووە و لە (1942) بۆتە هاوسەری، کۆڵی ناخۆشیەکانی ئەیلول و بەخێو کردنی (7) منداڵی بۆ هاوسەرەکەی بە کۆڵ گرتووە. چوار لە منداڵەکانی کچ بوون بە ناوەکانی (خاسێ، نازێ، سێوێ و شادیە). لە دوای نسکۆی ئەیلول لە ساڵی (1975) بە پەسەند دەزانن لە دەشتی هەولێر بمێنێت و ئاگاداری منداڵەکانی ببێت. دوای ڕاگواستنی (دەشتی هەولێر)ماڵیان دەکەوێتە ئۆردووگای زۆرە ملێی (توپزاوا – شارەدێی ڕزگاری ئێستا) و لە ساڵی (2004) کۆچی دوایی کردووە، لە گۆرستانی (تۆپزاوا) بە خاك سپاردراوە.

خێزانی دووەمی ناوی (عاصمە ڕەسول خانزاد)، لە شارەدێی (میرزا ڕۆستەم) هاتووتە دونیا و دانیشتووی شارەدێی چوارقورنە بووە، لە (1965) بۆتە هاوسەری (مام وسو) و لە هەموو ناخۆشیەکان هاوبەشی بووەن ئازار و بەد بەختی زۆری دیتووە. ئاوارە ئێران بووە و ڕێزی زۆری لای (مسعود بارزانی) و (سەرکردایەتی پارتی) هەیە.

کوڕی گەورەی (مام وسو) ناوی (سابیر) و لە دایك بووی (1956) و دەرچووی ئامادەیی بووە. لە ساڵی (1978 - 1986) پێشمەرگەی (ح. س. ك) بووە و لە ناو شۆڕش بە (هاوڕێ ئاوارە)

---

1) حەسەن ڕستگار، بڕگەیەك لە ژیان و خەباتم، ستۆکهۆڵم (2021)، بەرگی (1)، بەشی (1)، لا (325). حامید گەوهەری، سیاسەتی چەواشە، لا (77)، ستوکهۆڵم (2018).

2) ئەحمەد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو.

ناسرا بووه. له (1986) به هۆی دوو بەرەکی ناو (حزبی سۆسیالیست) دەست له پێشمەرگایەتی هەڵدەگرێت و دێته شاری (نەغەدە). ماوەی یەك ساڵ له گەل ماڵی باوکی دەبێت، دواتر دەگەڕێتەوه بۆ باشوور و له شارۆچکەی چوارقوڕنه نیشتەجێ دەبێت، له ساڵی (2017) به نەخۆشی له شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووه.

(م. عومەر مام وسو) کوڕی دووەمی بووه و له ساڵی (1958) له دایك بووه، پیاوێکی گوفتار شیرین و به کۆمەڵایەتی، خاوەن تێکەڵاویەتی و دۆستایەتی زۆر بەرفراوان بووه و پێشەی ماموەستا بووه له سنووری شارەدێی ڕزگاری (کۆمەڵگای توپزاوای کۆن) له شارۆچکەی (خەبات). له ساڵی (2007) به نەخوشی دڵ کۆچی دوایی کردووه و له گۆرستانی گوندی (تۆپزاوا) له سنووری شارەدێی (ڕزگاری) له هەولێر به خاك سپاردراوه.

(خليل مام وسو) له دایك بووی ساڵی (1962) بووه و له (1980) له کاتی چالاکی سیاسی و گەیاندنی بڵاوکراوەکانی شۆرش، له لایەن ڕژێمی (بەعس) لەگەڵ چەند تێکۆشەریی دیکه دەستگیر دەکرێن. بڕیاری له سێدارەدان بۆ ئەو و هاوڕێکانی دەدرێت، بەڵام بەهۆی کەمی تەمەنی بڕیاری له سێدارەدانی ناوبراو جێبەجێ ناکرێت.[1] تا ساڵی (1989) له زیندانی (ئەبو غرێب) دەمێنێت و دوای زیاتر له هەشت ساڵ ئازاد دەکرێت. بۆ سەربازی زۆرملێ دەبردرێت و له (شەڕی کەنداو) له (کویت) دەبێته ئەسیری هێزه هاوپەیمانان، دوای ڕاپەڕینی (1991) ئازاد دەبێت. له دوای ساڵی (1996) دەبێته پێشمەرگه له (هێزی کۆماندووی تایبەت) به فەرملندەیی (ئەرسەلان مام وسو). بەردەوام دەبێت تا پلەی (موقەدەم) له ڕیزی پێشمەرگەی (زێرەڤانی) و له سەرەتای (2020) خانەنشین کراوه، له (2020/04/07)[2] به نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردووه.

(ئەرسەلان مام وسو) پیاوێکی تێکۆشەر و ئازا له پێشمەرگایەتی و به توانا له ئاخاوتن، له ساڵی (1968) لەدایك بووه و له (1986) بۆته پێشمەرگه. پلەکانی (کارگێری رێکخراوی نەغەدە) و (ئەندامی ناوچەی خەباتی) پێش ڕاپەڕین بڕیوه. دوای ڕاپەرین له سەر فەرمانی (مسعود بارزنی) بۆته فەرماندەی بەتالیۆنی تایبەتی (قەره سرد). کۆمەڵێك بەرپرسیاریەتی هەبووه لەوانه: (فەرماندەی بەتالیۆن و هێز له سوپای 2، فەرماندەی هێزی کۆماندووی تایبەت له مەکتەبی نیچیرڤان بارزانی، ئەندام فەرماندەی زیرەڤانی، ئەندام و دواتر جێگری فەرماندەی هەولێر، فەرماندەی پێشمەرگەی ژینگه). ئێستا (جێگری میحوەری 6ی گوێر و مەخموری) پێشمەرگەی کوردستانه. چەند جار به سووکی بریندار بووه و هەمیشه ڕۆڵی شایستەی له

---

1) بەهۆی ئەوەی له پێناسی شارستانی به له دایك بووی (1964) نوسراوه و نەگەیشتووته تەمەنی (18) ساڵی، بڕیاری له سێدارەدانی بۆ جێبەجێ ناکرێت. (نوسەر)

2) به داخەوه له کاتی نوسین و ئاماده کردنی ئەو توێژینەوەیەدا کۆچی دوایی کرد ونەیتوانی کوتایی ئەو پەرتوکه ببینێت. (نوسەر)

پارێزگاری دەستکەوتەکانی کورد دیتووە. دەیان مەدالیا و بەڵگەی شانازی لە لایەنە جیاوازەکان وەرگرتووە. لە کۆنگرەکانی (11، 12، 13)ی پارتی دیموکراتی کوردستان) ئەندام بووە.

(پشتیوان مام وسو) لە (1971) لە پشدەر هاتووتە دونیا و دەرچووی ئامادەییە، لە (1989) بۆتە پێشمەرگە و هەموو پلەکانی پێشمەرگایەتی لە تەمەنی بڕیوە. کەسێکی خاوەن سەنگە و هەمیشە جێ متمانەی دۆست و خۆشەویستانی لە ناو پێشمەرگە و خزمایەتی بووە. شان بە شانی براکانی پێشمەرگە بووە و ئێستا فەرماندەی فەوجی (1ی) لیوای (10ی) هێزی پێشمەرگە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە.

کچەکانی هاوسەرگیریان کردووە و هەریەکە کۆمەڵێك کوڕ و کچیان بۆ شۆڕش پەروەردە کردووە و لە هەمووماڵەکانی ئەو خێزانە پێشمەرگایەتی بۆتە بەشێك لە ئەرکی سەرەکی. (خانزاد خان) یەك لە کچەکانیەتی کە شان بە شانی براکانی خەباتی کردووە و لە ساڵی (1986) هاتووتە ڕیزی (قوتابیان) و دواتر (یەکێتی ئافرەتان). هەمیشە وەك پێشمەرگە بووە و دەرچووی زانکۆیەن دەیان ئەرکی لە ڕێکخراوە پیشەیی و ناحکومیەکان دیتووە. لە ساڵی (2014) لە هەڵبژاردن سەرکەوتووە و ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی (پ. د. ك)ە.

هەر یەکە لە کچەکان (نوبهار، شەریفە و سارا) لە کاتی پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی لە شارە جیاکانی ئێران هاتوونەتە دونیا. نوبهار یاریدەدەری پزیشکیە و لە بواری ئەرکی خۆیدا زۆر کارامەیە، ماوەیەك لە ڕێکخراوە ناحکومیە خێرخوازەکان خزمەتی کردووە و ماوەیەکیش لە نەخۆشخانەی ئیمەرجێنسی هەولێر بووە. شەریفە دەرچووی زانکۆیە و پێشەی ماموەستایە، ئێستا بەرێوەبەری قوتابخانەی (پایانی بنەڕەتی) یە لە شاری هەولێر، یەك لە کادیرە باشەکانی بواری پەروەردەیە لە هەولێر.

سارا خاتوون دوایین منداڵی مام وسویە و دەرچووی زانکۆیە، جگە لە ئەرکی ماموەستایەتی، ئەرکی حزبی بەرێوە دەبات و لە ساڵی (2008) بۆتە ئەندامی ناوچە لە سنووری لقی 2ی پارتی و لە (2011) لە کونفرانسە ناوخۆییەکانی دوای کۆنگرەی 13ی پارتی، بۆتە ئەندامی کارگێری ناوچە و تا ئێستا بەردەوامە لە کارەکانی.

کورەکان (حسن، حسین و عیمران) هەموویان لە ئەرك و ماندوو بوون بە سەختی بەشدار بوونە و ئەوانیش لە ئێران لە دایك بوونە، (حەسەن) هەم ماموەستای ئامادەیی و ماوەیەك بەڕێوەبەر بووە، هەم (زانای ئایینی ئیسلامە) و (ئیمام و خەتیبە) لە یەك لە مزگەوتەکانی دەوروبەری شاری هەولێر و ئێستا قوتابی لە خوێندنی زانستە ئایینیەکان بۆ قۆناغی ماستەر. حوسین وەك هەر یەکە لە براکانی لە دوای (18) ساڵی تێکەڵ بە پێشمەرگایەتی بووە و هاوکات پەیمانگای تەکنیکی لە شاری هەولێر تەواو کردووە. ئێستا لە (هەواڵگری عێراقی) لە شارەدیی (عنکاوە) ئەرکی هەیە، لە ناو دۆست و بێگانە ناسراوە کە زۆر هێمن و لە سەر خۆیە و

خۆشەویستی ناو دۆستەکانیەتی. (عیمران) کوری بچووکی (مام وسو) یە و چاو کراوە و پڕاوپڕ دۆستایەتیە، لە دوای تەواو کردنی قوناغی ئامادەیی واتە لە (2003) تا بە ئێستا پێشمەرگەیە و لە داستانەکانی دژی تیرۆریستانی داعش بەشدار بووە. ئەو لە گەرمەی ئەرکی پێشمەرگایەتی توانیویەتی (کولیژی یاسا) لە زانکۆی (لوبنانی فەرەنسی) تەواو بکات.

# پاشبەندەکان

## پاشبەندی ژمارە (1) پرسەنامەی (مسعود بارزانی) بۆ کۆچی (مام وسو)

بو/ بنەمالەو کەسوکاری خوالیخوشبوو مام وسو دزەیی

سلاویکی شورشگیرانە

زور بەداخەوە هەوالی کوچ کردنی خوالیخوشبوو ( مام وسودزەیی )م بیست • سەرەخوشیتان لی ئەکەم و هاودەردی ماتەمی ئیوەم و لەخوای مەزن داوای رەحمەت بو خوالیخوشبوو و صەبوری بو ئیوە دەخوازم •

( مام وسو ) بەسر لەئیوە نەچووە • ئەو رولەیەکی دیرزو بەوەفای شورشی کوردو پارتیمان بوو • جیگەی برواو متمانەی مستەفا بارزانی نەمرو سەرکردایەتی پارتی بووە تا دوا روژی ئەو ریزو حورمەتەی لای ئیمەو گشت ئەو کسانە هەبو کەلەسەنگەری خەبات و روژی تەنگانەدا دەیان ناسی •

خوالیخوشبوو لە شورشی ئەیلول دا رولیکی بالای بوو • بەجەرگ و کولنەدەرو دلسوز بوو • کام جیگەو سات سەخت و دژوارە کەداوای لی کرابا • بی دولی روی لە دوژمن ئەکرد • ئەمە جگە لەدەست پاکی • جوامیری • رەفتاری چاک لەگەل خەلکی و وەفادری تا دوا هەناسە • لە ١٩٧٥ بەم لاوە نەیویست تەسلیمی ئیرادەی رژیمی دیکتاتوری بمی • ئاوارەیی لەگەل بارزانی و هەفالانی هەلبژاردو سەرەرای پیری و نەخوشی و گیروگرفتی ژیان هەمیشە ئامادەیی پیشان دەدا کەلەخزمەتی شورش و پارتیدایەو هەر فرمانیکی سەرکردایەتی هەبی جی بەجی ی ئەکا •

بەردەوامی شورشەکەمان و خوراگری پارتیمان بو دلیری و ئازایەتی و ئەمەگداری کەسانیک وەك ئەهید ( مام وسو دزەیی ) دەگەریتەوە • کەسەرانسەری ژیانیان بو کوردو کوردستان تەرخان ئەکەن •

ئەو چووە جیگەی هەق و ئەوەش ریگەی هەمو ئینسانیکە • بەلام بو کەسانیك وەك ئەو وبوولە ئازاکانی گەل • ناوبانگی درەوشاوەی پر لەشانازی ئەمینیتەوە • جیگەی سەربەرزی یە بو پارتیمان و بو گەلی کورد کە رولەی وەك ئەوانیان هەیە •

جاریکی تر بەناوی خوم و مەکتەبی سیاسی بەریزەوە سەرەخوشیتان لی ئەکەم • انشاالله جیگەی بەهەشت بی •

( انا لله وانا الیه راجعون )

براتان
مسعود بارزانی
٨/٢/١٩٨٩

تی بینی /

ـ ئەم پرسەنامەیە بەتەلەفون وەرگیراوە •

## پاشبەندی ژمارە (2) دەقی نامەی (ئیدریس بارزانی) بۆ (مام وسو دزەیی)

برای بەڕێز و خۆشەویستم کاک مام وسو دزەیی

لە دوای سلاو و ئیحترامی برایانە

زور بە حوالتان دەپرسم وە داواکارم لە خوای گەورە کە صحەتتان باش بێت
وە خوا دەرگای خێر بو میللەتە هەژارەکەمان بکاتەوە

نامەی جنابت بە هوی کاک سعدی بەدەستم گەیشت وە بە وردی سەیرم کرد
دلنیابە کە بە هیچ جورێک دوری نیە لە بیری رای منو جنابت وە لەو
مشتانەی کە باستان کردوە لە سەر [illegible] [illegible] [illegible]
نەخێر ئەوە یە زروفی من ئێستا ئەوەندە زور [illegible] هەیە حەز ئەکەم
وە بە پێویستی ئەزانم بیکەم بەلام بوم ناکرێت وە بە هەموو شێوەیەک
[illegible] داوە رێگەی تر بدوزمەوە . دوری [illegible] جی باور وەکو ئەوە
ئێستاش بە زیانو زەرەری ئێمە تەواو ئەبێت وە کەس [illegible]
خوشی زیان ببێت بەلام ئینسان کە ناچار ببێت چی بکات .

کاکە مام وسو ئەگەر لەبەر زروفی تایبەتی خوم نەبێت من ئێستاش
باشترو بە حورمەت تر سەیرت ئەکەم لەو روژەی کە بەرەبەیان
سەرکەوتی بو سەری زورانك وە هەر وەکو برایەکی دلسوز و وەفادار
تماشای تو ئەکەم وە ئومێدم وایە هەر وابین تا مردن .

زورم پێ خوش بو کە هاتبوی بو ئێرە چاوم پێت بکەوتبایە بەلام
[illegible]
[illegible] زورم پێ خوشە [illegible]
[illegible] . [illegible] بەلام
[illegible] لە سەر [illegible] [illegible] لە زور [illegible] دەسەلات
[illegible] وە خوا گەورەیە ئینشاءالله بە عام روی لە خێرە وە بە خواتان
ئەسپێرم

براتان
ادریس بارزانی
١٤/٤/[illegible]

## پاشبەندی ژمارە (3) (بڕیارنامەی دادگای کەرکوک)

**بە کوردی کراوی بڕیارنامە لە دژی کۆمەڵێك تێکۆشەر لەناویان (مام وسو دزەیی)**

**لاپەرە یەکەم**

دیکۆمێنتی ژمارە(٣٣)

لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکۆمەتی عێراق

<u>بڕیاری بە تاوانبارکردن</u>

دادگایەکی تایبەت پێکهێنرا لە کەرکوك لە ڕێکەوتی ١٦ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٤ گرێدراو بە بڕیاری سەرۆکایەتی دیوانی شۆڕش ٣٩٦ لە ١٩٧٤/٤/١١ دەرچووە بە ناوی گەل بڕیاری دەدات:

گواستنەوەی دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کەرکوك بە گوێرەی نووسراوی ژمارەی ١٢٥٧ لە ٣ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٤ کێشەی ژمارە ٧٤/٢٩٥ تایبەت بە تاوانبارانی دەست بە سەرگیراو محەمەد خزر مستەفا و عەبدولرحمان حەمەد حسێن و حسێن ئەحمەد حەمەد و تاوانبارە هەڵاتووەکان حسو میرخان و سالح عەزیز بارزانی و سەیدو بارزانی و خەسرەو کاوانی و حسێن ئەبوبەکر و مام وەسو دزەیی و مەلا حاجی و نوری ناوی باوکی نەزانراوە و شەوکەت عزەدین و کەمال ناوی باوکی نەزانراوە وعەلی مام تەها و عسمان عەلی و خەلیل بارزانی و حەسەن قادر و سالح ڕەشاش و عەلی شەعبان و عەلی بارزانی و مەلا عومەر و عسمان باپیر بایز عزیز و ڕەسول ئیسماعیل و مەحمود حەمەد و داواکراوە داگایی بکرین بەپێی ماددەی ١٧٥ ف١ لە یاسایی سزادان.

لە بەردەم بەجێهێنانی و گوێ ڕاگرتن لە بە دواداچونەوی داواکاری گشتی، داوای وەڵامی تاوانبارەکان کرا ئەوانەی ناویان لە سەرەوە هاتووە بەپێ ماددەی ڕەوانەکراو.

دادگا گوێی لە ئیفادەی تاوانبارە ناوبراوەکان گرت.

بە دواداچوون و گۆڕانکاری دیاریکراو لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/١١/٢٧ گیرانی تاوانباران ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە لە ڕێگەی هێزە سەربازیەکانەوە ڕەوانەی دەستەی لێکۆڵینەوە کران بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لە گەلیادا بکرێت کە چوون پەیوەندییان کردووە بە گیرفانی بە کرێگیراوەکان (الجیب العمیل) و بەرهەڵستی دەسەڵات، سەلمێنراوە بە دیراسەکردن لە کیشەکە و بارودۆخەکانیان و جل و بەرگیان بە چەند بەڵگەی ڕەسمی ئەمەی خوارەوەی ئاشکرا کرد:

٤٢٢ <u>*ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا*</u> <u>*جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا*</u>

## پاشبەندی ژمارە (3) (بڕیارنامەی دادگای کەرکوک)

### لاپەڕەی دووەم

١. تاوانبار محەمەد خزر مستەفا و عەبدولرەحمان حەمەد حسێن و حسێن ئەحمەد حەمەد ئێوە پەیوەندیتان بە یاخیبوەکان کردووە پێش ماوەیەکی دوور و درێژ وەکو پێشمەرگە بەشداربوونە لە چەند شەڕێك دژی هیزە چەکدارەکانمان لە کاتێکدا کە هەڵسانیان بە پاککردنەوەی دەڤەرەکە لە کارە خراپەکانی یاخیبوەکان لە یەکێك لە شەڕەکان لە زمناکو لە ژێر دەسەلاتی هێزە چەکدارەکانمان کە بەرگرییان لە شوێنەکەیان دەکرد، چەکدارەکانی یەکەم چەکدار بوون بە قازیفەی ئار. بی. جی/٧ بە ژمارەی/٨٤٢ و چەکدارانی دووەم چەکداربوونە بە چەکی جۆری برنۆ ژمارە ٣٠٩١ کە بووە هۆی شکاندنی وکپکردنی لە دەرەنجامی جەنگەکە، سێیەمیان چەکی برنۆ ژمارە ٨٣٢١ ئەوان لە هێزی کاوە بوون و بەڵگەی دروستمان لە دەست دایە بۆ تاوانبارکردنیان کە چەکیان ڕووبەڕووی دەسەلاتی نیشتمانی کردووە، خۆ گۆڕین لە خاکی نیشتمان و فرۆشتنی ویژدانیان بۆ بێگانە.

دادگا بڕیاری دا بە تاوانبارکردنیان بە پێی ماددەی ١٥٧ لە جێگای ماددەی ١٩٢ و لە ق ع (یاسای عێراق) وە ماددەی ٢٩ ف١ و ف٣ لە یاسای چەك ژمارە ١٥١ ساڵی ١٩٦٩ وە دیاریکردنی سزایەکانیان.

دەست بە سەرداگرتنی چەك و ئەوانەی لە سەرەوە ناویان هاتووە و بە پێ ماددەی ٣٠ لە یاسای چەك.

٢. جێگیرکردنی تاوانبارانی ڕاکردووی ناوبراو لە سەرەوە کە پەیوەندیان کردوە بە گیرفانی بەکرێگیراو، ئاشکران بە وەی چەکیان ڕووبەڕووی دەسەلات کردووە، دادگا بڕیاری دا بە هێشتنەوەی کێشەکە پەیوەندیان بە لێکۆڵینەوە هەیە لە سەری ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەریان بە پێی ماددەی ١٥٧ لە ق.ع (یاسای عێراق).

بڕیار دەرچوو بە ڕەزامەندی ڕایەکان لە ڕێکەوتی ١٦ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٤

| ئەندام | ئەندام | سەرۆك |
|---|---|---|

## پاشبەندی ژمارە (3) (بڕیارنامەی دادگای کەرکوک)

### دەقی بڕیارنامە بە عەرەبی لاپەرە یەکەم

دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (٣٣) وەك خۆی

قرار الادانه

• تشكلت المحكمه الخاصه في كركوك بتاريخ ١٦ ك ١ ٧٤ المؤلفه بقرار مجلس قيادة الثوره ٣٩٦ في ١١/٤/٩٧٤ واصدرت باسم الشعب قرارها الآتي

احالت الهيئه التحقيقيه الخاصه بكركوك بموجب كتابها المرقم ١٢٥٧ في ٣ ك ١ ٧٤ القضيه المرقمه ٢٩٥/٧٤ والخاصه بالمتهمين الموقوفين محمد خضر مصطفى وعبد الرحمن حمد حسين و [redacted] حسين احمد حمد والمتهمين الهاربين حسو مير خان وصالح عزيز البارزاني وسعيد البارزاني وخسرو كاواني وحسن ابوبكر وبابو درزه ي وملا حاجي وزوري مجهول الاب وشوكت عز الدين وكمال مجهول اسم ابيه وعلي مام علي وعثمان علي وخليل البارزاني وحسن قادر وصالح رشاش وعلي شعبان وعلي البارزاني وملا عمر وعثمان بلير ولبز عزيز رسول اسماعيل او محمود حمد وطلبت محاكمتهم وفق الماده ١٥٧ ف١ من قانون العقوبات لدى اجراء المرافعه والاستماع الى مطالعة المدعي العام الذي طلب تجريم المتهمين الحاضرين المذكورين اعلاه وفق مادة الاحاله

استمعت المحكمه الى افادات المتهمين المذكورين .

والتدقيق والمداوله تبين بتاريخ ٢٧/١١/٩٧٤ تم القبض على المتهمين المذكورين اعلاه من قبل قطعاتنا العسكريه واحيلوا الى الهيئه التحقيقيه للتحقيق معهم عن كيفية التحاقهم بالجيب العميل ومقاومتهم السلطه وقد ثبت من دراسة القضيه وظروفها وملابساتها وتلاوة المستمسكات الرسميه [redacted] ملبسي :

١. المتهمين محمد خضر مصطفى وعبد الرحمن حمد حسين وحسين احمد حمد انهم التحقوا بجانب المتمردين منذ مده طويله وعملوا معهم كبيشمركه واشتركوا في عدة معارك ضد قواتنا المسلحه اثناء قيامها بتطهير المنطقه من رجس المتمردين وفي احدى المعارك في زمناكو وقعوا بايدي قطعاتنا المسلحه وهم يقاومون القطعات وكانوا مسلحين الاول ببندقيه آر بي جي /٧ المرقمه ٨٤٢ والثاني ببندقيه برنو المرقمه ٣٠٩١ والتي كسر اخمصها نتيجة المعركه والثالث ببندقيه برنو رقمها ٨٣٢١ كانوا ينتسبون الى هيز كاوطيه ولتوفر الادله الكافيه لادانتهم لكونهم شهروا السلاح بوجه السلطه الوطنيه متكونين لتوية هذا الوطن بانعدام ضمائرهم للاجنبي

قررت المحكمه ادانتهم وفق المواد ١٥٧ وبدلالة الماده ١٩٢ من ق ع والماده ٢٩ ف١ و ف٣ من قانون الاسلحه رقم ١٥١ لسنة ٦٩ المعدل وتحديد عقوباتهم بمقتضاها

ومصادرة الاسلحه المذكوره اعلاه والمثبته في محاضر الضبط وفق الماده ٣٠ من قانون الاسلحه

٢. لثبوت كون المتهمين الهاربين المذكورين في [redacted] اهالي هذا القرار لايزالون ملتحقين بجانب الجيب العميل شاهرين السلاح بوجه السلطه الوطنيه قررت المحكمه ابقاء القضيه فيما يخصهم رهن التحقيق على تتخذ الاجراءات القانونيه بحقهم وفق الماده ١٥٧ من ق ع

قرارا صدر باتفاق الآراء وافهم حضوريا بتاريخ ١٦ ك ١ ٧٤

المحكمة الخاصة في كركوك


الرقم

عضـــو

الرئيس

## پاشبەندی ژمارە (3) (بڕیارنامەی دادگای کەرکوک)

**دەقی بڕیارنامە بە عەرەبی، لاپەڕەی دووەم**



دیکۆمێنتی (٣٤)

بسم الله الرحمن الرحيم
سري وشخصي

المحكمة الخاصة في كركوك
العدد / ٤ / ٥٢٧
التاريخ    ك ١ ٧٤
١٨

الى / اللجنة العليا لشؤون الشمال
الموضوع / تنفيذ حكم الاعدام

كتبنا السرية والشخصية ٥١٧ و ٥٢٥ و ٥٣٢ في ١٥ و ١٨ كانون الاول ٧٤
نرجو التفضل بالايعاز الى الجهات المعنية لتنفيذ احكام الاعدام الصادرة بحق المدانين
المدرجة اسماؤهم ادناه في القضايا ٢٧٥ / ٧٤ و ٢٩٥ / ٧٤ و ٢٩٩ / ٧٤ في
الاماكن المبينة ازاء اسمائهم وذلك لجسامة الجرائم التي ارتكبوها وتأثيرها في تلك
المناطق ولتكون هذه الاحكام درسا لمن تسول له نفسه الخروج عن القانون
وتكدير صفو الامن والاستقرار
وبغية اطلاع الجماهير ان حكومة الثورة لن تتهاون في قطع الايدي الاثيمة التي
تتمادى الى التلاعب وتحاول العبث في مقدرات الوطن ومسيرة الثورة مع التقدير لطفا

| رقم القضية | اسم المدان | المكان المطلوب تنفيذ الحكم فيه |
| --- | --- | --- |
| ٧٤/٢٧٥ | جمال قادر كريم | السليمانية |
| ٧٤/٢٩٥ | محمد خضر مصطفى<br>عبد الرحمن محمد حسين<br>حسين احمد حسد | |
| ٧٤/٢٩٩ | احمد مولود احمد | ناحية التون كوبري |

رئيس المحكمة الخاصة في كركوك

نسخة الى /
القضايا ٢٧٥ و ٢٩٥ و ٢٩٩ / ٧٤

سري وشخصي

٤٢٥ — ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا — جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا

## پاشبەندی ژمارە (4) بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی مۆڵك

### لاپەڕەی یەکەم

ملاحظية التسجيل العقاري (بشدر)
الـواردة
العدد ٢٠٩٢
التاريخ ٢/ ٦ /١٩٨٦

الجمهورية العراقية

قائممقامية قضاء بشدر
الخزينة

العدد / ٢٠٦٢
التاريخ / ٥/ ١٩٨٦
٢٩

الى / ملاحظية التسجيل العقاري في بشدر
م/ اموال المخربين وذويهم

بناء على ماجاء بالفقرة الثانية من كتاب محافظة السليمانية / الحكم المحلي المكتب الخاص الموقم ١٩٤٦ في ١٧/ ٥/ ١٩٨٦ والقاضي بتسجيل دور السكنية في مركز المحافظة والوحدات الادارية باسم محافظة السليمانية / الادارة المحلية لذى نرفق طياً (٢) قائمة كل منها بنسخة واحدة تتضمن الاول الدور المصادره المسجله في سجلاتكم والثانيه الدور المصادره وغير مسجله في سجلاتكم يرجى اجراء مايلزم وفق ماورد اعلاه واعلامنا النتيجة ...

ممتاز هاشم جاسم
قائممقام قضاء بشدر

المرفقات

٢ قائمة بنسخة واحدة .

صورة منه الى /
محافظة السليمانية / الحكم المحلي / المكتب الخاص كتابها اعلاه للتفضل بالعلم رجاءً .
محافظة السليمانية / الادارة المحلية / الاشارة الى كتاب اعلاه طياً (٢) قائمة كل منها بنسخة واحده بالدور المذكوره اعلاه للتفضل بالعلم رجاءً ....

هيرو/م
٢٩/ ٥/ ١٩٨٦:

# پاشبەندی ژمارە (4) بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی مۆڵك

لاپەڕەی دووەم

قائمة بأسماء أصحاب الدور المخربة في قضاء الشيخان

| اسم المخرب | نوع الملك | المساحة | تسلسل الملك | الملاحظات |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| حاجي عبدالرحمن بيخو | دار | ٢٤٠م٢ | ١٢٩٢ / جوتابك | مسجلة باسم زوجته آمنة رشيد رضا |
| رسول محمد رسول | دار | ٢٩٦/٧٥م٢ | ١٩٠٨ / خانقا | مسجلة باسم وزارة المالية لدى ملاحظية التسجيل العقاري |
| مصطفى علي مصطفى الملقب مصطفى حم علي | دار | ١٠٠م٢ | ١٢١٩ / جوتكانيان ونيسيا ١٢٩١ | مسجلة باسم وزارة المالية في ملاحظية التسجيل العقا |
| عبدالله رسول حيدره | دار | ٥٢٦م٢ | ١٩٢١ / احمد كاكم | مسجلة باسم وزارة المالية في ملاحظية التسجيل العقاري |
| محمد درويش حوس الملقب حمه يه رح | دار | ٢٢٥/٧٢م٢ | ٢٠٠٥ / احمد كاكم | مسجلة باسم محمد درويش حوس في ملاحظية التسجيل العقاري |
| دسو محمد دسو الملقب حم دسو درزي | دار | ٦٥٧/٨٠م٢ | ١٠٠٨ / جوتانيان | مسجلة باسم دسو محمد دسو الملقب حم دسو درزي |
| حسن محمد حسن الملقب حسن جنجم | دار | ٢٨٠م٢ | ١٩٨٨ / خانقا | مسجلة باسم حسن محمد حسن والمحجوزة لدى ملاحظية التسجيل العقاري |
| علي حسن بايز الملقب علي حسن آغا | دار | ٦٥٠م٢ | ١٠٦٠ / جوتكانيان | مسجلة باسم وزارة المالية في ملاحظية التسجيل العقاري السنة ١٩٧٦ [illegible] ١٦٨٠ في ٨/١٧ [illegible] المحافظ |

[illegible] آلرحيم

## پاشبەندی ژمارە (5) نامەکانی (ئیدریس بارزانی بۆ مسعود بارزانی)

### سەبارەت بە قارەمانیەتیەکانی (زۆزگ و هەندرێن) - ( 1 )

## پاشبەندی ژمارە (٢٤)

### (١)

### نامەیەک لە ئیدریس بارزانییەوە

برای ئازیزم مسعود بارزانیی بەڕێز

دوای (السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته)، دەستی باوکم و چاوی برایان و بچکۆلەکانی تر ماچ دەکەم لەگەڵ ڕێزم بۆ هەمووان و هیوای تەندروستی و خەیاڵ ئاسوودەیی لە خوای گەورە بۆ هەمووتان دەخوازم... سوپاس بۆ خوا ئێمە سەلامەتین و پشت بەگەورەییی خوا ساغین. برای ئازیز، وا لە خوارەوە، تا سەعات پێنج و نیوی سەر لە ئێوارەی ئەمڕۆ ٨/٥/٦٦ باسی هەڵوێستەکانت بۆ دەکەم:

١- پێم ڕاگەیاندیت دوێنێ ئێوارە کە حادی حەسکۆی برای پاڵەوانمان لە گەرووی عومەراغا شەهید بوو و هەموو جەماعەتەکان جگە لە جەماعەتی حاجی بێرۆخی و عەریف یاسین لە گەرووی عومەراغا کشاونەتەوە. هەواڵی ئەوەشم دایتێ کە من سلێمان حادیم ناردووە. بەهەموو جەماعەتەکانمان ڕاگەیاندووە کە پێویستە پێوەندیی بەشوێنەکانی پێشوویانەوە بکەن، بەکردەوەش ئەمە لە شەوی ٧/٨-٥ ڕووی دا. سوپاس بۆ خوا سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ و دوێنێ بارودۆخەکە ئارام بوو، بەڵام برام خوای سەروەر و مەزن خۆی هەموو شتێک لە جیاتی ئێمە دەکات. بیهێنە بەرچاوی خۆت، کە جەماعەتی ئێمە لە گەرووی عومەراغا دەکشانەوە سوپا بەتەواوی وەک جرج هەڵدەهاتن و دوو تەرمیشیان لە مەیدانی شەڕ بەجێ هێشتبوو و، برادەرانی ئێمە پێیان نەزانیبوو. ئەمڕۆش کاتێک جەماعەتی حەمید بیری گەڕابوونەوە، دوو تەرمیان دۆزیبووەوە لەگەڵ (غەدارە)یەک و شەش گوللە تۆپی ٢ گرێ. بەم شێوەیە گەرووی عومەراغا هیچ هێزێکی تێدا نەمایەوە، نە لەلایەن ئێمەوە، نە لەلایەن دوژمنەوە و هەردوولا لە مەیدانەکە هەڵاتن و خوای سەروەر ویستی جەماعەتی ئێمە بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. ئەی ئەمە موعجیزە نییە، ئەمە و دەیانی تری وەکو ئەمە خوا پێمانی دەبەخشێت. لە ڕاستیشدا، وەکو دەردەکەوێت، هەموومان وەکو بتی مردوو و، بەردی بێ گیان واین، هەردوو لامان ئێمە و دوژمن... سوپاس بۆ خوا و گەورەیییەکەی.

٢- بەڵام لە زۆزک ٢٥ کەسمان چەکدار کرد و لە دوێنێ شەوەوە ناردوومانن بۆ زۆزک و وادیارە هەنگاوەکە بەپشتیوانیی خوا سەرکەوتووە و دوژمن ناچاربوو بەدرێژایی ئەو هێڵەی لە گەرووی عومەراغاوە درێژ دەبێتەوە تا زۆزک بکشێتەوە، جگە لە هێرشی بەهێز بۆ کێشانەوەی تەرمەکانی و تەرمی تر لەجێی ئەوان جێ دەهێڵێ. برام، لە ڕاستیشدا جەماعەتی فارس بەپشتیوانیی خوا وەک

٣٨١

## پاشبەندی مارە 5 نامەکانی (ئیدریس بارزانی بۆ مسعود بارزانی)

### سەبارەت بە قارەمانیەتیەکانی (زۆزگ و هەندرێن) - ( 2 )

پاڵەوانان خۆیان ڕاگرت و خوا یارمەتیی دان تا ئێستە بۆ سەرکەوتنی تەواو بەسەر هەموو هێرشەکانی دوژمن. هەموو ئەو هێرشانەی کراون تا هەندرێن بەتەواوی پووچەڵ بوونەتەوە بەهەموو واتایەکی سەرنەکەوتن و حاڵی جەماعەتەکە ئێستە باشترە لەبەر ئەو بێدەنگییەی ئەوە نێزیکەی دوو ڕۆژە باڵی بەسەر جێگەکەدا کێشاوە و حاڵی محەمەد بەتۆپخانە ڕۆڵێکی پاڵەوانانەی بینی بەشێوەیەک کە مایەی سوپاس و ڕێزلێنانە، لە پشتگیری کردنی جەماعەتەکەی ئێمە و تێکشکاندنی دوژمن و بەخۆی و بەتۆپەوە لە هەموو جێگەیەکی مەترسیداردا دەسووڕایەوە.

٣- تا ئێستە هیچ شتێک لە بەرزێوە نییە.

٤- لە هەندرێن، دوژمن، زۆر سەرکەوتووە، بەڵام بڕیار لای جەماعەت (برادەران) ئەوەیە، بەپشتیوانیی خوا، هەرچی چۆنێک بێت هێرش بکەن. ئێمەش بەردەوامین لە بەدەنگەوەچوون و جێبەجێ کردنی پێویستییەکانیان و دووبارە ڕێکخستنەوەی لایەنی کارگێڕی و سازکردن و ڕەخساندنی فیشەک و گوللەتۆپ بۆیان. دوێنێ شەو ئەو چەک و کەلوپەلانەی بەتەمایان بووین گەیشتن. نیاز وایە ئینشاڵلا جەماعەتی سدیق سادق، کە عەلی هالۆ گوتی دڵسۆزە، بنێرین بۆ ئەشکەوتی شەهیدان، بۆ بەهێزکردنی هێزەکەی هەندرێن کە پێویستی بەزیاتر و زیاترە. گرینگ گەورەیی و پشتیوانیی خوایە. لە ڕێگەی هەندێ کەس لەوانەی لە هەندرێنەوە هاتوون، بیستمان کە نیازیان وایە سەرلەئێوارەی ئەمڕۆ ٦٦/٦/٨ هێرش بکەن، لە ئەنجامەکەی ئاگادارتان دەکەینەوە، ئینجا ئەو هێرشە بکرێت، یان نا.

٥- بەڵام لە ئاکۆیان، ئەوا دوا ڕاپۆرتتان بۆ دەنێرین کە ئەمڕۆ بۆمان هاتووە و محەمەد زیاد سەلامەتە، بەڵام نەخۆشە و ئەو برووسکەنامەیەی دوژمن کە دوێنێ وەرگیراوە و ئەوەبوو لە نامەکەماندا پێمان ڕاگەیاندن، سوپاس بۆ خوا هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە. پێرێ شەو تۆپێکی ٨١ ملم و ٥٢ گوللەتۆپمان بۆ ناردن و دوێنێ شەویش بازوکا و کەلوپەلی پێویستمان بۆ ناردن. دوێنێ چەکدارانی گوندی وەرتە لە سەران بینراون.

٦- لە دەوروبەری سەعات دووی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ باڵەفڕی هەنتەر گوندی بەرسیرینیان بۆمباران کرد و، ملازم خدر عەلوان لەوێ بوو، خۆی سەری بەسووکی بریندار بوو و چوار کەسی تریشی لەگەڵ بوو و، پێشمەرگەیەکیش لە جەماعەتی رەئیس کەمال، بەناوی ڕەئووف، شەهید بوو. ئەمە هەمووی لەبەر بێ باکی بوو. ئاشکراشە هەر ئەجەلی کۆتایی ڕاستترە.

٧- پێوەندیکردن بەزۆزکەوە بەهۆی هۆکی تۆکی بەتەواوی سەرکەوتووە و نازانین لەگەڵ گەرووی عومەراغا و هەندرێن چۆن دەبێت، چونکە ئامێرەکانمان بۆ ناردوون، بەڵام تا ئێستە پێوەندییان نەکردووە.

٨- کاتێک باڵەفڕ بۆردمانی بەرسیرینی کرد، ئۆتۆمۆبێلە دۆجە گەورەکەمان لەوێ بوو و باڵەفڕەکە لێی دا و زیانێکی زۆری پێ گەیاند لەوانەیە بەکەڵکی ئیش پێ کردن نەیەتەوە. هەرچەندە هیواشم کزە،

٣٨٢

تکام وایە بەناوی باوکمەوە نامەیەک بۆ مەردیشۆ بنووسیت بەڵکو لەم بارودۆخەدا، کە پێویستمان بەئۆتۆمۆبێلی زیاترە، بەتایبەتیش بۆ تۆپە تازەکان، هەست بەهەندێک پێویستی بکەن.

٩- حالی محەمەد پێی ڕاگەیاندم کە دەکرێ ملازم تایەرمان بۆ بنێرێت و ملازم تایەریش ئامادەیی خۆی دەربڕیبوو بۆ کارپێکردنی تۆپە تازەکان و ئینشاڵڵا بەو خێراییەی لە دەستمان بێت کاری پێویست جێبەجێ دەکەین.

برام... دوێنێ نامەکەتانم پێ گەیشت لە بارەی ڕای باوکم سەبارەت بە مامەڵەکردن بەتفەنگەکان بەو پێیەی بەرژەوەندی گشتی دەیخوازێت و چەند جار و، چەند بارە دەستی ماچ دەکەم و بەردەوام هیوامان لە خوای گەورە ئەوەیە تەندروستیی بپارێزێت و لە هەردوو دنیا و لە هەموو کاروبارێکدا سەرکەوتووی کات، چونکە گرینگترین شت ئەوەیە. برای ئازیزم لە سەلامەتیی ئێوە بەولاوە، پێویستم بەهیچ شتێکی تر نییە و گرینگ ئەوەیە لە خزمەتی باوکمدا کاروبارەکان بڕوێنی و بەپشتیوانیی خوا، هیوای سەرکەوتنت لەمەدا بۆ دەخوازم، لەگەڵ سڵاو و ئاواتی خۆشیم بۆ هەموو لایەک.

هەر بژین و لە ئەمانەتی خوادابن و پارێزراوبن.

برای دڵسۆزتان

ئیدریس بارزانی

٦٦/٥/٨

*** برام... وای بەبەرژەوەند دەزانم بیر لە گواستنەوەی ماڵەوە بکەنەوە و لەم بارەیەوە ڕاوێژ بەباوکم بکەن نەک خوا نەخواستە لەبەر بوونی هیچ مەترسییەک، بەڵام مانەوەی ماڵەوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەبەرژەوەند دانانرێت و ئەوان بێگومان لە پەنای خوادان، بەڵام بەلای کەمەوە من حەز بەوە دەکەم و ڕاوێژکردن لە کۆتاییدا هەر لەگەڵ باوکمانە... لەگەڵ ڕێزدا.

**(٢)**

برای ئازیز مسعود بارزانیی بەڕێز

سڵاوێکی گەرمی برایانە

زۆرترین ڕێز لە جیاتی باوکم و خۆشم پێشکێش بەبرا ڕۆژنامەنووسەکان دەکەم و هیوام وایە بەپشتیوانیی خوا لە خێر و خۆشیدابن. دوێنێ شەو ١٠/١١-٥ باوکم گەیشتە لای من و لە نێزیک بەرسیرین هاتە لام و هەر ئەو شەوە گەڕایەوە بۆ ناوکێلەکان و ئێستە من لە لای ئەوم و سوپاس بۆ خوا تەندروستیی زۆر باشە و چاوتان ماچ دەکات لەگەڵ چاوی برایان و سڵاو لە گشت ئەندامانی خێزانەکە دەکات و، هەروەها منیش دەستی دایکم ماچ دەکەم و سوپاس بۆ خوا ئێمە سەلامەتین.

نامەکەی مێژووی ٦٦/٥/١١تم وەرگرت و ئاگاداریم لە بارەیەوە پەیداکرد و هەروەها باوکیشم خۆی

٣٨٣

## پاشبەندی مارە 5 نامەکانی (ئیدریس بارزانی بۆ مسعود بارزانی)

### سەبارەت بە قارەمانیەتیەکانی (زۆزگ و هەندرێن) - ( 4 )

لێی ئاگاداربوو و، ئێمە باسی بەرەی شەڕ و هەڵوێستە داڕووخاوەکانمان دەکرد و ئەمەی خوارەوەش وەڵامەکەیە:

١- سەبارەت بەمۆرس، ئەمە کارێکە دەگەڕێتەوە بۆ بەرپرسانی و کارێک نییە بچینە نێو وردەکارییەکانی.

٢- بەڵام بارودۆخ لە زۆزک، ئەوە زانیتان کە جەماعەتی فارس کشانەوە. دوێنێ شەو حەسەن خاڵ هەمزە مایەوە و مستەفا حاجی ئەمین سەرکەوت. ئەمڕۆ و لە دەوروبەری سەعات دە شەڕ لە نێوان هێزەکانی ئێمە و هێزەکانی دوژمن بەڕادەیەکی سەخت دەستی پێ کرد کە هەر وەسف ناکرێت... شەڕی ئەڵمان لەکوێ؟ شەڕی کۆریا لە کوێ؟ هەر تاوە نا تاوێک پێشبینیی کشانەوەی جەماعەتەکەی خۆمانمان دەکرد، بەڵام سەدان کوژراو لە لووتکەی زۆزک کەوتن و دوژمن بەسەر کەڵەکە لاشەدا شکا و بەزی. جەماعەتەکەمان پێیان ڕادەگەیاندین کە دەکشێنەوە، بەڵام مانەوە و من نازانم چۆن هەتا ئێوارە مانەوە و شەڕی تێدا هەر بەردەوام بوو و، ڕۆژئاوا هاتم بۆ لای باوکم و دوای دوو سەعات هەواڵمان بۆ هات کە جەماعەتەکەمان بەتەواوەتی لە زۆزک کشاونەتەوە و، دوای ئەوە هەواڵێکی تر هات کە تەنیا جەماعەتی حەسەن کشاونەتەوە و مام وسوو و مستەفا حاجی ئەمین لەجێی خۆیانن و بڕیاری مانەوەیان داوە و داوای هێزیان لێ کردین و ئێمەش داوای هێزی بەفریاکەوتنمان بۆ کردن کە بچنە لایان. بەڵام لە ڕاستیدا ئێستە چارەنووسی زۆزک نادیارە و نازانم خوای سەروەر چ بڕیارێک لەبارەیەوە دەدات، ئایا دەیدات بەدەستەوە، یان سەری دەخات و دوا حوکمیش هەر بۆ بەرزیەتیی خۆیەتی.

دوێنێ شەو، دوژمن هێرشی بۆ گەرووی عومەراغا برد و توانی لە نێوان جەماعەتی کەوکەس و سەید سەلاح سەرکەوێت و بەمەش سێ لەسەر چواری زنجیرەکە کەوتە دەستی دوژمن. جەماعەتی ئێمە لەوێ کشاونەتەوە. ئەمڕۆ حەسەن خاڵ هەمزە بەسووکی بریندار بوو، هەروەها حەسۆ مێرگەسۆری و دوانی تریش و، تا ئێستە دوو شەهیدمان لە جەماعەتی مام وسو و مستەفا حاجی ئەمین داوە.

ئەحمەد مستەفا کانییەلنجی دەستی بریندارە بەڵام برینەکەی لە سایەی خواوە سووکە. بەڵام لە قۆڵی هەندرێن و ئاکۆیان، ئێمە چاوەڕوانیی ئەوە دەکەین هێزەکانمان ئەمشەو لە سەعات چوار و نیوی دوای نیوەشەو هێرشێکی بەربڵاو بکەن، جا نازانم ئایا دەکرێ ئەو هێرشە بکرێت یان نا، مەبەستم جێبەجێ کردنیەتی. خۆ ئەگەر ئۆپەراسیۆنەکە جێبەجێ کرا و سەرکەوت و ئەمشەو زۆزک خۆی ڕاگرت، ئەوا بەمە شەڕەکەمان بردووەتەوە و کۆنترۆڵی هەڵوێستەکە دەکەین و هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی دوژمن تا ئێستە پووچەڵ دەبێتەوە.

باوکم فەرمانی دا هەریەک لە سالار و مولازم سوبحی لای ئێوە چاوەڕوان بکەن تا ئینشاڵڵا بەتەندروستی و سەرکەوتوویی دێتەوە لاتان و کە سەرداری حەماغاش گەیشتە لاتان، تکا دەکەم ڕێزی منی پێشکێش کە و ناتوانم ئێستە بێمە لای.

## پاشبەندی مارە 5 نامەکانی (ئیدریس بارزانی بۆ مسعود بارزانی)

### سەبارەت بە قارەمانیەتیەکانی (زۆزگ و هەندرێن) - (5 )

سەبارەت بەخالید شەمسەدینیش، چەک دەست ناکەوێت، بەڵام تەنیا سەد دینار بدە بەنێردراوەکەی و بەفەرمانی باوکم نامەیەکی توندی بۆ بنووسە بۆ ئەوەی دەسبەجێ بکەوێتە خۆی و بێت بۆ لامان، هەنگێن هەر قەرز و پێویستییەکی بوێ دەیدەینێ. چەند جارێک پێمان ڕاگەیاندووە و دەبێ فەرمانەکان جێبەجێ بکات دەمودەست بەڕێ بکەوێت بۆ لامان.

بەڵام سەبارەت بەناردنی ئۆتۆمۆبێل بۆتان ئەوا هەرگیز لە تواناماندا نییە، چونکە هەموو توانایەکمان لە خزمەتی بزاڤی شەڕە و خەومان نییە نە بەشەو نە بەڕۆژ، هەروەها سەبارەت بە شوفێرەکانیش. لەبەر ئەوە باوکم فەرمانی کردووە کە پێویستییەکان و ئەو شتانەی هی ماڵەوەن بیانێنن بۆ پردی زەرد و لەوێ یەک دوو کەسی لە جەماعەتی ئێوەی وەک بارەگایەکی بچووک، لێ دەبێ و پێوەندی بەخەزالییەوە بکەن کە هەموو ڕۆژێک دوو ئۆتۆمۆبێل بگوازێتەوە. لەگەڵ خەزالی ڕێک کەوتووین، کە ئەگەر بارەگاتان لەوێ (پردی زەرد) کردەوە، ئەوا شتەکان بەئۆتۆمۆبێل بگوازێتەوە. لە ناخی دڵەوە سوپاسی ڕۆژنامەنووسەکان دەکەم بۆ ئەو شیرنەمەنی و حەبانەی بۆیان ناردووم و هەر لە ناخی دڵەوە سوپاسی هەستی گشتیان دەکەم بەرامبەر بەئێمە. هەروەها باوکیشم سوپاسی هەوڵ و تەقەلایان دەکات سەبارەت بەئۆتۆمۆبێلەکان و مەسەلەکانی تر کە دەزانم ئەوان لە هەوڵدان لە قووڵایی دڵیانەوە هیچ درێغییەک ناکەن.

ئیدی هەمووتان بەرخوردارین و لە پەنای خوادابن و بتانپارێزێ.

برای دڵسۆزتان

ئیدریس بارزانی

١١/١٢-٥-٦٦

(٣)

برای ئازیز مسعود بارزانیی بەڕێز

دوای سلاو و ڕێز دەستی باوکم و دایکم و چاوی ئێوە و برایان ماچ دەکەم و سلاو لە هەمووان دەکەم، سوپاس بۆ خوا ئێمە چاکین. ڕێزمان بۆ برا ڕۆژنامەنووسەکان و سوپاسی بایەخدان و هەوڵ و تەقەلا و هەڵوێستیان دەکەین.

١- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ ٦٦/٥/٦، برای پاڵەوان حادی حسکۆ شەهید کرا کاتێک جاش هاتن بۆ جێگە چۆڵەکەی حەمید بیری بەهۆی باسکی دەری و حادیی شەهید لەگەڵ خالیدی کوڕەکەی حەمید بیری هێرشی کردنە سەر، بەڵام خالید هەر زوو بریندار بوو و، حادی بردیە دواوە و بەتەنیا گەڕایەوە و هێرشی بۆ دوژمن برد و لەوێ ئەو پاڵەوانە شەهید بوو. بیستمان یەکسەر نەمردبوو و، برادەران گەیاندبوویانە ناوڕۆیین و لەوێ گیانی بەخوا سپاردبوو و لە تەنیشت فیکریی برای بەخاکیان سپاردبوو، إنا لله وإنا

٣٨٥

## پاشبەندی مارە 5 نامەکانی (ئیدریس بارزانی بۆ مسعود بارزانی)

### سەبارەت بە قارەمانیەتیەکانی (زۆزگ و هەندرێن) - ( 6 )

إلیه راجعون و دەربازبوون لە دەست خواستی خوا لە تواناادا نییە. ئیدی دوای ئەوە جەماعەتی حەمید بیری و شەهید حادی کشانەوە بۆ سەری بەرد و دوای کەمێک ساکۆ کانییەلنجی هات جێگەی سوپاکەی گرتەوە لە باسکی دەری. ئێستە ساکۆ لە باسکی دەربیە و بارزان هێزی خۆی کۆکردووەتەوە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووداوی کتوپڕ. ئەمڕۆ بەیانی بەجەماعەتەکانی خۆمانم گوت هەرچی چۆنێک بووە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ زنجیرەی گەرووی عومەراغا. بەپشتیوانیی خوا هیوام وایە کە گەڕابنەوە جێگەکانی خۆیان.

بارودۆخ لە زۆزک ئارام بوو، بەڵام نیوەڕۆی ئەمڕۆ، بۆ ماوەی دەوروبەری سەعات و نیوێک گوێم لە دەنگی تەقەی خەست بوو و، دوێنێ شەویش فارس تا ڕادەیەکی زۆر حاڵی نائارام کردم و گوتی سەعات چواری دوای نیوەی شەو دەکشێنەوە، چونکە لەگەڵ جەماعەتی عیسمەت دینۆ کە پێشتر چەک کرابوون، ڕێک نەکەوتووە، بەڵام خوا ویستی کە بەرە جێ نەهێڵێ و ئەم بەیانییە فارس هاتە لام داوای هێزێکی گەورەی لێ کردم، یان دەکشێتەوە، ئەمانە هەردووکیان موسیبەتن و ناخۆشن. بەهەرحاڵ، ناردم بەدوای جەماعەتی یونس بیرێژی و بڕیار وایە هەندێک لەم چەکە کۆنانەیان بدەینێ کە لای فارسن و وەستا محەمەد بەم دواییە چاکی کردوونەتەوە، سەرەڕای هەندێک تفەنگ کە لەلایەن جەماعەتەکەی فارسەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو، ئەوانەی کە بریندار و نەخۆشەکان دایاننابوو. بەڵام هەندرێن، ئارامی باڵی بەسەردا کێشابوو. هەر پێویستییەک لە تواناادا بێت بۆمان دابین کردن. سەبارەت بەهەندرێن، دوژمن زۆر سەر کەوتووە، بەڵام دەڵێن خەریکی کۆکردنەوەی ئەو هێزانەی خۆیانن کە لە خوارەوەن و ئینشاڵلا دوای حەسانەوەیەکی کەمی جەماعەتەکەیان دەست بەسەر هەندرێندا دەگرن. داوای ئەوەیان لێ کردم هێزیان بۆ بنێرم بۆ ئەشکەوتی شەهیدان تا هێزەکانیان بەرەو لای ئەوان بکەونە ڕێ و ئەگەر برە چەکێکی زۆر و چاکمان بۆ بێت، ئەوە لەوانەیە هەندێک لە جەماعەتی عیسمەت دینۆ چەکدار بکەین و داواکانیان جێبەجێ بکەین.

بەڵام لە ئاکۆیان، ئەمڕۆ شەڕ هەر بەردەوام بوو و، هەرچەندە ئێمە برووسکەیەکمان بۆ ناردن، بەڵام دوای ئەوە هەواڵمان لە ڕوانگە (مرصد)ی زۆزکەوە بۆ هات کە شەڕەکە لەوێ سەخت بووە. ئێستگەی بەرسیرین برووسکەنامەیەکی دوژمنی وەرگرتبوو تێیدا هاتبوو کە یاخییەکان نەیانتوانیوە بریندارەکانیان لە بێجان بگوازنەوە و بەجێیان هێشتوون. ئەوەش دەڵێ کە تەرمی حەمە زیاد لە نێوان تەرمەکاندایە. نازانم ئەمە ڕاستە یان نا. لە خوام هیوایە ڕاست نەبێت.

ئیدی برام هەمووتان بەرخوردارین و هەر لە ئەمانەتی خوادا بن و سەرەنجام سەرکەوتن بێگومان هەر بۆ ڕاستییە بەهیوا و پشتیوانیی خوا.

برات

٦٦/٥/٧

کاتی ڕۆژئاوابوون بەتەواوی

٣٨٦

برای خوشەویستم کاک مام وسو دزەیی

سلاویکی برایانەی گەرم .

ئەحوالتان دەپرسم وهیوادارم هەمیشە
باش بیت . نوسراوی جنابت دەستم کەوت
وباوەر بکە کەم جار لە ژیانمدا ئەوندە متأثر
بووم . زور راستە بو ئیمە عەیبەیکی وەکو
جنابت محتاج بی . بەلام بروا بکە من هەمیشە
تیبینیەکی مەکتەبم فەرمووە کە ئاگایان لە وەزعیت
بیت بەلام [illegible]
هیچ ئاگایان لە جنابت نەبووە .

من داوای لیبوردنت لی دەکەم و رجا ئەکەم
متأثر نەبی و بزانە کە برایەکی عزیزی و خزمەتت
هەمیشە لە یادمان و ئیمە بو برای تیکوشەری وەکو تو
[illegible] . وخزمەت [illegible] .

تا دوو سی روژی تر برادەریک ئەنیرمە
خزمەتت انشاء الله .

ئیتر خوش بن

براتان
مسعود بارزانی
٨٧/١٠/٢

## پاشبەندی ژمارە (7) بڕیاری دامەزراندنەوەی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ

Kurdistan Dimokratic Party - Iraq

Political Bureau

پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عراق

مەکتەبی سیاسی

ژمارە / ١٦٢

رۆژی ١٩٨٠/٢/٨

بریـــار

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پێویستی باری رێکخستن لە ناوچەی پشدەر وە لە بەر دلسۆزی ولی وەفائی هەڤالان فؤاد حمەلاو و مام وسو دزەی ، بریارماندا بە دانانیان بە ئەندامیانی کار کێری ل٩ ن • پشدەر ئومێدەوارین سود بەخش بن •

ئیتر بو پێشەوە ••••••

وێنەیەك بو /

ل٢ پ • د • ... ی تێکوشەر بو ئاگاداری

ل • ن پشدەری تێکوشەر بو ئاگاداری

هەڤال فؤاد حمە لاو بو التحاق کردن بە ل • ن پشدەر

هەڤال مام وسو دزەی بو التحاق کردن بە ل • ن پشدەر

## پاشبەندی ژمارە (8) سەبارەت بە عوسمان مستەفا (خاڵە دیوە)



(عوسمان مستەفا ئیسماعیل) ناسراو بە (خاڵە دیوە) لە شارۆچکەی (کۆیە) لە ساڵی (1934) لە بنەماڵەی (حاجی گەورە) هاتوتە دونیا. لە پۆلی سێهەمی سەرەتایی بە هۆی کۆچی دوایی (دایك و باوکی) دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و تاقانەی خانەوادەکەی بووە. لە ڕێگەی تێکۆشەری ناسراوی گەلەکەمان خوالێ خۆشبوو مامۆستا (عەبدوڵڵا شاکر) ناسراو بە (عەبدە خەوە) لە ساڵی (1948) پەیوەندی بە ڕێکخستنی پارتی دەکات.

لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەکات و لە (چەمی ڕێزان) دەبێتە پێشمەرگە، نزیکایەتی لە گەڵ خوالێ خۆشبوو (مام جەلال) هەبووە. دوای ماوەیەك دەبێت سەردەستەی پێشمەرگەکانی پارێزەری (مام جەلال) لە چەمی ڕێزان و تا دوولەت بوونی پارتی لەوێ دەبێت.

## پاشبەندی ژمارە (8) سەبارەت بە عوسمان مستەفا (خاڵە دیوە)

لە دوای دوولەت بوونی پارتی، باوەڕی بە (برایم ئەحمەد و تاقمەکەی) نابێت، وەك خۆی گێراویەتیەوە: "مشتومڕی زۆرم لەگەڵ (مام جەلال) بوو لە سەر ئەوەی، ئەو پەیامی (مەلا مستەفا) بلاودەکردووە و خۆشی دژی وەستایەوە، بۆیە بڕیارمدا لە گەڵ ئەوان نەمێنم و درێژە بە خەباتم بە سەرۆکایەتی (مستەفا بارزانی) بدەم."


دوای ئەو بڕیارە لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە کە نزیك (100) کەس دەبن، دێنە شارۆچکەی (ڕانیە) بۆ مانەوە لە گەڵ شۆڕش. لە ئەوێ لە لایەن (فەرەنسۆ هەریری) پێشوازیان لێ دەکرێت و سەرەتا بڕوایان پێ ناکەن و داوایان لێ دەکرێت تا چەکەکانیان ڕادەست بکەن، دواتر ماموستا (عەلی عەبدوڵلا) بە هاتنی ئەوان دەزانێت و بە خێرایی خۆی دەگەیێنێتە لایان. پێشوازی گەرمیان لێ دەکات و پاش ماوەیەك بە دیداری بارزانی دەگەن.

دوای ماوەیەکی کەم دەکرێتە (سەر پەل) لە لقی ئاسۆسی (مام وسو دزەیی)، تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بێ دابران و بەردەوام لە هەموو شەرەکان بەشدار بووە، بە درێژایی کات لە شەرە بەناو بانگەکانی (ئاسۆس، کێوەڕەش، ڕزگاری، زۆزگ، کۆسپی سپی و هەندرێن و ... هتد) لە (مام وسو) دانەبراوە، هەر لەو شەڕانە بریندار بووە و ڕەوانەی ئێران کراوە. کەسایەتیەکی پتەوی هەبووە و زۆر ئازا بووە، لە گەڵ (مام وسو) هەمیشە وەك برا بووە و لە ناو پێشمەرگەکان خۆشەویست بووە. لە دوای نسکۆی ئەیلول دوور دەخرێتەوە بۆ ناوەڕاستی عێراق، لە شۆڕشی (گوڵان) پەیوەندی نوێ دەکاتەوە و لە لایەن ڕژێم بە تۆمەتی چالاکی سیاسی بۆ ماوەی نزیك (دوو مانگ) زیندانی دەکرێت.

لە ڕاپەرین بەشداری کارای هەبووە و وەك نوێنەری پارتی لە لیژنەی ئاسایشی شاری کۆیە لە (بەرەی کوردستانی) کار دەکات، بۆ یەکەم جار لە دوای ڕاپەرین لە شارۆچکەی (ڕەواندز) بە دیداری (مسعود بارزانی) دەگات. دوای ماوەیەك دەکرێتە فەرماندەی (هێزی باواجی کۆیە). کوڕێکی بە ناوی (بارزان) قارەمانانە شهید بووە و خۆشی لە (2010/10/28) لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (شێخ ئەحمەد) بە خاك سپاردراوە.

بە سوپاسەوە لە دەست نوسێکی (ڕێزان عوسمان مستەفا) کچی (خاڵە دێوە) وەرگیراوە و بە کەمێك دەستکاری دەوڵەمەند کراوە. (توێژەر)

**پاشبەندی ژمارە (9) نوسراوی بەخشینی (مەدالیای بارزانی نەمر) بە (عاسمە خان) خێزانی (مام وسو دزەیی)**



پارتی دیموکراتی کوردستان
سەرۆک

الحزب الديمقراطي الكردستاني
الرئيس

بەڕێز عاسمیە ڕەسول حەمەد

سڵاوێکی گەرم.

نیشانە بە خەبات و تێکۆشانی بێوچانتان لە پێناوی کورد و کوردستان و سەرخستنی خەباتی ئازادیخوازی کوردایەتی و ڕێبازی بارزانی نەمر، بەڕێز و پێزانینەوە ( **میدالیای بارزانی** ) تان پێشکەش دەکەم.

٢٠١٠/١٢/١١


**مسعود بارزانی**





بەخشینی مەدالیای (بارزانی نەمر) بە عاصمە خان (خێزانی مام وسو دزەیی) لە لایەن (مسعود بارزانی) لە (کۆنگرەی 13) پارتی لە (2010)

## پاشبەندی ژمارە (10) نموونەی یادداشتەکانی (عاصمە ڕەسول) لەناو ساڵنامەکان


لاپەڕە 1



السبت ٨ شباط (فبروري) غ ٢١ ذو القعـ
٢٦ كانون الثاني شـرقي
ثورة ١٤ رمضان سنة ١٩٦٣ غ ( عطلة رسمية
تدق أقلام الكروم والتين والسفرجل والرمـ
ورشـد من الغواية



السبت ١٩ نيسان (ابريل) غ ٢ صـ
٦ نيسـان شـرقي
أوان هبوب العواصـف


الأربعاء ٣٠ نيسان (ابريل) غ ١٣ صـ
١٧ نيسـان شـرقي
يزداد ماء الفرات ـ يباشر بزرع البنجر السكر
قال لقمان لابنه : « يا بني اجعل خطاياك

ساڵی 1969



الاثنين ٤ آذار ( مارس ) م ٤ ذو الحجة هـ
٢٠ شباط شرقي
تحضر أرض الرقي والبطيخ والخيار
فقد احرزت فضيلتي الجود والصدق .



الاحد ١٠ آذار ( مارس ) م ١٠ ذو الحجة هـ
٢٦ شباط شرقي
عيد الاضحى المبارك ٤ أيام هـ
أول الحسوم وبرد العجوز ٧ أيام
وقال : اذا أغضبك صديك لك



الخميس ١٤ آذار ( مارس ) م ١٤ ذو الحجة هـ
١ مارت شرقي
راس السنة ١٣٨٤ العثمانية المالية (سابقا)
منك فيه حسن العهد ، وجميل


ساڵی 1968

## پاشبەندی ژمارە (10) لاپەرە 2

















سالّی 1972













سالّی 1970


## پاشبەندی ژمارە (10)

## لاپەرە 3



چوار شەمە
١٤ ربيع الثاني — ١٥ی جۆزەردان
هێرشی جوولەکە بۆ سەر عەرەب ١٩٦٧
لەدایک بوونی لۆرکا بویژی اسپانی ١٨٩٩
بڵاوبونەوەی گۆڤاری ئەستێرە لەسلێمانی ١٩٧٢



٤ ی حوزەیران
سێ شەمە ١٣ ربيع الثاني — ١٤



١٠ی تشرینی یەکەم
پێنج شەمە ٢٣شعبان — ١٨ی رەزبەر
(شیخ محمود) یەکەم ئەنجومەنی شارەوانی دامەزراند ١٩٢٢



١٩ ي تشريني يەكەم
شەمە ٣ رمضان — ٢٧ی رەز

سالَی 1974


٢٤ ی کانوونی دووەم
پێنج شەمە ١ذوالحجة — ٤ی رێبەندان


١٤ی مارت
پێنج شەمە ٢٠ محرم — ٢٣ ی رەشەمە



١ ي نيسان
دوو شەمە ٨ صفر — ١٢ ی نەورۆز
رۆژی گاڵتەو گەپ



٢٤ ی نیسان
چوار شەمە ٢ ربيع الاول — ٤ی گوڵان
راپەرینی گۆیان لە زاخۆ ١٩١٩


سالَی 1974


## پاشبەندی ژمارە (10)


## لاپەرە 4













سالَی 1979





صالَی 1977




سالَی 1977









سالَی 1978


## پاشبەندی ژمارە (10)


### لاپەرە 5







1980









1980




(1989/02/21) نەغەدە/ کۆچی دوایی




1979/11/29



1980/02/01 ،1980/01/31-30





نەغەدە 1980/03/03




1980/06/09


**پاشبەندی ژمارە (11) نمونەیەك لە كۆپی یادئاوەریەكانی (بوبكر ڕەسول) لە ناو ساڵنامەكان**













ساڵی 1983




ساڵی 1985




ساڵی 1975

# پاشبەندی ژمارە (12) کورتە ژیانی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە

## پاشبەندی ژمارە (12)

## ئەبوبەکر ڕەسول خانزاد



(ئەبوبەکر رەسوڵ حەمەد) ناسراو بە (بەکر رەسوڵ خانزاد)، لە (1956) لە شارەدێی (میرزا ڕۆستەم) لە دایك بووە و ناوەندی لە (چوارقورنە و ڕانیە) خوێندووە. برای (عاصمە خان) خێزانی دووەمی (مام وسو دزەیی) یە و لە (1974/04/17) هاتووتە لای (مام وسو) لە قەڵادزێ و دوای بۆردمانی قەڵادزێ، بە فەرمی لە (مەرگە) لە بەتالیۆنی (4) بۆتە پێشمەرگە، لە (1975-1986) لە گەڵ ئەوان لە ئاوارەیی ئێران ژیاوە و لە (1979-1986) پێشمەرگە بووە، دوای ڕاپەرین چەندین پلەی لە پارتی هەبووە و ئێستا ئەندامی دەزگای ئەیلولی (رانیە - قەڵادزێ) یە و بە پلەی (عەقیدی پێشمەرگە) خانەنشین کراوە.

## پاشبەندی ژمارە (12)

### د. ئەحمەد شەریف



(ئەحمەد شەریف) وەك خۆی دەڵێت: (ئەحمەد كوڕی شەریفی عەلی برایمی قادر چیمەنی لەكە) و لە هاوینی (1942) لە شارۆچكەی دووبز لە دایك بووە. خوێندنی تا كۆتایی ئامادەیی لە هەولێر و كۆلێژی یاسای لە بەغدا تەواو كردووە. كولێژی ئادابی لە زانكۆی سەلاحەدین، ماستەری لە (زانكۆی سلێمانی) و دكتۆرای لە (زانكۆی كۆیە) لە (ئەدەبی كوردی) بە دەست هێناوە. سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز بووە لە گۆڤارەكانی (ڕەوشەنبیر، یاساناسی، عەدالەت) و چەندین پەرتوكی چاپكراوی هەیە. لە (1960) بۆتە ئەندامی ناوچەی هەولێری پارتی  و دواتر لە (1962) بۆتە بەرپرسی هەمان ناوچە، كۆمەلێك پلە و بەرپرسیاریەتی حكومی و حزبی هەبووە. لە كابینەی یەكەمی حكومەتی هەرێم وەزیری ناوخۆ بووە، ماوەیەك یاریدەدەری سەرۆك كۆماری عێرق (جەلال تالەبانی) بووە بۆ كاروباری یاسایی.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## ئەحمەد رەشید



(ئەحمەد ڕەشید محەمەد) لە ساڵی (1941) لە شارۆچکەی قەڵادزێ لە دایك بووە و تا شەشی سەرەتایی لەو شارە خوێندووە. لە سەرەتای شەستەکان بووتە (ئەندامی پارتی) و پلەکانی (کادیر) تا بەرپرسی ناوچەی بڕیوە. لە ساڵی (1967) کارگێری ناوچە بووە و کراوەتە بەرپرسی (ل.ر. سەنگەسەر)، لە ساڵی (1968) بەشدار بووە لە خولی دووەمی کادیرانی پارتی لە شارۆچکەی (چۆمان) کە سێ مانگی خایاندووە، دوای نسکۆ بۆ ماوەی دوو ساڵ ئاوارەی ئێران بووە و دوای گەڕانەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ بۆ ناوچەی (سەماوە) دوورخراوەتەوە. دوای ڕاپەرین ماوەیەك ئەندامی لقی (4)ی پارتی بووە و ئێستا خانەنشینە، لە هەولێر دادەنیشیت.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## ئەحمەد قادر ڕێزبار



(ئەحمەد قادر مەولود) ناسراوە بە (ئەحمەد قادر رێزبار) خەڵکی گوندی (سۆربەشی خدری پاشا) و لە ساڵی (1945) لە دایك بووە، لە (1962) بۆتە پێشمەرگە لە لای (مام وسو دزەیی). خزمی (مام وسو) و هەروەها خەڵکی یەك گوند بوونە، بۆیە لە ساڵی 1961 لە ڕێگەی ناوبراو پەیوەندی بە پارتی کردووە. پێشمەرگایەتی لە گەڵ (سابیر، عزیز، سەلیم و... ) کە هی گوندەکانی نزیك بوونە و هەروەها (ئەکرەم مەولود، زەردە، عەلی عزیز و ....) کە لە ناوچەی دیکە بوونە کردووە. (لە کاتی ئامادە کردنی ئەو پەرتوکە لە ساڵی 2021 کۆچی دوایی کرد.)

## پاشبەندی ژمارە (12)

## ئەرسەلان مام وسو




(ئەرسەلان مام وسو) لە ساڵی (1968) لەدایك بووە و لە (1986) بۆتە پێشمەرگە. پلەكانی (كارگێری رێكخراوی نەغەدە) و (ئەندامی ناوچەی خەباتی) پێش ڕاپەرین بڕیوە، دوای ڕاپەرین لە سەر فەرمانی (مسعود بارزنی) بۆتە فەرماندەی (بەتالیۆنی تایبەتی قەرەسرد) و دواتر پلەكانی (فەرماندەی بەتالیۆن و هێز لە سوپای 2، فەرماندەی هێزی كۆماندووی تایبەت، ئەندام فەرماندەی زیرەڤانی، جێگری فەرماندەی هەولێر، فەرماندەی فەرماندەیی پێشمەرگەی ژینگە) بڕیوە. ئێستا بە ڕۆتبەی لیوای ماف پەروەر (جێگری میحوەری 6ی گوێر و مخموری) پێشمەرگەی كوردستانە و چەند جارێك بە سووكی بریندار بووە، دەیان مەدالیا و بەڵگەی شانازی لە لایەنە جیاوازەكان وەرگرتووە. لە كۆنگرەكانی (11، 12، 13ی پ. د. ك) ئەندام بووە.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## ئیراهیم عەلی قادر



(ئیراهیم عەلی قادر) ناسراوە بە (برایمی عەلی گاور)، لە ساڵی (1948) لە گوندی (گەرمکان) لە (پشدەر) لە دایك بووە و تا (4)ی وێژەیی لە (ڕانیە و قەڵادزێ) تەواو کردووە. لە ساڵی (1961) بۆتە پێشمەرگە و لە ساڵی (1968) بۆتە (سەرلق) لە (هێزی ڕزگاری)، لە (1970) بۆتە سەرپەل (ئامر فصیل) لە بارەگای بەتالیۆنی (12)ی (حەرەس حدود) لە لقی بارەگا لە سەر میلاکی شهید (عزەدین قرە محەمەد)، لە (1975 - 1977) لە (خۆرشەم ئاوای) ئێران بووە و بە بڕیار و فەرمانی ئەوسای (ئیدریس بارزانی) بۆ کاری ڕێکخستن گەڕاوەتەوە بۆ گوندی (سەرسیان). لە ساڵی (1967) لە سورداش و (1975) لە قەڵادزێ برینداربووە، دۆستایەتی نزیکی لە گەڵ (مام وسو دزەیی) هەبووە و ئێستا ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلولە، پلەی لیوای خانەنشینی پێشمەرگەیە.

# پاشبەندی ژمارە (12)

## بەهرام حەمەد قادر



(بەهرام حمد قادر) ناسراو بە (بارۆ) لە (1949) لە شاری (کەرکوك) هاتووتە دونیا، خوێندنی سەرەتایی لە شاری (کەرکوك) تەواو کردووە و لە (1964) بۆتە پێشمەرگە لە سنووری (خەتیبیان)، لە ساڵانی (1967 - 1975) لای (مام وسو) پێشمەرگە بووە و تا مردن لەو بنەماڵەیە نزیك بووە. بەشداری لە خولی تایبەتی (هەندەسە و مین) کردووە و لەم بوارە پسپۆری باشی هەبووە، لە دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە تا (1980) و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. لە (1986) دووبارە ئاوارە بۆتەوە و تا ڕاپەڕین لە ئێران ماوتەوە، پێشمەرگە بووە لە (هێزی کۆماندۆی تایبەت) و لە (2012) کۆچی دوایی کرد، لە گۆڕستانی شارەدێی (شاوێس) بە خاك سپاردراوە.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## پیرۆت محەمەد سلێمان



(پیرۆت محمد سلێمان) ناسراوە بە (پیرۆت ئالْمانی)، لە (1952) لە گوندی (گەرمکانی) پشدەر هاتوتە دونیا و تا (2)ی ناوەندی لە شاری قەڵادزێ خوێندووە، لە کۆتایی ساڵی (1967) لە ڕێگەی مامی بۆتە پێشمەرگە لە لقی (1) (مام وسو دزەیی) و تا نسکۆی ئەیلول بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی، لە ساڵی (1975) ئاوارەی ئێران بووە، سەرەتا لە ئۆردوگای (نیلوفەر) لە نزیك شاری کرماشان جێگیر دەکرێت و دواتر دەگوازرێتەوە بۆ (بەندەر بوشەهر) لە باشووری ئێران. لە ئێرانەوە دەڕوات بۆ ئەوروپا و لە (1992) گەڕاوەتەوە هەرێم و ئێستا پێشمەرگەی خانەنشینە.

# پاشبەندی ژمارە (12)

## دلاوەر تاهیر کۆیی



(دلاوەر تاهیر ئەحمەد) ناسراوە بە (دلاوەر ئەحمەد کۆیی)، لە کۆیە لە ساڵی (1946) لە دایك بووە، لە (1965) بۆتە سەباز لە سوپای ئەوکاتی عێراق. هەر ئەو ساڵە لە سەربازی ڕادەکات و لە لای (واحید کۆیی) لە لقی (مام وسو) دەبێتە پێشمەرگە و تا (1975) بەردەوام دەبێت. دوای نسکۆ بەردەوام دەبێت لە پێشمەرگایەتی، ماوەیەك لای (ڕەسول مامەند) و دواتر لای (عەلی عەسکەری) پێشمەرگە بووە. لە (1979) بە دواوە لای (جەلال تاڵەبانی) دەبێت و زۆر لێی نزیك دەبێت. دوای کۆچی دوایی (مام جەلال) ناوبراو خانەنشین دەبێت، لە ساڵی (2016) دووچاری نەخۆشی دەبێت و ئێستا بە پلەی (عەمید) خانەنشینە لە شاری قەڵادزێ دادەنیشێت.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## زرار حاجی شێخ قادر



**(شێخ زرار حاجی شێخ قادر) لە ساڵی (1950) لە گوندی (سۆتکە) سەر بە شارەدێی (ئاغجەلەر) لە دایك بووە و لە ساڵی (1964) لای باوکی لە بەتالیۆنی (2)ی هێزی ڕزگاری بۆتە پێشمەرگە. لە (1970 - 1974) سەر لقی (ئامر سریە) پاسەوانی سنوور بووە و لە (1975 - 1991) ئاوارەی ئێران بووە، لە زۆربەی شەڕەکان و لەوانەش لە (داستانی خواکورك) بەشدار بووە. لە دوای ڕاپەڕین چەندین بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە و لەوانەش: (کارگێڕی لقی 3، جێگری سوپای ڕزگاری، فەرماندەی سوپای حەمرین، فەرماندەی فەرماندەیی کەرکوك و ئەندامی فەرماندەی لەشکری کوردستان). ئێستا ئەندامی فەرماندەیی هێزەکانی خەباتە و بە پلەی (فەریقی یەکەم) خانەنشین کراوە، ماڵی لە شاری هەولێرە و خاوەنی (12) شەهیدە لە ناو بنەماڵە و خزمەکانیدا.**

## پاشبەندی ژمارە (12)

## حاجی حاجی برایم



(عبدالله ابراهیم عبدالله) ناسراو بە (حاجی حاجی ابراهیم)، کوری کەسایەتی دیاری ناوچەی پشدەر (حاجی برایم) لە ساڵی (1950) لە دایك بووە. لە ساڵی (1967) پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیان کردووە و لە (1969) بۆتە پێشمەرگە. لە قەڵەمی هێزی کاوە بووە و دواتر بۆتە بەرپرسی سەربازی لق لە سنووری (هێزی رزگاری). لە ساڵی (1976) لە رێگەی خواڵێ خۆشبوو (رەسول مامەند) پەیوەندی بە حزبی سۆسیالیست دەکات و دواتر دێتەوە شاخ، ماوەیەکی زۆر ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حزبە بووە. لە دوای ڕاپەرین (ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بەرپرسی لقی 11ی پارتی، ڕاوێژکاری مسعود بارزانی بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ... هتد) بووە. کەسایەتیەکی ڕەوشنبیر و نیشتیمان پەروەر و خاوەن هەڵوێستە، ئێستا لە شاری هەولێر دەژیات.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## حاجی محی الدین ئەسعەد غەفوری



(حاجی محیەدین ئەسعەد غەفووری) لە سالی (1937) لە شارۆچکەی کۆیە لە دایك بووە، خوێندنی (سەرەتایی و ناوەندی) لە کۆیە و ئامادەیی لە (بەغدا) تەواو کردووە. بکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی وەرگرتووە و (15) ساڵ مامۆستا بووە، سەرپەرەشتیاری (پسپۆری و کارگێری هەولێر) بووە و ماوەیەك بەرێوەبەری (پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان) بووە. بە هەڵوێستی نیشتیمانی بە ناوبانگە و لەو ماوەی کە بەرێوەبەری پەیمانگا بووە (185) قوتابی دوور لە رێنماییەکانی حزبی بەعس وەرگرتووە. بەرێوەبەری پەروەردەی شەقڵاوە و جێگری بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بووە، ئێستا خانەنشین کراوە. لە (1953) بۆتە ئەندامی قوتابیان، لە (1956) لە رێگەی (عومەر دەبابە) بۆتە ئەندامی پارتی، ئەندامی کۆنگرەکانی (4 و 5)ی پارتی بووە. لە (1958) بۆتە کارگێری ناوچەی کۆیە و لە (1962) یاریدەدەری بەرپرسی ئەوسای لقی (2)ی پارتی (حەمەی حاجی تاهیر) بووە. لە بەر دووبەرەکی لە (1964) دەست بەرداری حزبایەتی بووە.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## حەمەلاو شوانی



(حەمەلاو عابید ڕەشید) ناسراو بە (حەمەلاو شوانی) لە (1947) هاتووتە دونیا و لە (1961) لە هێزی (ڕزگاری) بۆتە پێشمەرگە و تا ئێستا بەردەوامە، لە هەر دوو شۆڕشی (ئەیلول و گولان) بەشدار بووە و لە (1969) لە داستانەکانی هێزی ڕزگاری (مام وسو) دەناسێت و تا کاتی کۆچی دوایی لە دۆستایەتی بەردەوام بووە، لە چەند شەڕێك یاوەری مام وسو بووە. لە (1975) تا ڕاپەرین ئاوارەی ئێران بووە و پلەکانی (سەردەستە، سەرپەل، فەرماندەی هێز و مسۆول عەسکەری و ... هتد) بڕیوە، ئێستا ئەندامی فەرماندەیی هێزەکانی (خەباتە) و لە شارەدێی (پیرمام) دادەنیشێت.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## حەسەن ئیسماعیل ڕەسول



(حەسەن ئیسماعیل رەسول) ناسراوە بە (حەسەن چاوشین)، لە ساڵی (1952) لە گوندی (دەربەندی کەندیناوە) هاتووتە دونیا و (6)ی سەرەتایی لە شارەدێی (سەرگەڕان) تەواو کردووە. لە ساڵی (1966) لە گوندی (کارێزەی ناوچەی شوان) لای (فاتحی حەمەڕەش) بووتە پێشمەرگە، لە ساڵی (1967 - 1975) لای (مام وسو دزەیی) پێشمەرگە بووە. دوو جار لە شۆڕشی ئەیلول برینداربووە، جاری یەکەم لە (پشتی دێرێ، لە قۆپکی حەسارێ) و جاری دووەم لە (بنەو بنگرد و گورگە) بووە، جاری دوایی لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش لە (دوێزاتی گەیارە) لە (2014/12/31) بریندار بووە. لە دوای نسکۆ دوورخراوەتەوە بۆ شارۆچکەی (خزر) لە پارێزگای (سەماوە) لە (1976 - 1979) لەوێ ماوەتەوە، لە (ئیشغال) کراوەتە فەرمانبەر و دواتر گواستراوەتەوە بۆ (پۆلیسی هاتوچوو)، ئێستا پێشمەرگەی خانەنشینە لە سەر دەزگای ئەیلول.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## سەید کاکە ئیسماعیل



(کاکە ئیسماعیل عومەر خدر) ناسراو بە (سەید کاکە) لە ساڵی (1932) لە گوندی (مۆرتکەی گەورە) لە (دەشتی هەولێر) هاتووتە دونیا، کوڕە جوتیار بووە و ئازاری زۆری چەشتووە، لە (1948) چونەتە گوندی (سۆربەش). هەوراز و نشێوی زۆر لە تەمەنی منداڵی و لاوی بڕیوە، خۆی نوسیویەتی: (لە هەر دوو قوناغی منداڵی و لاوی بێ بەش بووە). لە بزوتنەوەی جوتیاری لە (1953) بەشدار بووە و سەرەتای (1961) بۆتە پێشمەرگە، چەندین بەرپرسیاریەتی لە پێشمەرگایەتی و شۆرش بڕیوە. لە سەرکردە دیارەکانی گەلەکەمانە و ئەندامی (م. س) بووە لە (حزبی سوسیالیست). لە کونگرەی (11)ی پارتی لە (1993) بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی و زۆر پلەی سیاسی و حزبی وەرگرتووە، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، پەرتوکی (بیرەوەری پێشمەرگەیەك) لە ساڵی (1989) لە بارەی بڵاوکراوەتەوە. ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## موحسین حەمەدەمین دزەیی



(موحسین حەمەدەمین بایز) ناسراو بە (موحسین دزەیی) لە (1932) لە خانەوادەیەکی ناسراوی کورد لە دایك بووە. خوێندنی (سەرەتایی و ناوەندی) لە هەولێر و کولێژی مافی لە (1955) لە بەغدا تەواو کردووە. کاری پارێزەری و بازەرگانی بەیەکەوە کردووە، لە (1963) پەیوەندی بە شۆڕش کردووە و لە ساڵی (1968) بۆتە وەزیری ئاوەدانکردنەوەی عێراق. دواتر بۆتە باڵیۆزی ئەو وڵاتە لە (چیکۆسلۆڤاکیا و کەنەدا) و لە (1973) بۆتە وەزیری ئیشغال و نیشتەجێ کردن. سیاسی و دیبلوماتی ناسراوی کوردە و شاندی دانوستانکار بووە لە گەڵ (بەغدا، ئێران، ئەمریکا، تورکیا و .. هتد). نزیك و ڕاوێژکاری (مستەفا بارزانی و مسعود بارزانی) بووە و ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت. (شێرزاد زەکەریا محەمەد، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لە کوردستانی عێڕاق، دهۆك، 2021، لا 113). خۆی و خوالێ خۆشبوو (ئەحمەد حەمەدەمینی) برای، دۆستایەتی نزیکیان لە گەڵ (مام وسو) بووە. (توێژەر)

## پاشبەندی ژمارە (12)

## محەمەد باپیر محەمەد ئاوەژێ



(محمد باپیر محمد ئاوەژێ) لە ساڵی (1950) لە گوندی (ئاوژێ) لە ناوچەی (بەری مەرگە) هاتووتە دونیا و تا (3ی) سەرەتایی لە شارەدێی (بنگرد) خوێندووە، (1967) بۆتە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی (عەلی عەباس ئاغا میرئادەلی) و دوای ئەوەی (علی عەباس ئاغا) دەچێتە باڵی (م. س) و دەبێتە جەلالی، ئەو و باوکی بۆنەتە پێشمەرگە لە لای (عەریف دەروێش)، دواتر باوکی لە لقی (شەوکەت نێروەیی) سەر بە بەتالیۆنی (4)ی مەرگە دەبێتە (سەرپەل) و ئەوکات (مام وسو) فەرماندەی بەتالیۆنی (4)ی مەرگە بووە. ئێستا لە گوندی ئاوەژێ دادەنیشێت.

## پاشبەندی ژمارە (12)


## محەمەد محەمەد ئیبراهیم (حاجی جعیل سورچی)



**(محەمەد محەمەد ئیبراهیم) ناسراو بە (حاجی جعیلْ سورچی) لە ساڵی (1935) لە سنووری شارۆچکەی (هەریر) هاتووتە دونیا، لە ساڵی (1963) لە گەڵ هەشت کەس لە خزمەکانی دەبن بە پێشمەرگە لە لای (عەریف سەمەد) لە دەشتی کۆیە و لە ساڵی (1965) دەچنە لای (مام وسو دزەیی). لە چەندین داستان بەشدار دەبن کە گرینگترینیان نەبەردی (زۆزگ) بووە. (حاجی جعیل) دەڵێت: "ئێمە ئەو هەشت نەفەرە (حاجی جعیل، خدر سەیدا، قادر قوتنی، خدر قادر قوتنی، ئەسعەد حەسەن عزیز، حوسین عومەر ئاغا خەلکی شێخ شەروان سورچی، نەبی عەلی و حەسەن قادر) لە گەڵ پێشمەرگەکانی دیکەی (مام وسو) بەشدار بووین لە شەڕی زۆزگ." ماوەی نزیک (5) ساڵ لە گەڵ (مام وسو) پێشمەرگە بووە و ئێستا لە شارۆچکەی شاویس دادەنیشێت.**

## پاشبەندی ژمارە (12)

## مەحمود سەید ئیسماعیل



(محمود سەید اسماعیل) ناسراو بە (سەید محمود)، برای شۆڕشگێڕی کورد سەید کاکەیە و لە (1939) لە گوندی (مۆرتکە) لە دەشتی هەولێر لە دایک بووە، لە ساڵی (1959) بۆتە مامۆستا لە گوندی (سۆربەش) و هاوکات کادر بووە لە ڕێکخستنەکانی پارتی، لەو گوندە ئاشنای (مام وسو دزەیی) بووە. دەوری لە قۆناغەکانی شۆڕشدا دیتووە و لە سەرەتای شەستەکانەوە وەك کادیر کاری کردووە، ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژیات.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## شێخ مەنسور شێخ کاکە



(مەنسور شێخ کاکە) ناسراو بە (شێخ مەنسور) کوری (شێخ کاکە شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجی)یە کە لە گەڵ (مام وسو) خزمایەتی نزیکیان هەبووە. لە ساڵی (1962) لە دایك بووە و قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر بڕیوە، کۆلێجی شەریعەتی ئیسلامی لە شاری بەغدا تەواو کردووە. ئاستی رەوشنبیری زۆر بەرزە و لە بنەماڵەیەکی ئایینی دیاری کوردستان و عێراقن. خاوەن تەکیەی قادری لە شاری هەولێرن، دەروێش و موریدی زۆریان لە ئاستی کوردستان و عێراق و وڵاتانی ناوچەکە هەیە.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## مستەفا سەعید کەریم



(مستەفا سەعید کەریم) لە ساڵی (1941) لە گوندی (دۆکەڵە) هاتووتە دونیا، هەم خزم و هەم جیرانە گوندی (مام وسو) بووە و بۆیە لە ساڵی (1962) لە سەر داوای (مام وسو دزەیی) بۆتە پێشمەرگە و تا نسکۆی ئەیلول بەردەوام بووە، لە هەموو شەڕەکانی سەرەتای شۆڕش لە (دەشتی هەولێر)، هەروەها شەڕەکانی (ئاسۆس، پشدەر، کێوەڕەش، زۆزگ، و شەڕەکانی سنووری هێزی ڕزگاری و ... هتد) لە گەڵیدا بەشدار بووە. دوای نسکۆ بۆ باشووری عێراق دوور خراوەتەوە و لە ساڵی (1991) بۆتەوە پێشمەرگە لە (سوپای 2، هێزی کۆماندۆی تایبەت، فەرماندەی هەولێر). ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە و لە گەندی (دووکەڵە) لە دەشتی هەولێر دادەنیشێت.

# پاشبەندی ژمارە (12)


## نادر حەمە قادر



(نادر محەمەد قادر قەڵادزەیی) ناسراو بە (مام نادر) لە ساڵی (1952) لە شارۆچکەی قەڵادزێ لە دایك بووە، لە ساڵی (1969) پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کردووە و لە هەمان ساڵ لە ناوچەی قەڵادزێ بۆتە پێشمەرگە تا نسکۆی ئەیلول لە ساڵی (1975) بەردەوام بووە. لە شۆڕشی گوڵان لە ساڵی (1982) بۆتە پێشمەرگە و بەرپرسیاریەتی جۆراوجۆری وەرگرتووە، بەرپرسی ناوچەی دوکانی پارتی و فەرماندەی لەشکری 4ی پارتی بووە. ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە، هەروەها قایمقامی شاری قەڵادزێ بووە. لە ساڵی (2021) بە هۆی نەخۆشی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد. زانیاریەکان لە (تۆفان نادر حەمەقادر) وەرگیراوە. (توێژەر)

## پاشبەندی ژمارە (12)

## نەجات حەسەن کەریم



(نەجات حەسەن کەریم) لە ساڵی (1951) هاتووتە دونیا و لە ساڵی (1967) بۆتە پێشمەرگە لە (هێزی ڕزگاری)، یەکەم پلەی لە (هێزی کاوە) بووە و لە شۆرشی ئەیلول تا (جێگری ڕابەری سیاسی هێز) ڕۆیشتووە. لە ساڵی (1969) (مام وسو دزەیی) لە شەڕەکانی (هێزی ڕزگاری) دەناسێت. لە نسکۆی ئەیلول کەوتووتە ئێران و (1981) بە هەڵبژاردن بۆتە کارگێری لقی (8) لە کەرەج، لە (1986) بۆتە کارگێری لقی (3)ی کەرکوك و دوای ڕاپەرین کۆمەڵێك بەرپرسیاریەتی لە ئاستی سەرکردایەتی وەرگرتووە و لەوانەش: لێپرسراوی هەواڵگری فەرماندەی لەشکری کوردستان، بەرپرسی لقی (3) کەرکوك، لقی (12) هەلەبجە، لقی (11) ڕانیە. ئێستا لە شاری هەولێر دەژیات.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## نوری سلێمان غەزالی



(نوری سلێمان غەزالی) لە بنەماڵەیەکی شۆرشگێری ناوچەی (بارزان) لە ساڵی (1953) لە گوندی (ژاژۆك) هاتووتە دونیا و ساڵی (1968) بۆتە (پ. م) لە (هێزی کاوە) لە (پشدەر) و هەمان ساڵ (مام وسو) دەناسێت. یەکەم ئەرکی لە قەڵەمی (هێزی کاوە) بووە و لە چەندین خولی پێشمەرگایەتی وەك خولی تایبەت بە (هەندەسەی مین) بەشدار بووە. لە دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە و لە شۆرشی (گولان) بەشدار بووە و لە (مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی) نزیك بووە. لە حکومەتی هەرێم ئەرکی (بریکاری وەزیر) بووە لە (وەزارەتی پیشەسازی و وزە)، لە ساڵی (2015) کۆچی دوایی کردووە.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## سەردار پشدەری



(سەردار ڕۆستەم) ناسراو بە (سەردار پشدەری) لە ساڵی (1948) لە شارۆچکەی (قەڵادزێ) لە دایك بووە، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو قوتابخانەی ناوەندی تەواو کردووە، لە (1965) بۆتە پێشمەرگە لە سنووری (پشدر) و دواتر گواستراوەتەوە بۆ سنووری (هێزی باڵەك)، وەك خۆی دەڵێت: " گەنجێکی خۆشەویست بووم لە ناو کۆمەڵگا و بە تایبەت لای خەڵکی ئازای وەك مام وسو دزەیی." زۆر پێگەی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی کوردی وەرگرتووە، کەسایەتیەکی بە ئاگا و بە زانیاریە و ئێستا لە شاری (لەندەن) لە وڵاتی (بەریتانیا) دادەنیشێت.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## سیامند ئیسماعیل قەرەنی



(سیامند ئیسماعیل قەرەنی) ناسراو بە (سیامەندی کوێخا ئیسماعیلی بیستانە)، لە ساڵی (1950) لە (بیستانە) هاتوتە دونیا، سەرەتایی لەو گوندە و سێی ناوەندی لە شاری (هەولێر) تەواو کردووە. ساڵی (1967) بۆتە پێشمەرگە لای (سمکۆ عەلی) و دوو جار بە (گوللە و بە بۆردمانی فرۆکە) بریندار بووە. لە ساڵی (1968) چۆتە لای (فارس باوە) و تا نسکۆ لە گەڵ ناوبراو بووە، ئاوارەی ئێران بووە، دواتر نەفی کراوە بۆ باشووری عێراق لە (دیوانیە). لە ساڵی (1974) بۆتە (ڕابەر سیاسی) و لە دوو کونگرەی (8 و 11)ی پارتی بەشدار بووە. بارەگای (مام وسو) لە گوندەکەیان نزیك بووە و بۆیە لە سەرەتای لاویەتی ئەوی ناسیوە.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## سلێمان ئەمین ئەحمەد



(سلێمان ئەمین ئەحمەد) ناسراو بە (سلۆ گورگە) لە ساڵی (1942) لە گوندی (سۆربەشی خدری) لە دەشتی هەولێر لە بنەڵەیەکی جوتیار سەر بە هۆزی (بندیان) هاتووتە دونیا. خزمی (مام وسو دزەیی) بووە و لە یەك گوند دانیشتوون، لە ساڵی (1975) بۆتە پێشمەرگە و تا ساڵی (1975) بەردەوام لە گەڵ (مام وسو) و خانەوادەکەی بووە. لە شۆڕشی ئەیلول جارێك بریندار بووە و دوای نسکۆی ئەیلول لە (1975) بۆ ماوەی چەندین ساڵ نەفی کراوە بۆ شاری (تکریت) لە ناوەڕستی عێڕاق. لە (2000/03/02) لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

## پاشبەندی ژمارە (12)


## عاصمە ڕەسول حەمەد




(عاصمە ڕەسوڵ حەمەد) ناسراو بە (عاصمە ڕەسوڵ خانزاد) لە ساڵی (1945) لە شارەدێی (میرزا ڕۆستەم) لە دایك بووە و تا چواری ناوەندی لە شارۆچکەی ڕانیە خوێندووە، لە ساڵی (1965) هاوسەرگیری لە گەڵ (مام وسو دزەیی) کردووە، لە هەموو ئازارەکانی پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی هاوسەرەکەی شەریك بووە. (9) کوڕ و (4) کچی هێناوەتە دونیا و (3) کوڕی لە ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلول لە دەست داوە. زۆر لە ڕووداوەکانی ناو ژیانی بە نوسین نوسیوەتەوە، هەروەها لە ساڵی (1965) تا بە ئێستا لە ساڵنامەدا ڕووداوەکانی ژیانی تۆمار کردووە، لە کۆنگرەی سێزدەی پارتی خەڵاتی (مەدالیای بارزانی نەمر) لە لایەن مسعود بارزانی پێی دەدرێت، ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## عەزیز مەولود حاجی



خۆی نوسیویەتی: "لە ساڵی (1941) زایێنی لە گوندی (سۆربەشی خدر) سەر بە شارەدێی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر لەدایك بووم، لە (1956) بە ئەندامی پارتی وەرگیرام. لە (1961/11/09) بەشداری داخستنی ڕێگەی پردێم کرد بە سەرپەرەشتی (مام وسو دزەیی)، لە مانگی (1963/5) لە شەڕی (قەرەچوغ) دا بەشداریم کرد. لە مانگی (1963/7) لە ڕێی (شێراوە - پردێ) شەمەندەفەرێکمان وەرگێڕا ." لە گەڵ (مام وسو دزەیی) لە یەك گوند (سۆربەش) بوونە و لە (1961) بۆتە پێشمەرگە، لە زۆرینەی داستانەکانی دەشتی هەولێر بەشدار بووە. لە (1964/8) لە گەڵ (مام وسو) هاتووتە بیتوێن و لە شەڕەکانی (ئاسۆس و زۆزگ) بەشدار بووە، تا (1975) پێشمەرگە بووە و لە نسکۆی (1975) چۆتە ئێران. بە درێژایی شۆرشی گوڵان یارمەتی هێزی پێشمەرگەی داوە، دوای ڕاپەڕین بۆتەوە پێشمەرگە و لە ساڵی (2020) لە شارۆچکەی (سەنگەسەر) کۆچی دوایی کردووە. (توێژەر)

## پاشبەندی ژمارە (12)

## عەبدوڵلا ئەحمەد برایم



(عەبدوڵلا ئەحمەد برایم) ناسراو بە (صوفی عەوڵای ئاڵان) لە ساڵی (1939) لە پشدەر لە دایك بووە، لە سەرەتاوە هەستی نیشتیمان پەروەری هەبووە و لە ناوەراستی شەستەکانی سەدەی رابردوو تێکەڵ بە کاری شۆڕش و پارتی بووە. لە دوای نسکۆ لە گەڵ خوالێ خۆشبوو (محمود مامە لاوە) پەیوەندیان بە سەرکردایەتی کاتی و (ئیدریس بارزانی) کردووە، چەند جارێك لە گەڵ (د. کەمال کەرکوکی) کۆبۆتەوە کە ئەندامی ئەوکاتی (سەرکردایەتی کاتی) پارتی بووە. نامەبەرێکی چاو نەترسی ڕێکخستنە نهێنیەکانی پارتی بووە تا ڕاپەرین و ئێستا لە گوندی (ئاڵان) لە پشدەر دادەنیشێت، لە دوای ساڵی (1965) لە پشدەر (مام وسو دزەیی) ناسیوە.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## عەبدوڵلا ڕەحمان مەلازادە



(عەبدوڵلا ڕەحمان مەلازادە) ناسراو بە (عەبدوڵلا مەلازادە)، ماوەی دە ساڵ لە شۆڕشی ئەیلول وەك بێتەلی شۆڕش کاری کردووە لە (1965) لە هێزی سەفین، لە (1966) لە موخابەرەی گشتی و م. سیاسی و بەتالیۆنی (7) ئاکۆ و هێزی کاوە، لە (1968 تا 1975) لە (هێزی باڵەك) بووە. بە هۆی کاری بێتەل ئاشنای زۆرینەی ڕووداوەکانی ناو شۆڕش بووە و ئێستا ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلولە لە شاری شەقڵاوە. پەرتوکی (شێوەی تشکیلاتی عەسکەری شۆڕشی ئەیلولی مەزن)ی نوسیوە.

## پاشبەندی ژمارە (12)
## عەبدوڵڵا ڕەسول مەحمود



(عەبدوڵڵا ڕەسول مەحمود) ناسراو بە (مەلا عەبدوڵڵا)، لە (1951) لە پشدەر هاتووتە دونیا و خوێندنی (پەیمانگای ئیسلامی) ئەوکات کە بەرانبەر بووە بە (3)ی ناوەندی خوێندووە، لە (1967) بۆتە پێشمەرگە لە بارەگای (هێزی کاوە) و لە (1969) بۆتە کادر لە (ڕێکخراوی سەنگەسەر)، دوای ساڵێك بە پلەی خۆی گواستراوەتەوە بۆ ڕێکخراوی بارەگای هێز و بە هەمان پلە تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بەردەوام بووە. لە (1975 - 1991) پەنابەری ئێران بووە و لە (1996) لە شەڕی ناوخۆ بریندار بووە، چەندین جار لە پلەی (کارگێر و بەرپرسی ناوچە) دابووە و ماوەی چەند ساڵ کارگێری لق بووە، لە هەر دوو شۆڕشی (ئەیلول و گوڵان) دۆستایەتی لە گەڵ (مام وسو) هەبووە و ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلول بوو، بە پلەی (لیوا) خانەنشین کرابوو. هەڵگری (مەدالیای بارزانی) بوو و بە هۆی پەتای کۆرۆنا لە کاتی ئامادە کردنی ئەو پەرتووکە کۆچی دوایی کرد.

# پاشبەندی ژمارە (12)

## عەلی وەیسی عەبدوڵلا



(عەلی وەیسی عبدالله) ناسراو بە (عەلی وەیسی هێرۆیی) لە ساڵی (1947) لە پشدەر لە دایك بووە و لە مانگی تەموز ساڵی (1968) بۆتە پێشمەرگە لە لای (مام وسو دزەیی) لە لقی (1) و تا نسکۆی ئەیلول لە (1975) بەردەوام بووە، لە خولی تایبەت بە (هەندەسە و مین) بەشدار بووە. لە مەفرەزەی مینی بەتالیۆنی (4)ی مەرگە بووە، لە نسکوی تا (1991) ئاوارەی ئێران و پێشمەرگەی گوڵان بووە. ئێستا ئەندامی (فەرماندەیی کاوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و لە شارۆچکەی (سۆران) دادەنیشێت.

## پاشبەندی ژمارە (12)


## عەلی عەزیز مستەفا



(عەلی عزیز مستەفا) ساڵی (1949) لە (قەڵادزێ) لە دایك بووە، تنها نوسین و خوێندن دەزانێت. لە (1963) لە (هێزی کاوە) لای موقەدەم (عزیز عەقراوی) بۆتە پێشمەرگە، لە (1965) هاتووتە لقی (1)ی (مام وسو دزەیی) تا (1975)، لە نسکۆی شۆرشی ئەیلول ئاوارەی ئێران بووە و لە (ڕەبەت، مهاباد، نەغەدە و ساوە) لە ئێران بووە. دوای گەڕانەوە بۆ عێراق دوورخراوەتەوە بۆ باشووری عێڕاق. لە (1989) دووبارە ئاوارەی ئێران بووە تا لە ساڵی (1997) گەڕاوەتەوە کوردستان. لە دوای هاتنەوەی لە هێزی کۆماندۆی تایبەتی مەکتەبی (نیچیرڤان بارزانی) بۆتەوە پێشمەرگە و یەك جار بریندار بووە. ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە بە پلەی (نەقیب).

# پاشبەندی ژمارە (12)

## عومەر عوسمان مێرگەسۆری



(عومەر عوسمان مێرگەسۆری) سالی (1948) لە دایك بووە، لە (1964) بۆتە پێشمەرگە و لە (1965) بۆتە کاتبی لقی (10) لە هێزی باڵەك. لە (1967) چۆتە خولی (تۆپخانە) کە تێکۆشەری بە ناوبانگ (خدر عەلوان) بەرێوەبەری خولەکە بووە و بۆتە ئەفسەری تۆپخانە بەپلەی (1)، خولی (قیادە فەوج) لە هەمان ساڵ تەواو کردووە. سێ جار بریندار بووە، دەیان بەرپرسیاریەتی لە پێشمەرگایەتی و حزب وەرگرتووە. لە گونگرەی (10)ی لە ساڵی (1989) بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، لە کونگرەکانی (11، 12، 13) دووبارە دەرچۆتەوە بۆ ئەو پلەیە. دوای یەکگرتنی پێشمەرگە لە (1993 - 1994) بۆتە ئەندامی (سەرکردایەتی گشتی) پێشمەرگەی کوردستان. فەرماندەی چەند فەرماندەیی پێشمەرگە بووە و لێپرسراوی لقەکانی (2 و 10) لە پارتی بووە. لێپرسراوی (دەستەی ڕێکخستنی پێشمەرگە) بووە و ئێستا فەرماندەی گشتی (هێزەکانی خەباتە) بە پلەی (فەریقی یەکەم)، هەروەها بە پلەی (وەزیر) خانەنشینە. پەرتوکی (ژیانی کوردێك) لە بارەی ژیانی خۆی نوسیوە.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## عوسمان سەعید عوسمان



(عوسمان سعید عوسمان) ناسراو بە (مەلا عوسمان) لە (1943) هاتووتە دونیا، قۆناغی سەرەتایی لە لادێ خوێندووە و (ناوەندی و ئامادەیی) لە هەولێر تەواو کردووە، برای خێزانی یەکەمی (مام وسو دزەیی) بووە و لە (1962) بۆتە کادیر، تا نسکۆی ئەیلول لە ناو شۆڕش پلەی (حزبی، پێشمەرگایەتی و ئیداری) هەبووە، لە (1970) بۆتە (کاتب) قایمقامیەتی شارۆچکەی چۆمان و فەرمانبەرێکی خاوەن ئەزموونە، کۆمەڵێك پلەی ئیداری بڕیوە و لە سەر داوای خوالێ خۆشبوو (فەرەنسۆ هەریری) لە (وەزارەتی ناوخۆ) بۆ (پارێزگای هەولێر) گواستراوەتەوە و تا کاتی خانەنشین بوونی لە پلە جیاوازەکانی پارێزگای هەولێر کاری کردووە. ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دادەنیشێت.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## فواد حەمەلاو ئەحمەد




ناسراوە بە مامۆستا (فواد حەمەلاو) لە (1947/07/01) لە قەڵادزێی شهید لە دایك بووە، ناوەندی و دواناوەندی لە قەڵادزێ تەواو کردووە. لە ساڵی (1968) بەشداری لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕش کردووە و پلەی دووەمی بە دەست هێناوە، بووە بە مامۆستای شۆڕش و لە هەمان ساڵ بەشداری خولی کادیرانی پارتی کردووە. لە (1975 - 1991) واتە (16) ساڵ ئاوارەی ئێران بووە. لەو ماوەیەدا بەرپرسی رێکخراو بووە، (4) ساڵ بەرپرسی ناوچەی خەبات بووە لە نەغەدە، بەرپرسی لیژنەی ئاشتەوایی سنووری هێزی کاوە بووە. ئەندام و کارگێڕی لقی (4)ی پارتی بووە و دواتر لە (1994) کراوەتە (ئەندامی مەکتەبی ناوەندی رێکخستن). بە هۆی نەخۆشی ماوەی چەند ساڵێکە خانەنشین بووە و ئێستا لە هاوینەهەواری (سەلاحەدین) دادەنیشێت.

# پاشبەندی ژمارە (12)
# قادر صالح خانەقینی



(قادر صالح خانەقینی) ناسراو بە (مەلا قادر) لە (1947) لە خانەقین لە دایك بووە، خوێندنی مەلایەتی لە حوجرەکانی (خانەقین و دەربەندیخان) بووە و لە (1962) بۆتە پێشمەرگە. لە (1965) بۆتە کارگێری ناوچەی خانەقین، لە (1966) گواستراوەتەوە (ل. ن. قەڵادزێ) و دواتر ماوەیەك سەرپەرەشتیاری (ل. ن. قەرەداغ) و ماوەیەك لێپرسراوی (ل. ن. بەمۆ) بووە. لە نسکۆ تا (1991) ئاوارەی ئێران بووە، لە شۆڕشی گولان تا ڕاپەرین بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی و چەند پلەی پێشمەرگایەتی و حزبی بڕیوە. ماوەیەك لە لقی (3)ی کەرکوك بووە و دواتر بۆتە بەرپرسی دەزگای ئەیلولی (گەرمیان)، ئێستا ئەندامی دەزگای بالای ئەیلولە و بە پلەی (لیوا) خانەنشینی پێشمەرگەیە، لە شارۆچکەی (بنەسڵاوە) دادەنیشێت.

# پاشبەندی ژمارە (12)
## قادر عەبدولعەزیز ڕشید



(قادر عەبدولعەزیز ڕشید) ناسراو بە (قادر قاچاغ) لە (1962) هاتوتە دونیا و پێنجی وێژەیی خوێندووە. لە (1979) بۆتە پارتی و (1980) بۆتە پێشمەرگە. ژمارەیەکی زۆر بەرپرسیاریەتی هەبووە، لە شۆڕشی گوڵان بۆتە (لێپرساوی ناوچەی خەبات) و ئاشنای (مام وسو دزەیی) بووە لە شارۆچکەی (نەغەدە). بەرپرسیاریەتی زۆری لە پارتی دیموکرت بووە و لەوانە: بەرپرسی لقەکانی (1ی دهوك، 2ی هەولێر، 9ی ئاکرێ، 10ی سۆران، 17ی شەنگال). بەرپرسی ئیدارەی (م. س) پارتی بووە و لە کۆنگرەی (10) بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی. بەرێوەبەری گشتی ئاسایشی کوردستان و بەرپرسی ڕێکخستنی پێشمەرگە بووە، هەروەها دووجار بۆتە بەرپرسی ئاکادێمیای کادیرانی پارتی و چەندین پەرتوکی بڵاوکراوەی هەیە.

## پاشبەندی ژمارە (12)


## ڕەسول عەبدوڵلا ڕەسول



(ڕەسوڵ عەبدوڵلا ڕەسوڵ) ناسراو بە (ڕسوی حاجی عەوڵای نورەدینی) لە ساڵی (1949) لە قەڵادزێ هاتووتە دونیا، لە ساڵی (1963) قۆناغی (3)ی ناوەندیی تەواو کردووە. لە ساڵانی خوێندن ئەندامی (یەکێتی قوتابیان) بووە. ساڵی (1967) بۆتە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی (1)ی هێزی (کاوە) و بەردەوام بووە تا نسکۆی ئەیلول. لە سەرەتای شۆڕشی گولان بۆ ماوەیەك پێشمەرگە بووە، لە دوای ڕاپەرین پێشمەرگە و کادر بووە، ئێستا کادری خانەنشینی (پ. د. ك) و لە ڕانیە دادەنیشێت. (وێنەکە لە ساڵی 1980 لە گوندی پلێنگانی سەر بە شارۆچکەی ڕانیە گیراوە).

## پاشبەندی ژمارە (12)

## ڕەسول عەزیز ڕەسول



(ڕەسوڵ عەزیز ڕەسوڵ) ناسراو بە (ڕەسوی حاجی عەزیزی قەرەتەپە) لە ساڵی (1953) لە گوندی (قەرەتەپە)ی شارەدێی (بنگرد) لە دایك بووە، شەشەمی سەرەتایی لەو گوندە تەواو کردووە و لە ساڵی (1969) لە لای خواڵێ خۆشبوو (ڕەسوڵ مامەند) بۆتە پێشمەرگە. لە (1973) لە لایەن بەتالیۆنی (4ی مەرگە) کە (مام وسو) فەرماندەی بووە، ناردراوە بۆ خولی تایبەت بە (هەندەسەی مین) و تا نسکۆی شۆرش لەو بەتالیۆنە بووە. لە (1976) پەیوەندی بە (د. کەمال کەرکوکی) کردووە و دوای ڕاپەڕین بۆتە فەرماندەی بەتاڵیۆنی (9)ی کۆسرەت، ئێستا بە پلەی موقەدەم پێشمەرگەی خانەنشینە.

## پاشبەندی ژمارە (12)


## ڕەسول عەبدوڵلا حوسین



(ڕەسوڵ عەبدوڵلا حوسین) ناسراو بە (حاجی ڕەسوڵی لهێبان)، لە (1930) لە (کەسنەزان) لە دایك بووە و دواتر ڕۆیشتونەتە گوندی (لهێبان). تنها (خوێندن و نوسینی) زانیوە و لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو هاتووتە ناو ڕێکخستنی پارتی، هەر ئەوکات لە گەڵ (مام وسو دزەیی) بونەتە هاورێ. لە ساڵی (1961) بۆتە پێشمەرگە و لە زۆرینەی شەرەکانی دەشتی هەولێر بە تایبەت بەر لە (1965) بەشدار بووە. لە لێدانی ڤیتاری حکومەتی عێراقی بەشدار بووە و بە سەختی بریندار بووە. تا نسکۆ پێشمەرگە بووە و لە (1975 - 1992) ئاوارەی ئێران بووە و لە شارەکانی (سمنان و بووشەهر) بووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتی سێ جار بریندار بووە و لە (2006) کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی (مەعمەل ڤیر) لە هەولێر بە خاك سپاردراوە.

## پاشبەندی ژمارە (12)


## ڕەحمان قادر عومەر



(ڕەحمان قادر عومەر) لە ساڵی (1904) لە (گرد مەلا) هاتووتە دونیا و دواتر لە (قوشتەپە) دانیشتووە، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندی بە ڕێکخستنی پارتی هەبووە و لە گەڵ (مام وسو دزەیی) هەم دۆست و هەم خزم بووە. تنها خوێندەواری هەبووە، لە دەشتی هەولێر (ئەشقیا) بووە و لە ساڵی (1961) بۆتە پێشمەرگە لە گەڵ (مام وسو دزەیی). بە هۆی بەرزی تەمەنی لە ناوەڕاستی شەستەکان دەستی لە پێشمەرگایەتی هەڵگرتووە و لە ڕێکخستنی پارتی ماوە، لە ساڵی (1987) کۆچی دوایی کردووە.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## خدر عەباس پیرۆت



(خدر عەباس پیرۆت) لە ساڵی (1952) لە (بەستەستێنی) ناوچەی پشدەر لە دایك بووە و خوێندنی تنها لە ئاستی سەرەتاییە. لە ساڵی (1967 - 1975) لە لای (مام وسو دزەیی) پێشمەرگە بووە و لە زۆربەی نەبەردیەکان لە گەڵیدا بەشدار بووە. دوای نسکۆی ئەیلول ئاوارەی ئێران بووە و لە ساڵانی (1975 - 2006) لە شاری (خورەم ئاوای) ئێران ماوەتەوە. لە ساڵی (2006) هاتووتەوە کوردستان و پێشمەرگەی خانەنشینی گوڵانە، ئێستا لە شارۆچکەی (حاجی ئاوا) دادەنیشێت .

## پاشبەندی ژمارە (12)

## خورشید سەلیم شێرە



(خورشید شێرە) لە تیرەی (سنجاوی)یە، لە پاییزی (1938) لە شارەدێی (دیبەگە) لە دایك بووە، خوێندنی (سەرەتایی و ناوەندی) لە دیبەگە و هەولێر خوێندووە و لەبەر هەژاری نەیتوانیوە ئامادەیی تەواو بكات. لە (1954) چۆتە سەربازی و لە دوای دوو ساڵ بۆتە یاریدەدەری ئەفسەر (نائب ضابط) و لە زۆر شوێنی كاریگەری سوپای عێراق كاری كردووە. لە بنەماڵەیەكی كوردپەروەرە، لە سەر دەستی (سالح شێرە)ی مامی لە (1948) دەستی بە پارتایەتی كردووە. لە 1959 گواستراوەتەوە بۆ كۆلیژی ئەركان لە هەولێر و هەر هەمان ساڵ هاوسەرگیری كردووە. لە مانگی ئازاری (1962) پەیوەندی بە ڕیزەكانی هێزی پێشمەرگە كردووە و دەیان پلەی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشەكانی (ئەیلول و گوڵان) بڕیوە. لە كۆنگرەی (9)ی پارتی بۆتە ئەندامی سەركرایەتی و بەرپرسی لقی 2 بووە. دوای ڕاپەرین (نوێنەری بەرەی كوردستانی، پارێزگاری هەولێر و وەزیری ئەوقاف و .... هتد) بووە، ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت.

## پاشبەندی ژمارە (12)

## (غەفور ئەحمەد مەحمود) ناسراو بە (مامە غەفە)



(غەفور ئەحمەد مەحمود) ناسراو بە (مامە غەفە) لە ساڵی (1942) لە گوندی (سمایلاوا) لە دەشتی هەولێر لە دایك بووە، دوایی زۆر شوێنی دیکە وەك: (مەلا عومەر، تەلەرخێمی گچکە و سەید عوبێد) بۆتە شوێنی نیشتەجێ بونیان. لە ساڵی (1960) بۆتە سەرباز و ڕۆژی کودەتا لە دژی (عەبدولکەریم قاسم) بە بێ مۆڵەت (سەربازی) بەجێ دەهێڵێت، لە مانگی شوباتی ساڵی (1963) پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگە دەکات. لە ساڵی (1968) بۆتە سەر لق لە (بەتالیۆنی یەکی هێزی دەشتی هەولێر) و بەردەوام بووە تا ساڵی (1975). دوای نسکۆ تا خانەنشین بوونی پێشمەرگە بووە، هەمیشە لە پێشمەرگە و فەرماندە دیارەکانی شۆڕش بووە. ئێستا بە پلەی (فەریق) خانەنشین کراوە و لە سلێمانی دادەنیشێت.

# ئەلبوومی وێنەکان

**مام وسو دزەیی**

**ساڵی (1963) گوندی (سۆربەش)، دەشتی هەولێر**



**مام وسو دزەیی، نوری حاجی ئۆمەر**

**دانیشتوو: عەباس عەبدوڵلا (عەباسۆك) ساڵی (1965)**



(مام وسو دزەیی، عەباس عەبدوڵلا) ساڵی (1965)



**مام وسو دزەیی و سابیر ئەمین (1967)**






کۆمەڵێک پێشمەرگەی دەشتی هەولێر سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیست




شەهید ئیبراهیم ئەفەندی ساڵی (1964) پشدەر


سابیر کاکەشین


مام وسو دزەیی، ساڵی (1965) ڕانیە





گوندی رەسول بسکۆڵ / ساڵی ١٩٦٣

لە راستەوە : خەیرەدین – ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی– ئەحمەد شەریف – موحسین دزەیی – حەسەن مستەفا – محەمەد بەربەیار



**ئەحمەد سورچی، حاجی جعیلْ سورچی، پیربالْ سورچی**
**سێ پێشمەرگەی خەڵکی شارۆچکەی (هەریر) کە لە گەڵ (مام وسو) بوون.**
**باتاس – (1963)**

**(ئیسماعیل عەبدولەجید ئەوبەری) ناسراو بە (سمکۆ پیرە)**



له ڕاستەوە (سابیر ئەمین، نوری ئۆمەر، نەناسراو، مەولود خدر) (1968) پشدەر



مام وسو و پۆلێك پێشمەرگە (عەلی عزیز، قادر ئێستر، مام وسو، عەباس عەبدوڵلا)



شەقڵاوە، (مام وسو، ئەحمەد ڕشید، ئەحمەد مستەفا، سەعید کادیر) (1969)



شەقڵاوە (ئەحمەد ڕشید، ئەحمەد مستەفا، مام وسو، سەعید کادیر)





قەڵادزێ، ساڵی (1971)



مام وسو دزەیی و نەناسراو


مام وسو دزەیی، ساڵی (1970)


گەلی عەلی بەگ، ساڵی (1974)



**مام وسو دزەیی**



(نەناسراو ، مام وسو دزەیی، نەناسراو)




سیامەند کوێخا ئیسماعیل و چەند پێشمەرگەیەکی ئەیلول لە دەشتی هەولێر



مام وسو دزەیی، ساڵی (1974) وەرمێ



نەناسراو و مام وسو (ورمێ)




**مام وسو دزەیی**



**لە ڕاستەوە: (سمکۆ پیرە، نەزاندراو، جەلیل فەیلی، سەلیم ڕەسوڵ، مام وسو دزەیی، عەلی عەزیز، نەناسراو، عەلی خۆرشید) دانیشتوو: (پیرۆت حەمەد سلێمان، برایم وەزیفە) پشدەر، ساڵی**
(1971)



**موحسین دزەیی، مستەفا بارزانی**



**ئیدریس بارزانی، فاضل میرانی، مسعود بارزانی** (1978)



نەناسراو، مام وسو دزەیی، نەناسراو



(مام وسو، ، نەناسراو، نەناسراو، مەولود خدر (هەمەدان)



عەلی عەزیز، قایەغی دەربەندی ڕانیە (1974)



(علی عەزیز، بایز ئاڵلا) قایەغی دەربەندی ڕانیە (1974)



بەهاری هەمەدان (عاصمە ڕەسوڵ، ئەرسەلان، مام وسو، پیرۆت گەرمکان، عوسمان قەساب، خانزاد، پشتیوان و ئەردەلان) (1977)




ئەبوبەکر ڕەسوڵ، عوسمان قەساب، مام وسو، پشتیوان و ئەردەلان

هەمەدان، ئەبو عەلی سینا (1978)




مام وسو، ئەبوبەکر عزیز، عوسمان قەساب، حەسەن (1980)

هەمەدان، گۆڕەپانی شا



**عوسمان قەساب، مەولود خدر (1979)**



شارەدێی بەهار، هەمەدان (1979)



(مام وسو دزەیی، هاوسەر و منداڵەکانی) لە شارۆچکەی (بەهار)

هەمەدان، ساڵی (1980)

**حاجی خالید کاوانی**





فەرهاد، نەناسراو، ڕەجەب، عەبدوڵلا، عەلی شێروانی.ساڵی (1981)



تنها (محەمەد ئەحمەدە سور، عوسمان قەساب، مام وسو دزەیی، م. فۆاد حەمەلاو)، ناسراون



(مام وسو دزەیی، عەبدولرەحمان حاجی عەلی، حوسێن کوێتی، عەبدوڵلا شێروانی، فرهاد شێروانی، ئیبراهیم بایز). لە گوندی (خدر ئاوا) ساڵی (1982)







**مام وسو دزەیی، عەبدوڵڕەحمان حاجی عەلی (1981)، پیرانشهر**




**شهید ئەحمەد حەمە عەولا**



عەبدوڵلا شێروانی، مام وسو، لەتیف، نەناسراو، سەید مستەفا و سەید عەلی ڕەواندزی، فەرهاد
(1982)






**له ڕاستەوە: (مەحفوز، عەزیز عەقراوی، ئەحمەد دەشتی، مام وسو دزەیی، کەرەم دەشتی)**



**له ڕاستەوە: (مەحفوز، ئەحمەد دەشتی، کەرەم دەشتی، عەزیز عەقراوی، بارزان مەلا خالید، مام وسو دزەیی)**



يادى (18) ى شوبات له نه‌غه‌ده، خانزاد مام وسو دزه‌يى



(مام وسو دزه‌يى، هاوسه‌ر و منداڵه‌كانى) له شارۆچكه‌ى (نه‌غه‌ده) ساڵى (1983)



ڕزگار حاجی حمد امین، ئەبوبەکر ڕەسوڵ، بەشدار محەمەد سیان، عادل ئەنوەر (1985)



عوسمان قەساب، مام وسو، مەحمود حەسەن ناسراو بە مەحمود جامپۆ، ئەبوبەکر ڕەسوڵ
ساڵی (1985) نەغەدە



**(مام وسو دزەیی، جلال ڕەسوڵ،ئەبوبەکر ڕەسوڵ) نەغەدە (1986)**



**(ئەبوبەکر ڕەسوڵ خانزاد، مام وسو دزەیی، عاصمە ڕەسوڵ، حوسێن مام وسو)**
**شارۆچکەی (نەغەدە) ساڵی (1986)**



(ئەبوبەکر ڕەسوڵ، مام وسو، سابیر مام وسو). سەیرانگای (حەوت کانی) نەغەدە
(1987)



1986



مام وسو دزەیی، حەسەن مام وسو ساڵی (1986)




مام وسو دزەیی، نەغەدە، ساڵی (1988)



مام وسو، مەلا حەمەدئەمین گوێزلینگە، خالید ئاژگەیی (1987)



مام وسو، مەلا حەمەدئەمین گوێزلینگە، خالید ئاژگەیی (1987)




له سەرەوە: (مام وسو دزەیی، ئەردەڵان مام وسو، ئەرسەلان مام وسو، ئەبوبەکر ڕەسوڵ، حەسەن مام وسو)

سەیرانگای (حەوت کانی)، شارۆچکەی (نەغەدە)،ساڵی (1986)




**مام وسو دزەیی، محەمەد ڕەسوڵ (1984)**







**کەریمە ڕەش قەلادزەیی، مام وسو دزەیی**




**ڕەسوڵ حاجی مەلا قادر، مەلا عەبدوڵلا ڕەسوڵ، مام وسو دزەیی**




**نەغەدە سەیرانگای (حەوت کانی) (1987)**



**ئەحمەد فەهمی دوبز**



(ئەرسەلان مام وسو، سابیر مام وسو) ناوچەی خرێنە و لۆلان، 198








**ئارامگای مام وسو دزەیی**

**لە نەغەدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**






**ئارامگای خێزان و سێ کوڕی گەورەی (مام وسو)**












**نیچیرڤان بارزانی و مستەفا سەعید (پێشمەرگەی مام وسو)**

**دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەیەك**



**عومەر مام وسو دزەیی**



مسعود بارزانی، عاصمە ڕەسوڵ خێزانی مام وسو، دهوك (1999)



مسعود بارزانی، پشتیوان مام وسو، ئەرسەلان مام وسو



**مسرور بارزانی و سارا مام وسو**



**مسرور بارزانی، سارا مام وسو و سیروان تۆفیقی هاوسەری**




نیچیرڤان بارزانی و سارا مام وسو



حەسەن مام وسو دزەیی



مسعود بارزانی و خانزاد مام وسو دزەیی



پشتیوان مام وسو (میحوەری پردی)



سیداد بارزانی، خەلیل مام وسو (ماڵی مام وسو 2013)



سیداد بارزانی، پشتیوان مام وسو (ماڵی مام وسو 2013)



سیداد بارزانی، هەڵکەوت میرانی، ماڵی مام وسو (2013)



سیداد بارزانی، مەریوان جەلال، ماڵی مام وسو (2013)



سیداد بارزانی، سیروان تۆفیق، ماڵی مام وسو (2013)



سیداد بارزانی، حوسێن مام وسو، ماڵی مام وسو (2013)



**سەرۆك بارزانی لە كۆتایی خولی ئەفسەران دهوك، بە بەشداری ئەرسەلان مام وسو**




**ئەرسەلان مام وسو و شێخ سیروان بارزانی، میحوەری مخمۆر، جەنگی تیرۆریستانی داعش**

**بەشێك لە خەڵاتەكانی فەرماندە ئەرسەلان مام وسو**








فیستیڤاڵی خەڵاتی ژینگەیی
سەنتەری هۆشیارکردنەوەی ژینگە پارێزی
سەنتەری هۆشیارکردنەوەی ژینگەپارێزی
ENVIRONMENTAL CONSERVATION AWARENESS CENTER
دیاری بۆ ژینگەپارێز...
بەڕێز (ئەرسەلان مام وسو دزەیی)
BARZA


سوپاس و پێزانین
بۆ بەڕێز- یەکەی (٥١) ژینگە
بە ناوی خۆم و ئەفسەر و پێشمەرگە قارەمانەکانی
میحوەرەکەمان سوپاس و پێزانینی خۆمتان ئاراستە دەکەم بە
بۆنەی بەشداری کردنتان لە شەڕی دژبە تیرۆریستانی داعش لە
ماوەی ٣ساڵی ڕابردوو لە سنوری میحوەرەکەمان ڕۆڵ و
قارەمانیەتیتان لە ڕۆژانی سەختی شەڕ و بەرگرییەکاندا نیشانەی
دڵسوزی و گیانی فیداکاریتانە بۆ پاراستنی گەل و نیشتمان،
هەر سەرکەوتوو بن.
سیروان بارزانی
فەرماندەی میحوەری ٦
(گوێر- مخمور)
PILINGË RES



2018
ڕێـــز و سوپاس
EPIB
فەرمانگەی ژینگەی هەولێر
بۆ بەڕێز: ئەرسەلان مام وسو
( فەرماندەی فەرماندەیی پ . م . پاراستنی ژینگە )
بە هۆی ئەو ڕۆڵ و چالاکیانەی کە نواندووتانە بۆ پاراستنی ژینگە و
هۆشیاری ژینگەیی لە سنوری پارێزگای هەولێر لە ساڵی (2018)،
فەرمانگەی ژینگەی هەولێر سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی
بەڕێزتان دەکات، هیواداریین نموونەتان هەر زۆر بێت
عبدالله محمد عبدالله
بەڕێوەبەر


~ General Arsalan W'su ~
~ Year 2015 ~
For outstanding dedication and contributions to the Peshmerga and Coalition Force partnership during Operation Inherent Resolve.


"We are fighting a ruthless group of murderers and we have no option—No option! —But to hunt them down . . . one by one. And that's exactly what we're going to do."
President George W. Bush, 15 March 2002
DONT TREAD ON ME
THIS CERTIFICATE IS PRESENTED TO:
BG Arsalan Weso
WITH GREATEST APPRECIATION FROM THE MEN OF BLACK TIGER CAMP
27 AUGUST 2015 – 23 FEBRUARY 2016
"People sleep peacefully in their beds at night only because rough men stand ready to do violence on their behalf."
George Orwell
Lance
Senior Enlisted Advisor
Black Tiger Camp
Captain Andrew
Detachment Commander
Black Tiger Camp



عاصمه ڕەسوڵ و عمڕان مام وسو دزەیی



عمڕان مام وسو و عاصمه ڕەسوڵ



ئەرسەلان مام وسو و پشتیوان مام وسو (2015) میحوەری 6 (گویر مخمور)



فەریق عەلی و ئەرسەلان مام وسو محوەری شەنگال 2016

**سەرچاوەکان**

**پەرتوك: كوردی**


- د. ئەحمەد شەریف، چەند پەیڤێك لە بانیژەی ویژدانی کوردایەتیدا، هەولێر، (2013).
- ژینواری عزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، شانێك لەبن باری نیشتیمان، هەولێر، (2021).
- حامید گەوهەری، میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان، بەرگی یەکەم، کوردستان (2015).
- حامید گەوهەری، سیاسەتی چەواشە، ستوکهۆڵم، (2018).
- حەسەن ڕستگار، بڕگەیەك لە ژیان و خەباتم، ستۆکهۆڵم، بەرگی (1)، بەشی (1)، (2021).
- کاروان جەوهەر محەمەد، ئیدریس بارزانی (1944-1987)، توێژینەوەی مێژوویی، هەولێر، لا (124-125).
- محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (2014).
- مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێهەم بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول (1961-1975).
- مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێهەم بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول (1961-1975).
- محەمەد عەلی ئیسماعیل، بیرەوەریەکانم/ هەفتا ساڵ تەمەن و زیاتر لە نیوسەدە خەبات، هەولێر، (2019).
- سەید کاکە ئیسماعیل، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپی دووەم، ئایاری (1989).
- سەفەر کەریم هاواری، ئەوانەی لە بیرمان ناچنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، (2015).
- ستار حەمە تاهیر، خۆڕاگریی دەڤەری پشدەر، هەولێر، (2010).
- عەبدوڵلا پشدەری، پاشکۆی بیرەوەریەکانم، چاپی یەکەم، (2007).
- عەبدوڵلا مەلازادە، کورتە باسێك لەسەر پێکهاتەی عەسکەری لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لە ساڵی (1965 تا 1975)، هەولێر، (2020)،
- عومەر هەمزە ساڵح، کارەسات و بۆردمانی قەڵادزێ لە (1974/04/24)، چاپی دوەم، هەولێر، (2017).
- فەقێ بابکر بۆسکێنی، گەشتێك بەناو مێژوودا، چاپی یەکەم، سلێمانی، (2014).
- شازین هێرش، شۆڕشی ئەیلول لە چەند بەلگەنامەیەکی مێژووییدا (1961-1963)، چاپخانەی ڕەنج، (2001).

- د. شوان محەمەدەمین خۆشناو، هەولێر لە نێوان سالانی (1963-1970)، لێکۆلینەوەیەکی مێژوییە لە بارودۆخی سیاسی، هەولێر، (2016).
- شێرزاد زەکەریا محەمەد، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لە کوردستان - عێراق، دهۆك، (2021).
- خورشید شێرە، خەبات و خوێن، چاپی سێهەم، هەولێر، (2015).
- ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا، جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەم، پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی بارزانیەکان، هەولێر، (2011).
- غازی عادل گەردی، پێشمەرگەیەك لە خزمەت ڕێبازی بارزانی نەمردا ... حاجی بێرۆخی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، (2021).

**پەرتوك: عەرەبی**

- حيدر نجم عبد مراد (المقدم الركن)، معجم ضباط ثورة أيلول (1961-1975)، دهوك، (2021).
- هنری كسينجةر، سنوات التجديد، ترجمة د. هشام الدجانی، العبيكان، مملكة عربية سعودية، (2001).
- شكيب عقراوی، سنوات المحنة في كردستان، تموز (2007).

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

- ئەردەلان مام وسو دزەیی، کورتەیەك لە ژیانی شهید (مام وسو دزەیی)، گۆڤاری خازر، ئەیلولی (2019).
- بهرام حەمەد قادر (بارۆ)، چاوپێکەوتن، پەیامی ئەیلول، ژمارە (25) ئەیلول و تشرینی یەکەمی، (2020).
- محەمەد مەلا قادر، گێڕانەوە بۆ لەبیر نەکردن، سیڤیل، ژمارە (215)، (2014/01/18).
- غەفور ئەحمەد مەحمود ناسراو بە (مامە غەفە)، دیدار: (رزگار سیان)، ڕۆژنامەی بەدرخان، ژمارە (85)، (2007/09/22).

**بەرنامەی تەلەفزیۆنی:**

- زاگرۆس تی ڤی، چاوپێکەوتن، بەرنامەی تایبەت بە بیست و پێنجەمین سالیادی کۆچی دوایی (مام وسو دزەیی)، (2014/02/21)، بە بەشداری: (د. ئەحمەد شەریف، ئەرسەلان مام وسو دزەیی، حاجی حاجی برایم، موحسین دزەیی، نوری غەزالی، نادر حەمە قادر، عاصمە ڕەسول).

- کوردسات تیڤی، بەرنامەی (یادیان بەخێر)، دووبارە (2018/02/19) بە بەشداری (جلال تاڵەبانی، کەماڵ موفتی، حەمەی حاجی تایەر و ... هتد).

**چاوپێکەوتن و دەست نوسەکان:**

- ئەبوبکر ڕەسوڵ حەمەد، دەستنوسەکانی ڕۆژانەی لە ساڵی (1974).
- ئەبوبکر ڕەسوڵ خانزاد، چاوپێکەوتن، چوارقورنە، (2020/07/30).
- ئەحمەد ڕشید، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، (2019/04/27).
- ئەحمەد قادر ڕێزبار، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، (2019/07/06).
- ئیراهیم عەلی قادر ناسراو بە (برایمی عەلی گاور)، چاوپێکەوتن، ڕانیە، (2020/08/06).
- ئەرسەلان مام وسو دزەیی، دەست نووسەکان، (2001).
- بهاءالدین مسعود محەمەد قەریتاغی، چاوپێکەوتن، هەولێر، (2020/07/30).
- پیرۆت محەمەد سلێمان (پیرۆت ئاڵمانی)، چاوپێکەوتن، قەڵادزێ، (2020/08/04).
- دلاوەر حاجی تاهیر کۆیی، چاوپێکەوتن، قەڵادزێ، (2021/09/07).
- زرار حاجی شێخ قادر، تۆماری دەنگی (مەسینجەر)، هەولێر، (2020/09/22).
- حاجی محی الدین ئەسعەد غەفووری، دەستنووس، هەولێر، (2020/12/02).
- حەسەن ئیسماعیل ڕەسوڵ (حەسەن چاوشین)، چاوپێکەوتن، هەولێر، (2020/07/31).
- حەمەلاو عابید ڕەشید (حەمەلاو شوانی)، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، پیرمام، (2020/09/13).
- مستەفا سەعید کەریم، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، (2019 /07/10).
- محەمەد باپیر محەمەد ئاوەژێ، چاوپێکەوتن، ئاوەژێ (بنگرد)، (2020/08/09).
- محەمەد محەمەد ئیبراهیم ناسراو بە (حاجی جعیل سورچی)، دەست نووس، هەولێر، (2000).
- مەنسور شێخ کاکە بەرزنجی، دەست نوس، هەولێر، (2020).
- نەجات حەسەن کەریم، دەست نووس، هەولێر، (2020/09/02).
- سەید کاکە سەید ئیسماعیل، چاوپێکەوتن، هەولێر، (2019/03/30).
- سەید مەحمود سەید ئیسماعیل، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆی، هەولێر، (2019/05/14).
- سیامەند ئیسماعیل، چاوپێکەوتن، هەولێر، (1999).
- سلێمان ئەمین ئەحمەد (سلۆ گورگە)، چاوپێکەوتنی دەنگی، (1999/01/30).
- سەردار ڕۆستەم (سەردار پشدەری)، دیمانەی تایبەت (مەسینجەر)، بەریتانیا، (2020/06/06).
- سوڤی عەبدوڵلا ئالان، دیمانە لە ڕێگەی (حمید قەڵادزەیی)، قەڵادزێ، (2020 /04/05).

- عاصمە ڕەسوڵ حەمەد (خێزانی مام وسو)، نوسینەوەی بیرەوەریەکانی خۆی، هەولێر، (1999).
- عاصمە ڕەسوڵ (خێزانی مام وسو)، دەست نووس و یادئاوەریەکان ناو ساڵنامەکان لە ساڵنامەی (1965 - 1989).
- عەزیز مەولود حاجی، دەست نوسێك بە ناوی (ڕاپۆرتێك لەسەر مێژووی ژیانم)، سەنگەسەر.
- عەبدوڵلا ڕەسوڵ مەحمود (مەلا عەبدوڵلا)، چاوپێکەوتن، سۆران، (2020/08/13).
- عەلی عەزیز مستەفا، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، قەڵادزێ، (2019/01/28).
- عەلی عەزیز مستەفا، چاوپێکەوتنی دەنگی، هەولێر، (1999 /1/30).
- عەلی عەزیز مستەفا، چاوپێکەوتن، قەڵادزێ، (2020/07/31).
- عەلی وەیسی عەبدوڵلا، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، (2020/07/23).
- عوسمان سەعید ئەحمەد ناسراو بە (مەلا عوسمان)، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، هەولێر، (2019/07/06).
- عومەر عوسمان، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، پیرمام، (2019/07/08).
- فواد حەمەلاو ئەحمەد، چاوپێکەوتن، هاوینەهەواری سەلاحەدین، 2022/01/11.
- قادر صالح خانەقینی (مەلا قادر)، چاوپێکەوتن، بنەسڵاوە، هەولێر، (2020/08/22).
- قادر عەبدولعەزیز ڕەشید (قادر قاچاغ)، دەستنوس، واتس ئاپ، هەولێر، (2020/09/20).
- حاجی ڕەسوڵی لهێبان، چاوپێکەوتن، هەولێر، (1998).
- ڕەسوڵ حاجی عەبدوڵلا نورەدینی، چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس (غەفور هیرانی)، ڕانیە، (2020/07/11).
- ڕەسوڵ حاجی عەزیزی قەرەتەپە، چاوپێکەوتن، حاجیاوا، (2020/08/05).
- رەحمان قادر عومەر، چاوپێکەوتن بە نوسین، هەولێر، (2000).
- خدر عەباس پیرۆت، چاوپێکەوتن، حاجیاوا، (2020/08/02).
- خورشید شێرە، چاوپێکەوتن، هەولێر، (2021/11/25).

**سایتەکان:**

- بەسە، BASA، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.
- کورۆپیدیا.
- mamle.net، تاریق جەوهەر سارمەمی، نامەی مەلا عەوڵا بۆ محەمەدی ماملێ (2021/04/09)

**توێژەر لە چەند دێڕێك**

- (ئەردەڵان یوسف محەمەد) ناسراوە بە (ئەردەڵان مام وسو دزەیی).
- لە (1972) لە قەڵادزێ لە دایك بووە.
- قوتابی دكتۆرایە (PHD) لە زانستی بەڕێوەبردن لە زانكۆی سۆران.
- هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە زانستی بەڕێوەبردن بە پلەی نایاب لە توركیا.
- بكالۆریس لە زانستی بەڕێوەبردن بە پلەی زۆر باش لە زانكۆی (حیات) نۆلێج.
- یازدە ساڵ لە قۆناغەكانی خوێندنی لە شارەكانی (هەمەدان و نەغەدە) خویندووە. دوو ساڵی كۆتایی ئامادەیی لە ئامادەیی شارەدێی (چوارقوڕنە) سەر بە شارۆچكەی (ڕانیە) خوێندووە.
- پەرتوكەكانی (مێژووی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس، پیش ماد تا كوتایی ساسانیەكان - چوار بەرگ)، (جەنگی نیشتیمانی ئێرانیەكان لە چاڵدێران) لە فارسی بۆ كوردی وەرگێڕانی بۆ كردوون، نامیلكەی (ڕێبەری گەشتیاری كوردستان) بۆ (دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی كوردستان) لە كوردی بۆ فارسی وەرگێڕان و پێداچوونەوەی بۆ كردووە.
- خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری زنار بووە كە لە ڕانیە (49) ژمارەی لێ بڵاوكرایەوە، گوتار و نوسین و وەرگێڕانی لە گوڤارەكانی (زنار، ڕامان، كاروان، هەرێمی كوردستان، ڕێنوێن و ڕێ و ... هتد) بڵاوكراوەتەوە.
- نوێنەری پارتی بووە بۆ سەرپەرەشتی هەڵبژاردنی (خولی یەكەمی پەرلەمانی عێراق) لە ساڵی (2004) لە ناوەندی (مانچستێر) لە بەریتانیا، لە گەڵ (كاروان جمال تاهیر) كە نوێنەری (ی. ن. ك) بوو.
- لە كاری سیاسی و ڕێكخراوەیی كاری كردووە، ئەندامی كۆنگرەكانی (11، 12 و 13)ی پارتی دیموكراتی كوردستان بووە. ئەندامی لیژنەی ئامادەكاری كۆنگرەی (13) (پ. د. ك) بووە و پلەی زۆری بڕیوە، لە (2005) بووە بە كارگێڕی لقی 11ی (پ. د. ك). خولی یازدەی ئاكادێمیای كادیرانی پارتی و دەیان خولی لە بوارەكانی (ڕەوشنبیری، زانستی و بواری كۆمەڵگای شارستانی) دیتووە.
- لە (1986) بووتە ئەندامی (ی. ق. ك) و ئەندامی كۆنگرەی ئازادی (ی. ق. ل. د . ك) لە (1993) بووە.
- سەرۆكی یانەی وەرزشی ڕاپەڕین (ڕاستی) بووە لە (2006 - 2008).
- بە زمانەكانی (كوردی، فارسی، ئازەری، توركی و ئینگلیزی) دەتوانێت بدوێت، تا ڕادەیەكی باش لە زمانی (عەربی) شارەزایە.

- **ئێستا لە شاری هەولێر گەڕەکی (121 گولان) دادەنیشێت.**
- **ژمارە تەلەفۆن:** (07504788841).
- **ئیمێڵ** ardalandzaiy@gmail.com ardalandzaiy@yahoo.com
-